ئەویش ناچار بوو لەوێ دەربچێت و لە دەرەوە بژیت، تا لە سالی ١٦٥٩ز. ڕێککەوتنی (برانس) بەسترا، مەزران توانی لەناوخوّا کارێکی گرنگ بکات. ئەویش دانانەوەی چاودێرانی سەر هەرێمەکان بوو، بەلام ئەوانە بوون بە چاودێری بەردەوامی پاشا لەنێو هەموو هەرێمێکدا لەدوای ئەوەی پێشتر جارجارە لە پایتەختەوە دەچوون و دەگەڕانەوە.

سەرەڕای گەنج و بارگرژیەکان مەزران توانی سامانێکی زۆری نزیک بە پەنجا ملیۆنی ئەوکات کۆ بکاتەوە، ئیدی لە کۆتای سەردەمەکەیدا بە نزیکەی سێ سەد پاسەوانی پیادە و ژمارەیەك سوار بوونی دەربارێکی زیاتر لە دەربارەی ریشیلیۆوە دەژیا، لە کۆشکەکەیدا ئاهەنگی دەگێڕا، ئێستا ئەو شوێنە لە پاریس کتێبخانەی نیشتمانیە، لەو ئاهەنگانەدا چەندین دیاری هونەری و لەوحە کۆدەکرانەوە، ئەوانە دواتر بوون بە بنەڕەتی پێکهێنانی مۆزەخانەی (لۆڤەر).

بەلام وێرانی لە سەردەمی ئەودا فەرەنسای گرتەوە و ڕێککەوتنی وستقالیا هات تا ژمارەی بێکاران زیاتر بکات و لە هەموو شوێنێکدا برسێتی بلاوبێتەوە، ئەو بارە خراپە ئابووری و کۆمەلایەتییە ئەنجامە سیاسیەکانی خۆی بەخشی و فەرەنسای لە بارێکی دارماندا بەرەو ملکەچی دەسەلاتی ڕەها و خۆسەپێنی پاشایەتی برد، کاتێك لویسی چواردەیەم گەیشتە تەمەنی پێگەیشتن و دەسەلاتی شانشینی خۆی گرتە دەست، بارگرژی و پشێوی سەردەمی مندالی بیرنەدەچوو کە چۆن ناچاریان کرد لە پایتەخت ڕابکات، بۆیە بڕیاری دا پشێوی لە هیچ بەشێکی ولاتدا بە درێژایی ماوەی دەسەلاتی نەهێلێت، با لەو پێناوەشدا هەر باجێك بدات و بە هەر بەهایەك بێت، ئەو بە واتای تەواوی خۆی پاشایەکی ڕەها بوو، فەرەنسیەکانیش پێویستیان بە حەسانەوە هەبوو و جگە لە گوێڕایەلی و ملکەچ بوون بۆی هیچ هیوایەکی دیکەیان نەبوو.

********************



Scanned with CamScanner

# پاشایەتی ڕەها

لەوکاتەوەی مەزران مرد لویسی چواردەیەم وەزیرەکانی خۆی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن کە لەو ڕۆژەوە خۆی سەرۆك وەزیرانە و ئەوانیش بە پێی داوای ئەو ڕاوێژی پێشکەش دەکەن، داوایشی لێکرد تا بە بێ ڕەزامەندی ئەو هیچ شتێك ئیمزا نەکەن، بەو جۆرە بوو بە پاشا وە دەسەلأت لەدەست ئەودا بوو تەمەنی ئەو کاتیشی بیست و دوو ساڵ بوو (هەشتی مارسی ساڵی ١٦٦١ز) تا تەمەنی ٧٧ ساڵی (یەکی سێپتێمبەری ساڵی ١٧١٥ز) فەرمانڕەوایی کرد.

بە درێژایی ئەو پەنجا و پێنج ساڵە لویس لەسەر هەمان سیاسەت چوو، خۆی پاشا و دەسەلأتدار بوو، لە تەمەنی شانزە ساڵیەوە ئەو لەگەڵ کاروباری وڵاتدا تێکەڵی هەبوو، بۆیە شارەزایی باشی بە کاروباری دەسەلأت و سوپا و سیاسەتی دەرەکی هەبوو.

لویسی چواردەیەم هەر لە منداڵەیەوە وێنەیەکی بە خۆی بەخشی بوو کە شیاوی پادشایە چی بکات و ئەو بە مافێکی خودایی تاجی لەسەر ناوە و لە وڵاتدا نوێنەری خودایە، هەوڵیدا ئەو ئاراستە و دیوانە بە کوڕەکەی ببەخشێت، هەروەها وەك کار و ئیش سەیری پاشایەتی دەکرد، بۆیە سوور بوو لەسەر بینینی هەموو شتێك لە بەیانی و ئێوارانی هەموو ڕۆژێکدا بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروباری وڵات وپشکنین و بڕیاردان تیایدا کاتی دەبردە سەر لەگەڵ ئەمەشدا ژیانی ناو کۆشك لە سەردەمی ئەمدا چالاك بوو، پاش ئەوەی کە چرای کۆشك لەگەڵ جەنگە ئاینییەکاندا کز بوو، لویسی چواردەیەم گیانێکی نوێی بە کۆشکی پاشایەتی نێو کۆشکی ڤرسای بەخشی، سەرکردە و خانەدانەکان بۆ ئامادە بوون لە دەوری و گرتنبەری ئەو ئاهەنگانەی بەسەر هەمواندا سەپاندبووی کێبڕکێیان دەکرد تا لە بەیانیەوە بۆ ئێوارە بەردەوام بن، بۆیە ئەوە بوو کە بنەڕەتەکانی ئەنیکیتی لە فەرەنسا و جیهاندا دانا.



Scanned with CamScanner

هەموو سەرکردە و خانەوادانەکانی کۆشکەکەی زامنیان دەکرد کە قەڵمڕەوی خۆیان لە هەرێمەکان بەدوور بگرن و تەنها دەربـاری دەوری بن و لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵیدا بن هیچ دەسەڵات و قەڵەمڕەوییەکیان نەبێت، لویسی چواردەیەم سیستمێکی دەسەڵاتی دانا کە پەیوەست بوو بە خودی خۆیەوە لەوێ کارگێڕی سەربازی پاشا کە دواتر بوو لە دەستی (باوران) هەبوو، کارگێڕی مەدەنی شا کە تیایدا فشاری وەزارەت و کارگێڕیەکان هەبوو دواتر بوون بە دیوانی پاشایەتی.

بەوجۆرە لویسی چواردەیەم بوو بە پاشا و فرەمانڕەوا و دەسەڵاتی ڕەها و مافی خودایی بەخۆی دا و هەموو سەرکردە و خانەدان و فرەمانڕەوا و سەرکردە سەربازیەکان ئامادە بوون شوێنکەوتەی خودی شا بن.

لویس لە دەسەڵاتەکەیدا پشتی بەست بە پیاوانی چینی بۆرجوازی تا خانەدانەکان لە هەر دەسەڵات و قەڵەمڕەوییەك بێبەش بن، حکومەت لە سەردەمی ئەودا حکومەتێکی تەواو مەرکەزی بوو، سەرەڕای ئەوەی ڕاوێژکار و وەزیرانی کاروباری دەرەوە و جەنگ و دەریاوانی و کاروباری کۆشك بوون.

بەڵام کەسیان نەیاندەتوانی بە بێ خستنەڕووی بۆ پاشا هیچ بڕیارێك بدەن، پاشایش قسە و ڕاوێژ و نوسینەکانی لە هەموو ئێوارەیەکدا دەخوێندەوە، و بە پێی ڕای خۆی پێی دەوتنەوە، خودی شا بەرچاو ڕوون و پڕ زانیاری بوو، چونکە دەیخوێندەوە وگوێی دەگرت، ڕۆژانە ورد و دروشتی ناو وڵاتی دەزانی و دەیزانی لە دەرەوەدا چ شتێکی گرنگ ڕوویداوە، سەبارەت بە هەرێمەکانیش ئەوا دەسەڵاتی چاودێران و پشکنەرانی زیاد کرد تا ئەوەی بوونە نوێنەری شەخسی خۆی، هەریەکە و لە هەرێمێکدا فرمانی لە شاوە وەردەگرت.

ئەو سیستمە لە فەڕەنسا تا سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی کاری پێدەکرا، دیارترین وەزیریش (کولبیر) بوو کە کەسێکی چالاك و ووردەکار بوو، ماوەی شانزە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کاری دەکرد و هاووێنەی نەبوو، ئیشی تەنها سەرقاڵ بوون بوو بە کاروباری وڵاتەوە، (کولبیر) ڕاهاتبوو بەکاری کارگێڕی دارایی و دروشمێکی بۆ خۆی بەرز کردبوویەوە کە بریتی بوو لە گەشەدان بە سامانی فەڕەنسا تا بیکاتە دەوڵەمەندترین دەوڵەت.



Scanned with CamScanner

ئەمەش لە ڕێگەی ڕێگرتن لە دراو و ماڵ و سامانی دەرەو و دواتر ڕاکێشانی ماڵ و سامانی دەرەوە بۆ ناو وڵات، ئەمەش لە پێناو زیادکردنی ئەو داهاتانەی کە لە سیاسەتی گشتی وڵات دا بەکاری دەهێنێت، پێی وا بوو ئەو چالاکیە جەنگێکی داراییە و فەڕەنسا لەنێو وڵاتاندا سەربەرز دەکات، بۆیە کەوتە ڕێکخستنەوەی دارایی و گەشەدان بە پیشەسازی و زیادکردنی قەبارە و چالاکی بازرگانی.

سەبارەت بە دارایی لەسەر ئەو هێڵە گشتیانە چوو کە مەزران لەسەری دەڕۆیشت بۆ پیشەسازیش فەزڵ بۆ کولبیر دەگەڕێتەوە کە فەڕەنسای کرد بە دەوڵەتێکی گەورەی پیشەسازی و پیشەسازیەکانی وەك پیشەسازی چنین و ڕستن و ئاوریشمی هاندا و چەند پیشەسازیەکی نوێی دامەزراندوە وەك پیشەسازی شوشە و تەختە و هتد... کولبیر بە نرخێکی زۆر ژمارەیەك لە هونەر پیشە و پیشەسازانی بیانی بانگ کرد و شایش سەرمایەی پێویستی خستنە بەردەست تا کارگە دابمەزرێنن و کەرەستەی خاو بکڕن سەخاوەتمەنداریش دیاری بە کرێکاری لێهاتوو دەبەخشی.

وەرشە و کارگە بچوکەکانی بە واتا تەواو کرد بە (کارگە)، مەبەستی کولبیر ئەوە بوو فەرەنسا لە پشت بەستن بە بەرهەمی دەرەوە ڕزگار بکات وەك هەنگاوی یەکەمی گەیشتن بەوەی لە هاوردەو ناردەنی بەرهەمدا پشت بە فەرەنسا ببەستێت، بۆیە لەوح و ڕێنمایی بۆ پیشەگەران زیاد کرد و ناچاری کردن تا ناوی خۆیان لەسەر بەرهەمەکانیان بنوسن، ئەمە دواتر گەشەی سەند بۆ هێمای بازرگانی.

سەبارەت بە بازرگانی هەوڵیدابەرهەمە فەڕەنسیەکان بەهۆی سەپاندنی باجی سەخت لەسەر کاڵا بیانیەکان بپارێزێت لە هەمان کاتدا باجی سەر بەرهەمی فەرەنسی کەم کردەوە وەك هاندانی بازرگانی لەگەڵ دەرەوە و هەرێمەکانی ئەو دیو ڕووبار، لێرەدا چەند نارەحەتیەك لەناوخۆوە بەرەو ڕووی دەبوونەوە بەتایبەت کە پاشماوەی سیستمی دەرەبەگایەتی هێشتا مابوویەوە و خۆی لە شێوەی چەند گومرگێکی ناوخۆ نێوان هەرێمەکان دەبینیەوە، بۆیە ئەو گومرگە ناوخۆییانەی نێوان ژمارەیەکی زۆری هەرێمەکانی لەکار خست.



Scanned with CamScanner

هەروەها کولبێر بازرگانی دەرەکی هاندا و کەوتە دامەزراندنی کۆمپانیای بازرگانی دەریایی لەگەڵ هیندی ڕۆژئاوا و هندی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوڕاست و لەگەڵ باکور و سەنگالدا، هەموو ئەمانەشی بەستەوە بە دامەزراندنی دەریاوانیەکی بەهێزی فەرەنسی و توانی کەشتیگەلێکی گرنگی بازرگانی دابمەزرێنێت.

هەروەك کەوتە دروستکردنی کەشتیگەلێکی جەنگی بۆ پاراستنی هێڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ داگیرگە فەرەنسیەکاندا بە تایبەت کەنەدا کە ئاسان دەکرا بکرێت بە هەرێمێکی فەرەنسی، سیستمی بەسەربازگرتنی دەریاوانیشی دانا و سندوقێکی دانا بۆ برینداراني و خوێندنگەیەکیش بۆ دەرچوونی ئەفسەرانی دەریایی.

کولبێر گرنگی بە کشتوکاڵ دا و ئاژەڵ و وڵاخ بەخێو کردن و کشتوکاڵی مێو و درەختی توتی پێویست بۆ کرمی ئارێشمی هاندا.

کولبێر لە هەموو ئەمانەدا توانی بەسەر بەربەستەکانی بەردەمیدا سەرکەوێت بەربەستەکانیش سیاسەتی سەربازی لویسی چواردەیەم کە ژیانی خۆ بەزل زانی دەویست، ئەمەیشی بیستەوە، بەڵام لویس لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانی ڕۆچوو بوویە نێو سەرکەشیەوە و گوێی لە هیچ ئامۆژگاریەکی مامناوەند بونی نەدەگرت، بۆیە کولبێری لەناو برد.

دوای ئەو (لۆڤرا) ناوبانگی هەبوو کە بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ (١٦٦٦ز – ١٦٩١ز) وەزیری جەنگ بوو، سی ساڵی دەسەڵاتەکەی لویسی بەسەر برد، تەمەنی لویس گەیشتبویە پەنجا و پێنج ساڵ لەو جەنگانەدا، ئەمە بوویە هۆی گۆڕانێکی تەواو لە سیستمی سەربازی فەرەنسادا، لە هەمان کاتدا هەمان گۆڕان لە دەوڵەتەکانی دیکەدا ڕوویدا و سیستمی سوپا لە سوپایەکی کاتیەوە بوو بە سوپایەکی نیزامی هەمیشەیی، ژمارەی سوپای فەرەنسیش لە کاتی جەنگی میراتگری ئیسپانیادا ساڵی (١٧٠١ز) گەیشتە سەد و بیست و پێنج هەزار پیادە و حەوت هەزار سوار.



Scanned with CamScanner

سیستمێکیشی دانا بۆ مەشق پێکردن و ڕێکخستنی ئەو سوپا بەردەوامە و ڕێکخستنی ڕیزبەندی سەرکردایەتی تیایدا لە ڕێگەی لیستی لە پێش بوونی ئەفسەران کارگێڕی جیاجیای ئامادەسازی و کاروباری کارگێڕی و نەخۆشخانەکانی مەیدانیشی دانا.

لۆڤا بەرگێکی سەربازی بۆ هەموو سەربازان دانا و لەسەر بنەمای خۆبەخشی لە بەرامبەر موچە و ملکەچی بۆ پیشەی سەربازی هەنگاوی دەنا، هەروەها دوو چەکی نوێی داهێنا، چەکی تۆپ و چەکی ئەندازیاران کە گرنگیدان بوو لە قایمکار بە درێژایی سنورەکانی فەرەنسا.

لەنێو پیاوانیشدا ماریشال ڤۆبان دیار بوو، ڤۆبان توانی چەند گۆڕانێک لە چەکدا بکات، بە تایبەت لە تفەنگدا بە جۆرێك وای لێکرد قورسی کەمتر و کارامەیی وەشاندنی گوللەی زیاتر بێت، بۆ هەر تفەنگێکیش خەنجەرێکی دانا تا لە کاتی تێکچڕاندا یارمەتی سەرباز بدات، هەموو ئەو پێناوە سەربازی و ئابوورییانە یارمەتی لویسی چواردەهەمیان دا تا سیاسەتەکەی پەیڕەو بکات و جەنگەکانی خۆی لە ئەورووپا دا ئەنجام بدات.

دواجار پێویستە باسی ئەوە بکەین کاروباری ئایینی لە سەردەمی لویسی چواردەهەمدا گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو بەوەی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی کێشا چوویە پێکدادان لەگەڵ پاپادا و ململانێی لەگەڵ جانسینسیتەکاندا، ئەمانە شوێنکەوتەی قەشە ئۆگەستین بوون، بەوکارەی مەڵبەندی ئەمانەی وێران کرد و سیستمەکەیانی لەکار خست، دواجاریش پرۆتستانتەکانی چەوساندەوە و مەرسومی (نانت)ی لەکار خست و هەوڵیدا بۆ کارکردنیان بەکاسۆلیك هێز بەکاربهێنێت.

هەروەها هەوڵیدا نەوەکانیان لە تەمەنی منداڵیەوە بەزۆر بکات بە کاسۆلیکی و ئەوانیش لە پیشە گشتیەکان و پەیڕەوی پیشەیی پارێزەری و پزیشکی بێبەش بکات، دواتر هەوڵیدا ناچاریان بکات تا هێزە سوارەکانی گوند و ماڵەکانیان بە خەرجی خۆیان زیاد بکەن و یارمەتیان بدەن، ئەو سوارانەیش بۆ کردنیان بە



Scanned with CamScanner

کاسۆلیکی بە هەموو شێوە و پێناوێك و فشاری پێویست و توندییان لە دژ بەکار دەهێنان.

ئەمە بوویە هۆی ئەوەی زۆرێکیان بچنە سەر مەزهەبی کاسۆلیکی وە هەندێکی دیکەشیان بڕێنە ناو کەشتیەکان و زۆرێکیان کە بە هەزاران کەس دەبوون کۆچ بکەن بۆ ئینگلتەرا و بەرلین کە دواتر بوو بە پایتەختی پروسیا،هەموو ئەمانە یارمەتیدەر بوون تا شا هەست بەوە بکات فەرمانڕەوایی گەلانێکی یەکدەنگ دەکات و هیچ بەرهەڵستکاریەکی دەسەڵاتەکەی لەناو وڵاتدا نیە.

بەدرێژای سەردەمی لویسی چواردەیەم فەڕەنسا پێگەی یەکەمی نێو دەوڵەتانی ئەورووپای گرتبوو بەهێزترین شانشین و مەڵبەندی سیاسەتی گشتی بوو، کاتێك لە دەرەوە ناوی (شا) دەهات، بە واتای شای فەرەنسا دەهات.

لویسی چواردەیەم لە سەرەتای دەسەڵاتیەوە گرنگیدانی خۆی نیشان دا بۆ ئەوەی باڵوێزی هیچ دەوڵەتێکی بیانی پێش باڵوێزی فەڕەنسا لە هیچ پایتەختێکدا نەکەوێت، کاتێك ئینگلتەرا بانگەوازی دەکرد بۆ پێویستی ڕێزگرتنی کەشتیە بیانیەکان بۆ ئاڵای کەشتیە ئینگلیزیەکان، لویسی چواردەیەم ئەوەی پێ قبوڵ نەبوو، بەڵکو سوور بوو لەسەر ئەوەی کەشتی ئینگلیز بۆ ڕێزگرتنی ئاڵای فەڕەنسی ڕێز بنوێنێت، پاشان کەشتیە فەڕەنسیەکان وەڵامی ئەوە بدەنەوە.

دەکرێت ئەو جەنگەی لویسی چواردەیەم ئەنجامیدا بۆ زنجیرەیەك دابەش بکەین، ڕۆڵی یەکەمی لە ساڵی ١٦٦٧ز. تا ساڵی ١٦٦٨ز، بوو پاشان قۆناغی جەنگ لەگەڵ کردن بوو لەگەڵ هۆڵەندا لە ساڵی ١٦٧٥ز. تا ساڵی ١٦٧٨ز، دواجار جەنگی میراتگری یابانی لە ساڵێ ١٧٠١ز. تا ١٧١٤ز.

دەکرێت سیاسەتی دەرەکی تایبەت بە لویسی چواردەیەم بە دوو قۆناغی تایبەت جیا بکەینەوە کە شۆڕشی ساڵی ١٦٨٨ز. لە ئینگلتەرا لە یەکتریان جیادەکاتەوە، مشتومڕ لەسەر ئەوە نیە کە لویسی چواردەیەم دەستی گرتبوو بەسەر ئەورووپادا و کۆمەڵێك فراوانخوازی بە فەڕەنسا بەخشی بوو کە ڕووبەڕووی فەرەنسای زیاد کردبوو.



Scanned with CamScanner

لە ساڵی ١٦٨٨ز. بەدوا تا ساڵی ١٧١٤ز ماوەی جەنگی دژە بە کۆمەڵەی ئۆگریزگ و جەنگەکانی میراتگری ئیسپانی بوو کە دەسەڵاتی لویسی چواردەیەم لەگەڵ ئەو جەنگانە مەسەلەی میراتگری ئیسپانیا بوو یان وەك لەو کاتەدا ناوی لێنرا بوو (کێشە گەورەکە).

ئامانجەکانی لویسی چواردەیەم لەو جەنگانە بە جیا کۆتا جەنگیان کە جەنگی میراتگری ئیسپانی بوو بریتی بوو لە پێویستی داگیرکاری فەرەنسا بۆ هەموو ئەو هەرێمانەی کە لە سەدەکانی کۆن لەگەڵیدا هەیبوون، چونکە ئەو دەیویست هەموو ئەو هەرێمانەی لە رابردوودا بەشێك بوون لە فەرەنسا لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەی خەڵکەکەی سەر بە فەرەنسا و بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن ئەگەر چی لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕوایی فەرمانڕەوایانێکی بیانیدا بن، هەموو ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە بۆ فەرەنسا بە کورتی لویسی چواردەیەم دەیویست یەکێتی فەرەنسا لە ڕێگەی ئەنجامدانی جەنگ و گرتنە خۆی سنورە سروشتیەکانی تەواو بکات.

بەدیهێنانی ئەو پرۆژەیەش پێویستی بەوەبوو زەویە نزمەکان و فرانش کونتیە و لۆرین و شاڤا بگرێت، فرانش کنتیە و هەرێمە نزمەکانیش سەربەشای ئیسپانیا بوون، لویس دەیوت ماف ئەوە وەك مافێکی سروشتی ژنەکەی (ماریاتریزا)ی کچە گەورەی فیلیپی چوارەم و میراتگرەوەی شەرعی پاشای ئیسپانیا پێویستە وەریبگرێتەوە، سەبارەت بە لۆرین و ساڤۆیش دەیویست بە ئاڵوگۆڕ کردن لەگەڵ چەند ناوچەیەکی سەرەکی میراتگری ئیسپانی گەوەردا بەدەست بخات، بەو جۆرە مەسەلەیەی میراتگری ئیسپانی بەردی کونجی سیاسەتی لویسی چواردەیەم بوو، بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی.

لویس نەیتوانی هەموو ئەمانە بەدەست بهێنێت، ئەو بەرەورووی چەند بانگەشەیەکی نەیاری بوویەوە کە لیوپۆلدی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و مێردی کچی دووەمی فیلیپی چوارەم و خوشکی ژنی لویسی چواردەیەمی پێش دەخست.



Scanned with CamScanner

هەروەك نەیاری دراوسێ هۆڵەندیەکان و ئینگلیزی بەدی کرد کە لە زیاد بوونی دەسەڵاتی فەڕەنسا دەترسان کە بە هۆی دەستگرتنی بەسەر زەویە نزمەکاندا ئەمە بووە هۆی هەڵگیرساندنی کوتلە و دەستەکان و جەنگی هۆڵەندی و جەنگی کۆمەڵەی ئۆگزرگ، پاش جەنگی سێیەمی دژە بە ئیسپانیا لویس نەیتوانی بەشێکی فلاندەر و فرانش کۆنتیە بداتە پاڵ خۆی، بە پێچەوانەوە دەبینین لە کۆتایی دەسەڵاتیدا دەست بەرداری هەر پرۆژەیەکی فراوان کردنی سنووری فەڕەنسا بوو لە پێناو ئیسپانیادا دەجەنگا، ئەویش پێشتر بە بەردەوام لەگەڵیدا دەجەنگا و لویس نەوەیەکی خۆی (دۆق ئانجۆفیلیپ)ی لەسەر کورسی دەسەڵات ئیسپانیا دانا و بە فیلیپی پێنجەم ناسرا.

پاش جەنگی سیانزە ساڵە داهات و سەرچاوەی دارایی فەڕەنسا داتەپی. لویسی چواردەیەم پشتی بەست بە کۆمەڵێك سیاسەتدار و وەزیر و سەرکردە و کەسی پیشەیی ناو جەنگ کە بەهای خۆیان هەبوو، هەروەها پشتی بەست بە چەند هێزێکی رێکخراو و مەشق پێکرا و تا بە ئامانجەکانی بگات، سەردەمەکەشی سەردەمی زاڵبوونی فەڕەنسا بوو لە ئەوروپا، دواتر لەگەڵ کۆتایی هاتن بەسەردەمی دەسەڵاتی لویسی چواردەیەم ئەو زاڵبوونەش کۆتایی پێهات.

********************



Scanned with CamScanner

# باسی چوارەم
# جەنگەکانی میراتگری ئیسپانی

جەنگەکانی میراتگری ئیسپانی چەندین ساڵ بەردەوام بوون هەر لە ساڵی ١٦٦٨ز. تا پەیماننامەی ئوترخت لە ساڵی ١٧١٣ز. بە چەند قۆناغێکی جیاجیایشدا تێپەڕ بوون، قۆناغی بەدەستهێنانی میراتی فەڕەنسی لە ڤلاندر، پاشان قۆناغی جەنگی دژ بە هۆڵەندا و گەشەسەندنی تا ئەوەی بوو بە دامەزراندنی کۆمەڵە یان کوتلەی ئۆرگزرگ دژ بە فەڕەنسا، پاشان هەڵگیرساندنی جەنگ لە دوای ئەوە لەساڵی ١٧٠١ز. کە بۆ ماوەی ١٣ ساڵ بەردەوام بوو.

لەو کاتەی لویسی چواردەهەم لە ساڵی ١٦٦١ز. دا دەستی کرد بە ماوەی دەسەلاتی، هەموو سیاسەتمەدارانی ئەورروپا چاوەڕوانی کۆتای هاتنی بە ژیانی شارلی دووەمن، کوڕی فیلیپی چواردەیەم پاشای ئیسپانیایان دەکرد و پێیان وا بوو لە ئەنجامی نەخۆشی (مەرگی نزیك بووەتەوە، ئەگەر چی چل ساڵ دوای ئەوە ژیا، واتە تا ساڵی ١٧٠٠ز).

هەردوو میراتگر دەیانتوانی بچن بۆ وەرگرتنی ئەو میراتیەی لویسی چواردەیەمی پاشای فەرنسا و لیوبۆلدی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا هەر یەك لەو دوانەش کوڕی شاژنێکی ئیسپانی و هاوسەری و شاژنی ئیسپانیش بوون، بەوە پورزا دەردەچوون، هەر یەك لەوانە خوشکی ژنەکەی ئەوی دیکە یانی بە هاوسەر گیر گرتبوو.

بەڵام هەر یەك لە ئانی و نەمساوی و ماریاتریزای خەسوی لویسی چواردەیەم پێشڕەویان بۆ مافەکانی لیۆپولد دەکرد، لە ڕاستی دا ماریا تریزا لە پاش هاسەرگیری لەگەڵ لویسی چواردیەم لە ساڵی ١٦٥٩ز. دا دەستبەرداری ماف میراتی ئیسپانی خۆی بوو، بەڵام ئەو دەستبەرداریيە پووچ و بێ واتا بوو لە لایەکی دیکەشەوە ئەو دەستبەرداربوونە بەرامبەر بەوە بوو فیلیپی چوارەم دەبوو پێنج سەد هەزار جونەیهی پێ بدات، بەڵام فیلیپی ئەو کارەی نەکرد.



Scanned with CamScanner

میراتی ئیسپانی زۆر گەورە بوو بیست و دوو تاجی لەخۆ دەگرت، بریتی بوو لە ئیسپانیا و بلیارد و سەردینیا و مقلیە و شانشینی ناپۆلی و فرانشکۆنتیە و زەویە نزمەکان، ئەمە سەرەڕای نیوەی ئەمریکا و مەکسیك و بەشێکی دورگەکانی زەریای هادی و پێگەکانی ئیسپانیا لە ئەفریقا.

لویسی چواردەهەم بیری لەوە نەدەکردەوە کە هەموو ئەومیراتە بۆ خۆی ببات، بەڵکو دەیویست هەر هەرێمە فەڕنسیەکانی ئەویٚ ببات و ئەو هەرێمانە لە ئیتاڵیاوە وەربگرێت کە دەیتوانی بەرانبەر بە لۆرین و ساڤوا ئاڵوگۆڕیان پیٚ بکات تا بە یەکێتی فەڕنسا بێتەدی، ئامادەش بوو واز لەوی دیکەی ئیسپانیا بهێنێت بۆ لیۆپۆلی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا دوای مردنی فیلیپی چوارەمی خەزوری لویسی چواردەیەم لە ساڵی ١٦٦٥ز. دا فرمانی بە باڵوێزەکەی کرد تا بەستنی ڕێکەوتنامەیەکی لەو جۆرە بۆ ئیمپراتۆر پێشنیار بکات، لیۆپولدیش ڕاڕا وخەیاڵاوی بوو، بەڵام بەو پێشنیارانە ڕازی بوو لە ساڵی ١٦٦٨ز.دا لە ڤیەننا، بە پەیماننامەی دابەشکردنی دواتریمیراتی ئیسپانی ئیمزا کرد.

لەو کاتەدا لویس چواردەیەم کەوتە داگیرکردنی بەشێکی ئەو میراتیە کە ئەویش ڤلاندەر بوو، ئەمەش وەك مافێکی ماریا ترازای ژنی و تاکە میراتگری دایك و باوکی و کوڕەکانی تری وەلا نا، لە ساڵی ١٦٦٧زیشدا شەست هەزار جەنگاوەر ڕۆچوونی ناو ڤلاندەر و گرنگترین پێگەکانی ئەوێیان داگیر کردن و لویسی چواردەهەم وەستا و داوای لە شاژنی دایکی ئیسپانی و وەسی شارلی دووەم کرد تا دان بەو واقیعەدا بنێت، لە ئەنجامی ڕاڕایی ئەو ژنەدا لویسی چواردەهەم لە ساڵی ١٦٦٨ز.دا سوپایەکی دیکەی نارد وله ماوەی دو هەفتەدا فرانش کونتیەی داگیر کرد.

ئەو شاڵاوە خێرایەی ڤلانەر ڕاڕای و ترسی هۆڵەندا و ئینگلتەرای لێکەوتەوە چونکە سەیریان کرد فەڕەنسا بووە بە دراوسێیان، ئەو دوو دەوڵەتەهاوپەیمانی (لاهای)یان لەگەڵ سوید بەست دژ بە فەرەنسا و ئەمەش لە ساڵی ١٦٦٨ز.دا بوو.



Scanned with CamScanner

ئەوەش یەکەم هاوپەیمانێتی بوو کە بەو جۆرە دژ بە فەڕەنسا ئاراستە بکرێت و بەڵگەی ئەوەش بوو کە دراوسێکانی دان بە بەهێزی زیاتری ئەودا دەنێن، ئەو دەوڵەتانە وایان نیشان دا کە حەز دەکەن بێنە نێوەندی نێوان فەڕەنسا و ئیسپانیا، ئامانجی ناڕاگەیاندراویشیان گەیشتن بوو بەوەی لویس ناچار بکەن دەستبەرداری میراتگری ئیسپانی بێت و ڕێی پێ نەدەن بگاتە زەویە نزمەکان.

لەگەڵ ئەمەشدا بەستنی ڕێککەوتنامە لە نێوەندەکان بە دوور بوو، بەڵکو ئیسپانیا ڕاستەوخۆ لەگەڵ لویسی چواردەهەم دا دانوستانی کرد و دەستبەرداری ڤلاندەر بوو بۆی، ئەمە لە ڕێککەوتنی (ئەکس لاشابیل)ی هەمان ساڵدا لە لایەن هاوپەیمانانەوە دانی پێدا نرا، بەڵام دەستێوەردانی هۆڵەندیەکان لویسی بێزار کرد، ئەمەش ئەو کات زیادی کرد کە لویس بە بڕیارە نهێنیەکانی ڕێککەوتنی لاهای زانی کە بەو پێیە هۆڵەندیەکان ئینگلتەرا و سویدیاین بە پارە ڕاکێشا بوو بۆ هاوپەیمانێتیەکی بەردەوام بۆ پاراستنی ڕێککەوتنامەی (ئەکس لاشابیل) لویسی چواردەهەم پێی وابوو پێویستە هێزی هۆڵندا لەناو ببرێت وەك پێشەکیەکی پێویست بۆ داگیر کردنی زەویە نزمەکان.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی مەزهەبی کالڤنی و سیستمە کۆماریەکەیان و حکومەتە پێکهاتووەکەیان لە بازرگانانی پەنیری خۆی نەدەویست، کولبیریش لە باری هۆڵەندیەکان ڕازی نەبوو چونکە بەربەستی بەردەم بازرگانی فەڕەنسی بوون لە ڕێگەی سەپاندنی گومرگی بەرز بەسەر فەڕنسیەکاندا، بۆیە پێویست بوو بۆ گۆڕینی ئەو بارە تۆپ بەکار بهێنن.

*********************



Scanned with CamScanner

# جەنگی دژ بە هۆڵەندا

لویس کەوتە کەنار خستنی هۆڵندا و دوور خستنەوەی لە هاوپەیمانێتی پێش ئەوەی چالاکی جەنگی لە دژ ئەنجام بدات، دانوستانەکان ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوون و لویسی چواردەهەم توانی هاوپەیمانێتیەك لەگەڵ ئینگلتەرا و هاوپەیمانێتیەکیش لەگەڵ سوید بە هەرکامیان بەرامبەر بەوەی بڕی زیاتر لە دووسەد هەزار جونەیە بە هەرکامیان بدات لە بری ئەوەی هۆڵەندا پێی دەبەخشین.

هەروەهاتوانی لەگەڵ هەڵبژێردراوی کۆلونیا و سەرکردەکانی ناوچەی رایندا هاوپەیمانی ببەستێت و بێلایەنی ئیمپراتۆر لیوپۆلدیشی کڕی، چونکە لیۆپۆڵد پێویستی بە پارە هەبوو، لەو کاتەدا هۆڵەندیەکان سەرقاڵی بازرگانی خۆیان بوون پارەیان لە هاوپەیمانێتیدا خەرج دەکرد لە جیاتی ئەوەی بۆ دامەزراندنی سوپایەکی هەمیشەیی خەرجی بکەن.

ئەنجومەنی هەرێمە یەکگرتووەکانیش بەرپەرچی بەسەربازگرتنی خەڵکی دایەوە، گیانی بازرگانیش زاڵ بوو تا ئەوەی بارووديان دەفرۆشت بە بەکرێگیراوانی لویسی چواردەهەم، تا ئەوەی بەرەو ڕووی جەنگی لویسی چواردەهەم بوونەوە، ئەویش لە مایۆی ١٦٧٢ز.دا جەنگی خۆی دژ بە هۆڵندا دەستپێکرد و خۆی بە سەد و بیست هەزار سەربازەوە بە هاریکاری تورین و کرندیە بۆ سەرکردایەتی بە ڕێکەوت و لەماوەی سێ ڕۆژدا فەرەنسیەکان هەستیان کرد بەسەر هۆڵەندیەکاندا سەرکەوتوون.

بەڵام هۆڵەندیەکان لە ڕۆژی پانزەی یۆنیۆی هەمان ساڵدا ئەو بەنداوانەیان تێکشکاند کە زەویە کشاوکاڵیەکانیانی دەپاراست و لە ڕووی دەریا نزمتر بوون، بەوە وەڵات کەوتە ژێر ئاو و شارەکان بوون بە چەند دورگەیەك کە تەنها بە کەشتی پێیان دەگەیشتن، لە هەمان کاتدا هۆڵەندیەکان داوای ڕێککەوتنیان کرد بەرامبەر پێدانی قەرەبوویەکی جەنگی بە بڕی دە ملیۆن جونەیە.



Scanned with CamScanner

بەڵام لویسی چواردەهەم هەم داوای بیست و پێنج ملیۆنی جونەیە و چەند هەرێمێکی دەکرد، بۆیە خەڵکی باشوور بڕیاریاندا درێژە بە جەنگ بدەن و میر ولیائورابخیان بە ڕێبەری چالاکیەکانیان هەڵبژارد ئەو کات تەمەنی بیست و یەك ساڵ بوو دواتر بە درێژایی ژیانی دوژمنی سەرسەختی لویس و بزوێنەری یەکەمی چالاکیەکانی بەرگریکاری دژ بە پرۆژەکانی لویس بوو.

سروشتی هاوپەیمانێتیەکان تەواو گۆڕا و چەند پەیمانێکی لویس دەستیان لێبەردا بۆیە ئیمپراتۆر لیۆپۆلدا دایە پاڵ هۆڵەندیەکان دواتر ئیسپانیا و ئیمپراتۆریەتیش دایانە پاڵ و لە لاهای لە ساڵی ١٦٧٣ز.دا کوتلەیەکیان دامەزراند و جەنگی دژ بە هۆڵەندا بوو بە جەنگێکی ئەورووپی.

لەوکاتەدا لویس جەنگی دژ بە هۆڵەندای بەجێهێشت و هەموو هەوڵەکانی خۆی لە چەند جەنگێکی گەورەی هێرش بەریدا ڕو کردە ئیسپانیا و فرانش کۆنتیەی بۆ جاری دووەم لێسەندەوە، پاشان کەوتە هێرش بردنەوەی بۆ سەر زەویە نزمەکان و لە ساڵی ١٦٧٤ز. تا ساڵی ١٦٧٨ز. شوێن لە دوای شوێن هێرشی دەکردە سەر زەویە نزمەکان.

سەبارەت بە جەنگی دژ بە ئیمپراتۆر و ئەڵمان لویس تەنیا جەنگێکی بەرگری کاری ئەنجام دا، گرنگترین قۆناغیشی لەکاتی وەرزی ساڵی ١٦٧٤ز- ١٦٧٥ز. بو کاتێك سوپایەکی بەهێزی فەڕەنسی لە ڕوباری ڕاین پەڕیەوە و چووە ناو ئەلزاز وەهێرشیان بردە سەر هێزەکانی ئیمپراتۆر و لە ستراسبۆرگ، لەو چالاکیانەدا هەڵبژێردراوی براند بۆرگ فریدریك ولیام هەڵبژێردراوی گەورە بەشداری کرد کە لە باسی سەدەی هەژدەهەم دا دێینەوە باس کردنی.

هێزە فەڕەنسیەکان سەرکەوتن و زامنی سەرکەوتن بەسەر ئەلزانسیان کرد، سەرکەدەکەشی تورین بوو کە شەش مانگ دوای ئەوە مرد،

سەرەڕای ئەو هەوڵانەی بە خەرجیان دان جەنگاوەران هەستیان کرد هیچ تایبەتمەندیەکیان بەسەر لویس دا بەدەست نەهێناوە بۆیە لە ساڵی ١٦٧٨ز.دا ڕێکەوتنیان لەگەڵ بەست.



Scanned with CamScanner

هۆڵەندیەکان چەند تایبەتمەندیەکی بازرگانیان لەگەڵ فەرەنسا بەدەست هێنا.
ئیسپانیاش باجەکەی دا و ڤلاندەر و فرانش کۆنتیەی بۆ فەرەنسا بەجێهێشت.
فەرەنساش لە ساڵی ١٦٨١ز.دا سترانسۆرگی دایە پاڵ خۆی و کۆتایی بە باری نادیاری کرداوی هێنا، تا ئەڵمانیا نەتوانێت وەك بنەکەیەکی ڕۆژهەلاتی دژ بە فەرەنسا بەکاری بهێنێت، سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕوداوانە وڵاتانیان دەترسان بەڵام لە ئەنجامی ترسانیان لە سوپای فەرەنسی نەدەجولان.

ئیمپراتۆریش سەرقاڵی هاتنی تورکەکان بوو، تا ڤییەنا کە لە ساڵی ١٦٨٣ز.دا گەیشتبوونە ئەوێ، بەڵام ئەو ترسانە یاریدەدەر بوو تا هەموویان لە کوتلەیەکی نوێی دژ بە فەرەنسا دا کۆببنەوە.

پەیوەندی لویس لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپی پرۆتستانتی خراپ بوو.
ئەمەش ئەنجامی لەکارخستنی مەراسیمەکان لە ساڵی ١٦٨٥ز.دا ئەمە وای لەو پاشا و سەرکردانە کرد تا بۆ دەرفەتێك بگەڕێن بۆ ئەوەی لە دژی گروپ دروست بکەن، پاشان لە ساڵی ١٦٨٨ز.دا کوتلەی دژ بە فەرەنسا دروست بوو کە پاشایانی ئیسپانیا و سوید و ئیمپراتۆر و زۆرێك لە هەڵبژێردرانی دۆخی ساڤوا بوون.
ئەمەش ناوی لێنرا کۆمەڵەی (ئۆگزبرگ) کە ئامانجی پارستنی هاوسەنگی نێو دەوڵەتی بوو دژ بە چالاکیە سەربازی لە هێزەکانی لویسی چواردەهەم.

ئەم کۆمەڵەیە سەرەتا بە کرێکاری بوو، بەڵام دواتر پاش ئەوەی پاپا دایە پاڵی و لە ئەنجامی دەست تێوەردانی لویسی چواردەهەم لە کاروباری هەڵبژێردراوی کۆلۆنیا لە ساڵی ١٦٨٨ز. ڕۆڵێکی باشی بینی، لەو ساڵەدا شۆڕش لە ئینگلتەرا هەڵگیرسا و میرولیەم ئۆرانج بانگ کرا بۆ ئینگلتەرا، ولیام دوژمنی پاشای فەرەنسا بوو، لویس تا ئەو کاتەیش پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلتەرادا هەبوو بەڵام هاتنی ولیامی سێیەم بۆ دەسەلاتی ئینگلتەرا وای کرد هەموو شتێکی کوتلەی ئەوروپی بۆ یەکسان کردنەوەی هێزی لویسی چواردەیەم بەکار بهێنێت.

لویس بەبێ هاوپەیمان چووە جەنگەوە وە دەبوو بەرامبەر بە هەموو ئەوروپا بوەستێت، جەنگ نۆ ساڵ بەردەوام بوو هەموو جەنگەکان لەسەر سنوری فەرەنسی



Scanned with CamScanner

دا بوو، برانس دژ بە ئیسپانیا بوو لەوێوە فەڕنسیەکان هەرێمی کەتالۆنیا و ئەلبیان دژ بە دۆقی ساڤوا و راین و زەویە نزمەکانیان دژ بە ئەڵمان و هۆڵەندی و ئینگلتەراکان بەکار هێنا.

لویس جەنگی بۆ فراوان خوازی نەکرد، بەڵکو لەپێناو پاراستی دەستکەوتنەکانی و گێڕانەوەی جیمسی دووەم بۆ ئینگلتەرا بوو، بۆیە مەیدانی چالاکیەکان و زەویە نزمەکان و ئیرلەندا بوون، بەڵام لە راین دا فەڕەنسا ڕێگەی توندی بەکار هێنا بۆ ڕێگرتن لە پێشڕەوی هێزەکانی ئەویٚ، ئەویش لە ڕێگەی وێران کردن و چەند جار سوتاندنی ناوچەی پلاتینەکان تا بیکات بە بیابانی باکوری ئەلزاس.

ئەو چالاکیەش پاش بڕینی دار مێوەکان و سوتاندنی کۆشی گەورەکان و گوندەکان و دەرکردنی خەڵکەکەی بوو لە ساڵی ١٦٨٩ز. یادەوەریەکانی ئەو چالاکیانە ماوەی زیاتر لە دوو سەدە دوای ئەوە لەبیری ئەڵمانیەکان دا مابوویەوە و هۆکارێکی ڕق بوونیان ئەوە بوو لویس شالاوێکی نارد بۆ ئیرلەندا و بۆ یارمەتی دانی جیمسی دووەم، لە دەستگیرکردنی بەسەریدا وەك ئاسانکاریەك بۆ شالاو بردنە سەر ئینگلتەرا.

بەڵام جیمسی دووەم هێواشی نواند، بەمە دەرفەتی بە ولیامی سێیەم بەخشی تا لە ئینگلتەرا هێرش بکاتە سەر دورگەکە و بە گەڕاندنەوەی جیمس بۆ فەڕەنسا لە ساڵی ١٦٩٠ز. کۆتایی پیٚ هات.

ساڵی ١٦٩٢ز جەنگێکی دەریایی لە دەریای مانشی لە نێوان کەشتیگەلی فەڕەنسی لە لایەك و کەشتیگەلی ئینگلیزی و هیندی لەلایەکی دیکەوە بەخۆیەوە دی و لە ڕۆژی یەکەمدا کەشتیگەلی فەڕەنسی سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، ڕۆژی دووەم پاش پاشەکشەی ئینگلیز و هۆڵەندیەکان چالاکیەکی گەورەی سەربازی دەریایی ئەنجام درا کە تیایدا زۆربەی کەشتیەکانی کەشتیەگەلەکەی فەڕەنسا تێکشکاند.



Scanned with CamScanner

بەو جۆرە هێزە فەرەنسیەکان لە ساڵی ١٦٩٢ز و ١٦٩٣ز.دا سەرکەوتنیان بەسەر هۆڵەندیەکان دا تۆمار کرد و لەسەر سنووری ئەلبیشدا بەسەر سوپای دۆقی ساڤوا دا سەرکەوتن و هەرێمەکەیان داگیر کرد. ئەمە دۆخی ناچار کردن تا لە ساڵی ١٦٩٦ز.دا بەیەکجارەکی بەجێی بهێڵێت و لەگەڵ فەرەنسا ڕێکەوتن ئیمزا بکات.

سوان و بێزاری ڕووی کردە هەموان وێرانی هەموو شوێنێکی گرتبوویەوە و تەنانەت بازرگانی دەریا لەئەنجامی چالاکیی دزە دەریایەکان لە هەموو لایەکەوە زیانی لێکەوتبوو، تورکەکان هەڕەشیەکان لە ئیمپارتۆریەت دەکرد، هەموو ئەوانە بوونە هۆی چەند ووتوویێژێك و دواتر دانوستانێك کە بە بەستنی ڕێکەوتنی ریزویك لە ساڵی ١٦٩٧ز کۆتایی پێهات.

لویس مامناوەندی لەگەڵ نەیارەکانی دا ونیشان دا و داننانی ولیمی سێیەمدا و وەك پاشای ئینگلتەرا و زۆربەی ئەو زەویەی کە لە دوای ساڵی ١٦٧٨ز گرتبووی گێڕایەوە، هەموو ئەمانە بەرامبەر بە یەك شت، ئەویش بەدەستهێنانی دانانی ئیمپراتۆر بە موڵکداری فەرەنسا بۆ لۆکسومبرگ، ئەو ڕێکەوتنە بۆ چەند ساڵێك بەردەوام بوو تا مەسەلەی میراتگری ئیسپانی لەدوای مردنی شارلی دووەم لە ساڵی ١٧٥٠ز. وروژایەوە.

********************

# جەنگی میراتگری

هۆکاری سەرەکی ئەو نەرمی نواندنەی لویس لە ڕێکەوتنی ریزویک ئەوە بو کە پێویستی بە ئاشتی هەبوو تا هێزە چەکدارەکانی بنیات بنێتەوە و دارایی ڕێک بخاتەوە پێش ئەوەی دەرفەت لەدەست بچێت چونکە هەموو چاوڕێی مەرجی شارلی دووەم و کرانەوەی کێشەی میراتگری ئیسپانی بوون سەرلەنوێ، لێرەدا چاودێری فەرەنسایان دەکرد.

ئەویش دەیویست کۆمەڵەی ئۆگزبرگ هەڵبوەشێتەوە و ئینگلتەرا یان هۆڵەندای لێ دور بخاتەوە و کێشەی میراتگری لەگەڵیاندا بخاتە ڕوو، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٦١٨ز. لەگەڵ ئیمپراتۆر لیۆپۆڵ هەوڵی دا ڕای گشتی ئینگلتراش دژی چوونە ناو وجەنگێکی نوێ بوو، هەروەك حکومەتەکان بە تایبەت ئینگلتەرا ڕەچاوی هێزی فەرەنسای دەکرد و ترسا پێش ئەوەی هیچ لایەك جەنگەکە یەك لابکەنەوە دەست بگرێت بەسەر شانشینی ئیسپانیادا.

یەك پەیماننامە لە لاهای لە ساڵی ١٧٩٨ز. بەسترا و تیایدا زۆربەی میراتی ئیسپانی درا بە نەوەیەکی ئیمپراتۆر لیۆپۆلد کە ئەویش کوڕی هەڵبژێردراوی باڤاریا بوو، تەمەنی چوار ساڵان بوو، بەڵام مرد، بۆیە دەبوو دووبارە دانوستان بکەن دواجار پەیماننامەی دووەم ئیمزا کرا کە پەیماننامەی لەندەن بو لە ساڵی ١٧٠٠ز. دا و تیایدا میراتی ئیسپانی کە بە کوڕی دووەمی ئیمپراتۆر کە (ئەرشیدۆق شارلی ) بوو، جگە لە شانشینی ناپۆلی و مقلیە و میلانۆ کە لویس چواردەهەم دەستی پێوە گرتن تا بەرامبەر بە ساڤوا و لۆرین ئاڵوگۆڕیان پێبکات، ئەمەش هەمان ئەو پرۆژەیە بو کە لویس لە سەرەتای دەسەڵاتیدا خستیە ڕوو، بۆیە یەکخستنی تەواوی فەرەنسا دەبوو لە میراتی ئیسپانی بچێتە دەرەوە.

بەڵام ئیمپراتۆر بەوە ڕازی نەبوو سەرەڕای ئەوەی لە بەرژەوەندیدا بوو، شارلی دووەم لەگەڵ ماری شاژنی نیویۆرك هاوسەرگیری کرد و لیوپۆڵد بڕوای وابوو ئەو ژنە دەتوانێت شارلی دووەمی مێردی وا ئاراستە بکات وەسیەك لە بەرژەوەندی



Scanned with CamScanner

ئەودا دابنێت، بەڵام هیواکانی سەرنەکەوتن و شارلی ڕازی نەبوو دوای مێردی ئیمپراتۆریەتەکەی دابەش ببێت، ئەو پرۆژەی دابەشکاری دەزانی و پێی وابوو هیچ مێردێك جگە لە مێردێکی فەڕەنسی بە پاڵپشتی هەموو هێزەکانی لویسی چواردەهەم ناتوانێت سەلامەتی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانی بپارێزێت.

هەرچەندە شارلی دووەم لەگەڵ لیوپۆلد ئەمەی بەرپەرچ دایەوە و تاڵی یادەوەریەکانی لویسی چواردەهەمی وتەوە، ئەوکات وەسیتەکەی لە بەرژەوەندی فیلیپی دۆقی ئەنگۆی نەوەی دووەمی شای فەڕەنسا دانا، شارلی دووەم یەك مانگ دوای ئەوە لە یەکی نۆڤەمبەری ساڵی ١٧٠٠ز.دا مرد.

لویسی چواردەهەم نەیدەزانی ئایا پەیماننامەی لەندەن جێبەجێ بکات کە فەرنسای تەواو دەکرد و بەرژەوەندیەکی نیشتمانی بوو، یان وەسیەتی شارلی دووەم جێبەجێ بکات کە بەرژەوەندیەکی بنەماڵەیی بوو، دواجار بڕیاری دا وەسیتەکە قبوڵ بکات، بەو هیوایەی لەگەڵ هەموان دا ژیانێکی ئاشتیانە بباتە سەر، لەو ڕێککەوتنەشدا پاراستنی بە شەوق و برقی ئیمپڕاتۆریەتی ئیسپانی و چاو داخستن لە بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی فەڕەنسا بەدی دەکرا.

پاش چەند مانگێك فیلیپ بوو بە پاشای ئیسپانیا و دەوڵەتی ئەورووپاش جگە لە ئیمپڕاتۆر دانیان پێدانا، بەڵام پاش چەند مانگێك هەڵوێستەکە گۆڕا و ولیامی سێیەمی پاشای ئینگلتەرا ترسی لە پیلانێکی فەڕەنسی هەبوو بۆ یارمەتی دانی جیمسی دووەم، بۆیە بانگەشەی ئەوەی کرد کە لویس پەیماننامەکەی لەندەی جێبەجێ نەکردووە و سەرقاڵی هاوپەیمانێتیەکی گەورەیە دژ بە فیلیپی پێنجەم و ئامادەسازی سوپا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بارەکە.

لویسیش لە مانگی یەنایری ساڵی ١٧٠١ز.دا دەقێکی پێشکەش کرد و وتی ماف فیلیپی پێنجەمە مافی خۆی لە تاجی فەڕەنسادا بپارێزێت، ئەمە هەڕەشەی ئەگەری یەکگرتنی دوو دەوڵەت و گۆڕانی هاوسەنگی نێو دەوڵەتی ناو ئەورووپا بوو، ئەمە بوویە هۆی ڕاڕایی پاشایانی ئەوروپا.



Scanned with CamScanner

هەروەك لویس بۆ مانگی دواتر لەسەر خواستی فیلپی پێنجەمی کوڕی چەند ناوچەیەکی زەویە نزمەکانی داگیر کرد و مێزە هۆڵەندیەکانی لێدەرکرد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ کوڕی جیمسی دووەمی پاشای پێشووی ئینگلتەرا بە ڕەسمی هەڵسوکەوتی کرد و بە جیمسی سێیەمی لە قەڵەم دا، هەرچەندە ولیامی سێیەم لەسەر کورسی دەسەڵات بوو، دانیشی نا بەوەدا کە پاشای ئینگلتەرا بێت، ئەمەش لە پەیماننامەی ریزویکدا بوو، ولیامی سێیەم توانی وا لویسی چواردەهەم نیشان بدات کە ئەو دەستپێکەری جەنگە، پێش مردنیشی لە ساڵی ١٧٠٢ز. پشت بەستنی پێویستی لە پەرلەمانەوە بەدەست خست.

لەگەڵ ئەوەی جەنگ ڕانەگەیەنران کەچی هێزەکانی ئیمپڕاتۆر چوونە ناو ئیتاڵیا، جەنگی میراتگری ئیسپانی درێژترین و خراپترین جەنگی سەردەمی لویسی چواردەهەم بوو چونکە دەبوو فەڕەنسا بەرگری لە سنورەکانی و ئیپمراتۆریەتی بەرفراوانی ئیسپانیش بکات، بە پێچەوانەوە نەمسا لەو کاتەدا هەڕەشەی هێزە عوسمانیەکانی لەسەر نەبوو، جەنگی دژ بە ئیسپانیا و ئیتالیا و زەویە نزمەکان و لەڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا لە هەمانکاتدا لە باکوریشەوە بەردەوام بوو.

لەسەرەتای جەنگەکەدا لویسی چواردەهەم و فیلیپی پێنجەم و سێ هاوپەیمان هەبوون پاشای پورتوگال و دۆقی ساڤوا و هەڵبژێردراوی باڤاریان، ئەمە دەرفەتی بە لویس بەخشی تا هێزێك بباتە سەر ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، هەردوو سوپا کۆبوونەوە، یەکەم لە ئیتاڵیا و دووەمیش لە فەڕەنسا لە باڤاریا و بەرەو ڤیەننا کشان تا مەرجەکانیان لەسەر ئیمپراتۆر دابنێن، بەڵام هاتنی زستان و پەشیمان بوونەوەی دۆقی ساڤوا و چوونی بۆ لای ئیمپڕاتۆر، شێوەی جەنگەکەی گۆڕی و هێزەکانی ناو باڤاریا نەیانتوانی هیچ بکەن.

ساڵی دواتر ١٧٠٤ز. سەرهەڵدانی دەوڵەتە کوتلە گەراکان بوو بە کۆکردنەوەی هێزەکانیان لە دۆڵی دانوب، لەوێدا سوپای نەمساوی هەبوو کە لە ئیتاڵیا وە لەگەڵ سوپایەکی ئینگلیزی هۆڵەندیدا لە زەویە نزمەکانەوە هاتبوون، فەڕەنسیەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەن بۆ ڕاین لە بەرەی ئەڵمانیاوە و ئەلب لەبەرەی ئیتاڵیاوە.



Scanned with CamScanner

قۆنـاغی هێرشـی فەرەنـسی پـاش نزیکـەی دوو سـاڵ بـەردەوام بـوون جەنگەکانیـشی لـە ئیـسپانیا و لـە زەویـە نزمـەکانی ئیـسپانی و لـە فلانـدەری فەرەنسیدا بەڕێوەچوون.

سـەبارەت بـە ئیـسپانیایش پاشـای پورتوگـال هاوپـەیمانی لەگـەڵ فەرەنسا بەجێهێشت و بوو بە هاوپەیمانی ئینگلتـەرا لـە سـاڵی ١٧٠٢ز.دا ئەمە دەرفەتی بە ئینگلتـەرا بەخـشی تـا هێزەکـانی لـەوێ دابمـەزێنێت و لەگـەڵ چـەند هێزێکـی نەمساویدا بەرەو مەدرید بکشێت، فیلیپی پێنجەمیش ناچار بوو لە ماوەی نێوان چەند هێزێکی نەمساویدا بەرەو مەدرید بکشێت، فیلیپی پێنجەمیش ناچار بوو لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٧٠٦ز تا ساڵی ١٧١٠ز، دووجار مەدرید بەجێبهێڵێت.

بەڵام هێـزە فەرەنسیە ئیسپانیەکان لـە کۆتـای سـاڵی ١٧١٠ز.د توانیـان هێـزە ئینگلیزیو نەمساویەکان لە جەنگی فیلافیکیوزا بشکێنن ئەمجارە فیلیپی پێنجەم لەسـەر جێنـوێنی نـاودارانی دەسـتەکانی دوژمنـدا بـەرگری لـە زەویـە نزمـە ئیسپانیەکان بکەن، پاشان دواتر لە ساڵی ١٧٠٦ز. بەدوا ناچار بوون چۆڵی بکەن و چەند هەوڵێکیان دا بۆ گێڕانەوە، بەڵام لە ساڵی ١٧٠٨ز.دا سەرکەوتوو نەبوون و زستانی قورسی ١٧٠٩ز. بە برسێتی فەرەنساوە هات.

بۆیە لویس لە دانوستانەکانی لاهای دا داوای ڕێککەوتنی کرد، بەڵام کوتلە گەراکان داوایان لێکرد تا دەستبەرداری مافی میراتگری کورسی دەسەڵاتی ئیسپانی و ئیلـزانس و هـەموو بەشـەکانی بـاکوور بێـت، مەرجـەکان سـتەمکارانە بـوون، فەرەنـسیەکانیش زیـاتر لـە دەوری پاشـاکەیاندا کۆبوونـەوەو بزووتنـەوەی خۆبەخشی چالاك بوو و بڕیاریاندا درێژە بە جەنگ بدەن.

فەرنسیە برسیەکان کشان و هێزەکیانیان چوونە ناو جەنگی (بلاکیە) بە بێ ئەوەی دوو ڕۆژنانیـان دەسـت بکـەوێت، ئەمـەش لـە یـانزەی سـێپتێمبەری سـاڵی ١٧٠٩ز.دا بوو توانیان سەر بکەون بەسەر هێزە ئینگلیزی و نەمساویەکاندان لویس ئەو دەرفەتـەی قۆسـتەوە و پێشنیاری ڕێککـەوتنی کـردەوە، بەڵام کوتلەگـەرانکان سـوکایەتیان بـە نوێنـەرەکانی کـرد و مـەرجیان دانـا تـا دەسـتبەرداری ئـەلزاس و

ڤلاندەر بێت، ئەویش ڕازی بوو دواتر مەرجیان دانا تا نەوەکەی لەسەر کورسی ئیسپانیا لا ببات، ئەوکات لویس ناڕازی بوو وە مادەم جەنگ مەرج بوو بۆیە بڕیاریدا لە جیاتی جەنگ لەگەڵ نەوەکەیدا لەگەڵ دوژمنەکانیندا بجەنگێت.

هێزە فەڕەنسیەکان دەبوو چالاکی شاڵاو بردن بوەستێنن و لەپێناو نیشتماندا بۆ بەرگری کردن لە ڤلاندەر بجەنگن، هێزەکانی ئیمپراتۆری نەمساوی توانیان هێڵی قایمکاری فەڕەنسیەکان لە باکور بپڕن بە جۆرێك ڕێگە لە بەردەمیاندا بەرەو پاریس کرایەوە، بەڵام مارشاڵ ڤیلار خێرا لە ڕۆژانی ۲۳ و ۲٤ی یۆلیۆی ساڵی ۱۷۱۲ز.دا بەرەو باکور کشا و توانی سوپای دوژمن لە بنکەی شمەکەکانیان جیا بکاتەوەو دواتر لە جەنگی مانگێك دانوستان لەسەرداوای ئینگلیز لە ئوخترخت بەڕێوە چوو.

ئینگلیز لە جەنگ بێزار ببون و لەدەست ئەو بڕەداهاتە زۆرەی کە لەسەریان بوو و دەوترێت گەیشتۆتە پەنجا ملیۆن جونەیهی ئەوکات سۆزیان بۆ خۆیان جوڵا نەبوونی زۆرێك لە هاوپەیمانیشیانی گرتبوویەوە، لە ئەنجومەنی گشتیدا زۆرینەی جەنگخوازان بوون بە ئاشتیخواز.

ئەرشیدۆق شارل لە ئەنجامی مردنی جۆزیفی یەکەی برایدا بوو بە ئیمپراتۆر بەناوی شارلی شەشەم، ئەو کاندیدکراوی کوتلە بوو بۆ کورسی دەسەڵاتی ئیسپانیا، ئەگەر ئینگلیزەکان ئامادەی ئەگەری یەکبوونی کورسی دەسەڵاتی ئیسپانیا و فەرەنسا بوون، ئەوا ئێستا لەبەردەم هێڵێکی ڕووندان کە خۆی دەنوێنێت لە یەکێتی کورسی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت و ئیسپانیادا، بۆیە بڕیاریاندا لە کوتلەکە بچنە دەرەوە.

پاش وتوێژەکانی لەندەن و دواتر دانوستانەکنی ئوترخت سەرکەوتنی فەڕەنسیەکان لە دینانن بەسەر هۆڵەندیەکان دا ڕوویدا و چالاکی دەرچوونی ئینگلتەرا لە کوتلەی دژ بە فەڕەنسا لە ساڵی ۱۷۱٤ز.دا ڕوویدا و ئیمپراتۆر بە تەنها مایەوە، بەڵام سەرکەوتنێکی نوێی هێزەکانی ڤیلار بەسەر ڕیندا شارلی شەشەمی ناچار کرد تا لە ساڵی ۱۷۱٤ز.دا لە (ڕاستاد) ڕێککەوتن ئیمزا بکات.



Scanned with CamScanner

پەیماننامەکانی ئوترخت و راستاد کێشەی میراتگری ئیسپانیان یەکلا کردەوەو فیلیپی پێنجەم دەستی گرت بە ئیسپانیا و داگیرگەکانیەوە و بەشێوەیەکی ڕەسمی دەستبەرداری هەموو مافێکی خۆی لە کورسی دەسەلاتی فەرەنسا بوو. فیلیپی پێنجەم بەو کۆتا خاڵە ڕازی نەبوو تا ئەوەی لویسی چوارەم فشاری توندی لەسەر دانا و هەڕەشەی وازلێهێنان و بەجێهێشتنی بە تەنهای لە ڕووی هاوپەیمانانەدا لێکرد. ئیمپراتۆر شارلی شەشەمیش زەویە نزمەکان و میلانۆ و سەردینیا و شانشینی ناپۆلی بەدەست خست.

دۆقی ساڤۆایش سقلیەی گرت و نازناوی شای مسقلیەی وەرگرتن ئینگلتەرایش لە ئیسپانیا چەند دەستکەوتێکی گرنگی بازرگانی لە داگیرگەکاندا بەدەست هێنا کە بریتی بوو لە قۆرخ کردنی بازرگانی کۆیلە، ماف هەبوو هەموو ساڵێك کەشتی بنێرێت بۆ بەندەرێك لە بەندەرەکانی داگیرگەکانی ئیسپانیا بۆ بازرگانی کردن، هەر وەك دوورگەی مینورقە و شاخی تاریق کیلیلی دەریای ناوەڕاستی بەدەست هێنا.

لە فەرەنسایش نیوفۆندلاند و هەرێمی دەوری دەروازەی ڕووباری سان لۆرانی پەیوەست بە کەنەدای بەدەستخست، پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەو پەیمانانە بە شێوەیەکی یەکجارەکی کێشەی میراتگری ئیسپانییان یەکلا نەکردەوە، بە تایبەت کە شارلی شەشەم و فیلیپی پێنجەمیش ئامادە نەبوون ڕێککەوتنەکە ئیمزا بکەن، ئیمپراتۆریش ئامادە نەبوو فیلیپ وەك پاشای ئیسپانیا سەیر بکات.

هەروەك فیلیپی پێنجەمیش ئامادە نەبوو دان بنێت بە لە دەستدانی زەویە نزمەکانی و ناوچەکانی ئیتالیادا، ئەمەش دواتر بوو بە بنەڕەتێك بۆ هەڵگیرساندنی چەند کێشەیەکی نوێ لە سەرەتای دەسەڵاتی لویسی پانزەهەمدا بە هەر حاڵ ئەو جەنگانە بەسەرکەوتنی دەریایی بوو بە دەسەڵاتداری ئەورپای رۆژئاوایی.

فەرەنسا لەگەڵ ئەوەی هەرچی ناوچەی پاراست کە لە سەردەمی لویسی چواردەیەمدا گرتبوونی، بەڵام بەهۆی لەدەستدانی سەرباز و داراییەوە شکستی خوارد و هێزەکەی بۆ ماوەی سیانزە ساڵ بە بێ هیچ بەرژەوەندی یان سودێك دابەش بوو، ئەگەر چی لە پێناو ئەوەدا بوو تا ببێت بە پاشای ئیسپانیا، لەگەڵ ئەمەشدا نەیتوانی سەلامەتی خاکی شانشینی ئیسپانی بپارێزێت، لەو کاتەی هەموان هەوڵیاندا خاکی خۆیان زیاد بکەن ئەو وەك خۆی مایەوە و کاری نەکردبۆ تەواو کردنی یەکێتی زەویەکانی و گەیاندنیان بە سنووره سروشتەیەکەی.



Scanned with CamScanner

# (ساڵ و ناو)

*١٦٠٣ز: بنەماڵەی ستیوارت گەیشتنە کورسی دەسەڵاتی ئینگلتەرا.

*١٦٠٩ز: کۆمەڵـەی پـیرۆز دانـرا و مەکسیمـسلیان دۆخـی باڤاریـای کـرد بـە سەرۆکی.

*١٦١٨ز: فردیناندی دووەم گەیشت بە کورسی دەسەڵات.

*١٦٢٠ز: شافردیناند لە جەنگی شاخی سپی لە براغ چیکەکانی شکاند.

*١٦٢٦ز: بەستنی ڕێککەوتنی لۆبیك.

*١٦٣٢ز: جەنگی لوتزی.

*هەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆیی یەکەم لە ئینگلتەرا.

*١٦٤٨ز: ئیمزاکردنی پەیماننامەی وستڤالیا.

*١٦٤٩ز: لە سێدارەدانی شارلی یەکەم.

*١٦٥١ز: سکۆتلەندا بە یەکگرتن لەگەڵ ئینگلەتەرا ڕازی بوو.

*١٦٥٩ز: ڕێککەوتنی برانس لە نێونان ئیسپانیا و فەرەنسادا.

*١٦٦٠ز: گەڕانەوەی بنەماڵەی ستورات بۆ دەسەڵات بۆ جاری دووەم.

*١٦٦٢ز:شارلی دووەم بەرانبەر بە پێنج ملیۆن جونەیە (دنکرك)ی بە پاشـای فەرنسا فرۆشت.

*١٦٨٨ز:جەنگی ناوخۆیی دووەم لە ئینگلتەرا هەڵگیرسا.

*١٦٩٢ز: جەنگێکی دەریایی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا لە دەریایی (مانش).

*١٦٩٧ز: ڕێککەوتنامەی (ریزویك).

*********************



Scanned with CamScanner

# بەشی چوارەم
# ئەوروپا لە سەدەی هەژدەهەمدا
# (١٧٠٠-١٨٠٠ز)

## باسی یەکەم:
## ڕێنیسانسی رووسیا و پروسیا

## باسی دووەم:
## دەسەڵاتداری بەریتانیا بەسەر دەریاکاندا

## باسی سێیەم:
## ژیان لە گوند و شارەکاندا

## باسی چوارەم:
## شۆڕشی فەرەنسا



Scanned with CamScanner

# باسی یەکەم
# ڕێنیسانسی روسیا و پرووسیا

پێویستە ئێستا چاو بگێڕین بە مێژوی دوو دەوڵەتی بەهێزدا کە پێشتر قسەمان لەسەر نەکردوون، ئەوانیش روسیا و پروسیا بوون، ئەو دوو دەوڵەتە لە دوو سەردەمی کۆتاییدا رۆڵێکی گرنگیان لە مێژووی رۆژئاوادا بینی، بەشدارییان کرد لە کارگێڕی سیاسەتی ئەوروپی و جیهانیشدا، پروسیا لەبەر ئەوەی بە هێرشی توندی و پاڵنانی توندی بۆ نێوەندی سیاسی ئەوروپی زۆربەی دەوڵەتە شارستانیەتەکانی جیهان و بەکگرتنی دژی لە جەنگێکدا کە رەگەزی مرۆیی شتیوای بەخۆیەوە نەدیبوو، (جەنگی گەورەی ساڵی ١٩١٤ز)روسیاش چونکە شۆرشی بەشەڤ کە دوای جەنگ یەکلابوویەوە جیهانی ڕاڕا کردبوو و هەرەشەی کودەتایەکی گەورەی نێو سیستمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکرد.

لە بەشەکانی پێشتردا باسی ئەو گەلە سلاڤیانە مان کرد کە روسیا و پۆڵەندی بوو هیمی سربەکان و چەندین گەلی دیکەی نیشتەجێی رۆژهەلاتی ئەوروپا سەر بەوێن، ئەو گەلانەش ئەگەر کۆببونایەتەوە گەورەترین گروپی نێو گەلانی ئەوروپاییان پێك دەهێنا، بەڵام مێژوویان بەرفراوان نەبوو تا درەنگانێك ئینجا چوویە نێو مێژووی گشتی جیهانەوە.

فراوانی بەشی ئەوروپیش تەنها لە شانشینی قەیسەری پێش جەنگ زۆر لە شانشینەکانیدەوڵەتانی دیکەی نێو کیشوەری ئەوروپی گەورەتر بوو، بەڵکو سێیەکی وڵاتەکەشی نەبوو، چونکە وێڕای روسیای ئەوروپی چەند زەویەکی بەرفراوانی لە باکوور و ناوەڕاستی ئاسیادا لەدەست دا بوو.

سلاڤەکان لە باشووری روسیا ماوەیەکی زۆر پێش سەردەمی مەسیحی سەقامگیر بوون، کاتێك هۆزە جەرمانیەکان لە سەدەی پێنجەمدا هێرشیان بردە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی سلاڤەکان وەك ئەوانیان کرد و دابەزینە نیمچە دورگەی بەلقان تا گەیشتنە کەناراوەکانی ئەدریاتیك.



Scanned with CamScanner

سربەکانی ئێستاش لە وەچەی ئەو هۆزە سلاڤیەداگیرکەرانە بوون چەند هۆزێکی دیکەش رێی خۆیان لە باکوور دۆزیەوە و چوونە ناو ئەڵمانیا، بەڵام سەرکردە جەرمانیەکان لە شار لەمانەوە توانیان بەشوێن خۆیاندا بیانگێڕنەوە و بەرەو دەرەوە پاڵیان پێوە بنێن.

بەوە لەسەر سنووری ئەڵمانیادا چەند شوێنەوارێکیان لێ بەجێ ماو لەوانەش بوهیمیەکان و مەرافیەکانی سەردەمی ئەمڕۆمان روسیا ماوەیەکی دوور و درێژ لە دەرەوەی سنووری شارستانی ئەورووپیدا مایەوە تا ئەوەی سەدەی شانزەهەم هات و کتوپڕ خۆی خستە ناوو ئەورووپا، سەرەدەکانی ناوەڕاستیش رۆژانێکی دابڕان لە رۆژئاوا و شارستانیەتی رۆژئاوابوون، چونکە سێ هۆکاری خاوەن کاریگەری گەورە لە ژیانیدا کاریان تێکرد:

١-لە سەدەی نۆیەمدا چەند هۆزێکی جەرمانی بە سەرکردایەتی زۆرێك هێرشیان بردە سەر و تیایدا چالاکیەکی سەربازی بووژایەوە.

٢-لە سەدەی دەیەمدا کاتێك دوای زۆرێك سنووری دەوڵەتەکە لە رووبارە دنیبرەوە لە شاری بیزەنتی نزیك بوویەوە، لەوێوە ئایینی مەسیحیەتی لەسەر مەزهەبی ئەرشەدۆکسی وەرگرت و بەکاریگەری موژدەبەر بیزەنتیەکان دەستبەرداری بتپەرستی یەکەمی خۆی بوو.

٣-لە سەدەی سیانزەهەمدا کاتێك دەیویست شارستانی بیزەنتی و ئایینی نوێ هەرس بکات، شەپۆلێکی هۆززە ئاسیاییە تەتەریەکان دایان بەسەریدا و بردیان پلەی کۆیلایەتیەوە، لەگەڵ ئەوەی تەتەرەکان روسیای ناچار کرد تا باج بدەن، بەڵام لە گرتنەبەری ئاین و یاساکانیاندا ئازادییان پێدان.

پاش ماوەیەك قەڵەمڕەوی مەغۆلەکان کەمی کرد و سەرکردەکانی مۆسکۆ لە دژیان هەستان تا ئەەی لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەمدا وەدەریان نان، لەنێو ئەوانەشدا ئیڤانی ترسێنەر ناسراوە کە شانشینی یەك خست و فراوانی کرد و تەتەرەکانی دەرکرد و نازناوی قەیسەری لە خۆی ناو کچێکی بنەماڵەی رۆمانۆڤ هێنا کە دواتر پاش بڕانەوەی وەچەی زۆرێك دەسەلاتیان کەوتە دەست.



Scanned with CamScanner

یەکەم قەیسەری بنەماڵەی نوێ میخائیل رۆمانۆڤ بوو، پاش هاتنی بنەماڵەی رۆمانۆف نزیکی نێو سەدەیان زیاتر لەو بنەماڵەیەدا کەسێك نەهات جێی باس بێت تا ئەوەی سەدەی شانزەهەم هات و (بوترسی گەورە) پیاوی سەرسوڕهێنەرەیەکان و پاڵەوانێکی مێژوو هاتە سەر کورسی دەسەلات.

پوترس یەکێك لەکەسایەتیە کار جیاواز و داخراوانە بوو کە جار جارێك وەك کوشندەی خراپەکار و جارجاریش وەك خۆسەپێنێکی ملەجێڕی خاوەن خواستی ئارەزووی جەستەیی و خۆبەزلزانی خۆی نیشان دەدا، جاریش هەبوو وەك خانەدانێك بوو و تیایدا هەموو سیفەتەکانی شەرەف و خانەدانی تیادا کۆدەبوویەوە.

ئەو بەبەری بوو، بەڵام هەڵکەوتەیەکی ململانێکاری شارستانیەت بوو، سیفەتە عەقڵیە باڵاکانی نەیانتوانی رۆژێك لە رۆژان بەسەر سروشتە دڕندەییەکەیدا زاڵبن، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ چەند کارێکی باش یان خراپیش هێز و وتوندی و رەقی بەکار دەهێنا.

جوانترین سیفەتی چالاکی گەورەی بوو کە لە بەهێزی وورە بەرزیدا کلپەی دەدا، لە تەمەنەی حەڤدەساڵیدا چوویە سەر دەسەلات، سەیری کرد روسیا لە رۆژئاوادا دواکەوتووە و سوپاکانی پێویستیەکی زۆریان بە یارمەتی و ئامادەسازی هەیە و حکومەتەکەی زۆر لە میرنشینێکی تەتەری زیاتر نییە و وڵاتەکەشی لە نەریتیدا ئاسیاییە و ناتوانێت بەرامبەر سوپای رێکخراوی رۆژئاوا بوەستێت، روسیاش هیچ دەروازەیەکی بۆ سەر دەریا نیە و ناتوانێت لە کاروباری جیهانیدا بەشداری بکات و بەو بارەوە دەمێنێتەوە، هەروەك سەیری کرد وڵات چەند دونێکی هەن کە دەبێت لەناو ببرێن، ئەوانیش خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی و سەربازە هەڵگەراوەکان بوون، بۆیەنەخشەیەکی بۆ دانا و سێ ئامانجی تیادا گرتەبەر:

١-رۆشنبیرکردنی روسیا بە رۆشنبیری ئەورووپی و بردنی بۆ بازنەی شارستانێتی رۆژئاوایی.



Scanned with CamScanner

٢-کردنەوەی ڕێگەیەك کە روسیا لێوەی بەرەو دەریای رەش و دەریای بەلتیق بچێت یان بوونی پەنجەرەیەك (وەك خۆی دەڵێت) تا لەوێوە رووسیا بڕوانێت بۆ دەرەوە.

تێکشکاندنی هەموو هێزێك کە لە وڵاتدا پێچەوانەی بێت، وەك پیاوانی ئایینی و خانەدانەکان و سوپا لە هەموو ئەمانەشدا سەرکەوتوو بوو.

پوترس بارگە و بنەی بەرەو ئەوروپا پێچایەوە و دەستەیەکی خوێندکارانی وەك خۆیشی لەگەڵدا بوو، لە کۆتاییەکەیدا ئەم دەستەواژەی کرد بە دروشمی خۆی (پێویستە فێر بم) ئیدی بە ئەڵمانیا وئینگلتەرا و هۆڵەندا دا بۆ هەرمووزانستێکی رۆژئاوا و رێگەکانی پیشەسازی کردنی دەگەڕا، ماوەیەك خۆی لە هۆڵەنا شاردەوە و لەشێوەی دارتاشێکی سادەدا خۆی نیشان دا تا فێری کەشتی سازی ببێت، هەروەها چەند وانەیەکی پزیشکی گوێی لێگرت و سەردانی کارگەی پەڕە و چایخانەکانی کرد، بەوە بوو بە چیرۆکی ئەو هەڵکەوتەیەی کە لە درێژیدا شەش پێ و نیوی وتەی نێو کۆڕەکان و جێی گاڵتەجاڕی بوو، بەڵام گوێی لەوە نەبوو چونکە بە پێناوێکی دەزانی بۆ هەستانەوەی گەلە دواکەوتوەکەی، کاتێکیش گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی ژمارەکیەك خاوەن پیشە و پیاوی زانا و وەستا و کەشتیوان و راهێنەری سەربازی لەگەڵ خۆیدا هێنا تا لەسەرخستنەوەی روسیادا یارمەتی بدەن.

لەگەڵ ئەوەی گەشتە ڕووسیا هەواڵی شۆڕشی سەربازانی بیستن بۆیە پاش چەند رۆژێکی کەم لەم وڵاتەکەیدا هەڵگەڕاوەکان یەك یەك سەردەبڕان و ئەویش لەسەر کورسیەك دانیشتبوو و سەرەکەیان دەهێنرانە بەردەمی تا ژمارەیان لە هەزار یان زیاتر تێپەڕین، پاشان سوپای کۆنی هەڵوەشاندەوە و شێوەی ئەوروپی لە شوێنیدا دانا، بەمە لە ماوەیەکی کەمدا بەوپەڕی رێك وپێکیەوە کاری بەڕێوە دەبرد، هەروەك گورزێکی توندی لە خانەدانەکان وەشاند.

ئەویش بەوەی بە هیچ شێوەیەك بانگی نەدەکردن بۆ کۆبوونەوە چونکە ئەوانە و سوپا توندرین رەگەزی دواکەوتووی وڵاتەکەی بوو، پاش ئەوەی نێو چاوی بەرهەڵستکارانی خستە ناو خاکەوە و کەوتە چاکسازی و فرمانی کرد ریشەکان بتاشن و خۆیشی چەندجار بەچەکداری وەك سەرتاشێك ئەو کارەی دەکرد.



Scanned with CamScanner

ئەو ئافرەتانەشی کە بالاپۆش بوون و لە چینە بالاکان بوون و لەماڵ نەدەهاتنە دەرەوە، ناچاریکردن بە پۆشاکی نامۆوە بێنە دەرەوە و لەگەڵ پیاواندا لە ئاهەنگەکاندا تێکەڵ و بەشدار بن، فرمانی کرد تا پۆشاکی کچەکان کورت بکەمەوە.

داناییشی لەسەر بنەمای رۆژئاوایی دانا و کارگەی دامەزراند و چەندین پرۆژەی بیناسازی گرتەبەر و سوپای رێکخست، لەبەر ئەوەی پێویستی بە کانزا بوو بۆ دروستکردنی تۆپەکانی بۆیە فرمانی کرد تا زەنگی کڵێساکان بشکێنن و بیانکەن بە نویێ، هەروەك پاش مردنی بەتریك سەرۆکی ئاینی راگەیاند تا دەمی پیاوانی ئایینی دابخات و لەناویان ببات.

مێژووی روسیا پەیوەندیەکی زۆری هەیە بە جوگرافایاکەیەوە، رۆژێك کە (دنیر) پایتەختیان بوو، رووسەکان لە بیزەنتوە شارستانیەتی خۆیان وەردەگرت، کاتێك (فەلکا) بوو بە پایتەختیان کەوتنە ژێر کاریگەری پێناوە رۆژهەلاتیەکان، کاتێکیش بوترس هات ویستی پایتەختێکی نوێ بۆ روسیای نوێ دابنێت لە جیاتی مۆسکۆ، ئیدی (بوترسبۆرگ) لەسەر بەلتیق بە رووی رۆژئاوادا شارستانی خۆی وەردەگرت.

چیرۆکی بنیادتنانی ئەو شارە جوانترین نمونەی گێرانەوە مێژووییە لەسەر لێهاتوویی و توانای بوترس، پاش بنیاتنانی پڕی کرد لە رووس و بێگانەکان و بەوە روسیا ملکەچی خواستی پاشاکەی بوو و بەرەو ئەورووپا پێشڕەوی دەکرد.

قسەمان لەسەر دوو خاڵی سیاسەتی پوترس کرد، ئەوانیش رۆشنبیر کردنی روسیا و لەناوبردنی رەگەزە هەڵگەڕاوەکانی ناو وڵات، بینیمان چۆن لە هەردوکیاندا سەرکەوتوو بوو با ئێستا لا بکەینەوە بۆ خاڵچی سێیەم کە ئەویش سیاسەتی دەرەکی پوترس لەخۆ دەگرێت.

وتمان مەبەستی گەورەی پوترس گەیشتن بوو بە ئاوەگەرمەکان بۆ ئەمەش دەبوو دەیت بگرێت بەسەر ئەو زەویانەدا کە بەربەستی نێوان سنووری رووسی و بەلتیق بوون، پاش چەندین جەنگ توانی سوید ناچار بکات تا دەستبەرداری لیڤۆنیا و ئەستوانیا و خاکێکی دیکەی سویدی ببێت.

پاش مردنی پوترس نەوەیەك چوون و باری رووسیا تیایدا خراپ بوو لەبەر ئەوەی کەوتنە دەست کەسانی لاواز، شارستانێتی رۆژئاوا لە هاتنی کترینی دووەمەوە (۱۷٦۲ز) حسابیان بۆ دەوڵەتی بەرفراوانی سلاڤی دەکرد لەو رکە بەرە گەورەی نیشانی دەدا، هەروەك بە دەوڵەتێکی نوێی دیکەیان دەزانی کە لە هەمان کاتدا لە کاتی ئەنجامدانی رۆڵیان لەسەر شانی سیاسەت دامەزرا، ئەو دەوڵەتەش پروسیا بوو کە کاتی ئەوەی هاتووە لایەکی بەلادا بکەینەوە.

پروسیا دەوڵەتێکی ئەڵمانی نیە کەلەسەردەمی دواتر لە بنەڕەتەوە وەچەیەك سەری هەڵدا کە هیچ گرنگیەکی نیە، پاشان گەورە بوو تا شانشینێکی زۆر گەورەی سەردەمی دروست کرد و یەك لە سێی ئەڵمانیای دەگرتەوە، چیرۆکی ئەوەش بە کورتی ئەمەیە: لەسەرەتاکانی سەدەی پانزەهەمدا ئیمپراتۆر پارچە زەویەکی بەناوی هەڵچبژاردنی (برند نبرك) فرۆشت کە نزیکەی سەد میل بەرەو رۆژهەلات و سەد میل بەرەو رۆژئاوای شاری بەرلینی بچوك درێژ دەبوویەوە.

ئەم زەویەی بە بنەماڵەی (هنزلرك)ی خانەدانی باشووری ئەڵمانیا فرۆشت، پاشان سەرکردەکانی ئەو بنەماڵەیە بەرەبەرە زەوی خۆیان فراوان کرد تا ئەوەی جەنگی سی ساڵ هات و دەستیان گەیشتە هەرێمی پروسیا لەسەر بەلتیق لە رۆژهەلاتی زەویەکانی خۆیانەوە بە بانگەشەی میراتگریەوە دەستیانگرت بەسەریدا، کاتێك ساڵی ۱۷۰۰ز. هات هەڵبژێردراوی برندنبرك توانی ئیمپراتۆر رازی بکات تا نازناوی (پروسیا) ی پێبدات.

بەو جۆرە لە رۆژئاوادا شایەکی نوێ هاتە دنیا و خێرا ناوبانگی پەیدا کرد و ناوچەیەکی لەدەستدا بوو کە هوهنزلرنی کۆنی هەرێمی پروسیای لەگەڵ ئەو ناوچانەی دیکەدا لەدەستدا بوو کە رۆژانە بۆی زیاد دەبوو.

دووەم پاشای شانشینی نوێ فردریك ولیامی یەکەم بوو کە کەسێکی کردار نامۆ و خوازیاری ژیانی توندی سەربازی وسیستمی توند و تۆڵ بوو، ژیانی خۆیشی بۆ دوو مەبەست تەرخان کرد، یەکەمیان دروستکردنی سوپایەکی بەهێز بوو، بۆیە سوپایەکی نزیك بە ژمارەی سوپای فەرەنسا و نەمسای کۆکردەوە،



Scanned with CamScanner

دووەمیشیان ڕێکخستنی کارگێڕی وڵات بوو، بۆیە پروسییای بچوکی بردە بەرزترین پلەی بەهێزی و تەواوی لەنێو شانشینانی ڕۆژئاوادا.

ئەم پاشاە ببوە جێی پێکەنینی ڕۆژئاوا لە ڕۆژانی خۆیدا، چونکە حەزی سەرسوڕهێنەری هەبوو، ئەو بەهێز بوو و هەموو شتێکی بەهێزیش خۆش دەویست، حەزی دەکرد کارگێڕیەکی بەهێز و سوپایەکی بەهێز و گەلێکی بەهێز بێنێتە ایە، قورسترین جۆری جگەرەی دەکێشا، توندرین جۆری یاری دەکرد، حەزی لە تەمبەڵی و زیادەڕەوی نەبوو، ئەگەر دەوڵەمەندێکی لەناو گەلەکەیدا بەدی بکردایە بۆ ڕۆژی دووەم ناچاری دەکرد تا کۆشکێکی گەورە بکاتەوە و شاری پێ برازێنێەوە.

وەسیەتی بۆ سەربازەکانی کرد تا هەر کەسێك لە شەقامەکاندا بە بێ کار سوڕایەوە بیگرن و بەزۆر بیبەتە ناو سوپاوە، ناوبانگی بە زۆری دەرکردبوو بۆیە سوپایەکی پاسەوسانی بۆ خۆی دروست کرد و لە هەموو بەشەکانی جیهانەوە کۆی کردنەوە و لە پێناو هێنانیاندا زیاترین نرخی انا هەرچەندە لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا زۆر کەمتەرخەمی دەنواند، کاتێك هۆڵەندا داوای لێکرد مامۆستایەکی بۆ بنێرێت تا لە زانکۆیەکدا وانە بڵێتەوە وتی (هیچ پیاوێکی باڵابەرز و هیچ مامۆستایەك نابێنیت) واتە تا پیاوی باڵا بەرزم بۆ نەنێریت مامۆستات بۆ نانێرم).

بارەکەی گەیشتە ئەوەی فردریکی گەورەی کوڕی خۆی بەند بکات و هەرەشەی لەسێدارەدانی لێبکات لەبەر ئارەزوومەندی بۆ خوێندنەوەو مۆسیقا و ڕقبوونی لە دیدی سەربازی باوکی، ئازادیشی نەکرد تا بەڵێنی لێوەرگرت لەسەر کاروباری سەربازی و کارگێڕی مەشقی پێبکات، بۆیە باوکیش هەمان گیانی وەرگرت کاتێك باوکی مرد کوڕەکەی چالاکی و ئەرکی بەرهەمهێنی خەزێن پڕەکانی گرتە ئەستۆ چونکە باوکی گوێی پێ نەدەدا، سەرکردایەتی سوپا زۆرەکەیشی کرد و بەدوایدا بە بەکرێزی کەوتنە ڕشی تا بکەونە گرتن و پێشڕەوی.



Scanned with CamScanner

پاشای گەنج سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد و سەیری کرد ژنێك لەسەر کورسیەکی بالادانیشتووە و فەمرانڕەوایی ناوچەیەکی فراوان دەکات، ئەو ژنەش ماریاترازیای شاژنی نەمسا بو کە دوای مردنی ئیمپراتۆر شارلی شەشەمی باوکی و کۆتا فەرمانڕەوا نێری بنەماڵەی هۆبسبۆرگ هاتە سەر کورسی دەیەلات، شارل هەوڵیدا تا دەوڵەتانی ئەورووپای رازی کرد تا ماریای کچی ببێتە جێگرەوەی لە کورسی دەسەلاتی ولاتیدا.

بەلام چاوەکانی دانەخست تا دراوسێکانی کەوتنە پیلان دانان بۆ دابەشکردنی خاکەکەی، یەکەمین و ترسناکترینیشیان پاشای نوێی پروسیا بوو، بۆیە دۆستایەتی و هۆگریەکی زۆری بۆ ماریا نیشان دا، دواتر وای بەسەر سیلیسیا دا بە بێ ئەوەی جەنگ رابگەیەنێت یان پۆزشێکی ڕون بخاتە ڕوو، ئەو هەرێمە دەکەوتە باشووری رۆژهەلاتی برندنبرك و نزیکەی سێیەکی رووبەری ولاتەکەی فریدریك دەبوو.

فەرەنسا ئەمەی بینی و چاوچنۆکی خۆی نیشاندا لەگەڵ باڤاریا یەکی گرت و دواتر هێرشی بردە سەر ماریاتریزا، ئیدی دێوەزمەی بێهیوایی روویکردە ماریا کە خەریك بوو شانشینەکەی لەناو دەچوو، بەلام دلێری و چالاکی خێرای ماریا دڵسۆزی گەلی لێکەوتەوە و گەل کەوتنە سەربڕینی ئەو دێوە زمەیە و سوپای فەرەنسییان گەڕاندەوە، بەلام کاریا دەستبەرداری سیلیسیا بوو بۆ فردریك تا رازی بکات لە جەنگ بکشێتەوە، پاشان بەختی کرایەوە و ئینگلتەرا و هۆڵەندا لە ترسی دەستگرتنی فەرەنسا بەسەر زەویە نزمە نەمساویەکان و تێکچوونی هاوسەنگی نێو دەوڵەتیدا یارمەتی نەمسایان دا، پاش چەند سالێکی کەم هەموو دەوڵەتان لە جەنگ لێزار بو ماندوو بوون (جەنگی میراتگری ئیسپانی) بۆیە رێککەوتن تا بە پێی رێککەوتنی (ئەکس لاشایل) چەکەکانیان دابنێن کورتەی رێککەوتنەکەش ئەوە بوو سیلیسیا بۆ فردریك بێت و ئەوانی دیکەش وەك جارانی خۆیان بمێننەوە.

ماریا هەموو هیوایەکی گێرانەوەی سیلیسا لەدەست نەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەوتە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەك کە بتوانێت بەهۆیەوە ئەو

ناوچە داگیرکراوەی بگێڕێتەوە، ئەمە بوویە هۆی جەنگێك لە گرنگترین جەنگەکانی نێو مێژووی نوێی ئەوروپا و تیایدا هەموو وڵەتان بەشداریان کرد و ئاگرەکەی چوویە دەرەوەی ئەوروپا و هەموو جیهانیشی گرتەوە لە هیندەوە بۆ داگیرگەکانی فرجینیا و نیوئینگلاند.

نوێنەری نەمسا لە پاریس توانی کۆشکی فەرەنسی رازی بکات تا دژ بە پروسیا بداتە پاڵ نەمسا هەرچەندە دوژمنایەتی میریاتگری لە نێوان فەرنسا و نەمسا دا بۆ ماوەی دوو سەدە هەبوو بەو بانگەشەیەی لەمەوبەدوا دوژمنی نەمسا پروسیایە نەوەك فەرەنسا هەروەها روسیا و سوید و سەکسۆنیا رێککەوتن لەسەر بردنی هێرشێکی یەکگرتوو دژ بە پروسیا بەمە سوپاکان لە هەموو لاوە پێشرەوەکان کرد و فردریك و وڵاتەکەی کەوتە بەر هەرەشەی لەناوچوونی تەواو و پەت لە ملی توند کرایەوە، بەڵام فردریك لەگەڵ ئینگلتەرا یەکی گرتز

ئەوکات ئینگلتەرا لەسەر داگیرگەکانی ئەو کات لەگەڵ فەرەنسا دا لە جەنگدا بوون بەو جۆرە دووبەرە پێکهاتن فەرەنسا و نەمسا لە لایەك و ئینگلتەرا و پروسیا لە لایەکی ترەوە، فەرنسایش لەسەر دەسەلاتداری دەریاکان لەگەڵ ئینگلتەرا دا لە ململانێ و رکەبەریدا بوو، نەمسایش لەسەر دەسەلاتداری ئەڵمانیا لەگەڵ پروسیا دا لە ململانێدا بوو.

لێرەدا لێهاتوویەکی جەنگی فردریك دەرکەوت، چونکە وەك هەورە پروسکە لە سنورێکەوە بۆ سنوری ئەوبەری وڵاتە فراوانەکەی دەچوو، بۆیە نازناوی (گەورە)ی وەرگرت و توانایەی وای نیشاندا کە لە توانای سەرکردە سەربازیەکانی مێژوو کەمتر نەبوو، بەڵکو زۆری دوژمن یان زیان و شکستی چەند جەنگێك نەیدەترساند بەڵکو توانی لە بەناوبانگترین جەنگەکاندا بەناوی خۆیەوە ناونرا لە ساڵی ١٧٥٧ز لە جەنگی (روزباخ) سوپاکانی فەرەنسی و ئەڵمانیەکان تێکبشکێنێت.

دوای مانگێك سوپای نەمساوی تێکشکاند و ئەو پارەی لە لایەن ئینگلتەراوە وەریگرتبوو یارمەتی دا بۆ جەنگەکە، هەر وەك بەختی مردنی ئیلیزابێتی



Scanned with CamScanner

قەیسەری رۆم و دۆستی ماریاتریزا و هاتنی قەیسەرێکی نوێ کە راستەوخۆ لەگەڵ فردریکدا هاوپەیمانی ببەستێت یاریدەدەری بوو، فەرنسایش دوای رێککەوتنێکی نێوان ئەو دوانە و ئینگلتەرا پاشەکشەی کرد، بەمجۆرە نەمسا بە تەنها مایەوە. ئاسایی بوو ئەویش بە تەنها چاری دەوڵەتێك نەکات کە نیوەی ئەوروپا نەیانتوانی لە ناوی ببەن، بۆیە خۆی دا بەدەست واقیعەوە و بۆ جاری سێیەم و کۆتایی سیلیسیای دایەوە دەست.

فردریك دوای ئەوە بیست و سێ ساڵ لە ئاشتیەکی بەردەوامدا ژیاوە نیشانیدا کە چاکسازی و چالاکیەکانی بۆ توانای بنیادنانەوە لە توانای نەخشەسازی سەربازی کوستنی هەزاران کەس کەمتر نیە، دەکرێت کارەکانی لە سێ خاڵدا پوخت بکەینەوە کە بریتین لە:

١-حەزی تەواوی بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی پەروەردە و فێرکردن کە لە سەردەمی ئەودا چالاك بوو ئەو بزووتنەوەیە چوویە نێوەندی رێکخستن و نەریتە میرات گیراوەکانەوە وای لێکردن بۆ ژیانی نوێ زانستی بشێن.

٢-هەوڵی چڕ و پڕ بۆ پێشخستنی ئابووری وڵاتەکەی بە دانانی روباری بچوك و دامەزراندنی کارگە بە تایبەت کاریگەری چنینی خوری و چاککردنی ئەو زەویانەی بۆ کشتوکاڵ نەدەشان پڕکردنەوەی بەش و پارچەکان بە دانیشتوان.

٣-سۆزداری بۆ هاولاتیان و نواندنی نەرمی و دادپەروەری لەگەڵیان و سەرخستنی رای ئازاد لەگەڵ دەستگرتنی دەسەلات و تاکەکەسی واتە نیشاندانی روخساری ستەمکارە چەپکارە کە لەو کاتەدا لە ئەوروپا زۆر بوون فریدریك لە بانگ کردنی پیاوانی ئەدەب و زانست لە هەموو بەشەکانی ئەوروپا و بە تایبەت بە تایبەت لە فەرەنساوە بۆ کۆشکەکەی هەواداری خۆی بۆ رۆشنبیری نوێ نیشان دا، لەناو ئەوانەدا ڤۆڵتێری گەورەی ئەدیبانی سەردەمی خۆی بوو کە وەك مامۆستا و هاورێیەك بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵیدا ژیا، فریدریك هەوڵی دا شاعیر و مێژوو نووس بێت، بۆیە چەند قەسیدەیەکی بە زمانی فەرەنسی دانا.



Scanned with CamScanner

# دابەشکردنی پۆڵەندا

فریدریك تەنها بەسەر کەوتنی بەسەر نەمسادا چونکە بەشەکانی ناوەراستی شانشینەکەی _برندنیرم و سیلیسیا و بۆمیرانیا) تەواو لە پروسیای رۆژهەڵاتی جیابوون، چونکە پروسیای رۆژئاوای لە نێوان هەردوولادا بۆ پۆڵەندا گەرابوویەوە، شانشینەکەی بۆ دوو بەش دابەش بوو، کە هیچ پەیوەیدیەك لە نێوانیاندا نەبوو، لە رۆژهەلاتدا رۆسیای رۆژهەلاتی و لە رۆژئاواش بومیرانیای و براندنبرگ لە ناوەراستی زەوی بەرفراوانی پۆڵەندا بوو.

فریدریك نەیتوانی لەوبارەدا بێت بە تایبەت دوای ئەوەی لاوازی و دووبەرەکی پۆڵەندای دی، پۆڵ'ندا لەو کاتەدا فراوانترین ناچوەی ئەوروپا بوو جگە لە رووسیا، ئەو لە چەند دەشتێکی فراوانی بێسنووری سروشتیدا روبەرێکی دو رو درێژی گرتبوویەوە، دانیشتوانەکەکانیشی فرە رەگەز و فرە زمان و فرە ئایین بوون، سەرەرای پۆڵەندیەکان لە شارەکانی پروسیا جەرمانەکان و لتوانیا روسیەکا هەبوون، جگە لەوەی جولەکە بەشێکی گەورەی دانیشتوان بوون و شارەکانیان داگرتبوو و نیوەی دانیشتوان لەوان بوون.

پۆڵەندیەکان زۆربەی کات کاسۆلیکی بوون، جەرمانەکانیش سەر بە مەزهەبی پرتستانتی بوون روسەکانیش کلێساس ئیغریقییان وەردرتبوو، ئەم جیاوازیە ئایینی و رەگەزیە چەند کێشەیەکی بێ سنووری بۆ پۆڵەندا نابوویەوە و وڵات بۆ چەند لق و دەستەیەك دابەش بوبوو و بەرەو کەرگی دەبردی، ئەمەش راڤەی نهێنی سەختیەکانی دوای گەورمان بۆ دەکات کاتێك هەولڵا بەدیهێنانیی کۆمارێکی سەربەخۆی پۆڵەندی دەست پێکرد.

کاتێك سەیری حکومەتی پۆڵەندی دەکەین، خراپترین حکومەتێك کە عەقڵ بیری لێ بکاتەوە دێتە پێش چاومان، لەو وڵاتەدا شنشینیەکی بەهێزی وەك ئەوەی دراوسێکانی نەبوون، بەڵکو دەوڵەت بەردەوامە لە بارێکی پێشووی دەرەبەگایەتیدا بوو لە سایەی هەوڵی ئەو خانەدانانەی کە دەسەلاتی شایان سنوردار کردبوو، تا



Scanned with CamScanner

ئەوەی نەیدەتوانی وڵات ئارامش پێبدات یان لە هێرشە دەرەکییەکان بپارێزێت لە پۆڵەندا شانشینی میراتگری نەبوو بەڵکو وا باو خانەدانەکان لەکاتی مردنی شادا کۆ دەبوونەوە تا شایەکی نوێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن، هەڵبژاردنیش هەمیشە هۆکاری پشێوی و ئاژاوە بوو. دەوڵەتە بیانیەکان ئەوەیان بە چاکترین پێناو دەزانی تا دەست وەربدەنە ناو کاروباری ئەو دەوڵەتە بەرفراوانە بەوەیان لە رێگەی هێزەوە یان بە بەرتیل دەستیان وەردەدایە کاروبارەکان تا کەسێك هەڵبژێرن کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکاندا بگونجێت.

ژمارەی خانەدانەکانی پۆڵەندا زۆر زۆر بوو تا گومان دەبرێت ملیۆن نوێنێك بن. بەڵام زۆربەیان ماڵ و زەیەکی کەمیان هەبوو لەوێ چینی مامناوەند تەنها لە چەند شارێکی ئەڵمانیدا هەبوو، جوتیار بە سەختی و بێ هیوایی هەموو شاتەکانی ژیانی دەبرد سەر و لە قوڵایی کۆیلایەتیدا بوو گەورەکەی مافی لەسەری هەبو بیکوژێ یان بیهێڵێتەوە.

هیچ پێویست بە دووربینی ناکات تا مرۆڤ سەیری مەترسی ساڵی ١٧٧٠ز. بکات، کە تووشی ئەو شانشینە بوو پاشایەکی لاواز گەلێکی هەژار و پەرش و بڵاو دراوسێی بەهێزی پڕ چڵ وچنۆکی و بەدوای نێچیری خۆیان دا دەگەڕان و نێچیریش لە پاڵیاندا بو بۆیە جێی سەرسورمانن نیە ئەگەر سوپای روسیا و پروسیا و نەمسا هەستن و لە هەموو لاوە بدەن بەسەر ئەو وڵاتەدا.

لەو ماوە کورتەدا تا تشرینی دووەم فەرمانڕەوایی روسیای دەکرد و سەلماندی کە لێهاتووترینی شاژنی نێو مێژووە، لەگەڵ فریدریکدا رێککەوت تا هیچ دەرفەتێکی چاکسازی لە پۆڵەندا نەهێڵنەوە و هانی دووبەرەکی ناو وڵات بنێن.

هەرکە ساڵی ١٧٧٢ز. هات سەرکردەکانی روسیا و پروسیا و نەمسا رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی ئەو شانشینە لە نێوان خۆیاندا، پشکی نەمسا هەرێمێك بوو کە سێ ملیۆن پۆڵەندی و روسی تێدا نیشتەجێ بوون، بەمە دوو رەگەزی نوێ و وو زمانی نوێ هاتنە نێو کۆمەڵەی رەگەز و زمانە جیاوازەکانی ئەوێ، پروسیاش پارچەیەکی قەبارە بچکوتر و گرنگی زیاتری دەست کەوت کە



Scanned with CamScanner

پروسیای رۆژئاوای بوو و زەویەکەی لە دوو بەشی جیا پێك دەهات، دانیشتوانی پروسیای رۆژئاوایی لە رەگەزی ئەڵمانی و مەزهەبی قرۆتستانتی بوون، روسیاش بەشی رۆژهەلاتی پەیوەست بە رووسی بەدەستخست.

دەوڵەتی روسی و پروسی ماوەی بیست ساڵ یاریان بە تواناکانی پۆڵەندا دەکرد و بارگرژی و پشێویان تێدا دەنایەوە، پاشان راینگەیاند لەبەر مەترسی لەسەر خۆیان ناتوانن ئەو بارگرژیەی ناو وڵاتی دراوسێیان لەئەستۆ بگرن، بۆیە بڕیاریاندا بۆ جاری دووەم دایببڕن، پروسیا بەشێگی گەورەی پۆڵ'ندای بڕی و یەك ملیۆن و نیو پۆڵەندی بۆ هاوڵاتیانی زیاد کرد، هەروەك شارەکانی (ڤۆری — دانزك — بوزی)ی بەدەستخست و روسیاش سێوملیۆن رووسی بەدەست خست.

پاش دوو ساڵ لەوە پاشای پۆڵەندی بە ناچاری لە کورسی دەسەلات دابەزێنرا و بەشە پەرش و بڵاوەکانی دیکەش لە نێوان پروسیا و روسیا و نەمسادا پاش مشتومڕکی سەخت دابەش کران، لەو دابەشکاریە سیانیەدا تا رۆژانی جەنگی گەورە پۆڵەندای لە نەخشەی ئەروپادا سڕیەوە هێندەی ئەوەی نەمسا و پروسیا چەندیان بەدەستهێنا بوو روسیا بە تەنها ئەوەندەی بۆ خۆی برد.

لە کاتێکدا بنەماڵەی (هوهنزلون) لە روسیا لە بەرلینی پایتەختیانەوە دەسەلاتیان بەرەو بەشەکانی ئەڵمانیای باشوور درێژ دەکردەوە، بنەماڵەی هۆسبۆرگ لە باشوری رۆژهەلاتی ئەڵمانیا بە داگیر کردن یان بە میراتی چەند گەل و رەگەزێکی جیاجیاکان کۆکردنەوە تا لە ڤیەننای پایتەختیانەوە فەرمانڕەواییان بکەن.

زۆربەی ئەو گەلانەی لەدەستیاندا مانەوە تا بینای ئەو ئیمپراتۆریەتە لە ساڵی ۱۹۱۸ز.دا رما، شارلی پێنجەم موڵکی هۆبسبرگی لە ئەڵمانیا و نەمسا بە فردیناندی برای بەخشی و ماڵ و موڵکی ئیسپانیا و بەرگەندیا و ئیتالیای بۆ خۆی هێشتەوە، فردیناندیش هاوسەرگیری لەگەڵ میراتگری شانشینی بوهیمیا و هەنگاریا کرد بەوەش ناوچەیەکی دیکەی بۆ دەسەلاتی خۆی زیاد کرد، بەڵام لەو رۆژانەدا هەنگاریا شکستی خوارد چونکە تورکە موسڵمانە فەتحخوازەکان ئەوێیان داگیر کرد و ماوەی دوو ساڵ هەرەشەیان لە ئەوروپا ی ناوەڕاست دەکرد.



Scanned with CamScanner

لە ساڵی ١٣٢٦ز. عوسمانی سەرکردەی هۆزێکی تورکەکان لە ئاسیای بچوك شانشینێکی دامەزراند کە دواتر بە ناوی ئەوەوە ناونرا، لە ساڵی ١٣٥٣ز.دا ئەو وڵاتە فراوان بوو تا لە رەوئوپا جێی خۆی داکوتا، دواتر دەستی گرت بەسەر زەویەکانی قوستەنتینیەدا تا ئەوەی سەد ساڵی نەخایاند کە لە ژێر پێی ئەسپەکانی موحەمەدی فاتیح و سەربازەکانیدا لە ساڵی ١٤٥٣ز. پایتەختی بیزەنتیەکان کەوت.

هاتنی خێرای تورکەکان شانشینەکانی ئەورووپای ترساند و هەموو کەوتنە پاراستنی سەربەخۆییان و بەرگری کردن لە خۆیان، چیدی پێویست بوو بەرگری لە بوندوقیە و لە بنەماڵەی هۆبسبۆرگ بە پلەی یەکەم ئەنجام بدرێت، ماوەی دوو سەدەی تەواو جەنگ بەردەوام بوو و سوپای ئیسلام پێشڕەوی دەکرد تا گەیشتنە ڤیەتتا و گەمارۆی دا، ئەمەش لە چارەکی کۆتای سەدەی حەڤدەهەم دا بوو، خەریك بوو بگیرێت، بەڵام یارمەتی پاشای پۆڵەندا نەیهێشت.

لە شکستی گەمارۆی ڤیەنناوە قەڵەمڕەوی عوسمانیەکان لە ئەوروپا بەخێرایی کەمی دەکرد و نەمسا و هەنگاریا و ترانسلڤانیای لێسنەدرایەوە و لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا دان بە خاوندارێتی ئەو زەویانەدا نرا.

فردریکی گەورە بە داگیرکردنی سیلیسیا لە ماریاتریزا گورزێکی توندی ئاراستەی ماریا کرد، چونکە ئەو هەرێمە بە زمانی ئەڵمانی قسەی دەکرد و لە دەستچوونیشی بۆ بنەماڵەی هۆبسبۆرگ واتای کەمکردنەوەی قەڵەمڕەویانە لە ناوخۆی خودی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیادا، ئەو کەمکردنەی کە نەمسا نەیتوانی بەوزەویە فراوانانەی لە دابەشکردنی پۆڵەندادا بەدەستیهێنا بوون و زۆر لە رووبەری سیلیسیا زیاتر بوون قەرەبووی بکاتەوە، چونکە دانیشتوانی ئەو زەویانە لە رەگەزی پۆڵەندی بوون، بۆیە بە هاتنە ناوەوەیان بۆ ناو ئیمپراتۆریەتی هۆبسبۆرگ کێشیەکەی نوێیان بۆ ئەو کێشە رەگەزیانە زیاد کرد کە وڵات بەدەستیانەوە دەیناڵان.



Scanned with CamScanner

سەرەرای رەگەزی هەنگاری یان مەجەری لەگەڵ چەند رەگەزێکی دیکە لە هەنگاریا و کرواتی و سلۆڤێتی لە باشوور و ئیتالی لە میلان و توسکانی و فلنکی و واوانی لە زەویە نزمەکاندا.

بەهاتنی رەگەزی پۆڵ ندیش چەند رەنگێکی دیکە بۆ ئەو بەرگە زیادیان کرد، جگە لە زیادبوونی بۆ کارگێری کۆمەڵەی ئەو گەلە جیاوازانە لە بواری رۆشنبیری و ئاینی و نەریت و زمان و شێوە و داخرانیانەوە.

بۆیە ئەو گرفتەی بەرەو رووی ماریاتریزا و جۆزیفی کوڕێ بوویەوە زۆر لەو کێشانە گەورەتر بوو کە بەرەو رووی پاشایانی ئینگلیز یان فەرنسیەکان بوویەوە، چونکە ئەوانە لە فەرمانڕەوایی گەلانێکی خاوەن یەك رۆشنبیری و هەستێکی گشتی بەرژەوەندی نەتەوەییان دەکرد، بەڵام لێرەدا نەدەکرا هەستی نێوان پۆڵەندی و ئیتالی و مەجەری و ئەڵمانەکان یەك بخرێ، لە جیاتی ئەو رەگەزانە لە یەك دەوڵەتدا یەك بگرن.

کەواتە پێکدادان و رکەبەری نێوان خۆیان و شۆڕشی دژ بە حکومەتی مەرکەزی لە ڤیەننا کاتێك بنەماڵەی هۆبسبۆرگ لە جەنگی گەورەدا پێکیاندا دا شانشینی ئیریا بەش بەش بوو و هەموو گەلێك بە جیا هەستاو لە فەرمانڕەوا یەکەمەکانی جیا بوویەوە.

********************

# باسی دووەم
# دەسەڵاتداری بەریتانیا بەسەر دەریاکاندا

لە بەشی پێشوودا باسی باری ناو ئەوروپای رۆژهەڵاتیمان کرد و بینیمان چۆن دوو دەوڵەتی گەورەی نێو دەوڵەتە گەورەکان دەرکەوتن کە ئەوانیش روسیا و پروسیا بون. جا ئەگەر سەیرێکی رۆژئاوا بکەین دەبینین ئینگلتەرا لە پێناو بەدەستهێنانی باڵاترین پێگەی نێو دەوڵەتانی ئەوروپادا بەخێرایی رێ دەبڕێت نەوەك بە بەشداری کردن لە جەنگ و رکەبەریەکانی کیشوەرەکە، بەڵکو بە ناردنی کەشتی و دەریاوانیەکانی بە دەریا و زەریاکاندا تا بگاتە باڵاترین وڵات هەوڵبدات بە رۆچوونە نێو داگیرگەکان و دانانی کەشتی گەلی بەهێز تاجی دەسەڵاتداری دەریاکان بکاتە سەری و کەس نەوێرێت لەمەیداندا رکەبەری بکات.

کاتێك جەنگی میراتگری ئیسپانی کۆتایی پێهات، کەشتیگەلەکانی بەسەر کەشتی گەلی هەموو دەوڵەتانی تردا زاڵ بوون، چونکە فەرەنسا وو ئیسپانیا بەدەست جەنگی بەردەوام لەناو بەرەو لاواز ببوون، پاش پەیماننامەی ئوترخت بە ماوەی پەنجا ساڵ ئینگلتەرا توانی فەرەنسا لە ئەمریکای باکوور و هیند دەربکات و توانی پایەکانی ئیمپراتۆریەتە بەرفراوانەکەی لە پشت دەریاکانەوە دابنێت ئەمەش رێخۆشکەرییان بۆ کرد تا لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەستبگرێت بەسەر بازرگانی جیهانیدا.

ئەو جەنگە دووروودرێژە وێرانکەری لایەنەکانی سەدەی هەژدەهەمی گرتبویەوە تەنها ململانێیەکی نێوان پاشاکان نەبوو. بەڵکو دەرەنجامی قەسابخانە داگیرکاریەکان و ئەو ململانێ بازرگانیە بوو کە مەیدانەکەی بڵاوبوویەوە تا گەیشتە ئەوپەڕی کونج و کەنارەکانی زەوی و بازرگانانی ناوچە ئەوروپیەکان و سەربازانی جەنگاوەری ئەوروپی کە لەگەڵ گەلە رکەبەریەکانی دیکە لە ناوچە دوورەکان کە بە هەزاران میل لە لەندەن و پاریس دوور بوون دەجەنگان.



Scanned with CamScanner

ئەمانە کاریگەریەکی گەورەیان هەبوو لە گەشەسەندنی کاروباری ناوخۆیی هەریەك و ولاتانە و رێکردەی رامیاران، هەروەك شارە پیشەسازیە گەورەکانی ئینگلتەرا وەك لیدز و مانشتەر و پەرمەنگەهام بۆ کارگێری کارەکانیان و گەشەدان بە سامانیان پشتیان دەبەست بە هیند صین و ئوستورالیا، بەو جۆرە ژیانی بەندەرەکانی ئەوروپا لە لیڤەرپوڵەوە بۆ ئەمستردام تا ترایست و کەشتیە بازرگانیەکانی بە دوری بینینی چاو بەسەر بازارەکانی جیهاندا زاڵ بوو.

ئیدی تەنها ئەووپا بەس بوو تا ئەو بەندەرانە بەرێوە ببات و درێژە بە کارەکانیان بدات، ئەروپایەك کە رووبەرەکەی یەك لە دوانزەی رووبەری زەوی زیاتر نەبوو سێ لە پێنجی جیهانی لەدەستدا بوو و موڵکی فەرەنسا بە تەنها لە ئاسییا و ئەفریقادا لە هەموو خاکی ئەوروپا زیاتر بوو، بەریتانیا روبەرووی دورگەکانی ابدی روبەری ئیمپراتۆریەتەکەی نەدەبوو.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەوروپا دانیشتوانی خۆی بردە ناو ویلایەتە یەکگرتووەکان و مەکسیك و باشووری ئەمریکا و بازنەی مێژووی ئەوروپی بە شیچوەیەکی خیچرایی سەرسوڕهێنەر فراوان بوو، ئەوەش گرنگترین تایبەتمەندی سەردەمی نوێیەن چونکە یۆنان و رۆمان لەگەڵ ئەوەی بازرگانی ئاڵەت و بەردی گرانبەهایان لەگەڵ هیند و چیندا هەبوو، بەڵام شتێکی زۆریان نەدەزانی سەبارەت بە جیهانی دەرەوەی بازنەی دەریای سپی (باشوری ئەوروپا، باکووری ئەفرقیا و رۆژئاوای ئاسیا) ئەو زانیاریە سادەیەش لە ماوەی سەدەکانی نناوەراستدا زۆری لە مێشکدا نەما، بەڵام حەزی گەیشتن بە رۆژهەلات و خەزێنەکانی رۆژهەلات بەرەبەرە بوژایەوە و کەمکەم شتیان بۆ ئەو زانیاریانە زیاد دەکرد کە لە قولایی سەدەکانی کۆندا هەیان بوو.

یەکەم کەس کە بۆ دۆزینەوە جوگرافیەکان پەردەی لەسەر هیند و ئەمریکا لابرد پورتوگال و ئیسپانەکان بوون کە لە سەدەی پانزە و شانزەهەمدا ئەنجامیان دا، پورتوگال لە فراوانخوازی بازرگانیدا



Scanned with CamScanner

گرنگیەکی زیاتر و لەپێشتری هەبوو، ئەوان لە هیندستان چەند وێستگەیەکی بازرگانیــان دامەزرانــد و دواتــر لــە کــەنارەکانی بــەرازیل لــە ئــەمریکا چــەند مەڵبەنــدێکیان بــۆ دۆزینــەوە، ئیــسپانیایش دەســتی گــرت بەســەر مەکــسیک و دورگــەکانی هینــدی رۆژئاوایی و بەشێکی زۆری ئەمریکای باشوویدان پاش ئەوە هۆڵەندا کەوتە رکەبەری کردنی هەردووکیان و پورتوگالی لە چەند داگیرگیەکی هین و دورگــەکانی هــاردا دەکرد و جاوا و سۆمەترە و چەند ناوچەیەکی دیکــەی هێڵی پانی ناوەڕاستی ملکەچی دەسەلاتی خۆی کرد.

لە ئەمریکای باکوریشدا ململانێی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا بەرێوە دەچوو، هەریەك لەو دوو دەوڵەتە لەسەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەمدا کەوتنە دامەرزاندنی داگیرگــەکانی خۆیــان، بــۆ ئەمــەش ئینگلیــز لــە جیمــستۆی دابــەزی و دواتــر لــەنێو ئینگلەنــد و ماریلانــد و پەنــسلڤانیا و ناوچــەی دیکــەش دابــەزی، ئــەو داگیرگانــە دەگەڕێنەوە بۆ شەپۆلی یەك لەدوایەکی ئەو کۆچەرانەی لە رۆژانی چەوساندنەوەی ئاینیــدا ولاتــی خۆیــان بــەرەو جیهــانی نــوێ بەجێدەهێشت تــا ئازادی پەرستشیان هەبێت و لەو زەویە نویێ پرخێرەدا سامان کۆ بکەنەوە، بۆ ئەمەش هەزاران کۆیلە و خزمەتگوزاریان بۆ برد.

بۆیــە لێکۆڵــەر تێکــەڵی و جیــاوازی ئــەو رەگــەزانــە بــەدی دەکــات کــە لــە داگیرگــە ئینگلیزیەکانــدا هــەبوون، لەگــەڵ ئــەوەی ئینگلیــز جیموســتونی داگــیر کــرد فەرەنسیەکانیش چوونە ناو کوبك و نوڤا سکزشیا، پێشڕەویشیان بۆ داگیرکردنی کەنەدا زۆر هێواش بوو هەرچەندە بەرگریکاری ئینگلیزی لە روویاندا نەبوو.

لە چارەکی سێیەمی سەدەی حەڤدەهەمیشدا حەوزی مسیسپی سان دۆزیــەوە و ناویان ناو (اونریانا) ئەم ناوەش لە بەرنامەی لویس نرا، پاشان لە سەرەتاکانی ســەدەی هەژدەهەمــدا شــاری نیوئورلیانزیــان لــە نزیــك ئــاوە رێژگــەی ئــەو روبــارە گەورەیە دامەزراند.

دوو دەوڵــەتی داگیرکــەر لــە بــاکووری ئــەمریکا بــۆ دەســتگرتن بەســەر ئــەو کیــشوەرەدا بــەردەوام پێکیانــدادەدا، جــەنگ لــە جیهــانی نوێــدا بــە هــاتنی هــەواڵی



Scanned with CamScanner

هەڵگیرسانی جەنگی نێوان دوو وڵاتی نێو جیهانی کۆن توند دەبویەوە، دواجار ئینگلتەرا توانی لە بەشەکانی باکووردا بە پەیماننامەی ئوترخت ئاڵای فەرەنسا دابەزێنێت، لەو پەیمانەدا فەرنسا دەستبەرداری نوڤاسکوشیا و کەنداوی هدسن و نیو فۆندلاند بوو.

دەتوانین بە زانینی ژمارەی ئینگلیز لە ئەمریکای باکوور لە کاتی سەرەتای جەنگی حەوت ساڵە بەراوردی هێزی ئەو دوو دەوڵەتە بکەین، هێزی ئینگلتەرا لە ملیۆن تێدەپەڕی لە کاتێکدا ژمارەی فەرەنسیەکان لەو کاتەدا لە سەد هێزی ئەو دوو دەوڵەتە بکەین، هێزی ئینگلتەرا لە ملیۆن تێدەپەڕی لە کاتێکدا ژمارەی فەرەنسیەکان لەو کاتەدا لە سەد هێزی ئەو دوو دەوڵەتە بکەینن هێزی ئینگلتەرا لە ملیۆن تێدەپەڕی لە کاتێکدا ژمارەی فەرەنسیەکان لەو کاتەدا لەسەد هەزار تێدەپەڕی.

*********************



Scanned with CamScanner

# ململانێی نێوان فەرنسا و ئینگلتەرا لەسەر داگیرگەکان

پەلهاوێژی داگیرکاری نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا لە بەشەکانی ئەمریکای باکووردا بە رتەسك نەدەبوویەوە کە نزیکەی نیو ملیۆن هیندی سووری تێدا بوو بەس، بەڵکو هەر یەك لەو دوانە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا جێی خۆیان لە بەشەکانی ئیمپراتۆریەتی بەرفراوانی هیندی رۆچووی نێو مەدەنیەت و هاوەن دووسەد ملیۆن دانیشتوان دەچەسپاند.

یەکێك لە داگیرکەرەکانی مەغۆل لە هیندستان ئیمپراتۆریەتێکی فراوانی لە رۆژانی گەیشتنی ڤاسکۆ دیگامادا دامەزراندبوو، پاشان ئەو خێزانەی ئەو کەسە مەغۆلیە لەسەر هیند داینا ماوە دوو سەدە دەسەلاتدار بوو، بەلام ئیمپراتۆریەتەکەیان پاش مردنی کۆتا فەرمانڕەوای بەهێزیان لە ساڵی ۱۷۰۷ز.بەوە لێکهەلوەشان دەچوو و کارمەنداری سوبحداری و نوێنەرانی ئیمپراتۆریەت دەسەلاتەکەیان دابەش دەکرد و بەرەبەرە سەربەخۆییان وەردەگرت، ئیدی ئیمپراتۆریەت لەگەڵ ئەوەی لە دلهی پایتەختدا لەسەر کورسی دەسەلات مایەوە نەیدەتوانی بەسەر کاروبارەکاندا زاڵ بێت و دەسەلات بەڕێوە ببات، هەر کە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم هات دێوەزمەی دوو سەربازی چەکداری ولاتی فرەنج دەرکەوت تا ولاتی ئاڵەت و کانگەی سامانی رۆژهەلات داگیر بکەن، ئەو دووانەش بەریتانیا و فەرنسا بوون.

داگیرکاری ئینگلیزی لە هیند بەشێوەیەکی سادە و لە بازنەیەکی بەرتەسکدا دەستیپێکرد، بەلام ئەو بازنەیە هێندەی نەبرد خێرایی فراوان بوو و ملیۆنەها هیند چووەتە ناویەوە، چیرۆکەکەیشی بەم جۆرەیە، کۆمپانیای ئینگلیزی هیندی رۆژهەلاتی لە رۆژانی جیمسی یەکەمدا لەسەر کەناراوی باشووری هیندستان گوندێکی بچوکی کڕی، دواتر ئەو کوندە فراوان بوو تا شارێکی پڕ خوێندنگەی لێدروست بوو و دێوەزمەی ئیستعماری ئینگلیزی لە خاکی هیند دا چەند



Scanned with CamScanner

هەنگاوێکی فراوانی گرتەبەر، بەوە لە هرێمی بەنگال چەند مەڵبەندێکی دامەزراند و دەستیگرت بەسەر (کلکتا) و قلاکەیدا، (بۆمبای)شی کرد بە وێستگەی بازرگای بۆ خۆی، ئیمپراتۆری مەغۆلیس هەستی بە بوونی ئەو جەستە نامۆیەی سەر سنوری وڵاتە فراوانەکەی نەدەکرد یان لە مەترسی دەستەیەکی کەم نەدەترسا کە لە وڵاتێکی دوورەوە بۆ بەدەستهێنانی پارەو قازانج هاتبوون.

بەڵام سەرکردە نیشتمانیەکان لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا هەستینا بەو مەترسیە کرد و لەگەڵ پیاوانی کۆمپانیاکەدا پێکیانـدادا و ناچاریان کردن تا بەرگری لە خۆیان بکەن.

داگیرکەرانی ئینگلیز بە تەنها رووبەرووی هێزی خەڵکی نەبوونەوە، بەڵکو لەگەڵ هێزی دەوڵەتێکی دیکەی ئەورووپیدا پێکیاندا دا کە ئەویش بۆ هەمان مەبەست هاتبوو، ئەو دەوڵەتەش فەرەنسا بوو کە وەك بەریتانیا کۆمپانیای فەرەنسی هیندی رۆژهەلاتی هەبوو و لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا (بونشیری) کرد بوو بە مەڵبەندی خۆی ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارەیش لەوکاتەدا گەیشتبوویە شەست هەزار کەس کەلە نێوانیاندا تەنها دوو سەد ئەورووپی هەبوون، دواتر پاش ماوەیەکی کەم دەرکەوت کە مەترسی ئیمپراتۆری مەغۆلی زۆر لاوازە، بۆیە دەرکەوت پشتگوێی بخەین و قسە لەسەر سێ رەگەز بکەین کە بۆ بەدەستهێنانیدەسەڵاتداری وڵات لەنێو خۆیاندا لە رکەبەریدا بوون:

١-سەرکردە جەماوەریەکان

٢-ئینگلیزەکان

٣-فەرەنسیەکان

لە کاتێکدا تەپوتۆزی جەنگی حەوت ساڵی لە ئاسمانی ئەورووپادا کۆدەبوویەوە، هەواڵێکی خراپ بۆ ئینگلیزە داگیرکەرەکانی ناو هیندد سەبارەت براکانیان لە کلکتا لە دووری هەزار میل لە باکووری رۆژهەلاتیانەوە هات، ئەویش ئەوە بوو کە فەرمانڕەوای ئەهلی بەنگال دەستی گرتبوو بەسەر سامانی چەند



Scanned with CamScanner

بازرگانێکی ئینگلیزدا و سەدو چل و پیچنج کەسیانی لە ژوورێکی بەرتەسکدا ئازاردا بوو، و پێش ئەوەی بەیانی ببێتەوە زۆربەیان مردبوون، بۆیە ئاگریانارێبەر و سەرکردەیەکی لێهاتووی جەنگی کە تەمەنی لە بیست و پێنج سالٚ تێنەدەپەڕی سەرکردایەتی کردن و توانی سوپایەکی نۆسەك کەسی ئەورووپی و هەزار و پیچنج سەدکەسی پێکبهێنێت و بیان بات بۆ بەنگال و لە ساڵی ١٧٥٧ز.دا سوپای پەنجا هەزرا جەنگاوەری میری هندی تێکشکاند دوای ئەوە میری بەنگال گۆڕدرا بە کەسێکی هەواداری ئینگلیز و لە زۆربەی بەشەکاندا قەڵەمڕەوی ئینگلیزی بڵاوکردەوە تا ئەوەی جەنگی حەوت ساڵە تەواو نەبوو کە ینگلیز دەستی گرت بەسەر (بندشیری) دا و هەموو قەڵەمڕەوێکی ناوچەی (مدارس)ی لەدەست قەڵەمڕەوی کۆنی فەرەنسیەکان سەندەوە.

کاتێك پەیماننامەی پاریسی ساڵی ١٧٦٣ز. جەنگی حەوت ساڵە کۆتایی پێهات، پشکی ئینگلتەرا لە دەستکەوتەکاندا گەورەترین پشك بوو، چونکە دەستیگرت بەو دوو قەڵا گەورەیەوە کە لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست بوون و بەسەر دەریادا زاڵ بوون، ئەوانیش شاخی تاریق و بەندەری ماهون لەسەر دورگەی مینورفە.

فەرەنسایش لە ئەمریکا دەستبەرداری ناوچەی کەند و نفاسکوشیا و زۆربەی دورگەکانی هیندی رۆژئاوایی بوو بۆ بەریتانیا هەرەك ناوچەی مسیسپینی وازلێهێنا بۆ ئیسپانیا، بەو جۆرە فەرنسا هەموو ناوچەکانی خۆی لە ئەمریکای باکووردا لەدەست دا.

لە هیندیش فەرەنسا هەرچەندە ئەو شارانەی گێڕایەوە کە ئینگلیز لێی سەندبوو، بەڵام قەڵەمڕەوی خۆی بەسەر کردە ناوچەییەکاندا لەدەست دا،چونکە (کلیف) ناوی ئینگلتەرای بەرز راگرت، و وای لیچکردن لەو ناوە بترسن و بە بیستنی لە جێی خۆیاندا راچڵەکێنن.

ململانێی نێوان ئینگاتەرا و فەرنسا لەسەر ئەمریکا پێش هەڵگیرساندنی حەوت ساڵە دەستی پێکرد، بۆیە لە ساڵی ١٧٥٤ز. جەنگی فەرەنسی هیندی لە



Scanned with CamScanner

نێوان داگیرکەرانی ئینگلیزی و فەرەنسیاسەکاندا رووی دا و بە سەرکەوتنی ئینگلیزەکان کۆتایی پێهات، چونکە یارنەتیان لە ئینگلتەراوە بۆ دەهات، و دەستیان دەگرت بەسەر هەموو داگیرگە فەرەنسیەکانی ناو ئەمریکای باکووردا، و لە ساڵی ١٧٦٠ز.دا کەنەدایان بردە ژێر دەسەڵات و ناو بازنەی خۆیانەوە.

بەڵام بەریتانیافەرنسای لە ئەمریکا دەرنەکرد تا ئەوەی فەرەنسا خۆی وڵاتی بەجێهێشت، چونکە داگیرکرەانی ئینگلیزی لە دەستێوەردانی حکومەتی ئینگلیزی لە کاروباریان بێزار بوون و پێویستیشیان بە نیشتمانی سەرەکی خۆیان نەبوو دوای ئەوەی مەترسی فەرەنسیەکانیان لەسەر نەما.

ئینگلتەرا دەرفەتی بە نەوە داگیرکەرەکانی خۆی لە جیهانی نوێدا بوو تا ئازادیەکیان هەبێت کە لە داگیرگە ئیسپانی و فەرەنسیەکاندا نەبوو، بۆ نمونە لە ساڵی ١٦١٨ز.دا کۆمەڵچەی فەجینیا دامەزرا و مساجۆست بوو بە ویلایەتێکی نیمچە سەربەخۆ، دەستورگەلێکی رێکخراو گەشەیان سەند کە دواتر بوون بە بناغەی دەستورەکانی ئەو ویلایەتانەی سەربەخۆییان وەردەگرت، هەر کە جەنگی حەوت ساڵە تەواو بوو ژمارەی داگیرکەران گەیشتە دوو ملیۆن یان زیاتر، هەموو هۆکارەکانیش لەمانەدا کۆبوونەوە:

١-گەشەسەندنی هێز و سامان

٢-ئازادیەك لە زەویە نوێکاندا کە خەڵکەکە بۆی دەگەڕانەوە.

٣-متمانە بەخۆ بوونێك کە داگیرکەران بەسەرکەوتنیان بەسەر هێزە فەرەنسیەکاندا بەدەستیان هێچنا بوو، ئەمەش هۆکاری بێزاری خەڵك بوو لە دەستێوەردانی حکومەتی بەریتانی.

ئینگلتەرا و فەرنسا و ئیسپانیا و دەوڵەتانی دیکەی داگیرکاریش لەو ککاتەدا ژمارەیەك یاسای دەریاوانییان دانا کە پاراستنی هەموو بەرەژوەندیەکی ئابووری و پیشەسازی و ئیستعماری خۆیان بوو بە تەنها، ئەو یاسایانە ئەوەیان بە مەرج دانا کە هەموو هاوردەکان بۆ ئینگلتەرا یان داگیرگەکانی لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکا لەسەر کەشتیەکانی ئینگلیز بێت، واتە بۆ نمونە خەڵکی نیویۆرك بۆیان نییە ئەو



Scanned with CamScanner

شمەکانە بکڕن کە لەسەر کەشتی هۆڵەندی لە چینەوە بۆیان هاتووە هەر چەندە نرخەکەیشی گونجاو بێت.

هەر وەك بەو پێیە دەبوو هیچ شمەکێکی ئەورووپی بچێتە هیچ بەندەرێکی داگیرگەکانی ئینگلیز مەگەر بە ئینگلتەرا دا تێپەڕ بێت و بخرێتە سەر ئەو کەشتیانەی کە لە ئینگلتەرایان داگیرگەکانیدا دروست کراون، بۆ نموونە بازرگانی ئەمریکی ئەگەر بیویستایە مەی لە فەرەنسا بکڕێت دەبوو لەسەر دەستی بازرگانێکی ئینگلیزی داوای بکات، یان بیویستایە مەی لە فەرەنسا بکرشێت، دەبوو لە ڕێگەی ئینگلتەرا و لەسەر کەشتی ئەویش باری بکردایە و بیناردایە باهەر چەندەیشی تێبچێت.

بارەکەی لەمەشدا نەوەستا بەڵکو چەند یاسایەك دەرچوون کە بازرگانیکردن بە چەند مادەیەکی وەك شەکر و توتن و لۆکەی تەنها لەگەڵ ئینگلتەرا بەڕەوا دەزانی و ڕێی نەدەدا چەند شتێك وەك فەرو بنێردرێتە دەرەوە، بەرامبەر ئەم بارەش ئەوانەی ناو ئەمریکا ناچار بوون لەو یاسایە را بکەن و عەقەکانی ئەو یاسا توندانە بشکێنن، بارەکە ماوەیەك بەردەوام بوو و سیاسەتمەدارانی ئینگلیز نەیانویست ئەو ڕەوتە بوەستێنن، چونکە سەرقاڵ بوون بە ململانێی ناوخۆیی و جەنگیان لەگەڵ لویسی چواردەهەمدا.

بەڵام کاتێك ساڵی ١٧٦٣ز. هات و جەنگی حەوت ساڵە بە سەرکەوتنی ینگاتەرا و فراوان بوونی داگیرگە ئەمریکیەکانی سەرەرای کەنەدا و دۆڵی ئەوهایۆ، دەبوو چەند ڕێکخستنێکی نویچ بگیرێتەبەر بۆ پاراستنی زەویە دەستکەوتوەکان و وریا بوون لە خەریەکانی فراوانبوونی ئیمپراتۆریەت، بۆیە حکومەتی ئینگلیزی داوای لە داگیرگە ئەمریکیەکان کرد تا چەند خەرجیەکی جەنگی کۆتایی و سامانی پێویست بۆ پاراستنی زەویە نوێکان بەشێوەی باج دانان لەسەر خەڵك لەئەستۆ بگرێت.

بەڵام ئەوان بەوە رازی نەبوون و دەیانوت هەر باجێك ئەنجومەنی یاسادانانەکانیان کە نوێنەری خەڵکن و نەریی بنەڕەتی وڵات دەگرنە بەر) بڕشیاری لەسەر نەدەن دادپەروەرانە نابێت.



Scanned with CamScanner

بۆیە حکومەتی بەریتانی لەگەڵ نارەزایی شاجۆرجی سێیەمدا چەند بریار و کارێکی خۆی کشاندەوە، جۆرج پێی وابوو پێویستە سزای داگیرکەران بدرێت و هەوڵیدەدا بە چەند باجێکی نوێ لەسەر شوشە و پەرە و چای دابنێن پارەی پێویست کۆ بکاتەوە.

بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و دواجار ناچار کرا بریاری خۆی بکێشێتەوە بە تایبەت ماددەی یەك و دوو و بە تەنها چای مایەوە، بەهۆی کاریگەری کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی لەسەر بڕیاری سیاسی، پاشان لە بۆستن کۆمەڵێك گەنج کۆبوونەوەو چوون بۆ کەشتیەکی ناو بەندەرێك کە چایی هەڵگرتبوو، لەوێ هەموویان فڕێ دایە ناو دەریاوە.

ئەمەش هۆکاری بچڕانی پەتی هیوای سەرکەوتن و تەبایی نێوان ئینگلیز و داگیرگەکان بوو، لە پەرلەمانیشدا دەستەیەك هەبوون کە سۆزیان بۆ داگیرگەکان هەبوو و دژە بەکارهێنانی توندی بوون لەگەڵیاندا، لە نێو ئەوانە(بورك) ناسرا بوو، بورك لێهاتوترین پیاوی ناو ئەنجومەنی گشتی بوو و داوای دەکرد ماف بە داگیرگەکان بدرێت تا خۆیان لەسەر خۆیان باج دابنێن.

کێشەکەش تەنها کێشەی باج دانان یان باج دانەنان نەبوو، بەڵکو و ململانێ لەسەر شێوەی داناناى و کەسی دانەر بوو، جۆرجی سێیەم و حزبی (تورك)ىش لە پشتەیەوە لەناو پەرلەماندا سەرخەری بوون و نەیاندەویست لەگەڵ داگیرگەکاندا نەرمی بنوێنن، ئەو و پشتیوانەکانی پێیان وابوو بارگرژیەکان لەنێو ئینگلەند تێناپەڕن و ئاسانە بەسەریدا سەربکەون.

بۆیە ساڵی ١٧٧٤ز.دا بڕیارێکیان دەرکرد بەو پێیەی دەفرەت نەدەدرا شمەك لەگەڵ بوستندا ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت (نەبۆی بچێت و نەبێرێت) مافی کۆنی داگیرگەی (مساجۆست) پێیان نەهێشت، پێشتر مافی هەبوو و خۆی داوەر و ئەنجومەنی ناوداران هەڵبژێرێت، بەڵام مافی دیاریکردنیان درایە دەست خودی پاشا.



Scanned with CamScanner

ئەو بڕیارانە هەموو داگیرگەکانی بێزار کرد و مساجۆست ملکەچ نەبوو، بۆیە بڕیار درا بانگەواز بۆ کۆنگرەیەك بکریچت کە نوێنەرانی هەموو داگیرگەکانی تێدا بێت تا لە ساڵی ١٧٧٤ز لە فلادلفیا کۆ ببێتەوە وبزانن چی بکەنز

ئەو کۆنگرەیە بڕیاریدا پەیوەندییە بازرگانیەکان لەگەڵ بەریتانیادا بپچڕێنێت، تا ئەو کاتەی هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ داگیرگەکاندا چاك بکات، و لە بڕیارەکانی پاشگەز ببێتەوە، بۆ ساڵی دواتریش ئەمریکیەکان هێرشیان بردە سەر سوپا بەریتانیەکان لە لیکسنکتون، دواتر جەنگی گردی (بونکر) بەشێوەیەکی پاڵەوانانە بەرەو ڕوویان بوونەوە.

کاتێك کۆنگرەی دووەم بەسترا بڕیاردرا خۆیان بۆ جەنگ ئامادە بکەن و سەرکردایەتی باڵا بدەنە دەست جۆرج وانشنتۆن کە جوتیارێکی فرجینیا و سەرکردەی جەنگی کۆتایی هیندی فەرەنسی بوو.

لەگەڵ هەموو ئەو روداوانەدا کەس بڕیاری پێویستی جیابوونەوە لە نیشتمانی سەرەکی نەدەدا مەگەر کەمینەیەك نەبن، بەڵام هەموو ئەو پێشنیارانەی خرابوونە ڕوو بۆ چارەسەرکردن سەریان نەگرت، بۆیە کۆنگرە لە تەموزی ١٧٧٦ز.دا بڕیاری خۆی راگەیاند (ئەم داگیرگانە ئازاد و سەربەخۆن و مافی خۆشیانە وا بن) حزبی داخوازیکاری سەربەخۆیش کەمینەی ناو خەڵك بوون، چونکە ژمارەی ئەندامانی حوبی (توری) کە دژ بە جیابونەوە بوون لە ژمارەی هاوڵاتیان کەمتر نەبوون، هەروەك بەشی سێیەمیش هەبوون کە هیچکام لەو دوو رایەیان لا گرنگ نەبوو.

فەرەنسا بە بیستنی هەواڵی شۆڕشی داگیرگە ئەمریکیەکان دڵخۆش بووو و هەستی بۆ بزوا، چونکە ئەو چەرمەسەریەی لە جەنگی حەوت ساڵەدا لە لەدەستدانی زۆربەی داگیرگەکانی تووشی بوو، دڵێکی بێ هیوا و برینداری پڕ لە قینی دژ بە ئینگلیزی بۆ هێشتەوە بۆیە دوای ئەو هەر شتێك دژ بە ئینگلیز روویدایە جێی دڵخۆشی و پیرۆزبایی کوڕانی پاریس بوو، بۆیە ئەمریکیەکان



Scanned with CamScanner

خۆیان بە هاوپەیمانی فەرەنسیەکان دەزانی و (بنیامین فرانکفین) یان نارد تا لەگەڵ شالویسی شازدەهەم سەبارەت بە یارمەتیەك کە فەرەنسا پێشکەشیان بکات دانوستان بکەن.

وەزیرەکانی لویس ماوەیەك دوو دڵ بوون، چونکە متمانەیان نەبوو داگیرگەکان بتوانن زۆر بەرانبەر بەهێزی گەورە و خۆسەپێنی ئینگلیزی بوەستن، بەلام کاتێك سەرکەوتنی شۆرشگێرانیان لە ساڵی ١٧٧٨ز.دا بینی، پەیماننامەیەکیان لەگەڵدا بەستن و تیایدا دانیان نا بە سەربەخۆییاندا، ئەمەش واتە راگەیاندنی جەنگ دژ بە ئینگلتەرا، حکومەتی فەرەنسی بە پارە و هەواداری زۆرێك لە فەرەنسیەکان بۆ شۆرشگێران پاڵپشتی شۆرشگێرەانی کرد و هەندێ خانەدانی بچوکی دەوروبەری پەراندەوە تا لە ریزەکانی شۆرشگێراندا وەك خۆبەحش بجەنگن.

لە ئینگلتەرایش راو بڕواکان لە پێکدادانی توندا بوون لەسەر جەنگ و پێویستی بەردەوام بوون لە جەنگ، لە پەرلەمان دا ژمارەیەکی زۆری سۆزدارانی شۆرشگێران هەبوون، ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی توندی بزووتنەوە سەربازیە بەریتانیەکان لەگەڵ هەموو ئەمەشدا بۆ ئەمریکا جەنکردن ئاسان نەبوو، هەر چەندە جۆرج واشنتۆن لێهاتوو بوو و قوربانی گەورەی دەدا، بەلام شکستەکانی سوپاکەی لەسەرکەوتنەکانی زیاتر بوون، ئیدی ئاسان نەبوو شۆرش بگاتە ئەو سەرکەوتنە گەورەی کە پێی گەیشت، ئەگەر یارمەتی هێزە فەرەنسیەکان نەبوایە.

گرنگترین ئەنجامەکانی جەنگیش دانانی ئینگلتەرا بوو بەسەر سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە باشوورەوە بۆ حەوزی میسپی، هەرێمی لویزیانای رۆژئاوای ئەو روبارەیش لەدەست ئیسپانیا دا مایەوە، فلۆریدایش ئیسپانیا لە ئینگلتەرای سەندەوە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٧٦٣ز.دا دەستی بەسەردا گرت.

ئیسپانیا و پورتوگال لە ئەمریکا دا یەك سەدە دوای دەرچوونی ئینگلیزیش داگیرکەکانی خۆیانیان هێشتەوە، بەلام نیوەی رۆژئاوایی هەمووی رزگار کرا جگە



Scanned with CamScanner

لە کەنەدا کە لەدەست دەوڵەتانی ئەوروپا دا مایەوە، (کوبا)ی داگیرکەیەکی ئیسپانی لە رۆژئاوا لە ساڵی ١٨٩٨ز.دا بە یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەربەخۆی وەرگرت و ئینگلتەرایش لە ئەنجامی ئەو تاکە شۆڕشە سەرکەوتووەی کە لە ئیمپراتۆریەتەکەیدا روویدا و لە سەرەتایەوە تا ئەمڕۆ تاکە نمونەیە داگیرگەکانی خۆی لەدەست دا.

ئەو شۆڕشە خوشکێکی بۆ پەسدا بوو کە بە زمانی خۆی قسەی دەکرد و کەنەدای دەپاراست، لە نیوەی باشوری زەویشدا لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا (ئوسورالیا) کیشوەریچکی نوێیان بۆ ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیان زیاد کردوە، واتە ئوستralیا لە هیندیش رکەبەری نێو دەوڵەتانی ئەوروپایان لەبەردەمدا نەما و توانیان رای خۆیان بەسەر هەموو زەویەکانی باشووری شاخەکانی هیمالایادا بڵاوبکەنەوە.

********************



Scanned with CamScanner

# باسی سێیەم
# ژیان لە گوند و شارەکاندا

ئەگەر وامان دانا جوتیارێکی سەردەمی جەنگە خاچپەرستیەکان رۆژێکی هاتەوە رێ کە بەرەبەیانی سەدەی هەژدەهەمە و لەنێو گۆڕەکەیدا پاش حەوت سەد ساڵ هەستایەوە ناو دونیا و بە بەشەکانی ئەورووپادا گەڕا و لە ژیانی خەڵك و شێ‌وەی کودەتا و گۆڕانی ئەوێ بکۆڵێتەوە، دەبیچت زۆربەی ئەو نەریت و رێخستنانەی لە رۆژانی تەمەنیدا لەسەریان راهاتبوو بە موچەی کەم رازی بوو هێشتا وەك ئەو سەردەمە ماون و پاش کەڵەکەبوونی هیچزی بزاوت و جووڵە بە تەواوی ملکەچی ئەو کاتەیە تا ئەوەی بەرەبەرە لە سەدەی هەژدەهەمەوە تەرمێکی بێدەنگی ساردبووەوە دەبینێت کە دوای ئەوە بۆ چەند نەوەیەکی دواتر ماوەتەوە.

دێوەزمەکەشی بەرەو ئاسۆ دەڕوات تا لە دوای هیچ دیارنەمێنێت، بەڵام خێرایی رێکردەکەی لە بەشە جیاجیاکاندا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لە فەرەنسا دا کۆیلایەتی زەوی پاش دوو سەد ساڵ یان زیاتر رێ بڕین نەما و لە سەدەی چواردەهەمدا هیچ رێگری و شوێ‌ەوارێکی نەما، بەڵام لە ئینگلتەرا کۆیلایەتی چەندین شویچنەورای تەواو لە سەدەی پانزەهەمدا سڕایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا تەنانەت لە فەرەسایش چەنیدن شوێنەواری سەردەمی کۆن مانەو و جوتیار لەگەڵ ئەوەی چەند مافێکی وەك ئازادی هەڵسوکەوت کردن بە زەوی بەدەستهێناوە دەیتوانی بە ویستی خۆی بیکڕێت یان بیهێڵێتەوە و لە کۆیلایەتی زەویکی دیاریکراو رزگاری بوو کە جاران بە خۆی و ژن و منداڵ و خانو و وڵاخیەوە لەگەڵ زەویەکەی دەفرۆشرا.

هەروەها مافی هاوسەرگیری پەیدا کرد بۆ خۆی و منداڵەکانی بە بێ بوونی کۆت وبەندی ویستی گەورەی دەربەگ، لەگەڵ ھەموو ئەمنەشدا جوتیار دەبوو بۆ کردن بە ئاردی گەنمەکەی لای بەرپرسی ئەو ناوچەیە و زەویە بیکات کە تیایدا دەژی، لە فرنی ئەودا نان بکات و مەی لای ئەو ئامادە بکات و بۆ پەڕینەوە لەسەر



Scanned with CamScanner

پرد یان دەروازە یان زەویەك دەبوو باجی تێپەڕبوونی بدان ئینجا دەرفەتی پەڕینەوەی پێدەدرا.

هەروەك لە هەموو وەرزێكدا میوانێكی قورس سەردانی دەكرد كە ئەیش نێردراوی (لۆرد)بوو دەهات و پشكی میری لە بەرهەمەكەدا دەویست لە پروسیا روسیا و نەمسا و هەنگاریا و ئیسپانیا و ئیتالیاش رێكخستنەكانی سەدەكانی ناوەراست بەسەر ژیاندا زاڵ بوون، جوتیار بەشێكی جیا نەكراوە لە زەوی و تیایدا وەك پێشینەی هزەار ساڵەی باو باپیرانی و بە هەمان شێواز كاری دەكرد، ئامێرە سادە بەكارهاتووەكانی جوتیاری لە هەموو شوێنێك بە شێوەی سەرەتای لە گوندە دراوسێكاندا دروست دەكران، گاسنی تەختە لەسەر شێوەی گاسنی رۆمانی كۆن دروست دەكرا، عەرەبانەكانی گواستنەوەش لەسەر چوارچێوەی تەختەیی خۆیان و تایەی تەختەیی بە بێ رووپۆشی ئاسنین رێیان دەكرد.

سەرەرای جیاوازی گەورەی باری ماڵەكانی گوندەكانی صقلیە تامیرانیا و ئێرلەندا تا پۆڵەندا، بەڵام دەكرێن بوترێن بەشیچوەیەكی گشتی بچوك و تەسك و كەم روناكی و هەوا پیس بوون و لە چادری شڕ و كەپری رسوا زیاتر نەبوون، ناو ماڵیان شەخەڵ دایدەپۆشی و سەقفەكانیان لە قامیش بوو، جوتیار بە خۆی و ژن و منداڵ و گا و بەراز و وڵاخ و دۆستی دڵسۆزی وەك سەگ دەچوونە ئەوێ و هەموو هەستیان بە ئارامی دەكرد و خۆشەویستی و هەواداری لە شەواندا دڵەكانی دادەگرتن.

ئاوی خواردنەوەشیان وەك ماڵەكەیان پیس بوو وە دەستی چاكسازی و پاك و خاوێنی كاری تێدا نەدەكرد، شەخەڵ و پاشەرۆشیان شێوەی فرێ دانە دووری نەبوو، بەختی باشی ئەندامانی خێوانەكە ئەوە بوو زۆربەی كاتەكانیان لە دەوری ماڵدا دەبردە سەر و لە كێڵگەكاندا بە ژن و پیاوەوە كاریان دەكرد و لە بەرهەمهێنانی زەوی و چاندنیدا یارمەتی یەكتریان دەدا، ژیانی گوند لە سەدەی هەژدەهەمدا خۆشی و سەرنج راكێش نەبوو.



Scanned with CamScanner

ئاسایش بوو وا نەبێت چونکە جوترای ربە بێ ئەوەی رۆژنامەیەکی بگاتە دەست کە هەواڵی دەرەوەی ئە پارچە زەویەی بێ بگەیەنێت دەژیا و تا مردن رۆژنامەی نەدەدی، ئەگەریش پێی بگەیشتایە چ سودێکی لێدەبین؟ نەیدەززانی خوێندنەوە و نووسین چییە، ئەگەر بتویستایە کەسێکیان تێدا بدۆزیتەوە، کە بتوانێت بخوێنێتەوە لەنیچو پێنج هەزار کەس یەك کەس نەدەدۆزویەوە، ئەمە لە ینگلتەرا وا بوو، لە ناوچەکانی تردا بارەکە زۆر خراپتر و تاڵتر بوو.

ئەگەریش سەیرێکی شارەکان بکەین دەبینین زۆربەی ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باسمان کرد هەر مابوویەوە، شەقامەکانی پێچاوپێچ و تەسك و خانوەکانی لە پاڵ یەکدا بوون و سەقفی پێشەوە یان رشێی لە روناکی خۆر دەگرت و لە چارەکی رۆژدا تاریکی شاری دەگرتەوە. ئیدی شەو باسی مەکە، زەویەکی پڕ بوو لە بەردی گەورە و ناشیرین، بۆنی ناخۆش کە دوورە رێیەك دەچوو بڵاوبوو.

هەموو ئەم دیاردانە بە تەواوی لەگەڵ ئەو شارە نوێ ئەورووپیانەدا نەیاندەکرا کە لە ماوەی سەد ساڵدا گەشەیان سەند و وێنەی ژیانی سەدەکانی ناوەڕاستیان دەهێنایەوە یاد کە ژمارەی دانیشتوانی لەندەن لە ساڵی ١٧٦٠ دا نیو ملیۆن کەس بوون و لەو کاتەدا لەو شارەدا پاسی هاتوچۆ نەبوو، ئۆتۆمبێل بەم شێوەی سەردەمەی ئەمرۆ نەبوو، بەڵکو هەموو پێناوەکانی گواستنەوە لە شاری ( تایمس) دا لە سەد عەرەبانەی راکێشرا و بە ئەسپ تێنەدەپەڕی، یان ئەو کەژاوانەی لەسەر شان هەڵدەگیران بۆ ئەوانەی پێناوی تایبەتی گواستنەوەی یان هەبوو و حەزیان نەدەکرد لەسەر پێ بچن بەڕێدا.

لە شەویشدا پاسەوانێك بە ژرایەکی دەستی پاسەوانی شەقانە تاریکەکانیان دەکرد، بەڵام سودی ئەو پاسەوانانە زۆر سنوردار بوو، بەڵکو دزەکان یاخی دەبوون و دزی خۆیان دەکرد، سەرکردەکانیش دەبوو بۆ چوونە دەرەوە لەدەمی ئێوارە بەدواوە دەمانچەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن.

پاریس لە لەندەن فراوانتر بوو، توانی دیواری سەدەکانی رایت لە چوارچێوەی خۆیدا ببرێت و بچێتە دەرەوە، هەر پۆلیسی ئەوێ رێکخراوتر



Scanned with CamScanner

وبەهێزتر بوو، دز و جەردەی لەدەست نەدەچوو، لە کاتێکدا لە لەندەن و دەورووبەری کاری خۆیان دەکرد، مەیدانەکانیشیش رازاوەتر بوون، بەڵکو باخی گشتی ناسراو بە (باخچە دڵخۆشکەرەکان) دامەزرا و زۆربەی ئەو شەقامە فراوانە گشتیانەش کە ئەمڕۆ پاریس پێیانەوە دەنازێت هی ئەو کاتەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شەقامەکان تەسك بوون و رێگەی فراوانی وانەبوو کە لە دەوریدا درەخت هەبێت وەك ئەوەی لە سەدان شوێنی پاریسی ئەمڕۆدا هەیە.

جۆگاوەکان ئاوی کەمیان دەبرد بۆیە ئاوی بارانەکان لە ناوەڕاستی شەقامەکاندا کۆدەبوویەوە، پیسی و بۆنی ناخۆش دیمەنی شارەکە بووە وەك چۆن پێشتریش هەروا بوو، خەلچکی لە ژیانی رۆژانەیاندا پشتیان بە ئاوی نازوڵاڵی بیرە خێراکان یان ئاوی پیسی روباری (سین) دەبەست.

لە ئەڵمانیایش کەم شارە هەبوو بتوانێت بچێتە دەرەوی شورەکان ئەو شارانە پێگەی بەرزی خۆیان لەدەستدا بوو و تەنها چەند یان دەورەیەکیان هەبوو کە وەك یادکردنەوەی کۆشکەکان باسیان دەکردن، ئەو کرشکانەی رۆگار دایڕزاندنبوون و لە نێوەندی شاردا وەك بووك دانرابوون و چەرمەسەی بەسەریاندا ددەهات و بومەلەرزەی شۆرش و جەنگە ئایینیەکان وێرانی کردبوون.

چیرۆکی ئەو سەندیکایانەی دەگێڕایەوە کە رۆژانێك لە دەوروبەری رایندا هەبوون ژمارەی دانیشتوانی بەرلین لەو رۆژانەدا لە دووسەد هەزار کەس تێنەدەپەڕی.

ڤیەنناش کە جوانترین شاری نەمسا بوو لەوێ باشتر نەبوو، نزیکەی سێ تا سەد خزمەتگوزاری شەقامەکانی هەبوو، هەموو شانازیەکی ئەوە بوو بە شەوشدا چراکانی سەر رێگەکانی کار دەکەن، شارەکانی سەدەی هەژدەهەم ئەو قەرەباڵغی و چڕ و پڕیەینان نەبوو کە لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی خێرایی سامان بەهۆی کارگە و بازاڕەکانەوە لە شاری ئەمڕۆی رۆژئاوادا، بەدیدەکرێت.

هەروەك دەنگی کارگەکان و تەقەی ئاسنی نێو کارگە و دووکەڵی رووبە ئاسمانی ناوشار بە بەردەوامی کە ئاسمانی شار دابپۆشێت و رێ بە تیشکی خۆر



Scanned with CamScanner

نەدات، ئەمانە نەبوون ئەم دیاردە ئاساییانەی ناو شارەکانی رۆژئاوا لە دویلنەوە بۆ دابوست لەو سەردەمەدا بە سەدەی هەژدە و شارەکانی ئەوی نامۆ بوو.

کەشتیە بازرگانیەکان و شەمەندەفەرەکان یان ئەو کارگانەی بەهۆی مەکینەوە کاریان دەکرد ئەوکات نەبوون، بەڵکو دواتر بێنزان، بازرگانی زۆر لەسەرخۆ و بەشێوەیەکی کەم لە چەند بەندەرێکی گەورەی وەك لەندەن و ئەمستردام هەبوو، ئەو شمەکانەی دەنێردران بۆ داگیرەگەکان یان لەوێوە دەهێنران پێش ئەوەی بخرێنە سەر کەشتیەکان گومرگێکی گەورەدا کۆدەکرانەوە.

بەڵام بەرهەمهێنان و دابەشکردنی شمەکەکان لەدەست ئەو سەندیکایانەدا مایەوە کە هەموو ئەو کەسانەیان لەخۆ دەگرت کە یەك پیشەیان هەبووە وەك سەرتاشەکان و نانەواچیەکان و دارتاشەکان و پێڵاو دوورەکان یان چەقۆگەران یان گوڵسازان.... ئامانجیان رێگری هەموو ئەندامانی دیکەی شار بوو لەوەی هەمان پیشە فێر بن و هەمان شمەك بفرۆشن.

ژمارەی ئەندامانی سەندیکاش کە دوکانیان هەبێت سنوردار بوو هەروەك ژمارەی ئەو پیشەسازانەش کە وەستا دەیتوانی بەکاریان بهێنێت سنوردار بوون و بۆ پیشساز نەبوو ببێتە مامۆستا  مەگەر ماوەی زیاتر لە حەوت یان هەشت ساڵ بباتە سەر، ئەمەش بۆ پاراستنی ژمارەی وەستاکان تا زیاد نەبن و رکەبەریش دروست نەبێت، یاریدەدەریش بە درێژایی تەمەنی بە بێ ئەوەی بچێتە قۆناغی سەروتر دەمایەوە، کە دەبوو بە وەستا بۆی دەبوو بە تەواوی دەستبگرن بە پیشەکانیانەوە، جا ئەگەر یەکێك لایبدایە و دەستێوەربدایەتە کاری ئەوی دی دەبوو زوو پۆزشی تەواو بهێنێتەوە ئەگەرنا ئەندامێتی خۆی لەدەست دەدات.

جارێکیان وا رویدا کڵاوسازێك لە پاریس ژمارەیەکی زۆری کڵاوی بەتێکەڵکردنی خوری و ئاوریشم دروستکرد، بۆیە سەندیکا رەخنەی لێگرت و شمەکەکانی لەناو برد بەو بیانوەی یاسای کار کردووە بە سەندیکا رێ نادات تەنها خوری بەکار بێت و باسی اوریشمی نەکردووە، سەندیکاکان لە سەدەککانی ناوەڕاستدا جیاواز بوون لە سەندیکا نوێکان ئەمەش لە سێ لایەنەوە بوو:



Scanned with CamScanner

١-سەندیکا کەمینەکان تەنها وەستایانی پیشەکەیان بە ئەندام وەردەگرت.
٢-حکومەت خۆی بریارەکانی ئەو سەندیکایانەی جیچبەجیٚ دەکرد.
٣-لە چەند پیشەیەکی کۆندا بەرتەسک ببونەوە و یەک شێوە بەرهەمهێنانی بە میرات بۆ بەجێما و یان هەبوو، کارکردنیش لە ماڵی خاوەن پیشەکەدا بوو، هەرچی باسی ئەو سەندیکایانە و بەهیچزییان بکەین، بیچگومان لەبەردەم بارودۆخی رەقی جیهانی نویٚ و رێکخستنە ئابووریە نویچکاندا بەرەو ئاوا بوون چوون.

********************



Scanned with CamScanner

# خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی

سەندیکاکانی سەدەکاکانی ناوەراست یان دەرەبەگەگانی ئەو کات بە تەنها کاریگەریان لەسەر سەدەی هەژدەهەم بەجێنەهێشت، بەڵکو لێکۆڵەر سەرەرای ئەوە چینێکی گەورە دەرەبەگەکان دەبینێت کەلە قولایی رابردووی دوورەوە دێن و ئێستا بەبەرگ و رەنگی جوان و قژی درێژ و جوان دێنە پێش چاو ئەو جێبەجێکردنی یاساکان و دژایەتی نەیارانیدا ئازادی و سەربەخۆییان نەبوو، تەنانەت ئەگەر خودی پاشاپ بێتن بەلام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو مافانەی خۆیان هێشتەوە کە لە خەڵکی گشتیو هاولاتیانی دیکە جیای دەکردنەوە.

پاشایانی ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئیسپانیا بەرەبەرە خانەدانە هەڵگەراوەکان ملکەچ بکەن و بیانخەنە ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی خۆیانەوەن هەرکە ئەورووپا چوویە سەدەی هەژدەهەمەوە سەرکردە دەربەگەکانی فەرنسا بە تایبەت لەبەردەم پاشایاندا کرنوشی نەوازشیان برد و قەلاکانی خۆیان بەجیچهێشت وئەو شانازی و گەورەییەیان وەلا کە رۆژانێك لە قەلاکانەوە نازیان پێوە دەنواند.

داوایان لە شای خاوەن شکۆ و دەسەلات دەکرد تا رێیان پێبدات لە پاڵ کۆشکەکەیدا بژین و ئەسپە جەنگیەکانیان لەبیر بکەن و لە ژیاندا بە بەرگی جوان و پێلاوی پاژنە بەرز و زەردەخەنەیەکی بەرەبەیانی پاشاکەیان و وەلامدانەوەی سەلامیان و نانخواردنێکی ئێواران لەگەڵیان رازی بن، قەلاجەنگیەکانیش کەنار خرا بوون و ئەگەر شا لە هەموو تەمەنیدا یەکجار سەردانی بکردایە گەورەیی دەبوو بۆ خاوەن قەلاکە و دەیکردە کۆیلیەکی ملکەچ و خزمەتگوزارێکی دڵنیا و پاك بە درێژایی هەموو تەمەنی بە بەردەوامی ژیان و درێژبوونەوەی کات و دوورکەوتنەوەی خانەدانەکان لە قەلا هەرێمەکانیان لە دڵی شوێنکەوتەکانیاندا هەموو متمانەیەکیان لەدەست دا، بەلام باج کۆکەرەوەکانیان بەردەوام باجی زەویەکۆنەکانیان کۆدەکردنوە و دەیاننارد بۆ گەورەکانیان تا چێژ لە کۆرەکان وەربگرێت و بحەوێتەوە.



Scanned with CamScanner

قەڵاکانی دەرەبەگەکان لە ئینگلتەرا دارمان و پێش ئەوەی لە فەرەنسا وا بیچت لە ئینگلتەرا دا لەبەرچاو نەمان، یاسای ئینگلیزی دەرفەتی بەهیچ تاکێك نەدەدا (باهەر چەندە پلەیشی بەرز بێت) کە مافی تتایبەتی هەبێت یان هەندێ چاوپۆشی لێبکرێت کە لە هەموو کەسێکی ئازاد نەکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چینێکی تایبەتی خانەدانەکان هەبوون، شا دەمێك بوو هەموو لۆردەکان و چەند باروتێکی بان گ دەکردن تا لەکار و باردا راوێژیان پێ بکات، لەمەوە چینێکی خانەدانەکان بەناوی (بیراج) سەریانهەڵدا،هەرکەس بچوایەتە ناویەوە مافی هەبوو لە ئەنجومەنی لۆردات دا دابنیشێت و کوڕەکەشی ئەو مافە بە میرات وەربگرێت.

بەڵام وەك خەڵکی دیکە باجیان دەدا و ئەگەریش تاوانیان ئەنجام بدایە وەك خەڵکی دیکەی وڵات سزا دەدران، تەنها بۆ کوڕ گەورەی بیراج هەبوو ناو پێگەی لۆردی باوکی بە میرات بگرێت بۆیە بەپێچەوانەی ئەووپاە ژمارەیان بە سنورداری مایەوە، بەڵام لە ئەوروپا هەموو لۆردێك کە دەمرد شانوشکۆی باوك و ناوی و مافەکانی بە میرات بۆ کوڕەکەی دەهێشتەوە.

بەڵام لە ئەڵمانیادا سەرکردە عەرەبەگەکان شانوشکۆ و دەسەڵاتیان بە مانەوەی قەڵاکانی باو باپیرانیشیان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مابوویەوە، چونکە ئەو وڵاتە پەیوەندی پچڕاوی لەگەڵ شوێنەکان هەبوو و لەنێو خۆیدا دابەش بوو و پاشایەکی بەهێزی تێدا نەبوو کە هەموو بەشەکانی یەکبخات و قەڵاکانی نەهێڵێت و پشن ملی خاوەن قەلاکان بگرێت و وەك کارەکەی پاشای فەرەنسا بیانهێنێتەوە ناو کۆشکەوە، بۆیە لێکۆڵەرکە سەیری سەدەی هەژدەهەم دەکات و سەدان خانەدان دەبینێت کە لە ئەڵمانیا دا فەرمانڕەواییان کردووە، دەسەلاتی هەندێکیشیان لە کێڵگەیەکی گەورەی وەك کێڵگەکانی ئەمڕۆی ئەمریکا زیاتر نەبوو، هەر یەك لەوانەشی باجی دادەنا و دادگای هەبوو و دراوی لێدەدا و بە پێی خواستی خۆی سوپای بەردەوامی هەبوو، هەندێ جار سوپاکانیان دەستەیەك لە سەربازی کەم بوون لە دەوری میرێکی بچوکدا.



Scanned with CamScanner

پاشان لە هەموو بەشەکانی ئەوروپادا گەورەترین خانەدان بوو و نازناو و پلە و ناوی بە خانەدانی دیکە دەبەخشی بە ویستی خۆی کەسی دەکوشت یان کەسی دەپاراست،کەسی سەرشۆڕ دەکرد یان سەربڵندی دەکرد، لە بەردەمیدا سەرەکان بۆشـان و شـکۆی دادەنـەوین وملکەچـی خۆیـان نیـشان دەدا، چـونکە ئـەو بـوو سـتەمکار و خۆسـەپێنە بـچووکەکامی لـەناو بـرد و وڵاتـی یەکخـست و جەنگـە تایبەتیەکان و دەستدرێژی دەرەبەگەکان بۆ سەر بازرگانی نەهێشت، ئیدی وڵات ئارامی بەخۆیەوە دی و کاروانە بازرگانیەکان بە دڵنیایی و بێ خەمی دەچوون.

پاشـا دراوی لێـدەدا و هـانی پیـشازی دەدا و یارمـەتی زانـستەکانی دەدا و حکومەتی رێکدەخست و رێخۆشکەری دەکرد بۆ دەرکەوتنی دەوڵەتە دیموکراتیە نوێیـەکان و نـەمانی پاشایەتی لە چەند ناوچەیەکدا، بە راسـتی ئەگـەر پاشـای خۆسەپێن دەرەبەگەکانی ملکەچی خۆی نەکردایە و خۆبەزلزانی و هیوای گەیشتە دەسەلاتی سەربەخۆیی و جیا و تاکڕەوی دەرەبەگەکانی لەناونەبردایە ئەوا هـەرگیز دیموکراتیەت و یەکسانی سیاسی نەدەهاتە کایە.

ئەکلیرۆسـەکانیش چـینێکی تایبـەتی جیـایی نێـو وڵاتـە کاسـۆلیکەکانیان پێکهیـچنا و هێـز و رێکخـستنی وایـان هـەبوو کـە لەسـەر و هێـز و رێکخـستنی خانەدانەکانـەوە بـوو، ئـەوان هێـشتا چـەند مـاف و دەسـتکەوتێکیان هـەبوو کـە لـە سەدەکانی ناوەراستەوە بۆیان مابوویەوە، لە و رۆژانـەی کە دەوڵـەت و پـەروەردە و فێرکاری و پیشەکانی حکەمەت و سامان و زەزی کڵێسایان لەدەستدا بـوو، قەشـە و سەرکردەکانیان لە سەدەی هەژدەهەمدا تەواو فێـری کـۆڕ و ژیـانی پاشـاکان ببـون و داهاتی زۆری زەویـەکانیان بۆ پیچویستی و خۆشگوزەرانی رابواردنی ئەو جۆری ژیانە خەرج دەکرد.

زۆرێکیان ماف گەورە عەرەبەگەکانیان هـەبوو، قەشـەکانی گوندەکانیش لەگـەڵ هەژاریـدا دۆسـتی گـەموگوڕ بـوون و شـەو رۆژ پێکـەوە بـوون و پێکـەوە نەوبیوونـە ژیانی سەخت تا بەشی ژیان و بژێوی رۆزیان لەدەستدابێت، بەڵام سامانی کڵێسا تـەنها لـەو سامانەی زەویـە فراوانەکانیـدا تەسك نەبیویـەوە، بەڵکو چـەند بـاجێکی



Scanned with CamScanner

ڕێکخراویشی هەبوو وەك (دەیەك) کە هەموو تاکێك بە ویستی خۆی بێت یان بەزۆر دەبوو بیدایە.

سەرەرای ئەو رەشەبا و گەردەلولانەی تووشی کلێسا بوو ئەو گۆرانانەی بەسەریدا هاتن، کەچی لە سەدەی هەژدەهەمدا هێزێکی گەورەی مابوویەوە و بەسەر عەقلی خەڵکدا زاڵ بوو و بەردەوامچەند خزمەتگوزاریەکی پێشکەشی کلێسا دەکرد تا تاکی ئاسایی وابزانێت ناتوانێت بە بێ کلێسا بژێت.

کلێسا رۆژی بەدایکبوونی کەسەکانی تۆمار دەکرد و گرنکی دەدا بە پەروەردەو فێرکردنی و پیرۆز راگرتنی کاری هاوسەرگیری و سوککردنی کاتی ئازاری دەرد و نەخۆشی ودەربازبوونی هەمیشەیی لە تاوانی بە گیانی تاکەکان دەبەخشی، بەرانبەر بەم خزمەتگوزاریانە دەبوو برێك پارە بدات و دڵسۆزی بۆ رێبازەکەی بنوێنێت، هەر کەس بەرانبەر بەمە بوەستایە سزای دارایی دەدرا و دەکرایە بەندیخانە یان سزای بێبەریکردنی بۆ دەردەکرا.

هەردوو کلێسای کاسۆلیکی و پرۆتستانتی زۆر توندرەو و دەمارگیر بوون، حکومەتیش پاڵپشتی ئایینی دەوڵەت بوو بە توندی و خێرایی سزای لادەرانی دەیان ئەو کەسانەی دەدا ە رەخنەیان لە کلێسای دەوڵەت و ریچبازەکەی بگرتایە، ئیدی بە نووسین بێت یان بە قسە و گوفتار.

هەروەك چاودێری چاپکراوەکان بە وردەکاریەوە سەیری هەموو کتێچب و بڵاوکراوەکانی دەکرد تا بزانێت شتێکی دژ بە دەسەلاتی کێسا یان پاشای تیچدا نییە، پاشای فەرنسا لە ساڵی ۱۷۵۷ز.دا دەقێکی دەکرد و مەرگی کرد بە بەشێك لە بڵاوکردنەوەیان دانان یان دابەشکردنی هەر کەتێبێك کە هێرشی بکاتە سەر ئایین لە سەدەی هەژدەهەمدا بە کاریگەری ئەکلیرۆس و دادگاکانی پاشا چەندین کتێب لە فەرەنسا دا سووتێنران چونکە رەخنەیان لە ئایین و دەوڵەت دەگرت، هەر وەك بە پیچی توانای گرتنیان نووسەرەکانیان دەگیران و بەند دەکران.

بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە چەندین کتێب دەرکەوتن کە رەخنەیان لە بیرو را کۆنەکان دەگرت و داوای چاکسازیان دەکرد و لەنێو خەڵکدا بە خۆرایی دابەش



Scanned with CamScanner

دەکران، نوسەران یان بڵاوکاران ناوی خۆیان دەشاردەوە، هەروەك زۆربەی ئەو کتێبچیانە لە جنێف یان هۆڵەندا ی خاوەن ئازادیدا چاپ دەکران.

دادگاکانی پشکنین و کۆت و بەندەکانی چاپخانە لە ئیسپانیا دا بەردێکی سەخت و گەورەی بەردەم گەشەسەندن و پێچشکەوتن بوون تا نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمیش.

پێشتر ئەوەمان رونکردەوە کە هێزی هەشتەم خۆی لە کڵێسای کاسۆلیکی جیاکردەوە و خۆی وەك سەرۆکی کڵێسای ئینگلیزی راگەیاند و پەرلەمانیش لە سەردەمی ئیلبزابیتدا کڵێسای نەتەوەیی دامەزراند، بەمە زمانی ئاگری چەوساندنەوە نوەکانی کڵێسای کاسۆلیکی گرتەوە، بەڵام لە بەختی باشیاندا لەویٚ وەك ئەوەی باس دەکرێت لە وڵاتی فەرەنسیەکاندا روویداوە قەسابخانە رووی نەدا، لە وڵاتەدا چەنیدن پرۆتستانت هەبوون کە لەگەڵ تێڕوانینی کڵێسای رەسمی ئینگلیزیدا نەبوون، لە ئەنجامی ئەمەدا لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەو کەنارگیرانەوە چەند دیدێکی جیا جیا دەرکەوت، سەرەرای باسکردنی ئەو دەستانە لە پێشتردا کۆمەڵەی فرێندس (واتە برایەتی) یان کوبکرس دامەزرا کە کە دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی جۆرج فۆکس و ئامۆژاریکدنیان ئەمەیە کەم دەستەی ئایینی بوو کە موژدەی ئاشتی و پەنا نەبردن بۆ جەنگی دەدا لە هەر بار و شوێن و کاتێکدا، فەزڵی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئاشتیخوازی و گەیشتنە ئەو پلەی کە لە پێش جەنگی گەورەدا پێی گەیشت بۆ ئەم دەستەیە دەگەڕێتەوە.

کۆتا گەلی راپەڕیوی پرۆتستانتی گەورە بریتی بوون لە (میسۆدیست)وکان واتە ئەوانەی پەیوەست یاسا و رێکخستنەکان لەبەر لە خواترسی و دەستگرتنیان بە کۆکردنەوە و نەریتی خۆیانەوە ئەو ناوەیان لیچنرا، دروستکەری ئەم گروپەش (جۆن ویزلی) بوو کە مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد بوو لە نێو خوێندکارەکانیدا ئەم کۆمەڵە ئایینەی دامەزراند..

ئەو پەیمانی نەرمی نواندنەی کە پەرلەمانی لە ساڵی ١٦٨٩ز.دا دەریکرد دەرفەتی بە کەنارگیران دەدا تا کۆبوونەوەکانی خۆیان ببەستن، بەڵام ئەمە بە



Scanned with CamScanner

راشکاوانە بۆ یەکتاپەرستتان قەدەغە بوو و یاسا دەرفەتی بەو گروپە و بە کاسۆلیکەکانیش نەدەدا تا مەڵبەندەکانی حکومەت بگرنە دەست یان پلەکانی ناو زانکۆکان وەربدرن، ئەندمانی کڵێسای ئینگلیزی مافیان نەبوو و وەقفی کڵێساکان ببەن و رێ لە کاسۆلیکەکان بگرن بۆ چوونە ناو ئینگلتەرا، هەر وەك لەناو وڵاتدا لە هەموو مافێك بێبەش بوون با هەر چۆنێکیش بێت.

بەڵام سەرەرای یاسا توندەکان و ئەو تایبەتمەندیانەی کڵێسا ی ئینگلیزی هەیبون، خەڵکی لە ئینگلتەرا لە سەدەی هەژدەهەمدا ئازادی یەکی بەرفراوانی گوفتار و بیروباوەری پێدا بوو، یاساکان کەسیان ناچار نەدەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبێك یان نوسینێك لە حکومەت مۆڵەت وەربگرن وەك ئەوەی لە فەرەنسا هەبوو، ئەمە لە دوورگەکانی بەریتانیدا دەرفەتێکی فراوانی بۆ لێکۆڵینەوە و مشتومڕ لە باس و خواسە ئایینی و زانستی و سیاسیەکاندا کردەوە بە جۆرێك لەناوچەکانی دیکەی ئەوروپا دا نمونەی وانە بوو، کتێبەکانی مامۆستا ئینگلیزەکان چینی پەروەردەکار و فێرکاری ناو فەرەنسایان تێدەپەڕاند ئەمەش کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ئینگلتەرا هەبوو.

*********************

# زانستە نوێکان و بیری پێشکەوتن

خەڵکی لە پێش سەدەی هەژدەهەمدا رابردوویان پیرۆز رادەگرێت و رەخنەیان لێ نەدەگرت و بڕوایان وابوو سەردەمانی پێشوو لە ئێستا باشتر و بەرزتر بوون، چونکە ئەون هیچیان لە خراپەکانی رابردوو نەدەزانی، بەڵام خراپەکانی ئێستا لەبەر دەمیاندا بە روونی دیار بوون، ئەمە وای لێدەکردن چاو لە پاڵەوانانی رابردووی پێشینەی چاکیان بکەن لە بواری هونەر و ئەدەب و نەریت و ئاکاریاندا، بە بیریشیانجا نەدەهات بتوانن وەك باوباپیرانمان بکەن یان پێشیان بکەون، ئیدی هەموو نمونەی بەرز و باڵایان خۆی لە رابردوودا دەبینیەوە، چاکە لە دیدی ئەواندا گەڕانەوە بوو بۆ شکۆی پێشوو و زیندووکردنەوەی رۆژانی سەرەتا.

بەڵام بەڵام رۆژان پیاوێکی بیریارین درووست کرد کە هەستیان بە کەموکوڕی و هەڵەکانی رابردوو دەکرد، بیریان دەکردەوە لە چاککردنی باریان و بەرزکردنەوەی بۆ پلەیەکی سەروتر لەوەی سەبارەت بە رۆژانی بەختەوەری رابدروو و کامەرانی با و باپیران باس دەکرا، ئیدی باسیان لە دواکەوتەیی خۆیان و سەرنەگرتنی هەوڵەکانی چاکسازی نەزانیٚ کوێرانە و نەریتە داخراوەکانی سەردەمی باو باپیرانی یەکەم و دەستگرتن بە چەند رێکخستن و یاسایەکیان دەکرد کە سەردەمیان نەما بوو و هەوڵیاندەدا بەرەو داهاتوو بچن و دیوەزمەی نەریت و دابە کۆنەکان کەمبکەنەوە بەڵکو لێی رزگار بن و خۆیان لە کەشیچکی ئازادی شیاوی پێویستیەکاندا ببیننەوە.

هەموو فەزڵ و گەورەیی هەستانەوەی بیری پێشکەوتنخوازی وا لە رۆژئاوادا بۆ زانستە نوێکان و ئەو کەسانەی ئەوزانستانە دەگەڕێتەوە کە روویان لە رابردوو هەڵکرد و کارگێڕی زاڵ بوون و دەسەڵاتی رابردوویان بە ئارامی و لەسەرخۆیی و نەرمونیانی لابرد و بە دۆزینەوەی پێشکەوتنی بێکۆتا رشێیان بۆ مرڤایەتی رووناك کردەوە، بەڵام بۆ ئێمە سەرسەختە ئەو پێشکەوتنە گەورەیە بێننە پێش چاو کە لە دیدی خەڵکدا لە سەردەمەکانی دواتردا بەرامبەر بە جیهان روویدا، چونکە ئێمە خۆمان تیایدا دەژین.



Scanned with CamScanner

ژیانی نوێمان فێری کردین رۆژانە بۆ شتێکی نوێ و چاکسازی و داهێنان بڕوانین و بڕوانینە داهێنانە گەرەکانی وەك تەلەفون وە هێڵی پەیوەدیی رادیۆ و فرۆکە و هیچ سەریشمان سوڕ نەمێنێت، زانایانی سەدەکانی ناوەراست رۆچووبوونە ناو لێکۆڵینەوەی فەلسەفە و لاهوت بە بێ ئەوەی گوێ بدەن بە دیمەنەکانی دەوروبەری خۆیان، خوێندنەوەی ئەرستۆ یان بە دەرمانی لێکۆڵینەوە لە سروشت دەزانی.

بەلام جیهانی نوێ بە تێبینی دیمەنی سروست یان خوێندنەوەی نوسینەکانی ئەرستۆ لە بارەیەوە رازی نەبوون، بەڵکو ئەمەیان تێپەراند و بە وردەکاریەوە پێشکەوتن، تاقیگەکان بە ماددە و ئامێری پێویست دەکەوتنە لیچکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە لەو بارەیەوە، میکرۆکۆب، و تیلیسکۆب و بارۆمەتر و ترمۆمەتر و کاتژمێر و پێوانەکان هەموو ئەمانە یارمەتی هەستی، مرۆڤی ئەمڕۆ دەدەن تا بە وردیەوە تێبینی و پێوانە بکەن کە ئیغریقی و رۆمانەکان خەویان پێو نەدیبوو ئەم شێوازی نوێیەی لیچکۆڵینەوەیەش پەردەی لەسەر زۆربەی داهێنراوە نوێ و سەردەمیەکانمان هەڵمالی.

پشتیوانانی گەرانەوە بەرەو دوا و بیرو را ئایینیە کۆنەکان لە بزووتنەوەی داهێنانە نوێکان رەشبین بوون و بڕوایان وابوو ئەو بزووتنەوەیە دواتر باری چەندین بارگرژییان بۆ دێنێتە کایە، بۆیە کەوتنە گومانەوە، چونکە لێکۆڵینەوە زانستیەکان مرۆڤیان تێگەیاندوو کە پشت بە رابردووی پڕ لە نەزانی و خورافە و چەند ۆزینەوەیەك ئەبەستێت کە نەیاندەتوانی لەگەڵ دیوی دیار و وتەی هاتووی ناو ئینجیل و نەریتە بلاوەکان و بیرورا وەرگیراوەکان لە جیهان یەکبگرن، زانایان و پیاوانی ئایینی رایەکیان هەبوو کە ئەم دۆزینەوەانە پێچەوانەی ئەوە بوون، پیاوانی ئایینی مرۆڤیان بە ئاژەڵێکی بەدخوو و خراپ دەزانیکە مەتوانێت بیر بکاتەوە یان کاری چاك بکات مەگەر بە ویستی پیرۆز نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دۆزینەوەکان مرۆڤەیان هاندەدا تا زانیاریە دەریاییەکانی خۆی بەکار بهێنێت وپێێن وابوو مرۆڤ دەتوانێت باری خۆی و هاوڕێکانیشی تا ئەوپەڕی دووری لە کەموکورتی نەریتە کۆنەکان چاك بکات و لەو چەمك و وانا هەلانە رزگاری ببێت کە لە پێشینەی چاکیەوە بۆی ماونەتەوە.



Scanned with CamScanner

گەورە و (پێغەمبەر)ی ئەو بزووتنەوەیە لە کیشوەردا پیاوێکی فەرەنسی بوو کە لە ساڵی ٧٢٦ز.دا بەدوور خراوەیی هات بۆ وڵاتی ئینگلیز، لەوێ سەرسام بوو بە ئازادی گەل لە قسە کردن لە بیروڕا و بیروباوەڕیاندا، کاتێك گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی ئەو ئازادیەی بەرەو وڵات بردەوە و دژ بە کڵێسای کاسۆلیکی هەستاو کڵێسایش لە ڕوویدا وەستاو قۆچای بەڵام شاخەکانی شکان.

ڤۆڵتیر زمانە تیژو بڕەرەکەی خۆی کرد بە شمشێرێك کە ملی پیاوانی ئایینی پێ دەبرشێ و قسە گاڵتە جاریەکانیشی کردە لێشاوی تیرباران بەسەریاندا، بۆیە کاهینەکانیش بە تۆپە گەورەکانیان و مەنتیقی قورس و چەقبەستوو و چەوساندنەوەی توندیان لە روویدا وەستان، بەڵام نەیانتوانی بێدەنگی بکەن، لەگەڵ ئەوەی جەستەی لاواز بوو بەڵام بە تەنها لە رووياندا وەستا، ژیانی سەرەتای ڤۆڵتێرکاری ئەدەبی و هونەری بوون بەڵام رەوتی ئینکاریکردنی سورش پێی گەیشت و ئاگری تێبەڕاند، بۆیە ئەویش بەردەوام بە درێژایی ژیانی لە ناخەوە رەخنەی لە کڵێسا دەگرن و دڵی لێی کرمۆ بوو.

ئەم کەسە رەوانبێژی فەرەنسیە توانای گەورەیی خۆی بۆ پیاوانی زانست نیشاندا و پاڵەوانانی جەنگی پشتگوێ خست، لای ئەو دۆزینەەکانی نیوتن زۆر لە جەنگەکانی قەیسەر و ئەسکەندەر گەورەتر بوون، هەروەها سەرسامبوو بە سکویکرس و رێبازە ئایینیەکەیان و رێز گرتنی چینی ئیشکەری ناو ئینگلتەرا، سەبارەت بە کتێبە بچووکەکەی (چەند پەیامێك لە بارەی ئینگایزەوە) بڕیاری دەوڵەتی لەسەر درا تا لەبەردەم جەماوەردا بە سوتاندن لە سێدارە بدرێت واتە بسوتێنرێت، چونکە دادگای باڵای دادوەر، لە پاریس بە کەسێکی دەمپیسی رێزنەگری شا و حکومەتی دانا.

ڤۆڵتێر ژیانی خۆی لە بازنەیەکی بەرتەسکدا نەهێشتەوە و تێکەڵی سەرکردەکان و خەڵکی ناو بازاڕی کرد. لە بوارە جیاجیاکانی مێژوودا لە گێڕانەوەوە تا پەیامی فەلسەفی و چیرۆك و چەندین بابەتی دیکە کە بۆ کەسانی سەرسامبووی نووسین هەوڵیدا بۆ هەموو چینکانی کۆمەڵگە بنوسێت، رەخنە

گرتنیشی لە کڵێسا دەگەڕێتەو بۆ بڕوا بوونی بەوەی کە کڵێسا بەربەستی ڕێی پێشکەوتنە، ئەم بیروباوەڕەیش وای لێکردووە چاو بپۆشێت لەو شتانەی کە دەزگا و دامەزراوەی کڵێسا پێشکەش بە شارستانێتی کردووە بە گشتی بێگومان ئەو کەسە هەڵکەوتەیەکی ناو مێژووە و دژ بە ستەم جەنگاوە و ڕقی لە ناهەق بووە و ڕێخۆشکەری بۆ چەندین چاکسازی کردووە.

سەرەرای باسکردنی چینی خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی و تایبەتمەندیان دەبینین ئەو دوو چینە بەرەبەرە رووبەدواوە دەگەڕێنەوە و نەوەی چینی، مامناوەند شوێنیان دەگرنەوە، ئەم نەوە نوێیەش لەمانەوە سەریانهەڵدا:

١-بەرزبوونەوەی چەند ئەندامێکی چینی گشتی و رزگار بوونیان لە کۆیلایەتی لە رۆژانی رێنسانسی ئەورووپیدا.

٢-داکەوتنی هەندێ لە خانەدانەکان.

٣-ماوەیەکی زۆری خایاند تا ئەو چینە بوون بە خاوەن پیشە و بازرگان و پیاوی زانست و هونەر و دەستیان گرت بەسەر سامانی ماددی و ئەدەبیدا و دواتر داوای جڵەوی هێزی سیاسیان دەکرد بەهۆی ئەو دەسەلاتەی بەدەستیان هێنا بوو بەسەر هەردوو جیهانی هزر و مادده دا.

بەڵام گەشەسەندنی سیستمە رامیاریەکان دەسەڵاتی دابوویە دەست پیاوانی ئایینی و خانەدانەکان و پاشان لە کاتێکدا هێزی ئابووری لەدەست ئەندامانی چینی ناوەڕاستدا بوو، هەردەبوو ئەو دوو هێزە لەدەستی یەك کەسدا سەکبخرێن ئەمەش بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بەبێچ هەستپێکردن و لە ئینگلتەرا روویدا لەبەر نەبوونی پەرلەمان، چونکە چینی ناوەراست چوونە ناوی و زۆرینەیان پێکهێنا و دەستیانگرت بەسەر کارو بارا، کاتیچك پاشایەك ویستی ئازاریان بدات و دەسەڵات بباتە دەست خۆی، لە قەسابخانە و لەبەردەم کۆشکە سپیەکەیدا سەری لە جەستەی کرایەوە، بەڵام لە کیشوەردا هێزی چینی ناوەراست لە دیمەنە ئابووریەکەیەوە نەبوو، بەدیمەنی سیاسی تا ئەو چالاکیە گەورەیە روویدا کە ئێمە ئەمرۆ پێی دەڵێچین شۆرشی فەرەنسی.



Scanned with CamScanner

یەکەمین ئەو کەسانەی داوای دەسەڵاتداری ئەو چینەیان دەکرد چۆن لوك بوو کە پاش دەرکەوتنی شۆرشی پەرلەمانی ئینگلیزی لە شێوەی کۆتایی خۆی لە ساڵی ١٦٨٨ز.دا هەستا و هەوڵیدا بە بیردۆزەیەك بیانوی بۆ بهێنێتەوە کە لە مێژوودا هیچ راستی و بنەمایەکی نەبوو، کورتەکەشی ئەوە بوو کە پاشا لەلایەن خوداوە نەنێردراوە تا فرەمانڕەوای گەل بکات و بە ویستیی خۆی کار بکات.

بەڵکو بە رێککەوتنێك کە لەگەڵ گەلدا بەستویەتی و چووەتە ناویەوە تا بڕیارەکانی گەل جیچبەجیٚ بکات دەسەڵاتی وەرگرتووە.

جا ئەگەر رۆژێك لە رێگە لایدا یان سنووری دەقەکانی بەزاند یان بەشێوەیەکی بەردەوام بەگەلەکەی خراپەی نواند، ئەوا گەل لەسەر کورسی دەسەلاتەکەی لای ببات، ئەگەر پرسیار لە جۆن لوك بکەین (ئەو ئەندامانەی گەل کە دەسەلاتی باڵایان لەدەستدا بوو کیٚ بوون؟ ئەویش بەدڵنیاییەوە دەڵیچت شۆڕشگێرانن بە تەنها یان ئەو چینی ناوەڕاستە کە شۆڕش ئەنجام دەدەن.

کەواتە لۆك نوێنەری چینی ناوەڕاستە و ئەو رێبازەی لە کتێبەکەیدا (پەیامیچك لەمەڕ حکومەت) لە ساڵی ١٦٩٨ز.دا نوسیبووی بانگەوازی دەکرد بۆ نەرمونیانی و مامناوەندی و ماف موڵکداری و دەستگرتن بە تاکە کەسیەوە وەك رێبازی ژیان، یان دەستگرتن بەو شتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندی چینی ناوەراستدا بێت.

لۆك لە قسەکردنیدا سەبارەت بە دەوڵەت و دامەزرانی دەوڵەت زانستی نەبوو، بەڵکو ئەو پشتی بە پشکنینی راستیەکان و سەلماندن و ریزبەندکردنیان نەدەبەست یان وەسفی حکومەتەکانی سەردەمە جیاوازەکان و بەراوردکردنیان بەیەکدی نەدەهێنایە پێش چاو، بەڵکو بڕوای بە چەند یاسایەك هەبوو و بە پیچی توانای خۆی بەڵگە و بیانووی لیچ دەردەهیچنان بۆ شۆڕشی ١٧٨٨ز، جێبەجێکردنی شێوەی زانستی بۆ زانستی سیاسەت چەند سەدەیەك دواکەوت تا مۆنتسکیۆی فەرەنسی هات و لە ساڵی ١٧٤٨ز.دا کتێبەکەی بلاوکردەوە (رۆحی یاساکان) و لەسەر چەند بنەمایەکی زانستی زانستی سیاسەتی دانا.



Scanned with CamScanner

ئەو لەو کتێبەسدا جۆرەکانی حکومەت وەسف دەکات و بەراوردیان دەکات بە یەکدی و دواتر دەگاتە ئەوەی حکومەتێکی نمونەیی و باڵا لە جیهاندا نیە کە بۆ هەموو کات و شوێنێك شیاو بێت.

هەر گەلێکیش سیستمێکی هەیە بۆ کارگێڕی کە تایبەتە بە خۆی و لە هەموو سەردەمەکاندا بە پێی پێداویستی و باری تایبەتی خۆی بۆ خۆی دروست دەکات. هەرگیز دروست نیە بڵێین مۆنستکیۆ بانگەوازی بۆ شۆڕش دەکرد، بەڵکو شێوەی هزری واقیعی و ئسروشتە ئەرستۆکراتیەکەی ڕێیان پێنەدەدا ئەوە بکات.

بزووتنەوەی زانستی چەند بانگخواز و پشتیوانێکی هەبوون، لە فەرنسادا دینس دیدرۆ کە یەکێك بوو لەسەر سام بوان بە ڤۆلتێر هەستا بەس مرکردایەتی دەستەیەك لە زانیان و دائیرە تولمەعاریفێکی بڵاو کردەوە کە بیری فێربوانی رووناك دەکردەوە و بەرەوپێی چاکسازی و پێشکەوتنی دەبردن وە هەولیشی دەدا هەولی خۆی لە وورووژاندنی پیاوانی ئایینی یان رای گشتی بەدوور بگرێت تا ئەوەی دەرفەتی کردەوە بۆ بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێك کە لەگەڵ بیروڕای خۆی و هاودەمەکانیدا یەکیان نەدەگرتەوە، لەو دائیرەتولمەعاریفەشدا هێرشی دەکرایە سەر دەمارگیری گەل ئاینیان و سیستمی گەندەڵی باجەکانیان هەرەك هێرشی دەکردە سەر بازرگانی کۆیلایەتی و توندی یاسای سزادان و هاندانی خەڵك بۆ لاکردنەوە بۆ زانستە سروشتیەکان و ئەو کانزا گرانبەهایانەی تیایدان، بەڵام وەزیرەکانی پاشا بۆ رازیکردنی پیاوانی کڵێسا ڕێیان لە دەرچوونی گرت دوای ئەوەی ژمارەی دووەمی دەربوو، بەو بیانووەی هێرشی کردۆتە سەر پاشا و ئایین، بەڵام نەیتوانی کارەکە بوەستێنن و سەرەرای کاری چەوساندنەوەی ئەو وەزیرانە بەڵام پرۆژەکە بەردەوام بوو.

ئەگەر ڤۆلتێر گەورەی (خواوەندی) گاڵتەجاری و منتسکیۆ نێردراوی بزووتنەوەی زانستی نوسینی سیاسی بن، ئەوا ژان ژاك رۆسۆ پیچغەمبەری شۆڕشی دیموکراتیە، ئەو نەوەی جنێف و پەرەوردەی شەقامەکانە، هەر جارە و پیشەیەکی ئەنجام دەدا، و رۆژانە دەستی درێژ دەکردەوە تا لە دەرگای پیشەیەك یان خانەدانیچك و لەوێوە بگاتە ژیانی خۆش تا ئەوەی لەویچوە دەستەکانی بە پێنووسیان هەڵگرت و جادویان دەنواند و ئاگرێکی گەرمیان لەناو دەروونی خەڵکدا دەکردەوە بۆ بانگەوازی ئازادی و یەیکسانی و دادپەوری.



Scanned with CamScanner

رۆسۆ پێغەمبەرێك بوو كە هێزی لە سروش و خەیاڵەوە وەردەگرت، كە ئەمەش تایبەتمەندی پێغەمبەران بوو، نەوەك لە بیركردنەوەی قووڵی زانستی لێكۆڵینەوەی وورد و جیاكردنەوەی وشكە وە گەیشتبێتە ئەوە.

رۆسۆ كەسێكی هەڵكەوتە بوو، بە درێژایی ژیانی لە كاتی شەرمیدا بێت یان لەكاتی خۆشەویستیدا، لەسەر سامی و راهاتنی بێت یان لە پاشەكشەیدا، یان لە خێچرا حوكمداندا بیچت، وەك منداڵ وابوو، منداڵێكی ئازا و خۆسەپێن كە بەپێنوسەكەی خۆی لە دڵی مرۆڤەكاندا چاند و ئینجیلێكی لەسەر نووسی و ناوی نا (پەیمانی كۆمەڵایەتی) و بانگەوازی دەكرد تا بگەڕێنەوە بۆ سروشت، چونكە رۆسۆ لە سەردەمی ئازادیخوازیەكی توند دا دەژیا و خواستی رزگاربوون لە كۆتەكانی رابردوو وای لیچكردبوو هەمووی وەلا بنێت و بگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانی یەكەمەی كە پێش ئەو نەریتانە هەبوو.



Scanned with CamScanner

ئیدی ئەو ژیانەی بە جوانترین سیفەت وەسف دەکرد و دەیوت مرۆڤ بەختەوەر و دڵخۆش بوو، کاتێک شارستانیەت هات خراپیی کرد، بەو پێویستی بە سیستم و حکومەت پەیدا کرد، خەڵکیش لەنێو خۆیاندا رێککەوتن لەسەر بەدیهێنانی دەوڵەت و یداریکردنی حکومەتێک کە پێویستی خزمەتگوزارریەکان دابین بکات، لەمەشەوە گەیشتە ئەوەی دەبیچت دەسەلات لەدەست گەلدا بێت و حکومەت تەنها پێناوێکە بۆ جێبەجێکردنی خواستی زۆرینە، بۆیە ئەگەر نەیتوانی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت گەل ماق هەبوو لە دژی هەستێت و تێکی بشکێنێت.

لەگەڵ ئەوەی رۆسۆ بانگەوازی بۆ خاوەن سامانە تایبەتەکان نەدەکرد، بەڵ:و موژدەی بە پێویستی یەکسانی لە ساماندا دەدا و لە نووسینەکانیدا مۆرکیچکی سۆشیالیستی (هاوبەشی) بەدی دەکرا، کاریگەریشی خەریکبوو لە یژووی نوێی رۆژئاوادا ببێتە گشتگیر و بیردۆزە خەیاڵیەکان و یاسا سەپێنە هەڵەکانی بوونە بەڵگە و بۆ شۆڕشی ١٦٨٨ ئینگلتەرا و ١٧٨٩ی فەرەنسا و شۆڕشی ئەمریکی و بیروباوەڕەکانی جیهانیان گرتەوە و دەستووری چەندین وڵات لەسەر ئەو بیرورایانەی بوون و نوسراوی (مافەکانی مرۆڤ)یش لە سەردەمی شۆڕشدا لەسەر بیروڕای ئەو بوون، نهێنی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گەرموگوڕی سوێندەکانی نووسەر و رەوانبێژی و شیرینی وتەکانی.

قسەمان لەسەر گەشەسەندسنی هزری رامیاری کرد، با ئێستاش لایەك بکەینەوە بەلای بیروڕا ئابوریەکاندا و ببینین چ کودەتا و هەڵگەڕانەوەیەك تیایدا روویداوە و شەپۆلەکانی سەدەی هەژدەهەم بەرەو کوێیان بردووە، گەشەسەندنە ئابووریەکان بەرهێڵێکی هاوتەریبی گەشەسەندنە سیاسیەکان رۆیشتن و کاریگەر بوون بە گۆڕانەکانی بواری رامیاری، جا بیرۆکەی ئابووری نەتەوەیی دوای درکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە رێبەری پاشا دەرکەوت.

سیاسەتی نوێی نەتەوەیی کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لە دیاریکردنی رێکردنی هزری ئابوریدا، جا یەکەم کێشەی بەردەم پاشاکان دارایی دەوڵەت و پێویستی پاراستنی هاوسەنگی بوو بە زیادکردنی ناردنی و کەمکردنەوەی هاوردە تا زێڕی هاوردە بۆ ناو وڵات لە بردنەوە دەرەوەی زیاتر بێت.

ئەم سیاسەتەش دەیتوانی فراوانخوازی ئیستیعماری هان بدات تا بازاڕەکان زۆر ببن و بەربەستە گومرگیرەکان لە رووی شمەکە هاوردەکاندا تەواو بەرز ببنەوە و دەستوەردانی حکومەت بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئابووریش زیاد بکات.

بەڵام هەر کە نیوەی سەدەی هەژدەهەم هات، لە فەرنسا کۆمەڵێك زانای ئابووری بە هاندانی دیدی ئازادی و وەلانانی نەریتەکان و گەڕانەوە بۆ یاسا سروشتیەکان کەوتنە داخوازی وەلانانی ژیانی ئابووری تا خۆی ڕێکبخات و حکومەت دەست وەرنەداتە ژیانی تاکەکان، ئەم ڕێبازە بە کورتی لە رستەیەکدا بوو ( واز لە کارەکان بهێنە یاخود بروات بەڕێوە و دەستی تێ وەرمەدە)، بەڵام لە ئینگلتەرا ئادەم سمپ پاڵەوانی ئەو بزووتنەوەیە و نووسەری کتێبی (سامانی میللەتان) بوو کە بە تەواوی وێنەی گیانی تاك گەرایی مان نیشان دەدات.

دوای ئەوانە کالیۆ و هاودەمەکانی کلیلی ئەو قەلایەیان پێشکەش کرد کە تیایدا سروشتیەکان و نهێنیەکانی خۆیان تیادا حەشار دابوو، نەوەیەك لە پاش ئەو تێنەپەری تا نیوتن هات و دۆزینەوەیکی هەرە گراتبەهای دۆزیەوە کە مرۆڤایەتی پێی نەگەیشتبوو، ئەویش یاسای راکێشانی گشتی بوو کە لە ساڵی ١٦٨٨ز.دا لە کتێبەکەیدا تۆماری کرد و لەنا خەڵکدا بڵاوی کردەوە زانی کە ئەو هێزەی سێو بۆ زەوی رادەکێشێت هەر ئەوەیە کە ئەستێرە لە ئاسماندا رادەگرێت و کاکێشانەکان بەملیۆنەها هەستار و ئەستێرەوە بەڕێوە دەبات.

سێبەری زانست لەبەردەم یەك لایەنی ژیاندا نەوەستا و پاش ئەوەی سەیری بەشە گەورەکانی ئاسمانی کرد روویکردە مادده کە ویستی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و لە بوارەدا چەند هنگاوێکی خێرای ناو زانستی نوێی کیمیایی بۆ خەڵکی هێنایە مەیدان بە تایبەت لە سایەی هەوڵەکانی(لافوازیا)ی زانای فەرنسیەوە کە ئاوی بۆ دو بەش و رەگەزەکەی شیکردەوە و ناوی بەهەر کامیان بەخشی ئیتر کە سەدەی نۆزدەهەم هات زانستی کیمیا بەخێراییەکی زۆر زۆر بەرەو پێشەوە پێشڕەوی دەکرد.



Scanned with CamScanner

زانایان سوودیان لە داهێنانەکانیان وەرگرت، فشاری گازەکانیش بە تایبەت فشاری بەهەڵم بوون یەکەم شت بوو کە بۆ خزمەتی مرۆڤ بەکارهات، ترۆمپای پاڵپێوەنانی ئاو داهات کە بە هەڵم ئیشی دەکرد،پاشان جیمس واتی ئەسکوجی هات و ئامێرێکی هەڵمینی دروست کرد کە پاش چەند گۆڕانکاریەکی سادە تیایدا بۆ پیشەسازی ڕستن بەکار هات، ئەمەش سەرەتای ئەو بزووتنەوە گگەورەیە بوو کە بە شۆڕشی پیشەسازی ناوی دەبەین.

فەلسەفە چەندین سەدە بە پێچراەیی لە کونجەکاندا دەژیا تا ئەوەی گیانی واقیعی لە دڵ و دەروونی مرۆڤەکاندا بزوا و (لۆك) ئەو کەسە بوو بۆ شۆڕشی ١٦٨٨ز. ئینگلتەرا هێنایەوە و دەستی بەرەو زەوی درێژ کرد و تا لای پێکانی برد، ئەمەش لە کتێبەکەیدا ئەنجام دا بوو (چەند باسێك لە مەڕ تێگەیشتنی مرۆیی) بەمە بیری خەڵکی لە باسی نەزەریە وەك یەکتایی و هەمیشەیی خوداوە بەرە مەعریفە و ڕێگاکانی پێگەیشتنی برد وەك هەست و بیرکردنەوە تا مرۆڤ بەوانە بگات بە خوا، بەمە ڕێخۆشکەری کرد بۆ گەشەسەندنی باسی ئەو دیو سروشت (میتافیزیق) و کودەتای بەسەر جیهانی دەرووندا.

لوك زۆر حەزی دەکرد لە بیرکردەنەوەیدا گومان بکات، نەوەی دوای خۆشی وا بوون، ئەو حەزی زیادی کرد تا ئەوەی بوونی شتەکان بەرپەرچ دەدرایەوە و تەنانەت لە راستیەکان یاخی بوون و بەرەو دەریای ناڕوونی و لێڵی چوون، پەردەیەکی گومان هات بەسەر فەلسەفە و زانستدا و لەبەرچاو دووری خستنەوە تا ئەوەی کانت (١٧٤٢ز – ١٨٠٤ز) هات و ئەوپەردەی لابرد، ئەویش بە جیاکردنەوەی زانست لە فەلسەفە و لاهوت، بەمە زانست لە کۆت و بەند ئازاد بوو بەرەو گەشەسەندن و جوڵان چوو تا بە ویستی خۆی بە شەقامی بەرفراوانی راستیەکاندا بڕوات.

سەدەی هەژدەهەم سەدەی کار و بیرکردنەوە و دیدی بەرهەمخوازی ماددی ناو ژیان بوو، بۆیە هونەرمەند و ئەدیبەکان لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارانەدا کەوتن تا ئەوەی رۆسۆ هەستا و سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوە داهێنەرەی کرد کە پێگەیەکی



Scanned with CamScanner

ناو ژیانی نێوان بیکردنەوە و کاری بۆ سۆز و هەست گێڕایەوە و هیچرشی کردە سەر کۆمەڵگەکەی و داوای کرد بگەڕێنەوە بۆ باری سروشتی کە تیایدا ئارەزوو هەستەکان زاڵن و خەڵکی لەناو ژیانێکی سادەی دوور لە شارستانیەت و خراپی گەندەڵیەکنیدا دەژین، بانگی دەکردن تا دڵەکانیان بە بێ پرسیار و گومان بەرەو خۆشەویستی ببەنن خۆشەویستی سروشت، خۆشەویستی ئافرەت، خۆشەویستی هەموو بوون و دروستکراوەکان.

ئەو بزووتنەوەیش بلە چوارچێوەی دیوارەکانی ئەدەبدا بەرتەسک نەبوویەو، بەڵکو چوویە ناو ژیانی ئاکاری و کۆمەڵایەتیشەوە، جێ و شوێنی ئەدەب و هونەری کلاسیکی لە ژیانی سەرکردە و خانەدانەکاندا خۆی بەرتەسک کردەوە، کاتێك ئەو بزووتنەوەیە هات ئەدیب و هونەرمەندان و رۆمان نوسانی بانگکرد تا ژیانی جووتیار و بازارچی و هەموو هاولاتیانی گەل وێنا بکەن کە مێژوو سوتاندونی، بەمە پێوانە رەوشتی ز ئاکاریەکانی گۆڕی و یارمەتی گەشەسەندنی بزووتنەوەی دیموکراتیدا.

هەندێك پاشای ئەو سەردەمە بەشدارییان کرد لە جولاندنی بزووتنەوەی زانستی وئەدەبیدا و سەرمەستی خوێندنەوەی نوسنەکانی زانایان و ئەدیبان و ببوون، لەوانە باسی فریدریکی گەورەی پاشای پروسیا و کەترینی گەورەی ژنە قیسەری رۆم و ماریا تریزای شاژنی نەمسا و جوزیفی کوڕی دەکەین، ئەمانە بە خۆسەپێنە چاکە کارەکان ناو دەبران، چونکە چاویان دانەدەخست لە گرتنە دەستی هەمو لایەنەکانی هێز و دەسەلاتی وڵات، لەگەڵ ئەمەشدا تەواو راهاتبوون یان وا خۆیان نیشان دەدا کە تەواو سەرقاڵی چاکسازی باری وڵاتن لە پێناو بەرژەوەندی گەلدا، فریدریك کتێبە فەرەنسیەکانی دەخێوندەوە و بەو زمانەش شتی دەنووسی و پەیوەندی لەگەڵ فۆلتێر هەبوو و بانگی دەکرد بۆ کۆشکەکەی لە نزیك بەرلین.

کەترینیش هەوڵی خۆی خستە کار بۆ پێشخستنی وڵاتەکەی و باسی چاکسازیەکانی خۆی بۆ ڤۆلتێر نووسی و یارمەتی دیدرۆی دا و هانیدا و قسەشی



Scanned with CamScanner

دەکرد لەسەر نەهێشتنی کۆیلایەتی لە ولاتەکەیدا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوکارەی دەکرد، دەستی گرت بەسەر ماڵ و موڵکی دێر و کڵێساکاندا، دواتر هەندێکی بۆ کۆکردنەوەی خوێندنگا و هەندێکی بۆ ژیانی پیاوانی ئایینی خەرج کرد، بە راستی کاترین پێی وابوو چاکسازی و دادپەروەری لەنێو پاشایانی سەردەمەکەیدا بوون بە نەریت، بۆیە هەوڵیدا خۆی وەك چاکساز و دادپەروەر نیشان بدات و بەو دوانە خۆی برازێنێتەوە.

ئەگەر بتوانین بڵێین کاترین چاکسازێکی رووکەش و ساختەکار بوە، ئەوا بێگومان جوزیفی دووەمی پاشای نەمسا کە لە دوای ماریا ترایزای دایکی لە ساڵی ١٧٨٠ز.دا هاتە سەر کورسی دەسەلات چاکسازێکی راست و تەواو بوو و ساختەی نەدەنواند.

ئەو هەوڵیدا گەلە پەرشو بلاو و کینە لەدەلەکەی یکاتە یەك دەولەتی نوێی یەکگرتووی بەهێز و کۆیلەی ئازادکراو و ماف لە خانەدانەکان سەندەوە و کڵێسای لە سامانەکەی داماڵی و خۆی قەشەکانی دیاری دەکرد، بەڵام لە هەموو لایەکەوە بەرەو ڕوو بەرگریکارییەکی توندبوویەوە، هەرچەندە نیازی چاك بوو، کاتێك لە ساڵی ١٧٩٠ز.دا مرد چەندین شوێ،ەورای ئەو چاکسازیانە دارمان کە جوزیف تەمەنی خۆی بۆ بەهیچز کردنیان دانا بوو.

********************

# پاشایەتی داخراو لە ئینگلتەرا

بەرامبەر بە خۆسەپێنی پاشاکان لە کیشوەری ئەورووپی پەرلەما لە ئیگلتەرا هەستاو دەستیگرت بەسەر حکومەتی دورگەدا، چونکە لەوێ پاشا لە شۆڕشی ١٦٨٨ز.ەوە دانی بەوەدانا کە تاجەکەی هی پەرلەمانە و پەیوەستە بە دەستورێکەوە کە لەسەرێتی رەچازی بکات و هەوڵ نەدات رای خۆی بسەپێنێت بە بێ ئەوەی لابەلای دەستوردا بکاتەوە و تەنها پاشایەك بێت.

ئەوکات لە ئینگلتەرا دوو حزبی گەورە هەبوون کە بریتی بوون لە حزبی (هویك) ئەمە شوێنی ئەو سەرکردانەی دەگرتەوە کە بانگەوازیان بۆ دەسەلاتداری پەرلەمان و ئاسانکاری تواندن لەگەڵ کەنارگیرانیان دەکرد، حزبی (توری) کە بە دوای سوارچاکان و پشتیوانانی پاشایەتی خۆسەپیچنی پیرۆز و کلێسای ئەنگلیکانیەوە بوون.

کاتێك شاژنە (ئان) مرد پشتیوانانی شاژنی خۆسەپێن دەیانووت کوڕی جیمسی دووەم بگێڕنەوە بۆ سەر کورسی دەسەلاتی باوکی، بەڵام دەستەی (هویك) ئامادە نەبوون و بە ناپاکی نواند تۆمەتباریان کردن و پاشایەکی بنەماڵەی هانۆڤەریان بردە سەر کورسی دەسەلات و ئەویش پێی راگەیاندن کە ئەو سەر بەو حزبەیە، بەو جۆرە توانییان لە ماوەی دەسەلاتی جۆرجی یەکەمم و جۆرجی دووەم دا واتە ماوەی پەنجا ساڵ بە پێی خواستی خۆیان وڵات بەڕێوەببەن. جۆرجی یەکەم شارەزایی ئینگلیزی یان سیاسەتی ئینگلیزی نەبوو.

هەروەك ئینگلتەرا بە هێندەی پاشای هانۆڤەر گرنگی پێنەدەدا و لە کۆڕی وەزیرەکانیدا ئامادە نەدەبوو وەك ئەوەی پاشا پێشینەکانی دەیانکرد بەڵکو کاروباری دەوڵەتی دایە دەست سەرکردەکانی حزبی هویك، ئەوانیش لەنێو خۆیاندا کەسێکی توند ورەق و لێهاتووی کاروباری سیاسی و فروفێڵەکانی سیاسەت و شارەزای کاروباری دەوڵەت و شێوەی بەڕێوەبردنیان بەدیکرد کە ئەویش (رۆبرت ولپۆل) بوو کە زۆرینەی ناو حزبەکەی بۆ بەڕێکردنی سیاسەتکەی لەو کۆڕەدا بۆ خۆی برد.



Scanned with CamScanner

لیۆل یەکەم سەرۆك وەزیرانی ئینگلتەرا بوو، سەرهەڵدانی ئەو پایەیش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو حزبی سیاسی دیاریکراوی جیا لە سیاسەتیاندا کە ئەمەش وای لە شاکرد تا هەموو وەزیرەکانی لە حزبێکیان دیاری بکات.

بەشێوەیەکی پلە پلە شێوە یەکانگیریەکی نێوان گرنگترین راوێژکارانی پاشا سەری هەڵدا و بەوەش بەشێوەیەکی یەکسانی دەستلەکارکێشاوەی خۆیان رادەگەیاند ئەگەر بهاتبا و پەرلەمان پێشنیاریان سیاسەتیان بەرپەرچ بدایەتەوە، لەمەشدا سەرکردەیەکیان رێبەری دەکرد، بەم شێوەیە ئەو کابینەی کە ژیانی لە رۆژانی ولیەمی سیچیەمە و لەژێر سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیراندا دەستی پێکرد دامەزرا، هێزی ئەو سەرۆکەش بەشێوەیەکی پێچەوانەوە لەگەڵ هیچزی پاشادا دەگونجا، جا ئەو کاتەی تاج لەسەری پاشایەکی لاواز دا دەبوو، جڵەوی هێز دەکەوتە دەست سەرۆك وەزیران.

کاتێك جۆرجی سێهەم لە ساڵی ١٧٦٠ز.دا هات سەر دەسەڵات توانی حزبێك بۆ خۆی دابنێت بەناوی (دۆستانی پاشا) هەروەها توانی بە یارمەتی ئەو حزبە و لە سایەی بەرتلکاری و ئەو داراییەی دەیدا بە بێ پیاوانی سیاسەت، بە پێی خواستی خۆی حکومەت بەڕێوە ببات، دایکی کە شاژنێکی ئەڵمانی بوو فێری کرد بوو کە وەك پاشایانی کیشوەر پاشایەکی بکات، ئەویش بە گوێی کرد و جڵەوی کاروباری بەهێز گرتە دەست و ئاماژەی کەشتی دەوڵەتی بە پێی ئارەزووی خۆی دەجوولاند هەرچەندە کۆت و بەندی پەرلەمانیش هەبوون، کاتێك جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکایش هەڵگیرسا جۆرج پاشا و سەرۆك وەزیرانیش بوو.

بەڵام دەردی ناو دەستوری ئینگلیزی لە دەسەلاتی کاتی پاشا بەسەر کاروباردا نەبوو، بەڵکو لە رەگەزەکانی ناو خودی ئەنجومەنی گشتیدا بوو، ئەو ئەنجومەنەش نوێنەری گەل نەبوو، بەڵکو چینی موڵکداران و دەوڵەمەندان بەسەریدا زاڵ بوون، دەنگی رەخنەگرانیش لە سەدەی هەژدەهەمەوە بەرز بوویەوە، تا ئەوەی ئاسمانی گرتەوە.

نوسەران بە پێنوسەکانیان کەموکورتی دیاری ناو سیستمی ئینگلیزییان بڵاودەکردەوە و داوایان دەکرد هەموو کەسێك مافی هەبێت لە ڕێگەی دەنگدانەوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بکات و دەستووری ئینگلیزی تۆمار بکرێت تا ناڕوونی و لێڵییەکانی و هەڵەکانی پێشتری نەمێنن، لە وڵاتدا ئاڵوگۆڕی نامە و راو بۆچوون لەگەڵ کۆمەڵە نهێنییەکانی فەرەنسادا دەکرا و رۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە چاپخانەکاندا بە ڕێژەیەکی زۆر چاپ دەکران، لە ئەنجومەنی گشتیدا سەرکردەکانی بزووتنەوەی چاکسازی سیاسی دەرکەوتن.

ئەو شالاوانە و ئەو داواکارییە زۆرەی چاکسازی ولیم بتی بچووکە کوڕێ یەکەمی کاشام و سەرۆك وەزیرانی بەریتانی هاندا لە ساڵی ١٧٨٣ز. تا ساڵی ١٨٠١ز. دەقێك پێشکەش بە ئەنجومەنی گشتی بکات بۆ چاکسازی چەند خراپەیەکی کۆن، بەڵام لەو کاتەدا تەقینەوەی شۆڕشی فەرەنسی ڕوویدا کە توند وتیژی و پشێوی لێکەوتوەو ئەڵمانیای بردە چەند جەنگێکی مەترسیداری درێژ خایەنەوە کە ئینگلیزی لە داخوازی چاکسازیەوە بەرەو بەرگریکردن لە وڵات برد و دەمی ئەوانەی داخسا ماوەیەکی زۆر بوو داوای گۆڕانی بارەکە و فراوانکردنی بازنەی دەنگدانیان دەکرد.

ئەگەر سەیرێکی باسەکانی پێشوو بکەین، دەبینین زۆربەی هێڵکاری و لقەکانی مێژووی ئەورووپی ئەوکات دەرژانە یەك ڕەوتی گەورە وە کە ئەویش گەشەسەندنی چینی ناوەڕاست بوو، جا شۆڕشی کە کۆماری هۆڵەندی و شۆڕشی ئینگلیزی هێنایە کایە هەردووکیان بەڵگەی گەشەسەندنی ئەو چینەن، هەستا چینی ناوەڕاست لە فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ز و هێرشبردنی بۆ جڵەوی دەسەڵات بەڵگەی بوونی بزووتنەوەیەك بوو کە لەنێو چینەکاندا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ گەشەی سەندبوو.



Scanned with CamScanner

چینی ئیشکەریش چوویە ناو ئەو شۆڕشە و بە بزووتنەوەی داهێنەری ڕۆمانتیکی هاندران لە ئەنجامی ئەو دەستوەردانەشیدا پشێویەکی زۆر کەوتەوە و دواجار شکستی خوارد و نەیتوانی خواستەکانی خۆی بەدی بهێنێت، چونکە ڕۆژی خۆی نەهاتبوو، چونکە شۆڕش شۆڕشی گشتی نەبوو، بەڵکو شۆڕشی چینی ناوەڕاست بوو، کرێکارانیش ڕیچکخراو نەبوون و ئامادەی جەنگ نەبوون، بۆیە پێویستی بە کات و شوێن هەبوو، پێش ئەو شۆڕشە پیشەسازیەش نەهاتبوو کە هەزاران کرێکاری لەژێر سایەی کارگەکاندا کۆ کردبوویەوە و سوپایەکی لێپێکهێنا بوون کە توانای کارکردنی ڕێکخراویان هەبوو و مەکینەکان بە کویلەیان گگرتبوون و ناچاریان کردن بەسەرکەشی و یاخی بوون.

********************

# باسی چوارەم
# شۆڕشی فەرەنسی
## ئامادەسازی بۆ شۆڕش

ئەنجامەکانی ماوەی دەسەلاتی لویسی پلنزەهەم کە نزیکەی شەست ساڵ بەردەوام بوو (١٧١٥ز-١٧٧٤ز) بە پەژارە و شەرمەزارانە بوون، ململانێی دەرەکی لەگەڵ ئینگلیزدا شکستی بەدودا هات و سیستمی باجەکانیش کە لە دەست سەرکردەکانی دەرەبەگایەتی و خانەدانی سەردەمی کۆندا بوون هەستێکی ستەم و رارایی و حەزی تۆڵە سەندنەوەیان لەنێو خەڵکدا نایەوە، کۆشکیش بە هۆی زیادەڕەوی خەرجیەوە هەمیشە جێی رەخنە بوو.

پیاوانی کۆشک گوێیان نەبوو لەو هەژاری و بارە خراپەی بە هۆی جەنگە وێرانکەرەکانەوە کە خەزێنەی ولاتیان خەڵی کرد بوو تووشی خەڵکی ببوو، بەڵکو بەردەوام زیادەڕەوی خەرجیان دەکرد و گوێیان بەهیچ نەدەدا.

بارەکان لەمەشدا نەوەستان بەڵکو ئەمە دزەی کردە ناو کۆشکی پاشایشەوە تا ئەوەی (مدام دی بومبادۆر) پشکی رەسمی خۆی بەسەر قرسایدا بەدەستخست و دەستی گرت بەسەریدا، لەو کاتەوە جڵەوی دەسەڵات کەوتە دەست گەندەڵان وداکەوتن و دارِمان ئەو کۆشکە گەورەی گرتەوە.

لەبەردەم ئەم بارەشدا ناچار رای گشتی بێزاری دەبڕی و شالاوێکی توندی بردە سەر حکومەت و شەپۆلی رەخنە گرتن وەك دەنگ و دەرچوونی هەزاران کیسەڵ لە بەهاردا دەرکەوت، ئەمەش پێش کۆتایی هاتن بوو بە ماوەی دەسەلاتی لویسی پانزەهەم، هەرچەندە چاودێری توند لەسەر رۆژنامەکان هەبوو.

سەرکردەی ئەو بزووتنەوەیەش ڤۆلتێر بوو کە خۆی خستە مەیدانی جەنگی دژ بە هەموو گەندەڵیەکی ناو حکومەت و خراپەیەکی ناو کۆمەڵگە، لە دەوریشیدا کۆمەڵێك پشتیوان و سەربازی چاکسازی و زانایانی ئابووریناسی وەك میرابۆ و زانایانی سیاسەتی وەك مۆنتسکیۆ و رۆسو و زانایانی سروشتناسی وەك لافوایە



Scanned with CamScanner

هەبوون، بە کورتی لەو کاتەی فەرەنسا لەژێر دەسەڵاتی لویسی پانزەهەمدا بەرەودارمانی کارگێڕی خۆی دەچوو، بزووتنەوەی هزری تیایا گەشەی دەسەندو پێشدەکەون، خودی پاشایش هەستی بەوە دەکرد، بەڵکو دەیزانی هەڵگەڕانەوە لە رای گشتیدا هەیە و دوای ئەوە چی روودەدات بەڵام هەمیشە بەم جۆرە دڵنەوایی خۆی دەدایەوە، (تا کاتی مردنی من شتەکان وەك خۆیان بەڕێوەدەچن).

دەوڵەتیش رێکخراو و یەکگرتوو نەبو، هەموو هاوڵاتیانیش هەمان ماف و تایبەتمەندییان نەبوو، هۆکاری ئەوەش بریتی بوو لەوەی پاشایانی فەرنسا بەهۆی گرتن یان میراتیەوە چەند پارچە زەویەکیان بۆ ناوچەی خۆیان زیاد دەکرد، بەڵام هەوڵیان نەدەدا یەك بخەن، بۆیە هەریەکەیان سیستمی تایبەتی بۆ خۆی و سەربەخۆیی خۆی زیاد دەکرد، بەڵام هەوڵیان نەدەدا یەکبخەن.

بۆیە هەر یەکەیان سیستمی تایبەتی خۆی و سەربەخۆیی خۆی هەبووو بەرانبەر بەوەی هەموو ساڵێك بڕێك پارە بدەن، جا لە کاتێکدا شەریعەتی رۆمانی لە باشووردا زاڵ بوو، لێکۆڵەر زیاتر لە (٢٨٥) شەریعەتی ناوچەیی لە ناوچەکانی ناوەڕاستدا هەبوون، بەو جۆرە باجەکان لە هەموو ناوچەکاندا یەك نەبوو، بۆ نمونە باجی خۆی لە هەندێ ناوچەدا زۆر بوو، لە هەندێ ناوچەی دیکەدا کەمبوو، ئەم جیاوازیەش خەرجیەکی زۆری دەخستە سەر حکومەت بۆ پاراستنی سنووری نێوان هەرێمەکان وڕێنەدان بە راکردن لە باجە زۆرەکەوە بۆ باجە کەمەکە.

سەرەرای ئەو جیاوازیە ناوچەییانە شانشینەکە بۆ چەند چینێکی جیاواز دابەش ببوو کە هەرکامیان مەڵبەندی تایبەتی خۆی هەبوو، جا خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی کۆمەڵێك مافیان هەبوو کە خەڵکی دی لێی بێبەش بوون، ئەوان هەندیج باجیان نەدەدا وەك باجی خانوو عەقاری چەسپاو، پیاوانی ئایینی بۆ نەدانی باج بەڵگەیان ئەوە بوو کە ئەوان هەرچییان هەیە بۆ خزمەتکردنی خوایە و ئەوان هەڵبژێردراون، بەردەوام زەکاتیان لە خەڵك کردەکردەوە تا ئەوەی داهاتی ساڵانەیان دەگەیشتە دوو سەد ملیۆن جونەیهە و دەچوویە باخەڵی سەرکردەکان پیاوانی ئایینی بچوك لێی بیچبەش بوون، بۆیە ئەوانیش دەنگی خۆیان بردە پاڵ دەنگی شۆڕشگێڕان بە هۆی ئەو جیاوازیەوە.



Scanned with CamScanner

خانەدانەکانیش کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەبوو کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە میرات بۆیان مابوویەوە وەك مافی راوکردن لە کێڵگەکانی خەڵکدا، هەندێکیان هەزاران کۆتریان هەبوو، لە پێناو راوکردندا.

ئەو باڵندانەش هێرشیان دەبردە سەر کشتوکاڵی جووتیار و وێرانیان دەکرد بە بێ ئەوەی جوتیار هیچی پێ بکرێت، یان مافیان هەبوو پیشە باڵاکانی سوپا و پێگە بەرزەکانی کڵێسا لە دەستی خۆیاندا بەرتەسك بکەنەوە، هەرکەس خانەدان یان پیاوی ئایینی نەبوایە لە چینی سێیەمدا یان گشتیدا ئەژمار دەکرا، ئەو چینە لە ساڵی ١٧٨٩ز. لە فەرنسا نویکەی بیست و پێنج ملیۆن کەس دەبوون، ژمارەی دوو چینەکەی دیکەش نەدەگەیشتە دووسەد و پەنجا هەزار کەس.

زۆرێك لە مێژوو نووسان باسی باری خراپ و بێهیوایی جووتیاری فەرەنسییان کردووە تا ئەوە بکەن بە بەڵگە بۆ شۆڕشە کە، بەڵام راستەیەکەی وانە بوو، چونکە جووتیاری فەنرسی لەچاو دۆستە نەمساویەکەی پروسی یان رووسی یان ئیتالی یان ئیسپانیەکەی لە سەدەی هەژدەهەمدا بەختەوەرترین کەس بووە، گەشەسەندنی دانیشتوانی فەرەنسا لە دوای جەنگەکانی لویسی چواردەهەم لە حەڤدە ملیۆنەوە بۆ بیست و پێنج جملیۆن لە رۆژانی روودانی شۆڕشدا بەڵگەی روونی باسی باری دانیشتوانی، بەڵام هۆکاری راستی شۆڕشەکە باری چاکی گەل و ئازادی بیرکردنەوەیەتی نەوەك خراپی باری یان فشاری توند، شۆڕشەکەش زادەی ستەم نییە، بەڵکو زادەی هەستکردن بە ستەمە تاکیش بە بێ چەشتنی تامی ئازادی و خۆشگوزەرانی هەرگیز هەست بە ستەم ناکات.

فەرەنسا لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ژێر دەسەلاتێکی خۆسەپێندا بوو کە پاشایەکی رەهای نا بەرپرسیاری بەر بارەگای خوای هەبوو، پاشا باجی عەقاری لە هەموو ساڵێکدا کۆ دەکردەوە و لەو رێگەشەوە یەك شتی داهاتی دەوڵەتی کۆ دەکردەوە، دواتر بە نهێنی دەیپاراست و بە ویستی خۆی خەرجی دەکرد و هیچ لە داهاتەکانی دیکەیدا حسابی بۆ گەل نەدەکدر، بەڵکو و جیاوازی نەبوو لە نێوان داهاتی خۆی و خەزێنەی دەوڵەتدا بەپ پێچەوانەی ئینگلتەرا کە تیایدا شاموچەی دیاریکراوی هەبوو.



Scanned with CamScanner

سەرەرای ئەمەیش پاشای فەرەنسی هەوڵیدا بە ویستی خۆی درواوی دارایی دەربکات و کارمەندانی کۆشك ناچار بکات بەهەر بڕێکی لەسەر نوسراو بێت ئەو بڕە پارەیە بدەن، هەروەك بە ویستی خۆی بە بێ دادگایکردن و کات و ماوە دیاریکردن خەڵکی دیاری دەکرد تا ئەوەی دەبوو کەسێکی ناو کۆشك بیری بخستایەتەوە کە کەسێکی بەند کردووە تا بزانێت ئازادی دەکات یان نا.

ئەو بڕیارە رەهایانەی بەندکردنەش پێیان دەوترا (پەیامەمۆرکراوەکان) سەخت نەبوو ئەمەش بەدەست بێت بە تایبەت لە لایەن کەسانی نزیکی پاشاوە، بەڵام سەرەرای هێزی رەهای پاشا و بەدەستدانی دەستورێك سان کۆنگرەیەك کە نوێنەری گەلی تێدا بێت و سنوور بۆ کارەکانی دابنێت، پاشا ئازاد نەبوو تا بە بێ کۆت وبەند هەموو شتێ بکات، بەڵکو لە وڵاتدا چەند دادگایەك هەبوون کە پێیان دەوترا پەرلەمانەکان، ئەودادگایانە زۆربەی جار لە رێی وەزیرەکاندا دەوەستان و بەربەستی بەردەم کارەکانیان بوون.

ناکرێت لێرەوە بیرمان ببەینەوە لای پەرلەمانی ئینگلیزی، چونکە ئەو دوانە تەنها ناویان لە یەك دەچێت و پەرلەمانی فەرەنسی تەنها کاری دادگاییکردنەکانی کێشەکان نەبوو، بەڵکو داوای لە پاشا دەکرد تا هەر یاسایەك کە دەردەکات بنێردرێت بۆ ئەوێ تا تۆماری بکات و بەو شێچوەیە رێ بپرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دانی بە ماف پاشا دا دەنا بۆ دەکردنی یاسا، کەچی زۆربەی جار رەخنەی لەسەر دەنارد لە جیاتی ئەوەی تۆماری بکاتن بەو بانگەشەی کە وەزیرەکان رێیان لێشێواندووە، ئەو رەخنە گەرتنەش چاپ دەکرا و لەناو خەڵکدا بە نرخێکی کەم و هەرزان دەفرۆشرا تا بیسەلمێنن کە بەرگری لە ماف گەل دەکەن، پاشان پێکدادانی ئەم دەستانە لەگەڵ وەزارەتدا زیادی کرد.

ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ سەرنجراکێشانی خەڵك بۆ کێشە گشتیەکان و پەردە لادان لەسەر هەندێ نهێنی دەوڵەت دا چەند بڵاوکراوەیەك دەرکەوتن کە باسیان لە کێشەی خەڵك وولات و تەنگژەکانی وڵات دەکرد و خەڵکیان هان دەدا تا لە باس و خواسە گشتیەکان بکۆڵنەوە و چاوی خەڵکیان لە رووی خراپەکانی حکومەت و



Scanned with CamScanner

کەموکورتیەکانی سەردەمدا دەکردەوە و رۆڵی رۆژنامەکانی شەم سەردەمەیان دەبینی لە ساڵی ١٧٧٤ز.دا نەخۆشی لویسی پانزەهەمەی بەرەو مەرگ برد و کورسی دەسەڵاتی خۆی بۆ نەوەکەی خۆی لویسی شانزەهەم بەجێبهێڵێت کە ئەوکات تەمەنی لە بیست ساڵ تێنەدەپەڕی.

پاشای نوێ پەروەدە و فێرکاری زۆر لاواز بوو، بەڵام بەرامبەر بەوە توانای لکاندن و یەکانگیری زۆر بوو، زۆر حەزی لە راو کردن بوو، لە کارە رسواکانی باپیری بەدوور بوو، حەزی بە لە خوا ترسی و چاکە هەبوو، رۆژانە لە دوکانێکی بچوکدا بوو، حەزی لە کار و ئەرکی دەوڵەت نەبوو، حەزی بە چاککردنی باری گەلەکەی هەبوو ئەگەر بهاتایە و ئەو کارە سەختی و چالاکی نەویستایە چونکەئەو دوو شتەی ئەبوو و تەمبەڵ و خەوالو بوو، رۆژێک بە رۆژانەی بیری لەوە نەدەکردەوە، لە کاتژمێر پێنجی بەیانی هەستێت وەک ئەوەی فردریکی گەورەیان کاترینی دووەم دەیکرد بۆ خوێندنەوەی لاپەڕەکانی دەوڵەت و ئاگادار بوون لە کاروباری ولات.

بەڵام شاژنی نەمساوی خێزانی لە (ماری ئەنتوانێت) کە کچی ماریاتریزا بوو بە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا هاتە سەر کورسی دەسەلات و کۆشکی فەرەنسی سەرسام کرد بە جوانیە دڵکوژەکەی و دڵ و دەروونە سادە و یانە شاراوەکەی و حەزی زۆری بۆ خۆشگوزەرانی و دوانەوە، ئاهەنگەکانی فرسای و یاسا کۆمەڵایەتیەکانی بێزاریان دەکرد.

بۆیە لە دەستیان رای کرد و رەوشتێکی هەرزەکارانەی دەگرتە بەر لەگەڵ نەریتەکانی گەلەکەیدا پێکیاندا دەدا، ئەم شاژنە زۆر حەزی بە پیلان و دەستێوەردان دەکرد، ئیدی یەک سات لە دەستی ،ەردانە کاروباری حکومەت بێ ئاگا نەدەبوو تا بە حەزی خۆی دۆستانی خۆی بێنێتە پێشەوە و هەر کەسیشی توندو تۆڵی چاکسازی دەستیکرد بە ژیانی زانستی خۆی، بۆیە خێرا (ترگۆ) ی گەورە ئابووریناسی فەرەنسای ئەو کاتی کرد بە وەزیری دارایی، چونکە پێی وابوو یەکەم هەنگاو پێویستە بیگرێتە بەر چاکسازی دارایی وێتە تا لە خراپەی بێدارایی و کەمکردنەوەی توندی باجەکان ڕزگاری بکات.

پاشان چەند خەرجیەکی کۆشکی لە فریای لابرد، خەرجیەکانی پاشا و شاژن بە تەنها لە ساڵێکدا بیست و یەك ملیۆن دۆلار دەبوو، ئەو نرخەشدەچوویە یاخەڵا کەسانی نزیك لەشێوەی موچە و بەخششدا.

بۆیە پیاوانی کۆشك بە هەموو هەڵێکیانەوە لە رووی هەر هەوڵێکدا دەوەستان کە دەیویست تایبەتمەندییان لەگەڵ پاشادا هەبوو و لە بەیانی تا شەو لەگەڵیدا بوون، بەلام (ترکۆ) تەنها لە کاتی ئیشدا پاشای دەبینی، بۆیە پیاوانی کۆشك توانیان ئەو وەزیرە لاببەن کە لە ساڵی ١٧٧٦ز.دا رێی بە ژیانیان لەق کرد بوو، بەمە زۆربەی چاکسازیەکانی وێران بوون، لە دوای ترگۆ هێندەی نەبرد ٠نیکەر) هات کە لە دوو رێگەوە هەوڵیدا رێخۆشکەری بۆ شۆڕش بکات:

١-پارەیەکی زۆری بۆ جەنگی دژی ئینگلتەرا لە ئەمریکا بەر قەرز وەرگرت، ئەمریکاش کە لەگەڵ ففەرەنسا هاوپەیمانی بەست بو دەبیویست یارمەتی بدات، ئەمەش زیانی گەیاند بە خەزێنە و هۆکارێکی تەنگژەی ئابووری بوو، تەنگژەی ئابووریش بەشێوەیەکی راستەوخۆ هۆکاری شۆرشی فەرەنسی بوو.

٢-دەرفەتی بۆ گەل کردەوە تا ماڵ و سامانی گشتیو شێوەی خەرجکردنی بزانن، لەوەی لە ساڵی ١٧٨١ز.دا نوسراوێکی لەسەرباری ئابووری پێشکەش بە پاشا کرد و لە چاپدرا و خەڵکیش بە تامەزرۆییەوە خوێندیانەوە و بۆ یەکەمجار زانیان چەندە باج بە حکومەت دەدەن و پاشانیش چەندە بۆ خۆی و دەربارەکانی بەو پارە و سامانە خەرج دەکات.

کەمێك دوای نیکەر کالۆن هات و ماوەیەك بەهۆی خەرجی زۆری بۆیان پاشا و دەرباری رازیکرد، بەلام خێرا سەیری کرد ناتوانێت پاری پێویست بەدەست بخات، بۆیە بە دەوڵەتی راگەیاند کە دەوڵەت بەوەر نەبوونی دارایی دەچێت و ناچارە چاکسازیەکی بنەرەتی لە هەموو سیستمی کۆمەلایەتیدا بکات تا لەوە رزگاری ببێت.

ئەمەش دەرفەت دان بوو بە نزیکبوونەوەی گەردەلوولەکە چونکە وتەکەی کالۆن بە یەك هەنگاو دادەنرێت لە رێگەی بەستنی کۆمەڵەی نوێنەرایەتیدا کە سەردەمی نوێی لەناوو برد و دەستوورێکی نووسراوی بە فەرەنسا بەخشی.



Scanned with CamScanner

# کۆمەڵەی جەماوەری و چاکسازییەکانی

کالۆن یەکەمجار پاشای بانگهێشت کرد تا لە ئەنجومەنی ناوداران ئامادەبێت کە خانەدانەکان و قەشەکان و کارمەندانی دەوڵەتی لەخۆ دەگرت تا بڕواننە کێشەکە، ئەو ئەنجومەنە هەوڵیدا لەسەر چەند چاکسازیەك ڕەزامەندی دەرببڕێت کە هیوادار بوون لەوێوە باری خەزێنە چاك بمەین، بەڵام ئەندامانی متمانەیان بە کالۆن نەبوو یان حەزیان نەدەکرد دەستبەرداری تایبەتمەندیەکانیان بن، بۆیە بارەکە گەیشتە بەریەککەوتنی هەردوو دەستەکە و پاشانیش وەزیری خۆی دەکرد و ناودارانی ناردنەوە بۆماڵی خۆیان، پاشان لایکردەوە بە لای پەرلەمانەکاندا و هەوڵیدەدا ڕازییان بکات بە دانانی چەندباجێکی نوێ، بەڵام نەیتوانی و پەرلەمانی پاریسەکەشی شلۆقی گرتەوە، و بوویە ڕێگر لە بەردەم وەزیرەکاندا تا بەوە لەناو گەلدا ناوبانگ و خۆشەویستی و بڵندی بەدەست بخات.

بەهەموو هێزی خۆشیەوە هاواری دەکرد (تەنها بۆ گەلە پاش زانینی دارایی دەوڵەت چاکسازی خراپەکانی ئێستا و ستەملێکراوی خۆیان بکەن) دواجار پاشا ڕازی بوو لە مایسی ساڵی ١٧٨٩ز.دا ئەنجومەنی چینەکانی گەل بانگ بکات.

دامەزراندنی ئەنجومەنی چینەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەم، ئەم ئەنجومەنە دەستەیەك کە ژمارەیەکی یەکسانی نوێنەرانی سێ چینە کە لەخۆدەگرێت (خانەدانەکان، پیاوانی ئایینی، چینی گشتی) تا نوێنەرانی هەر چینێك بەرگری لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان بکەن، نەوەك بۆ ئەوەی هەموویان لەپێناو بەرژەوەندی هەموو گەلدا کار بکەن.

بۆیە هەر دەستەیەك لەوانە بەجیا کۆبوونەوەی خۆی دەبەست، بڕیاری خۆی دەدات، پاشان یەك دەنگی دەبوو وەك نوێنەری ئەو چینەی کە لێوەی هاتبوو، لێرەوە خوێنەر دەبینێت ئەو ئەنجومەنە یەك جەستە نەبووە کە ئەندامان تیایدا مافی دەنگدانی جیایان هەبێت، وەك ئەوەی لە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی ئەمڕۆدا هەیە، ماوەیەك تێپەڕ بوو و ئەو ئەنجومەنەدا نەنیشت و کۆبونەوەکەی ساڵی ١٦١٤ز. دواخرا.

پاشان سەردەمان چوو و لەبیرکراو خەڵکیش پرسیاریان لە سروشتی ئەو ئەنجومەنە و هێزی دەستی ئەنجومەن دەکرد و مشتومڕیان لەسەر دەکرد، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە یەکدەنگ بوون سیستمی دەنگدان بە پێی چینەکان گەندەڵیە و ناگونجێت چونکە نوێنەرانی خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی دەتوانن بە دوو دەنگ بەرامبەر بە دەنگێك بەسەر نوێنەرانی چینی گەلدا سەر بکەون بە تایبەت کە دەیانویست مافە کۆنەکانی ئەو دو چینە لاببەن، دواجار وەزیرەکانی شا رازی بوون مافی ناردنی هێندەی نێردراوانی هەر یەك لە دوو چینی دیکە بە چینی سێیەم بدەن، بەڵام پاشا ئامادە نەبوو رێ بدات بە ئەنجومەن تا لە یەك هۆڵدا پێکەوە کۆ ببنەوە و پێکەوەش بەیەکسانی دەنگ بدەن.

بەڵگەی روونیش بۆ ئەوەی فەرنسا ئامادەی کودەتایەکی گەورە بوو، ئەو داواکاریانە بوون کە هەڵبژێردراوان لەسەر داوای پاشا و بە پێی نەریتە کرنەکان خستیانە ڕوو، ئەو خستنە ڕووانە سکاڵایان بوولەدەست دەسەڵاتی رەها و پشێوی ناو وڵات و داوای دەستورێکیان دەکرد ە مافیان دیاری بکات و سنووریش بۆ پاشا دابنێت.

لە پێنجی مایسی ساڵی ١٧٨٩ز.دا نوێنەران کۆبوونەوەی خۆیان بەست، نوێنەرانی چینی سێیەمیش سەرەرای فرمان و رێگریەکانی پاشا کۆبونەوەکەیان بەرپەرچ دایەوە و کەوتنە بانگکردنی یەك لەدوا یەکی خانەدانان و پیاوانی ئایینی و داوایان لێکردن تا پەیوەستی نوێنەرانی گەل بن و لەگەڵیاندا بەدوای بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلدا بگەڕێن.

هەندێ لە ئازادیخوازە خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی چوون بە دەم بانگەوازی چینی سێیەمەوە، بەڵام زۆرینەیان ئامادە نەبوون، کاتێك دەروونی نوێنەرانی چینی سێیەم بەرتەسك بوویەوەو خۆڕاگریان نەما ناوی خۆیان نا (کۆمەڵەی جەماوەری) بەو بەڵگەی کە ئەوان نوێنەری ٩٦٪ گەلن، بۆیە دەتوانن نوێنەری چینەکانی دی پشتگوێ بخەن، بەو جۆرە ئەنجومەنی پێشووی چینەکان بوو بە یەکەم کۆمەڵەی نوێنەرانی نوێ کە لە کیشوەری ئەورووپیدا دەرکەوت.



Scanned with CamScanner

پیاوانی کۆشکیش ئەم رووداوەیان قۆستەوە و پاشایان گەرم کرد تا شوێنی کۆبوونەوەی چینی گشتی دابخات بە بیانووی ئامادەکردنی بۆ دانیشتنی داهاتوو، بەڵام ئەندامانی کۆمەڵەکە چوونە ناو یاریگای تێنسەوە و سوێندیان خوارد هەر بارێك بێت کۆبوونەوەکەیان بکەن تا دەستورێك بۆ وڵات دابنرێت.

پاش سێ رۆژ پاشا کۆبونەوەیەکی بەست کە چینی سێیەم تیایدا ئامادە بوون خۆی سەرکردایەتی دەکرد، لەوێ رێبازێکی دوور و درێژی چاکسازی خستەڕوو بۆیان دواتر فرمانی کرد تا بڵاوەی لێبکەن و هەموو پێکەوە دواتر کۆ ببنەوە، قەشەکان و بەشێکی زۆر خانەدانەکان و هەندێ پیاوانی بچوکی ئایینی بەگوێیان کرد، بەڵام ئەوانی دیکە لە شوێنی خۆیاندا مانەوە و نەیاندەزانی چی بکەن.

کاتێکیش نوێنەری پاش هات بۆ لایان تا هەواڵی پێویستی بڵاوەلێکردنیان پێ بدات، میرابۆ هەستا و هاواری کرد (ئێمە لێرەدا بە ویستی گەل کۆبوینەتەوە و مەگەر بە نوکی رمەکان ئەم شوێنە چۆڵ بکەین) پاشای لاوازیش یەکسەر خۆی بەدەستەوەدا و پاش چەند رۆژێکی کەم فرمانی کرد بە نوێنەرانی دوو چینی باڵا کە نەچوو بوون لەگەڵ چینی سێیەمدا تا پەیوەستی ئەو چینە ببن.

کۆمەڵەی جەماوەری کەوتنە دانانی دەستوور و زیندووکردنەوەی باری پشێوی فەرەنسا بە بارێکی دروست و هەرچی هێز و چالاکییان هەبوو بە خەرجیان دەدا، بەڵام روداوەکانی پاریس و هەڵگەڕانەوەی بارەکان بوونە بەربەستی رێی، چونکە پاشا پاسەوانە تایبەتەکانی خۆ کۆدەکردەوە لە سەربازە سویسری و ئەڵمانیەکان بە پێی چەند رێنماییەك کە ئاراستەی دەکران، تا ئەگەر پێویستی کرد و ویستی نوێنەرەکانی ئەوێ دەربکات بۆ ماڵەکانیان بتوانێت بەسەر هەر تێکچوون و لادانێکی ئەوێدا زاڵ بێت.

رۆژی چواردەی تەموزدا هاوڵاتیانی پاریس هەوڵیاندا چەك بەدەست بهێنن تا بەرگری لە خۆیان بکەن و بە کارێکی بەرز و بڵند دڵێری و نیشتمانپەروەری خۆیان نیشان بدەن، بۆیە دەستەیەکیان چوون بۆ باستیل و ئەو قەڵا کۆنەی کە بەندیخانەی تاوانباران و ئەو ئازادی خوازانە بوو کە لە فرمانەکانی دەوڵەت لایان دەدا یان لە بەرامبەریاندا (پەیامە مۆرکراوەکان) دەردەچوو.



Scanned with CamScanner

کاتێـك هاوڵاتیـان داوایـان کـرد ڕێیـان پـێ بـدرێت تـا بـچنە نـاو قەڵاکـەوە پاسـەوانان ڕێیـان پێنـەدان و تەقـەیان لێکـردن و سـەد کەسـیان لێکوشـتن، پـاش هێرشێکی کورت ئەو قەڵایە خۆیدا بەدەستەوە و جەماوەر بەسەرکەوتوویی چوونە نـاوی و سـەیریان کـرد تـەنها حـەوت بەنـدکراوی تێدایـە و یەکێکیـشان شـێتە و یەکێکیشان هێنا پرسیاری هەبوو کە بۆچی گیراوە، یەکسەر ئازاد کران و جەماوەر بـە گـوڕ و تینیـەوە چـوار دەوریـان دان، پاشـان کەوتنـە داڕمانـدنی دیوارەکـانی بەندیخانەکە و تـەختی زەویـان کـرد، لـەو کاتـەوە هێـرش بردنـە سـەر باستیل لـە فەرەنسادا بوو بە جەژنی گەوری نەتەوەیی و تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

لــە ســەرەتاکانی مــانگی ئۆکــستیدا هــەواڵی هەڵگیرســانی پــشێوی لــە بەشەکانیوڵاتدا کۆمەڵەی جەماوەری، چونکە جوتیاران لە زۆربەی گوند و لادێکان دا هێرشــیان بــردە ســەر ماڵــەکانی خانــەدانان تاچــی تۆمــاری ســەرلماندنی تایبەتمەندی خانەدانان بەسەر جەماوەریان تێدایە لەناویان ببەن.

ئـەم کارانـەش پیـاوانی کۆمەڵەکـەی بێـدار کـردەوە تـا یەکـەمین چاکسازییە گرنگەکانیان ئەنجام بدەن، ئەویش سڕینەوەی دەرەبەگایەتی و تایبەتمەندیەکانی خانەدانەکان بـوو لـەو کۆبونـەوەی کە لـە شـەوی چواری ئۆگستیسی ئـەو ساڵەدا بەسـترا خانەدانـەکان دەسـتبەرداری مافـە تایبەتـەکانی خۆیـان بـوو، ئەمـەش لـە نێوەندی گوڕ و تینی گوڕو گاڵێ جەماوەردا هـەروەها کۆیلایـەتی هەڵوەشێنرایەوە، هەموو شوێنەوارەکانی سیستمی دەرەبەگایەت لەناو بران تەناەت مافب ڕاو کردن و بەخێو کردنی کۆتر لە خانەدانەکان سەندرایەوە و دەرفەت بە جوتار درا تا ئەگەر لە زەویەکەیدا باڵندەی دی بیکوژێت باجی دەیەکیش کە کڵێسا وەریـدەگرت لابرا و باجەکان بوون بە گشتی بۆ هەموان و چینێك نەبوو نەیاندات.

دەرفـەت کرایـەوە بـۆ دامەزرانـدنی هـەموو نـەوەکانی وڵات بـە یەکـسانی و جیـاوازی و مافـە تایبەتیـەکانی بـەش و هەرێمـە جیاجیاکـایش لابـران بـەو جـۆرە هـەموو فەرەنـسا ملکەچـی یـەك یاسـا بـون، نەوەکانیـشی بـە یـەك شـێوە لـە هـەموو هەرێمەکاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد پاشان کۆمەڵەکە هـەنگاوێکی دیکـەی بڕێ بـەرە

ڕێکخستن ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دابەشکاریە کۆنە کارگێڕیانەی کە وڵاتیان بۆ چەند ناوچەیەك دابەش دەکرد و بەناوی شاخە گرنگەکان و روبارەکانەوە ناو دەنران، کۆتا جێدەستی دەرەبەگایەتیش لە نەخشەی فەرنسادا لابرا.

لەو شتانەی کە داخوازیەکانی ئەنجومەنی چینەکان داوایان دەکرد دانانی ماف بوو بەشێوەیەکی رون بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا، کۆمەڵەکەش هەوڵی دا نوسراوی مافەکانی مرۆڤ ئامادە بکات تائەوەی بە بڵاو بوونەوەی شەپۆلێکی توندی وڵاتی گرتەوە.

ئەو نوسراوە بە گرنگترین بنەما و بەڵگە نامە دادەنرێت کە لە مێژوودا باسی هاتبێت، تیایدا هاتووە کە خەڵکی بە ئازادی لەدایك دەبن و لە مافیشدا بە یەکسانی دەمێننەوە و یاساش دەربڕێ خواستی جەماوەرەو هەموو تاکێك لە وڵاتدا مافی بەشداری کردنی هەیە تا خۆی یان لە ڕێگەی نوێنەری هەڵبژێردراویەوە بەشداری دەسەلات بێت، پێویستە ئەو یاسایە بۆ هەموان یەك بێت ناکرێت کەس بە بێ ڕەزامەندی یاسا بگیرێت یان بەند بکرێت ناکرێت حەسانەوەو بەختەوەری کەس لەسەر بیروراکانی لێ بسەنرێتەوە بە مەرجێ دەربڕینی ئەو رایانەی ئاسایشی گشتی تێکنەدەن.

هەموو تاکێکیش دەبێت بە ئازادی بڵێت و بنوسێت و بابەت چاپ بکات بەڵام بە مەرجێك بەرپرسیار بێت لە خراپ بەکارهێنانی ئەو ئازادیە وەك یاسا دیاری کردووە باجەکانیش بە پێی خواستە کانی گەل هەڵسوکەوت بە پێێ راکانی دادەنرێت.

پاشا دوو دڵ بوو لە ئینزار کردنی دەقی مافەکانی مرۆڤ دا پاشان لە نێو خەڵکدا بڵاو بوویەوە کە پاشا بە ڕێنمونی دەربارەکانی سوپای کۆکردۆتەوە تا شۆڕشەکە لەناو ببات، هەورەك پێش ئەوە هەوڵی دا لەناوی ببات، بەڵام بەهۆی هەستانی گەل و هێرش بردنی بۆ سەر باستیل نەیتوانی.



Scanned with CamScanner

دەڵێن ڕەنگەکانی دروشمی نوێی نەتەوەیی بریتی بوون لە سور و سپی و شین، لە نانخواردنێکی ترساوی قرسای دا خرایە ژێر پێ، ئەم هۆکارانە هاودەمی خۆرك بوون کە لە ئەنجامی شکستی کێڵگەکان لەو ساڵەدا رووی دا بۆیە ئەوە چاکترین هاندەری هاولاتیانلا پاریس بوون، ئەوانیش پێویستیان بە هاندان نەبوو تا سەرکەشی خۆیان رابگەیەنن.

لە رۆژی پێنجەمی ئۆکتۆبەردا چەندین هەزار ئافرەت بە هاودەمی پیاوانی چەکدار کۆبوونەوە و بەرەو کۆشکی قرسیای چوون داوای نانیان لە پادشا کرد چونکە متمانەیان بە خودی شا هەبوو، پیشتیان پێ دەبەست، هەرچەندە گومانیان لە هاوڕێ و ڕێنیشاندەرەکانی هەبوو، لاڤایت کەوتە شوێن جەماوەر و ڕێبەری پاسەوانی جەماوەری دەکرد بۆ پاراستنی سیستەم بەلام رێ لە هەندێ دەغەڵ نەگرت، بۆ چوون ناو کۆشکی پاشا و هەڕەشە کردن لەو شاژنەی کە جێی ڕەخنە گرتن بووە و هاولاتیان رایانگەیاند کە پێویستە پاشا لەگەڵیاندا بێت بۆ پاریس.

شۆڕش ناچار بوو رازی بێت بەو جۆرە گەرانەوە بۆ کۆشکی تویللری و لەوێ بە بەندکراوی دایاننا وەك رۆژان ئەوەیان سەلماند کۆمەڵەی جەماوەریش پاش کەمێك شوێنی کەوتن و خوێندنگەیەکی نزیکی تویللریان کرد بە مەڵبەندی خۆیان بۆ چاودێری کردنی بەندیەکانی ناو بەندیخانەکەیگواستنەوەی کۆمەڵەکەیش بۆ پایتەخت کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر ڕێکردەی روداوەکان چونکە سەرکردەکانی هاولاتیان و پیاوانی پشێوی لە کاتی تەنگژەدا بارەکەیان گرتە دەست خۆیان و خستیانە ژێر سۆزی خۆیانەوە.

زانیمان چۆن کڵێسا لە فەرنسادا سامان و تایبەتمەندی هەبوو، چونکە گەورە کارمەندە قەشەکان و سەرۆك دێرەکان داهاتی گەورەیان دەگرتە دەست هەر یەکێکیان لە یەك کاتدا چەندین موچەی هەبوو بەرامبەر بە هیچ خزمەتێك قەشەکانی گوندەکانیش هەموو ئەرکەکانیان رادەپەراند و هێشتا نەیاندەتوانی پێی بژین.

بەو جۆرە سامان بە نادادپەروەری دابەش دەبوو، ئەمە خەڵکی والێکرد بیر بکەنەوە لە پێویستی دەستگرتنی دەوڵەت بەسەر ماڵ و موڵکی کڵێسادا و دابەشکردنی داهاتی بەسەر خزمەتگوزاریدا چی لەوەش مایەوە دەکرێت بۆ رزگارکردنی حکومەت لە گرفتە داراییەکانی بەکار بهێنێت.

ئەو دەیەکی کە کڵێسا داینا بوو لە مانگی ئۆکەستسدا لەگەڵ باجەکانی دەرەبەگایەتیدا لەکار خران، کە رۆژی دووی نۆڤەمبەر هات بڕیارێك دەچروو کە بەو پێیە هەموو ماڵ و موڵکی ئەکلیری دەخستە ژێر هەڵسەوکەوتی گەلەوە، بەرانبەر بەوەی چی پێویستە بۆ ئەنجامدانی بۆنە ئایینیەکان بیکات و بەو پێیە ئەنجامدەرانی بژێنێت و یارمەتی هەژاران بدات، ئەو بڕیارە پشکی فرە لایەنی داهاتی لە قەشە و رەوهبانەکان داماڵی و وای لێکردن بۆ بژێوی ژیانیان پشت ببەستن بە موچەی حکومەت.

کۆمەڵەکە هەنگاوێکی دیکەی گرتەبەر و بڕیاریدا چاکسازیەکی تەواوی کڵێسا بکات و چەندین ئوسقوفی کۆنی لەکارخست و لە جیاتی ئەوانە هەستا و سێ ئوسقوفی دانا و لەهەر هەرێمێکی فەرەنسایی نوێدا یەك دانەی دانا و هەڵبژاردنی ئەوانەشی دایە دەست گەل، هەر هەڵبژاردنی قەشەکانیشی دایە دەست گەل، بەمە پاپا و پیاوانی ئایینی و کۆنەپەرستان بێزار و تورە بوون، بۆیە زۆرێك لە پشتیوانانی شۆڕش پەلین گرت و لە رووی وەستان.

لویسیش بە ناچاری رازیبوو و لەدڵی خۆیدا رقی خۆی بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕان شاردەوە، کاتێك هەندێ لە پیاوانی ئایینی بێزاری خۆیان نیشاندا کۆمەڵەکە ناچاری کردن تا سوێندی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی بۆئەو یاسا و دەستوورە نوێیەی فەرەنسا بخۆن، بۆ ئەمەش شەست هەزار قەشە ئەو سوێندەیان خوارد، ئەو کات بۆ ناچارکردنیان زۆر بەکارهات، ئەمەش رێخۆشکەری کرد بۆ ئابرو تکاندنی سەردەمی تیرۆر.

ئارەزای رێکردەی ئەو شۆڕشە بووین کە سەردەمی کۆتی تێکشاند و فەنرەسای نوێی هێنایە کایە، گرنگترین جێدەستەکانی لەناوبردنی مافە تایبەتیەك



Scanned with CamScanner

گرنگەکان و جیاوازیە ناوچەییەکان و دەرفەت دان بوو بە گەل تا بەشداری لە حکومەتدا بکات.

هەموو ئەمانە بە بێ پێکدادانێکی توند و بە ویستی گەل روویدا، بەڵام هەندێ گۆڕانکاری کڵێسا توندی بەخۆیەوە دی، یەڵام بارەکە بە هێمنی نەمایەوە و رەشەبا هەڵی کرد و لە سەردەمی تیرۆر، هۆی هەوڵەکانی دوژمنانی شۆڕش لەناو فەرەنسا یان دەروەەوە یدا هات بۆ لابردنی هەموو چاکسازیەکی کۆمەڵەی جەماوەری.

چونکە براکەی پاشای بچوک پاش روخاندنی باستیل بەدەستیەکی کەمی خانەدانەکان و سوپایەکی بچوکەوە چوویە دەرەوە و نیازی هەبوو هێرش بکاتە وە سەر فەرەنسا و سەردەمی کۆنی تێدا بگێڕێتەوە، لویسی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێتی ژنی هەوڵیدا لە ساڵی ١٧٩١ز.دا پیان بگەن و پەیوەستیان بن، بەڵام لە نزیك سنوردا گیران و گەڕێنرانەوە بۆ پاریس، کۆمەڵەکە ووتی پاشای پروسیای رازی کرد تا لە بڵاوراوەی (بلنتر) لەگەڵیدا ئیمزا بکات و تیایدا داوای یەکێتی دەوڵەتانی ئەوروپا بکەن تا گەلی فەرەنسی ناچار بکەن مافەکانی جاران بدەنەوە بە لویسی شانزهەم.

ئەمە فەرەنسیەکانی بێزار کرد و رقیان لە پاشایەتی و خانەدانەکان زیادی کرد و پێشڕەوییان کرد بۆ داخستنی لویس و بردنی برەو قەسابخانە، چونکە بیرۆکەی دەستێوەردانی دەوڵەتە بیانیەکام لەکاروباری ناوخۆیی فەرەنسا لەگەڵ خۆبەزلزانی نەتەوەیی فەرەنسیەکان یان ئابڕشویاندا نەدەگونجا، ئەو رۆژنامانەی لەکاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی چینەکاندا دەردەچوون یاریدەدەری کردنەوەی ئاگری گوڕوتین و وروژاندنی رای گشتیان دا.

لە وڵاتدا چەند یانەیەك بۆ سیاسەتمەداری دەرکەوتن ولە نێ,انیاندا یانەی یەعقوبیەکان هەبوو کە دامەزراندنی ئەمریانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی تیایدا کۆمەڵەی جەماوەری چوون بۆ پاریس، چونکە هەندێ نوێنەری چینی سێیەم ژوورێکی گەورەی دێڕی یەعقوبیەکانیان لە نزیك بینای کۆمەڵەی جەماوەریدا بەکرێ گرت، و لەوێ کۆبوونەوەکانی خۆیانیان دەبەست و قسەیان دەکرد لەسەر

ئەو باس و خواسانەی دەخرانە بەردەم کۆمەڵەکە، یەکەم کاری یانەکەش دیار کردنی سیاسەتی ئەندامانی و شێوەی دەنگدانیان بوو.

بە خێرایی چەند لقێکی لێکەوتەوە کە لایان بەلای رای گشتیدا کردەوە، بەمە ئەندامانی بڕیاریاندا بەرامبەر هەر بزووتنەوەیەك بوەستن کە مەبەستی گێڕانەوەی فەرەنسا بێت بۆ دەستورە کۆنەکەی ئەو دەستورەی وڵاتی دووچاری چەندین نەهامەتی کردبوو، لە سەرەتاشدا تامەزرۆ و بەنیازی کۆماری نەبوون، بەڵام ڕێکردەی رووداوەکان و گۆڕانەکانی وای لێکردن دواجار بگەنە ئەو بڕوایەی هەر دەبێت پاشایەتی لەناو ببەن.

دواجار کۆمەڵەی جەماوەری دەستووری نوێی دانا کە ماوەی دوو ساڵی تەواو کاری لەو دەستوورەدا کرد تا تەواو بوو، پاشا سوێندی دڵسۆزی پێ خورا و هەموو بڕیاریاندا وێنەی روداوە تاڵەکان و شوێنەواری گومان و دوو دڵی زاڵ بوو بەسەر کۆکشیکی پاشادا لاببەن، پاشان حکومەت درایە دەست کۆمەڵەی یاسادانان کە دەستور قسەی لەسەرر کردبوو، بەمە لە رۆژی یەکی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٩١ز.دا یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەست.

کۆمەڵەی جەماوەری بڕیاریدا هیچ لە ئەندامەکانی خۆی نەباتە ناو کۆمەڵەی یاسادانانەوە، بۆیە کەوتە دەست کۆمەڵێك گەنجی بەگوڕ و تینی رانەهاتوو کە لە رێگەی ئەزموون یان لێهاتوویەوە نەبوون بە ئەندام بەڵکو بەهۆی ئەو ووتارە ئاگرینانەی کە لە یانەکانی یەعقوبیەکاندا پێشکەشیان دەکردن، لەو ماوەیەشدا فەرەنسا لە بارێکی نائاساییدا بوو، پاشایەکی وەلانراو گەلێك کە متمانەی بە حکومەتەکەی نەبوو، ئەو خانەدانانەی کە وڵاتیان بەجێ هێشتبوو لەسەر سنورەکان چاوەڕوانیان دەکرد و رقیان بۆ شۆڕشگێڕن زۆر بوو، پاشایانی دەوڵەتانی بیانیش پێشنیاریان دەکرد تا بۆ گێڕانەوەی پاشا بۆ شوێنی خۆی دەستێوەردانی چەکدارانەیان بۆ ناو فەرەنسا هەبێ، سەرەرای ئەمانەش بەشێکی زۆری گەل پێچەوانەی هەندێ چاکسازی نوێ بوون بۆ نمونە وەك چاکسازیەکانی ناوکلێسا.



Scanned with CamScanner

ئەوەی قورەکەی خەستتر کردەوە ئەو بڕیارە توندانە بوون کە کۆمەڵەی یاسادانان دژ بە خانەدانە کۆچبەرەکان و پیاوانی ئایینی دەی کردن، بەو پێیە هەر فەرەنسیەك لە سنوورەدا بێت و پێش یەکی نایری سالی ١٧٩٢ز. نەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی بەناپاك لە رووی نیشتمانیدا دادەنرێت و سزای لە سێدارەدانی لە روودا دەدرێت.

هەروەك بڕیاریدا بە ناچارکردنی هەرکەسێك کە سوێندی دڵسۆزی نەخوات، (واتە پیاوانی ئایینی) تا وڵات بەجێ بهێڵن، بەم شێوەیە کۆمەڵەکە رقی ژمارەیەکی زۆری ئەو قەشانەی وروژاند کە سۆزیان بۆ شۆڕشەکە هەبوو لەسەرەتاکانی هەڵگیرساندا و دابوویانە پاڵ چینی سێیەم، متمانەی ژمارەیەکی زۆری جەماوەری کاتۆلیکیشی لەدەست دا کە دەیانویست چاکسازی بکەن و ئامادە نەبووت پیاوانی سەرکردەی ئایینی جاران بەجێبهێڵن.

گرنگترین کاری کۆمەڵەی یاسادانانی نانەوەی ئاگری جەنگ بوو لەگەڵ نەمسادا، ئەو ئاگرەی کە سەرەتای ململانێیەکی توندی نێوان فەرەنسای راپەڕیوو و هەرێمەکان دیکەی ئەورووپای رۆژئاوایی بوو کە کاوەی بیست ساڵ بەردەوام بوو. هۆکاری ئەو جەنگەش یەکگرتنی خانەدانە فەرەسیەکان بوو لەسەر سنوردا و هاندانی نەمسا و پروسیا بوو لە لایەن ئەو خانەدانانەوە تا لە دەستوربەندەکانە کاروباری فەرەنسا لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵەکە نیازەکانی پاشاو دڵسۆزی نواندنی لەبەرچاو نەگرتبوو، چونکە پێی وابوو لویس لەگەڵ دەوڵەتان بیانیدا پەیوەندی هەیە و لەسەر دەستوردانە ناو وڵاتەکەی دانوستانیان لەگەڵ دەکاتن تا دەسەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە و خۆی بسەپێنێتەوە.

بۆیە پیاوانی کۆمەڵەکە وتیان جەنگ لەگەڵ نەمسادا پێویستە بکرێت تا ریزەکانی گەل لەکاتی چەرمەسەری و سەختیدا ئامادە بن و یەکدەنگ بن و نەوەکانیان هاو هەست بن و راستی کاری پاشا دەربکەوێتن یان ببێتە سەرکردەی گەل و یان بە بەرگی ناپاکیەوە کە ئەوان بەوە تۆمەتباریان دەکرد بچێتە دەرەوە.



Scanned with CamScanner

ناچار پاشا رازیبوو بە جەنگکردن و کۆمەڵەکەیش سەرکردایەتیان دەکرد و وتاربێژە جیرۆندە پشتیوانەکانی کۆماری بەڕێوەیان دەبرد، نەمسایش دەستی خۆی بردە پێشەوەو پروسیای هاوپەیمانی کەوتە شوێنی و پاشان هەردوولا پێکیاندادا و ئەو گەردەلولە دەستی پێکرد کە رەشەبای شۆڕشی بۆ هەموو بەشەکانی جیهان برد تا نەریتە کۆنەکان داپۆشێت و گۆرانی یەکسانی و ئازادی دادپەروەری بلێت پاشای لەبەرچاوی خەڵکدا لە جاران بەختی باشتر نەبوو بەڵکو بە پێچەوانەوە بەردەوم پێیان دەوت (ناپاکی، ناپاکی).

پاشان وتاربێژانی گەل ئەمەیان بە ئاشکرا راگەیاند و هاوڵاتیان هێرشیان بردەسەر کۆشکشی تویللری وە پەتی ژیانی پاشای بەندکراویان بڕێ و سوپای هاوپەیمانیش لە یەرکەوتنیانەوە سەرکەشی شۆڕشگێڕانی فەرەنسایان دەدا بە زەویدا، پاشان نەخشەی هێرش بردنە سەر فەرەنسا دانرا و بارۆمەتی تورە بوون لە پاریس بەرز بوویەوە، بە تایبەت ئەو کات کە دوژمنان سوپای خریان بەرەو پایتەخت برد دۆق برترزویك هەرەشەیەكی بۆ پاریس نارد كە سزایەکیان دەدات نمونەی نەبێت ئەگەر بێتو تاکێك موو لەسەری پاشا لویس کەم بێتەوە.

********************



Scanned with CamScanner

# کۆماری فەرەنسی یەکەم

لە نێوەندی تاریکیئەو لە کەش و هەوای پاریس دا دەنگی زەنگەکان لە گومەزرەکان کلێساکانەوە و بەرز بوویەوە و داوای کۆبوونەوەی جەماوەری کرد بەڵام پاشا و بنەماڵەکەی زانیان کە کاتی خۆی هاتووە کەسەکانی ناو کۆشکەکە چەند بازنەیەکیان بەست و بە پشێویلە تاریکی شەودا تا بەرەبەریان قسە و مشتومڕیان بوو کە ئایا بەیانی چی دەبێ وچۆن پاشا لە مەرگ رزگاری بێت، کە بەیانیش هات هەموو لە دەوری کۆشکی تویللری کۆ بوونەوە پاسەوانانی پاشایەتی سەربازە سویسریەکان( ماوەیەك لە بەرگریان کرد بەڵام پاشا رایکرد و پاسەوانەکانیشی بەجێهێشت تا لە شەقامەکاندا سەربڕدرێن پاشا پەنای بردە بەر کۆمەڵەی یاسا دانان و لەوێ مایەوە.

دەستەیەك لە شۆڕشگێران بینای شارەوانیان گرت و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیان راوەدوونان و حکومەت کەوتە دەستیان بەو جۆرە پیاوانی شارەوانی پاریس جڵەوی کار و بارەکەیان گرتە دەست و سەرکردایەتی شۆڕشێکی نوێیان کرد کە کۆماری یەکەمی هێنایە کایەوە، کۆمەڵەی یاسادانان هاورای شارەوانی پاریس بوو بۆ ئارەزووی کۆماری ئەمەش واتە داڕماندنی دەستووری پاشایەتی کە کۆمەڵەی جەماوەری چەند کانگێکی کەم پێش ئەوە داینابوو، بۆیە کۆمەڵە داوای لە خەڵك کرد تا (کۆنگەرەیەکی نیشتمانی) هەڵبژێرن تا سیستمێکی نوێ بۆ حکومەت دروست بکات ئەو کۆنگرە خوازراوەش لە ٢١ی سێپتێمبەردا کۆ بوویەوە.

یەکەم کاری ئەم کۆنگرەیە سڕینەوی پاشابیەتی رەها و راگەیاندنی کۆماری بوو لە فەرنسا ئەوکات هەڵچوانی ئەو نەوەیە زانیان سەردەمێکی نوێی ئازادی ئاسمانی وڵاتیانی گرتوەتەوە دوای ئەوەی ستەمی ستەمکاران بەیەکجارەکی ئاوا بوو، بۆیە بیست و دووی سێپتێمبەری ساڵێ ١٧٩٢ز. یان کرد بە رۆژی یەکەمی ئازادی فەرەنسی.



Scanned with CamScanner

لە هەمان کاتدا باودۆخەکە کەوتە دەست ئەندامانی شارەوانی پاریس کە بەناوی ئازادیەوە دەتیان لەناو خوێن نەغرۆ بوو بانگەشەی ئەوەیان کرد کە پاریس قرە لە ناپاکانی پشتیوانانی نەمسا و کۆچبەرە خانەدانەکان بۆیە سێ هەزار کەسیان خستە بەندیخانەوەو سەدان کەسیان بە بێ دادگایی کوشت یان ویستی تیرۆر لە وتەی خۆیاندا بۆ گێڕانەوەی بۆ سەردەمی کۆن بوو.

سوپا پروسیەکان پێشکەوتن و چوونە ناو سنوری فەرەنسا و دەتیان گرت بەسەر قەڵای قەردون دا و رێگری بەردەوام پێشرەوی کردن بۆ پاریسیان نەما بەڵام گەل بەیەکجار راپەڕین و بوون بە سوپایەك و بوونە چوونە مەیدانی جەنگ و باکیان لە مەرگ نەبوو، دانتۆن پشتگیری ئەوە بوو ئاگرێکی گەرم لە دەرونیدا بە کۆمەڵە وشەیەکی گەمرتر لە پشکۆ و کڵپەی دەسەند، جەنەڕاڵ دیمۆریا کشا و لە رێگەی برونزیەکەوە مەرگخوازانە هەنگاوی نا تا ناوچاری کردن بە شکست و دارمان لە ڤاڵما.

چەند هەفتەیەك دوای رووداوی ڤاڵمی خاکی فەرەنسا یەك سەربازی پروسی یان نەسازی تێدا نەما چونکە فەرمان رەوایانی نەمسا یان قروسیا چاوەڕوانی بەرژەوەندیەکی لەو جەنگە دەکرد، لەو ماوەیەدا فەرەنسیەکان چوونە سنووری ئەڵمانیەوە و دەتیان گرت بەسەر چەند شارێکی رایندا، هەروەك دەستیان گرت بەسەر زەویە نەمساویەکان (ساڤوای)شدا.

کۆنگرەی نوێی کەوتە بیرکردنەوە لەسەر ئەنجامی پاشا و دەیپرسی ئایا چی لێبکرێت حزبی شاخ کە حزبی توندرەوی کرماری بووە داوایان دەکرد دادگای بکرێت وەك ناپاکێکی گەل، یارمەتی دوژمنانی داوە بۆیە بە زۆرینەی دەنگ بریار درا لە سێدارە بدرێت و سەری لە هستەی بکرێـەوە بێ ئەوەی هیچ کەس دەستی یارمەتی بۆ پاشای هیوا بڕاو درێژ بکات.

لە سێدارەدانی پاشا وڵاتامی ئەورووپای تورەکرد هەموو هەستان و یەکیان گرت تا لەسەر ئەو کارە خراپە ئەنجومەنی نیشتمانی سزا بدەن.

فەرەنسایش بانگەوازی چوونە جەنگی وەرگرت، و رایگەیاند ئامادەیە یارمەتی هەر گەلێك بكات كە بیەوێ ئازادی خۆی بەدەست بهێنێت، ئەندامانی یەكێتی ئەورووپی هێرشێكی هەمەلایەنەیان دەست پێكرد بۆ تێكشاندنی خۆبەزلزانی كۆماری ئینگلیز چاوی دانا لەسەر گرتنی كەناراوەكان ئیسپان بریاری دا شاخەكانی برنس ببڕێت و هێرش بباتە سەر باشوور بیدمۆنتیۆنەكان بریاریاندا لە شاخەكانی ئەلبەوە بدەن بە سەریاند.

نەمساو بروسیاش بەرەی رۆژهەلاتیان كرد بە بنەكەی جموجوڵ و بزاوتی خۆیان مەترسی لە هەمولایەكەوە گەلی فەرنسای گرتەوە و كۆماری گەنج و تازە دروست بوو لەنێو رمەكانی دوژمندا خۆی دەبینێەوە كە لە هەموو لایكەوە بەسەریدا دەبارین ناچار دەبوو گەل لە كاتی چەرمەسەری دا یەك بگرن، حزبەكانی ناو كۆنگرەی نیتمانی لەژێر سێ ئاڵادا كۆبوونەوە.

حزبی توندڕەوی شاخ كە لە هەواداری دا بۆ كۆمار و شۆڕش توندرەو بوو بە هۆی پایەی باڵای ئەندامانی لە كۆنگرەدا ئەو ناوەی لێنرا بوو، ئە حزبە توندرین یەعقوبیە توندوتیژەكانی لەخۆ دەگرت وە بانگەوازی دەكرد بۆ سڕینەوەی هەموو دیمەنە كۆنەكانی فەرەنسا و هێنانە كایەی دەوڵەتێكی نوێ كە تیایدا ئازادی و دادپەروەری و یەكسانی زاڵ بێتز

لەو پێناوەشدا هێز و توندوتیژی بەكار بێت و هاوڵاتیانی پاریس هان بدرێ، تا هەر كەسێك ناحەز و دوژمنی كۆماری دەزانن لەناوی ببەن، حزبی (جیرۆند)یش كە حزبی مامناوەندی نەیاری یەعقوبیەكان بو ئەم ناوەیشی بۆیە لێنرا چونكە زۆرینەی سەركردەكانی لە هەرێمی جیرۆینداوە هاتبوون، حزبی دەشت كە ملكەچی بوو حزبی كە شاخجیرۆندی وەلانا و دەشتی لەخۆ گرت و سەركردایەتی ولاتی كرد وتیرۆری گەورەی راگەیاند تا فەرەنسا لە بارگرژی رزگار بكات.

بارەكە رووی كردە فەرەنساوە، چونكە نەمسا و پروسیا و ئێستا دەتراسان روسیا دەرفەتی سەرقاڵ بوونیان بە فەرەنساوە بقۆزێتەوە تا لە پۆڵندا دا پشكی



Scanned with CamScanner

زیاتر لەوەی شیاوێتی، لە دابەشکردنی دووەمی پۆڵندا بۆ خۆی ببڕێت بەڵام دەوڵەتان گەیشتنە بارێکی نەخۆشی و بەمە یەکدەنگ و یەك ریز بوون هەر کە ئیسپانیا و ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆزیش چوونە پاڵیان فەرەنسا کەوتە جەنگ لەگەڵ هەموو دراوسێکانی دەوریدا.

سوپاکانی نەمسا بەسەر دیموریەدا سەرکەوتن و فەرنسیەکانیان لە زەویە نزمەکان دەرکردن، کاتێك دیمۆریە هەواڵی کوشتنی پاشای بیست دڵتەنگ بوو، هەروەك ئەمە کۆنگرەی کەمتەر خەم کرد سەبارەت بە بەخشینی یارمەتی پێویست بۆیە سوپاکەی بەجێهێشت و دایە پاڵ دوژمن و سەدان سەربازیشی لەگەڵدا بوو.

*********************

# سەردەمی تیرۆر

لەدەستدانی زەویە نزیمەکان وە ناپاکی نواندنی چاکترین سەرکردەکانی فەرەنسا کاریگەریەکی قووڵی هەبوو لەسەر دەروونی ئەندامانی کۆنگرە بۆیە پێیان وابوو پاراستنی ژیانی کۆماری نوێی فەرەنسی لەدەست خراپەی پاشا هێرش بەرەکانی دەرەوە و دوژمنانی ناپاکی ناوەوە پێویستی بە کاری خێرا هەیە، نەوەك چاوەڕوانی کردنی دەستورێکی پڕ وردەکاری کە کۆنگرە لەکاتی مەترسیدا بینوێنێت.

بەو پێیە پێویستە حکومەتێکی چالاك و یەکلا هەبێت کە قەوارەی کۆمارەکە بپارێزێت و سوپا ئامادە بکات وسەرکردەکانی رێك بخات بۆیە کۆنگرەکە بڕیاری دا حکومەت بخاتە دەست لیژنەیەکی نۆ کەسی، لە سەرەتا ئەوەندە بوون دواتر بوون بە دوانزە کەس هێزێکی رەهایشی دایە دەست نەخشەی ئەو لیژنەیەش قسەی سەرکردەکەیان دەنوێنێت کە دەڵێت ( پێویستە خۆسەپێنی ئازادی دابمەزرێنن تا خۆسەپێنی پاشاکان لەناو ببەن).

بینیمان چۆن فەرەنسا بوو بە چەند لقێك و حزبێکەوە و چۆن حزبی شاخ سەرکەوت وە هاولاتیان پاریسی بەکار هێنا بۆ دەرکردنی جیرۆند و مامناوەندانی ناو کۆنگرەکە ئەم کارەش شارەکانی (مارسیلیا و بۆردوا و لیۆنی بێزار کرد چونکە ئەم شارانە هەواداری جیرۆندیەکان بوون، و رقین لە حزبی شاخ و پشتیوانە هاولاتیەکانی پاریسی پارتی شاخ هەبوو، بۆیە ئەو شارانە چەکیان لە دژی کۆنگرەکە هەڵگرت و هەری'/ی (بریتاتی) کە هێشتا سۆزی بۆ پاشای کوژراو هەبوو و رقی لە بکوژەکانی و چەوسێنەرەوانی پیاوانی ئاینی هەبوو لەو کاتەدا شۆڕشی ئەنجام دا لیژنەی ئاسایشی گشتی لە نێوان دوو ئاگردا خۆی دەبینیەوە. ئاگری شۆڕشی ناوخۆیی و بلرگرژییە ناوخۆییەکان ئاگری شاڵاوە دەرەکیەکان بۆسەر کۆمار لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دوژمنان بۆ دەرەوە دەربکات هەر هەرەشەیەك نەهێڵێت کە هەرەشە لە دەوڵەت بکات.

لە وڵاتدا دادگایەك بەناوی داگای شۆڕش پێك هات تا هەر كەسێ دادگایی بكات كە تۆمەتبار بێت بە بەرنگار بوونەوەی یان كۆمار یاسایەكی ترسناكیش دەرچوو بۆ تۆمەتبار كردنی هەركەسێك كە كارەكانی یان ئاماژەكانی بەڵگە بن لەسەر دوژمنایەتی كۆمار تا ئەو كەسە بگیرێت و بەند بكرێت ئیدی تیرۆر و كەسانی بێتاوانی دەگرتەوە و یاسای تۆمەتبار كردن یەكەمجار دەیبردنە بەندیخانە و دواتر لەوێوە دەبران بەردەم دادگای شۆڕش ئینجا لەوێوە بەرەو مەیدانی شۆڕش دەبران و لەوێ سەرەكان لە جەستەكان جیا دەكرانەوە و فەرمان دەرچوو تا باوك و ژن و دایك و منداڵی خانەدانە كۆچبەرەكان بگیرێت پێش ئەوەی دێوە زمەی تیرۆر لە خاكی فەرەنسادا جێی خۆی دا بكوتێت.

مارا یەكێك لە پشتیوانەكانی و گەورەی هاوڵاتیانی پاریسی كوشت، كەچی لەو هەموو خوێنە تێر نەبوو هەر تینوی خوێن بوو تا ئەوەی كیژی ژاك و راست (شارلۆت كوردای) هەستا و لە حەمامەكەی دا كوشتی، پاشان دوای چەند رۆژێكی كەم ملی جوانی بە بێ ترس و بیم بردە بەر موقەسە كە تا لە جەستەی جیا بكرێتەوە.

لە مانگی ئۆكتۆبەردا ناوی ئەنتوانێت لەنێو ناوی تۆمەتباراندا هات و خێرا دادگایی كرا و بەدوای ئەویشدا چەندین كەسایەتی بەرز و تایبەتی كوژران، دزێوترین شتێك كە لە سەردەمی تیرۆردا روویدا ئەو رووداوەی هەرێچمەكان بوو كە نوێنەرانی لیژنەی ئاسایشی گشتی چوون تا شۆڕش ناوچەی لەناو ببەن و دەسەلاتێكی سەربازی بێسنووریان هەبوو، یەكێك لە نوێنەرانی كۆنگرەكە هەزاران كەس (نانت)ی دادگایی كرد بە حوكمی تیرباران كردن یان خنكاند یان لە ئاودا، كۆنگرەكە بڕیاریدا شاری گەورەی لیۆن بە تەواوەتی وێران بكەن، سەرەرای ئەوەی پرۆژەكە بە تەواوی جێبەجێ نەكرا، بەڵام هەزاران كەس حوكمی كوشتیان لەسەر درا.

ماوەیەكی زۆری نەخایاند تا حزبی توندوتیژ لەنێو خۆیدا دابەش بوو، دانتۆن كە سەركردەیەكی پشتیوانی كۆمار و یەعقوبیەكان بوو دەیوت تیرۆر و خوێن رشتن



Scanned with CamScanner

تا ئێرە بەسە، هربرتی سەرۆکی کۆمیۆن (شارەوانی پاریس)یش دەیوت شۆرش هێشتا تەواو نەبووە و پێشنیاری کرد تا بەندەکانی خوا بکرێن بە بەندەی عەقڵ. کۆبوونەوەیەکی ئاینیشی لە کاتدرائیە نوتردام لە پاریس بەست و تیایدا وێنەیەکی جوانی بە بە عەقڵ بەخشی و لەسەر شوێنی سەربڕینەکە دانیشت و خەڵکیش دەیانپەرست.

بەهێزترین کەسی لیژنەکە رۆبس پیەر بوو کە لە نێو خەڵکدا ناو بانگێکی گەورەی هەبوو بەهۆی بانگەوازکردنی بۆ کۆماری ئەم کەسە لەگەڵ مامناوەندی دانتۆن و توندوتیژی کۆمیۆن دا نەبوو، بۆیە توانی بەو قەڵەمڕەوەی هەیەتی حوکمی مەرگ بەسەر سەرکردەکانی هەردوو لادا بدات.

نەدەگونجا رۆبس پیەر لە دیکتاتۆریەتی خۆی بەردەوام بێت، چونکە کاتێک دادگای شۆڕش بوو بە چەند بەشێکە و کەوتە سەربڕین تا هەموو دوژمنەکانی لەناوببات، ترس لەنێو دڵی هاوڕێکانی دا کە ئەندامانی کۆنگرە بوون دروست بوو، بۆیە بڕیاریاندا خۆی بنێرن بۆ مەقسە لەو سەری لە جەستەی بکەنەوە و پێش ئەوەی ئەو دەستپێشخەری بکات، فرمانیانکرد بە گرتنی و ئەویش داوای یارمەتی لە کۆمیۆن کرد، بەڵام کۆنگرە پاریسی دژ بە کۆمیۆن هاندا، ئەو کات دێوەزمەی تیرۆر و تۆقاندن بە بێدەنگی بەرەو مەقەسە لەبرا و پشتیوانانیشی بە دوایدا چوون.

کۆنگرە بە نەمانی رۆبسبێر لەو تاکە کەسە رزگاری بوو کە توانی درێژە بە ژیانی سەردەمی تیرۆر بدات، کاتێک لەناوبرا لە وڵاتدا پەرچە کردارێکی خێرا روویدا، چونکە لە دیمەنەکانی لە سێدارەدان بێزار ببوون، ئیدی دادگای شۆڕش زۆربە کەمی حوکمی لە سێدارەدانی دەردەکرد، بەڵکو لایکردەوە بەلای ئەوانەدا کە پشتیوان و سەرکردەی شەرمەزاریەکانی شۆرشەکە بوون وەك جەللادی گشتی و ئەو کەسانی فرمانی سەربڕینەکەی نانت و لیۆنان دەرکرد. چەند هەفتەیەکی دیاری کراوی نەبرد تا یانەی یەعقوبیەکان داخرا و کۆمیۆن لەکار خرا و پەردە درا بەسەر بەشی تیرۆر و تۆقاندنی رۆمانی شۆرشی فەرەنسیدا.



Scanned with CamScanner

کۆنگرە لای کردەوە بەلای ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا هەڵبژێراردا بوون، ئەویش دانانی دەستورێکی نوێ بوو تا شوێنی ئەو دەستوورە شانشینە بگرێتەوە، کە کۆمەڵەی جەماوەری داینا بوو.

بۆیە بریاریدا دەسەلاتی یاسادانان بدرێـە دەست ئەو دوو ئەنجومەنە، ئەنجومەنی پێنج سەدی و ئەنجومەنی پیران دەسەڵاتی جێبەجێکاریش درایە دەست ئەنجومەنی کارگێڕی و کە لە پێنج کەس پێ: هاتبوون ئەو دوو ئەنجومەنەش هەڵیان دەبژاردن.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٩٥ز.دا کۆنگرەیەك پاش سێ ساڵ فەرمانڕەوای فەرەنسای پڕ لە کێشە و مەترسی و بارگرژی بێ وێنەی خۆی هەڵوەشاندەوە، سەرەرای ئەوەیش کۆنگرە هۆکارێکی چەوساندنەوە بوو، بەلام ئینکاری ئەوە ناکرێت کە لیژنەکانی فەرەنسایان بەرەو کەناراوی ئاشتی برد و لە تەنگەبەری توندی ساڵی ١٧٩٣ز. رزگاریان کرد، وڵات لە جەنگی ناوخۆیی و کۆبوونەوەی چروپڕی دوژمنان رویدا.

رزگاری بوو چەند لیژنەیەکی دیکە سەرقاڵ بوون بە بواری پەروەردەو فێرکردن و لەدەستی پیاوانی ئایینیەوە، خستیانە دەست حکومەت و یاساکانی وڵات یەکخران، وڵات لە پشێوی کرن رزگاری بوو، لەگەڵ ئەوەی رۆژمێری نوێ زۆر نەژیا، بەلام سیستمی مەتری بە پێوانەی ئەو کێشانەی (کێشی تەرازوو) کرنگە هێنانی لە ئەوروپا بلاوبوونەوە، زۆربەی دەوڵەتانی جیهان ئەو شێوازانەیان گرتەبەر.

پێویستە سیستەمەکانی سەردەمی تیرۆر و دارمانی دراوی بە رق و بارگرژیەکانی لە ئەنجامی یاسا توندە نەچەسپاوەکانی کۆنگرە لەبیر نەکەین، حکومەتی کارگێڕیش بارەکەی زۆر چاك نەکرد و وڵات چاوەڕێی دەستێکی بەهێزی دەکرد تا دەسەڵات بگرێتە دەست وە سیستم بگەڕێنێتەوە ئەویش دەستی ناپلیۆن پۆناپۆرت بوو کە لە ساڵی ١٨٠٠ز.دا باریە سەر فەرەنسا.

# دەوڵەتی لائیکی (عەلمانی)

زۆربەی جار فەرەنسیەکان سیستمی عەلمانی خۆیان وەکو نمونەی باڵای بواری کۆبوونەوەی سیاسی دەخە ڕوو، نەوەك تەنها فەرەنسی یان ئەورووپیەکان، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتیەکان لە کیشوەرە جیاجیاکانی جیهاندا، ئەو سیستەمەیش چەند بنەرەتێکی نوێگەری و رۆشنگەری هەبوو کە پێشتر نەبوو، ئەزموونی فەرەنسیش تا ئەمرۆیش نمونەیەکی باڵاو بەرچاوە لای زۆربەی کەمینەی بیریارانی سیاسی و لە جیهانی رۆژئاوادا بێت یان لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا بێت.

ئەوەی دەبێت لەبیری نەکەین دەرئەنجامی گوتاری موژدەبری عەلمانی بوو بە هەردو لقی فەرەنسی و رۆژئاواییەوە کە ئەزموونی فەرەنسی بە چەند دیدێکی دەسەلاتخوازی ترسناك لە ئیش و بانگەشەکانی ئازادی و یەکسانی و ئازادیخوازیەوە لەخۆی دەگرت، هێندەش بەسە لێرەدا ئاماژە بە چەند دیاریەکی دەسەلاتخوازی پەیوەست بە نمونەی کۆماری عەلمانی فەرەنسی بکەین.

لائیکی فەرەنسی لەگەڵ دیدێکی دەستوەردانێکی راشکاوانە و توندی دەوڵەتی دامەزراوە، ئەم دیدە دەستوردانە لەسەر پاڵپشتی بیردۆزەیەك وەستاوە کە دەوڵەتی لائیکی بە زامی یەکبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پاسەوانی پێناسی گشتی دادەنێت، ئەمەش بەهۆی توانای بێ سنووری لەسەر تێپەڕاندنی دابەش بوونە کۆمەڵایەتی و بەهائیەکان کە پەیکەری سیاسی کونا کون دەکەن پاشان تەوانی زۆری بۆ دەربڕینی بەرژەوەندی گشتی کە بەرژەوەندیە لاوەکی وەکو تاکەکەسیەکانی تاك و کۆمەڵایەتیەکان تێدەپەڕێنرێت.

ئەم بیرۆکەیە لەسەر لاسایکردنەوەی رۆشنگەرایانی:ی تازە دەرکەوتوو دەکردەوە کە لەسەر رەوانبێژی سیاسی و توانای کۆکردنەوەی ویستی گشتی و هەموەکی واتە توانای دەربڕینی بە سوود لەبەر بەرژەوەندیە گشتیەکان وەستاوە کە بەرژەوەندی هەموو تاك و کۆمەڵگەکان دەکرێتەوە، دواتر سەرکەوتن و زیاتر



Scanned with CamScanner

چوون لە ڕێی دیاردەی دابەش بوونی ئایینی خێڵەکانی خێڵ'چکی و ڕەگەزی و چینایەتی تێدا کە پەیکەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دابەش دەکەن.

ریشەی ئەم بیرە دەگەڕێـەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم و بەشێوەیەکی وردتر دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی فەرەنسی ژانژاك رۆسۆ کە دەوڵەت وەکو چوارچێوەی جەستە و دەربڕی ویستی گشتی هاولاتیان دادەنرێت، لە پاڵ ئەمەشدا هێزێکی رێکخراو بالای هەموو بەرژەوەندیە تاکە کەسی و بەشەکیەکانە، دیاریشە لێدوانی توند لەسەر دەوڵەت لای فەرەنسیەکان لەسەر چەند ئیعتیبارێکی هزری یان نەزەری پەتی نەوەستاوە، هێندەی تۆمەتبار دەکرێت بە چەند گرفتێکی کرداری کە شێ.ەی خودی ئەزموونی فەرەنسی بەسەریدا دەسەپێنرێت، بەشێوەیەکی گشتی باری فەرەنسی جیا بوو، بەهۆی ئەوەی لەسەر دەمی پاشایەتی دا دەوڵەتێکی دەستێوەردانی و مەرکەزی هەبو کە لەگەڵ دەسەلاتی کڵێسادا هاریکار بوو و رێکخستنی توندی لە یاخی بوونی سەخت بوو.

لەگەڵ پاشەکەشەی رۆڵێ کڵێسا لەسەر تیشکی هەموو ئەو گوزەرانەی لەدوای شۆرش بەری کەوتن، کۆماری لائیکی تایبەتمەندیە پەیکەری و بنیاتیەکانی دامەزراوەی کڵێسای کاسۆلیکی هەڵمژی لە زۆربەی ئەو پیشانەی پێی درا بوو لیچی دا و خۆی گرتیە دەست، لەوانە ئەرکی سەپاندنی یەکبوونی رۆشنبیری و سیاسی و بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە رووی تاقم و دەستەیەی و رەگەزیەوە بەسەر خۆیدا دابەش ببوو تا جیاوازی رۆشنبیری و زمانەوانیش نەهێڵێت.

لای لائیکیە فەرەنسیەکان دەوڵەت تەنها پێ'اوێکی رێکخستنی کاروباری گشتی و تەنها دامەزراوەیەکی پیشەیی نییە، بۆ رێکخستنی ژیانی خەڵك وە گۆرینی بار و ژیانیان بەڵکو ئەوە (دەنگی گەل ) و (گیان)ی گەل بوو.

لە پاڵ ئەمەشدا ئەوە جێێ توانەوەی تەواوی دادپەروەری و چاکەی زۆر گەورە بوو، ئەمەش رەوابوونی دەستێوەردانی بەو شێوە دەبەخشی کە دەیویست، هەروەها ئەو کات و شوێنەی کە دەیویست بۆ سەپاندنی بەها و تێروانینە تایبەتیەکانی خۆی بەسەر تاك و کۆمەڵەکاندا و تیایدا ئەوەی دەسەپاند کە دەبێت



Scanned with CamScanner

بەها گشتی و هەمووەکیەکانی هەمان کۆمەڵگە هەبن، بە جۆرێك بەرژەووەندیەکان کۆمەڵگە لەگەڵ بەرژەوندیەکانی دەوڵەت دا هاوتا بن و ویستە عەینی و بەشەکیەکانی هاوڵاتیان لە ویستی گشتی و هەموەکی دا کە دەوڵەتی لائیکی دەری دەبڕی تێکەڵ یەك بن.

دیارە لێرەدا بیری سیاسی فەرەنسی لەسەر چاکێتی و رونبیژی دەوڵەت وەستا بوو بەو جۆرەی وای لیچبکات بتوانێت، بەها سیاسیەکان وێنا بکات و بیانپارێزێت لە پێش ئەمەشەوە بەهای ئازادی و یەکسانی، لێرەدا رۆڵی دەستێوەردانی ناحەزی بۆ دەوڵەتی فەرەنسی لەسەر شێوەی ئەزموونە زیندویە مێژوویەکەی لەگەڵ بیرۆکەی سیاسی بەخت کراو لەسەر دەوڵەت بەدوای یەکدا دێن.

لائیکی فەرەنسی لە دوو باڵی حەواڵکەر و پاڵپشتی یەکەم دادەمەزرێت، یەکەم لە رێی پێناوی چاودێری و رێکخستنی سزادانی دەوڵەتی لائیکی و کۆماری کە وەستا بوو لەسەر پاسەوانی، بەهاککانی کۆماری لائیکی و رێکخستنی سنوورە رێپێدراو قەدەغەکان لە دیدی ئەو دەوڵەتەوە.

دووەم لە رێی پیناوەکانی ئاراستەی رۆشنبیری و ئایدیۆلۆجییە کە بەو پێە کەسێتی تاکە کەسیی دادەدرێژرا و و کەشی گشتی و بەها ساڵانە بە عەلمانی کراوەکان پڕ دەکرێت، لەسەر و ئەمەشەوە دامەزراوەی خوێ،دنگە و رێنمونی پەروەردەیی ئەمەش زۆری گاڵە و ناڵەی فەرەنسیەکان لەسەر رۆڵی خوێندنگە و فێرکاری راڤە دەکات کە لای گەلانی دیکەی جیهان نمونەی وانەبوو، لائیکی فەرەنسیش پێویست نیە بۆ ئازادی خوازی سیاسی لە دەسەڵاتداری کڵێسا بەڵکو پەیوەستە بە داپڵۆسینی ئاین بە گشتی و دەرکردنی لە کەشی گشتی تا (بەها لائیکیە رەق و توندەکان) شوێنی بگرێتەوە، لێرەدا خوێندنگە بۆ دارەشتنەوەی هۆشی تاکە کەسی و کۆمەڵیش شوێنی کڵێسا دەگریچتەوە.

فردیناند بۆریسۆن لەسەر دەمی کۆماری سێیەم لە ساڵی ١٩١٢ز. دا لە بارەی بەرگری کردنی فەرمانرەوایەتی لە خوێندنگەی لائیکی نوسیویەتی کڵێسا

مەعقولیەتی تایبەتی هەیە و تاکیش هەر دەبێت یان لەگەڵیدا بێت یان لەدژی بیچێت، هەروەها کڵێسای لائکی ناو پێناسەی تایبەتی دیاری کراوی خۆی هەیە. تاکیش دەبێت لە نێوان خوێندنگەی عەقلانیو خوێندنگەی ئەکلیرۆسیدا هەڵبژاردنی خۆی بکات، چونکە لە نێوان ئەو دوانەدا ناوچەیەکی ناوەندی نییە).

شۆڕشی فەرەنسی دەرگای کردەوە لەبەردەم دەرکەوتنێکی چەند رەوشتێکی نوێی خۆسەپێنیدا کە پێشتر نەبوون و چەند رەوتێکی خۆسەپێنی کە پشتیان دەبەست بە لایەنی ئەوپەڕی دەوڵەتی مەکەزی و دەستوەردە رو خاوەن بانگەشەی رۆشنگەری ئیدی شۆڕشی فەرەنسی تۆوی خۆسەپێنی نوێی هەڵگرت بوو وەك ئەوەی دواتر لە رێکخستنە فاری و غازی و شیوعیەکان و ئەوانی دیکەشدا دەرکەوێت.

ئەوەی ئەو رەوتە خۆسەپێنیانە بە جیاوازی جۆروناویان کۆدەکاتەوە، پەیوەستی زیادە رەونەیانە بە دەوڵەتەوە کار کردن بۆ گۆڕینی مەرجەکانی بونی مرۆیی بە شێوەیەکی نمونەیی و خەیاڵی لە رێگەی دەستوەردانی کردەی سیاسی بەرنامە بۆدانراو و نەخشە بۆکێشراو و کە تیایدا دەوڵەت رۆڵی بریاردان و ئاراستە کردن دەبینێت.

لەمەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین لائیکی فەرنسی تەنها پێناویچکی سیاسی نەبوو بۆ چارەسەری دابەشبوونی ئایینی یان خێڵەکی، بەڵکو زیاتر لە بیرو باوەڕێکی گشتگیر و ئاشکاوانە دەچوو کە شوێنی ئایین و بیرو باوەڕەکانی دەگرتەوە دوای ئەوەی لە قاڵبیچکی کاتی بە عەلمانی کراو دا زۆر بەی دیاردە و دەربڕینەکانیئاینەکانی بۆ خۆی دەبرد. بەڵگەی ئەوەش ئەو پیرۆزییە و سنورە قەدەغانە بوون کە دەوری لائیکی فەرەنسیان دابوو وایان لە تاك دەکرد بە تەنها رەخنە گرتنی لە چەند دید یان رێرەوێکی لائیکیان تەنها قسە کردن لە سنووردا کردنی چارەسەری عەلمانی بەرو ڕووی تانە و سوکایەتی ببێتەوە.

بە گشتی دەکرێت بڵێین رۆشنبیری سیاسی فەرەنسی بەو جۆرەی لەسەر رێبازی لائیکی و کۆماری هاوتای پیچبگات لەسەر چەند دیدێکی ریشەیی دارما و دامەزرا کە واتای مامناوەندی و تەبایی نەدەزانی.

ئەمەش بە روونی خۆی دەنوێنێت لەسەرکەوتنی یەعقوبیەکان و گۆڕینی مەیدانی سیاسی و رۆشنبیری فەرەنسی بۆ مەیدانی جەنگێکی کراوە لە چوارچێوەی ئەوەی کە ئەوکات پێی دەواترا ساڵەکانی تریشیان ئەوەی رۆبسبیەر ناوی نابوو تیرۆری ئازادی.

لێرەشدا مەبەستمان لە باری ترس تەنها دەمێکی شۆڕشی فەرەنسی نییە، ئەوەی لە نێوان قەسابخانەکانی ئەیلولی ١٧٩٢ز. تا کەوتنی رۆبسپیەر لە تەمووزی ١٧٩٤ز.بەردەوام بوون لە هێندەی ئەوەی رێڕەوێکی تەواوی بەرێەبردنی دەسەڵات و تێڕوانینی سیاسی بوو کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ شۆڕشدا بوون و چەندە یەکیەك بەردەوام بوو تا ئەم رۆیش هێشتا لە فەرەنسادا زاڵە و وڵاتی بەدەستە.

مەبەست لێرەدا ئەو رێکردەی دەسەلاتەیە کە هێز و یەکلاکردنەوەی ریشەیی بەخشی لەگەڵ سیاسەت و باس و خواستی کۆمەڵایەتی بە چەند بانگەشەیەکی نوێگەری و رۆشنگەری دەوێت. ئەمەش ئەو تیرۆرەیە کە لە نێوان بەکارهێنانی روون و راشکاوی توندو تیژی رێکخراو لەلایەن دەزگا دامەزراوەکانی دەوڵەت و نێوان توندو تیژی (بێدەنگ) دا دێت و دەچێت، توندە وتیژی بێدەنگ چەند یاسایەکی توندوتیژی پارێزەری تیرۆری رێکخراوی دەوڵەتی دانا.

لە راستیدا ترسی فەیلەسوفی پارێزگاری ئینگلیزی (ئەدمۆندبێرك) لە شوێنی خۆیدا بوو کاتێك پێش ئەوەی دیمەنی شۆڕش هەبێت بەسەر شێ,ە دیارەکەیدا واتە لە ساڵێ ١٧٩٠ز. ئەوەی نوسی بوو چاوەڕێی گەشتێکی دوور و درێژ و سەخت لە جیهانی پشێوی و دونیای تاریکیدا بۆ فەرەنسیەکان دەکات، ئەمەش بەو پێیەی لە دیدی جیرکدا شۆڕشی فەرنسی پەیوەندی بە موجەرە و نمونەکانەوە هەیە لە جیاتی ئەوەی پشت بە ئەزمونی زیندووی سیاسی ببەستێت، ئەمەش دەگێرێتەوە بۆ کەمینەیەك و ئەزموونێکی روکەشی شۆڕش بە بارودۆخێکی سیاسەت و کۆمەڵایەتی سیاسی داخراو.

لە دیمەنەکانی ئەو پەیوەستیەش بە چەند وێناکردنێکی نمونەیی بۆ کات و مێژوو کارکردن بوو بۆ دروستکردنی مێژوو و رەوتێك لە کۆمەڵایەتی سیاسی رەها



Scanned with CamScanner

و بچڕانێکی ڕەها لگەڵ ڕابردوودا، سەرەڕای هەوڵدان بۆ دروستکردنی واتایەکی پەتی و بەرزی نیشتمانێتی کە هیچ پەیوەندیەکی بە واقیع و ئەگەر و کرانە کردەییەکانەوە نەبێ، ئەمە سەرەڕای حەزی خەڵکی ئەو شۆڕشە بۆ توانەوەی ریشەیی و دوور لە جیاتی گەڕان بەدوای توانەوەی گونجان و لێکتێگەیشتنی مامناوەند.

بەچاوپۆشی لەپاڵنەرە پارێزەرەکان، بەڵکو لەدەمارگیری لەزۆربەی ئەو بارانەدا کە بیریاری ئینگلیزی لە سایەیدا بوو، گرنکی نزیکبوونی لە شۆڕشی فەرەنسی خۆی حەسار دەدات لەو دباریکردن و پرسیارکردانەی کە پێشکەشی دەکردن، نەوەك لە جۆری ئەو وەڵامدانەوانەی کە دەیخستە ڕوو، ئەمەش گرنگی دەبەخشێت بە تێڕامانە وورد و ڕاستیەکانی لەسەر شۆڕشی فەرەنسی.

دیارە لێرەدا زۆر کەمە دید و نووسینەکان و ردەکاری لەسەر تیۆری شۆڕشی فەرەنسی بکەن، پێدەچێت ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی ئەو دروشمە ئازادیخوازی و تۆمارانەی مافە سەرەتاییەکانی ئەو شۆڕشە کە ڕووی ترسێنەر و تۆقێنەری شۆڕشەکەیان داپۆشیبوو.

هەروەك دەرکەوتنی شۆڕشە شیوعیەکان کە لە سەردەمی ئێمە نزیکین و ئاشکرابوونی ئاراستە توندوتیژە دەسەڵاتخوازەکانیان دڕندەیی و ئابرووچونەکانی شۆڕشی فەرەنسیان لە بیری خەڵك بردەوە، بە تایبەت کە کەمینەی سیاسی و هزری فەرەنسی کەوتوەە چواردەوردانی ڕووداوی شۆڕش بەشێوەیەکی ئاهەنگ گێڕان.

بەوجۆرە دڕندەییەکانی شۆڕشی فەرەنسی لە پشت قەسابخانەکانی ستالین و جەنگەکانی هیتلەر دا شارایەوە و چەند دیمەنیٚ:ی دیکتاتۆری پلۆریتاری کە هەبوون لاچوون و توندوتیژی سەرپێی کۆمەڵەی نامسرولینەکان هات و یەعقوبیەکانیش لە بواری لێکۆڵینەوە مێژوویی و سیاسیەکاندا جێپێی داکوتا.

خوێندنەوەی ڕاست و دروستی ئەزموونی فەرەنسی چ لە نشینگەی سەرەکی خۆیدا یان لە وڵاتانی دیکەدا کە قەڵەمرەوی ئیستیعماری خۆی لەسەردانا بوون، پێمان دەڵێت چەند دیمەنێکی دەسەڵاتخوازی توند و دیاردەی جەختکردنەوەی

توند لەسەر ڕۆڵی سەرەتایی ودەسەڵاتخوازی دەوڵەت لەدیاریکردنی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان وبنیادی کۆمەڵایەتی سیاسیدا بەشێوەیەکی بەرزوباڵاتر لەسەرقاڵی و پێویستەیەکانی خەڵك بوونی هەبووە.

ئەوەی نمونەی مەترسی فەرەنسی زیاتر دەکات و جێپێی زیاتر دادەکوتێت زیاتر لەوەی دەستگرتن بێت بەسەر دەوڵەتدا لەلایەن دەستەیەکی لائیکی توند و کەنار گیر لە چواردەورە کۆمەڵایتیەکەی و بی پەیوەندی بە ڕۆشنبیری و بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە وەك ئەوەی لە چەند وڵاتی عەرەبی ملکەچی ئەزموونی داگیرکاری توندی فەرەنسیدا هەبوو بە تایبەت لە وڵاتی مەغریبی عەرەبی کە باری ئەودەوڵەتە بووبە بەشێك لەپێناوێکی جەنگی بەردەوام وکراوە لە ڕوبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەیەکدا کە بە چەقبەستوویی و دواکەوتەیی وەسف دەکرا.

ئەگەر لائیکی فەرەنسی چەندین کەموکورتی هەیە کە هێشتا لە جەستەی فەرەنسیدا ماون وتا ئەمڕۆیش بەدەستیانەوە دەناڵێنیت، ئەو خوشکە لائیکیەکانی دیکەی کە خۆیان کۆپی کرد بوو لەسەر ئەو بیرە هۆکارەکانیان نیشان داوە و هەڵەکانیان بە ووردی زانیوە بەهۆی نامۆ بوون لە خەڵك بە بەراورد لەگەڵ لائیکی فەرەنسیدا.

بۆیە شتێکی کتوپڕ نیە کە زیربەی ڕێکخستنەکانی دەسەڵاتی عەرەبی ئەوانەی نەریتی کۆماری فەرەنسییان وەرگرتووە لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ گەلەکانیدا دواکەوتوو پڕ هەڵە بن.

********************



Scanned with CamScanner

# (ساڵ و ناو)

-١٧٠٠ز: هەڵبژێردراوی برندنبرك ئیمپراتۆری رازی کرد تا نازناوی پروسیای پێ ببەخشێت.

-١٧٠١ز: سەرەتای جەنگی میراتگری ئیسپانی.

-١٧١٢ز: پەیماننامەی ئۆترخت.

-١٧٢٥ز: کۆتایی دەسەڵاتی پوترسی گەورە لە رووسیا.

-١٧٤٠ز – ١٧٨٦ز: فریدریکی گەورە لە پروسیا.

-١٧٥٦ز – ١٧٦٣ز: جەنگی حەوت ساڵە.

-١٧٥٦ز –١٧٦٣ز: سەرکەوتنی ئینگلتەرا لە ململانێی لەسەر ئەمریکا.

-١٧٥٧ز: فریدریك توانی لە جەنگ روزباخ بەسەر فەرەنسا و ئەڵمانیا دا سەرکەوێت.

-١٧١٥ز – ١٧٧٤ز: دەسەڵاتی لویسی پانزەهەم.

-١٧٧٤ز –١٧٩٣ز: دەسەڵاتی لویسی شانزهەم.

-١٧٧٦ز: راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا.

-١٧٨٩ز: کۆبوونەوەی ئەنجومەنی چینەکان.

-١٧٧٢ز، ١٧٩٣ز، ١٧٩٥ز: دابەشکردنی یەکەم و دووەم و سێیەمی پۆڵەندا.

-١٧٩١ز: کۆبوونەوەی کۆمەڵەی یاسادانان.

-١٧٩٢ز: راگەیاندنی کۆماری فەرەنسی یەکەم.

-١٧٩٢ز: جەنگ لەگەڵ نەمسا و پروسیا.

-١٧٩٣ز: یەککگرتنی وڵاتان دژ بە فەرەنسا.

-١٧٩٣ز: لە سێدارەدانی لویسی شانزەهەم.

-١٧٩٤ز: کەوتنی رۆبسپیەر.

-١٧٩٥ز: کۆتایی کۆنگرەی نیشتمانی.



Scanned with CamScanner

# بەشی پێنجەم
# ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەهەمدا
# (١٨٠٠ز-١٩١٤ز)

## باسی یەکەم:
## ناپلیۆن پۆناپۆرت

## باسی دووەم:
## کۆنگرەی ڤیەننا

## باسی سێیەم:
## ئەوروپا دوای کۆنگرەی ڤیەننا

## باسی چوارەم:
## شانشینە ئەوروپیە بچوکەکان دوای کۆنگرەی ڤیەننا

## باسی پێنجەم:
## ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی

## باسی شەشەم:
## ئیمپراتۆرەتی بەریتانی

## باسی حەوتەم:
## شۆڕشی پیشەسازیو کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزدەهەمدا

## باسی هەشتەم:
## بەرفراوانبونی چوارێوەی مێژووی ئەوروپی

## باسی نۆیەم:
## ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

## باسی دەیەم:
## جەنگی جیهانی یەکەم



Scanned with CamScanner

# (باسی یەکەم)
# (ناپلیۆن پۆناپۆرت)

سەرکردەکانی فەرەنسا لە سەردەمی کۆندا خانەدانەکان بوون، بەلأم کاتێك شۆڕش هات ئەوانی لابردو لە شوێنیاندا پیاوێکی گشتی دانان کە بەتوانای جەنگی ناویان چووبوو، لەنێو ئەوانەشدا سەرکردەیەك هەبوو کە توانی بۆ ماوەی پانزە سال زالّ بێت بەسەر مێژووی ئەوروپاداو ببێت بە هێمانی ڕۆڵی لە مێژوویەکدا کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن سەردەمی ناپلیۆنی.

جەنەڕالّ ناپلیۆن پۆناپرت لە دوورگەی کریسکای سەر بە ئیتالی لە سالی (١٧٦٩ ز) لە بنەڕەتێکی ئیتالی لەدایك بووو بەمندالی فێری زمانی ئیتالی بوو، لەبەرئەوە سالێك پێش لەدایك بوونی فەرەنسا دەستی گرتبوو بەسەر ئەو دوورگەی کە ئەوی تیادا لەدایك بوو، بۆیە لەتەمەنی گەنجیدا چوو بۆ خوێندگەیەکی سەربازی فەرەنسی و دواتریش چویە ناو سوپای فەرەنسی و تیایدا لێهاتوویيەکی گەورەی لە بواری جەنگدا نیشاندا.

کاتێك گەیشتە تەمەنی بیستو حەوت سالی، سەرکردایەتی گشتی ئەو سوپایەی پێدرا کە حکومەتی کارگێڕی بەمەبەستی هێرش بردنە سەر ئیتالیا ڕێکخستبوو، ئەمەش سەرەتای ژیانی داگیرکاریو سەرکەوتنی گەلێك بوو کە مێژوو مەگەر تەنها لە جەنگەکانی ئەسکەندەردا بە خۆوەی دیبێت.

کۆماری فەرەنسی لە پایزی( ١٧٩٣ز)دا دوژمنانی خۆی لە ولأتدا دەرکردو دەستیگرت بەسەر زەوییە نزمە نەمساوییەکانو ئەلمانیای ڕۆژئاوایدا، پروسیایش پێی باش بوو پاشەکشە بکات لە جەنگێك کە دەرئەنجامێکی بۆ ئەو تیادا نەبوو، بۆیە لەگەلّ کۆماری فەرەنسی نوێدا ڕێککەوتنێکی بەست، سوپاکانی پۆناپریتش ڕوویانکردە نەمساو سەردینیا کە لەو کاتەدا باکوری ڕۆژئاوای ئیتالیای لەدەست دابوو، یەکلەدوای یەك سەرکەوتنی ناپلیۆن بەدیدەکراو دواتر وەك تیر گەیشتنە نزیك ڤیەنناو نەمسایش ملکەچی ویستی ئەو سەرکردە گەنجە بووو ڕێککەوتنی



Scanned with CamScanner

لەگەڵ بەستو دانی نا بە شکستی خۆیداو دەستبەرداری زەوییە نزمە نەمساوییەکان بوو بۆی، هەروەك بەڵێنی پێدا کە نەمسا یارمەتی بدات تا بگاتە هەموو کەناراوی راینی ڕۆژئاوایی.

پۆناپرت کۆماری کۆنی بوندوقیەشی لەناوبرد بەوەی بەشێکیدا بە نەمساو ئەوی دیکەشی دایە پاڵ ئەو کۆمارەی کە لە ئیتاڵیا بە ڕێکخستنی هەرێمە لێکپچڕاوەکان پێکهێنا بوو.

ناپلیۆن گرنگییەکی وای بە خواستەکانی حکومەتی کارگێڕی نەدا، بەڵکو خۆی وەك ئەوەی تاکە فەرمانڕەوای فەڕەنسا بێت کاروبارەکانی بەڕێوە دەبردو چەند کۆشکێکی لە نزیك میلاندا وەك کاری پاشا کۆنەکان بۆ خۆی دروست کردو بۆ ڕاگەیاندن کە خەریکی ژیانی مێژووی خۆی دەست پێ دەکات، بۆمان دەردەکەوێت ئەو هیوای ئەوەی هەبووە بە تەنها بێت بە سەرۆکی فەڕەنساو بەڵکو سەرۆکی هەموو ئەوروپا.

ناپلیۆن لەسەرەتاوە باڵا کورتو وردبین بووە، چاوەکانی بەملاو بەولادا دەگێڕا، خێرا قسەی دەکرد. هەستو خواستی کرداری و خەیاڵی لەنێوان ویستو ڕێگەی پێگەیشتندا کۆکردەوە.

ڕۆژێك قسەی بۆ هاورێکەی دەکردو پێی دەوت کاتێك لەسوپادا ئەفسەرێکی بچووك بووەو هیچ دەرفەتێکی پێشکەوتنی نەبووە، لە بەردەمیدا بەشێوەیەکی ڕوون ئەوەی هێناوەتە بەرچاو کە چی دەوێت. پاشان دەکەوێتە هەنگاونانی زانستی بۆ گەیشتن بەوە، لێزانی گەورەو ئەو چالاکیەی کە وێنەی ئەبوو هەڵکەوتەی کەم وێنەی لە هونەری جەنگیدا یارمەتیان دا تا بگاتە ئامانجەکەی، بەمە لەتەمەنی بیستو هەشت ساڵیدا بوو بە سەرکردەی گشتی سوپا فەرەنسیەکانو لە سی ساڵیدا بوو بە سەرکردەی ڕەهای فەڕەنسا.

ناپلیۆن پێی وابوو حکومەتی کارگێڕی دەبێت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا پێکدابدات، بەوەدەکەوێتە چەند کێشەیەکی گەورەوە، بۆیە بڕیاری دا ماوەیەك بەجێ بهێڵێت تا خەڵك لاوازیو لێنەهاتووی ئەو حکومەتە نەبینن و حکومەت

بۆخۆی بکەوێت، بۆیە شالاّوێکی دژبە میسری ڕێکخست، بۆئەمەش چەندین پاڵنەر هـەبوون وەك خۆچـواندن بـە قەیـسەرو ئەسـکەندەر لـە داکوتـانی جێپێـی ئیمپراتۆریەتێکدا کە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواش لەخۆ بگرێت.

هـەروەها هـەوڵی بڕینـی ڕێـی بازرگـانی ئینگلیـز لـە ڕۆژهـەلاّت و دەسـتگرتن بەسەر هیندیشدا، بۆ ئەمـەش سـەربازەکانی بە ساغ و سـەلامەتی لە ئەسـکەندەریە دابـەزین، چـەندی پێکـرا لەمیـسردا چاکـسازی ئەنجامـدا، شـاری قـاهیرەی پـاك کردەوەو لەڕێگەی ئەو زانایانەی کەلەگەڵ خۆیدا هێنا بوونی وەك شوێنەوارناس و پزیشك و زیندەوەرزانی و زانایانی دیکە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بەشـەکانی ژیـانی میر کرد.

بـەلاّم کەشـتی گـەلی ئینگلیـزی پێـی گەیـشت و کەشـتی گـەلی فەرەنـسی نـاو بەندەری تێك شکاندو پۆناپرتی لە ئەورووپادا بڕی، سوڵتانی تورکییش کە میسری لەدەسـت دابـوو، پـاش جـەنگی بـەناوبانگی (ئـەهرام) پاشەکـشەی کـرد، پاشـان پۆناپرت شالاّوێکی دژبە سوریای ئەنجامداو بەشکست خواردوی گەڕایەوە، هـەواڵ ئەوکاتـە لـە ئـەورووپاوە دەهـات و ناپلیۆنیـان ڕاڕا دەکـرد تـا ئـەوەی سـوپاکەی لـە میسردا بـەجێ هێشت و خێـرا لەگـەڵ ئەفسەرەکانیدا گەڕایـەوە بـۆ ولاّتـی خـۆی لـە تشرینی یەکەمی ساڵی( ١٧٩٩ز)دا گەیشتەوە فەڕەنسا.

حکومـەتی کـارگێڕیش لاوازی و گەنـدەڵی و لێنـەهاتووی خـۆی سـەلماندو لەبەرچاوی خـەڵك کـەوت و ولاّت چوویە جـەنگێکی نوێـوە لەگـەڵ نەمسادا، بۆیـە پۆناپرت دوای گەڕانەوەی بە مانگێك بەهۆی ئەو یارمەتیەی پێشکەشی کرد تـوانی بارەکە هەڵگێڕێتەوەو دواتر وەك قونسوڵی یەکەم هەڵبـژێردرا، بەوە بووبە سەرۆك حکومـەت و دەسـتورێکی نـوێی دانـا و گـەل دەنگیـان لەسـەرداو پێـشوازیان لـە سـەرکردەی گـەنج کـردو بەخواسـتەوە خستیانە سـەر کورسـی دەسـەلاّت، چـونکە زۆربەی گەل هیوا خواز بوون لە ولاّتدا حکومەتێکی جێگیرو چەسپاو هەبێت.

ئەونووسـینەی بـالوێزی سـویدی دوای ڕاگەیانـدنی قونـسوڵی نوسـیەیەتی بەڵگەیە بۆمان لەسەر حەزکردنی گەل بە هاتنی ناپلیۆن، ئەو دەڵێت: ( پێدەچێت

هەرگیز پاشایەکی شەرعی گەلێکی خێرا ملکەچ و گوێڕایەڵی وەئەوەی ناپلیۆنی نەبوبێت، جا ئەگەر ئەو سەرکردە هەڵکەوتەیە دەرفەت لەدەست بدات و حکومەتێکی بەهێز لەسەر بنەمایەکی پتەو دانەمەزرێت، ئەوا تاوانێکی کردووە کە لێخۆش بوونی نییە، فەرەنسا خەریکە بۆ یارمەتیدانی شتێك دەکات کە جێی عەقڵ و قبووڵ نیە، خەڵکی (جگە لە بەشێکی کەمی ئاژاوە چیان) لە شۆڕش و سەختی و هەڵەکانی هێندە بێزار بوون کە وەك ئەو بڕوایان وایە هەر گۆڕانێك ڕوو بدات لە بەرژەوەندی ئەواندا دەبێت، تەنانەت موڵکدارەکان سەرەڕای جیاوازی تێڕوانینیان دڵسۆزیان بۆ ناپلیۆن دەنوێنن، چونکە بڕوایان وایە ئەو بەشێوەیەکی بەرەبەرە سیستمی کۆن دەگێڕێتەوە، ڕەگەزو لایەنە بێ بارەکانیش یارمەتی پۆناپرت دەدەن، چونکە چاکەیەکی لێ بەدی دەکەن کە وادەکا ئاسایشی وڵات بپارێزێت، فێرکارە کۆمارییەکانیش لەگەڵ ئەوەی لەو فەرمانڕەوایە دەترسان، بەڵام خۆسەپێنی یەك کەسی زیرەکی خاوەن توانای زاڵبوون و وەستاندنی لاساری خراپە کارە گەندەڵە دەسکیسەکان و لە سنورێکیان پێ باشتر بوو).

کاتێك جەنەڕاڵ پۆناپرت بوو بە قونسوڵی یەکەم، دەبینێت فەڕەنسا لەجەنگدایە لەگەڵ ئینگلتەراو ڕوسیاو نەمساو تورکیاو ناپۆلیدا، ئەو دەوڵەتانەش لە کانونی یەکەمی ١٧٩٨ز.دا یەکیان گرتبووو سوپاکانی حکومەتی کارگێڕیش بێتوانا کەوتبوون، دواتر لە ئیتاڵیا هەموو کارەکانی ناپلیۆنیان لەناو بردبون، بۆیە بەئەرکی خۆی دەزانی کە قەڵەمڕەوی فەڕەنسا لە دەرەوە بگێڕێتەوەو لە ناوخۆیشدا سیستم بگێڕێتەوە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناپلیۆن ناچار بوو وەك پاڵەوانی سەربازی لەبەردەم گەلەکەیدا خۆی نیشانبدات ئەگەر بیەوێت گەلەکەی ملکەچی و سۆزداریان هەبێت.

ناپلیۆن لە ساڵی (١٨٠٠ز)دا بە نهێنی لەنزیك (دیجون) سوپایەکی کۆکردەوە تا دژبە سوپای نەمساوی بجەنگێت، چونکە سوپای نەمسا لە جەنە واگەمارۆی فەڕەنسیەکانی دابوو، لەجیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێت بۆ ئیتاڵیا کە چاوەڕوانی ئەوەش دەکرا،کەچی بڕیاریدا نەمساوییەکان بخاتە دواوە، بۆیە شاخەکانی ئەلبی لە دەروازەی (سنت برنارد)ی بەناوبانگەوە بڕی کە ئەمەش لەکارەکەی هانیباڵ دەچوو، تۆپەکانیشی لە قەدی دارەکان دروست کرد بەوەی ناوەکەی هەڵدەکۆڵین.

نەمساوییەکان کە لایان کردەوە دەبینن داڵەکەی ئەورووپا لە میلان لە نزیکیاندایەو نەیاندەزانی لەکوێوە داویەتی بەسەریاندا، بەمە لەدەستو پێ کەوتن، ئەویش لە جەنگی (مارنکۆ) سوپا نەمساوییەکانی تێکشکاند، بەمە سەرکەوتنێکی تری بۆ لیستی سەرکەوتنەکانی زیاد کرد.

بۆ ڕۆژی دواتر ئاگر بەستی لەگەڵیاندا کردو نەمسا بەرەو ڕۆژهەڵات کشایە دواوەو دەرفەتی بۆ ناپلیۆن کردەوە تا لە باکوری ئیتاڵیا قەڵەمرەوی فەرەنسی بگێڕێتەوەو توانی بە یارمەتی سوپاکەی ئەو هەرێمانە ملکەچ بکاتو کە ڕزگاری کردبوونو ئەو کۆمارەشی کە ڕێکخستبوویەوە ناچار کرد تا بە بڕی یەك ملیۆن فرەنك باجی مانگانەی پێ بدات.

لە سەرکەوتنی دووەمدا کە فەرەنسا لەهەمان ساڵدا بەسەر نەمسادا بەدەستیهێنا ناچاری کرد تا ڕێکەوتن ببەستن، ئەمەش سەرەتای ڕێککەوتنی گشتی ئەوروپا بوو، جا لەماوەی ساڵانی (١٨٠١-١٨٠٢ ز) لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ فەرەنسادا لە جەنگدا بوون ڕێککەوتنی بەست تەنانەت لەگەڵ ئینگلتەرادا کە هەر لەو کاتەوەی لەساڵی ١٧٩٣ز. چوو بوویە ناو جەنگەوە چەکی لەدەستی لانەبردبوو.

لەو پەیماننامەدا کە نەمسا لە (لونیڤیل) لە شوباتی( ١٨٠١ز)دا ئیمزای لەسەرکرد. خودی ئیمپراتۆر بەناوی خۆیو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزەوە دانی بەوەدانا کە کۆماری فەرەنسی لەمەودوا مافی هەیە هەموو زەویەکانی کەناراوی چەپی ڕووباری ڕاین کە موڵکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییە بەکاربهێنێتو ڕاینیش دوای ئەوە لەچوارچێوەی سنوری فەرەنسادا دەبێت، هەر لەخاڵی کۆتایی سویسراوە تا سەرەتای خاڵی زەویە هۆڵەندیەکان.

لەئەنجامی ئەم دەستبەردار بوونەدا زۆربەی سەرکردەو دەوڵەتۆکەکانی ناوئیمپراتۆریەتەکە هەندێ یان هەموو خاکی خۆیان لەدەستدا، بەڵام ئیمپراتۆریەت بەڵێنی بەو سەرکردەمیراتیانەدا کە زەویەکانی بەرەی باشوری ڕاینیان لێسەندرا بوو لەچوارچێوەی خۆیدا قەرەبوویەکی شیاویان پێشکەش بکات.



Scanned with CamScanner

ئەمەش واتە گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزدا کە لەوکاتەدا باری زۆر لەباری ڕوژانی لوتەرجیاواز نەبوو(ئەگەر چاوپۆشی لە سەرهەڵدانی پروسیا بکەین)، چونکە زەوییەکی چۆڵ نەبوو تا بیدات بەو سەرکردانەی کە زەوییەکانیان لێسەندرا بوو، بەڵام لە وڵاتدا دووچینی دیکە هەبوون کە پیاوانی ئایینی شارنشینەکان بوون، موڵکی ئەمانە درا بەو سەرکردانە، چونکە پیاوانی ئایینی نەمیراتیان بۆ دەبوو نەمیراتیشیان بەجێدەهێشت، چونکە هاوسەرگیریان لێ قەدەغە بوو، بەوەش نەوەیان نەدەبوو.

شارنشینەکانیش لاواز بوونو هیچ پارێزەری سەرخەرێکیان نەبوو، بۆیە لەساڵی(١٨٠٣ ز)دا لە (دیات) دەقێك دەرچوو کە بەوپێیە هەموو هەرێمەکانی ئیکلیری جگە لە (مانیس) درایە دەست عەلمانیەت، ئیدی لە چلو هەشت شاری ئیمپراتۆریەتدا تەنها شەش شار مایەوە، سوارەکانیش کە ماڵوموڵکیان لە کەناراوی ڕاستەوە لەدەست دابوو لە ماوەی دوو یان سێ ساڵدا مافە سیاسیەکانی خۆیانیان لەدەست داو دەوڵەت کە تەنگی بە سنوریان هەڵچنی بوو دەستیگرت بەسەریاندا.

پێش دابەشکردنی کۆتایی سەرکردەکان گورزێکی تاڵیان چەشتو لە پێناو گەیشتن بە بستێ خاك خۆیانو وڵاتیان خستە ژێرو لە کەللە سەری یەکتردا ئاویان دەخواردەوەو بە شێوەیەکی ماستاو چیەتیو دووڕوویيو کڕنوشو سوجدە بردن لەبەردەم قونسوڵی یەکەمدا کە کاروباری لەدەست دابوو بەرەو پاریس پێشبڕکێیان بوو، ئەوان ئابڕوی ئەڵمانیایان لەکەدار کردو بەشێوەیەك ڕیسوایان کرد کەمێژوو شتی وای نەدیبوو، بەرامبەر بە سەدان هەرێمی بچووك لە ژمارەیەك دەوڵەتۆکەی بچووکدا ئەڵمانیا سوودێکی گەورەی بینی بە ڕێخۆشکەری بۆ ڕێگەی یەکبوون، ئەگەر ئەوە نەبوایە هەرگیز ئەو وڵاتە یەکنەدەخراو بە پەرشو بڵاوی دەمایەوە، بۆیە ئەڵمانیا قەرزاری فەرمانڕەوای فەرەنسیە نەوەك پروسیا یان هەر پاشایەکی تر لە هەنگاونانی یەکەمیدا بەرەو یەکێتی.

پەیماننامەکانی ساڵی(١٨٠١ز) کەناراوی چەپی ڕاینیان بە فەرەنسا بەخشی لەگەڵ زەویە نزمە نەمساویەکانیشدا، پاشان پاش کەمێك زیادیان کردو هۆڵەندا بوو بە کۆماری بەتافیو ئیتاڵیاش ملکەچی قەڵەمڕەوی فەرەنسی بووو ماڵو سەربازی پێشکەش دەکرد.

**********************



Scanned with CamScanner

# ڕێکخستنەوەو بڵێسەی شۆڕش

ناپلیۆن هەوڵەکانی خۆی لە بازنەی ئەورووپادا بەرتەسک نەکردەوە، بەڵکو گرنگیشی دا بە کێشە ناوخۆییەکانی فەرەنسا، بەتایبەت پاش دە ساڵ جەنگو وێرانیو بێزاری، بۆیە بڕیاریدا تا چاکسازی نەکات دانەنیشێت، ئەوکات کەوتە دارایی پەرشو بڵاوو پەککەوتەی وڵاتو لەسەر بنەمایەکی بەتین داینا، دراوی دارماویشی لابردو لەسەر بنەمای زێڕ دراوی لێدا، بەمەش چالاکی ئابووری گێڕایەوە.

پاشان لای کردەوە بەڕووی ئەو پیاوە ئاینیانەدا کە سوێندی دڵسۆزییان نەخواردبوو، ئازادی پێدانو لەگەڵ سوێند خواردواندا یەکیخستنو بەند کراوەکانی ئازاد کردن بەو مەرجەی بەرامبەر بە دەستور نەوەستن، کڵێساکانیشی وەرگێڕانەوە، بۆ جاری دووەم ڕۆژی یەک شەممەی کردە ڕۆژی پشووو هەموو جەژنەکانی شۆڕشی لەکارخست جگە لە ڕۆژی هێرش بردنەسەر باستیل واتە چواردەی تەموزو ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماریشی وەک جەژن هێشتەوە. لەگەڵ پاپا کۆنکۆردا پەیماننامەیەکی بەست کە بەو پێیە هەندێ خاڵی دەستوری مەدەنی هەڵوەشاندەوە بە تایبەت سەبارەت بە هەڵبژاردنی قەشە و پیاوانی ئاینی وەک ئەوەی پاشا کۆنەکان دەیانکرد.

بۆناپرت فرمانی کرد تا ناوی نوێ بۆ لیستی کۆچ بەرە خانەدانەکان زیاد نەکرێتو بە ویستی خۆی هەرکەسی بویستایە لێی خۆش دەبوو، پیشەکانی دەوڵەت لە نزیکانی کۆچ بەرانو باوکو خزمانیان بە قەدەغەیی نەمانەوە لە نیسانی(١٨٠٢ن)دا لێبوردنێکی دەرکردو چل هەزار خێزان گەڕانەوە بۆ وڵات.

لە وڵاتدا پەرچەکردارێکی بەرەبەرە بۆ داهێنانو گۆڕانەکانی سەردەمی تیرۆر ڕویداو خەڵکی گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی وشەی (میسۆ)و (مدام) لە جیاتی وشەی هاولاتی، ناوەکان گەڕانەوە بۆ شەقامەکانو نازناوەکانی شەرەفو گەورەییو کۆشکی تویللریش وەک کۆشکی پاشایانی لێهاتەوە، چونکە بۆناپرت تەنها لەناودا

پاشا نەبوو، جوزفینی ژنیشی شاژنە بوو. کۆمەڵەکانی یاسادانان کە یەکلەدوای یەك دەهاتن سەرقاڵبوون بە گۆڕینی یاساکانی سەردەمی کۆنەوە، بەڵام کارەکانیان لاوەکی بوون و پێویستیان بە کۆکردنەوەو ڕێکخستن و شەن وکەوکردن هەبوو.

بۆیە ناپلیۆن بۆ ئەو مەبەستە گەورەیە لیژنەیەکی دانا و پاش ئەوەی لیژنەکە ڕەشنووسی ئەو یاسایەی نووسی پێشکەشی کرد بە حکومەتی قونسولی، قونسولی یەکەمیش چەندین تێبینی و پێشنیاری لەسەر نیشانداو دوای ئەوەی پرۆژەکە تەواو بوو بە شێوەیەکی یاسای مەدەنی خۆی نواندو تا ئەمڕۆش نەوەك تەنها لە فەڕەنسادا، بەڵکو لە زۆربەی بەشەکانی جیهاندا کاری پێ دەکرێت.

بۆناپرت نەخشەیەکی بۆ فێرکردن دانا کە پێك دەهات لە سەرەتایی و ناوەندی و باڵا، بەڵام ڕووداوەکان بەرەو چەندلایەکیان برد کەبەرهەمێکی وایان نەبوو، لایەن جەنگ و داگیرکاری کە کاریگەریەکانی زۆر درێژخایەن نەبوون، ئیدی ناپلیۆن پیاوی جەنگ بووو بڵندی و گەورەیشی لە جەنگدا دەبینیەوە، جگە لەوەی چاوچنۆك بووو بەوە تێر نەدەبوو ناوبانگی چاکسازی ناو وڵاتی خۆی پەیدا بکات و بەوەوە دابنیشێت و ئارام بگرێت، بەڵکوئەم میراتگری شۆڕشە دەبوو بەجیهاندا بڵاوی بکاتەوە، بۆیە بە دانیشتن ڕازی نەدەبوو.

بۆیە هەستا و بارگەو بنەی پێچایەوەو بەرگی ڕێی کردەبەر تا ئارەزوەکانی لە جیهاندا تێربکات و هەنگاوی یەکەمیشی ئەوکات دەست پێکرد کە لەساڵی( ١٨٠٤) ز. نازناوی ئیمپراتۆری وەرگرت و کەمێك دوای ئەوە وەك جێگرەوەی شار لەمان لە کلێسای نوتردام تاجی کردەسەر، دواتر یەکسەر کەوتە بەدیهێنانی چینێکی خانەدانەکان لەجیاتی ئەو چینەی کە کۆمەڵەی جەماوەری لەساڵی( ١٧٩٠ ) ز.هەڵیوەشاندەوە.

گومان لەوەدانیەکە زۆربنەی گەلی فەڕەنسی، حەزیان بە ئاشتی بوو، بەڵام خودی ناپلیۆن حەزی بە ئاشتی نەبوو، چونکە چاك دەیزانی کە تەنها لەجەنگ لە دیدی گەلدا بەرزی دەکاتەوەو هێزی زیاد دەکات، ئەمەشی لەساڵی( ١٨٠٢ن)دا بۆ ڕاوێژکاری خۆی دەربڕی،جارێکی دی لەساڵی (١٨٠٤ن)دا ئەوەی دەربڕی کە ئەورووپا هەرگیز سەقامگیر نابێت تا نەکەوێتە ژێر دەستی یەك سەرکردەوە.

ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان ناپلیۆن و ئینگلتەرادا لە ساڵی(١٨٠٢ز) بەسترا کۆتایی نەبوو، بەڵکوو مەرجەکانی خێرا تێکشکان و جەنگ گەڕایەوە، چونکە ناپلیۆن لەگەڵ جەنگدا عەشق بازی هەبووو ئینگلتەرایش بێزار بوو لە چاوچنۆکی ناپلیۆن بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو ئەورووپادا، هەروەك بێزار بوو لە دانانی ئەو باجە قورسەی کە لەسەر ئەو شمەکانەی دایدەنا کە لەوڵاتانی ژێر قەڵەمڕەوییەوە دەهاتن و زیانێکی گەورەی بەشمەك و بازرگانی ئینگلتەرا دەگەیاند.

گەلی ئینگلیزی هیوادارو ئاواتە خوازی ئاشتی بوو، بەڵام ئاشتی واتە دەرفەتکردنەوە بۆ ناپلیۆن تا بەیەکجارەکی بازرگانی ئینگلتەرا لەناو ببات، چونکە هەموو دەوڵەتانی ئەورووپا لەگەڵ ناپلیۆندا لە ڕۆژگارێکی دەسەڵاتیدا ڕێککەوتنیان بەست، بەڵام ئینگلتەرا بەتەنها چەکی دانەنا تائەوەی ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسا بە دیلی کەوتە بەردەستی، ئەم چەك دانەنانەشی پێشینەیەکی جاری پێشووی هەبوو.

لەساڵی(١٨٠٣ز) بۆ جاری دووەم جەنگی نێوان فەڕەنساو ئینگلتەرا ڕاگەیەندراو ناپلیۆن ڕێی نەدا کەشتییە ئینگلیزییەکان بێنە کەناراوی ڕۆژئاوای ئەورووپا کە لەهۆڵەنداوە بۆ باشوری ئیتاڵیا درێژ دەبویەوە لە پۆڵۆن لەسەر کەناڵی ئینگلیزی سوپایەکی کۆکردەوە کەدڵی ئینگلیزەکانی پڕکرد لەترس نەوەك ناپلیۆن هێرش بباتەسەر وڵاتەکەیان، بەڵام لەبەر سەختی و مەترسیەکانی گواستەوە نەیوێرا ئەوە بکات، دەوڵەتانی ئەورووپا کەوتنە کۆبوونەوە لە دژی، پروسیاو ئینگلتەراو نەمسا یەکیانگرت بۆ لەناوبردنی ناپلیۆن، ئەوکات ناپلیۆن بڕیاریدا هێرش نەباتە سەر ئینگلتەراو لەساڵی (١٨٠٥ز)دا سوپاکەی بەرەو ڕۆژهەڵات برد.

سەرکردەیەکی نەمسا خۆی دایەدەست ناپلیۆن و هەموو سەربازەکانیشی لەگەڵدا بوو، ئەمەش لە یەکی مانگی ئۆکتۆبەردا بوو، پاشان ناپلیۆن لەگەڵ (دانوب)دا بەبێ بەرگریەکی وا بەرەو خوار کشا، هەرکە نیوەی نۆڤەمبەر هات سوپا فەڕەنسیەکان لە نیوەی ڤیەننادا بوون، پاشان بەرەو باکور چوو تا بەرەوڕووی سوپا نەمساوییە ڕوسیەکان بێتەوە، ئەمەش لەسەرەتای دیسەمبەردا بوو، لەوێ لە جەنگی (ئۆستر لیتز)دا شکستێکی توندی تووشی سوپاکە کردو ڕووسیا

پاشەکشەی کردو ئاگربەستی بەست، نەمسایش ناچار بوو بە بەستنی پەیمانێکی سەرشۆڕانە کە پەیمانی (برسبرك) بوو، بەو پێیە دەستبەرداری زۆری زەویە ئیتاڵیەکان بوو بۆ ناپلیۆن و ڕازیبوو نازناوی پاشا بدات بە فەرمانڕەوای باڤاریاو فەرمانڕەوای ورتمبرگ کە هەردووکیان دۆستی ناپلیۆن بوون.

ناپلیۆن نەیدەویست ئەڵمانیا یەکبخات، بەڵکو دەیویست ژمارەیەکی دیاریکراوی ولاتان یان کۆمەڵە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بگرێتە دەست کە بتوانێت بەئاسانی بەسەریاندا زاڵبێت و ڕێکیان بخات،بۆیە لەپەیماننامەی برسبرك دا دەقێکی دانا کە تیایدا دەسەلاتێك بەفەرمانڕەوایانی ئەو ناوچانە دەدات کە تازە هاتوونەتە کایە کە ئەو دەسەلاتە لە دەسەلاتی فەرمانڕەوایانی نەمساو پروسیا کەمتر نەبێت.

ئەمەش واتە ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز بە شێوەیەکی ڕەسمی، ئیدی ئیمپراتۆر دەسەلاتی بەسەر هەرێمە گرنگەکاندا نەما، بۆیە ئیمپراتۆر فرەنسیسی دووەم لە ئۆگەستسی ساڵی (١٨٠٦)ز.دا لەکورسی دەسەلاتی دابەزی و بەشێوەیەکی ڕەسمی گۆڕ بۆ ئیمپراتۆریەت هەڵکەنراو بە شێوەیەکی خێراکات و سەردەم خۆڵی بەسەردا کردو تەرمی ئیمپراتۆریەتی لەناو گۆڕو لە ژێر گڵدا داپۆشی.

پاش ئەوەی فرەنسیسی دووەم بەرگی ئیمپراتۆریەتی داماڵی، ناپلیۆن کردیە بەری خۆی و خۆی بە ئیمپراتۆری نەمسا ناو تا ئەوە ببێت بە دروشمێك بۆ خۆی و دەسەلاتی بەسەر هەموو ماڵ و موڵکی خێزانەکەیدا، بەو جۆرە بوو بە فرنسیسی دووەمی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی ڕۆمانی پیرۆز وفرەنسیسی یەکەمی ئیمپراتۆری نەمسا، لەهەمان کاتدا ناپلیۆن دەستەیەك لە دەوڵەتانی ئەڵمانیای باشوری خستە ژێر دەستی خۆی کە بە (یەکێتی ڕاین) ناسرا بوو، دیمەنی ئەو یەکێتیە هەوڵدان بوو بۆ ڕێکخستن و چاککردنی باری ولات، بەلام ناوەڕۆکەکەی فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی پۆناپرت بوو بە گرتنی دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ڕاین.

ناپلیۆن پاش جەنگی ئوستر لیتز بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆتایهاتن بە دەسەڵاتی پاشای ناپۆلی و دۆستی ئینگلیزی ڕاگەیاند، پاشان فەرمانیکرد بە سەرکردە فەرەنسیەکان تا ناپۆلی بگرن، لە ساڵی (١٨٠٦ز)دا جوزیفی برای کرد بە پاشای ناپۆلی و سقلیە و لویسی رایشی کرد بە والی هۆڵەنداو ( مۆرا) ی زاوایشی کرد بە دۆقی (کیفا)و ( بوك)، لەو وڵاتانەو وڵاتانی هاوپەیمانە ئەڵمانییەکانیشی ئەو دەوڵەتەی پێکهێنا کە ناوی نابوو( ئیمپراتۆریەتی ڕاستی فەرەنسی).

هەموو ئەم ڕووداوانە دەچوون و پروسیا لەکونجەوە بەبێ جموجوڵ چاودێری فراوانخوازی دەسەڵاتی ناپلیۆنی دەکردو بێلایەنی خۆی پاراست هەر لەو کاتەوەی لەگەڵ کۆماری فەرەنسی لە ساڵی(١٧٩٥ز)دا ڕێککەوتنی بەست، ناپلیۆنیش بە شێوەیەکی سوکایەتی پێکردنەوە لەگەڵیدا دەجولایەوە، بەڵام ئەویش ناپاکی لە ڕوودا نواندو لەگەڵ دوژمنەکەیدا ڕێککەوت و ئەو هەرێمەی دایە دەست جۆرجی سێیەمی پاشای ئینگلیز، بۆیە شەپۆلی هەڵچوونی نەتەوەیی لە پروسیادەرکەوت تا ئەوەی فریدریسك و سیەمی سێیەمی پاشای ناچار کرد جەنگ ڕابگەیەنێت.

سوپای پروسی لەگەڵ ڕۆژانی فریدریکی گەورەدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو جگە لەوەی فریدریکی گەورە تەمەنی زیاترو ورەو چالاکی کەمتر بوو، سەرکردەکەشی کە دۆق برو نزیکی خاوەنی بڵاوکراوەی بەناوبانگی خۆی بوو کەسێکی بەتەمەن و سەرکردەیەکی سەردەمی فریدریك بوو، بۆیە جێی سەرسوڕمان نەبوو کە پروسیاش پاش جەنگی یەکەم لەیانا خۆی دا بەدەست سوپاکانی دوژمنانەوەو قەڵاکان خێرا خۆیان دا بەدەستەوەو پاشایش خێرا بەرەو ئەوپەڕی کونجەکانی وڵاتەکەی ڕایکردو خۆی فڕێ دایە سەر سنوری ڕوسی، بەمە هەڵوەشانەوە ڕووی تێکردو پشێوی ڕووی کردە هەموو خاك و ناوچەکانی شانشینەکە.

ناپلیۆن بە سوپاکەیەوە بەرەو پۆڵەندا چووو زستانی لەچەند بزووتنەوەو جوڵەیەکی سەربازی دژبە ڕوسدا بردە سەرو لەئەنجامدا سەرکەوتنێکی ڕوونی لە فریدلەند بەدەست هێناو بەدوای ئەمەشدا دوو پەیماننامەی لەگەڵ پروسیا و



Scanned with CamScanner

ڕوسیا لە( تلست) بەست، پروسیاش بە توندی شکاو کەوتە ژێر دەستی ناپلیۆن. بەمەش فریدریك ولیەمی سێیەمی پاشای هەموو موڵك و خاکی ڕۆژئاوای ڕووباری ئەلبا و ئەو زەویانەشی لەدەست دا کە پروسیا لە دابەشکردنی دووەم و سێیەمی پۆڵەندەدا دەستی کەوتبوون.

هەندێ لەسەرکێشان لە خاکی پۆڵەندیدا شانشینێکی نوێیان دروستکردو ناویان نا دۆقیەی گەورەی وارسۆ، پۆناپرت هاوڕێیەك و شوێن کەوتەیەکی خۆی کرد بە فەرمانڕەوای، ئەویش پاشای سەکسۆنیا بوو، هەروەك لەخاکی پروسیای ڕۆژئاوایدا کە دواتر لەگەڵ هانۆڤەردا یەکیگرت شانشینی وشقالیای بۆ جیرۆمی برای دامەزراند.

ڕوسیاش هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەگەڵدا کردو لەگەڵ قەیسەردا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی جیهان دابەش بکەن، ڕۆژئاوا بۆ ناپلیۆن و ڕۆژهەڵاتیش بۆ قەیسەر بێت، بەڵام لەسەرەنجامی پۆڵەنداو پروسیادا پێکیاندادا، چونکە ناپلیۆن بەڵێنی بە پۆڵەندییەکان دابوو وڵاتەکەیان یەکبخات، چونکە پۆڵەندییەکان یارمەتی زۆریان دابوو، بەڵام قەیسەر زۆرترین بەشی پۆڵەندای لەدەست دابوو، بۆیە بەڵێنەکەیان سەرینەگرت، سەبارەت بەپروسیاش پۆناپرت دەیویست بیبات بۆخۆی، بەڵام قەیسەر دەیویست بەربەستی نێوانیان بێت، بۆیە نیوەی بردو نیوەکەی دیکەشی پەیوەستی ئیمپراتۆریەت کرا، بەڵام سەرسەختترین دوژمنی ناپلیۆن لەدەست داگیرکاری ئەورووپی و خەنجەری ناپلیۆن بەدوور مایەوە ئەویش ئینگلتەرا بوو، جا لەوکاتەی ناپلیۆن لەساڵی ( ١٨٠٥ ز)دا چەند گورزێکی توندو یەکلەدوای یەکی ئاڕاستەی نەمسا دەکرد.نلسون توانی کەشتیگەلی فەڕەنسی دووەم لە ترافلکا لەنزیك کەناراوی ئیسپانی تێك بشکێنێت، ئەوکات بە ڕوونی دەرکەوت کە پێویستە پاش سەرنەکەوتن لە تێکشکاندنی سەربازی و چەکداری ئینگلتەرا هەوڵ بدرێت لە ڕووبی پیشەسازی و بازرگانیەوە تێکبشکێنرێت.

ئینگلتەرا لە مایسی( ١٨٠٦ز)دا گەمارۆی خۆی بۆ کەناراوی نێوان ئەلباتا برست ڕاگەیاندو ناپلیۆنیش بە فرمانێك کەلە بەرلین دەریکرد(دکریتو بەرلین)

وەڵامی دایەوەو تیایدا هەموو جۆرە بازرگانیەکی لەگەڵ دوورگەی بەریتانیەکاندا قەدەغە کردو ڕێی نەدا لەهیچ ناوچەیەکی ژێر قەڵەمڕەویدا شمەك بۆ ئینگلتەرا بنێردریت.

هەروەك هەمووهاولاتیانی ئینگلیزی ناو خاکی ژێر داگیرکاری فەڕەنسی یان شانشینە هاوپەیمانەکانی فەڕەنسای بەدیلی جەنگ داناو بەو پێیە دەستگرتن بەسەر ماڵوموڵکیان دا ڕەواکرا، فەرمانیکرد تا هەموو پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ ئینگلتەرادا بپچڕێنن، ساڵێك دوای ئەوە ئینگلتەرا گەمارۆیەکی وەك گەمارۆکەی فەڕەنسای دژ بە بەندەرەکانی فەڕەنسا هاوپەیمانەکانی دامەزراند، بەڵام ڕێی دەدا بە کەشتیەکانی وڵاتە بێلایەنەکان تا بپەڕنەوە بەمەرجێك بەبەندەری ئینگلیزدا بڕۆن و مۆڵەتی حکومەتی ئینگلیزی وەربگرن و باجێکی باڵا بدەن، ناپلیۆنیش ڕایگەیاند هەموو ئەو کەشتیانەی ملکەچی ئەو یاسا سەرشۆڕ کەرانە دەبن بەرەو ڕووی مەترسی و وێرانکاری لەلایەن هێزی فەڕەنسیەوە دەبنەوە.

بازرگانی ولایەتە یەکگرتووەکان بەوکارە زیانمەند بووو نەیدەزانی چی بکات، بۆیە کۆنگرێستی ئەمریکی لەسەرەتاوە بڕیارێکی دەرکرد بەو پێیە ڕێی بە ئەمریکیەکان نەدەدا بچنە دەرەوەی بەندەرەکان، بەڵکوو ئەمە دوو دەوڵەتی جەنگاوەری فەڕەنسی و ئینگلیزی ناچار بکات تا واز لەبڕیارەکانیان بهێنن، بەڵام ئەمە تەنها دارمانی توندی ئەو بازرگانیەی لێکەوتەوە کە پێشتر لە ئەتڵەنتیك گەشەی سەندبوو، پاشان بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە بەر تەسکی کردەوە لە ڕێگری بازرگانیکردن لەگەڵ فەڕەنساو ئینگلتەرادا، بەڵام هەربارەکە چاك نەبوو تا دواجار کۆنگرێس ناچار بوو لە ساڵی ( ١٨١٢ ز) دا جەنگ دژ بە بەریتانیای گەورە ڕابگەیەنێت.



Scanned with CamScanner

ئیمپراتۆر هەوڵیدا ئەورووپا لەشمەکی بۆ هاوردەی لە داگیرگەکانەوەیان لە ڕێگەی کەشتییە ئینگلیزییەکانەوە بێباك بکات، بۆیە هەوڵیدا قاوە بەهندبار بگۆڕێتەوەو بۆ بەرهەمهێنانی شەکری قامیش و زەل بچێنێت و هەوڵیدا ڕەنگی نوێ بدۆزنەوە تا شوێنی هاودەی ناوچەی هێلی یەکسانی بگرنەوە، بەڵام ئەو تەنگەژەی لەئەنجامی نالەباری بازرگانیەوە کەوتەوە بێزاری و تورەیی لێکەوتەوە، بەتایبەت لە ڕوسیادا خەڵك لە کەللە ڕەقی ناپلیۆن بێزار بوون و ڕقیان لە دەسەڵاتی کەوت و بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە تیایدا ئەستێرەی ناپلیۆن لەئاسماندا بکەوێتە خوار، بۆ ئەمەیش هەولی خۆیان دەدا تا ناپلیۆن بخەن و دواجار بە هیواکەیان گەیشتن.

*********************

# ناپليۆن لەوپەڕی بەهێزیدا

بێگومان فەڕەنسا قەرزاری ناپليۆنە، چونکە ئەو سيستمی بۆ گێڕايەوەو بەرهەمەکانی شۆڕشی ساڵی(١٧٨٩ز) پاراست، دەبێ ئەوە لەبيرنەکەين کە ناپليۆن چاکترين کوڕانی خۆی خستە ناو مەيدانەکانی جەنگەوە تا خواستەکانی تێريکاتو ئەو ئيمپراتۆريەتە دابمەزرێنێت کە خەونی پێوە دەبينی، بۆيە هێزی خۆی کۆکردەوە، بەڵام هەناسەی خۆبەزلزانی ناودەرووني گرتەوە، هەوڵيدا بەچەند چاکسازييەکی گەورە دڵی گەل ڕازی بکات، بۆيە لەئەلبو ڕاينەوەڕێی چاك کردو پاريسی بەشەقامو باخچەو بيناو پردو کەوانی سەرکەوتن ڕازاندەوە تا چيرۆکی جەنگو سەرکەوتنەکانيان بۆ بيرەوەری گەل بگێڕنەوە، بەهۆی ئەو هەوڵانەوە پاريس بوو بە جوانترين پايتەختی نوێ دوای ئەوەی پێشتر شارێکی ناو شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو.

ناپليۆن پاش پەيماننامەی تلست بڕياری ئيسپانياو پورتوگال ملکەچی دەسەڵاتی خۆی بکات، پورتوگالی دۆستی ئينگليزو دەرگايەکی فراوان بوو بۆ چوونی بازرگانيان بۆناو ئەوروپاو تێکشکاندنی گەمارۆ، ئيسپانيايش بەهۆی نالەباریو پێکدادانی ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتدارەوە لاوازبوو، بۆيە بەيارمەتی ئيسپانيا پورتوگالی گرت بەمەرجێ لەگەڵيدا دابەشی بکات، پاشان خێرا ئيسپانيای قوتداو کالورسی چوارەمی ناچارکرد تا دەستبەرداری کورسی دەسەڵات بێت بۆی (بەو پێيەی دۆستو هاوپەيمانی خۆشەويستيەتی) لەجياتيدا جوزيفی برای داناو مۆرای زاويشی بردە سەر کورسی ناپۆلی کە پێشتر جوزيفی لەسەربوو.

بەمە ئيسپانەکان تووڕە بوونو بەيەکجار ڕاپەڕين تا بەرگری لەوڵاتی خۆيان بکەنو گوێيان لەمەرگ نەما، لەمەشدا سوپای ئينگليزيەکان بە ڕێبەری ولنکتۆن يارمەتييان دانو جوزيفيان لەکورسی دەسەلات لابرد، لێرەدا دووهۆکار بەرەوڕووی ناپليۆن بوونەوە کە پێشتر پێکەوە بەدی نەدەکردن، ئەوانيش بريتيبوون لە:



Scanned with CamScanner

١-هەستی نەتەوەیی: چونکە ئیسپانیا وەك ئەڵمانیا یان نەمسا پەرش و بڵاو جیاجیا نەبوو، بەڵکو گەلێکی یەکێتی بوو کە بەپێی سەردەم تێکئالاویەك بوبوو بەپێی مێژوو دەمارگیری گەشەی سەندبوو.

٢-کڵێسای کاثۆلیکی، چونکە ناپلیۆن ڕایگەیاند کە دەستیگرتووە بەسەر ماڵومولکی کڵێسادا، بەمە پاپا بێبەریبوونی لەدژ دەرکردو ناپلیۆنیش گرتی و لە بەندینخانەدا سزای دا، بۆیە هەستی کاتۆلیکەکان لەدژی وروژا.

کاتێك هەواڵی ڕاوە دوونانی جوزیفی بیست، ئیمپراتۆری فەرەنسا خۆی هات بۆ وڵاتی سەرکێش و قەشەکان و دووسەد هەزار جەنگاوەری لەگەڵدا بوو، لەگەڵ سوپای سەد هەزار کەسی ئیسپانیادا پێکداداو بەئاسانی تێکشکاند، پاشان لە دیسەمبەردا مەدرید خۆی دا بەدەستەوە، ئەوکات ناپلیۆن دادگاکانی پشکنین و باجی دەرەبەگایەتی و بەربەستی گومرگی ناوخۆیی و سێ یەکی دێرەکانی نەهێشت، واتە تۆوی ئەو شۆڕشە فەرەنسیەی چاند کە لەشوێنانی دیکەش چاندی.

بۆمانگی دووەمیش ناپلیۆن لەپاریس خۆی ئامادە کرد بۆ جەنگێکی نوێ لەگەڵ نەمسادا، جوزیف بەتەنها لەسەر کورسی دەسەلات مایەوەو بەرەو ڕووی ئەو سەرکێشە ئیسپانی یە بوویەوە کە لێهاتووی سەرکردە گەورەکان و زۆر سەربازانی فەرەنسی نەیانتوانی لەناویان ببەن، دواجار دۆق لنکتۆن توانی بە شێوەیەکی بەرەبەرە فەرەنسییەکان بەرەو ئەودیو برینز ببات، ئەمەش سەرەتای داڕمانی ناپلیۆن و گرنگترین هۆکاری شکستی ناپلیۆن بوو.

ئیمپراتۆری نەمسا دەرفەتی سەرقاڵ بوونی ناپلیۆن لە ئیسپانیا قۆستەوەو جەنگی ڕاگەیاند تا هەرێمەکانی سەربە ناپلیۆن کەم بکاتەوە، لەئەنجامدا ئەوکارەی بە نەمسا کرد بەوەی لەجەنگی (واکرام) لەنزیك ڤیەننا بەبێ ئەوەی کەس یارمەتی بدات ناپلیۆن بەسەریدا سەرکەوت، بەوە دەسەلاتی ناپلیۆن لە ساڵی (١٨١٠) ز.دا لە ناپۆلیەوە بۆ بەلتیق درێژ بوویەوە.

ئیمپراتۆر کوڕێکی دەویست کەلە دوای خۆی بچێتە شوێنی، بەڵام جوزیفی ژنی منداڵی نەبوو، بۆیە بڕیاریدا تەڵاقی بدات و جارێکی دی هاوسەرگیرییەکی نوێ ئەنجام بدات، ژنە تازەکەی ماریا لویزی کچی ئیمپراتۆری نەمساو سەربە بنەماڵەی هۆبسبرگ بوو، هێندەی نەبرد تا کوڕێکی بووو نازناوی پاشای ڕۆمای لێنرا.

*********************



Scanned with CamScanner

# ڕووخانی ناپلیۆن

لەوکاتەدا کە جیهان بەچاوی گەشەسەندنەوە دەیڕوانیە ئیمپراتۆریەتەکەی ناپلیۆن، خۆری ناپلیۆن خێرا بەرەو ئاسۆ ئاوابوون دا کەوت، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکی نابەرچاو کە هێزەکەیان داماڵی و بەرەو لێکهەڵوەشان و لەناوچونیان برد، گرنگترین ئەو هۆکارانەیش بریتیبوون لە:

١- بەرتەسککاری کیشوەری زیانی بە ئابووری ئەوروپا گەیاند.

٢- بەسەربەرز گرتنی زۆرە ملیّ پیاوانی فەرەنسای ڕیشەکێش کرد.

٣- ئەو باجە سەختانەی لەئەنجامی خەرجییەکانی جەنگا نارەحەتی و تەنگژەیان بۆ خەڵك نایەوە.

٤- چەوساندنەوەی پاپا لەلایەن ناپلیۆنەوە گیانی بێزاری لای ئۆلیکەکانی لێکەوتەوە.

٥- ئەو پاشاو سەرکردانەی دەسەڵاتیان لەدەست دابوو داخ لەدڵبوون بۆ ناپلیۆن.

٦- ناپلیۆن بە ئاکاری خۆسەپێنی و منگەرایی توندی خۆی و هێنانی ژنێکی بنەماڵە کۆنەکان (بنەماڵەی هۆبسبۆرگ) بێزارییەکی گشتی گەلی بەرپا کرد.

٧- گیانی نەتەوایەتی لە ئەوروپا دەیویست لەدەست ناپلیۆن ڕزگاری بێت.

بەمە ڕۆڵی پاشەکشەی خۆی نواند هەر لەو ڕۆژەوەی ناپلیۆن لەگەڵ قەیسەری هاوڕێیدا پێکیدادا،چونکە چەندین هۆکار بوونە هۆی دورکەوتنەوەی ئەو دوو هاوڕێیە لەیەکتر تا ئەوەی دواتر بڕیاریاندا شمشێر دادگاییان بکات، گرنگترین ئەو هۆکارانەیش بوونە هۆی ئەوەی خراپ لەیەك تێبگەن بریتیبوون لە:

١- سیستمی کیشوەری کە زیانی بیّ بەرامبەری بە بەرژەوەندیەکانی ڕوسی دەگەیاند.

٢- ترسی ڕوسیا لەوەی ناپلیۆن پۆڵەندا بکاتە دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزی وا کە هەڕەشە لە بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا بکات.



Scanned with CamScanner

٣- ناپليۆن بەنهێنی کاری دەکرد بۆ ئەوەی پرۆژەکانی ئەسکەندەر لەکار بخات کە بریتیبوو لە گرتنە خۆی هەرێمەکانی دانوب و فنلەندا بۆلای ڕوسیا.

٤- ڕوسیا کاریگەر بوون بە هاوپەیمانی ناپليۆن لەگەڵ نەمساو نزیکبوونەوەی لە کچی ئیمپراتۆری ئەویٚ دوای ئەوەی پێشتر ئەوان هاوپەیمانی بوون و لە پێناو ئەودا نەمسایان گێرابوویەوە.

بەمە هەردوولا خۆیان بۆ جەنگ ئامادە کردو لە ساڵی( ١٨١٢) ز.دا ناپليۆن چوو تا تاکە شانشینی ئەوروپی دوور لەدەسەڵاتی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بۆئەمەش نیو ملیۆن جەنگاوەری گەنجی ناو فەرەنساو هاوپەیمانەکانی لەگەڵدا بوو.

لاپەڕەکانی ئەم کتێبە ناتوانن وەسفی شاڵاوی فەرەنسی بۆ سەر وڵاتی ڕووس بکات و لەتاو سەختی ئەو چەرمەسەریانەی دووچاری ئەو سوپا زۆرە بوون و ئیمپراتۆر لەماوەی سێ ساڵدا چاوی بڕیبوویە گرتنی ئەو وڵاتە پێنوسی دەستیش لەکار دەکەوێت، ناپليۆن پێی وابوو دەبێت ئەگەر بۆیەك جاریش بێت پێش کۆتایی پێهاتن بە وەرزی گەرما لابکاتەوە بەلای سوپای دوژمنداو تێکیبشکێنێت.

بەڵام ڕووسەکان پاشەکشەیان کرد بۆ دواوەو ناپليۆنیش خۆی لە نێوەندێکی ترسناکی سەختی بێ سنووردا بینیەوە. دواجار لە بوردۆ نیو بەرەو ڕووی بوونەوەو خێرا بە ڕاکردنەوە ڕایانکردو ڕێیان پێدا تا بەرەو مۆسکۆ پێشڕەوی بکات،کاتێك دوای شەش هەفتە چوویە ناو مۆسکۆ سەری لەو دیمەنە سوڕماو سەیر کرد ئەو شارەی هاتووە بیگرێت تەنها خۆڵە مێشیەو بەس، چونکە ڕووسەکان پێش گەیشتنی ناپليۆن پایتەختی خۆیان سووتاندبوو و هەموو بەشێکیان سووتاندبوو.

ناپليۆن هەوڵیدا چاوەڕوان بێت تا ملکەچی ڕووسەکان ببینێت و لە مۆسکۆدا مایەوە تا لە وێرانەو کەلاوەکانیدا بسوڕێتەوە، چونکە قەیسەر بڕیاریدا خۆڕاگری و بەرگریکاری دابوو، دواجار خەریك بوو سوپا شمەکی نەمێنێت و وەرزی زستان



Scanned with CamScanner

نزیك بوویەوەو بەفر زەوی داپۆشیو ڕێگەی بڕیو مەرگ خۆی سەپاند بەسەر فەڕەنسیەکانداو سەرکردەکەیان بڕیاریدا لە نێوەندی ئەو مەرگەدا پاشەکشە بکات.

ئیدی ئەو سوپایە بەسەر شۆڕشیو بێ هیوایی لەناو سەرمادا لەناو دەچووو نەخۆشی لەناو سەرمای بەفردا تەنگی پێهەڵچنیو هۆزەکانی قەوزاقیش بەدرێژایی ڕێگە هێرشیان دەبردە سەر فەڕەنسیەکان، تا ئەوەی کاتێك گەیشتە پۆڵەندا لەو نیو ملیۆن سەربازە تەنها بیست هەزار سەربازی نەخۆشو ناساغی بۆ مایەوە، واتە ناپلیۆن ڕۆژانە دوو هەزارو پێنج سەد سەربازی لەدەست دەداو لەهەر کاتژمێرێکدا سەد سەربازی لەدەست دەدا، ئەوەش بەگەورەترین چەرمەسەری ناو مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت.

ناپلیۆن خێرا بەرەو پاریس گەڕایەوەو لە نیوەی ڕێدا سوپاکەی بەجێهێشتو بۆ ئەو کارەو شەرحی باری خۆی هەوڵیدا بیانوی جۆربەجۆر بهێنێتەوە، پاشان سوپایەکی نوێی لە ڕێگەی ئەو ئەفسەرانەوە کۆکردەوە کە هێشتا مەرگ خۆی نەگەیاندبوویە لایان بەهۆی پێگەیان لە سوپادا، بەمە لەماوەیەکی کورتدا توانی بەهێزێکی شەش سەد هەزاری جەنگاوەرەوە ڕاپەڕێت، لەو سوپایەدا کەسی پیرو بەتەمەن هەبوون کە کاتی سەربازێتیان نەبوو نەیان دەتوانی بارەکە بگێڕنەوە.

لێرەوە ئەڵمانیایەك کە ناپلیۆن ڕوخساری نغرۆی ناو خۆڵو قوڕاو کردبوو لە جەنگی یانا هەستا بەپەیماننامەی تلست، ئەڵمانیایەك کە چاودێری دەرکەوتنی دەرفەتی دەکردو هەوڵی دەدا لابکاتەوە بەلای پروسیادا تا سەرکردەو ڕێبەری لێوەر بگرێت، ئەڵمانیایەك کە سۆزی نەتەوایەتی سنگو دڵی داگرتبووو پاڵی پێوە دەنا تاخۆی بۆ باری کۆتا ئامادە بکاتو بەرەو مەرگی دەبرد، سەرکردەو ڕێبەرانو بیریاران بەتایبەت لە پروسیادا دیتیان ئەو چەرمە سەریەی تووشی وڵات بووە دەبێتە دەرئەنجامی بێگومانی دەرخستنی وڵات، بۆیە دەبێت بۆ ڕزگار بوون لە دواکەوتویی چەند چاکسازییەکی توند ئەنجام بدەنو ڕاپەڕن.

بۆیە کۆیلایەتی لەکار خرا، سیستمی دەرەبەگایەتی لابرا، ئەو جیاوازیانەی کۆمەڵگەیان بۆ چەند چینێك دابەش کردبوون نەهێڵران، سوپای کۆنی بەکرێ گیراو



Scanned with CamScanner

کرا بە سوپایەکی نوێ کەلەسەر بنەمای سیستمی سەربازی زۆرە ملێی گشتی دامەزرێنرا،لەگەڵ ئەوەی ناپلیۆن رێی نەدەدا پروسیا لەیەك کاتدا زیاتر لە چل و دوو هەزار سەربازی هەبێت، بەڵام پیاوانی سوپا توانیان سەدو پەنجا هەزار جەنگاوەر ئامادە بکەن و بەردەوام مەشقیان بە چل و دوو هەزار سەرباز دەکرد و دوای ماوەیەکی کەم هەموویان دەگۆڕی.

بەوجۆرە ئەو سەدو پەنجا هەزار جەنگاوەریان ئامادە کردن، لەهەمان کاتدا گیانێکی نوێ دەرکەوت کە گیانی خۆشەویستی نیشتمان و قوربانیدان بوو لەپێناویدا، فیختەی فەیلەسوف لە زانکۆی بەرلین بابەتی لەسەر رەگەزی جەرمانی و رۆشنبیری جەرمانی دەوتەوەو بەگوڕو تینەوە تایبەتمەندییەکانی روون دەکردەوەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد داهاتوو بۆ ئەڵمان دەبێت و دەبێت وەك خۆر وابن، بۆیە کە هەواڵی شکستی ناپلیۆن هات، هەموو گەل بەجارێك هەستان و هاواریان دەکرد (جەنگ،جەنگ، جەنگ بەبێ چاوەڕوانی) پاشا لاوازەکەیشی (فریدریکولیەمی سێیەم)یان ناچار کرد تا جەنگ رابگەیەنێت و بداتە پاڵ روسیا.

بەمە ناپلیۆن بەرامبەر بە سوپاو سەرکردەو پاشایانە نەوەستا کە دەمێك بوو دارمابوون، بەڵکوو بەرەورووی گەلێکی رێکخراو بوویەوە کە بریاری دابوو بە خوێنی خۆی ئازادی خۆی بسەنێتەوە، ئەوجەنگانەش لەو ماوەیەدا روویاندا دواتر ناسران بە جەنگە ئازادی خوازەکان، سەرەتا ناپلیۆن سەرکەوت و چوویە نێوەندی ئەڵمانیاوەتا ئەوەی سوپا دوژمنە هاوپەیمانەکانی (روسیا، پروسیا،نەمسا) توانیان ببنە یەك و یەکانگیریەك بکەن و هەوڵ بدەن رێ لە فەرەنسا بگرن، ئەمە وای لە فەرەنسا کرد خێرا پاشەکشە بکات، ئەم پاشەکشەیش پاش جەنگێکی سێ رۆژە لەنزیك لینریك لە ١٦تا١٩ی ئۆکتۆبەر بوو بە شکستێکی سەخت بۆ فەرەنسا، ئەو جەنگە ئەمرۆ پێی دەوترێت (جەنگی گەلان).

کاتێك ناپلیۆن لە رووباری راین بە سوپاکەیەوە دەپەریەوە، ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە دایمەزراندبوو بەرەو دارمان دەچووو ئەو سیستمە سیاسیەی بۆ ئەڵمانیاو هۆڵەندای دانابوو داکەوت و ئەندامانی یەکێتی راین دایانە پاڵ

هاوپەیمانانو جیرۆم ناپلیۆن (کوڕەکەی ناپلیۆن ) لە وستڤالیا ڕایکردو هۆڵەندییەکانیش فەرمانڕەوا فەڕەنسیەکانیان لە وڵاتی خۆیاندا دەرکردنو ئیسپانیەکانیش لە ماوەی ساڵی (١٩١٣ن)دا توانیان بە هاریکاری ئینگلیزو ڕێبەری (ولنکتۆن)وڵاتەکەیان لە فەڕەنسیەکان کێومالْ بکەن.

سەرەڕای هەموو ئەم چەرمەسەریانە ناپلیۆن ئامادە نەبوو بە ڕێککەوتن ڕازی بێت، ئەو ڕێککەوتنەی کە دەیوت فەڕەنسا بەتەنها خاکی خۆی بۆ بمێنێتەوە، بۆیە هاوپەیمانان بەرەو پاریس چوون، هەرچەندە سوپای فەڕەنسی چەندین پاڵەوانێتی بێ وێنەی لە مەیدانی جەنگدا نیشاندا، بەڵام پاریسیان گرت. بۆیە سەرکردەی فەڕەنسی ناچار بوو دەست بەرداری کورسی دەسەڵاتی خۆیو بنەماڵەکەشی ببێت، دەرفەتی پێدرا تا لە دوورگەی (ئەلبا) دا کەلەدەریای سپی بوو نازناوی ئیمپراتۆری هەبیتو لەوێ دەسەلاتی هەبێتو لەڕۆژانی تەمەنی بباتەسەر.

ئینجا هاوپەیمانان لویسی شانزەهەمی برای ئیمپراتۆریان گێڕایەوە بۆ سەر کورسی فەڕەنساو نازناوی لویسی هەژدەهەمیان پێدرا، فەڕەنسا یان گێڕایەوە بۆ سنورەکەی ساڵی (١٧٩٢ن) لە ڤیەننا کۆنگرەیەك بەسترا بۆ سیاسەتمەدارانی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان تا سنور دیاری بکەنو ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە لەئەنجامی جەنگەکانی ناپلیۆنەوە هاتبوونە کایە، هەروەها ئەو زەویانەی داگیری کردبوون دابەشیان بکەن، سەرەڕای ئەوەی هاوپەیمانان دژ بە ناپلیۆن یەکدەنگ بوون، بەڵام لە نێو خۆیاندا خێرا لەسەر دابەشکردنی نەخشەی ئەورووپی کەوتە ناکۆکیو دوبەرەکی.

کاتێك دەوڵەتانی ئەورووپا لەنێو خۆیاندا لەململانێدا بوون، ناپلیۆن دەرفەتی بێزاری گەلی فەڕەنسی لە پاشای نوێو کەمو کوڕی دەولەتانی قۆستەوەو لە دوورگە بچووکەکەی ڕایکردو بە هەزارو دووسەد کەسەوە چوویە ناو فەڕەنساو لە یەکی مارسی ساڵی( ١٨١٥ن)دا گەیشتە پاریسو سوپایەکی زۆری لەگەڵدا بوو، ئەم سوپایە لە ڕێگەکە ڕاپەیوەستی بوون، بەمە هاوپەیمانان ناکۆکیەکانیا لەبیر کردنو خێرا کەوتنە لەناو بردنی دوژمنەکانیان.



Scanned with CamScanner

دۆق و لنکتۆن بەسەد هەزار هێزی ئینگلیزی و ئەڵمانی هۆڵەندییەوە لە زەوییە نزمەکانەوە هات.(بلوخر) بە سوپایەکی گەورەی پروسیەوە ئامادەی یارمەتیدانی بوو، نەمسا لەنزیك ڕاین هێزەکانی خۆی کۆکردەوە، ناپلیۆنیش چەندە سوپای پی کۆکرایەوە کۆی کردنەوەو چوون بەرەو زەوییەکانی بەلجیکا تا ڕێ لە دوژمنان ببڕێت و یەکلەدوای یەك و بەجیاجیا لێیان بدات، لەگەڵ ئەوەی سەرەتا توانی لە سوپای پروسی بدات، بەڵام سوپاکانی (ولنکتۆن) لە (واترلۆ) دایان بەسەریدا.

پاشان (بلوخەر) هات بۆ یارمەتی (ولنکتۆن)، بەمە سەرکەوتن بەسەر سوپای فەڕەنسیدا، ناپلیۆنیش زانی هیوای بەرگریکردن نەماوە، چونکە دوژمنەکانی بڕیاریان دابوو بەهەر باجێك بێت بیشکێنن، بۆیە ڕای کرد بۆ پاریس و بۆ جاری دووەم دەستبەرداری دەسەڵات بوو، دوایی خۆی دایە دەست ئینگلیزو ئەوانیش بردیانە سەر بەردەکانی دورگەی (سنت هێلانە) لە نێوەندی ئەتلەنتیکدا، لەوێ ماوەی شەش ساڵ یادەوەریەکانی خۆی نوسیەوەو دواتر بە دیلی و بەتەنهاییە لە وڵاتی غەریبدا مرد، هاوپەیمانانیش لویسی هەژدەهەمیا بۆ جاری دووەم گێڕایەوە بۆسەر کورسی دەسەڵاتی باوباپیرانی و فەڕەنسایان ناچار کرد تا باجی ئازادیەکەی بدات، هەروەك چەند زەویەکی سەرسنوریان لێ داگیرکرد.

بزوتنەوەیەکی بەهێزی دواخوازی (رجعی) دەستیگرت بەسەر ڕۆژئاوادا کە دژ بەهەموو بنەماکانی شۆڕشی فەڕەنسی بوو، بەمە خەڵکی سەرکەوتنی هاوپەیمانیان بەوە ڕاڤە دەکرد کە سەرکەوتنی پاشایەتی خۆسەپێنی و چینە باڵاکانی پیاوانی ئایینی و خانەدانەکان بێت، بۆ ماوەیەکی کەم چینی ناوەڕاست دایەدواوەو دواتر گەڕایەوە ناو مەیدانەکە، چونکە گەشەسەندنی ئەو چینە زادەی شۆڕش نەبوو، بەڵکوو شۆڕشزادەی ئەو چینە بوو، گەشەسەندنیش چەند نەوەیەکی گرتبوویەوەو نەدەکرا بە بزووتنەوەیەکی کاتی دواخوازی لەناو بچێت، بۆیە دەڵێین چینی ناوەند بەردەوام بوو لەپەیڕەوی ئەو ڕێبازە سیاسیەی خۆی کە وشەی ئازادی خوازی لەخۆ دەگرت و هەوڵی بۆدەدا، گرنگترین دیاردەکانی ئەو ڕێبازەش بریتیبوون لە:



Scanned with CamScanner

١-یەکسانی لەبەردەم یاساداو لەناوبردنی هەموو شوێنەوارێکی ماف و جیاکاری خانەدان و پیاوانی ئاینی تا هەموو ئەندامانی ولات یەك شێوە ماف و ئەرکیان هەبێت.

٢-نەرمی نواندنی ئایینی و دەرباز بوون لەدەست تێوەردانی کلێسا لە بواری بیروباوەڕی تاك و ئازادی تاکە کەسی و بانگەواز کردن بۆ ئاسانکاری و نەرمی نواندن لەگەڵ خاوەن بیرو باوەڕو ڕۆشنبیرییەکانی دیکەدا.

٣- دەسەڵاتداری گەل زاڵبێت بەسەر دەسەڵاتی پاشاداو دەسەڵاتە پیرۆزەکەیان گۆڕی بە دەسەڵاتی پیرۆزی گەل، چینی ناوەند گرنگی بە وشەی گەل و نەوەکانی گەل و ئەندامانی گەل دەدا، بەڵام چینی گشتی بەرەبەرە لەگەڵ هەموو بەربەستەکانی ڕێدا خۆی فڕێ دایە ناویەوە.

٤- نەتەوەگەرایی و تێکەڵکردنی هەموو چینەکانی گەل لەیەك گەل و دەستەدا کە پەیوەندی زمان و ڕەگەزو نەریت و میراتی مێژوویی و هەستی گشتی یەکبوون کۆیان بکاتەوە بەبێ گوێدان بە چینێك یان دەستەیەك و جیاکردنەوەی لەوانی دیکە.

*********************



Scanned with CamScanner

# (باسی دووەم)
# کۆنگرەی ڤیەننا)

کەم بەشی مێژووی سیاسی ئەوروپا هەیە کە لەگرنگیدا بگاتە باسی ئەو کۆنگرەی کە لە ڤیەننا بەسترا بەمەستی گێڕانەوەی ئەو نەخشەی ئەوروپا کە ناپلیۆن ماوەی چەندین ساڵ دەست کاری کردبوو، ئەو کۆنگرەیە زۆربەی سەرکردەو پاشاو سیاسەتمەدارە گەورەکانی لەخۆ گرتبوو، مەبەستیشی گێڕانەوەی نەخشەی ئەوروپا نەبوو بۆ ئەو بارەی کە لەپێش ناپلیۆن لەسەری بوو، چونکە ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو چونکە هەریەك لەدەوڵەتە گەورەکان بەخەیاڵی نەخشەیەکی تایبەت بۆ دابەشکردنی هاتبوونە پێشەوە کە بەو هۆیەوە گەورەترین پشکیان دەست بکەوێت.

سیاسەتمەدارانی ڤیەننا لەسەر نەخشەکە کەوتنە گفتوگۆو قسەیان لەسەر ئاشتیو پێویستی گێڕانەوەی ئاشتی دەکرد پاش ئەوەی نزیکەی بیستو سێ ساڵ جەنگ درێژەی کێشابوو، بەڵام ڕقبوویان لە ناپلیۆنو شۆڕشی فەرەنسی بەرچاوی کوێرکردنو بیریان چوو جیهانی ساڵی (١٨١٥ز)نیە، بەڵکوو هەموو بیرو نیازی خۆیان لە سێ خاڵدا بەرتەسك کردەوە

١-گێڕانەوەی کورسیەکانی دەسەڵات بۆ خاوەنە شەرعیەکانی خۆیان، واتە پاشا کۆنەکان.

٢-دابەشکردنی دەستکەوتەکانی سەرکەوتنەکە.

٣-تۆڵە سەندنەوە لە فەرەنساو تێکشکاندنی، ئیدی گەشە سەندنی دوو بنەماو ڕێبازی نوێیان لە جیهانی سیاسەتدا لەبیر کردبوو، ئەو دوو ڕێبازەش بریتیبوون لە:

١- دیموکراتیەت یان ئازادی تاکە کەس کە لەلایەن شۆڕشی فەرەنسیەوە هاتە کایەوە.



Scanned with CamScanner

٢- نەتەوایەتی یان ئازادی و سەربەخۆیی گەلان کەلە جەنگەکانی ناپلیۆنەوە هاتە کایە.

دیموکراتیەت کە بانگەوازی دەکرد تا تاك خۆی لەحکومەتدا بەشداری بکات یان لە ڕێگەی کەسێکی دیکەوە بەشداری بکات و ماف و ئەرکیان یەك بێت با لەهەر چینێکدابێت، هەروەها لەدەسەلاتی پاشادا زۆردارو خۆسەپێنەکان ڕزگاری بکات، ئەمە سروودی شۆڕش و گۆرانی سەرزاری نەوەکانی دواتر بوو، جەنگەکانی ناپلیۆنیش هۆکار بوون بۆ نانەوەی ڕێبازی نەتەوایەتی،ئەو هێرشە توندانەی کە بردنیە سەر دراوسێکانی بێداری کردنەوەو وەك ئەو چەکوشە وابوو کە ئاسنگەر دەیدات بە پارچە ئاسنێکداو بەهێزترو توندوتۆڵ تری دەکات، بەو جۆرەش ئەو گەلانەی چەندین نەوەبوو لە تێکهەڵوەشان و بێداربوونەوەو کەوتنە داوای ئەوەی دەرفەتیان پێ بدرێت تا خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و ڕێی ژیانێکی سەربەخۆ بگرنەبەر کە دوور بێت لەهەر دەست تێوەردانێکی بیانی.

پیاوانی ڤیەننا ئەم بنەمایان لەبیر کردو کەناریان خست و لەسەر چێشتەکەی ململانێیان بوو، یەکەم مەسەلەیش کە کەوتە بەرچاو کێشەی پۆڵەنداو سەکسۆنیا بوو، وەك ئەوەی ڕوسیا نیازی بەدیهێنانی دەوڵەتێکی هەبێت لە پۆڵەندا، ئەو دەوڵەتەش ملکەچی قەیسەر بێت، پروسیاش یارمەتی دا بەو هیوایەی ڕوسیا یارمەتی بدات تا ماڵ و خاکی سەکسۆنیا لەجیاتی زیانەکانی بەرەی ڕۆژهەلاتی بەدەست بخات، بەو بانگەشەی ئەوە چاکترین سزایە بۆ پاشای سەکسۆنیا بەرامبەر بە پەیمان بەستنی لەگەڵ ناپلیۆن دوای ئەوەی هەموو ئەندامانی یەکێتی ڕاین لێی جیا بوونەوە، بەلام نەمسا و ئینگلتەرا بەمە ڕازی نەبوون، چونکە نەمسا دەترسا بەرفراوانبوونی قەڵەمڕەوی پروسیا هاوسەنگی نێو دەوڵەتی لە ئەڵمانیا تێکچێت، ئینگلتەرایش دەترسا قەڵەمڕەوی ڕووس بەرەو ڕۆژئاوا بکشێت.

خەریك بوو جەنگ لەنێوان دەوڵەتە گەورەکاندا هەڵبگیرسێت ئەگەر گەڕانەوەی ناپلیۆن لە ئەلبا نەهاتە مەیدان،بۆیە خێرا بۆ بەرپەرچ دانەوەی مەترسی نوێ ڕێککەوتن، (تالیرانی) نوێنەری لویسی هەژدەهەم لە کۆنگرەی ڤیەننا سوودی



Scanned with CamScanner

لەوبارە وەرگرت و دەستی وەردایە بارەکەو دایە پاڵ ئینگلتەراو نەمساو لە کارگێڕی کاروباری کۆنگرەکەداو بەرز کردنەوەی پێگەو پایەی فەرەنسادا دەنگی هەبوو، دواجار توانیان کێشەکە چارەسەر بکەن و ڕێ بە قەیسەر ئەسکەندەر درا تا شانشینی پۆڵەندا لە دۆقیەی وارشوی گەورە پێك بهێنن، بەڵام پروسیا تەنها نیوەی سەکسۆنیای بەدەست هێناو فریدریك ولیەمی سێیەم توانی هەندێ ناوچەی ڕۆژئاوای ڕاین بگرێتەخۆ.

فەرەنسا گەڕێنرایەوە بۆ ئەو سنورەی کە لەپێش شۆڕدا هەیبوو، کۆمەڵێك قەرەبوویشی بەسەردا سەپێنرا،هێزەکانی دوژمن بۆ ماوەی پێنج ساڵ سنوری باکورو باکووری ڕۆژ هەڵاتیان داگیر کرد، کەنار خستنی فەرەنساو ڕێگرتن لە پێشڕەویشی لەداهاتوودا ناوچەو دەسەڵاتە بچووکەکانی چواردەوری فراوان بوون، ئەوانیش ئەمانە بوون:

*زەوییە نزمەکان: لە باکورەوە بەلجیکا ناچارکرا تا لەگەڵ زەوییە نزمەکاندا یەکبگرن، هەرچەندە لەزمان و ڕەگەزو ئاییندا لەیەکتر جیاوازن.

*سویسرا:لە ڕۆژهەڵاتدا یەکێتی سویسری لە بیست و دوو ویلایەت پێکهات و لەلایەن دەوڵەتانی گەورەوە ناچار کران تا بێلایەنی خۆیان بپارێزن

* بیرمنت و سەردینیا: لە باشوری ڕۆژهەڵاتدا شانشینی سەر دینیا کۆماری جەنەوای کۆنی بەدەست هێنا، ئەوکات سەردینیاهەریەکە لە ساڤۆو نیس و بیدمنتی لەخۆ گرتبوو.

* سەکنرناڤیا: نەرویج لە دانیمارك سەندراو درا بە سوید وەك دەست خۆشییەك بۆ ئەو هاریکاریەی سوید پێشکەشی هاوپەیمانیانی کرد.

* پرووسیا: بۆ میرانیای سویدی بەدەست هێنا، بەمەش کەناراوێکی پەیوەست بە بەلتیقی بەدەست هێنا، هەروەك سێ یەکی سەکسۆنیاو ستڤالیای بەدەست هێنا، بەمەش لەبەر دەرگای فەرەنسا وەستاو بوو بە هەڕەشە بۆی و لە پارێزگاری کردنی ئەڵمانیای ڕۆژئاواییدا شوێنی نەمسای گرتەوە، هەروەها بەندەری (دانزك زسوران )ی ناوی زەوی پۆلۆنی و هەرێمی بۆزنی بەدەست هێنا.



Scanned with CamScanner

* نەمسا: نەمسایش چەند ناوچەیەکی کەناراوی ئەدریاتیکی ڕۆژهەڵاتی بەدەست هێناو توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر لۆمبارديادا لە باکوری ئیتاڵیا بگێڕێتەوە دوای ئەوەی کۆماری بوندو قیەی درایە پاڵو بەرامبەر بەوەش ئەوەیش دەستبەرداری بەلجیکا بوو، نەمسا بەرەو باشوورو ڕۆژهەڵات چوو، نەوەك ڕۆژئاوا، سەرەڕای دەستکەوتنی ئەو زەویانەی کە بەدەستیهێنا لە ئیتاڵیادا قەڵەمڕەوی گەورەی بەدەست هێنا، ئەویش بەوەی سەرکردە گەلێکی ناو بنەماڵەی هۆبسبۆرگ کورسی دەسەڵاتی مۆدیناو بارماو توسکانییان گرتە دەست.

* دەوڵەتە بچووکە ئەڵمانییەکان:لەم دەوڵەتانە باڤاریاو ورتمبرگو بەشێکی سەکسۆنیا ئەو کیانەی خۆیان پاراست کە لە ناپلیۆنەوە بۆیان بەجێ مابوو، هەرێمەکانی دیکەیش، ئەوا ناپلیۆن ژمارەی هەرێمەکانی لەسی سەدو شەستەوە کەم کردەوە بۆ سی و نۆ هەرێمو کردنی بەیەك، بۆیە کۆنگرەی ڤیەننا بڕیاریدا ئەو ژمارەیە بهێڵێتەوەو یەکێتی لاوازی لێ پێك بهێنێت کە نەمسا ڕێبەری بکاتو سەرکردەکانیش نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ نەمساو لە شاری فرانکفۆرت کۆببنەوە، ئەو یەکێتیەش پێناو هەنگاوێك بوو بۆ تێکشکاندنی هیوا جەماوەرییەکانو بزووتنەوە دیموکراتیەکان وەك دواتر باسی دەکەین.

* هەرێمە ئیتاڵییەکان: باری ئیتاڵیا لەو پەڕی گرنگیدا بوو، چونکە بەتەواوەتی ملکەچی فەرەنسا بوو تاساڵی (١٨١٠ز)، بەڵام لە ساڵی (١٨١٥ز).دا دووبارە دابەش بوویەوە وەك سەردەمی کۆنی خۆیو کەوتە ژێرسایەی فشاری ئیستیعمارو دێوەزمەی چەوساندنەوە.

* ڕوسیا: زۆربەی پۆڵەندای گرتە دەست، هەروەها ناوچەی (ساربیا) ی تورکیای بەدەست هێنا جگە لەوەی فنلەندای لەدەست خۆیدا هێشتەوە.

* بەریتانیای گەورە: لە ئاهەنگی دابەشکردنی زەوییە ئەورووپیەکاندا بەشداری نەکرد، بەڵام هەوڵی خۆی بەرتەسك کردەوە لە فراوانکردنی داگیرگە دەریاییەکانی



Scanned with CamScanner

خۆیدا توانی ماڵتەو دوورگەکانی ئایۆنیا وهلیکۆلندو داگیرگەی ئالکابو مۆرتیۆس و گیاناو تۆباکۆو ترنداد بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ئەو دابەشکردنەی دەستکەوتەکان کە لێرەدا باسمان کرد بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو گیانەی ئەو کۆنگرەیە لەخۆی دەگرت چۆن بووە، سەرەڕای ئەوەی نەوەدو سێ نوێنەر لە ڤیەننادا ئامادەبوون، کەچی خێرا ئەوە ڕوون بوویەوە کە هەموو شتەکان بەدەست گەورە دەوڵەتەکانن و دەوڵەتانی بچووک هیچ بەدەستن، دەوڵەتە گەورەکانیش بریتیبوون لە پروسیاو ڕوسیاو بەریتانیاو نەمسا.

گرنگترین ئەوکەسانەیش کە لەو کۆنگرەدا ئامادە بوون بریتیبوون لە (میتەرنیخی )وەزیری نەمساو ئەسکەندەری قەیسەری ڕوسیاو تالیرانی نوێنەرانی فەرەنسا، ( تالیران) لەهەموویان بەهێزترو ژیرتر بوو، هەر لەسەرەتاوە کەوتەنانەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێو هۆڵی کۆنگرەکەدا، بەتایبەت نانەوەی ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتە گەورەکاندا، ناکۆکی نێوان ڕوسیاو پروسیا لەلایەکو نێوان ئینگلتەراو نەمسا لەلایەکی دیکەوە، بەمەش ڕێگەیەکی کردەوە تا بچێتە ئەڵقەی مەرکەزییەوە.

قەیسەری ڕوسیا لە نامۆترین کەسایەتیەکان بوو، زۆر خوای خۆش دەویست و حەزی لەوە بوو پاشاکان لە برایەتی ئایینیدا ببنە برای، دەیویست بە پاڵپشتی خوا چاکسازی بکات نەوەك بە پاڵپشتی گەل، چونکە زۆر خەیاڵ و هیوای هەبووو توانایەکی لاوازیشی هەبوو، لە ڕاکانیدا زۆر ڕاڕاو پشێو بوو، لە ساڵی کۆنگرەکەدا پێشنیارێکی خستە ڕوو تا هاوپەیمانێتیەکی پیرۆز بهێنن، پروسیاو نەمسایش ئیمزایان کرد، دواتر دەوڵەتانی دیکەیش ئیمزایان کرد جگە لە تورکیاو ئینگلتەرا، ئەو هاوپەیمانێتیە دەیوت هەموو پاشاکان برای ئایینی یەکدین، ئەرکی سەرشانیانە یەکدەست و تەباو هاریکاری یەکترین و بەپێی ڕێنماییەکانی مەسیحیەت ئاشتی و ئاسایش بپارێزن، پێدەچێت لە نێو ئەو کەسانەدا کە ئەو بیرۆکەیان ئیمزا کردبوو کەسانێك هەبن بڕوایان پێی نەبووبێت و کەسیان گوێڕە تینیان بۆ ئەو شتە نەبوبێت جگە لەخودی قەیسەر.



Scanned with CamScanner

میتەرنیخی وەزیری نەمسا بیرۆکەی هاوپەیمانی پیرۆز ئاسوودە بووو بەهەموو هێزو توانای خۆیەوە هانی دەدا، لەبەر ئەوە نا کە بڕوای بە پیرۆزیەکەی هەبێت، بەڵکوو پێی وابوو پێناوێکە بۆ تێکشکاندنی هەموو بزووتنەوەیەکی دیموکراتی یان نەتەوەیی کە ئارامی ئەورووپا تێک بدات یان هەڕەشە لە پاشا خۆسەپێنەکانی بکاتو لەڕووی ئەو سیستەمەدا بوەستێت کە ڕەشنووسەکەی لە ڤیەننادا ئامادە کرابووو ئەورووپا بۆ ماوەی سی (٣٠)ساڵ لەسەری ڕۆیشت، ئەو سیستەمەی بەو پێیە بەهێزەکانی بەرز کردەوەو لاوازەکانی دەرکرد، ئیدی پشکی براوەیان بۆ خۆیان بردەوە دوای ئەوەی خۆیان بەشدارییان لە یاریەکەدا نەکرد کەچی بوونە براوەی یاریەکە.

بەوجۆرە سەکسۆنیاو نەرویجو پۆڵەنداو بەلجیکاو ئەڵمانیاو ئیتاڵیا کەلە یاریەکە کرانە دەرەوەو لەبەردەم چاوچنۆکیە داگیرکاریەکاندا لە کۆنگرەی ڤیەننادا سەری خۆیان لەدەستدا،پشکی گەورەو یەکەمیش بۆ دەوڵەتە گەورەکانو پشکەکانی دیکەشیان بۆخۆیان برد، دەوڵەتەبچووکەکانیش هیچ پشکێکیان بۆ نەمایەوەو بێ بەشکران.

کۆنگرەی ڤیەننا هەوڵیدا ئەورووپا بگێڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم بەوەی سەردەمی سەرکردەو بنەماڵەو پاشاکان بگێڕێتەوە، ئەو گیانە نەتەوایەتیەی ناپلیۆنی لەکورسی دەسەڵات دابەزاند پێی قبووڵ نەبوو لەبەر چاویدا دەوڵەتانی گەورە سوکایەتی ئابڕووی بکەنو ملکەچی دەسەڵاتی سەرکردەو پاشاکانی بکەن بۆیە سەرلەنوێ کەوتە جەنگ تا ئەوەی سەلماندی سەردەمی دواکەوتەیی و گەڕانەوە بەرەو دواوە کۆتایی پێهاتووەو بەسەر چووەو ناگەڕێتەوە.

********************



Scanned with CamScanner

# (باسی سێیەم)

# (ئەوروپا دوای کۆنگرەی ڤیەننا)

## فەرەنسا (١٨١٥ز- ١٨١٧ز)

کاتێك سوپاکانی پروسیاو نەمسا لە سالی (١٧٩٤ز)دا ڕوویانکردە پاریس، گەلی فەرەنسی جارێکی دی ڕاپەڕین تا بەرگری لە ولاّت و شۆڕشیان بکەن،بەلاّم پاش بیست سالْ کاتێك هاوپەیمانیان چوونە ناو پاریسەوە، گەل بڕواو متمانەی بەوە هەبوو کە بنەماو ڕێبازی شۆڕش چەسپاوەو خراپەکانی سەردەمی کۆن ژێر گلْ نراون و هەرگیز ناگەڕێنەوە، پاشان فەرەنسا شا لویسی شانزەهەمی کوشت نەوەك پاشایەتی، بەلْکوو بەردەوام هەواداریيەکی دەروونی بۆ پاشایەتی هەبوو.

تەنانەت کاتێك ناپلیۆن هات زۆر ئاسان و خێرا بوو، سیستمی کۆماری گۆڕی بۆ پاشایەتی خۆسەپێنی، پاشای نوێیش ( لویسی هەژدەهەم) نەکەوتە خراپ کردن یان بلێین دژایەتی ئەو سیستمی کارگێڕیەی کە ناپلیۆن دایناوبوو، هەروەك هەولی نەدا شوێنەوارەکانی شۆڕش لەناو ببات و بەلێنی بەگەل بەخشی ( بەلکوو دەستورێکی بۆ دانان) کە دوای گۆڕانکاریەکی سادە تا سالی ( ١٨٤٨)ز. بەردەوام بوو، لویس زۆربەی سەردەمی دەسەلاتی خۆی بە مامناوەندی و لەسەر خۆیی بردە سەر، بەلام دواجار لەژێر کاریگەری حیزبی توند ڕەوی پاشایەتیدا کەوت، چونکە ئەو حیزبە دەیویست سیستمی کۆن بگێڕێتەوە.

ئەو سەردەمە ئەنجامە چەسپاوەکانی شۆڕشمان پێدەبەخشێت و جیاوازی گەورەی نێوان سەردەمی لویسی شانزەهەم و سەردەمی لویسی هەژدەهەممان پێ نیشان دەدات، بەلکوو هاواری ئەوەی دەکرد هەموو فەرەنسیەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن و هەموویان مافیان هەیە لە گرتنە دەستی پیشەسازی و موڵکایەتیانی دەولەتدا بەبێ هیچ جیاکاریەك، زامنی ئازادی ئاینی دەکات و لەسەر هەموو هاولاّتیانە بەهەموو چینەکانەوە بەپێی ڕێژەی سامانیان باج بدەن، بەکورتی هەموو

ئەو چاکسازییە گرنگانە باس دەکات لە باسی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، هێزی یاسادانانیش بەدەست پاشاو پەرلەمانە، ئەو پەرلەمانەی کە پێکهاتبوو لە ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردران، ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەبوو وەزیرەکانی پاشا دادگایی بکات.

لەگەڵ هەموو ئەم دەقانەدا ئەو خانەدانەی لە کۆچ و ڕەوو ئاوارەییەوە گەڕابوونەوە بە ڕێبەری کۆنت ئەرتوای برای پاشا هاتنەوە وڵات و پیاوانی ئاینیش بە بزووتنەوەیەکی بەهێزی دواخوازی یارمەتیان دەدان، ئەمانە توانیان پەرلەمان والێبکەن چەند بڕیارێکی وروژێنەر بدات و ئەو بڕیارانەیش بەدیدێکی خراپ وەسف بکرێن، هەروەك توانیان لویسی هەژدەهەم والێبکەن دەستی یارمەتی بۆ چەند سەرکردەیەکی دواخوازی ناو ئەورووپا درێژ بکات تا بزووتنەوە شۆڕش گێڕیەکانی ناو ئیسپانیا و ئیتاڵیا لەناو ببەن.

لویسی هەژدەهەم لە ساڵی ١٨٢٤ز.دا مرد و شارلی دەیەم هاتە شوێنی، شارل کۆنت ئەرتواو برای لویس و ڕێبەری دواخوازەکان بوو، بۆیە سیاسەتی بە ئاقاری دواخوازیدا برد، دەقێکی دەرکرد بەو پێیە پشکێکی زۆری پارەی بە خانەدانەکان دەبەخشی لەجیاتی ئەو زیانەی لەکاتی شۆڕشدا لێیان کەوتبوو، هەروەك چەند ویستێکی مۆلکداری بۆ چاودێری توندی ڕۆژنامەکان دەرچوون، هەروەها مافی هەڵبژاردنەکان بۆ چینێکی بچووکی دەوڵەمەندان سنوردار کراو دەرچوونی یاساکانیش تەنها لە دەستی پاشادا بەرتەسك کرایەوەو جگەلەو کەس بۆی نەبوو یاسا دەربکات، هەموو ئەم کارە سەپێنانە هۆکار بوون تا شارل لە ساڵی (١٨٣٠)ز.دا کورسی دەسەڵاتەکەی لەدەست بدات، ئەمەش بەهۆی شۆڕشێکەوە کە ئاگرەکەی لە پاریس هەڵگیرسا، پاشان گەل لویس فیلیپی نەوەیەکی هینری چوارەمیان لەوەچەی ئۆرلیانز لە بنەماڵەی بۆربۆن هەڵبژارد تا کورسی دەسەڵات وەربگرێت، بەمە لویس فیلیپ بە ویستی گەل دەسەڵاتی فەڕەنسیەکانی گرتەدەست.

پێشتر بینیمان چۆن شۆڕشی تەموززی ساڵی (١٨٣٠)ز شارلی دەیەمی لەکورسی دەسەڵات دوور خستەوەو لەجیاتیدا لویس فیلیپی دانا،پاشای نوێ سۆزی زۆری بۆ چینی ناوەند هەبوو، تێکەڵیان دەبووو پاڵپشتی دەکردنو خۆشی دەویستنو لەگەڵیاندا دەژیاو هەرداوێکی دەنایەوە تا تێکەڵو یەك دەست پێکەوە هەنگاوبنێن، ئیدی دۆستو دوژمن پێیان دەوت پاشای چینی ناوەند، ئەو چینەش لەنێو خەڵکدا کەمینە بوون.

لەوکاتەوەی دەسەڵاتی وەرگرت، ڕووی کردە دەسەڵاتەکەی، چونکە پاشا شەرعیەکان دژایەتیان دەکردتا دەسەڵاتی دواخوازی بگێڕنەوە، کۆماریەکانیش هەرلەسەرەتاوە بە ڕێبەری چەند سەرکردەیەکی توند کە سروشتی کۆمارییان لە بنەماکانی شۆڕشەوە وەردەگرت دژایەتیان دەکردو خەڵکیش بەگشتی بەدوایاندا دەچوونە مەیدانەکانی سەرکەشیو یاخیبوونەوە، ئەمەش زیاتر لە ساڵانی (١٨٣٢زو ١٨٣٤ن) دا بوو، حکومەتیش نغرۆی ناو خوێناوی کردن، چەند بڕیارێکی توند دەرچوون بەرامبەر بە ڕوودانی هەر بزووتنەوەیەکی کۆماریو بەتاوانی گەورە ئەژمارد دەکراو ڕۆژنامەوانیش خرایە ژێر چاودێریەکی توندەوە.

ئەم چینە لەناو خۆیدا دابەش بوو، دەستەیەکیان بڕوایان وابوو فەڕەنسا گەیشتوەتە ئەو چاکسازیەی کەئاواتی پێ دەخواست، بۆیە دەبێت پارێزگاری لێبکرێتو دەستکاری بارەکە نەکرێتو واز لە گۆڕان بهێنێنن، دەستەیەکی دیکە کە کەمینە بوون پێیان وابوو وڵات لەیەکەم هەنگاوی گەشە سەندندا یەو پێویستە بە خێرایی گەشە بکاتو بازنەی هەڵبژاردنەکان فراوان بێن.

مێژوو نووسی بەناوبانگ (تیەر ) ڕێبەری ئەم حیزبەی دەکرد، هەروەك مێژوونوسێکی بەناوبانگ کە ( کیزۆ ) بوو ڕێبەری دواخوازەکانی دەکرد، شالوسیش بەتەواوەتی هەواداری ڕووتیو دواخوازی بوو، هەر لەیەکەم ڕۆژی دەسەڵاتیەوە هەواداری خۆی بۆ نیشاندا، لە ساڵی ١٨٤٠ز. دا کیزۆی گەورەی دواخوازەکانی بۆ پێکهێنانی وەزارەتو ئەویش وەزارەتی پێکهێناو زۆرینەی لای ئەو مانەوەو بەپارەو بەرتیل پشتیوانێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە.



Scanned with CamScanner

کەمینەی ئازادیش بەردەوام خەباتیان دەکردو نەدەوەستان تا زۆرینەی دواخواز تێکبشکێنن، ئەمەش بانگەوازکردن بۆ فراوانکردنی مافی دەنگدان تا بەرتیلکاری ڕێی بۆ نەکرێتەوەو کاریگەری شەخسی نەمێنێت، تیەرو دارو دەستەکەی ئاهەنگو بۆنەیان دەکرد لە پێناوی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەیان، ئەو کۆبوونەوانەش بەهەموو ولاتدا بلاو بوونەوە،و وتار بێژان بەکۆمەڵە ڕستەیەکی ئاگرین هێرشیان دەکردە سەر بارودۆخەکەو کلپەیان لەدەروونی گوێگران دەدا.

ئەمە خەڵکی ووروژاند تا لە فبرایەری ساڵی (١٨٤٨)ز.دا پاش کۆبوونەوەیەك کە حکومەت دەیویست ڕێی پێبگرێت بە خەڵکی ڕاپەڕین، ئەوکات پاشا دەستبەرداری کورسی دەسەلات بو بۆ کوڕەزاکەی خۆی، بەلام دوای ئەوە کار لەکار ترازابوو، بۆیە خۆیو ماڵو منالی لە ولات دەرکران، خەڵکی بەرەو کۆمەڵەکە چوونو هاواریان دەکرد (بڕوخێت بنەماڵەی بۆرۆن، بەدوینیو ئەمڕۆیانەوە، بژی کۆماری) حکومەتێکی کاتی لەسەر دەستی چەند سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەوانێك پێکهات، لەنێو ئەوانەشدا لامارتینی نووسەری بەناو بانگ بوونی هەبوو، هەروەك لویس بلانك بەشدار بوو، ئەم کەسە یارمەتی پاڵپشتە شۆڕشگێڕەکانی دا تا پاشا بڕوخێنن.

ئەو بزووتنەوە توندو تیژانە وایانکرد ولات پێویستی بەدەستێکی بەهێز هەبێت، دەستوری نوێ سەرۆك کۆماری دەست نیشانکردو دەبوو ئەو کەسەش لەلایەن خودی جەمارەوە هەڵبژێردرێت، بۆئەمەش برازاکەی ناپلیۆن دەستنیشان کرا (لویس ناپلیۆن ) کە بەردەوام لەخەباتو هەوڵدا بوو، بەلام سەرکەوتوو نەدەبوو لەگێڕانەوەی ناوی بنەماڵەکەی خۆی بۆ کەسایەتی خۆی تا ئەوەی دواجار دەرفەتی هاتە بەردەست، بۆیە خۆی بۆ سەرۆك کۆمار کاندید کردو بەهۆی ناوی ناپلیۆنی یەکەمو یادەوەریە کۆنەکانی کەسایەتیەکەوە دەنگێکی باشی بەدەست هێنا، دەستوور مەرجی دانا بوو کە سەرۆك کۆمار دەبێت تەنها چوار ساڵ لە دەسەلاتدا بمێنێتەوە، ناپلیۆنیش توانی ئەو ڕۆژەی تاجی خرایە سەر



Scanned with CamScanner

دیکتاتۆریەت ڕابگەیەنێت و حکومەتێکی نوێ پێك بهێنێت، پاش ساڵی ١٨٥٢ز. ئیمپراتۆریەتی دووەمی ڕاگەیاندو ناپلیۆنی سێیەمی بەخواستی گەل بوو بە ئیمپراتۆری فەڕەنسیەکان.

ناپلیۆن هەوڵیدا پلەو پایەی خۆی بپارێزێت، بۆیە یارمەتی ئیتاڵیای دا تا نەمسا لەوڵاتدا دەربکات، وەك دواتر باسی دەکەین، پاشان هەوڵیدا ئەو بزووتنەوەیە ڕابوەستێنێت کەخۆی یارمەتی دەدا، ئەمەش لەترسی ئەوەی نەوەك ئەو دەوڵەتە تازە پێگەیشتووە گەشە نەکات، بەڵام نەیتوانی بزووتنەوەکە ڕابوەستێنێت، هەروەها ئیمپراتۆر بوو بەدوای دەستی کەسایەتی لێزان و فێڵزان (بسمارك) کەدوای ئەوەی لەو جەنگەی دژ بە نەمسا بەرپای کرد، توانی لەبەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت، چەکوشێکی توندی لێداو لەجەنگی حەفتا ساڵەدا لەناوی برد، لە ئەنجامی ئەمەدا کۆماری سێیەمی فەڕەنسی ڕاپەڕی.

********************



Scanned with CamScanner

# نەمسا (١٨١٥ز-١٩١٤ز)

میتەرنیخی دوژمنی دیموکراتیو دەسەڵاتی دەستووری بەردەوام بەهەموو هێزی خۆیەوە دژایەتی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی نەتەوەییو دیموکراتی ناو وڵاتانی ئەورووپای دەکرد، ئیدی لای گرنگ نەبوو لەکوێدا ئەو بزووتنەوانە سەر هەڵدەدەن، خێرا دەکەوتە دژایەتی کردنیان، بەڵام لەئەنجامدا هەموو هەوڵەکانی شکستیان هێنا هەرچەندە جارجارە سوکە سەرکەوتنێکی بەدەست بهێنایە، تا ئەوەی ساڵی نێوان (١٨١٥ز تا ١٨٤٨ز) تێپەڕ بوون، لەو ماوەدا دێوەزمەی میتەرنیخ خۆی زاڵکردبوو بەسەر ئەورووپادا، دوای ئەو ساڵانە سیستەمەکەی لێکهەڵوەشاو بەرەو داڕمان چوو.

کاتێک هەواڵی شۆڕشی فەڕەنسیەکانی ساڵی ( ١٨٤٨ ز). بیست وتی :(وا ئەورووپا جارێکی دی دیمەنی ساڵی ( ١٧٩٣ز). دەبینێتەوە) بەڵام لەڕاکەیدا هەڵەی کرد، چونکە فەڕەنسا ئیدی پێویستی بەوە نەبوو بەهێزی جەنگ وە لە ساڵی ( ١٧٩٣ز). بیرو ڕای ئازادی بڵاو بکاتەوە، چونکە شەست ساڵ بەسەر ئەورووپادا تێپەڕی بووو لەو ماوەدا ئەورووپا مەیدانی بزووتنەوە چاکسازیەکانو بڵاوبونەوەی بیروڕا ئازادەکان بوو تا ئەوەی ساڵی ( ١٨٤٨ز)هات، لەو کاتەدا بانگخوازانی دیموکراتیەتو نەتەوایەتی لەهەموو بەشەکانەوە لە بەرلینەوە تا بالیرمۆ بەتوندی فویان دەکرد بە کەڕەنای شۆڕشی دژ بە خۆسەپێنیو وێرانکاریو خواردنی مافی گەلانو دیدە نەتەوایەتیەکەیدا.

ئەورووپای ساڵی( ١٨٤٨ز) جیاوازبوو لە ئەورووپای ساڵی ( ١٧٩٣ز) کاتێکیش لویس فیلیپ لە ساڵی ( ١٨٤٨ز)دا لە کورسی دەسەڵاتەکەی دابەزێنرا، هانی دوژمنانی میتەرنیخی دا لەئیتاڵیاو نەمساو ئەڵمانیادا، ئەو دوژمنانە هەوڵیانەدەدا بەجۆرێک سیستمی میتەرنیخ بخەن کە ڕاست بوونەوەو سەرپێکەوتنەوەی بۆنەبێت، چونکە نەمسا لە ڕووخانی ناپلیۆنی یەکەمەوە بووبە ڕێبەری بزووتنەوەی دواخوازی ناو ئەورووپای ناوەڕاستو شوورەیەکی بالا لەڕووی یەکێتی ئیتاڵیاو ئەڵمانیادا، دەستگرتنیشی بەسەر بوندوقیەو لۆمباردیادا کاروباری ناو ئیتاڵیای دایەدەست.



Scanned with CamScanner

هەروەك بەهۆی ڕێبەری یەكێتی ئەڵمانیاوە دەستی ئەو یەكێتیەی گۆج كردو پروسیای كەنار خست، بۆیە نامۆ نییە كە نەمسا بەهەموو هێزێكەوە دژ بەبیری نەتەوەی بجەنگێت، چونكە ئەو هەمووە هەرێمەی ژێر دەسەلاتی خێزانی هۆبسبۆرگ تێكەڵی بیری نەتەوەیی و خواستو هیوای سەقلەبەكانو ئیتاڵیەكانو ئەڵمانو مەجەڕەكان بوو، هەركامیان دەیانویست سەربەخۆیی وەربگرنو لەو پێناوەشدا هەوڵیان دەداو دواتریش ئامادەبوون لەو پێناوەدا بجەنگن، بەلاّم واتە تێكشكاندنی ئەو ئیمپراتۆریەتە بەرزوبڵندەی كە بنەماڵەی هۆبسبۆرگ دایمەزراندبوو، میتەرنیخ هەوڵیدا بەناوی دواخوازیو مافی شەرعی پاشایانی شەرعیەوە پارێزگاری لێبكات.

لە ساڵی ( ١٨٤٨ن)دا جەماوەر لە ڤیەننا لەدژی حكومەتی دواخوازی ڕاپەڕین. ناچار میتەرنیخ ڕایكردو ئەو نەخشانەی داینابوون بۆ بەرگریكاری چاكسازیو نوێگەرایی یەكلەدوای یەك لەناو دەچوون، مانگ تەواو نەبوو تا ئیمپراتۆری لاواز ڕێی دا بە (بوهیمیا)و (مەجەڕ ) تا دەستوور بۆخۆیان دابنێن، دەستورێك كە زامنی هەموو هیواكانی ئازادی خوازان بێت، وەك ( یەكسانی نێوان چینەكان لە باجو ئازادی بیرو باوەڕی ئاینیو...هتد) ئەم دوانە مەرجیان دانا تا هەریەكەیان پەرلەمانیان هەبێتو ساڵانە كۆببێتەوە، هەرێمە نەمساویەكانیش هەمان ئەو بەڵێنەیان پێدان، بەلاّم هەریەك لەوانە حەزی جیابوونەوە لە فەرمانڕەوای نەمساوییان نیشان نەدا.

پاش شكستی میتەرنیخ چەرمەسەری یەك لەدوای یەك ڕوویان كردە نەمساو بەسەریدا زاڵ دەبوون، لەبەردەم ئیتاڵیادا سەری دانەواند كاتێك هەستا بەپێكهێنانی یەكبوونی نەتەوەیی خۆی، لەو جەنگەشدا كە ( بسمارك) لەڕوویدا بەرپای كرد بۆ بەهێزكردنی یەكێتی ئەڵمانی لەبەردەم ئەڵمانیاشدا سەری دانەواند.

پاش ئەو گوزەرانەش كەبەری كەوتن ناچار بوو سیاسەتی خۆی لە ئەورووپادا بگۆڕێت، بۆیە ڕووی خۆی بەلایەنێكی دیكەی نوێدا وەرچەرخاند كە ئەویش بەلقان



Scanned with CamScanner

بوو، بەمە چووبە ناو پرسی ڕۆژهەڵاتیەوەو تیایدا ڕۆڵی دەبینی تا بۆمبی جەنگی ساڵی ( ١٩١٤ز) لەدەستی ئەوەوە کەوتە زەوی، بەوجۆرە لەمەجەڕ نزیک دەبوویەوە دوای ئەوەی ئەڵمانیا ڕاوە دووی نا، ئەوکات لەگەڵ مەجەڕدا دەوڵەتێکی دوانە گیری پێکهێنا بەناوی دەوڵەتی ( نەمساو مەجەڕ )، فرەنیس جوزیفیش بوو بەپاشای دوو دەوڵەتی سەربەخۆ:

١- نەمسا کە حەڤدە هەرێمی لەخۆ دەگرت: نەمسای باکورو نەمسای باشورو بوهیمیاو مراڤیاو کرینشیاو....هتد.

٢- مەجەڕ کە کراتیاو سلاڤۆنیاشی لەخۆ دەگرت، بەڵام هەریەك لەو دوو دەوڵەتە پەرلەمانی تایبەتی خۆیان هەبوو، یەکێك لە ڤیەنناو ئەوی دیکەش لەکێشە هاوبەشەکانیدا یەك دیدیان هەبوو، ئەو یەکێتیە نامۆیە لەگەڵ ئەوەی بەرهەڵستکاری ڕەگەزە سلاڤیەکانی ناو هەردوو وڵاتی هەبوو کەچی بەردەوام بوو، سلاڤەکان حەزیان دەکرد ڕەگەزی ئەڵمانی نەمساو مەجەڕدا دەسەلاتی هەبێت، تا ئەوەی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤ز. دەستیپێکردو لە ساڵی ١٩١٨ز.دا ئەو یەکێتیەی لێکهەڵوەشاند.

*********************



Scanned with CamScanner

# یەکێتی ئەڵمانیا (١٨١٥ز-١٨١٧ز)

هیوا نەتەوەییەکانی ئەڵمانیا هەر لەچەرمەسەری ( یانا ) وە بەرەو ئەوە دەچوون یەکێتیەك بەدیبهێنن کەهەموو هەرێمەکان لەخۆبگرێت و بەرامبەر چاوچنۆکیەکان بوەستێت و وڵات بپارێزێت، بەڵام کۆنگرەی ڤیەننا نەچوو بەدەم هاواری نیشتمانی ئەڵمانیاوەو گوێی نەدا بە بەدیهێنانی ئەو یەکێتیە خوازراوە. بەڵکوو چاوپۆشی کرد لەهەموو ئەو داگیرکاریەی ناپلیۆن کەلەخاکی ڕانیدا ئەنجامی دابوو، گرنگترین دەرەنجامەکانی داگیرکاری ناپلیۆنیش لەوناوچەدا بریتیبوون لە:

١- دەستگرتنی فەڕەنسا بەسەر خاکی ڕۆژئاوای ڕانیدا ڕێخۆشکەری کرد بۆ یەکێتی زەوییە ئەڵمانیەکان، چونکە هۆکارێك بوو بۆ لەکار خستنی هەرێمە ئیکلیریەکان و دامالینی سەربەخۆیی سوارەکان و زۆربەی شارەکان، لەو سەدان هەرێمە بچووکەی کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزیان پێکدەهێنا لەو ڕۆژەی کۆنگرەی ڤیەننا چاویخشاند بەپێکهێنانی یەکێتیەکەی پێ سپێردرا تەنها سی و هەشت هەرێم مانەوە لەنێویشیاندا چوار شار هەبوون.

٢- پروسیا بەشێوەیەکی بەرچاو پێشڕەوی کردو هەنگاو لەدوای هەنگاو بەرەو گەوەیی و شکۆداری و پێشڕەوی دەچوو، دەستگرتنیشی بەسەر بەشێکی سەکسۆنیا لەنێوەندی ئەڵمانیادا وایکرد لە وڵاتدا پێگەیەکی باڵای هەبێت، هەروەك دەستگرتنی بەسەر هەرێمی ڕایندا گرنگییەکی زۆر گەورەی هەبوو، وەك دواتر ئەمە ڕوون دەکەینەوە.

ئەو چاکسازیە گەورانەی ( ستین ) ی وەزیری پێیان هەستا و دوای ئەویش ( هردنبرك ) ی جێگری لەدوای جەنگی (یانا ) ئەنجامی دان، زۆر لەدەستکەوتی ئەو چاکسازیانە زیاتر بوون کە کۆمەڵەی جەماوەری فەڕەنسا بەدەستیهێنان، نەهێشتنی جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان و سیستمی کۆیلایەتی لەوڵاتدا ڕێی بەوڵات دا تا پێشڕەوی ئابووری بکات، ڕێکخستنەوەی سوپایش ڕێخۆشکەر بوو بۆ

سەرکەوتنەکانی ساڵی ( ١٨٦٦زو ١٨٧٠ز)و بەدیهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا لە ژێر سەرکردایەتی پروسیادا.

٣-داگیرکاریەکانی ناپلیۆن هەستی نەتەوایەتیان وروژاندو بانگەواز بۆ بەشداریکردنی گەل لە حکومەتداو ڕزگار بوونی گەل لەقەڵەمرەوی بیانی هاتە کایە کە ڕق و کینەی دژ بە پاشایەتی خۆسەپێنی جارانی لێکەوتەوە.

کاتێك کێشەی یەکێتی ئەڵمانیی لەڤیەننادا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، پروسیا پێشنیاری ئەوەی کرد ئەو یەکێتیە لەسەر ئەو ڕێرەوە بێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەری دەچوو، بەمە حکومەتی مەرکەزی توانای دیاریکردن سنوورداركردنی ئاكاری ولایەتەکانی هەبێت لەهەموو بەرژەوەندیەکانی هەمواندا.

بەلأم نەمسا ڕازی نەبوو، چونکە دەیزانی هەرگیز هەموو ناوچەکانی لەیەکێتیەکی دروست و حەقیقی ئەڵمانیدا یەکناگرن، چونکە ڕەگەزی سلاڤی لەخاکی ڕۆژئاوایدا زۆرە، لەکاتێکدا هەنگاریا و هەرێمەکانی باشوور لەهەر کاریگەریەکی خوێنی ئەڵمانی دوور بوون، بۆیە پێی باش بوو یەکێتیکی لاواز لەئەندامانی سەربەخۆ پێك بێنێت کە خۆی سەرکردایەتی بکات و هەڵسوکەوتی پێبکات.

هیواو داواکەشی هاتە دی و یەکێتیەك دروستکرا کەسەرکردەکانی کۆکردەوە نەوەك گەلەکان، هەریەك لەوانەی لە خاکە ئەڵمانیادا پشکیان هەبوو چوونە ناوی و تیایدا پاشایانی نەمسا و پروسیاش بەشدار بوون، چونکە هەندێ ناوچە زەوییان لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزدا بوو، پاشای دانیمارکیش چوویە ناوی چونکە ناوچەی ( هولستین) ی لەدەست دابوو وە پاشای زەوییە نزمەکانیش بەشداری تێدا کرد بەو پێیەی دۆقی لۆکسمبرگ بوو.

بەو جۆرە کەسی لێکۆڵەر دەبینێت چەند پاشا و کەسانێکی بێگانە لەو یەکێتیەدا بەشداریان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا چەند ناوچەیەکی ئەڵمانی بەدەر لەو یەکێتیە مانەوە، ئەندامان ئەو مافەیان بۆخۆیان هێشتەوە کە هاوپەیمانی ببەستن،



Scanned with CamScanner

هاوکات بەڵێنیان دابوو ڕێککەوتنێك نەبەستن کە هەڕەشە بێت بۆسەر ژیانی ئەندامانی دیکە، یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی ئەو یەکێتییە ئەوە بوو کە لەژێر سەرکردایەتی نەمسادا بوو، لەکاتێکدا ناپلیۆن لە چەندین ڕەگەز پێکدەهات.

هەروەها دەبوو هەموو ڕاکان یەکدەنگ بن لەسەر کێشەو پرسە گرنگەکان و دەستوور چاك بکرێت و لەنێو ئەندامانیشدا چەند سەرکردەیەك هەبوون کەبۆ ئەڵمانیا نامۆو بێگانە بوون، کارەکانیشی بەرتەسك ببوونەوە لەڕکەبەری نێوان سەرکردەکان و سەرقاڵبوونی هەرکامیان بەکاروباری خۆیەوە نەوەك بەکاروباری ئەڵمانیاوە، بەڵام سەرەڕای ئەو لاوازیەشی پەنجا ساڵ درێژەی کێشا تا ئەوەی پروسیا توانی نەمسا دەربکات و وڵات لەژێر ئاگری تۆپ و گوللەدا یەکبخات.

بەوجۆرە هیوای ئازادیخوازان بۆ بەدەست هێنانی یەکێتی ئەڵمانیا و ئاواتە نەتەوەییەکانیان لەناوچوون، ئەو هیوا نەتەوەییانەی بەهۆی ئەو هیوا نەتەوەییانەوە لەدەرونیاندا پەیدا بوون و بەدەستی کۆنگرەی ڤیەننا کوژران، سەبارەت بەبانگەواز بۆ دیموکراتیەتیش پشکیان لەوەی پێشوو چاکتر نەبوو، لەپروسیادا شا فریدریك ولیەمی سێیەم ئەو بەڵێنەی تێکشکاند کە بەڵێنی حوکمێکی دەستوری بەگەل دابوو، چونکە ئەو کات لاواز بووو زوو ملکەچی دەنواندو میتەرنیخیش دەستی دواخوازی و دوژمنکاری دیموکراتیەت و دەسەڵاتی دەستوری خۆی بەسەریدا سەپاندو بەرەو سەدەی هەژدەهەم و خۆسەپێنی وچەوساندنەوەی پاشاکانی دەبرد.

کاتێك خوێنداکران دایانە پاڵ ئەو بزووتنەوە توندو تیژانەی کە ئازادیخوازان دژ بە دەسەڵاتی دواخوازی ئەنجامیان دەداو چەند کۆمەڵەیەکی سیاسییان پێك دەهێنا، میتەر نیخ دەرفەتی قۆستەوە تا زیانەکانی دەرەنجامی ئازادی گوفتارو نووسین بخاتە بەرچاو، ئەوکات بانگەوازی بۆ کۆبوونەوەی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەڵمانیا کرد لە (کارلسباد)، ئەمەوای لێکرد چەند بڕیارێکی توند دەربکات کە بەو پێیە چاودێری خوێندنی زانکۆکانی دەکردو هەر مامۆستایەك جێی مەترسی بێت دەری بکات و ڕێ نەدات بە کۆمەڵەی یەکێتی خوێندکاران، هەروەها بڕیاریدا چاودێری ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان بکات پێش ئەوەی دەرچن.



Scanned with CamScanner

ئەم شاڵاوانەی دژ بە ئازادی ڕۆژنامەوانی ئەنجام دران، ئەو دەستوەردانە کاروباری ڕێکردەی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگا گەورەکانی فێرکاریدا، گیانی پێشکەوتن خوازی ناو ئەڵمانیا ی گۆچ خستو وڵات لە نێو سیستمی میتەرنیخدا دەتلایەوەو بۆ ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە مایەوەو نەیدەتوانی خۆی لێ دەرباز بکات.

ئەڵمانیای باشوریش سەرەڕای ئەمە چەند هەنگاوێکی بەرفراوانی نا جا لە ساڵی( ١٨١٨ن)دا. پاشای باڤاریا دەستورێکی بۆ گەلەکەی دانا کە بەو پێیە مافەکانی گەل دیاری کردو ڕێی بەگەل دا تا لە دەسەلاتدا لە ڕێگەی پەرلەمانێکەوە بەشداری بکات کە خودی گەل ئەو پەرلەمانەی هەڵبژێرێ.

پاشان سەرکردەکانی ( بادن)و ( ورتمبرك )و (هنس ) پێش ئەو هەنگاوەیان نا، لەمەشدا ڕقبوونیان لە نەمسا دەستوەردانی لە کاروباریان پاڵ پێوەنان تا ئەوە بکەن، چونکە پێیان باش بوو لەجیاتی ملکەچ بوون بۆ دەسەلاتی نەمسا یان پروسیا کەمێك لە دەسەلاتی خۆیان بدەنە دەست گەلەکانیان،ئەمەش بە دەستورێك کە خۆیشیان وابەستەی بوون.

هەروەها هۆکارێکی دی کە یارمەتیدەرێکی گەورەی یەکخستنی وڵات بوو ( زلفرین )یان یەکێتی گومرگی بوو، بەربەستە گومرگیەمان لە پێشتردا ڕێیان نەدەدا بە بازرگانی نێوان بەشەکانی تا بەئاسانی کاری بازرگانی ئەنجام بدەن، بەلاّم پروسیا کەوتە تێك شکاندنی ئەو بەربەستانەو لە کارخستنی هەرباجێك کە لەسەر شمەکەکانی نێوان هەرێمێكو هەرێمەکەی دی دادەنرا،گرنگترین ڕێخۆشکەریش یەکێتی سیاسی بوو، نەمسا لەدەرەوەی ئەو یەکێتیەدا مابوویەوە، بۆیە بەمە ڕکەبەری لەسەر پێگەی سەرکردایەتی لەبەر ڕکەبەری ئەو مۆرکێکی نوێی وەرگرت.

نیشتمانپەروەرانی ئەڵمانیا دەرفەتی تەنگژەی ناوخۆی ساڵی( ١٨٤٨ن) ناو نەمساو کەوتنی میتەرنیخو دژایەتی ئیتاڵیا لەڕویدا قۆستەوەو شۆڕشیان ڕاگەیاندو بڕیاریان دا ئەو یەکێتیە خوازە بەدی بهێنن، بەمە شای پروسیا ( فردریك ولیەمی چوارەم ) ڕووی لە نەمسا وەرگێڕاوو سیاسەتی دۆستایەتی و ملکەچ بوونی لە ڕوودا هەڵگرتو بڕیاریدا سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی ناو ئەڵمانیا بکاتو ڕازی



Scanned with CamScanner

بوو ئەنجوومەنی دامەزراندن بانگهێشت بکات تا دەستورێك بۆ پروسیا دا بنێت. بانگەوازەکە لە ولاتدا بلاوکرایەوە تا لە فرانکفۆرت کۆبوونەوەیەکی گەورە ببەسترێت و دەستورێکی نوێ بۆ ئەلمانیا دابڕێژرێت.

لە کۆتایی سالی( ١٨٤٨)ز.دا بارەکە لەهەموو لایەکەوە موژدەی ئەنجامی باشی دەبەخشی، مەجەرو بوهیمیا دەستوریان دانا، هەرێمە نەمساویەکانیش چاوەڕوانی ئەو دەستورەیان دەکرد کە بەلێنیان پێدرا، لۆمباردیایش سەربەخۆی خۆی لە نەمسا ڕاگەیاند، بوندوقیەش سەربەخۆی خۆی لە نەمسا ڕاگەیاند، چوار دەولەتی ئیتالی دەستوریان داناو کۆمەلەی نەتەوەیش لە فرانکفۆرت کۆبوونەوە تا بنەڕەتەکانی دەسەلاتی دەستوری بۆ یەکێتی ئەلمانیا دابنێن.

لە هەشتی ئازاری سالی ( ١٨٤٨ز) دا نوێنەرانی گەلی ئەلمانی کە شەش سەد کەس بوون لەشاری فرانکفۆرت کۆبوونەوە تا دەستووری یەکێتی ئەلمانی دابنێن، بەبێ دوو دلی هەموو پروسیایان بردە ناو ئەو یەکێتیەوەو تیایدا ملکەچی ڕەگەزی ئەلمانی بوون، بەلام تەنها بەشێکی نەمسایان بردە ناویەوە، ئەویش لەبەرئەوەی فرە ڕەگەز بوو، ئەو بڕیارە وایکرد بەدیهێنانی دەولەتێکی بەهێزی ئەلمانی کردە شتێك کە هەرگیز نەگونجێت، چونکە ڕێی کردەوە بۆ ڕکەبەری دوو دەولەتی گەرەو پێکدادانی نێوانیان، چونکە عەقل قبوولی ئەوەی نەدەکرد پروسیا ئامادەبێت ملکەچی بەردەوامی بۆ نەمسا هەبێت یان ڕازی بێت ملکەچی خواستی نەمسا بێت.

بەپێی دەستووری نوێ بڕیاردرا سەرۆکایەتی ئیمپراتۆریەت میراتگری بێت، بۆ ئەمەش پیاوانی فرانکفۆرت کەسایەتی فریدریك ولیەمی چوارەمیان وەك پاشای پروسیا دەست نیشانکرد، بەلام ئەو ڕازی نەبوو تاج بنێنە سەری، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك یەکەم هۆکاری ترسی لەوەهەبوو ئەگەر ئەوە قبوول بکات نەمسا جەنگی لەدژ ڕابگەیەنێت و پێش ئەوەی خۆی بگرێت لەناوی ببات، دووەم هۆکار دیدی دواخوازی و بڕوا بوونی بوو بەوەی کۆمەلەیەکی نارەسمی کەگەل نوێنەرایەتی بکات نەوەك سەرکردەکان، ئەم کۆمەلیە مافی ئەوەی نییە ئەو تاجەی پێ ببەخشێت، هەروەك ناتوانێت شتی وابکات، چەند هۆکارێکی دیکەش هەبوون بۆ ئەو ڕازی نەبوونەی.



Scanned with CamScanner

ئەم هەواڵە وەك هەورە بروسكە دای بەسەر سەری نیشمان پەوەرە ئەڵمانیەكانی نێو فرانكفۆرتداو هەوڵەكانی هەموو ئەو ساڵەی لەناو بردو ئەندامان گەڕانەوە بۆ ماڵانی خۆیانو كۆمەڵەی نەتەوەیش لەكاركەوت، پاشان نەمسا داوای دەكرد ( دیاط ) ی كۆنی بۆ بگێڕێتەوە، پروسیایش ڕەزامەندی دەربڕیو بۆی گێڕایەوە.

ڕێگەیەكی دیكەی یەكێتیەكە زامنی سەركەوتن بوو، ئەویش ڕێگەی یەكخستن بوو بە خوێنو ئاسن لەژێر سەركردایەتی پروسیای نوێدا، ئەم سەركردایەتیە توانی بەهۆی سێ جەنگەوە ئەڵمانیا یەكبخاتو بەهێزی بكات تا ئەوەی دواتر وای لێهات دەیویست ئەڵمانیا بكاتە هێزێكی گەورەی جیهانی، لە ساڵی ( ١٩١٤ن) دژ بەدەوڵەتانی ڕۆژئاوا چوویە جەنگەوەو وەك گەورەوخۆسەپێنان هەوڵو تێكۆشانی خۆی ئەنجام دا.

هەموو ئەو سەركەوتنانەی پاشایانی ئەڵمانیا لەسەدەكانی ناوەڕاستدا خستیانە گەڕ بۆ یەكێتی وڵات شكستیان خوارد،لەسەردەمی بنەماڵەی هۆبسبۆرگدا وڵات بەرەو دواوە هەنگاوی نا، لەجیاتی یەكبوون قەڵەمڕەوی سەركردەكان لە ناوچەكانی خۆیاندا زیادیكردو سەربەخۆی خۆیان بەدەستهێنا، كاتێك ناپلیۆن هات هەنگاوی یەكەمی بەرەو پروسیا گرتەبەر،ئەویش بەوەی هەرێمە بچووكەكانی لكاند بە هەرێمە گەورەگانەوە، بەمە ئیمپراتۆریەتی كۆنی ئەڵمانی مردو ئەڵمانیا بۆ ماوەی دوو ساڵ لەژێر دەستی فەڕەنسادا بوو.

دوای ناپلیۆن كۆنگرەی ڤیەننا یەكێتی لاوازی بێ بەهای بە ڕێبەری نەمسا دامەزراند، كاتێك كۆمەڵەی یاسادانان كە لەفرانكفۆرت كۆببوویەوە هەوڵیدا یەكێتی پێكبهێنێت هیواكانی لەناو چوون، چونكە پروسیا ئامادە نەبوو كورسی ئیمپراتۆریەت قبوڵ بكات.

بە هاتنی ولیەمی یەكەم پروسیا چوویە سەردەمێكی نوێی ناو مێژووی خۆیەوە، چونكە ئەم پاشایە چاوچنۆك بوو چاوی بڕیبوویە دەركردنی نەمسا لە پروسیا ئەڵمانیو پێكهێنانی دەوڵەتێكی بەهێزی یەكگرتوو لە هەرێمەكانە دی



Scanned with CamScanner

بەڕێبەری پروسیا لەنێو دەوڵەتانی گەورەی ڕۆژئاوادا جێی دیاری خۆی هەبێت. ئەو پێی وابوو جەنگ هەر ڕوو دەدات، بۆیە مەبەستو هەوڵی یەکەمی بەهێز کردنو ئامادەسازی سوپا بۆ کاتی جەنگ.

پاشای پروسی هەموو گەلی بانگهێشتکرد تا لە ساڵی ( ۱۸۱۳ن)دا دژ بە ناپلیۆن چەك هەڵبگرن، یاسایەکیشی دەرکرد کە خزمەتی سەربازی لە پروسیادا کرد بە پێویستی سەرشانی هەر پیاوێك جەستەی ساغ بێتو توانای هەڵگرتنی چەکی هەبێت، کاتێك ولیەمی یەکەم هاتە سەرکورسی دەسەلآت یەکەم کارێك ئەنجامیدا زیادکردنی ژمارەی ئەو سەربازانە بوو کە ساڵانە دەچوونە ناو سوپاوە، لە چل هەزارەوە بۆ شەست هەزار کەس چوو، هەموو سەربازانیشی ناچارکرد تا سێ ساڵ چەك هەڵبگرن، دوای ئەوەش سوپا بەجێ بهێڵن، بەلآم بۆ ماوەی دوو ساڵ وەك پێشکار ( احتياط) بمێننەوەو لەو ماوەشدا لەکاتی پێویستدا بۆ خزمەتی سەربازی بەکاری دێنن، پاشان ولیەم هەوڵیدا ئەو ماوەی پێشکاریە بۆ چوار ساڵ زیاد بکات، هەروەك سوپایەکی ڕاهاتووی چوارسەد هەزار کەسی لاهەبێت، ئەمە جگە لەوانەی دیکەی کە تەمەنیان بەرەوماوەی سەربازی دەچێت، هەموو ئەمەش پێویستی بە دارایی هەبوو، بەلآم ئەنجومەنی نوێنەرانی پروسی ئامادە نەبوو بڕی پێویستی دارایی بۆ بەهێزکردنی سوپا خەرج بکات.

پاشایش بەردەوام نەخشەکەی خۆی جێبەجێ دەکرد، لە ساڵی ( ۱۸۲٦ن)دا ئۆتۆفون بسمارکی وەك سەرۆك وەزیران دەستنیشانکرد، ئەم کەسایەتیە کەسێکی ڕەقو بەهێز بوو، هەوڵیدەدا یەکێتی ئەڵمانیا بێنێتەدی، بڕوای وابوو پێویستە ئەو یەکێتیە بەڕێبەری پروسیا بێت.

بسمارك یەکێك بوو لە بنەماڵە دیارەکانی ناو پروسیاو زۆر ڕقی لە پەرلەمانو حەزی مشتوو مڕی ناو پەرلەمانو بێ کردەوەیی هەبوو، خۆی کەسێکی کرداری بووو جگە لەواقیع بڕوای بەهیچ نەبوو، دوربین بوو، دەیزانی چی دەوێتو چۆنی دەوێتو دەبێت بۆ بەدەست هێنانی ئاواتو نیازەکانی چ ڕێگەیەك بگرێتە بەر، کەسێکی سیاسەتمەداربوو لە کۆنگرەی فرانکفۆرتیشدا وەك نوێنەر ئادەبوو، لە

پاریس و پوترسبگشیشدا بالۆیزێکی سیاسی بوو، شارەزای ڕەوشی ئەورووپا بووو لەکارو پیشەی خۆیدا پێشڕەوی چاکی کردبوو، ئەو کەسە بوو کەلەبەردەم پەرلەماندا وەستا و دەستی ولیەمی یەکەمی گرت و پرۆژەی بەهێزکردنی پروسیا و یەکێتی ئەڵمانیش لەسەر دەستی ئەم جێبەجێ کرا.

پێی وابوو بۆ بەرزکردنەوەی پروسیا بۆ پلەی یەکەمی نێوان دەوڵەتانی ئەورووپا دەبێت چوار هەنگاو بگرێتەبەر:

١-بەهێزکردنی سوپای پروسی تا بتوانێت لەوێوە نەخشە گەورەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

٢- دەرکردنی ئەڵمانیا بەشێوەیەکی یەکجارەکی تا دەرفەتی کارو هیوا لەبەردەم پروسیادا بکرێتەوە.

٣-فراوانکردن و یەکخستنی خاکی پروسیا بەدەستگرتن بەسەر ئەو ناوچە ئەڵمانیانەی کەلە خاکی دەسەڵاتی ( هوهنزلون ) ی ڕۆژهەڵاتی و زەویەکانی ڕاینیاندا خۆیان جیاکردبوویەوە.

٤- ئەو دەسەڵاتە ئەڵمانیەی باشوور کە ڕقیان لە پروسیا بووو گومانیان لە نیازەکانی هەبوو، وایان لێبکرێت بدەنە پاڵ یەکێتیەکەو بە ڕێبەری ئەویش ڕازی بن.

بسمارك چوو بۆ ئەنجومەن و داوای دارایی پێویستی بۆ سوپا کرد، ئەم داخوازیەشی بە ئاوازە نەرمەکەی خۆی خستە ڕوو تا ئەوەی ئەندامان لە ڕوسیادا هەستان و وتاری برق و باقیان پێشکەش دەکرد، ئەویش لەوەڵامدا وتی ( وتارو بڕیاری زۆرینە هەرگیزاوهەرگیز چارەسەری ئەو کێشە گەورانە ناکات، بەڵکوو خوێن و ئاسن چارەسەریان دەکات) پاشان بۆ بەهێزکردنی سوپا بەبێ گوێدانە بڕیاری ئەنجومەن هەرکارێکی بویستایە دەیکردو بەبێ چاوەڕوانی بڕیاری ئەنجومەن چی خەرجی پێویست بوایە دەیکرد.

دوای ئەوە چاودێری بارودۆخەکەی دەکردو بۆ دەرفەت دەگەڕا تا لە نەمسا بدات، تا ساڵی ( ١٨٤٦ز) دەرفەتی بەدیکرد بۆ ئەوەی دەست بەپرۆژەکانی بکات،



Scanned with CamScanner

چونکە کۆتا میراتگری کورسی دەسەڵاتی دانیمارکی ( ڕەگەزی نێر) لە ساڵی (١٨٦٣ن)دا مرد.

هەرێمەکانی سلزوك و هلستینی ئەڵمانیش لەژێر دەسەڵاتی شەخسی پاشایانی دانیمارکدا چەند سەدەیەك مانەوەو بەشێك نەبوون لە شانشینی دانیمارکی، کاتێك بنەماڵەی فەرمانڕەوا هەڵوەشایەوەو پاشایەکی نوێ هاتە سەر کورسی دەسەڵات، ئەم دوو هەرێمە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. لەمەشدا ئەو هەستە نەتەوەییە پاڵی پێوە دەنان کە لەو ماوەیەدا ئەورووپای گرتبوویەوە، پاشای دانیمارکیش لەئەنجامی گرتنە دەستی کورسی دەسەڵاتدا پەیوەست بوونی ئەو دوو هەرێمەی بە دەسەڵاتەکەی خۆی ڕاگەیاند.

ئەمەش دەرچوونێکی ئاشکرا بوو لەبەرامبەر پرۆتۆکۆلی لەندەن، ئەو پرۆتۆکۆلەی کە دەیووت دەبێت ئەو دوو هەرێمە بە سەربەخۆیی خۆیانەوە بمێننەوە، کەسایەتی لێزانی پروسی ئەم پرسەی کردە مەیدانێك بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی خۆی بۆ دژایەتیکردنی نەمسا، بۆیە لەسەرەتاوە بەرەو لای خۆی ڕایکێشاو ڕازیکرد تا لەناردنی هەڕەشە بۆ دانیمارکدا هاوبەشی لەگەڵدا بکات و تیایدا داوابکەن نەمسا لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە کە دەریکردبوو بۆ لکاندنی ئەو دوو هەرێمە بەدەسەڵاتی خۆیەوە، کاتێك پاشای دانیمارك بەرپەرچی دایەوە، بەرلین و ڤیەننا جەنگیان لەدژ ڕاگەیاندو سوپاکانیان چوونە ناو هەرێمەکەو پاش چەند جەنگێکی قورس و توند دانیمارکیان ناچارکرد تا لەبەردەمیاندا ملکەچ بکات و ئەو دوو هەرێمەیان بداتە دەست.

ئەوکات بسمارك کەوتە ڕێخۆشکەری بۆ جەنگی دژ بە نەمسا، بۆیە لەگەڵیدا ڕێککەوت تا پێکەوە ئەو دوو هەرێمە ببەن بەڕێوەو کارگێڕی و دەسەڵاتی شلزویك بەدەست پروسیا و هلستین بەدەست نەمسا بێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵی بۆ ئەوە بوو کێشە بۆ داهاتووی نێوان ئەم دوو هاوپەیمانە بنێتەوە تا جەنگ ڕابگەیەنن، بسمارك لایەنی لاوازی نەمسا دەزانی و دەیزانی سوپای دوچاری چ هەڵوەشانێك بووەو خەزێنەی چەندە لاوازبووە بەهۆی ئەوجەنگانەی لەگەڵ ئیتاڵیا ئەنجامی دابوو.



Scanned with CamScanner

پێش هەرشتێك هەوڵیدا لەدەوڵەتە دراوسێكانی دابېڕێت، بۆ ئەمەش لە فەرەنسا دەستیپێكرد، ناپلیۆنی سێیەم ئەوكات كورسی دەسەڵاتی فەرەنسای بەدەست بوو، بسمارك داوای لێكرد تا بێلایەن بێت لەبەرامبەر ئەوەدا هەندێ ناوچەی سەرسنوری ڕاینی پێدەبەخشێت، ئیدی لەبەلجیكادا بێت یان لە ( كسمبرك )دابێت، ئیمپراتۆری سادەو كەمفامیش یەكسەر ڕازی بوو پێی وابوو ئەو جەنگە زۆر دەخایەنێت‌و دەتوانێت دەستی تێوەر بدات‌و پشكی دادوەری دەبێت بۆ چارەسەری ناكۆكیەكە، هەروەك بڕوای وابوو ئەگەر یارمەتی ئازادیخوازانی ئیتاڵیا بدات، ئەوا خۆشەویستی ئازادیخوازانی وڵاتی خۆی بۆلای ڕادەكێشێت‌و دەسەڵاتی دەچەسپێنێت.

بسمارك پێی وابوو بەرژەوەندی وا دەخوازێت لەگەڵ نەمسادا دۆستایەتی بهێڵێتەوەو دەرفەتی لێكتێگەیشتنی داهاتووی لەگەڵدا بهێڵێتەوە، بۆیە داوای هیچ زەویەكە لێ نەكرد جگە لە هولستین، هیچ قەرەبوویەكی قورسی جەنگیشی لەسەر دانەنا، چونكە پێی وابوو پێویستە خەنجەرەكە بكرێت بەجەستەیداو برینێكی تووش بكات كە وای لێبكات خۆی فڕێ بداتە كۆشی فەرەنساوە، بۆیە خێرا هەنگاوێكی گرتەبەر كە لەگەڵیدا هەڵبكات، ئەو دەیوت ( پێویستە پێش ئەوەی فەرەنسا دەرفەتەكە بقۆزێتەوە زۆر بەخێرایی كۆتایی پێبێت ). لەگەڵ نەمسایش ڕێكبكەوێت، بۆئەمەش دەیوت (ئێمە نەهاتووینەتە ئێرە تا دابنیشین‌و وەك دادوەر قسە بكەین، ئەركی ئێمە ئەوەیە دەستبكەین بە دامەزراندنی یەكێتی نەتەوەیە ئەڵمانی بەڕێبەری پاشای پروسیا )بۆیە پێویستە لەپێناو ئەوەدا هەنگاو بنێین‌و تەنها هەنگاوێك بنێین كە زامنی ئەو یەكێتیە بێت، پاشای پروسیا كە هێشتا سەرمەستی سەركەوتن بوو بەو پشكە كەمەی جەنگ ڕازی نەبوو، بەڵكوو بەناچاری‌و بێزاری‌و بەو ڕێككەوتنە ڕازیبوو.

ئەنجامی جەنگی شەش هەفتە وەك هەورە بروسكە دای بەسەر ناپلیۆنی سێیەمداو چی نووسراوی لەخەیاڵدا بوو بۆ جێبەجێكردنی هیواو پلانەكانی هەمووی تێكچوون، چونكە بۆی دەركەوت سوپای پروسی زۆر ئەو توانایەی نیەو



Scanned with CamScanner

سیاسەتەکەشی بەدەستی خۆی خۆی لەناو دەبات، سەبارەت بەدەستکەوتیش هیچی بۆ نەبوو، بەڵکوو بەدەستی بەتاڵی گەڕایەوە ناو گەلەکەی.

ئیدی جەنگەکە لەگەڵ هیواکانی ئەودا نەبوو، ئەو هیوای وابوو کە جەنگەکە زۆر بخایەنێت، کەچی وانەبوو، بۆیە دەرفەتی بۆ نەگونجا تا دەست وەربداتە جەنگەکە، چونکە بسمارك پێویستی بەدادوەرو نێوەند نەبوو، بەڵکوو خۆی بەبێ هیچ کەسێك کێشە سەختەکانی چارەسەر دەکرد، ئیدی جێی ناموێی نیە کە دەوڵەتێك یەکگرتووی ئەڵمانی بەهێز هەبوو کە لەسەر دەرگای فەڕەنسا ڕاوەستا بووو بەردەوام هەڕەشەی لێدەکرد، فەڕەنسایش لاواز بووو توانای جەنگو بەرگریکاری نەبوو.

ناپلیۆنو سینی لەو شکستەی دووچاری بووە ڕزگاری بێتو ڕووی خۆی سپی بکاتەوە، بۆیە داوای قەرەبووی لێکردو دەیوت بە ( باڤاریا ) ی سەرکەناراوی چەپی ڕاین ڕازیە، بەڵام بسمارك خێرا ئەو داوای گەیاندە لای پاشای باڤاریا، بەو جۆرە سوودی لەگەمژەیی ئیمپراتۆریەت وەرگرتو دۆستێکی پەیدا کرد کە پێشتر لێی دەترسا، ئەوکات ناپلیۆن داوای لۆکسمبرك یان بەلجیکای کرد، بسمارکیش ئەمەی کردە هۆکارێك بۆ وروژاندنی ڕای گشتی ئەورووپی دژ بە فەڕەنسا، چونکە بێلایەنی لۆکسمبۆرگ لەکۆنگرەی نێو دەوڵەتی ساڵی (١٨٦٧ز)دا بڕیاری لەسەر درا، بۆ بەلجیکایش بسمارك ئەو دەستنووسەی بڵاوکردەوە کە دانرابوو بۆ داگیرکردنی، ئەمەش بۆ وروژاندنی بەریتانیاو ئاگر بەردانە گیانی، سوورڕای ئەمەش نابەردەوام ئیمپراتۆر لەسەر نەخشەیەك هەموو هەوڵەکانی چاکسازی دارایی یان سوپای تووشی شکست کردو خەرجی کۆشك زیادەڕەوی تێدا دەکراو دەربارو کارمەندانیش دابەش بوونو بێزاری لەناو خەڵکدا بڵاوبوویەوە، سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکیش پشکی سەرکەوتنی بەر نەکەوت، بەڵکوو ناپلیۆن هەوڵیدا لە مەکسیك جێپێی خۆی بچەسپێت کەچی نەیتوانی، چونکە ئەو هەرێمە یەکگرتوانەی لەجەنگی ناوخۆییدا بووون، وازیان لەجەنگی ناوخۆ هێناو بەڕوویدا وەستانو ئەو کارەیان بەدەست درێژییەك دەزانی کەجێی قبووڵ نەبێت.

بەڵام سەرەڕای هەمو ئەمانە بسمارك لە هێرش بردندا پەلەی نەكرد، بەڵكوو بەرچاو ڕوونی و لەسەر خۆیی هەركارێكی دەكرد، هەنگاوی خۆی گرتەبەرو توانی فەڕەنسا لەدەوڵەتانی ئەوروپا دووربخاتەوە، دواجار بۆ دەرفەت دەگەڕا تا ئەوەی دەرفەتی هاتە بەردەم، ئیسپانەكان كورسی دەسەلاتی وڵاتی خۆیان دایە دەست میر لیوپۆلید هوهنزلدن كە كەسێكی نزیكی پاشای پروسیا بوو، كاتێك لیوپۆلد ئەمەی قبووڵ كرد، گەلی فەڕەنسی وروژان و ڕایگەیاند ئەمە هەڕەشەیەكی ڕاشكاوانەیە بۆ ژیانی فەڕەنسا و جێی قبووڵ نیە، ئیدی باس لە گێڕانەوەی ئیمپراتۆریەتی شارلی پێنجەم و یەكێتی ئیسپانیا و ئەڵمانیا دژ بە فەڕەنسا دەكرا.

لەو كاتەدا میر لیوپۆلد جارێكی دی ئامادە نەبوو كورسی دەسەلات وەربگرێت، بەڵام دەستەو تاقمی جەنگی فەڕەنسی بێدەنگ نەبوون و بەوە ڕازی نەبوون، بەڵكوو فشاریان لەسەر شاولیەم داناو داوایان لێدەكرد تا ڕێگە نەدات هیچ پاشایەكی بنەماڵەی هوهنزلون ببێت بە پاشای ئیسپانیا.

بسمارك هیوای وابوو هەستی خەڵك لە وڵاتەكەیدا یەكبگرێت و ناكۆكیەكان نەمێنن، بەمەش هەرێمەكانی باشوور بداتە پاڵ پروسیا دژ بەو دوژمنە هاوبەشەی كەهەیانە، ئەمەش وەك ئاسانكاریەك بۆ یەكێتی لەگەڵ باكووردا، بەمەش هیواكەی خێرا دێتە دی، چونكە ئالای جەنگ بەرز نەكرایەوە تا هەموو ئەڵمانیا لەژێر ئەو ئالایەدا یەكیگرت.

سوپای پروسی بەچاكترین شێوەی زۆری و لێهاتوویی سەربازو چەكو سەركردەوە ئامادەی جەنگ بوو، بەپێچەوانەوە سوپای فەڕەنسی بەبێ ئامادەسازی چوویە جەنگەوەو پێویستی تەواوی بە خەزێنەو سەركردەی سەربازی هەبوو، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە كە سوپاكانی ئەڵمانیا خێرا بە ڕاییندا بەرەو خوار بچنو لەماوەی چەند هەفتەیەكی دیاریكراودا هێزە فەڕەنسیەكانیان پێش خۆیان خست تا ئەوەی توانیان گەمارۆی هێزێكی گەورەی فەڕەنسیەكان بدەن و هەموویان بگرن.



Scanned with CamScanner

حەوت هەفتە بەسەر هەڵگیرسانی جەنگەکەدا تێنەپەڕی تائەوەی ئەڵمانیەکان لە جەنگی گەورەی (سیدان ) لە ساڵی ۱۸۷۰ز.دا سوپایەکی دیکەی فەڕەنسیان تێکشکاندو لەو جەنگەدا ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سێیەمیش بەدیلگیرا، بەمە پێش کۆتایی هاتنی جەنگەکە ئیمپراتۆریەتی دووەم لەناو چووو پاش ئەوەی ئەو ئابڕوو چوونە لە جەنگەکانی (میتز)و (سیدان) دووچاری وڵات بوو ناپلیۆن لەبەرچاوی خەڵك کەوتو فەڕەنسیەکان کۆماری سێیەمیان ڕاگەیاندو بۆ دواجار ئیمپراتۆریەتیان لەگۆڕنا.

ئەڵمانەکان بەرەو(باین) پێشڕەوییان کردو چوارچێوەیەکی ئاسنینیان بەدەوردا کێشا تا بووکی ڕۆژئاوا نەتوانێت ڕزگاری بێت، هەرچەندە حکومەتی نوێی کۆماری جۆرە بەرگریەکی نیشانداو (کامبتا) لێهاتووییەکی گەورەی نیشانداو لە پاریسەوە بەرەو باشوور چووو سوپایەکی نوێی ئامادە کرد بۆ دەرکردنی دوژمنان.

دواجار پاش گەمارۆیەکی چوار مانگە پاریس خۆی دا بەدەست سەربازانی ئەڵمانیەوەو ئەڵمانەکان لە ڕۆژی ۲۸ی کانونی دووەمی ساڵی ۱۸۷۱ز.دا بەسەرکەوتوویی چونە ناوی‌و ئاگربەست بەستراو جەنگ هەڵگیرا.

بسمارك بەو ڕێککەوتنەی لەناو فەڕەنسادا لەگەڵ فەڕەنسیەکان بەستی سوکایەتی بە فەڕەنسای شکست خواردوو کرد، تیایدا فەڕەنسای ناچارکرد تا دەستبەرداری دوو هەرێمی فەڕەنسی ببێت، ئەوانیش بریتیبوون لە ئەلزاسو باکووری ڕۆژهەلاتی لۆرین، ئەو دوو هەرێمە حەزیان دەکرد بچنە پاڵ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەلزاسیەکان بەزمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد،بسمارك قەرەبوویەکی جەنگیشی بەبڕی یەك بلیۆن دۆلار بەسەر فەڕەنسادا سەپاندو ڕایگەیاند سەربازە ئەڵمانیەکان لە فەڕەنسادا دەمێننەوە تا فەڕەنسا هەموو ئەو بڕە پارەیە دەدات.



Scanned with CamScanner

بۆیە فەرەنسیەکان خێرا چی پارەیان لەدەست دابوو هەموویان بەخشی تا ئەو قەرەبووە بدەنەوەو پرووسیەکان لە وڵات دەربکەن، مێژووی دوژمنکاری نێوان فەرەنساو ئینگلتەرایش بۆ ئەو رووداوە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو برینەی ئەڵمانیا لەدەروونی فەرەنسادا هێشتەوە بەگرتنی ئەلزاسو لۆرین، هەرگیز سارێژ نەبوو، بەڵکوو فەرەنسیەکان هەمیشە یادی دەکردەوە،بەمەش گومانو دوژمنایەتی ئەڵمانیەکان دەوروژاند تا ئەوەی جەنگی جیهانی یەکەم هاتو هەموو نیازەکانی خستە رووو فەرەنسیەکان ئەو رێبازەیان گرتەبەر کە دەیووت ( یان مردن یان سەرکەوتن).

لە مانگی مارسدا سوپا ئەڵمانیەکان فەرەنسایان جێهێشتو بەرێی خۆیاندا بەرەو ئەڵمانیای جاران گەڕانەوە، بەڵکوو گەڕانەوە بۆ ئەو ئیمپراتۆریەتە ئەڵمانیەی کە لەسایەی خوێنو ئاسنداو دواتر بەهۆی دانایی بەرزو باڵای بسمارکەوە یەکخرابوو، ئەو سەرکەوتنە گەورەی کە شانشینەکانی باکوورو باشووریش لەبەدیهێنانیدا بەشدارییان تێدا کرد، گوڕو تینی خزمایەتی و هەواداری نێوان هەموو هەرێمەکانی لێکەوتەوەو لەهەموو ئەو هەرێمانە یەك دەوڵەتی یەکانگیری فرەچەشنەی پێکهێنا کەداوای دەکرد هاوپەیمانی سەربازی نێوان شانشینەکانی باشوور بگۆڕدرێت (باڤاریا، ورتمبرك، بادن، باشووری هیسن) چونکە ئەمانە هێشتا لەدەرەوەی یەکێتیەکە بوون.

هەروەها هاوپەیمانی سەربازی هەرێمە یەکگرتووەکانی باکووریش بگۆڕدرێت، بەڵکوو یەکێتیەکی تەواو بێتە کایە کە دەستوورێکی ئیمزاکراو لەخۆبگرێت، حکوومەتەکانی ویلایەتەکانی باشووریش رێککەوتنێکیان لەگەڵ پروسیادا ئیمزاکردو چوونە ناو یەکێتی ئەڵمانیای باکوورەوەو دانیان نا بە پاشای پروسیادا تا وەك سەرۆکی یەکێتیەکەدا دابنرێتو دوای ئەوە بەناوی ئیمپراتۆری

ئەڵمانیا بانگ بکرێت، ئەمەش لە یەنایری ساڵی ١٨١٧ز.دا بوو کەلە بڵندگۆی کۆشکی بەرزو باڵای لویسی چواردەهەم لەڤرسایەوە هەواڵی یەکێتی ئەڵمانیا بەجیهان گەیەنرا، بسمارکی دروستکرای هەڵکەوتەو ئەندازیاری بەهێزو خۆسەپێن نەخشەی ئەو یەکێتیەی دارشت، بەلاّم دوایّ هەوڵی زۆر توندی بۆ ماوەی بیستو پێنج ساڵ بە بێدەنگی دەیروانیە بەرهەمی ماندویێتی خۆی.

پاشایش لەبەر ئەو خزمەتکردنەی پلەی میری پێبەخشی، هەروەك بوو بەسەرکردەی کارگێری نویّ لەژێر سایەی ئیمپراتۆردا، پاشان ئەڵمانیا هەنگاوی فراوانی بەرەو پێشکەوتن دەنا لەنێو هەرێمەکانی ڕۆژئاوادا تا ئەوەی جیهان ترسیان لێبنیشێتو لە ساڵی ١٩١٤ز.دا لە سنورێکی دیاریکراودا ڕایان وەستاند.

********************



Scanned with CamScanner

# ئیتاڵیا (١٨١٥ز-١٩١٤ز)

ئیتاڵیا تا ساڵی ١٨٢٠ز. تەنها ناوێکی جوگرفی بوو، میتەرنیخ لە ساڵی ١٨٢٠ز.دا بەوجۆرەی وتو ئەمەیش ڕاستی بوو، چونکە وڵات یەکێتیەکی سیاسی نەبوو، لۆمباردیاو بندوقیە لە باکور لە دەست نەمساو باڤاریاو مۆدیناو توسکانیش لە ژێر دەستی فەرمانڕوایانی بنەماڵەی نەمساویدا بوو، لە باشوریش لقی ئیسپانی بنەماڵەی بۆرۆن فەرمانڕەوایی بەشێکی گەورەی خاکی هەردوو صقلیەی دەکرد، لە ناوەڕاستیشدا دەسەلاتی پاپا تا نیمچە دورگەی درێژ ببویەوە، ئیدی بوونی نەمساو پاپا کە دەیتوانی هەر دەسەلاتێکی کاتی ناو وڵات بکات وەك بەربەستێکی سەختی وڵات بوو لەڕووی یەکێتی نەتەوەییو یەکگرتنی شانشینی ئیتاڵیدا.

ناپلیۆن سەرەڕای ئەوەی خۆسەپێنو تاك دەسەلاتی خۆی لە ئیتاڵیا پەیڕەو دەکرد، بەلام تۆوی چاکسازی چاندو یەکسانی سیاسی بلاو کردەوەو کارگێڕی ڕێکخستو هانی پرۆژە گشتیەکانی داو چی کاریگەری سیستمی دەرەبەگایەتی هەبوو لە ناوی برد، ئەو دەیویست دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئیتاڵی پێکبهێنێتو ئەو دەستە بیانیە ببڕێت کە چەند سەدەیەك بوو یارییان بە تواناکانی وڵات دەکرد.

بەلام کاتێك ئیتاڵیا لە پێناو تێرکردنی بەرژەوەندیە تاکە کەسیەکانی خۆیدا بە کاردەهێنا، ئەو کەسە ئازادیخوازانەی کە هەموو هیوایەکیان بەو بوو ڕقیان لێهەلگرتو چاوەڕێی ئەوە بوون بڕوخێت، هەروەك ئەوەی خانەدانو پیاوانی ئایینی کە زەویان لێسەندرابوویەوەو دوژمنی چاکسازی دۆستی نەمسا بوون بوونە دەردو نەخۆشی بۆ ئەوە، بۆیە بیریارە ئیتاڵیەکان پێیان وابوو دەبێت ئیتاڵیا پشت بە خۆی ببەستێت تا بتوانێت سەربەخۆیی خوازراو بە دەست بهێنێتو بچێتە ناو دەستەی نێودەوڵەتی ئەورووپیەوە.

کاتێك گەردەلول ئیمپراتۆریەتی قوریسکی ڕیشەکێش کرد، ئیتاڵیەکان کەوتنە بارێکی سەختتر لەو بارەی لەڕۆژانی ناپلیۆندا تیایدا بوون، چونکە چاوچنۆکیەکانی نەمسا ڕوویکردە وڵاتیانو بونوقیەیان گرتو سەرکردەکانی بارماو



Scanned with CamScanner

مۆدینـاو توسـکانی دوژمنایەتیـەکی توندو ڕقـو کینـەی خۆیـان بـۆ هـەمو چاکـسازییەکانی نـاپلیۆن نیـشانداو هـەموو دیمەنـەکانی سـەردەمی کۆنیـان گێڕانەوە، هەرچەندە گەل لەودیاردانە بێزار بوون.

دەوڵەتۆکـە بچووکەکانیش ماسـتاویان بـۆ نەمـسا دەکـردو بـە ویـستی ئەو دەجوولانـەوە، گـەلیش لـەو بـارە بێـزار بوونـو گیـانی نـاڕەزایی لـە هـەموو نیمچە دوورگـەدا سـەریهەڵداو خـەڵکی پـەنایان بـردە بـەر پێکهێنـانی چەند کۆمەڵەیـەکی نهێنی بەچەند ناوێکی نامۆو دروشمێکی ناڕوونەوە.

لـەتاریکی شـەودا بـۆ بەدەسـت هێنـانی ئـازادیو سـەربەخۆیی ئیتاڵیـا نەخشەیان دادەنا، کۆمەڵەی کاربۆ ناردنی دیارترینی ئەو کۆمەڵانە بوون، بنەمای کاریـشیان بانگـەواز کـردن بـوو بـۆ ئـازادی تاکـە کەسـیو حکومـەتی دەستوریو سەربەخۆیی بۆ ئیتاڵیای یەکگرتوو، بۆ گەیشتن بەو بنەمایانەش پشتیان دەبەست بەئاژاوە نانەوەو پیلان گێڕانو لەکاتی پێویستیشدا شۆڕش کردن.

کۆمـەڵێك لـە ئیتاڵیـەکان وەك پیرۆزییـەکی گـەورە سیـستمی دەسـتورییان دەپەرسـت، هـەرگیز بیریـان لـەوە نـەدەکردەوە کـە تـەنها سیـستمێکی دەسـەلاتەو ئەگەرێك هەیە کەبۆ ولاتەکەیان بشێت یان نەشێت، بەڵکوو بەتەلـسیمێکیان دەزانی کە ئازادیو خۆشگوزەرانیو بەختەوەری بالایان بۆ دێنێتەدی).

بۆیـە کاتێـك هـەواڵی شۆڕشـی ئیـسپانەکان بەسـەر پاشـا لاسـارەکەیانداو بەدەستهێنانی دەستورێك کە مافی هاولاتیان دیاری بکات گەیشتە شاری ناپۆلی، ئەمانیش چەکیان لەڕووی گەورەکەیاندا هەڵگرتو هەڕەشەی خراپیان لێکرد ئەگەر بێتـو دەسـتورێك وەك دەسـتووری ئیـسپانیایان بـۆ دابـین نـەکات، بۆیـە پاشـا بەناچاری سوێندی گوێڕایەڵی خوارد، کاتێك لەخوا دەپاڕایەوە خوا لـەناوی ببات، ئەگـەر بێتـو سـوێندەکەی نەباتـە سـەر، کەچـی بـۆ هێزێکـی بیـانی دەگـەڕا تـا بـۆ ملکەچکردنی ئەو شۆڕشەو گەڕانەوە بۆ شێوە دەسەلاتی پێشوو یارمەتی بدات.

پاشـا زۆر چـاوەڕوانی نـەکرد تـا میتـەرنیخ ڕوسـیاو پروسـیاو فەڕەنـسا ئینگلتەرای بانگهێشت کرد تا یەکبگرنو ئەو شۆڕشو تاوانە لـەناو ببەن، میتەرنیخ

ڕایگەیاند بزووتنەوەی ئازادیخوازان ئەگەر پاشەکشە نەکاتو لەناو نەبرێت، ئەوا دەبێتە گەورەترین چەرمەسەری بۆ ئەورووپا وەك چۆن ناپلیۆن پێشتر ئەوەی کرد، بەڵکوو شۆڕش نەخۆشیەکەو دەبێت خێرا لەناو ببرێت، نەخۆشیەکەش تاعونەو تەنها تووشبوانی لەناو نابات، بەڵکوو بەخێرایی دەگوازێتەوەو چوار دەوری خۆیشی تووش دەکات، بۆیە دەبێت یۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەیو دانانی بەربەستی دروستو پزیشکی لە ڕوویدا دەبێت هەموو پێناوێکی دروست بگرێتە بەرو بەهێزی چەك دەستوەردەنە ئەو مەسەلە تا لەناوی ببەن.

پاشای ناپۆلی کاتێك سەیری کرد سوپای نەمسا بەرەو وڵات دێن تا ئەو هێزە تێکبشکێنێت دڵخۆش بوو، چونکە بەوە ئەو کۆتە دەستوریانەی تێك دەشکاند کەگەل بۆی دانا بوو، بەمە دەگەڕێتەوە بۆ پلەو پایەی خۆی، پاشان هێزی نەمساوی کشاو ئەو هەوڵەی لەناو برد کە هاوڵاتیانی پاشای سەردینیا بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتێکی دەستوری ئەنجامیان دابوو.

ئەو ڕووداوانە لاوازی بزووتنەوەی ئازادیخوازیان لە باکووری ئیتاڵیا یان باشووریدا سەلماند، دوای ئەوە بۆماوەی دە ساڵ چەند هەوڵێکی نوێ لە (بیدمۆنت)و (مۆدینا )و (هەرێمە پاپاییەکان) دا خرانە گەڕ تا لە دەسەڵاتی خۆسەپێنی خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام هەمان ئەنجامی شۆڕشی ساڵی ١٨٢٠ز یان هەبوو، بەڵام چەند بەڵگەیەك لەدەرروونی خەڵکدا هێمای سەرکەوتنیان نیشان دا، لەوانە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٨٢٠ز.ەوە دژی ئەو بیروڕایەی میتەرنیخ بوو کە دەیوت دەبێت دەستور بدەینە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتانی دیکەی سەربەخۆ تا ڕێ لەو چاکسازیانە بگرین کە هاو ویستی میتەرنیخ خۆی نەبوون،پاشان لەوە گرنگتر ئەوە بوو ئیتاڵیەکان بڕوایان وابوو دەبێت وڵاتەکەیان یەك گەلی یەکگرتوو بێت نەوەك چەند دەوڵەتۆکەیەکی ملکەچو قەڵەمڕەوی بیانی.

یوسف مازینی کرۆکی ئەو بزووتنەوەو ڕێبەری باڵای ئەو بزاڤە بوو، کەلایکردەوە سەیری کرد وڵاتەکەی لەنێوان سەرکردە گەلێکدا دابەش بووە کە هیچ نیازێکیان نیە جگە لە پاراستنی کورسی دەسەلاتیان، کۆمەڵەی (کاربۆناری )ش لاوازەو توانای نەماوەو پڕ نهێنی و ناڕوونی و نادیاری بووە.



Scanned with CamScanner

بۆیە کۆمەڵەیەکی دامەزراندو ناوی نا ( ئیتاڵیای گەنجان ) مەبەستی ئەوە بوو گەنجان لەسەر بنەمای شکۆداری کۆماری پەروەردە بکات، گەنجان بەتەنها بنیادنەرو بناغە بوون (لەدیدی مازینی دا)، سەرکردەکان و پەیماننامەو هاریکاریە دەرەکیەکانیش چەند پێناوێك بوو کە مازینی بڕوای پێ نەبوو، ئەو کۆماریانەش لەدەوروبەری بوون هەمان ڕایان هەبوو، لە وڵاتدا دەستەیەکی بەهێز دروست بوون کەبڕوایان وابوو دەکرێت یەکێتیەکی ئیتاڵی پێکبێتو پاپا سەرکردایەتی بکات.

کاتێك پایوسی نۆیەم لە ساڵی ١٨٦٤ز.دا بوو بە پاپا، بەپێی بەرژەوەندییەکانی گەل هەنگاوی دەنا، قەشەکانی ناچارکردن تا باج بدەنو دەرفەتی بەکەسانی دیکە دا تا بچنە کۆڕو دادگاکانیەوە، ئازادیەکی بەرفراوانی بەلایەنی چاپو بڵاوکردنەوە بەخشی، ئیدی خەڵك هیوایان بەم کەسە پەیدا کردو بەچاوی سەرکردەیەك سەیریان دەکرد، بتوانێت وڵات بەرەو ئەو هەستانەوە خوازراوە ببات کە ئەوان ئاواتی پێ دەخوازن.

داهاتوویش بۆ کۆماریو پاپاییەکانیش نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوانە بوو بەچاوی دڵسۆزی دەیانڕوانیە چاککردنی باری ناوچە ئیتاڵیەکان بەتایبەت سەردینیا تا بەشێوەیەکی هەنگاو بەهەنگاو بێت، چونکە نەدەکرا بەبێ ئەو شێوازە نەمسا بشکێنن، نەشدەکرا هیچ جۆرە یەکێتیەك پێکبهێنێن پێش ئەوەی نەمسا بڕوخێنن، واتە یەکێتی ئەوان پەیوەست بوو بە ڕوخاندنی نەمساوە، ئەمەش دەبوو لەسەرخۆو پلە بەپلە ئەنجام بدرێت.

کاتێك تەنگژەی ساڵی ١٨٤٨ز لە نەمسا دەستیپێکرد دەرفەت هات و، چونکە میلانیەکان دەبیستن هەواڵی کەوتنی میتەرنیخ ڕاپەڕینو سوپای نەمسایان لەشارەکە دەرکرد، چەند ڕۆژێکە نەخایاند تا خاکی لۆمبارديا هیچ جێدەستێکی قەڵەمڕەوی نەمساوی تێدا نەما، دانیشتوانی بوندوقیەش وەك میلان هەنگاویان ناو یەکسەر کۆمارێکیان دامەزراند، میلانیەکان چاوەڕوانی جەنگ بوون، بۆیە دەستی یارمەتیان داواکرد بەڵکوو شارل ئەلبرتی پاشای سەردینیا یارمەتیان بدات.

ئیتاڵیا ببوو بە مۆمێکو لەهەموو بەشەکانیدا مۆمی شۆڕش هەڵکرا، سەرکردەکانی ناپۆلیو ڕۆماو توسکانیو بیدمۆنت چەند دەستورێکی دەسەڵاتیان پێشکەشی گەلەکانیان کرد، ڕای گشتی وای لە پاشای سەردینیا کرد تا سەرکردایەتی بزووتنەوەی دەرکردنە نەمساو هێنانە کایەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئیتاڵی بگرێتە دەست، تەنانەت پاپاش لەگەڵ پاشای ناپۆلیدا کە لەبنەماڵەی بۆربۆن بوو لەڕزگارکردنی وڵاتو ناردنی سوپا بۆ دەرکردنی نەمساو سەربەخۆیی وڵاتدا بەشداریان کرد.

ئیتاڵیا کەچەکی لەدژی گەورەی ( نەمسا ) دا هەڵگرتبوو نەیتوانی نەمسا لەوڵات دەربکات، چونکە شارل ئەلبرنی پاشای سەردینیا کە چوویە جەنگەوە سەیر دەکات خۆی تەنهایەو کەس نیە لەو مەیدانەدا یارمەتی بدات، چونکە شانشینە ئیتاڵیەکان یارمەتیان نەدا بۆ ئەوەی دژ بەدوژمن یەکبگرن، بەڵکوو بێباکیو کەنارگرتنی خۆیان نیشان دا، پاپاش وتی ئەو بۆ ئاشتی دروستکراوە نەوەك بۆ جەنگ، بۆیە هەرگیز لە جەنگی دژ بە نەمسادا بەشداری ناکات، لەکاتێکدا نەمسا گەورەترین سەرخەری کڵێسای ڕۆمایە.

پاشای ناپۆلیش چەند بیانوویەکی نابەجێی هێنایەوەو سەربازەکانی خۆی گێڕایەوە، دوای ئەوەی پێشتر ڕای گشتی وای لێکردبوو دژ بە نەمسا ئەو سەربازانە بنێرێت، بەمە پاشای سەردینیا بەسەر بارەکەیدا زاڵ بووو لە ٢٥ی تەمووزی ساڵی ١٨٤٨ز.دا هێزەکانی خۆی لە (کوستوزا ) پاشاکشە پێکردو ناچار بوو ئاگر بەست بکاتو هێزەکانی لۆمبارديا بکشێنێتەوە.

کۆمار بە ئیتاڵیەکان دوای ئەوەی پاشای سەردینیایان دژ بە ڤیەننا هانداو هیچ یارمەتیەکیشیان نەدا، کەوتنە جێ بەجێکردنی بەرنامەی خۆیان، فلۆرەنساو بوندوقیە دەسەڵاتی کۆماریان ڕاگەیاندو لەڕۆما (اوزی ) کوژرا پێش ئەوەی نەخشە چاکسازیەکەی جێبەجێ بکات، ڕۆژی ئەو وەزیرە ئازادەبوو کە پاپا دایناوو، پایوسی نۆیەم لەشارەکە ڕایکردو خۆی دایە پاڵ پاشای ناپۆلی، لەو ئەنجامەدا شۆڕشگێڕان لە ساڵی ١٨٤٩ز. دا ئەنجومەنێکی دامەزراندنیان داناو ئەو



Scanned with CamScanner

ئەنجومەنەش بە کاریگەری مازینیو هاودەمە کۆماریەکانی لە ڕۆما ڕاگەیەنراو هێزی کاتی پاپا لەکار خرا.

هێندەی نەخایاند تا نەمسا چی قەڵەمڕەوی خۆی لە ئیتاڵیادا لەدەست دابوو هەمووی گێڕایەوەو زۆربەی ئەو چاکسازیانەی لەناوبرد کە لەوڵاتدا ئەنجام درابوون، شارل ئەلبرت دەستبەرداری کورسی دەسەڵاتەکەی بوو بۆ ڤیکتۆر عەمانۆئیلو (کافور )ی گەورە وەزیری پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە دی، ئیدی دەستیتێوەردەدایە کاروباری ئەوروپاو لەجەنگی (قرم)دا دژ بە ڕوسیا یارمەتی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دا، ئابوریشی گەشەی سەندو سوپای بەهێز بووو دواجار هاوپەیمانێکی پەیدا کرد تا نەمسا لە ئیتاڵیا دەربکات، ئەویش لویس ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەڕەنسا بوو.

ئەم ناپلیۆنە وەك ناپلیۆنی مامی ( ناپلیۆنی یەکەم ) کورسی دەسەڵاتی داگیرکردو پێی وابوو ئەگەر بیەوێت پێگەی خۆی بپارێزێت، دەبێت چەند کارێك بکات کە بیری خۆبەزل زانی نەتەوەیی فەڕەنسیەکان لەخۆ بگرێتو شکۆداریان بپارێزێت، لەدیدی ئەویشدا چاکترین شت بۆئەوە ئەنجامدانی جەنگێکە دژبە نەمسا تا ئیتاڵیە هەواداریەکانی فەڕەنسیەکان ڕزگار بکات، چونکە سەربەیەك ڕەگەزن ئەویش لاتینیە، بەم کارەی پارچە زەویەك بۆ دەسەڵاتەکەی زیاد دەکات یان دەبێتە پارێزەری یەکێتی خوازراوی ئیتالی، بۆیە ئیمپراتۆر لەگەڵ کافوردا کۆبوونەوەیەکی بەست بەڵام نازانرێت لەوکۆبوونەوەدا چی وتراوە، بەڵام دەڵێن ناپلیۆن بەڵێنی داوە بەیارمەتی دانی پاشای سەردینیا ئەگەر بێتو لەگەڵ نەمسادا بچێتە جەنگەوە، ئەگەر توانی لەباکووری ئیتاڵیا دەربکات ئەوا هەرێمی (ساڤۆی )و (نیس ) لەلایەن پاشای سەردینیا وە وەك دیاری پێشکەش بە فەڕەنسا دەکرێت، لەبەرامبەر ئەوەی فەڕەنسا یارمەتی بدات، ئەو دوو هەرێمە لەڕووی جوگرافیو ڕەگەزیشەوە بەلای فەڕەنسادا دەشکانەوەو هەوادریان بۆ فەڕەنسا زیاتر بوو.

لەنیسانی ساڵی ١٨٥٩ز. دا ڤیکتۆر عەمانۆئیل لەگەڵ نەمسادا جەنگێکی نایەوەو هێزە فەڕەنسیەکانیش خێرا یارمەتی بیدمۆنتیەکانیان داو سوپا



Scanned with CamScanner

نەمساویەکان لە (ماجنتا )شکان، مانگێکی بەسەردا نەچوو تا ڤیکتۆر عەمانوئیلو ناپلیۆن چوونە ناو شاری میلان، خەڵکی لەوپەڕی خۆشیدا بوون،هێزە نەمساویەکانیش پاشەکشەیان کردو گورزی دوژمنان یەک لەدوای یەک لە (سولڤرینا) پاشەکشەی پێدەکرد، بۆیە بەبێ هیچ ڕوو وەرچەرخاندنێک ڕایانکردو وڵاتیان بەجێهێشت.

ناپلیۆن کاتێک ئەو پێشڕەویەی بینی سەرسام بووو ترسێ دایگرت، هەردوو لای هاندا تائاگربەست ببەستن، چونکە گومانەکان بەسەریدا زاڵ ببونو دەترسا لەپاڵ خۆیدا دەوڵەتێکی دیکەی یەکگرتووی بەهێزی وا دروست ببێت کە ئامادە نەبێت ملکەچی ئەو بێتو هەڕەشە لە وڵاتەکەی بکات، بۆیە بیدمۆنتی ناچارکرد تا بوندوقیە بۆ نەمسا بەجێ بهێڵێت و تەنها لۆمباردیاو دۆقیەی بارماو مۆدینا بگرێتەخۆ.

بەڵام بێداری ئیمپراتۆریەت درەنگ بوو، چونکە بزووتنەوەکە لە سنورێکدا نەوەستا تا وڵات یەکخراو بوو بەهەرێمێك نەوەك چەند ویلایەتێك، توسکانی دەنگیدا بۆ یەکێتی لەگەڵ بیدمۆنتدا، هەروەها بارماو مدینایش لە ساڵی ١٨٦٠ز. دا ئەمەیان ئەنجامدا، جێی نامۆیی بوو ئەگەر سەرکردەیەکی کۆماریەکان بە ڕێبەری هاوڕێ جل سورەکانی هەستێتو لەدەریا بپەڕێتەوەو دەستبگرێت بەسەر صقلیەدا خۆی بکاتە دیکتاتۆر بەسەریدا بەناوی ڤیکتۆر عەمانۆئیلی پاشای ئیتاڵیاوە، پاش ئەوەش کە سوپای پاشای ناپۆلی لە دوورگەکە دەرکرد، هاتە ناو وشکانیو چوویە ناو خودی ناپۆلیو پاشای ناپۆلی ناچارکرد تا لە پایتەخت ڕابکات.

گاریبلدی پێشنیاری کرد تا بەرەو ڕۆما بکشێنو پێکهێنانی شانشینی ئیتاڵی لە پایتەختی کۆندا ڕابگەیەنێ، بەڵام ناپلیۆنی سێیەم بەتوندی لەڕوویدا وەستا، چونکە هەستی کاسۆلیکی لە وڵاتەکەیدا دژ بەهەر بزووتنەوەیەك بوو کە ئامانجی لاوازکردنی پاپاو لەناوبردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی باڵای پاپا بێت.



Scanned with CamScanner

بـەڵام عـەمانوئێل ڕەزامەنـدی دەربـڕی تـا لـەباكووردا دەسـتبگرن بەسـەر ماڵوموڵكی پاپاداو حكومـەتێكی سـەقامگیر لـە ناپۆلی لـەجیاتی دیكتاتۆریەتەكـەی گاریبلدی دابمەزرێنن، ڕۆماو دەوروبەریشی دەبوو لەدەستی سەركردەی جارانیاندا بمێنێتەوە، بۆیە ڤیكتۆر عەمانوئیل لەسەر ئەم بنەمایە بەرەو باشوور چووو ناپۆلی داگیركرد، بەمە هەموو ئیتاڵیای باشوور خرایە ناو شانشینی ئیتاڵیەوە.

لەفبرایـەری سـاڵی ١٨١٦ز.دا پەرلـەمانی ئیتـاڵی یەكـەم لـەتورین دامـەزراو بزووتنەوەكـە بەهێواشـی تێكـەڵ بـەو بەشـە جیاجیانـە بـوو كـە شانـشینی نـوێی لێ پێكهـاتبوو، بـەڵام جـەژنی یـەكبوونو سـەربەخۆیی پڕاوپـڕ نـەبوو، چـونكە نەمسا هێشتا دەستیگرتبوو بەسەر یەكێك لـە گرنگترین هەرێمـە ئیتاڵیەكانـدا كـە ئـەویش ڤینسیا بوو، هەروەك ڕۆما پێگەی قوڵو دێرینی هەبووو كرۆكی مێـژووی وڵات بـوو، ڕۆما لەدەرەوەی سنوری شانشینی نوێدا مایەوە، دەساڵ بەسەر ئەمەدا تێنەپەڕی تا ئـەو دوو ناوچەیەشـی گرتـەخۆ، ئەمـەش لەسایەی هاریكـاری پروسـیاوە كەبـەرەو یەكێتی ئەڵمانیا دەچووو لەوەشدا ولیەم بسمارك ڕێبەری دەكردن، هەروەك ڤیكتۆر عەمانوئیلو كافور ڕێبەری ئیتاڵیایان دەكرد.

یـەكێتی ئیتاڵیـا وەك یـەكێتی ئـەڵمانیا بەجـەنگی فەڕەنـسی پروسـی سـاڵی ١٨٧٠ز. هاتە دی، چونكە ڤینیا لەدەست دەسـەڵاتی نەمسا ڕزگـار بـووو لـە سـاڵی ١٨٦٦ز.دا دایە پـاڵ ئیتاڵیا،ئیدی تـەنها ڕۆمـا مایـەوە، ئەمـەش لـەژێر دەسـەڵاتی ناپلیۆن سێیەمو پاپادا بوو، كاتێك جەنگی نێوان فەڕەنساو ئەڵمانیا توند بوویـەوە ناپلیۆن سەربازگەی فەڕەنسی كشاندەوە، چونكە پێویستی پـێ هـەبوو، بۆیـە هێـزە ئیتاڵیـەكان یەكسەر بـەرەو ئـەوێ كشان، پاپایش هـەوڵی نـەدا هێنـدە بـەرگری لـە پایتەختەكەی بكات، بۆیە لە مانگی سێپتەمبەردا سوپا داگیری كرد، پاشان خەڵكی ڕۆما بەزۆرینەی زۆر دەنگیـان دا بۆ دانەپاڵ شانشینی ئیتاڵیا، بەمـەش ئـەو كارە گەورە گەیشتە كۆتا كە ڤیكتۆر عەمانوئیلو كافوور پێـی هەستان، پاشان پایتـەخت گوازرایەوە بۆ ڕۆمای پێگەی شكۆداری دێرینی ئیتاڵیا.



Scanned with CamScanner

هەرچەندەماڵوموڵکی پاپا لەگەڵ شانشینی ئیتاڵیدا تێکەڵ بەیەکدی کران، بەڵام یاسایەك دەرچوو کە پێگەو مافێکی تایبەتی بە پاپا دەبەخشیو بەمیرو فەرمانڕەوای دەزانیو خاوەن دەسەڵاتو قەڵەمڕەوی سەربەخۆیی بواری کاروباری کڵێسا بوو، بڕی شەش سەد هەزار دۆلاری ساڵانەیشی بۆ دانا تا لەخەرجیەکانیدا یارمەتی بدات، بەڵام پاپا لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەوە ڕازی نەبوو خۆی بەدیلی دەست حکومەتی ئیتاڵی دەزانی، ئەو حکومەتەی کە ماڵوموڵکی پاپای لێ داگیرکردبوو.

پاشان ئیتاڵیا کەوتە بەهێزکردنی سوپاو کەشتیگەلەکەی، لەمەشدا خێراییەکی زۆری هەبوو، ئەمەش لەپێناو ئەوەی بتوانێت ئەو پێگە نوێیەی بپارێزێت کە لەنێو دەوڵەتاندا بەدەستی هێنا بوو، بۆ ئەمەش خزمەتی سەربازی گشتی دانا، هەروەك چۆن پێشتر شانشینەکانی ڕۆژئاوا ئەمەیان دەکرد.

هەروەها کەشتی سەربازی نوێی دروستکردو چاوی بڕیە دەرەوە تا فراوانخوازی ئیستعماری بکات، لە کاتێکدا پێشتر خۆی ماوەی چەند سەدەیەك داگیرکاریەکی نەمساوی فەرەنسایی ئیسپانی بوو، دوای ئەوەی پێشتر بەناوی نەتەوایەتیو ئازادی گەلان دژ بە ئیستعمار خەباتی دەکرد، ئەمڕۆ دەیویست ببێتە داگیرکەر، ئیتاڵیەکان دەستیان ئەفریقیا درێژکردو لە ساڵی ١٨٨٧ز.دا سوپایان نارد بۆ حەبەشە، بەڵام پاش چەند جەنگێك کە پانزە ساڵیان خایاند نەیانتوانی داگیری بکەن، تەنها بەشێکی بەرتەسکی کەناراوی دەریای سوور نەبێت، لە ساڵی ١٩١١ز.یشدا جەنگی دژ بە تورکیایان ڕاگەیاندو تەرابلوسی وڵاتی مەغریبی دوریان لە دەسەڵاتی ئیسلامی دابڕی.

ئیتاڵیا وڵاتێکی دەوڵەمەند نەبوو، بۆیە دەوڵەت هەوڵیدا باجەکان زیاد بکات، لەبەرئەوەی ئەو باجانە بەسەر خەڵکی گشتیدا دەسەپێنران، بۆیە سەدان هەزار هاوڵاتی بڕیاریاندا وڵات بەجێبهێڵن و کۆچ بکەن بۆ دەرەوە بەرەو ئەمریکاو ئەرجەنتین و وڵاتانی دیکە، ئەوانەش کە لە وڵاتدا مابوونەوە تەواو لەبارەکە بێزار بوون و چەندینیان دەستیان دایە کاری توندوتیژی و لادان.



Scanned with CamScanner

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەسەڵاتی نوێ سەلماندی زۆر لەو حکومەتانەی پێشوو باشترە کەلەناو چوون،و ئەم هاتووەتە شوێنیان، ئەو داهاتەیش هەمووی بۆ خۆپڕچەککردن خەرج نەکرا، بەڵکوو هێڵی ئاسن بۆ پێکەوە بەستنی بەشەکانی وڵات دانرا، پیشەسازی و کارگەکان لەناوچەکانی باکووردا دامەزران تا ئەوەی میلان بوو بە یەکێك لەگرنگترین شارە پیشەسازیەکانی ئەورووپا لەو سەردەمەدا.

خوێندنگە نەتەوەییەکان لە وڵاتدا بڵاودەبوونەوەو لەگەڵ دواکەوتەیی گوندنشینان لەناوچە شاخاویەکان و وابەستە بوونیان بە خەیاڵاتەوە کەچی چاکسازی لەبڵاوبوونەوەدا بوو، ڤیکتۆر عەمانوئێل لە ساڵی ١٨٧٨ز.دا مرد و هامبرتی کوڕیشی لەسەردەستی پیاوێکی ئاژاوە گێڕا لە ساڵی ١٩٠٠ز.دا پەنهانکوژ کرا، بەدوای ئەودا ڤیکتۆر عەمانوئێلی سێیەم هاتە شوێنەکەی.

********************

# (باسی چوارەم)

# (شانشینە بچووکە ئەوروپەکان پاش کۆنگرەی ڤیەننا)

## ئیسپانیا:

سەرەڕای گەورەیی و شکۆداری و خۆسەپێنی و دەسەلاّتی ڕەهایی، ناپلیۆن کوڕی شۆڕشی فەڕەنسی و موژدەدەری ئەو شۆڕشە بوو، بەلاّم ئەو پاشایانەی دوای ڕووخانی دەسەلاّتی لەسەر کورسی دەسەلاّت دادەنران لایان نەدەکردەوە بەلای بەرهەمی دەستی ئەو کەسەوە، بەڵکوو وا فەرمانڕوایەتیان دەکرد، وەك ئەوەی شۆڕش ڕووی نەدابێت و ناپلیۆن بوونی نەبوبێت، هەندێکیان تایبەتمەندی خانەدانەکان و باجەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی و هەموو دیمەنێکی سەردەمی کۆنیان گێڕایەوە.

لە ئیسپانیادا بزووتنەوەیەکی بەهێزی دواخوازی لەئەنجامی هاتنە سەر دەسەلاّتی فردیناندی حەوتەمدا ڕوویداو دەستوری ساڵی ١٨١٢ز. لەکار خست و بڕیارەکانی کۆرتیزی بەلەکارکەوتوو داناو پاشایەتی خۆسەپێنی گێڕایەوە بۆ باری جارانی خۆی، هەروەك مافە کۆنەکان و دێرەکان و دادگاکانی پشکنین گەڕێنرانەوەو ڕۆژنامەوانی خرایە ژێر چاودێرییەکی توندەوە، ئازادی قسەکردن قەدەغەکراو دزو جەردە زیادی کردو بازرگانی و کشتوکاڵ پەکی کەوت و دەوڵەت خەریکبوو بەرەو نەبوونی چوو بەهۆی خراپی کارگێڕی دەربارەوە، پیاوانی کورتیزی بەند کرد، هەرچەندە ئەو کەسانە لێهاتوو بوون، هەروەها کەسانی ئازادیخوازی دەگرت یان دەکوشت.

بارەکە گەیشتە ئەوپەڕی خراپی گەلیش دابەش بوون بۆ دووبەش، خەڵکانی لادێ کەبەگەڕانەوەی دەسەلاّت بۆ پێگەی خۆی و کڵێسا بۆ دەسەلاّتی خۆی دڵخۆش بوون، خەڵکانی شار کەبەو بارەی وڵات بێتاقەت بوون، بەتایبەت دوای ئەوەی ناپلیۆن چێژی چاکسازی پێبەخشیبوون، ئیدی شانشینان بۆ دەرفەت دەگەڕان تا سەرکەشی خۆیان بنوێنن.



Scanned with CamScanner

گرنگترین بارکرژیەرناوخۆییەکانیش بریتیبوون لە شۆڕشانەی لەداگیرگەکاندا ڕوویاندەداو داوای جیابوونەوە لە دایکیان دەکرد( ئەورووپا )، ئیسپانیا ڕۆژێک لەڕۆژان نەرمی لە ڕووی داگیرگەکانیدا نەدەنواند، بەڵکووبە پێناوی قازانجی دەزانین، بۆیە بۆ بواری بازرگانی بەکاری دەهێنان و سامانی دەبردن و دەیکردە پێناوێکی گەشەسەندنی دەوڵەمەندی بازرگانی وڵات.

بۆیە مەکسیك و پیرۆو کۆلۆمبیاو فەنزەویللاو ئەرجەنتین و شیلیی لە ساڵی ١٨١٠ز.دا بەشێوەیەکی کرداری لێی جیابوونەوە، هەرچەندە بەناو پەیوەندییان بەتاجی ئیسپانیەوە هەبوو، ئیسپانیایش سەرەتا بەبەکارهێنانی توندی لەڕوویاندا ئەو شۆڕشانەی لەناو برد، بەڵام ڤەنزوێلا بەسەرکردایەتی پۆلیڤار لە ساڵی ١٨١٧ز.دا سەربەخۆیی بەدەست هێنا، لەپێنج ساڵی دواتریشدا ئیسپان هەریەك لە کۆلۆمبیاو پیرۆو شیلی و ئیکوادۆرو مەکسیك و پۆلیڤیا بەناوی پۆلیڤارەوە ناونرا، چونکە پۆلیڤار ئازادی کرد.

لە ئیسپانیایشدا شۆڕش دژ بە پاشای خۆسەپێن لە وڵاتدا بەخێراییەکی تەواو بڵاوبوویەوە تا ئەوەی ڕێگەی بەرەو ئەو سوپایە دیتەوە کەبەهۆی دواکەوتنی موچە و خراپی باری دارایی پیاوانیەوە لەبارەکە بێزار بوون، هەروەها زۆری کوژراوانی ئەو هەمووە جەنگانەی پشت ڕووباریش هۆکارێکی دیکە بوو، دواجار ئەو سەربازانەی بەمەبەستی چوون بۆ ئەمریکا لە (قادس) سەنگەریان گرتبووو لەمانگی یەنایری ساڵی ١٨٢٠ز.دا ئاڵای سەرکەشی و یاخیبوونیان هەڵکرد و شۆڕش وەك بڵاوبوونەوەی ئاگر بڵاوبوویەوە و هاوڵاتیان لە مەدرید گەمارۆی کۆشکی پاشایان داو ناچاریان کرد تا سوێند بخوات دەستووری ساڵی ١٨١٢ز. بگێڕێتەوە.

بەڵام فردیناند دوای ئەوە داوای یارمەتی لە دەوڵەتان کردو چوار ئەندامانی هاوپەیمانانیش لە ڤیرۆنا بۆ لێدوان لەسەر مەسەلەکە کۆبوونەوە، ئینگلتەرا کەتاکە دەوڵەت بوو بتوانێت کەشتیگەل بنێرێت بۆ ئەمریکای باشوور مەرجی دانا



Scanned with CamScanner

کەدەبێت یارمەتی فردیناند بدرێت بۆ گێڕانەوەی داگیرگەکانی، بەڵام لویسی هەژدەهەم سوپایەکی بە (برنین) دا نارد تا لەتۆڵە سەندنەوە لە دوژمنانیددا یارمەتی فردیناند بدەن، بەڵام سوپاکەی دوای ئەوەی تێر نەخواردنەوەی پاشای ئیسپانیایان بەخوێنی نەیارانی و توندوتیژی بێسنوری ئەو کەسەیان لەهەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا بەدیکرد پاشەکشەیان کردو گەڕانەوە.

ئیسپانیا بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی خۆی و کەمی ماڵ وسامان و کەشتیەکانیەوە نەیدەتوانی داگیرگەکانی خۆی لە ئەمریکادا ملکەچ بکات، بەڵام هەڕەشەکانی میتەرنیخ بەیارمەتیدانی بەملکەچکردنی ئەو داگیرگانە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (مۆنرۆ) والێکرد دیدی کۆنگرێسی ئەمریکی ڕابکێشێت بۆ دەستوەردانی ئەورووپا لەکێشەو کاروباری ئەمریکاو بڵاوکردنەوەی ئەو بنەمایەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن (بنەماکانی مۆنرۆ )پوختەکەشی ئەوەیە کە ئەمریکا بۆ ئەمریکیەکانە و دەستوەردانی ئەورووپا بۆ ئەمریکا زیان بەسەلامەتی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت و پێویستە ئەمریکا لەکێشە سیاسەکانی ئەورووپا دووربکەوێتەوە.

*******************



Scanned with CamScanner

## *یۆنان و بەلجیکا:

لەو ماوەی دەسەڵاتی میتەرنیخ بەسەر ئەوروپادا زاڵبوو دوو ڕووداو ڕوویاندا کە ئازادیخوازانیا وروژاندو هانیان دا، یەکەمیان سەربەخۆیی یۆنان بوو، چونکە خەڵکی ئەو هەرێمە دژ بە تورکیا لە ساڵی ١٨٢١ز.ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٨٢٩ز.دا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا، دووەمیشیان سەربەخۆیی بەلجیکا بوو (زەویە نەمساویەکانی پێشوو) کە کۆنگرەی ڤیەننا بەبێ گوێدان بەجیاوازی زمان و ڕگەزو ئایین و عەقڵی نێوان دوو وڵات دایە پاڵ هۆڵەندا، چونکە هۆڵەندا پرۆتستانتی جەرمانی و بەلجیکای ئۆلیکی لاتینی بوو.

بۆیە بەلجیکا هەرکە شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی ١٨٣٠ز. بیست لە پرۆسکل دژ بە پاشای هۆڵەندا ڕاپەڕی و سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا، ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئینگلتەراو فەڕەنسا کە دەوڵەتانی ئەوروپییان والێکردن دانیان بنێن پێدا بنێن، لە بەلجیکا حکومەتێکی دەستوری پاشایەتیان لەسەر شێوەی ئینگلیزی دامەزراند.

********************



Scanned with CamScanner

# (باسی پێنجەم)
# ( ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی)

پروسیا بە ویلایەتە ئەڵمانیانەیشەوە کەملکەچی بوون لە یەکێتی شانشینە ئەڵمانیەکانی باکووردا قسەی یەکلاکەرەوەی هەبوو، ئەو یەکێتیە لە ساڵی ١٨٦٦ز. پێکهات، کاتێك ویلایەتەکانی باشوور دوای جەنگی حەفتا ساڵە دایانە پاڵی ئەو رێبەری خۆی پاراست و بەردەوام سێ یەکی هەموو ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی پێکدەهێنا ،هەروەك دانیشتوانەکانیشی سێ یەکی هەموو دانیشتوانی ئەڵمانیای پێکدەهێنا.

بسمارك پاش یەکخستنی ئەڵمانیا لەنێوەندی گرێتینی سێ جەنگی لەگەڵ دراوسێکانی لەنێوان ساڵانی ١٨٦٤زو ١٨٧١ز.دا هەوڵیدا دەستورێك بۆ وڵاتەکەی دابنێت، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو دەستورانەیش بریتیبوون لە:

١- دەسەڵاتداری پروسیا.

٢- دەسەڵاتی خۆی بدات بە ویلایەتە یەکگرتووەکان کەژمارەیان بیست و پێنج ویلایەت بوو.

٣- بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیە ئەڵمانی.

دەستوری نوێ سەرکردایەتی بە پاشای پروسیا بەخشی و کردی بەقەیسەری ئەڵمانیاو مافی دیاریکردنی وەزیرو سەرۆك وەزیرانی و لابردنیانی هەبوو، هەروەك سەرکردایەتی سوپاو کەشتیگەل و دیاریکردنی گەورە ئەفسەران بەدەستی ئەو بوو، بەڵام لەهەموو مەسەلەکاندا دەستی واڵا نەبوو، لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پیراندا حکومەتە جیاجیاکان نوێنەری خۆیان دەنارد.

ئەو ئەنجومەنە زۆر لە ئەنجومەنەکانی پیرانی ناو ئەوروپا (سنات) گرنگتر بوو، چونکە سەرچاوەی یاساکان بوو، سەرکردەکەیشی تەنها راوێژکاری ئیمپراتۆرو گەورەترین کارمەندی ناو حکومەتی ئەڵمانی بوو، پروسیا لەو ئەنجومەنەشدا بەدەستخستنی دەنگی پێویست بۆ پاشاکەی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەربریارێك کەبیەوێت بەرپەرچی بداتەوە توانی قەڵەمڕەوی خۆی بهێڵێتەوە.



Scanned with CamScanner

ئەنجومـەنی نوێنـەرانیش یـان (رایـشتاغ) نزیکـەی چوارسـەد ئەنـدامی لـەخۆدەگرت کـەبۆ ماوەی پێنج ساڵ بەدەنگدانی گشتی لەلایـەن ڕەگـەزی نێری وڵاتەوە هەڵدەبژێردران، ئیمپراتۆر مافی هەبوو پاش ڕەزامەندی (بنسرات) هـەرکات بیـەوێت هەڵیبوەشێنێتەوە، ئـەو ئەنجومەنـە لـە ئەنجومـەنی گشتی بـەریتانی یان ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەسەڵاتی کەمتر نەبوو، سەرەڕای ئەمـەش نوێنـەری خەڵکی شارە دوورو کەنارییەکان نەبوو، بۆ نمونـە بەرلین گەشـەی سـەند تا ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە دوومليۆن کەس، بۆيە دەبوو بيست نوێنـەری هـەبێت، کەچی ژمارەی نوێنـەرەکانی لەشـەش کـەس تێنەدەپـەڕی، ئەمـەش لەبەرئـەوەی حکومـەت ڕێی نەدا شێوەی نوێنەرایـەتی بگۆڕدرێت نـەوەك کەسانی توندوتیژ کورسیەکانی نوێنەران بۆخۆیان ببەن.

دەستور مافی ڕێکخستنی بازرگانی و هێڵی ئاسن و تەلەگراف و دراوو یاسای سزادانی بەخشیە حکومـەتی یـەکێتی، ئـەو هـەموو ڕێکخستنو دام ودەزگایانەشی گۆڕی کەپێش ویلایەتەکان پەیڕەویا دەکردن، لەجیاتی ئەوانـەدا یـەك سیستمی بۆ هەموویان دانا، هەموو جۆرەکانی دراویش لـەکارخران و مارك شوێنی هـەموویانی گرتـەوەو بـوو بـە بنـەڕەتی دراوی هـەموو ئیمپراتۆریـەت، سیـستمێکی بۆ باجە گومرگیـەکان دانـاو نەیهێـشت وڵات دەچـاری ڕکەبـەری بیـانی ببێـت، هـانی پیشەسازیەکانی ناو وڵاتی دەدا، بەو جۆرە ئەڵمانیا بەخێرایی بەرەو جیهانی هێزو دەسـەڵات هـەنگاوی نـاو بـوو بەیـەکێك لەدەوڵەتـە گـەورەکانی جیهـانی ئـەمڕۆی ئێمەیش.

شۆڕشـی پیـشەسازی لـە ئـەڵمانیا دوای نیـوەی سـەدەی هەژدەهەمـەوە دەرکەوت، بـەڵام دوای ئـەوەی دەرکـەوت زۆر بـەخێرایی و بـەهێزی گەشـەی سـەند، لەبەشـەکانی شانشینی نوێدا بڵاوبوویـەوەو مەشخەڵەکانی ژیـانی ئابووری وڵاتی بەشێوەیەکی تـەواوەتی گۆڕی، خێرا شاری گـەورەی پیشەسازی داکـەزرا و هێڵی ئاسن بۆ بارکردنی ئەو شمەکە نوێیانە دامـەزران کە ڕادەبەدەر بوون، ئیدی کارگە گەورەکان تەواو زۆربوون.

چینەکانی کرێکاران هەستیان کرد کە تەواو پێویستیان بە ڕێکخستنی ژیانیان هەیە، چونکە خاوەن پیشە تاکە کەسیەکان لەمە بەدوا نەیاندەتوانی سەربەخۆ کار بکەن و ڕکەبەری مەکینەو ئامێرە نوێکان بکەن، چونکە ئەوان ماندوو دەبوون و ئامێر ماندوو نەدەبوو، ئەوان بەرهەمەکانیان یەك یەك بوون، بەڵام ئامێر هەزاران ژمارە بەرهەمی هەبوو، بەرهەمەکانیشی بەنرخێکی کەمتر دەفرۆشران، بۆیە پیشەگەرە تاکە کەسیەکان ناچار بوون پیشەکانیان بەجێبهێڵن و بچنە کارگەکانەوە، چونکە ژیان و ڕۆزیان پەیوەست بوو بە کارگەکانەوە.

لەژێر باری پیشەسازی نوێ لە ئەڵمانیادا سۆسیالیستی سەری هەڵدا، هەروەك لە شوێنانی تریشدا دەرکەوت، لە وڵاتدا جگە لە سەندیکاکانی کرێکاران حیزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی هەبوو.

بسمارك پێی وابوو بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەوانەیە زیان بە ئیمپراتۆریەت بگەیەنێت و هەموو هەوڵەکانی ئەم لەناو بات، بۆیە لە ساڵی ١٨٧١ز.دا یاسایەکی دەرکرد کەبەو پێیە بزووتنەوە سۆسیالیستەکانی قەدەغە کردو سەرکردەکانی بەدیلگرتن، بەڵام ئەوان بەردەوام بەنهێنی بانگەشەی خۆیان بڵاوکردەوە، بسمارکیش تەنها یەك ڕێگەی لەبەردەمدا مایەوە بۆ لەناو بردنی سۆسیالیستەکان، ئەویش ئەوە بوو پاش لابردنی ئەو بنەمایانەی پێچەوانەی بنەماکانی نەتەوایەتین بەرنامەکەیان وەربگرێت و خۆی جێبەجێی بکات.

بسمارك دژی ئەوە نەبوو کە دەوڵەت هێڵە ئاسنینەکان بەڕێوەببات و دەستبگرێت بەسەر داهاتی سروشتی وڵاتدا، بەڵکوو هانی ئەمەشی دا تا ئەوەی بەهای ماڵوموڵکی وڵات لە ئەڵمانیا لەپێش جەنگی حەوت ساڵەدا گەیشتە بلیۆنەها دۆلارو داهاتی ساڵانەشی سێ سەد ملیۆن دۆلار بوو، حکومەتی یەکێتی نیزامێکی داهێنا بۆ دڵنیاکردنی کرێکاران دژ بە نەخۆشی یان ڕووداوە کتوپڕیەکان، بەکار بەرانیش ناچارکران تا لەخەرجی ئەو پرۆژەدا بەشداری بکەن، پاشان چەند یاسایەکی دیکەی دەرکرد بۆ پاراستنی ژیانی ئەو کرێکارانەی کە بەساڵا چوون یان ناتوانن کاربکەن، بەمە لە ساڵی ١٩١٣ز.دا ژمارەی ئەوانەی یاسای زامن دەیگرتنەوە گەیشتە بیست و پێنج ملیۆن کەس.



Scanned with CamScanner

قەیسەر ولیەمی یەکەم کە بەیارمەتی بسمارك ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی دامەزراند لە ساڵی ۱۸۸۸ز.و لەتەمەنی نەوەدو یەك ساڵیدا مرد پاش ئەوەی ساڵانێکی پڕ شکۆو سەروەری حوکڕانی کرد، فریدریکی سێیەمی کوڕی دەسەڵاتی گرتە دەست، لەکاتێکدا ئەویش لەسەرەمەرگدابوو، سێ مانگ فەرمانڕەوی کرد و دواتر مرد، ئینجا دەسەڵات کەوتە دەست قەیسەر ولیەمی دووەمی نەوەی ولیەمی یەکەموکوڕی فریدریکی سێیەمو ئیمپراتۆری ئەڵمانیا، ئەمە تا لە ساڵی ۱۸۱۹ز. بەردەوام بوو، قەیسەری نوێ زۆر لاسار و ناگوێگر بوو، لەگەڵ بسماركدا پێکیاندادا، ئەمە وایکرد لە ساڵی ۱۸۹۰ز.دا دەست لەکار بکێشێتەوە، ولیەمیش لەجیاتی ئەو وەزیرێکی دیکەی دانا بەڵام وەزیری پۆڵایین بوو لەدوای ساڵی ۱۸۹۰ز. ئەڵمانیا جارێکی دی کەسێکی وەك بسمارکی بەخۆیەوە نەدی.

ئەڵمانیای یەکگرتوو وەك ئیتاڵیای یەکگرتوو هەنگاوی بەرەو داگیرکاری ناو لەکۆتا ڕۆژانی بسماركدا چەند داگیرکاریەکی بەرفراوانی لەسەر کەناراوی ڕۆژئاوای ئەفریقیا (تورکوو کامیرۆن)بەدەست هێناو ئەفریقای باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانی خستە ژێر چاودێری خۆیەوە، ئەو ناوچەیە لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی زۆر زیاترو فراوانتر بوو، هەردوو پێی لە ئەفریقیای ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیایشدا چەسپا، ئەمەیان لەوی پێشوو فراوانتر بوو.

بەڵام ئەڵمانەکان حەزیان بەوە نەبوو کۆچ بکەن بۆ داگیرگەکان لەپشت ئەو کارەوە سودێکی زۆریان دەست نەدەکەوت، هەروەها دەستیانگرت بەسەر بەندەری (کیاوشا ) لەچین لە ساڵی ۱۸۹۷ز.دا لێرەوە گیانی حەسودی و دوژمنکاریان بەرامبەرئینگلیزو فەڕەنسیەکان گرتەبەر، چونکە ئەو دوانە داگیرگەیان زۆر بوو، ئەمەش هۆکارێکی جەنگ بوو، ئەڵمانیا درەنگ بەهۆش هاتەوە و سەیری کرد بازاڕەکانی جیهان لەڕوویدا داخراون و هەموو داگیرگەکان بەدەست دەوڵەتانی دیکەن، بەشێوەیەکی خێرایش کەوتە هەوڵی گەڕان بەدزای پشکی خۆی لەبازاڕە جیهانیانەکاندا تا دەرفەتی بۆ بکرێتەوە کاڵاکانی بخاتە ڕوو، کاتێك دەوڵەتان ڕێیان پێنەدا ئەمیش لەدژیان هەستا و جەنگ ڕوویدەدا و بەدوای جەنگدا شکست و دوای ئەوەیش لەدەستدانی هەموو ئەو داگیرگانەی کەباسمان کردن.



Scanned with CamScanner

لەماوەی دەسەڵاتی ولیەمی دووەمدا ئەڵمانیا بەشێوەیەکی خێرا لەڕووی سامان و دانیشتوانەوە گەشەی سەندو ژمارەی دانیشتوانی لەچل ملیۆنەوە بۆ شەست و هەشت ملیۆن زیادی کرد، ئەمەش لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠ز تا ١٩١٤ز. چەند شارێکی نوێی بەرفراوانیش تیایدا کرانەوە، هەروەك لە شارە کەورەکانیشدا ڕێگەی بەرتەسك و شەقامی تەنگ و ناخۆشیان لادەبردو لەشوێنیاندا شەقامی بەرفراوان بنیادلانران و بەدار و درەخت دەڕزێنرانەوە، کۆمپانیا بازرگانیەکانی دەریاوانی بەشێوەیەکی خێرا لە سایەی یارمەتیەکانی حکومەتدا گەشەیان سەند و کەشتیەکانیان بە دەریاکاندا دەچوون و بەرهەمی پیشەسازیە گەورەکانیان هەڵدەگرت، کرێکاران لەمەودوا کۆچین نەدەکرد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەمریکای باشوور، ئەمەش لەسایەی چاکبوونی باریان و ئاسانی ژیان و بەدەست هێنانی پێویستەکانیان لەناوخۆی وڵاتی خۆیاندا.

بڵاوبونەوەی قەڵەمڕەوی بەریتانی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی ئەندامانی ئینگلیزی یان کۆمپانیا ئینگلیزیەکان بەهۆی بڵاوکردنەوەی بازرگانیەوە، بەڵام لە ئەڵمانیادا بارەکە وانەبوو، بەڵکوو حکومەت یارمەتی دارایی تاکەکانی دەداو بەرەو دەرەوەی ئاڕاستەکردنو بەسەربازی خۆی دەزانین و ئالای پێدەدان، بۆیە کارکردنیان تەنها بۆخۆیان نەبوو، بەڵکوو بۆ حکومەتەکەشیان و ئەو دەوڵەتە بوو کەهەموو یارمەتیەکی هێزو دارایی تاکەکانی دەداو بەرەو دەرەوەی ئاڕاستە دەکردن و بە سەربازی خۆی دەزانین و ئالای پێ دەدان، بۆیە کارکردنیان تەنها بۆخۆیان نەبوو، بەڵکوو بۆ حکومەتەکەشیان و ئەو دەوڵەتە بوو کە هەموو یارمەتیەکی هێزو دارایی خستبوویە بەردەستیان، بۆیە ئەو مۆرکە تاکگەراییەی لای ئیمگلیزەکا هەیە لە پیشەسازی ئەڵمانی یان داگیرکاری ئەڵمانیدا زۆر کز و لاوازە.

بەهۆی یارمەتی و گرنگیپێدانەکانی حکومەتەوە ئەڵمانیا لەدوای ساڵی ١٨٧١ز ەوە بەشێوەیەکی خێرا گەشەی سەندو نەوەکانی وڵات هەوڵی فراوانخوازی و پێشڕەوییان دەدا و دەیانویست ڕۆشنبیری ئەڵمانی و کاڵای ئەڵمانی و لەهەموو



Scanned with CamScanner

ناوچەیەکی دنیادا بڵاوبکەنەوە، بەمەش ئینگلتەرایان تووڕە کرد، چونکە ئینگلتەرا دەترسا لەدەریاکاندا پێگەی خۆی لەدەست بدات، هەروەها قەیسەری ڕوسیش توڕە و بێزار بوو، بۆیە دایە پاڵ فەڕەنسا، ئەمەش بازنەیەکی ئاسنین بوو بەدەوری ئیمپراتۆریەتی بەهێز و بەرفراوانی ئەڵمانیدا بەو نیازەی کۆت و بەندی بکەن.

ئەوەی دوژمنایەتی نێوان هەردوولای زیاکرد ئەوەبوو کە خودی ئەڵمانەکان سکاڵایان بوو لەدەست نیازی دەوڵەتانی دیکە، لەکاتێکدا وڵاتانی دیکەی دیموکراتی بڕوایان وابوو حکومەت تەنها پێناوێکی جێبەجێکردنی خواستەکانی گەلە، کەچی دەبینین لە ئەڵمانیادا دەوڵەت بەپیرۆز دادەنێن و بڕوایان وابوو بەرژەوەندی دەوڵەت لەسەروو بەرژەوەندی تاکەکانیدایە پێویستە بەپێی ڕێنمونی و ڕاپرسی کارمەندەکانی هەنگاو بنێت، ئەم جیاوازی و پێکەوە نەگونجانەی ئەم دوو تێڕوانینە لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەئاشکرا دەرکەوت، یەکێکیان بانگەشەی بۆ ئازادی و دەسەڵاتداری تاک دەکرد، ئەوی دیکەیش بانگەشەی بۆ پیرۆزی و دەسەڵاتداری دەوڵەت دەکرد.

کاتێك هەواڵی گیرانی ناپلیۆن لەسیدان گەیشتە پاریس، هەندێ لەکۆماریەکان دەرفەتیان قۆستەوە و کۆماریان ڕاگەیاند و حکومەتێکی کاتیان دامەزراند تا سەرپەرشتی جەنگەکە بکەن، کاتێك جەنگ کۆتایی پێهات کۆمەڵەی جەماوەری لە ساڵی ١٨١٧ز.دا هەڵبژێردرا تا لەگەڵ ئەڵمانیا ڕێککەوتن ببەستن، حکومەتی کاتیش کە ڕێککەوتنی بەست ئەو هاوڵاتیانەی پاریس کەدەترسان بەهۆی زاڵبوونی ڕەگەزە دواخوازیەکان لە کۆمەڵەی هەڵبژێردراوی نوێی جەماوەریدا پاشایەتی بگەڕێتەوە وروژان و ناڕەزاییا دەربڕی و ڕاپەڕین و حکومەتێکی ناوچەییان دامەزراند و خۆیان ئامادە کرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپا.

لەنێوانیاندا جەنگێکی تەواو توند و دڵڕەقانە ڕوویدا و دواجار شۆڕشگێڕان پاش ئەنجامدانی چەند قەسابخانەیەکی خوێناوی لەڕێگە و شەقامەکاندا سەرکەوتن، حکوومەتی سەرکەوتوو سۆزی بۆ یەك کەس نەبوو، بەڵکوو تیربارانی سەدان تۆمەتباری دەکرد، ئەمەش دوای دادگایی کردنێکی خێرا و سەرزارەکی ژمارەی ئەوانەی لەو ڕووداوەدا کوژران زۆر لە کوژراوانی سەردەمی تیرۆر زیاتر بوون.



Scanned with CamScanner

پاشان کۆمەڵەی جەماوەری رێبەری(تیەر) کەوتە دانەوەی ئەو قەرەبووە جەنگیە قورسەی کە ئەڵمانیا بوسوریدا سەپاندبوو، کاتێک حکومەت رایگەیاند توانیویەتی لەماوەی سێ ساڵدا پێنج بلیۆن فرەنك بداتەوە جیهان سەرسام بوو، دوای ئەوە وڵات بەرەو بوژانەوە چوو چی کاریگەری شەڕ هەبوو هەموو چاك کرایەوە، سوپا رێکخرایەوە، خزمەتی سەربازی لەسەر هەرتاکێکی فەرەنسی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دانرا، دەبوو پێنج ساڵ لەناو سوپادا بێت و پانزە ساڵیش ئامادەیی ئەوەی هەبێت لەکاتی پێویستدا چەك هەڵبگرێت.

هەروەها ئەرکێکی دیکەی کۆمەڵەکە دانانی دەستورێك بوو بۆ فەرەنسا، پاش تێپەڕ بوونی چەند ساڵێك وڵات نەیتوانی جۆری ئەو دەستورە دیاری بکات کەدەیەوێت، بۆیە بڕیاریدا فەرەنسا حکومەتێکی کۆماری بێت، هەرچەندە رەگەزی پاشایەتی لەکۆمەڵەکەدا دەسەڵاتدار بوون، ئەمەش لەبەرئەوەی پاشاییەکان لەنێو خۆیاندا دووبەرەك بوون و دژ بەیەك دەجەنگان و کاندیدێکی بەهێزیان نەبوو تا کورسی دەسەڵات بگرێتە دەست، بۆیە کۆماریەکان دەرفەتیان قۆستەوە و لە ساڵی ١٨٥٧ز.دا کۆمەڵەکەیان ناچارکرد تا سێ یاسا دەربکات و تیایدا شێوەی حکومەتیان دیاریکرد.

ئەو سێ یاسایەیش لەوکاتەوە بوون بەیاسای بنەڕەتی وڵات، بەپێی ئەو دەستوورە دەبوو سەرۆك کۆمار لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ هەڵبژێردرێت، ئەو دوو ئەنجومەنەش لە قرسای کۆببنەوە، بەڵام دەسەڵاتی تەواوی پێ نەدەن ئەوەك بەوێنەی فەرمانڕەوایانی فەرەنسا هەرلە رۆژانی ناپلیۆنی یەکەمەوە تا دوارۆژەکانی ناپلیۆنی سێیەم دەسەڵات بۆخۆگی قۆرخ بکات، بۆیە وەزیرەکان لەبەردەم ئەودا لێپرسراو نەبوون، بەڵکوو پەرلەمان ئەو کارەی دەکرد وەك چۆن لە ئینگلتەرادا وابوو، دیاریکردن و لابردنی وەزیرەکانیش بەدەست سەرۆك کۆمار نەبوو، بەڵکوو بەدەست زۆرینەی ناو پەرلەمانەوە بوو، لەڕاستیدا سەرۆکی حەقیقی وڵات لە فەرەنسادا سەرۆك وەزیران بوو نەوەك سەرۆك کۆمار.



Scanned with CamScanner

کلێسا هەر لەسەرەتاوە بەرامبەر بەکۆماری نوێ هەڵوێستی دوژمنکاری هەبوو، چونکە کۆماریەکان چەند ڕا و بنەمایەکیان هەڵگرتبوون کە لەگەڵ ویستی کلێسایان بلێن بەرژەوەندیەکانی کلێسادا نەدەگونجان، وەك پەروەردە و فێرکردنی بەهێزی گشتی لەدەرەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی یان ئازادی چاپەمەنی و چەندین بنەمای دیکە، بۆیە سیستمێکیان بۆ خوێندنگەگشتیەکان دامەزراندو تیایدا پیشەکانی وانە وتنەوە یان لەسەر چینی ئەکلیرۆس قەدەغە کردو ئەو خوێندنگە تایبەتیانەیان دامەزراندن کە زۆرجار لەدەست پیاوانی ئایینی و لەژێر چاودێریەکی توندداا بوون، کاتێك قەشەکان بەرامبەر بەو یاسایانە وەستانەوە، پەرلەمان بڕیاریدا خوێندنگەکانیان دابخرێن و بڵاوەیان پێ بکرێت، بەمە زۆربەیان فەرەنسایان بەجێهێشت و چوونە دەرەوە.

پاشان هەنگاوی دووەم هات کەلە یەکەمیان دوور و درێژتر بوو، ناپلیۆنی یەکەم لە ساڵی ١٨٠١ز.دا پەیماننامەی (کۆنکۆردا ) ی لەگەڵ پاپادا بەست و تیایدا دامەزراندنی قەشەکانی دایە دەست حکومەت، موچەی پیاوانی ئایینیشی والێکرد کە لە خەزێنەی دەوڵەتەوە بدرێت، وەك ئەوەی لەسەردەمی کۆندا هەبوو، واتە قەڵەمڕەوێکی فراوانی بۆ پیاوانی ئایینی هێشتەوە و لەهەمان کاتدا لەحکومەتدا وەك کارمەند دایمەزراندن.

بەڵام بڕوای زۆربەی کۆماریەکان بەڕێنماییەمانی کلێسا دای لە لێژی و بڕوایان پێ نەما، بۆیە ل ساڵی ١٩٠٥ز.دا یاسایەکیان دەرکرد کەبەوپێیە لە فەرەنسادا کلێسا لەدەوڵەت جیاکایەوە، بەمەش حکوومەت هەموو یارمەتیەکانی لێبڕین و کلێسای بۆ بەجێهێشتن، بەڵام کۆشکی قەشەکان و چەند بینایەکی ئایینی کران بە خوێندنگەو نەخۆشخانە، ئەمەش وەك سزادانێکی پیاوانی ئایینی بەرامبەر بە لەڕوودا وەستانی سیستمی نوێ، بەردەوام ئەمڕۆیش کلێسای کاثۆلیکی دامەزراوەیەکی جیا لە حکوومەتە لەژیانی خۆیدا پشت بەو دیاریی د بەخششانە دەبەخشێت کە باوەڕدارانی مەسیحی کلێسای کۆن پێیان دەبەخشی.

فەڕەنسا لەژێر سایەی دەسەڵاتی کۆماری سێیەمدا بەشێوەیەکی خێرا پێشکەوت، فەڕەنسیەکان لەو گەلانەن کەناسراون بە پارە ویستی زۆریان، واتە زۆر حەزیان لە ئابووریە، جووتیاری فەڕەنسی حەز دەکات لەبانکی فەڕەنسیدا قەرزی دەوڵەتانی دیکەی هەبێت بەتایبەت ڕوسیا تا ئەوەی پاریس وەك پێگەیەکی قەڵەمڕەو لەجیهاندا ڕکەبەری لەندەن و نیۆیۆرك دەکات.

هەرچەندە هەندێ بارگرژی سائەوناسات دەهاتنە ڕێ، بەڵام فەڕەنسا لەهێزو ساماندا گەشەی سەند، ئەو گەشە سەندنەیش زۆر خێرابوو بەتایبەت لەماوەی پێش جەنگدا، دەوڵەت سیاسەتی داگیرکاری لە ئەفریقیاو ئاسیا دا گرتەبەر، ئەمە بوویە هۆی ئەوەی لەگەڵ ئەڵمانیادا پێکدابدات و دوژمنکاری نێوان هەردوو وڵات زیاد بکات، وەك دواتر دەیبینین.

**********************



Scanned with CamScanner

# (باسی شەشەم)
# (ئیمپراتۆریەتی بەریتانی)

لەئەنجامی جەنگی ناوخۆی سەدەی حەڤدەهەمدا لە ئینگلتەرا دوو حیزبی گەورەی سیاسی دەرکەوتن، ئەوانیش بریتیبوون لە حیزبی (تووری )و ( ویک )، یەکەمیان دواتر پێی دەوترا حیزی پارێزکاران، ئەمە پێی وابوو پێویستە دەسەڵاتی پاشاو کڵێسای ئینگلیزی بمێننەوە، چونکە دەسەڵاتی بنەماڵەی ستیورات بەمانە پووخێنراو دەست نووسی مافیشیان نووسی، لەسەدەی نۆزدەهەمیشدا چەندین چاکسازی ئەنجامداوە کەوایکردووە ناوی حیزبی چاکسازی لێ بنرێت، حیزبی کرێکارانی ئێستایش لەکۆتا ساڵەکاندا دەرکەوت، لەئینگلتەرادا یاسا بەو جۆرەیە کە کارگێڕی کاروباری دەوڵەت بەدەست ئەو حیزبە بێت کە لە ئەنجومەنی گشتیدا زیاترین دەنگ بەدەست بهێنێت و تا ئەو دەنگە زۆرینەی هەبێت دەسەڵات لەدەستیدا دەمێنێتەوە، پاشا سەرۆکی حیزب بانگ دەکات تا ببێتە سەرۆک وەزیران و وەزارەت پێکبهێنێت، ئیدی سەرۆك وەزیران دەسەڵاتی بەسەر ئیمپراتۆریەتی بەریتانیدا دەبێت.

ئینگلتەرا ئەو سیستمە وەزاریەی گرتەبەر و لەسەردەمی جۆرجی یەکەمەوە جێبەجێی کرد، جۆرجی یەکەم ئینگلیزی نەدەزانی، بۆیە لەکۆبوونەوەی وەزیرەکانیدا ئامادە نەدەبوو، ئیتر ئەوان بەدڵی خۆیان و بەبێ ئامادەبوونی جۆرج چ بڕیارێکیان بویستایە دەریاندەنکرد، لێرەوە دەسەلاتەکەیان ئەو شێوەی وەرگرت و وەزارەت ئەم چوارچێوە نوێیەی وەرگرت.

هەروەها لە ئینگلتەرادا دەبێت ئەنجومەنی گشتی دەنگ نەدات لەسەرر خەرجی بڕی پێویستی داهات بۆ بەڕێوە چوونی کارەباری دەوڵەت ئەگەر هاتوو وەزارەتێکی بێ متمانە لەسەر کاربوو.

بەمە دەبوو هەموو وەزارەتێکی ئینگلیزی لەگەڵ ئەوەی بزانێت ئەنجومەن بەرپەرچی یەکێك لەو لائیحانە دەداتەوە کە پێشکەشی کراون و دەنگی زۆرینەیان

بەدەست داوە، دەبوو یەکسەر دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت، بۆ ئەمەش پاشا ڕێبەری بەرهەڵستکاری ڕادەسپاد تا وەزارەت پێکبهێنێت، بەلام هەندێ جار وا ڕووی دەدا وەزارەت بڕوای وابێت گەل لەگەڵدایە و گوێی لەڕای زۆرینەی پەرلەمانی نەبێت، بۆیە داوای لە پاشا دەکرد تا پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە تا چەند هەڵبژاردنێکی نوێ بکرێت بەو هیوایەی زۆرینەی پێویست بەدەست بهێنێت، لێرەوە دەردەکەوێت وەزارەت لەبەدەم پەرلەمان و هەموو گەلیشدا خۆی بەبەرپرسیار دەزانێت.

هەروەها دەبێت ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بەریتانی بۆ ماوەیەکی نادیار هەڵبژێردرێن، بەلام لە ساڵی ١٩١١ز.دا یاسایەك دەرچوو، بەو پێیە دەبوو هەموو پێنج ساڵ جارێك (بەلایەنی کەمەوە) هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، دەکرێت هەرکاتێك بۆ بەدەستهێنانی ڕای ڕاستەوخۆی گەل لەهەر مەسەلەیەکی ترسناکدا ئەنجومەن هەڵبوەشێنرێتەوە، لێرەوە دەردەکەوێت حکومەتی بەریتانی زیاتر بەڕای گشتی کاریگەر بووە تا بەو حکومەتانەی کەئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵبژێردراون و بەتەواو بوونی ئەوماوە کۆتاییان پێ دەهات.

بەلام لەسەدەی هەژدەهەمدا پەرلەمان بەتەواوەتی نوێنەرایەتی هەموو گەلی نەدەکرد، بەڵکوو شارە کۆنەکان هەرچەندە دواکەوتوبوون و دانیشتوانیان کەمبوون، کەچی ژمارەی زیاترو یەکەمینی ئەو نوێنەرانەیان هەبوون کەلە ڕۆژانی گەشەسەندنیاندا دەیاننناردن بۆ پەرلەمان، لەکاتێکدا لەپەرلەماندا نوێنەری ئەو شارە گەورانە نەبوو کەلەئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیەوە دامەزرابوون وەك مانجستەر و لیدز و پەرمەنگەهام ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە بەرتیلکاری لەهەڵبژاردنەکاندا ڕەواجی هەبوو، ئەندامانی ئەنجومەنی لۆردات دەسەلاتی بەسەر چەند نوێنەرێکدا هەبوو.

دواجار لە ساڵی ١٨٣٢ز.دا یاسایەك دەرچوو کە پەنجاوشەش ناوچەی کۆنی هەڵبژاردنی کۆکردەوە، ئەو ناوچانە لەمافی ناردنی نوێنەردا گرنگیان نەمابوو، هەروەها چلو سێ ناوچەی نوێشی هێنایە کایە، هاوکات یاساکە چەند ماددەیەکی



Scanned with CamScanner

دیکەشـی لـەخۆ دەگـرت کـە بەشـداری کردنـی چینە دەوڵەمەنـدەکانی لـە هەڵبژاردنەکاندا زیاتر دەکرد، بەڵام کرێکاران و جوتیارانی پشت گوێ خشت.

ئـەم گۆڕانانـە جێـی سـەرنجی بـانگخوازانی چاکـسازی بـوون، بۆیـە دەستنووسـێکیان پێشکەشی پەرلـەمان کـردو تیایـدا داوایـان کـرد تـا دەرفەت بەهـەموو کەسـێك بـدرێت لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـداری بکـەن، ئەمـەش لەڕێگەی دەنگدانی نهێنیـەوە، هـەروەك داوایـان کـرد پلـە بەئەنـدامانی پەرلـەمان بـدرێت تا هـەژاران بتـوانن بچنە ناویەوە، چونکە پێشتر تـەنها کەسانی دەوڵەمەند دەچوونە ناویەوە بەهۆی ئەوەی دەیانتوانی لەگەڵ سەرقاڵ بوونیـان بەپەرلەمانیشەوە ژیانی خۆیان بەڕێوە بەبەن.

ئەمانە چەند ڕێپێوانێکی گەورەیان ئەنجامدا، دەڵێن نزیکـەی یـەك ملیۆن واژۆ ( ئیمزا ) یان بۆ پاڵپشتی نوسراوەکەیان کۆکردۆتـەوە، بـەڵام پەرلـەمان گوێی بەو دوو داواکاریـە نـەدا کەلـە دوای شۆڕشی ١٨٤٨ز.ەوە پێشکەشیان کردبوون، بۆیە گـەل چـەند شۆڕشـێکی بـچووکیان ئەنجامـداو پۆلیـسیش شۆڕشـەکانی سـەرکورت کردن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئینگلتـەرا وەك ئـەورووپا شۆڕشـی گـەورەی بەخۆیەوە نـەدی، دواجـار لـە سـاڵی ١٨٦٧ز.دا ئەنجومـەنی گـشتی ڕازیبـوو بـەزیادکردنی ژمارەی دەنگدەران، پاشان لە ساڵی ١٨٨٤ز.دا ژمارەیان زیادی کرد بۆ دووملیۆن، بەڵام ژمارەیەکی زۆری گەل مافی دەنگدانی نەبوو.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا مافی دەنگدان فراوان بوو، ژنان و ئەو پیاوانەی لـە دەنگـدان بێبـەش بـوون داوای مـافی دەنگـدانیان کـرد، خێـرا دەسـتەیەك بانگەشەکەری توندوتیژی بۆ مافی دەنگدانی گشتی دەرکەوتن و چەندین پێناوی توندوتیـژییان گرتەبـەر ئامانجیـان بـەدیبهێنن، بـەردەوام وڵات بـۆ مـاوەی دە ساڵ لەبگرەو بەرداندا بوو تا لە ساڵی ١٩١٧ز.دا بەنوسـراوێك بڕیـاری دیموکراتیەتی دروسـت درا، بـەو پێیـە هـەموو پیـاوان و نزیکـەی شـەش ملیـۆن ئـافرەت مـافی دەنگدانیان هەبوو.

لێرەدا ئاماژە بەمافی دەنگدان بە ئافرەت لەلایەن ئینگلتـەراوە دەکەین، ئەمە سەرەتای بزووتنەوەیەکی گشتی بوو کەلە چەند دەوڵـەتێکی دیکـەی جیهاندا ئەمە ڕوویدا.

# سەردەمی چاکسازی

ئینگلیز بەو چاکسازیانەی ناو پەرلەمانەوە نەوەستا، بەڵکوو کەوتە گۆڕینی یاساکانی تا مافی ئازادی گوفتارو نوسینی خەڵك زیاتر بکات و باری ژیانیان لەچەند لایەنێکی گرنگەوە باش بکات، یەکەم هێمای ئازادیخوازیش ئەوە بوو لەگەڵ ئازادی گوفتارو ڕۆژنامەوانی کۆبوونەوە بۆ لێدوانی سیاسی هەبوو، یاسا ئینگلیزەیەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا لە یاساکانی ئەورووپا توندیان کەمتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی تەواوی لێدوان و گوفتار نەبوو، ئەو ئازادیەی هاتە ئینگلتەرا لە نیوەندەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەدەستی هێنا، بەمە لە ئینگلتەرا مەرجی بنەڕەتی دیموکراتیەت هاتەدی.

لەسەدەی هەژدەهەمدا لە ئینگلتەرا ئازادی ئایینی هەبوو، بەڵام ئەو کاثۆلیك و پرۆستانتانەی لە کڵێسای ئینگلتەرا جیابوونەوە ڕێیان پێ نەدەدرا دابمەزرێن، ئەو کۆتە دوای چەند بزووتنەوەیەکی دووروودرێژ نەماو لە ساڵی ١٨٢٨ز.دا ئەو یاسا کۆنانەی فشاریان لەسەر جیابووەکان دادەنا لەکار خران، لەجیاتی ئەوەدا مەرجیان دانا کارمەندان سوێند بخۆن قەڵەمڕەوی خۆیان بەزیانی کڵێسای ئینگلتەرا یان لاواز کردنی ئەو کڵێسایە بەکار نەهێنن، پاشان کاثۆلیکەکان بۆ ساڵی دواتر وەك ئەوانی دیکە ئەژمارد دەکران و دەرفەتیان پێدرا تا بچنە ناو پەرلەمانەوەو چوونە ناو هەموو پیشەکانەوە بەمەرجێك ئەو بیروباوەڕەیان وەلابنێن کەپێیان وابوو پاپا بۆی هەیە دەستوور بداتە کاروباری دنیایی، هەروەها هێرش بردنە سەر مەزهەبی پرۆستنتاتی واز لێبهێنن.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا نەخوێندەواری هێشتا لە ئینگلتەرادا بڵاوبوو، بەڵام حکومەت لە ساڵی ١٨٧٠ز.وە هەوڵیدا خوێندنگەی گشتی خۆرایی دابمەزرێنێت، لەئەنجامی ئەم بزووتنەوەیەدا هەموو منداڵانی ئینگلتەرا فێری نووسین و خوێندنەوە دەبوون، نرخی ڕۆژنامەکان دابەزی بۆ ئاستێك کەهەموو مرۆڤێك دەیتوانی بیانخوێنێتەوەو ئاگاداری ڕووداوەکانی جیهان بێت.



Scanned with CamScanner

یاسای سزادانی ئینگلیزی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر توند بوو، نزیکەی دووسەدو پەنجا جۆری تاوان سزای لەسێدارەدانیان هەبوو، بەڵام ئەو سزایانە یەك لەدوای یەك گۆڕان تا ئەوەی لە ساڵی ١٨٦١ز.دا تەنها سێ جۆری سزای لەسێدارەدان مایەوە، لە ساڵی ١٨٣٥ز.دا یاسای پشکنینی بەندینخانەکان دەرچوو تا لەباری خراپی بەندینخانەکان بکۆڵێتەوەو چاکیان بکات، ئەمە سەرەتای چەند چاکسازیەکی دیکەبوو لەو بوارەدا.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا باری کارگەکان لە ئینگلتەرادا زۆر خراپ بوو، خاوەن کارگەکان زۆر بەکەمی گرنگیان بە کرێکارەکانیان دەدا، بەڵکوو چەندین کرێکاریان لەچادرێکی تاریك و تەسکدا کۆکردەوە، ئەو چادرانەش لەدەوروبەری پێگەی کارەکاندا بوون، بەکارهێنانی ئامێری هەڵمین وەك بیانوویەك بۆ خستنە کاری منداڵانی لەکارگەکاندا بەشێوەیەکی زۆر دەرکەوت، باریشیان لەباری کەسە گەورەکان باشتر نەبوو.

دواجار پاش لێکۆڵینەوەیەکی دووردرێژ پەرلەمان بڕیاریدا کاتژمێری کاری منداڵان لە چینی خوری و پەمووودا کەم بکاتەوە، پاشان لە ساڵی ١٨٢٤ز.دا ڕێ نەدرا منداڵان و ژنان لەکانەکاندا کاربکەن، لە ساڵی ١٨٤٧ز.یشدا کاتی کارکردنی منداڵان و ژنان لە کانەکاندا کرا بە دە کاتژمێر.

ئەم سەرکەوتنە گەورەیە هی بانگخوازانی چاکسازی و شکستی بەرگریکاری بیری دەستوەردانی دەوڵەت بوو بۆ کاروباری کارگەکان، ئەمە پەرلەمانی لەسەردەمی ڤیکتۆریا و ئەوانەی دواتریشدا هاندا تا ساڵ دوای ساڵ بەگۆڕینی یاساکانی پێشتر یاسای چاکسازی دەربکات.

ئینگلتەرا تا دوارۆژەکانی خۆی ناسرابوو بەو بازرگانیە ئازادەی کەبەڕێوەی دەبرد، هەرچەندە وڵاتانی دیکە هەوڵیاندەدا بەدانانی باجی گومرگی لەسەر زۆربەی هاوردەدەرەکیەکان بەرهەمەکانی خۆیان بپارێزن، ئینگلتەرا لەسەر سیستمی پارێزگاری و کۆتی دەریاوانی دەچوو، ئەمە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم وابوو، دواتر کارگە ئینگلیزیەکان توانیان لەمەیدانی بازرگانی دەرەکیدا بەسەرجیهاندا زاڵ بن، بەمە باجی سەر دانەوێڵە لابراو دواتر لەنێوان ساڵانی ١٨٥٢زو ١٨٦٧زدا هەموو یاسامانی دەریاوانی لەکارخران و باجە گومرگیەکانیش مانەوە.



Scanned with CamScanner

پارێزکاران نزیکەی ماوەی بیست ساڵ (١٨٨٦ز-١٩٠٦ز) جڵەوی کاروباریان لەدەست دابوو، خەریك بوو بانگەوازی چاکسازی لەئینگلتەرا بەتەواوەتی سەرکورت دەکرا، بەڵام هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٠٦ز) دەنگی زۆرینەی ئەنجومەنی گشتی دایە دەست ئازادیخوازان، لەمەشدا حیزبی نوێی کرێکاران و نیشتمانیە ئێرلەندیەکان یارمەتیان دەدا.

بەمە وڵات چووەیە سەردەمێکی نوێی چاکسازیەکانی وەستاند، حیزبەکانی حکومەت لەو سەردەمەدا پێیان وابوو دەبێت هەوڵ بدەن ئەو هەژاریەی دوچاری زۆربەی دانیشتوان بووە کەمی بکەنەوە، بۆیە چەند یاسایەك دەرچوون بۆ یارمەتیدانی پەککەوتوان و بێتواناکانی ناو کارگەکان، هەروەها یارمەتیدانی خوێندکارانی هەژار.

لە ساڵی (١٩٠٨ز)دا لوید جۆرج بوو بەوەزیرە دارایی و بە وتارێکی مەترسیدار بودجەی ساڵی داهاتووی خستەڕوو تیایدا وتی: پێیان وتوم وەزیری دارایی پێش من ئەو باجە گەورانەی سەردەمی ئاشتی وەرنەگرتووە، ئەمە بودجەیەکی جەنگیە بۆ کۆکردنەوەی دراوی پێویست بۆ ڕاگەیاندنی جەنگێکی گەورەی دژ بە هەژاریو نەبوونی، من هیواو بڕواشم وایە ئەم نەتەوەیە کۆتایی پێ نایەت تا ئەوەی هەنگاوێکی گەورەی بەرەو ئەو کامەرانیەگەورەیە دەنێن کەتیایدا نەوەکانی وڵات لەنەبوونی و سەختی ڕزگاریان دەبێت و لەدەست گورگی زۆری ناو دارستانەکان دەربازبن.

ئەنجومەنی گشتی ئیمزای لەسەر بودجەکەی کرد، بەڵام ئەنجومەنی لۆردات بەرپەرچی دایەوە، بۆیە پەرلەمان هەڵوەشایەوە و هەڵبژاردنی نوێ کرا و تیایدا دەرکەوت کە گەل لە پاڵ وەزارەت و ئەنجومەنی گشتی جاراندایە، ئەوکات ئەنجومەنی لۆرداتیش دانی پێدانا، بەڵام ئازادیخوازەکان دەیانویست تۆڵە لە یارانیان بکەنەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩١١ز.دا یاسایەکیان دەرکرد و تیایدا ئەنجومەنی لۆرداتیان بێبەش کرد لەدەستوەردانە مەترسیدارترین کێشە و پرسی دەوڵەت کەئەویش دانانی بودجە بوو، بەڵکوو هەمووی درایە دەست ئەنجومەنی گشتی.

*********************

# پرسی ئێرلەندا

گەورەترین و مەترسیدارترین کێشەیەك کەلەپەرلەمانی لەسەدەی ڕابردوودا سەرقاڵ کردبێت کێشەی ئێرلەندا بوو، ئینگلیزەکان هەر لەڕۆژانی هینری دووەمەوە لەنێوان سالانی ( ١٥١٤ز تا ١١٨٩ز )ئێرلەندایان بەرز ڕاگرت و دەستیانگرت بەسەر چەند پارچە خاکێکدا و لەوێوە ماڵ و سامانیان دەبردن، ئێرلەندیەکانیش لەڕۆژانی ( یسابات )و دواتر ڕۆژانی ( کرۆمۆیل )یشدا هەستان و ناڕەزاییان دەربڕی.

ئینگلیزەکانیش بەتوندی لەڕوویاندا وەستان و دەستبەسەردا گرتنی خاکی ئێرلەندایان زیاترکرد، لە ساڵی (١٨٦٦ز) دا پاشای کاثۆلیکی ( جیمسی دووەم) پاڵپشتی ئێرلەندیەکانی کرد، ئینگلیزیش دووبارە لەڕوویاندا توندی گرتەبەرو دەستیگرت بەسەر زەویەکی زیاتریاندا و هەمووی دایەدەست موڵکدارانی ئینگلیزو نەوەکانی ئەوانیش لەسەر ماڵوموڵکی ئێرلەندا دەژیان و خۆیشیان لە وڵاتی خۆیان بوون.

بەوجۆرە لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا ئێرلەندا ساڵانە ملیۆنەها جونەیهی دەنارد بۆ ئینگلتەرا و ئەو موڵکدارانەی کەلە وڵاتدا نەبوون ئەو پارەیان بۆ خۆیان دەبرد، ئەو موڵکدارانی ئینگلیز، ئەگەریش یەکێکیان نەیتوانیایە ئەو بڕ پارەیە بدات ئەو زەویەکەی لێدەسەنرا و لەخانووەکەی دەردەکرا.

شتێکی ئاسایی بوو کەئەو بارە جوتیارانی ئێرلەندای خستە بارێکی زۆر سەختەوە و مەرگی برسێتی هەڕەشەی لێ دەکردن، جوتیاران لەبارێکی زۆر سەختدا دەژیان، چونکە زۆربەیان لەسەر خواردنی پەتاتە کەم بەرهەم دەهات، ئێرلەندا ساڵی ١٨٤٧ز. یان بە ساڵی ڕەش ناو برد چونکە تیایدا بەرهەمی پەتاتە نەبوو، بۆیە هەزاران کەس بەبرسێتی مردن و یارمەتیەکانی حکومەت دادی نەدان، ئەمە وای لە ئێرلەندیەکان کرد تا زیاتر کۆچ بکەن بۆ ئەمریکا، لەماوەی نیو سەدەدا چوار ملیۆنیان بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێی کۆچیان گرتەبەرو بەو پەڕی ڕق و کینەیان دژ بە ئینگلتەرا وڵاتیان بەجێهێشت.



Scanned with CamScanner

ئینگلتەرا مەزهەبی پرۆستانتی وەرگرتبوو، بۆیە هەوڵیدا ئێرلەندیەکان لە کاثۆلیکەوە بکات بە پرۆستانتی، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون مەزهەبەکەیان بگۆڕن، ئینگلیز هەوڵیدا بەدروستکردنی کلێسای پرۆستانتی لە وڵاتیان و ڕاوەدوونانی قەشە کاثۆلیکەکان و گۆڕینیان بە پروستانت و ناچارکردنی ئێرلەندیەکان بە پێدانی دەیەکی داهاتی یەکەمیان بۆ خەرجی قەشەو کلێسای ئینگلیزی ناچاربکات ببن بە پرۆستانتی.

کاثۆلیکەکان لە ساڵی ١٨٢٩ز.دا چوونە ناو پەرلەمان و هەوڵیاندا ئەو سیستمە کۆنە لاببەن و توانیان لە ساڵی ١٨٦٩ز.دا حکومەت ناچار بکەن تا کلێسای ئینگلیزی لە ئێرلەندا لاببات و دەیەک لە ئێرلەندیەکان نەسێنێت، ئەم سەرکەوتنەی کاثۆلیکەکان لە کێشەی کلێساداپیاوانی کاثۆلیکەکان هاندا تا مەسەلەیەکی دیکەش بکەنەوە کەئەویش کێشەی زەویەکانە، کۆمەڵێك لەنوێنەران بەڕێبەری (بارشیل ) لەپەرلەماندا لەسەر ئەو مەسەلەیە دەنگۆیەکی گەورەیان نایەوە، بەمە لە ساڵانی نێوان (١٨٨١ز تا ١٩٠٣ن) دا چەند یاسایەك دەرچوون کەکرێی زەوییان لەسەر ئێرلەندیەکان زیادکردو سولفەیشی بەهەندێکیان بەخشی تا ئەو زەویەی کاری تێدا دەکەن بیکڕن بەمەرجێك بەچەند جارێك ئەو پارەیە بدەنە حکومەت.

ئێرلەندیەکان بەداخوازی ئازادی ئایینی گێڕانەوەی زەویەك نەوە نەوەستان، بەڵکوو کەوتەداوای دەسەڵاتی خۆیی، ئەمە چەند ساڵێك پەرلەمانی ئینگلیزی سەرقاڵ کرد،ئێرلەندا پەرلەمانێکی تایبەتی هەبوو کەلە ساڵی ( ١٨٠١ن) دا هەڵوەشێنرابوویەوە و لەجیاتیدا سەد نوێنەری لەئەنجومەنی لۆرداتدا هەبوو، بەڵام نیشتمانیە ئێرلەندیەکان بەو دەست درێژیە بێزار بوون، بۆیە بەهەموو جۆرە پێنوێك هەوڵیان دەدا پەرلەمانەکەیان بگێڕنەوە، چونکە چارەسەری نوێ هیچ سوودێکی پێنەگەیاندن و نوێنەرەکانیشیان لەپەرلەمانی بەریتانیدا بەهایەکیان نەبوو، چونکە زۆرینەی بەدەست ئینگلیزو سکۆتلەندیەکان بوو، بەڵام هەوڵەکانیان بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.



Scanned with CamScanner

دواجار ئێرلەندیەکان دەسەلاتی خۆیان بەدەست هێنا، میستەرگلادستۆن لە سالی (١٨٨٦ز و ١٨٣٩ز) دا هەولیدا دەسەلاتی خۆییان بداتە دەست، بەلام شکستی خوارد، نوێنەرە ئێرلەندیەکان لەخەباتی خۆیان دژ بەپەرلەمان درێژە پێدا تا لە سالی (١٩١٤ز)دا یاسایەکیان دەرکرد بەپێدانی دەسەلاتی خۆیی ئێرلەندا، بەلام ئینگلیزەکان لە پرۆستانتە ئێرلەندیەکان باکووری ئێرلەندایان بزواندن و هەوالیان پێدان کە جێبەجێکردنی یاساکە دەبێتە هۆی دەسەلاتداربوونی کاثۆلیك.

ئەمانە چەند بزووتنەوەیەکی توندوتیژییان ئەنجام دان و سکالایان دژ بە ئینگلتەرا کرد لەسەر جێبەجێ نەکردنی یاساکە، هەوالی جەنگی جیهانی یەکەم بوویە هۆی لەبیر کردنی کاتی مەسەلەکە، دوای ئاگربەستیش ئێرلەندیەکان خەباتی سیاسی خۆیان دەستپێکردەوە، لوید جۆرج داوای کۆبوونەوەی کۆمەڵەیەکی دامەزراندنی ئێرلەندی کرد، بەلام هیچ سودێکی نەبوو، لەولاتدا چەند بارگرژیەکی ترسناك ڕوویانداو ئینگلتەرایش بەتوندو تیژیەکی زیاتر بەرەو ڕوویان بوویەوە و تیایدا چەند کارێکی شەرمەزارانەی گەورەی ئەنجامدا، لەوماوەشدا لە ولاتدا حیزبی کۆماری (شین فین)دامەزرا، ئەم حیزبە بیری سەربەخۆیی تەواوی هەلگرتبوو و دەیویست ولات لە ئینگلتەرا جیابێتەوە و بکرێت بەکۆماری.

لە سالی (١٩٢١ز)دا ئینگلیز لەگەل ئێرلەندیەکاندا پەیماننامەیەکی نیمچە زۆرداری ( ئیجاری ) بەست تیایدا وەك باری کەنەدایان لێهات و باشوورو باکووریان لێکجیاکردەوە، بەمەیان هەربەشێکی حکومەتێکی ناوچەیی و پەرلەمانێکی دەبوو، زۆرینەی پەرلەمانیش ئێرلەندیەکانی باشوور یان ئازادەکان بوون و بەدەست حیزبی کۆماری بوو، ئەم حیزبەیش دەیویست سوێندی دلسۆزی بۆ پادشای ئینگلیز نەهێلێت و ئەو بڕ پارەیە نەدات کەلەسەر جوتیاری ئێرلەندی بەقیست دانرابوو بەرامبەر بەو زەویانەیان کەوەریانگرتبوونەوە، یان ئەو پارەی بۆ کڕینیان لەسەریان دانرابوو، وادەردەکەوێت جارێکی دی سەر لەنوێ خەباتی نێوان ئێرلەندا و حکومەتی بەریتانی دەست پێبکاتەوە.



Scanned with CamScanner

# هیندستان

هیچ دەوڵەتێکی جیهان نەیتوانی ئیمپراتۆریەتێکی وەك ئیمپراتۆریەتی بەریتانی دابمەزرێنێت و بەسەر چەند ناوچەیەکی جیهاندا بڵاوببێتەوە، بێگومان لەگرنگترین بەشی ئەم ئیمپراتۆریەتە گەورەیە هیندستانە، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئینگلتەرا لەهیندستاندا ناوچەی بەنگالو دۆڵی (کنج ) تا ئەودیو دلهی و بەشێکی بەرتەسکی کەناراوی ڕۆژهەڵات و باشووری نیمچە دوورگە و سیلان و بۆمبی و ناوچەی باشوریشی لەدەستدابوو، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو ناوچانەی بەڕێوە دەبرد.

بەڵام پاراستنی پەیوەستی چەند ناوچەیەکی دیکە بوو، لەوکاتەدا فەڕەنساو پورتوگال لەهیندستاندا قەڵەمڕەوێکی سیاسی وایان نەما، ناوچەکانی قەڵەمڕەویان لەچەند پێگەیەکی بازرگانیدا بەرتەسك ببویەوە، بەڵام ئینگلتەرا ئەگەر بیتوانیایە بەسەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتانی دیکەی بیانی لەهیندستاندا زاڵ بێت ئەوا لەبەردەمیدا قەڵەمڕەوێکی بەهێزی یەکێتی میهراتیەکان هەبوو.

ئەو یەکێتیە لەچەند ویلایەتێکی هیندی پێکدەهات کەدەکەوتنە ڕۆژهەلاتی کەناراوی بومی، ئینگلتەرا چەند ناکۆکیەکی نێوان ویلایەتەکانی ئەو یەکێتیەی کردە بەڵگەیەك بۆ دەستوەردانە کاروباری، بەو بانگەشەی بوونی هەڕەشەیە بۆ سەر ناوچەکانی دەوروبەری، بەو جۆرە لەنێوان ساڵانی (١٨١٦زو ١٨١٨ز)دا چەند جەنگێکی سەرپێی لەنێوانیاندا ڕوویدا و ئینگلتەرا دەستیگرت بەسەر بەشێکی زۆری ئەو ویلایەتانەدا، چەند سەرکردەیەك لەپێگەکانی خۆیاندا هێشتەوە بەرامبەر بەوەی ملکەچی قەڵەمڕەوی ئینگلتەرابێت.

لەو ماوەدا ئینگلتەرا هێرشی بردەسەر جەرخا، ئەمانە لەباکوور لەکەنار شاخەکانی هیمالایادا دەژیان و مەترسیەکی گەرەیان پێکدەهێنا، کەی بیانویستایە هێرشیان دەبردەسەر دۆڵی (کنج )و زیانیان بەدانیشتووەکانیان دەگەیاند، لەباکووردا شانشینێکیان بۆخۆیان دامەزراند بەناوی ( نیپاڵ )ئینگلیزەکان



Scanned with CamScanner

بەسەریاندا زاڵبوون و ناچاریان کردن تادەستبەردای چەند ناوچەیەکی بەرفراوانیان بن، لەجەنگی جیهانیشدا جەرخا دایە پاڵ ئینگلتەرا.

کاتێک ئینگلیزەکان سەرقاڵی میهراتی و جەرخەکان بوون بەرمانیەکان عێرشیان دەبردە سەر ویلایەتەکانی بەنگال لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام ئینگلتەرا لە ساڵانی (١٨٢٤ز - ١٨٢٦ز )دا بەسەریاندا زاڵبوون و ناچاریان کردن تا لەڕۆژهەڵاتی کەنداوی بەنگالدل ناوچەیەکی بەرفراوانیان بدەنە دەست.

ئەو ناوچەیە چاوچنۆکی ئینگلیزی تێرنەکردو پاش چارەکە سەدەیەك دووبارە هێرشیان بردەوە سەر بەرمانیەکان و دۆڵی ڕووباری (ئیراوای )و بەرەکانی (رانکۆن )یان درگیرکرد، پاشان لەنێوان ساڵانی( ١٨٨٤ز تا ١٨٨٥ز )دا جەنگی سێیەمیان ئەنجامداو دەستیان گرت بەسەر هەموو وڵاتدا.

لەباکووری ڕۆژئاوای هیندا دۆڵێکی بەپیت بەناوی (سند )هەبوو، لەو دۆڵەدا میرێکی هیندی هەبوو، ئینگلتەرا ئامادە نەبوو زەویە بەپیتەکانی ئەو شوێنە لەدەست ئەو کەسەدا بمێنێتەوە، بۆیە سکاڵای خراپی کارگێڕی ئەوێی کردە بیانوو و لە ساڵی ١٨٤٣ز.دا هێرشی بردە سەر خاکەکەی و دەستیبەسەردا گرت، لەو ماوەیەدا هێرشی بردە سەر سیخەکانی سەرسنوری بکووری ڕۆژئاوایی و دەستیگرت بەسەر ناوچەی گەورەی بنجاب لەکۆتایی ڕووباری (ئاندس )دا، بەمە هاوسنوری وڵاتی ئەفغان بوو.

کارو دەست درێژیەکانی ئینگلتەرا لەمیرنشینەکانیدا هۆکارێك بوو بۆ تووڕەکردنی سەرکردە هیندەکان و ئەو موسڵمانانەی ئامادە نەبوون دەوڵەتێکی مەسیحی وەك ئینگلتەرا ئەو خاکە گەورەو فراوانەی هەبێت، ئەمە بوویە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٨٥٧ز.دا شۆڕشێکی توند لەلایەن سوپای سیبوەی هیندیەوە ڕوویدات کە ئەفسەرانی ئینگلیز ڕێبەرییان دەکرد، لەدلهی شۆڕش دەستییپێکرد و شۆڕش گێڕان تیایدا ئینگلیزەکانیان سەربڕین، بەدوای ئەمەدا شۆڕشی



Scanned with CamScanner

دانیشتوانی (لکنر )ڕوویدا، پاشان شۆڕشی (کاونبور) کەتیایدا خەڵکەکەی هەزار کەسی ئینگلیزیان سەربڕی و هێزە ئینگلیزەکانیش توانیان بەیارمەتی سیبویە هەوادارەکانی شۆڕشەکە سەرکورت بکەن و بەشێوەیەکی توندوتیژ لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا هەڵسوکەوتیان کرد.

لە ئەنجامی سەرکورتکردنی ئەو شۆڕشەدا پەرلەمانی بەریتانی باری حکومەتی هیندی گۆڕی و کارگێڕی وڵاتی لەکۆمپانای هیندی ڕۆژهەڵات سەندەوە لەکاتێکدا زیاتر لە دووسەد و پەنجا ساڵ بوو وڵاتی لەدەست دابوو، ئینگلتەرا دەسەڵاتی هیندی دایە دەست پاشای بەریتانیا و پەرلەمانی بەریتانی، لەیەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٧٧ز.دا شاژنە ڤیکتۆریا لەئاهەنگێکی گەورەدا وەك ئیمپراتۆری هیند ڕاگەیەنرا، لەو کاتەوە لەوەزارەتی بەریتانیدا وەزیرێکی تایبەت بەهیند هەبوو، کارگێڕی ڕاستەوخۆیشی دایە دەست فەرمانڕەوایەکی گشتی کە پێی دەوترا (جێگری پاشا )حکومەتی بەریتانی دایدەنا.

بینیمان چۆن هەستی دژایەتی بەرامبەر بەڵکوو ئینگلیز لەهیندستاندا هەرگیز کۆتایی پێ نەهات، بەلأم ڕێکخرا و نەبوو، بەلأم زیاتر تاکە کەسی بوو، لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لە وڵاتدا چینێکی بیریارانی نیشتیمانی دەرکەوت و کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەوازە نیشتیمانیەی کە بنەڕەتی بزووتنەوەیەکی بەهێزە گەورە بوو و سەرکردە (طيلاق ) سەرەتا سەرکردایەتی کرد، پاشان هەردوو سەرکردە (گاندیو نەهرۆ )ڕێبەریان کرد، لەوڵاتدا ئەنجومەنێکی یاسادانانیان بەشێوەیەکی وێنەیی هێنایە کایە، بەلأم بزووتنەوەی نەتەوایەتی بەرەو سەربەخۆیی تەواو دەچوو و بەوە ڕازی نەبوو، ڕێگەی خەباتی توندو تیژیو دابڕینی کالأ بەریتانیەکان بۆ ناچارکردنی ئینگلیز بەملکەچ بوون بۆ خواستەکانی هیندستا هاتە کایە.

لەساڵەکانی دواتردا ئینگلتەرا هەوڵیدا بەجێبەجێکردنی چەند خواستێك هیندەکان ڕازی بکات، بەلأم زۆرینەی زۆری نیشتمانیەکان بەوە ڕازی نەبوون و بەردەوام لەخەباتی خۆیاندا مانەوە تا توانیان سەربەخۆیی تەواوی وڵاتی خۆیان بەدیبهێنن.



Scanned with CamScanner

# کەنەدا

کەنەدا گەورەترین خاکی بەریتانیا بوو لەڕۆژئاوادا، ئینگلیزەکان دوای جەنگی حەوت ساڵە داگیریان کرد، تیایدا تەنها شەست و پێنج هەزار داگیرکەری فەرەنسی هەبوون، پەرلەمان ڕێی بەوانە دا تا لەسەر مەزهەبی کاثۆلیکی خۆیان بمێننەوە، شۆڕشی ئەمریکی هات و زۆربەیان لە ویلایەتە شۆڕشگێڕەکانەوە ڕایانکرد بۆ کەنەدا، کۆچ لەئینگلتەراوە زیادبوو لە وڵاتدا زۆرینەیەکی ئینگلیزی کەڵەکە بوون و ژمارەیان گەیشتە هەشت ملیۆن کەس.

لەکەنەدا لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا چەندین بارگرژی ڕوویداو ئینگلتەرای ناچارکرد تا بیر لەوە بکاتەوە چاکسازی لەکارگێڕیدا بکات، بۆیە (لۆرد درهام )ی نارد، ئەویش دەقێکی نووسی و تیایدا بانگەوازی کرد بۆ پێدانی دەسەڵات خۆیی بەوڵات، پاشان هەرێمە کەنەدیەکان لەیەك کارگێڕیدا کۆبکەنەوە و فەرمانڕەوایەکی گشتی لەسەر دابنێن، تیایدا دوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران دانران، فەرمانڕەوای گشتیش خۆی یارمەتی دەدان، لەجەنگی جیهانی یەکەمدا کەنەدا پاڵپشتیەکی گەورەی ئینگلتەرای کرد لەکاتێکدا دوورترین ناوچەی دەسەڵاتی ئینگلیزی بوو.

*********************



Scanned with CamScanner

# ئوستورالیا

ئینگلتەرا لەباسفیکی باشوور دەستیگرت بەسەر هەموو ئوستورالیاو دوورگەکانی نیوزلەندای نوێدا، هەموو ڕووبەری ئەو ناوچانە دەگەیشتە زیاتر لەڕووبەری ویلایەتە یەکگرتووەکان، نیوزلەندای نوێ بەتەنها خۆی لەڕووبەری ئینگلتەرا زیاتر بوو.

سروشتی ئوستورالیا وایکردبوو کۆچەران و داگیرکەران لەکەناراوی ڕۆژهەلات و باشووریدا لەبەرەکانی دیکە زیاتر بێت، ولاتەکان و لەوەڕگە و بەرهەمی زۆر و دەولەمەندی هەبوو.

لەسەدەی هەژدەهەمدا لە ئوستورالیا گەلێك هەبوون کە هەمان نیشتمانیەکان بوون کەهیچ دەولەتێکی ئەوروپی هەولێنەدەدا بەسەریاندا زالبێت، لە سالی ١٧٨٧ز.دا ئینگلتەرا پێی وابوو ناوچەی سەر کەناراوی ڕۆژهەلاتی ئەوێ بووەتە پەناگەی تاوانباران بۆیە تاوانبارانی دەناردە ئەوێ، لەو کاتەدا داگیرکەر ئینگلیزەکان چوون بۆ ولات و تیایدا نیشتەجێ بوون، بۆیە ئینگلتەرا لەوە بەدوا تاوانباری بۆ دەنارد لە سالی ١٨٥١ز.دا زێڕ دۆزرایەوە و کۆچ بەرەو ئەوێ زۆر زیادی کرد و کارەساتی لێکەوتەوە بۆسەر دانیشتوانی ڕەسەنی ولات، چونکە بەریتانیا هەمووی لەناو برد.

ئینگلیزەکانی ناو ئوستورالیا پێیان باش بوو حکومەتێکە وەك ئەوەی کەنەدایان هەبێت، بۆیە لە سالی ١٩٠٠ز.دا یاسایەك دەرچوو بەو پێیە ولات شێوە یەکێتی وەرگرت کە لەیەکگرتنی حکومەتەکانی ویلزی نوێی باشوورو تاسمانیاو ڤیکتۆریاو کوینزیلەندا و ئوستورالیا و ئوستورالیای ڕۆژئاوایی پێکدەهات، ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانیش دانران، پاشای ئینگلیزیش فەرمانڕەوایەکی گشتی بۆ یەکێتیەکە دانا.

*********************

# ئەفریقای باشوور

ئەوەی لەداگیرگەکانی ئەمریکاو ئوسترالیادا تووشی ئینگلتەرا بوو لە داگیرگەکانی ئەفریقای باشووردا تووشە نەبوو، جا لەجەنگەکانی ناپلیۆندا داگیرگەکانی هۆڵەندای لەسەری هیوای چاکدا لێ دامالی، لەو داگیرگانەدا جووتیاری هۆڵەندی بەناوی (بویر )نیشتەجێ بوون، ئەوانە لەباری کاری ئینگلیز لە وڵاتدا بێزار بوون و دەهەزار کەسیان کۆچیان کرد بەرەو باکوورو زەویە دەوڵەمەندەکانی خۆیان بەجێهێشت و چوونە چەند زەویەکی هەژارەوە و لەو زەویانەدا دوو حکومەتیان دامەزراند و ئینگلتەرایش سەرەتا لێی بێدەنگ بوو.

کاتێک لەو شوێنانەدا زێڕ دۆزرایەوە کۆچی کەسانی بیانی (کەزۆربەیان ئینگلیز بوون ) بەرەو ئەو ناوچەیە زیادی کرد، لەو بارەشدا ناکۆکی کەوتە نێوان بویر و کۆچەرە نوێکاندا، دواجار هەوڵێك درا بۆ هەڵگێڕانەوەی دەسەڵات لەوڵاتی بویردا، ئەم کارەش لەلایەن داگیرکەرە نوێکانەوە ئەنجام دراو ئینگلتەرایش یارمەتی دەدان، بەڵام شکستیان خوارد، لەو کاتەوە بویر هۆشیاریان بەرامبەر بەو مەترسیە وەرگرت و کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرگریکردن لەخۆیان.

ئینگلتەرا کەوتە ڕێ بەرەو وڵاتی بویر بەو نیازەی دەستی بەسەردا بگرێت، بۆیە بویرەکان جەنگیان لەدژ ڕاگەیاندو دلێریەکی گەورەو توانایەکی باڵایان نیشان داو سەرەتا بەسەر ئینگلتەرادا سەرکەوتن ستەمی ئاشکرای ئینگلیزیش لێیان سۆزی جیهانی بەلایاندا ڕاکێشا بوو، بەڵام ئینگلتەرایش پاش چەند زیانێکی پەرش و بڵاو توانی دەست بگرێت بەسەر وڵاتی بویردا.

ئینگلتەرا لە باکووری ئەفریقادا کەوتە دامەزراندنی کارگێڕی خۆی وەك چۆن لە وڵاتانی دیکەدا ئەمەی کرد بوو، لە ساڵی ١٩٠٠ز.دا یەکێتی باشووری ئەفریقای پێکهێناو فەرمانڕەوایەکی گشتی لەلایەن پاشای ئینگلیزەوە بۆ ئەو یەکێتیە دیاریکرا، هەروەك ئەنجومەنی نوێنەران و پیرانیش دامەزران.



Scanned with CamScanner

جەنگی جیهانی یەکەم دەستیپێکرد و ئەڵمانیا هەوڵیدا سۆزو هەستی نیشتیمانی بەشی بویر بورروژێنێت تا دژ بەڵکوو ئینگلیز ڕاپەڕن، بەلأم بزووتنەوە شکستیخوارد و باشووری ئەفریقا ماڵو موڵکی ئەڵمانیای لەباشووری ڕۆژئاوای ئەفریقادا داگیرکرد.

لە ئەفریقای باشووردا بزووتنەوەیەکی بەهێزی نیشتیمانی هەبوو، حکومەتی ئەو وڵاتە لە حکومەتەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی زیاتر خاوەن دەسەڵاتی خۆیی بوو لە بەڕێکردنی کاروبارەکاندا سەربەخۆیی زیاتری هەبوو.

بەریتانیا لە ئەفریقادا جگە لەبەشی ڕۆژئاوای خاك و موڵکێکی زۆری هەبوو، لە باکووری ئەفریقیای باشووردا وڵاتی ( بیشوا نالاند ) ی ناوخۆیی لە ژێر چاودێری بەریتانیادا بوو، لەسەروو ئەو وڵاتەشە وە رۆدیسیای بەرفراوان هەبوو، بەدرێژایی کەناراوی ڕۆژهەلأتیش موڵکێکی زۆر و دەوڵەمەندی هەبوو، هەروەك لە میسردا قەڵەمڕەوی پەیداکردو دەستیگرت بەسەر سوداندا تا ئەوەی لە نیوەی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستگرتنەکەی بەسەریدا شێوەیەکی تەواوەتی وەرگرت.

لەکەناراوی ڕۆژئاوایش چەند موڵکێکی گەورە و بچووکی هەبوون، ناودارترینیشیان بریتیبوون لە (نەیجیریا ).

*********************



Scanned with CamScanner

# ( باسی حەوتەم )

# (شۆڕشی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزدەهەم)

پێشتر وتمان گرنگترین ئەنجامی گەشەسەندنی نوێی کۆمەڵایەتی دەرکەوتنی چینی ناوەڕاست بوو، بەتایبەت لە ئینگلتەرادا، ئینگلتەرا یەکەم وڵات بوو کە پاشایەتی خۆسەپێنی تێکشکاندو دەرگای کردەوە بۆ دەرکەوتنی چینی ناوەڕاست لە جیهانی سیاسەتدا، ئینگلیز یەکەم وڵات بوو ئەو سیستم کۆنەی سەندیکاکانی لەناوبرد کە تیایدا پیشەسازی و پیشەگەران و نرخی کاڵاکان بەکۆتی ئاسنین کۆت کرابوون، لەجیاتی ئەم سیستمەدا سیستمێکی نوێیان هێنایە کایە کە تیایدا مادده یەکەمینەکان دەدرانە دەست کەسی ئیشکەر تا کاریان تێدا بکات و بیانکاتە کاڵایەکی باشی شیاو بەکار بهێنان؛ بەرامبەر بەمە کرێیەکی دیاریکرا و وەربگرێت.

باری بەرفراوانی بەرهەم هێنان کە جەختی لەسەر ئامێرە گەورەکان دەکردەوە ئەو دەستانەی والێکرد ڕێگەی کاری تاکە کەسی جاران بەجێبهێڵن و لەژێر سەقفی کارگەدا کۆببنەوە و بەکرێیەکی دیاریکراویش ئیش بکەن، سیستمی نوێ یاریدەدەر بوو بۆ هاندانی عەقڵ و هۆشی کارکردن، ئیدی پیاوانێك بەڵکوو شێوازی نوێی پیشەسازیەوە ڕاپەڕین بەتایبەت پیشەسازی ڕستن و چنین دوای ئەوەی ئەو سەندیکایانەی چەند نەوەیەکیان تێکشکاند کە دژ بەهەر گۆڕانێك وەستان.

سیستمی نوێ دەیویست بیانباتە مەیدای بەرهەمهێنیەوە، ئەو کەسانە بەداهێنە نوێکان پیشەسازی ڕستن و چنینیان هەڵگیرایەوە لەنێوان ساڵانی (١٧٤٠ز تا ١٧٩٠ز ) بریتیبوون لە (کای )و (هرکریڤەر وارکرایت )و (کرۆمبتۆن )و چەندێکی دیکە، لەنێو ئەو داهێنانەشدا کە پێشکەشیان کردن جوڵای ئامێری و ئامێری هەڵمین بوو، ئەوانە هۆکارێك بوون تا لەجیاتی پێنج کەس بەیەك کەس کارێك ببەن بەڕێوە، واتە یەك بەڵکوو پێنج کاریان دەپەڕاند، بەمە خێرایی کارکردن زیادی کردو بەدەستخستنی ڕێژەیەکی زۆری لۆکە بوو بە پێویستی خاکێکی



Scanned with CamScanner

فراوان لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کرا بە لۆکە بۆ ئەو مەبەستو کارە، ئەمریکیەك ئامێرێکی هەلاجی داهێنا کەدەیتوانی بەخێرایی زیاتر لەدەیان کۆیلەی هیندی لۆکە کاری هەلاجی دەکرد.

لەکاتێکدا لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا پیشەسازی ڕستن و چنین بەخێرایی گەشەی دەسەند، جیمس وات ئامێرە هەڵمینەکەی خۆی پێشکەش کرد و خێراییەکی زۆر زیاتری پێدا و هێزی هەڵم شوێنی هێزی مرۆڤی گرتەوە، هەروەك زانایەکی ئەمریکی بەناوی فۆلتن کەشتیەکی هەڵمینی لە ساڵی ١٨٠٧ز.دا داهێنا، چەند ساڵێکی کەم دوای ئەوە (جۆرج ستیڤنسن ) کەزانایەکی ئینگلیزی بوو شەمەندەفەرێکی هەڵمینی داهێنا کەدەیتوانی چەندین عەرەبانە بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت، ئیدی هەندێ کەس دەرفەتیان قۆستەوە و لە ساڵی ١٨٢٥ز.دا یەکەم شەمەندەفەریان بەڕێخست.

پاشان دوای ئەوە بزووتنەوەیەکی خێرای دروست کردنی کەشتی هەڵمین و ڕاکێشانی هێڵی ئاسنین دەستی پێکردو هێندەی نەبرد پێناوەکانی گواستنەوە گۆڕان و شۆڕش و ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراو هاتە کایە.

بەوجۆرە بزووتنەوەکە لەچەند لایەنێکی دیاریکراوی ژیانی ئابوریدا دەستیپێکرد، پاشان بازنەی بزووتنەوەکە بەخێرایی فراوان بوو و لقەکانی داهێنانەکان زیادیان کردو چاپخانەی گەورە بەهەڵم ئیشی دەکرد، بۆ هەویر شێلان هێزی نوێ بەکاردەهات و لەڕێگەی ترۆمپای گەورەوە ئاو بۆ بەشەکانی شار دەگوازرایەوە، سەدان داهێنانی دیکەش هاتنە کایە تا ئەوەی خەڵکی نازناوی (سەردەمی هەڵم )یان لەسەدەی نۆزدەهەم نابوو.

بەڵام لەم سەدەیەدا هێندە هەنگاوی نەبڕی تا ڕکەبەر نوێی بۆ پەیدا بوو کە ئەویش کارەبا بوو، لەزۆربەی بەشەکانی ژیاندا کارەبا خرایە کار تا ئەوەی سەدەی بیستەممان ناونا کارەبا، لە ساڵی ١٨٣٢ز.دا تەلەگراف داهات.

لە ساڵی ١٨٦٦ز.دا بۆ یەکەم جار لەژێر دەریاوە بە ئەتلەنتیکدا تەل ڕاکێشرا، لە ساڵی ١٨٧٦ز.دا تەلەفۆن داهێنرا، دواتر بێتەل لە ساڵی ١٨٩٥ز.دا



Scanned with CamScanner

داهات، ئیدی خەڵك لەهەموو لایەکی جیهانەوە بەبێ ئەوەی هیچ پێکەوەیان ببەستێتەوە پەیوەندیان بەیەکدیەوە دەکرد و یەکدیان دەدواند.

داهێنانی هێزی ئامێر بوویە هۆی چەند گۆڕان و وەرچەرخانێکی درێژ خایەن لەژیانی مرۆڤدا، بۆیە ئەمڕۆ پێی دەڵێن شۆڕشی پیشەسازی، لەگەڵ ئەوەی ئەم شۆڕشە لە ئینگلتەرادا دەرکەوت، بەڵام دوای جەنگی ناپلیۆن یەك پارچە چویە فەڕەنسا، دواتر بەهێواشی و جارجارەیش بەخێرایی بەپێی بارودخی ناوچەیی بەهەموو کیشوەردا بڵاو دەبوویەوە، شۆڕشی فەڕەنسی کە شوێنەواری سیستمی کۆنی سەندیکاکانی نەهێشت ڕێخۆشکەری کرد بۆ شۆڕشی پیشەسازی.

نابێت خوێنەوار بزانێت ئەو شۆڕشە پیشەسازیە کۆتایی پێهاتووە، بەڵکو ئەمڕۆ ئەو شۆڕشە لەهەر کاتێکی دیکەی بەهێزترە و ڕەوتەکەشی بەهێزێکی گەورەترەوە بەرەو داهاتوو دەچێت، ئەو وڵاتانەیش پێی کاریگەر بوون، یەکەمیان ئینگلتەرای مەڵبەندی بزووتنەوەکە بوو.

پاشان لەڕۆژانی لویس فلیپیشدا فەڕەنسا چوویە ناوی و بەخێرایی پێشکەوت و لەچەند پیشەسازیەکی وەك ئاوریشم و لۆکە و ئامێری ڕازاندنەوەی ئافرەتیدا تایبەتمەندی پەیداکرد، دوای فەڕەنسا ئەڵمانیا دێت، ئەم زۆر بەگرنگیەوە لەم بزووتنەوە نەدەنەوی، بەڵام دوای یەکگرتنی لە ساڵی ١٨٧١ز.دا پێشڕەوی کرد و بەخێرایی چوویيە مەیدانی کێبڕکێکەوە تا ئەوەی وەك هەورەبروسکە گەیشتەوە بەگەلانی دیکە، لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمی زاینیدا ئەڵمانیا لەپێشبڕکێکە دابوویە کێبڕکێکەری گەورەترین دەوڵەتی پیشەسازی، مەبەستم ئینگلتەرای لانکەی ئەو شۆڕشەیە.

لەهەمان کاتدا بەلجیکا سەرەڕای بچووکیەکەی هەستا و چەند پیشەسازیەکی ئەنجامدا، ناوچەکانی دیکەیش وەك ئیتاڵیا و نەمسا دواتر هاتن، بەڵام لەپشکی بزووتنەوەکە بێبەش نەبوون، دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی بڵێین گونجاندنی وڵات لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا لەگەڵ بوونی خەڵووز و ئاسن بەپلەی یەکەم لەگەڵیدا دەگونجێت.

بۆیە دەبینین بەریتانیاو فەرەنسا ئەڵمانیاو بەلجیکا یەکلەدوای یەک لوتکەی گەلە پیشەسازیەکانیان داگرتووە، چونکە ئەمانە ئەو خاڵانە دەیانگرێتەوە، چونکە ئەو وڵاتانە سەرەڕای ئەوەی تازە دەرکەوتوبوون، بەلأم وەك دەوڵەتێکی پیشەسازی بەهۆی بوونی کەرەستەی سەرەتاییەوە، هەروەها بەهۆی زۆری خەڵوز و ئاسنیان لەهەموو ناوچەکانی دیکەی ئەورووپا توانیان لەو ڕووەوە بەسەر هەموو کیشوەرەکەدا زاڵ بن.

با ئێستا واز لەو بوارە ڕوخساری و دیاردەی شۆڕشی پیشەسازی بهێنین، بەڵکوو چەند لایەنێکی دیکەی شۆڕشەکە بخەینە بەرچاو کە بەئاسانی نابینرێن، ئەمەش دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانن، کەدەکرێت دابەشیان بکەین بۆ پێنج لایەن و دیاردە:

١-زیاد بوونێکی زۆر سامان: پێویست ناکات بکەوینە باسی ئەوەی کە شۆڕشی پیشەسازی سامانی مرۆڤی زیادکرد، چونکە مەکینەو ئامێرە گەورەو بەهێزەکانی ژمارەیەکی زۆری شمەك و کالأی جۆربەجۆریان بەرهەم دەهێن بەبێ ئەوەی ماندوو بن یان بوەستن، زۆری ئەو کالأیانەش کەئەمڕۆ بازاڕیان پڕ کردووەتەوە و بوونی دەرفەتی کاریش بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرەکانەوە وایکردووە نرخی شمەکەکان دابەزێت، بەمەش بازنەی بەکارهێنانیان زیادی کردووە و داخوازیش لەسەری زیادی کردووە، بەو جۆرە کاتێك دەبینین تای بەرهەمهێنان بەرز دەبێتەوەو ئامێرەکان لێشاوی بەرهەمە گرانبەهاکان دەخەنەڕوو، دەبینین داخوازیش بەبێ پچڕان زیاد دەکات، سەرژمێریەکیشمان هەیە کەبەڵگەی زیاد بوونی سامانە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیەوە، لێرەدا تەنها یەکێك لەو سەرژمێریانە دێنین، لە ساڵی ١٧٦٠ز.دا کۆی سامانی بەرهەمەکانی لۆکەی ئینگلیزی یەك ملیۆن دۆلار بوو، بۆ کالأکانی دیکەیش هەروابوو، بۆیە دەکرێت بڵێین لەئینگلتەرا لەو ماوەیەدا سامان بۆ شەش سەد بەرامبەر زیادی کردووە.

٢-گەیشتن بەکەرەستە سەرەکیەکان و بازاڕەکان: سەرەڕای ئەوەی پێناوەکانی گواستنەوەی وەك شەمەندەفەر و کەشتی ڕێخۆشکەر بوون بۆ گەیشتن بەکەرەستە سەرەتاییەکانی وەك خەلوز و ئاسن، هاوکات سەختی گواستنەوە بەردەوام پێناوێکی گرنگ بوو لەسنوورداركردنی مەلبەندەکانی پیشەسازیدا، بۆیە لەکوێدا خەلووز و ئاسن لەپاڵ یەکدیدا هەبوونایە لەوێ کارگەی گەورە دادەمەزرا، ئاسانتر لەگواستنەوە کەرەستە سەرەتاییەکان گواستنەوەی کالا بازرگانیەکان و دابەشکردنیان بەسەر بازاڕەکاندا، پێناوەکانیگواستنەوەی ئەمرۆ تەنها بەشەکانی ئەوروپایان لەیەکتر نزیك نەکردوەتەوە، بەڵکوو کیشوەرەکانی دیکەشی بەرەو ڕووی ئەوروپا پەیوەست کردووە و بەبەرهەمی کارگەکان دەوڵەمەندی دەکەن.

پاشان کەڵەکە بوونی سامان بەهۆی گۆڕانی شێوازی بەرهەمهێنانەوە وایکرد لە پێویستی یان توانای بەکارهێنانی خەڵکی ئەوروپا زیاتر بێت، بۆیە دانیشتوانی ئەو کیشوەرە ناچار بوو بەڵکوو جیهاندا بگرێن تا لەئەمریکا یان ئەفریقیا یان ئاسیادا بازاڕ بدۆزنەوە تا لەوێ کۆڵەکانیان دابگرن.

بەوجۆرە دەوڵەتە ئەوروپیەکان بەو دیدەوە دەیاڕوانیە ولاتانی دەرەوەی کیشوەری خۆیانو هەوڵیان دەدا داگیرگەکانی خۆیان تا ئەوپەڕی گونجاندن زیاد بکەن تا ئەوەی لەنێو خۆیاندا و لەگەڵ ئەوانیشدا پێکیندادا و لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بزووتنەوەی داگیرکاری توندوتیژ سەریهەڵدا، بۆیە دەکرێت بڵێین سامانی پیشەسازی یەکێکە لەگرنگترین هۆکارە گرنگەکانی ڕێکردەی سیاسی جیهانی ئەمرۆ.

٣-زیادبوونی گرنگی سەرمایەدار بەهۆی کارگە و ئامێرەکانەوە: پێشتر بینیمان چۆن (تەمویل ) ببو بەڵکوو پێناوێکی ئابووری لە ئەوروپادا هەرلە ڕۆژانی ڕێنیسانس و چاکسازی ئایینیەوە.

ئەو کەسانە بەهۆی بازرگانی دەرەکیەوە سامانیان کەڵەکە ببوو، لەسەرکەوتندا پلەی دووەمیان هەبوو، بەلام گرنگی سەرمایە بەدوای دەرکەوتنی ئامێرەکان دەرکەوت، ئەمەش لەبەرئەوەی:



Scanned with CamScanner

ا-ئەو ئامێرانە پێویستیان بەپارەیەکی زۆر زۆر هەبوو.

ب- پێویستیان بەدەستێکی کاری زۆر هەبوو تا پێکەوە بەیەکسانی ئیش بەئامێرەکان بکەن نەوەك لەماڵی خۆیاندا ئیش بکەن، ئەو بارودۆخە وایکرد پێناوەکانی بەرهەمهێنان و پێویستی دارایی کۆبکاتەوە تا ئەوەی کۆمپانیا هاوبەشەکان (پشکداریەکان ) دەرکەوتن کەتێیدا هەژارو دەوڵەمەندان بەپێی توانای خۆیان بەشدارییان دەکرد، ئەویش بەکڕینی پشکێك کە لەگەڵ سەرمایەداراندا بگونجێت، بازنەی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی زۆر بەرچاوو بەرفراوان بووو سەرمایە بەجۆرێك گەشەی سەند کە مێژوو نمونەی وای بەخۆوە نەدیبوو.

٤- زیادبوونی دانیشتوان:

کاتێك شۆڕشی پیشەسازی ڕەگ و ڕیشەی خۆی داکوتا، ژمارەی دانیشتوان زیادی کرد، چونکە لەگەڵ زیادبوونی کالاکاندا ژمارەی ئەو کەسانە زیادی دەکرد کەلەسەری دەژیان، سەرژمێرەکان ئەو زیادبوونەمان بۆ دەسەلمێنن کەلەئەنجامی گۆڕانی شێوەی ژیانی مرۆڤ لە کشتوکاڵیەوە بۆ پیشەسازی ڕوویداوە.

بەڵگەش بۆ ئەمە بزووتنەوەی کۆچکردنە لەئینگلتەرا لەگوندەکانەوە بۆ شارەکان تا ئەوەی دەبینین ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لەزیادبوونێکی بەردەوامدا بووە، لەکاتێکدا چینی کشتوکاڵی ژمارەی لەئێستا کەمترە لەوەی لەسەدەی هەژدەهەمدا هەبوو، دانیشتوانی ئەمڕۆی شارەکان لەئینگلتەرادا سێ یەکی گەل پێکدەهێنن.

بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ئینگلتەرایش بەشی ژیانی وڵات ناکەن، بەڵکوو دەبێت بۆ خواردن و خۆراك پشت بەدەرەوە ببەستێتو بەرهەمە پیشەسازیەکانی بگۆڕێتەوە بەبەرهەمی خۆراکی بیانی، لەڕۆژئاوادا هیچ دەوڵەتێك نەگەیشتە ئاستی زێدەڕۆیی وەرگرتنی تایبەتمەندی ئینگلتەرا، چونکە ئینگلتەرا لەمەدا زۆر چوو، بۆ نمونە ئەڵمانیا بەدانانی باجی ڕێگر دژبە ماددە خۆراکیە بیانیەکان کشتوکاڵی خۆی پاراست.



Scanned with CamScanner

بەلأم لەگەڵ ئەمەشدا لەڕووی ڕەوتی پیشەسازیدا نەوەستا، لەگەڵ هەموو هەوڵەکانیدا نەیتوانی سەربکەوێت و تەنها ژمارەیەکی کەمی دانیشتووی کشتوکاڵی بۆ مایەوە، شارنشینانیش لەسەردەمی دواتردا ژمارەیان تەواو زیادی کرد.

بەلأم پێویستە سەرەڕای داننانمان بەکاریگەری ئامێرەکان لەزیادکردنی دانیشتواندا لەنرخی زانست کەم نەکەینەوە، چونکە زانست بەهۆی ئەو داهێنانەی لەبواری کیمیادا پێشکەشی کردین وەك چاککردنی خاکی بەرهەمو زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی تائەوەی سێ هێندەو چوار هێندەی جارا بەرهەمی پێدەبەخشین، ئەمە واتە ژیاندنی ژمارەیەکی زیاتری دانیشتوان، چونکە ئامێرەکان و لەبارکردنی خاك پێکەوە توانیان مرۆ‌ڤ لەچاو سەردەمی کۆندا بەرێژەیەکی خێراو بەرچاو بەرەو زیاد بوون ببەن.

٥- ڕێکخستنی باری ئابووری و کۆمەلأیەتی کرێکارە پیشەسازیەکان:

دەبوو لەگەڵ ئەو گەشەسەندنە گەورەیەی شێوەی بەرهەمهێناندا گۆڕان و گەشەسەندنێکی گەورەی کۆمەلأیەتیش ڕوویبدایە، گوند نشینان و خاوەن دووکانە بچووکەکان لەبەردەم سیستمی نوێی ئابووریدا دایانە دواوەو ناچاربوون پەنا ببەنە بەر کارگەکان تا پێناوێکی ژیان و ڕۆزی بەدەست بهێنن.

ئەمەش زۆر ئاسایی بوو، چونکە ئامێرەکان بەتێکچوونێکی کەمترو ژمارەیەکی زیاتر و نرخێکی کەمتر و وردکاریەکی زیاتر بەرهەمیان دەخستە بازاڕەوە، ئەمە دەرگای کاری لەڕووی پیشەگەرانی بچووکدا داخست و ناچاری کردن تا پەنا ببەنەبەر کارگەکان، بەلأم بارودۆخی ئەو کارگانە زۆرجار لەگەڵ مەرجە تەندروستیەکاندا نەدەگونجا، سەرمایەداران گرنگیەکی زۆریان بەکرێ و تەندروستی کرێکارەکانیان نەدەدا، بەتایبەت حکومەتەکانی ئەوکات دەستیان وەرنەدەدایە ئەو بوارانەوە.

هەرکات منداڵ زیاد دەبوو کاریگەری خراپەشی زیاتر دەکرد، ناچار دەبوو دان بنێن بەو پێکهاتە کۆمەلأیەتیەدا، بۆیە حکومەتەکان بیریان لێدەکردەوە و



Scanned with CamScanner

دواجار ناچاربوون دەست وەربدەنە زۆر بواری ژیانی گشتیەوە بەهیوای پاراستنی هاوڵاتیان و بەرژەوەندیەکانیان، لەمە بەدوا یاسا دەردەچوو بۆ دیاریکردنی کاتژمێری ئیشکردن و مووچە و تەمەن و چەند بوارێکی دیکەی ئیشکەران.

شۆڕشی پیشەسازی سەرەڕای دیمەنە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی دیمەنێکی سیاسیشی هەبوو، بەڵکوو گەشەی دا بەبزووتنەوەی نەتەوەیی، هەروەك بزووتنەوەی دەستوری چالاك بوو، چونکە چینی ناوەڕاست کەبڕبڕەی ئەو بزووتنەوەیە بوو، بەهێزی سیاسی داوای پشکی خۆی دەکرد، هەروەك پاشماوەی سەندیکاو دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەڕاستی لەناو دەبردو ئازادیخوازی کردە بەرنامەی ژیانی خۆی، نیازو ئامانجە گرنگەکانیشی بریتیبوون لە:

١- ڕزگار بوون لەدەست پیاوانی ئایینی بەبانگەوازکردن بۆ ئاسانکاری و نەرمی نواندن.

٢- دەرباز بوون لەخۆسەپێنی پاشاکان بەبانگەوازکردن بۆ دەستوور.

٣- دەربازبوون لەگیانی بەرتەسکی ناوچەیی بەبانگەوازکردن بۆ پێکهێنانی گیانێکی نەتەوەیی.

بەکورتی دەڵێین ئەم چینەی پزیشکو پارێزەرو بازرگان و ئەندازیارو هونەرمەندان زۆربەی لایەنەکانی ژیانیان گرتبوو و سەرکردایەتی کودەتا سیاسیەکانی سەدەی نۆزدەهەمیان دەرکرد بەناوی چینی نێوەند لەگەڵ سەردەمی ئامێرە گەورەکاندا دەهات.

پیاوانی چینی ناوەند لەگەڵ ڕێبازی سیاسیاندا ڕێبازێکی لەباری ئابوریشیان پێشکەش کرد، ئەمەش بریتیبوو لەوەی فراوانترین دەرفەتی ئازادی کارکردن بەخەڵك ببەخشن، ڕێگەش نەدرێت دەوڵەت دەست وەربداتە کاروباری ئابووریەوە، تۆوی ئەم بزووتنەوەش لەباسی ئادەم سمثو هاوڕێکانی بیردۆزەی زانایانی ئابووری سیاسی لە فەرەنسادا دەردەکەوێت، ئەمانە دەیانوت دەبێت دەوڵەت لەسەر بنەمای دەست وەرنەدانە کاروباری تاك هەنگاو بنێت، کەسانی زێدەڕۆی ئەم ڕێبازە زیاتر دەچن و پێیان وایە ئەرکی دەوڵەت تەنها بریتیە لەپاراستنی ماڵ و گیان و ئازادیەکان.



Scanned with CamScanner

بەلاّم ئەم تێڕوانینەیان مۆرکێکی دیاریکراوی ئەخلاقی وەرگرتتبوو، چینی ناوەندیش ئەو سەرکەوتنە گەورەی بەدەست نەدەهێنا ئەگەر بڕوابوونی تەواوی نەبوایە بەجوانی و بەرزی بانگەوازەکەی و بڕوابوونی تەواوی بەو بانگەوازەی نەبوایە، کاتێك نەوەو کەسانی ئەم چینە لەناخی دەرونیانەوە بڕوایان وابوو ئەوان بانگخوازی ئازادین و بزووتنەوەکەیان بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازیە لەدەست کۆتی کڵێسا و یاسای دەرەبەگ و نەریتی بەستوویی مردوویی سیستمی پاشایەتی و دەستوەردانی بێزراوی دەوڵەت لەژیانی ئابووری تاك.

وتاربێژانیان بەگوڕو تینەوە دەدوان و ئازادییان کردبوو بەدروشم و ناوی ژیانیان، ئەگەر بگەن بەو ئازادیە دەبێت هەنگاوی دووەم بنێن و قەوارەی خۆیان بچەسپێنو لەسەر پێی خۆیان بوەستن و داهاتووی خۆیان بەدەستی خۆیان بنیادبنێن و بەهەوڵی تاکە کەسی خۆیان مرۆۆ بوونی تەواوی خۆیان بەدەست بخەن، ئەمەش واتە بیریارانی چینی ناوەڕاست.

بڕوایان وابوو ژیان ململانێیەکی بەردەوامە تیایدا لاواز دەمرێت و کەسی چاکو بەهێز دەمێنێتەوەو بەرەو بڵندی و چاکبوونی باری ژیانی پێشڕەوی دەکات، ئەوان بڕوایان وابوو ڕێبەری بۆ سەکردەکانی بیرو پیشەسازی ناو کۆمەڵگەیە، سەرکردەکانیش کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە بەرێ دەکەن، ئەگەر بمانەوێت هەموو ئەم بنەمایانە لەیەك ڕستە یان وشەدا کۆبکەینەوە چاکترین شت بۆی (تاکگەرایی - تاکگەرایی ) یە، چونکە ئەمە خاڵی دووەمی گرنگی ڕێبازی ئەخلاقی چینی ناوەڕاستە.

بەلاّم ئەم بیرۆکەیە پاش ماوەیەکی کەم ئەو توندیەی خۆی کەمکردەوەو هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کەوتنە دەستوەردانە ڕێکخسنی کاروباری خەڵك لەلایەنی پەروەردەیی و فێرکاری و کۆمەلاّیەتی و ئابووریەوە، ئیدی ڕێبازی فێرکاری زۆرە ملێی سەرەتایی بلاّوبوویەوە، سەرەتا پروسیا ئەم ڕێبازەی دەستپێکرد، دواتر ئینگلتەرا لە سالّی (١٨٧٠ ز )دا جێبەجێی کرد،دواتر فەرەنسا لە سالّی (١٨٨١ن)دا گرتیەبەر.



Scanned with CamScanner

پاشان ناوچەکانی دیکەیش پەیڕەوییان کردبوو بەهۆکارێکی گرنگی بەرز کردنەوەی ئاستی کۆمەڵگە و یەکخستنی ڕۆشنبیریان، ئیدی حکومەتەکان هەوڵیاندەدا ئەو بارە کۆمەڵایەتیە چاك بکەن کە سیستمی نوێی پیشەسازی هێنابوویە کایە تا لەچوارچێوەی نەتەوەییەکەیدا ڕێکیبخەن، بۆیە یاسای پەیوەست بەباری کارکردن زۆر بوو، بەو پێیە هەڵسوکەوتی کارگەکان بەچەندین یاسا کۆت کرا.

بۆ نمونە لەبەریتانیا هەر لە ساڵی (١٨٢٤ز)ەوە مافی یەکێتی و یەکگرتن بەکرێکاران درا، دە ساڵ دوای ئەوە پەرلەمان یاسای یەکەمی کارگەکانی دەرکردو تیایدا کاتژمێری ئیشکردنی منداڵانی لەپیشەسازی ڕستن و چنیندا بەڵکوو نۆ کاتژمێر بۆ گەنجان بەدوانزە کاتژمێر لەڕۆژێکدا دیاریکرد، پاش دە ساڵی دیکە یاسای کانەکان هات و قەدەغەی کرد ئافرەتان لەژێر زەوییدا ئیش بکەن، هەروەها ئەو منداڵانەش کەتەمەنیان لە دە ساڵان تێپەڕی نەکردووە دەچوونە ناو ئەم یاسایەوە.

بەریتانیا کەچوویە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە دنیایەك یاساو ڕێکخستنی بۆ باشکردنی باری کرێکاران دانا، بارانی یاساکان بوو بەلافاوێکی گەورە و وڵاتی ژێرئاو خست و یەك بەرگی گەورەی یاسای کرێکارانی لێپێکهات، بەمە حکومەت دووبارە مافی هەبوو دەستوەربداتە بواری ڕێکخستنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارکردنی ژن و منداڵ سنوردار یان قەدەغە بکات و کاتژمێری ئیشکردنی هەردوو ڕەگەز دیاری بکات و پێناوێکی پزیشکی ڕووناکی و هەوا لەکارگەکاندا دابنێت و بەهۆی پشکنەرەوە کە حکومەت بەشێوەیەکی تایبەت دایدەنان چاودێریەکی وردی ئەو لایەنانەی کارگەکان بکات.

دەوڵەتانی دیکەیش بۆ پاراستنی کرێکاران بەڕێگەی یاسایی بەڕێی ئینگلتەرادا چوون تا ئەوەی ئەڵمانیا بەخێرایی هات و پێش هەمووان کەوت و ئەنجومەنی نوێنەرانی ( رایخشتاغ ) بڕیاری یاسای پاراستنی کرێکارانی دەرکرد، بەو پێیە دەبوو ژیانیان دژ بە نەخۆشی یان ڕووداوە کتوپڕیەکان یان پشوو یان پیربوون و مەترسی دیکەش بپارێزێت، گەلانی دیکەش خێرا ئەم بڕیارەیان وەرگرت و ئینگلتەرایش چەند شتێکی دیکەی بۆ زیادکرد، بەمە کۆمەڵگە پیشەسازیەکانی ڕۆژئاوا لەئەمڕۆدا بەرنامەی پاراستنی کرێکارانیان هەیە.



Scanned with CamScanner

# (باسی هەشتەم)
# (فراوانبوونی چوارچێوەی مێژووی ئەوروپا)
# ڕکەبەری بازرگانی

یەکێك لەئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی ئەوەبوو کە ئەوروپا بوو بەجیهانێکی پیشەسازی جوولە خێرای پڕ کارگەی گەورە کە زیاد لەپێویستی ئەورووپیەکان کالاّیان بەرهەم دەهێنا، کالاّی ئینگلتەراو فەڕەنساو ئەڵمانیاو ئیتاڵیا بازاڕەکانی هیندو چین و دوورگەکانی ناو زەریای ئارامیان پڕکردبوونەوە و لەنێوان خۆیاندا لە ڕکەبەری دەستبەسەردا گرتنی ئەو بازاڕانەدا بوون، ئەمەش گرنگترین هۆکاری جەنگی جیهانی یەکەمیش بوو.

ئەمە شتێکی گونجاوو ڕووداو نەدەبوو ئەگەر گۆڕانی پێناوەکانی گواستنەوەی وشکانی و دەریایی نەبوایە، ئەگەر یەکێکمان بڕوانێتە نەخشەی جیهان، دەبینێت سەدان هێڵی دەریاوانی زەریاکانیان بڕیوە و بەشەکانی زەوییان پێکەوە بەستووەتەوەو تیایدا هەزاران کەشتی هەڵمینی نێو دەریاکان وەك شاخ بەرز بوونەتەوە و دێن و دەچن و جێدەستی شارستانێتی نوێ و داگیرکاری نوێیان هەڵگرتووە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهێنانی کەشتیە هەڵمیانەی کە (ڕۆبەرت ڤۆلتن) دایهێنا.

یەکەم کەشتی کە ئەتلەنتیکی بڕی لە ساڵی (١٧١٩ز)دا گەیشتە ( لیڤەر پوولْ )، جیهان بەڵکوو بیستنی هەواڵی ئەو کەشتیەی کە بەڵکوو ( ڕۆژئاوای گەورە )ناو دەبرا سەرسام بوون، کاتێك بیستیان لە پانزە ڕۆژو دە کاتژمێردا زەریای بڕیوە، باری ئەو کەشتیە گەورە هەزارو سێ سەدو حەفتاو هەشت تەن بوو، لەپێنج ڕۆژدا زەریای دەبڕی، چالاکی ئابووری بەهۆی لێدانی نۆکەندی سوێسەوە زیاتر لێدرا، هەروەها نۆکەندی ( پەنەما ) کە کۆمپانیایەکی فەڕەنسی بەناوی ( دی سبس ) لە ساڵی (١٨٨١ز )دا هەوڵیدا کارەکەی تەواو بکات، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو.

پاشان ویلایەتە یەکگرتووەکان پشکی کۆمپانیا فەرەنسیەکی کڕی و لە سالی (۱۹۰۲ز)دا دەستیکرد بەڵکوو پرۆژەکە و هەوڵیدا لەگەڵ کۆماری کۆلۆمبیادا ڕێکبکەوێت، چونکە نۆکەندەکە بەڵکوو وڵاتی ئەویشدا تێدەپەڕی، کاتێک کۆلۆمبیا ڕازی نەبوو.

ویلایەتە یەکگرتووەکان هەرێمە پەنەمای هاندا تا شۆڕش بکەن، بەمە ئەو هەرێمە لە کۆلۆمبیا جیابوویەوە و دان نرا بەسەربەخۆیی و جیابوونەوەیدا، پاشان ئەمریکا پەیماننامەیەکی لەسەر ناوچەی نۆکەندەکە لەگەڵ پەنەمادا بەست و دەستیکرد بەڵکوو پرۆژەی نۆکەندی پەنەما تا توانی لە سالی (۱۹۱۵ز)دا تەواوی بکات.

ئەمە لەدەریا، سەبارەت بەوشکانیش لەئەجامی داهێنانی شەمەندەفەردا بەخێرایی لەبەشە جیاجیاکانی جیهاندا هێڵی ئاسنین دامەزرێنران و کێش و قەبارەو خێراییان زیادکرا، داهێنانەکە لە سالی (۱۸۱٤ز)دابوو لە سالی (۱۸۳۰ز)دا هێڵێکی ئاسنین لەنێوان لیڤەر پوول و مانچستەردا لێدرا، کێشی مەکینەکەی کەلەو ڕۆژگارەدا ئیشی دەکرد حەوت تەن بوو، خێراییەکەشی پانزە میل بوو لەکاتژمێرێکدا، ئەمە لەچاو شەمەندەفەری سەردەمی ئەمڕۆماندا زۆر خێراو وەك تیشك دەڕوات هیچ نەبوو.

تەنها لە ئینگلتەرادا درێژی هێڵە ئاسنینەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بیست و دوو هەزار میل دەبوو، سالانە زیاتر لەیەك بلیۆن کەسی پێ دەگوازرایەوە، لە کیشوەری ئەوروپایشدا درێژی هێڵە ئاسنینەکان زیاتر لە دووسەد هەزار میل دەبوو، لە ئەفریقیا ئاسیاشدا وەك ئەوروپا هێڵی ئاسنین لێدرا؛ هێڵی ئاسنینی بەغداد یان سیبریا دوو نمونەی گەورەی پرۆژەی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنینە کەبۆ خستنە بازاڕی کالاکانی کارگەکانی ڕۆژئاوا جگەلەوە هیچ چارەیەکی دیکە نەبوو.

لەو داهێنانەی دیکەش کەبۆ بازرگانی جیهانی لە هێڵە ئاسنینەکان گرنگی کەمتریان نەبوو، پۆستە و تەلەفۆن و تەلە گراف و بێتەل بوون، هەموو ئەمانە پێناوی گرنگ و پێویست بوون کەبەشەکانی جیهانیان پێکەوە دەبەستەوە.



Scanned with CamScanner

بەریتانیا لە ساڵی (١٨٣٩ ز)دا نرخی پۆستەی دابەزاند، پاشان دەوڵەتانی دیکەش ئەمەیان کرد، ئینجا تەلە گراف هات و ڕێگەکانی نزیك کردەوە و شوێنە کەنارو دوورەکانی ئەفریقیای بەستەوە بەمەڵبەندەکانی شارستانیەتی ئەورووپاوە، فەڕەنسایش چووە کۆشی چینەوە، کاتێك بێتەل هات لە ساڵی (١٩٠٧ز)دا بۆ گواستنەوەی هەواڵی نێوان ئەمریکاو ئەورووپا بەهەوڵی (مارکۆنی) بەکارهێنرا، دوای ئەوە ڕادیۆ هات تا ئەوەی جیهان وەك یەك ماڵی لێهات.

ئەو هۆکارە خێرایانەی گواستنەوە کاڵا زۆرو جیاکانی ئەورووپایان باردەکردن، ئەو کاڵایانەی شۆڕشی پیشەسازی بەرهەمی هێنا بوون، لەگەڵ ئەم کاڵایانەدا شارستانیەت و بیر و زانست و نەخۆشی ئەورووپا گوازرانەوە بۆ وڵاتی ئەفریقیاو ئاسیا کە لەئاستی پێشکەوتنی پیشەسازیدا نەگەیشتبوونە ئاستی ئەورووپیەکان.

ململانێی نێوان دەوڵەتە پیشەسازیەکان لەسەر ئەو بازاڕانە توند بوویەوەو هەرکامیان لەبەرگێکی نوێدا بەنیازی زیادکردنی پشکی خۆی داوای خستەڕوو، سەبارەت بەڵکوو بیانویان بۆ دەستگرتنیان بەسەر گەلانی لاوازدا ئەوەبوو کە ئەو گەلانە پێویستیان بەشارستانیەتی ئەورووپی هەبوو هێشتا لەقۆناغی دواکەوتەییدا بوون، بۆیە دەبێت پیاوە سپیەکە بیانکاتە خاوەن شارستانیەت، بەڵام لەڕاستیدا ئەورووپا ئەمەی کردبوو بەڵکوو پێناوێك تا جگە لەخۆی بکاتە کۆیلە، لەوە بەدوا خوری مەڕی لە بڕێکی کەم دەکڕی لەکەسی ئەفریقی، دوایی خاوەنەکەیو دواتر زەویەکەی و دواجار خۆیشی دەکڕی، هەموو ئەمەشی بەناوی شارستانیەت و شارستانی کردنی ئەو بەربەریانەوە دەکرد کە گۆشتی باو باپیرانیان دەخۆن، ئایا ئەورووپیەکان لەو بەربەریانەدا بۆ باوکانیان دڵسۆزترن؟!

پاڵنەری داگیرکردنی ئەو گلانە تەنها ئەوە نەبوو شوێنیان بکەنە بازاڕێك بۆ کاڵاکانیان، بەڵام تا ئەو سەرمایەش بخەنە گەڕ کەلە ڕۆژئاوادا کەڵەکەببوو و تیایدا دەرفەتێکی وانەبوو تا لەزەوی بەپیتدا ئەو سەرمایە بەکاربهێنن، کۆی سەرمایەی بەکارهاتووی بەریتانیا لەدەرەوە لەسەراتاکانی سەدەی بیستەمدا دە ملیۆن دۆلار



Scanned with CamScanner

بوو، یەك پێنجی پرۆژە پیشەسازیەکانی ڕوسیایش بەسەر مایەی بینی داگیرکرابوون، ئەڵمانیا یارمەتی بانکەکانی بەڕازیل و بیونس ئیرس و فالبابیزۆی دەداو بڕێکی زۆری سامانی پێدەدان تا لەچەند پرۆژەیەکی گەورەدا بەکاری بهێنن.

ئەو دوو هۆکارە (گەڕانی خاوەن پیشە بەدوای بازاڕ بۆ کاڵاکانیان و بەگەڕ خستنی سامان لەزەوی و خاکی نوێدا ) کاریگەریەکی گەورەیان هەبوو لەسەر پەیوەندیە بازرگانیەکانی نێوان دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا، ئەو دوو هۆکارە پەردەی سەر هۆکاری داگیرکاری نوێمان بۆ لادەبەن، ئەمە واتە دەستگرتن بەسەر زەویە دوورەکاندا بۆ وەرگرتنی سامانی ئەوێ یان بازرگانیکردن لەگەڵیاندا بۆ بەکارهێنانی سامان لەدەرهێنانی داهاتی سروشتیدا.

داگیرکاری نوێ بەچەند شێوەیەکی نوێ خۆی دەنوێنێت، جارێك بەشێوەیەکی تەواو زاڵ و جارێك بەناوی پاراستنی قۆرخکاری داهاتی ئابووری وڵات بەبێ گرتنەبەری بەرپرسیارێتی تەواوی سیاسی لە کارگێڕی حکومەتەکانیاندا، هەندێ جاریش داگیرکەر تەنها کاری وەرگرتنی چەند مافو دەسەڵاتێکی تایبەتە لە وڵاتێکدا کە سەربەخۆیی سیاسی هەیە وەك چۆن زۆربەی بیانیەکان لەچین یان ڕۆژهەڵاتی نزمدا ماف و ئیمتیازیان هەبوو.

پیاوانی ئایینی موژدەبەری مەسیحیەت کە بەبەشەکانی جیهاندا دەگەڕان و بازرگان و پیاوانی سوپایان لەگەڵدا بوون ڕێخۆشکەریان دەکرد بۆ داگیرکاری، چونکە موژدەدەران بەوەوە نەدەوەستان ئاینی مەسیحی بگوازنەوە، بەڵکوو خۆیان لەگەڵ خۆیاندا زانستە نوێکانیان هەڵدەگرتن و فێرکاریان دەکردە پێناوێکی موژدەبەریان، خەڵکێکی زۆریان فێری نووسین و خوێندنەوە دەکردو هانیان دەدان تا سەردانی ڕۆژئاوا بکەن و کاڵاکانیان وەربگرن و بگەڕێنەوە ئەوێ، زۆرجاریش یارمەتی نەخۆشەکانیان دەدا.

**********************



Scanned with CamScanner

# ڕکەبەری ئەوروپی لەڕۆژهەڵاتدا

پەیوەندیەکانی نێوان چین و ئەورووپا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێشتر، لەسەردەمی ڕۆمانەکاندا چەند پاشایەك لەوانە (مرقس ئارلیۆس) نێردراویان نارد بۆلای پاشایانی چین، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هەندێ موژدەبەر هەوڵیاندا ئاینی مەسیحیەت ببەنە ناو چینەوە، بەلام بازرگانی ئەورووپی لەچین گرنگیەکی وای نەبوو تا دوای دۆزینەوەی سەری هیوای چاك، ئەوكات بازرگانە پورتوگالیەکان لەسەرەتاکانی سەدەی شانزەهەمدا لەبەندەرە چینیەکاندا دەرکەوتن و کەوتنە فرۆشتنی کالا ئەورووپیەکان تا لەجیاتی ئەوە چاو ئاوریشم ببەنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، لە ساڵی (١٥٥٧ ز) دا پارچە زەویەکیان لە (ماکاو )لەنزیك (کنتون ) بەکرێ گرت، ئەو زەویە تا ئەمڕۆش لەدەستیاندا ماوەتەوە.

چینەکان پێشوازیان لەهاتنە ناوەوەی بیانی نەکرد، بەڵکوو کارمەندانی بیانییان بەڵکوو بازرگانی ئەورووپی بەربەری دادەنا، بەلام بازرگانانی ئینگلیزو هۆڵەندی سەرەڕای ئەو بەردەوام بوون تا شەپۆل بەڵکوو شەپۆل بەرەو ( کانتۆن ) بڕۆن، ئەو بەندەرە تاکە بەندەرێك بوو ئیمپراتۆری چینی بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەرفەتی بازرگانی لەگەڵ بیانیەکانی کردبوویەوە.

کاتێك حکومەتی چین لە ساڵی (١٨٣٩ز )دا هەوڵیدا بازرگانی تلیاك بوەستێت، ئەو بازرگانیەی کە بازرگانە ئینگلیزەکان پێی هەڵدەسان و لەپشت ئەمەوە قازانجێکی زۆریان دەکرد، حکومەتی ئینگلیزی ئاگادارکردەوە تا بازرگانی کردن بەو ماددە زیانبەخشە واز لێبهێنێت، لەنێوانیاندا جەنگی ناسراو بەڵکوو (جەنگی تلیاك )لەنێوان هەردوو لادا ڕوویداو ئینگلیز توانی بەهۆی پێناوە نوێ جەنگیەکانیەوە خێرا بەسەر چینەکاندا سەرکەوێت و ناچاریان بکات پەیماننامەی (نانکین )ببەستن، ئەو پەیماننامەی دەیوت دەبێت قەرەبویەکی تەواو سەختی جەنگی بدەن بەڵکوو ئینگلیزو چین دوورگەی هۆنکۆنگی سەر ئاوە ڕێڕگەی ڕووباری کانتۆن بۆ ئینگلیز چۆڵ بکەن و چوار بەندەریش بە (شەنگەهایەوە)



Scanned with CamScanner

بکەنەوە بۆ بازرگانی بیانی بەهەمان مەرجەکانی بەندەری (کانتۆن)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش ئەو جەنگەی قۆستەوەو ئەویش لە ساڵی (١٨٤٤ز)دا چەند دەستکەوتێکی بازرگانی هاوشێوەی ئینگلیزی بەدەستهێنا.

بەردەوام لەجەنگی تلیاکەوە تا سەردەمێکی نزیکی ئەمڕۆمان چین بەرەو ڕووی شاڵاوە بیانیەکان دەبوویەوە، ناپلیۆنی سێیەم لە ساڵی (١٨٥٨ز)دا بەپاڵپشتی ئینگلتەرا هێرشی بردە سەرو ناچاری کرد تا چەند بەندەرێکی نوێ بکاتەوە بۆ بازرگانی ئەورووپی، لەوانە بەندەری (تیانتزن) کەزۆر لە پایتەخت (پەکین) ەوە نزیک بوو، بەڵام چاوچنۆکی دەستگرتن بەسەر بازاڕەکانی چیندا تەنها دەوڵەتانی ئەورووپای نەگرتبوویەوە، بەڵکوو دواجار دەوڵەتێکی گەنج و بەهێز کەلێی نزیك بوو دەیویست دەست بەسەر بازرگانی چیندا بگرێت، ئەو دەوڵەتەش یابان بوو.

لەباکووری ڕۆژهەڵاتی چین زنجیرە دوورگەیەك هەبوون، لەنێوانیاندا چوار دوورگەیان زۆر گەورە بوون، لەگەڵ چوار هەزار دوورگەی بچووکدا، ئەم دوورگانە مەڵبەندی ئیمپراتۆریەتی یابانی بوون، ئەم ئیمپراتۆریەتە لەپێش نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا ناوی نەبوو، چونکە لەجیهان کەناری گرتبوو، لەکتوپڕێکدا ڕاپەڕی و بنەماکانی شارستانیەتی نوێی وەرگرتو بوو بەیەکێك لەبەهێزترین ئەندامانی خێزانی نێودەوڵەتی، یابانیەکان کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمێك لەدانیشتوانی دووورگە بەریتانیەکان زیاتر بوو، وەك چینیەکان ڕەگەزی زەرد بوون، لەچینەوە بنەماکانی ڕۆشنبیری و هونەری چینیان وەرگرتبوو.

بەڵام بەپێچەوانەی چینەکانەوە زۆر بەخێرایی بەرگی نەریتەکۆنەکانیان لەخۆیان داماڵی و بەڕوونی زانییان ئەگەر شێوەی شارستانی ڕۆژئاوا وەرنەگرن، ئەوا ڕۆژئاوا دەیانکاتە کۆیلەی خۆی و ملکەچی قەڵەمڕەوی خۆیان دەکات.

بازرگان و موژدەبەرە ئیگلیزو هۆڵەندیەکان لەسەدەی شانزەهەمەوە چوونە بەردەرگای یابان، بەڵام پاش کەمێك لە وڵات دەرکران، بەمجۆرە یابان بۆماوەی

دووسەدساڵی دیکە لەجیهان دابڕا تائەوەی لە ساڵی(١٨٥٣ز )دا (کومۆدۆر بیری )هات و لەبەندەرەکانی یاپاندا دابەزی و ئەویش دەرگای لەڕووداکردەوە، پاشان دەوڵەتانی دیکەش خێرا بەدوایدا چوون و هەمان مافیان وەرگرت.

بەڵام یابان لەومەترسیە بەهۆش هاتەوەو بڕیاردا زانستی ڕۆژئاواو داهێنانەکانی وەربگرێت تاخۆی لەمەترسی ئەورووپی بپارێزێت، بۆیە لە ساڵی(١٨٧١ز )دا دەرەبەگایەتی لەکارخست و کۆیلایەتی زەوی لەناوبرد و سوپاو کەشتیگەلی بەشێوەی ئەورووپی دارشتەوە، لە ساڵی (١٨٨٩ز )یشدا دەستورێکی دانا کەبەوپێیە پەرلەمانێکی پێکهێنا، ئەو پەرلەمانە دوو ئەنجومەنی هەبوو، ئەنجومەنی نوێنەران کەپێی دەوترا (شوکن) لەگەڵ ئەنجومەنی پیران کەلەژێر چاودێری پاشایەکی میراتگردا بوو(میکادۆ ).

لەولاتدا هێڵی ئاسنین بەدرێژی هەزاران میل ڕاکێشرا، کارگەی گەورەیان دامەزراند، خوێندکاریان بەبەشە جیاجیاکانی جیهاندا دەگەڕاند تا نهێنیەکانی پێشکەوتن و زانستی ڕۆژئاوا وەربگرن و دواتر بگەڕێنەوە بۆ ولاتی خۆیان و ولات ڕاپەڕێنن و دەسەلاتی بەهێزبکەن.

پاش ئەوە یابان بوو دەوڵەتێکی پیشەسازی بڕیاریدا بازرگانی خۆی فراوان بکات، بۆیە چاوی بڕیە نیمچەدوورگەی کۆریا، لەپێناو داگیرکردنیشدا لە ساڵی (١٨٩٤ز )دا لەگەڵ چین شەڕێکی بەرپاکرد و بەسەرکەوتنێکی خێرای یابان بەسەر چیندا کۆتایی پێهات، چین دەیویست دەشتبگرێت بەڕابردووی خۆیەوە، بەڵام یابان ناچاری کردتا دان بنێت بەسەربەخۆیی کۆریادا یان بەواتایەکی تر ناچاری کرد تا دەرگای کۆریای لەبەردەمدا بکاتەوە تا بەئاسانی دەستی بەسەردا بگرێت.

بەڵام ڕوسیا بەبێزاری لەڕووی دەسەلاتداری یابان بەسەر کەناراودا پێشڕەوی کردو داوای لەچین کرد تا لەمەنشوریاوە هێڵێکی ئاسنین ڕابکێشێت و دەسیبگرێت بەسەر (پۆرت ئارثەر ) داو ئەویێی کردە پێگەیەکی بەهێز بۆخۆی و بەهێڵی ئاسنین بەستیەوە بە سیبریاوە.

یابانیەکانیش بەزیادبوونی قەڵەمڕەوی ڕوس لەڕۆژهەڵاتی دووردا بێزار بوون‌و پێیان وابوودەستگرتنی رووس بەسەر مەنشوریادا واتە لەناوبردنی هەموو خواستی یابانیەکان لەڕۆژهەڵاتدا، بۆیە بڕیاری خەیاتیان دا.

لەوکاتەدا ئەڵمانیەکان بەڵگەی بەهێزکردنی قەڵەمڕەوی خۆیان لەو ناوچەدا دۆزیەوە، ئەویش ئەوە بوو کە موژدەبەرێکی ئەڵمانی لەهەرێمی (شانتونك )بەرامبەر بەکۆریا کوژرابوو، لەئەنجامی ئەو ڕووداوەدا هێزی دەریاوانی ئەڵمانیەکان لەکەنداوی (کیاوشاو ) لە ساڵی(١٧٩٧ز )دا خۆیان نواندو داەزینە سەرئەو خاکە، پاشان ئاڵای ئەڵمانیایان بەرزکردەوەو لەجیاتی گیانی ئەو موژدەبەرە کوژراوە داوایان دەکرد دەستبگرن بەسەر شاری (کیاوشاو)ی سەر نیمچە دوورگەی شانتونکداو بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەستیاندا بمێنێتەوەو مافی ئەوەیان هەبێت لەو ناوچەدا هێڵی ئاسنین ڕابکێشن‌و کان لێبدەن.

ئەڵمانەکان دوای ئەوەی ئەو شوێنەیان گرتەدەست‌و بەندەرو قەڵای سەربازی‌و کارگەی چەکیان دامەزراند، یان بەواتایەکی دیکە لەکەناراوی چیندا شارێکی ئەڵمانی بەهێزیان دامەزراند کە بۆ ئەوە بێت بکرێتە مەڵبەندێك بۆ بڵاوکردنەوەی قەڵەمڕەوی ئەڵمانی لە داهاتوودا.

کاتێك ئینگلتەرا بەمەی زانی ترسی لێنیشت‌و لە هۆن کۆنگەوە کەشتیگەلێکی بەرەو باکوور ناردو چینی ناچارکرد تا دەستبەرداری (های وای ) بێت بۆی، ئەمەش دەکەوتە نێوان دەسەڵاتی ئەڵمانیاو ڕوسیای نوێ.

سەرەڕای ئەمە ئینگلتەرا بڕوای وابوو بەرژەوەندی لەوەدایە لەگەڵ یاباندا دۆستایەتی هەبێت، بۆیە لە ساڵی (١٩٠٢ز )دا هاوپەیمانیەتێکی بەرگریکاری هێرشبەری لەگەڵدا بەست، بەوپێیە هەریەکەیان دەبوو لەکاتی جەنگ لەگەڵ لایەنی سێیەمدا یارمەتی ئەوی دیکە بدات، بۆنونە ئەگەر جەنگی نێوان یابان‌و ڕوسیاو فەرەنسا یان ئەڵمانیا ڕوویدات، ئەوا دەبێت ئینگلتەرا بداتە پاڵ ڕوسیا.

بیانیەکان بەوەوە نەوەستان چەند مەڵبەندێکی بازرگانی لچیندا بۆخۆیان دابمەزرێنن، بەڵکوو هیوایان وابووسامانی سروشتی ناو وڵاتیش دەربهێنن‌و

ڕێگەی پەیوەندی وشکانی و دەریایی بەهێڵی ئاسن و کەشتی هەڵمین بکەنەوەو شارستانیەتی ئەورووپی بهێننە ڕۆژهەڵات تابتوانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتیەکاندا خۆیان بڕێ بکەن و کاڵاکانیشیان ڕەواج پێبدەن و سەرمایەی خۆیان بخەنەکار یان بەواتایەکی دیکە داگیرکاری و هەژموونی بازرگانی خۆیان بچەسپێنن.

دێوەزمەی داگیرکاری چینیەکانی ترساند، بۆیە بەهەموو توانایەکیانەوە بەرەوڕووی بەهێزکردنی قەڵەمڕەوی ڕۆژئاوا لە وڵاتیاندا وەستانەوە، لەوانە ڕێنەدان بەڕاکێشانی هێڵی ئاسن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەزاران میلی هێڵی ئاسن ڕاکێشراو نەخشە بۆ هەزاران میلی دیکەش کێشرا، دامودەزگای تەلەگراف و پۆستە بەشێوەی ئەورووپی دامەزرێنران.

لە ساڵی(١٨٩٨ز )یشدا دوای جەنگی چینی – یابانی – چین کەوتە ڕێکخستنی سوپای خۆی لەسەر شێوازێکی نوێ و ناردنی خوێندکارانی بۆ زانکۆبیانیەکان، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانە سودێکی وایان نەبوو، بەڵکوو جەنگی چینی–یابانی–لاوازی سەرسوڕهێنەرانەی چینی نیشاندا، دەرکەوت ئەو ئیمپراتۆریەتە بەرەو نەمان دەچێت و چارەسەری بۆنیە، بۆیە چالاکی دابەشکردنی دەستیپێکردو هەریەك لە ئەڵمانیاو ڕوسیاو ئینگلتەراو فەڕەنسا چەند بەش و ناوچەیەکی گرنگیان بۆخۆیان داناو ڕۆژنامەی ئەوروپاو ئەمریکایش بەئاشکرا باسی دابەشکردنی بێ گومانی ئیمپراتۆریەتی چینیان دەکردو ڕای جیاوازیان دەخستەڕوو سەبارەت بەچۆنێتی دابەشکردنی دەستکەوتەکان.

لێرەدا ئەو حیزبەی کە بە ناوی (بۆکسز )ناسرابووو دوژمنایەتی توندی بەرامبەر بە موژدەدەرو بازرگانە بیانیەکان هبوو ڕاپەڕی و ڕایگەیاند دزەکردنی ڕای نوێ دەبێتە هۆی لەناوبردنی وڵات و دەوڵەتانی ئەورووپایش لەگەڵ بوونی یەکەم دەرفەتیان وڵات دابەش دەکەن، بۆیە هاوڵاتیانی پەکین لەدەوری کۆبوونەوەو لەمانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٠٠ز )دا باڵوێزی ئەڵمانیایان کوشت و گەمارۆی ئەورووپییەکان ناو پەکینیان دا، بۆیە سوپایەکی فریاگوزاری تێکەڵی سەربازی یابانی و پروسی و بەریتانی و ئەمریکی و فەڕەنسی و ئەڵمانی نێردراو لەکەناراوەوە



Scanned with CamScanner

بەرەو پەکین چوون و دەرگای پایتەختیان کردەوەو بیانیەکایان لەو گەمارۆیەو دەروازەی مەرگە ڕزگارکردن و ئارامیان کێڕایەوە بۆ جیهانی ڕۆژئاوا پاش ئەوەی ماوەی شەش هەفتە بوو ترس و دڵەڕاوکێ دایگرتبوون، سوپای ئەورووپی هێرشی بردەسەر کۆشکی ئیمپراتۆرو تاڵانی کردو چینیان ناچارکرد تا قەرەبوویەك بەبڕی سێ سەدوبیست و یەك ملیۆن دۆلار بدات و بەڵێن بدات بۆکسز لەناو ببات و هەرجۆرە کۆمەڵەیەك لەناوببات کە دژ یان نەیاری بوونی بیانی بێت لە وڵاتدا.

پاش ئەوەی ئەو بارزیانە کۆتاییان پێهات، حکومەتی چینی دەستیکردەوە بەچاکسازی، لە ساڵی (١٩٠٦ز)یشدا دەقێك دەرچوو کە بەڵێنی دامەزراندنی پەرلەمانێکی چینی و کۆتایی هێنان بەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەهای کۆنی بۆ هەمیشەیی لەخۆدەگرت.

شۆڕشی بۆکسز کە کۆتایی پێهات ڕووس و یابانەکان خۆیا لەڕووبەڕووبوونەوەو پێکدادانی ڕووبەڕوودا بینیەوە، چونکە ڕوسیا ئامادە نەبوو مەنشوریا چۆڵ بکات و سووربوو لەسەر ئەوەی پێگەی خۆی لەکۆریادا بپارێزێت تا ئەوەی قەوزاقەکانی نارده ئەوێ تا لەوێ قەڵا وپێگە دابمەزرێنن، یابانیش بەوە ناڕازیبووو دەیوت پروسیا چەند جارێك بەڵێنی داوە هێزەکانی خۆی لەمەنشوریادا بکشێنێتەوەو کۆریا بەسەربەخۆ بزانێت، کاتێك ڕوسیا وەڵامێکی تەواوی نەدایە دەست، لە فبرایەری ساڵی (١٩٠٤ز)دا جەنگی لە دژ ڕاگەیاند لەترسی ئەوەی نەوەك ڕوسیا دەستبگرێت بەسەر ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتداو ژیان و بەرژەوەندی یابان بخاتە مەترسیەکی گەورەوە.

ئەگەر بمانەوێت بەراوردێکی هێزی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بکەین، دەبینین یابان لەوپەڕی ئامادەسازیدا بووو لەمەیدانی ململانێکە نزیك بوو، لەکاتێکدا حکومەتی ڕوسی دوچاری گەندەڵی و لێکهەڵوەشان و لاوازی ببووو ملکلانێی توندی لەگەڵ گەلی ڕووسیدا لاوازی کردبوو، جگەلەمەش سنوری ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا لە ئەورپا سێ هەزار میل لە (پۆرت ئارثە ر) دووربووو تاك پێناوی گواستنەوەش یەك هێڵی لاوازی ئاسنین بوو کەلە بانی سیبریاوە بەرەو باسڤیك درێژ دەبویەوە.

هێزە یابانیەکان خێرا گەمارۆی پۆرت ئارثەر داو چەند هێرشێکی توندی مەرگخوازانەیان بردەسەر، جیهانیش سەیری دەکردو دوودڵ وەستا بوو تا بزانێت دەرەنجامی ئەو جەنگە چی دەبێت تا ئەوەی پاش حەوت هەفتە لەڕۆژی یەکی مانگی یەکی ساڵی(١٩٠٥ز)دا قەڵاکە خۆی دا بەدەستەوەو یابانیەکان سەرکەوتن.

ئەو کەشتیگەلە ڕووسیش کەلە ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتدا بوو لەسەرەتاکانی جەنگدا ڕوسیا کەشتیگەلی خۆی نارد بۆ بەلتیق، هەر کە گەیشتە گەرووی (کۆریا) لەوێ ئەمیراڵ تۆگۆ چاوەڕوانی بوو، لەچەند کاتژمێرێکی کەمدا تەفروتونای کردو گیانی دەریاوانی ڕوسی لەجەستەیان جیاکردەوە، یابانیش بەبێ زیانێکی وا لەجەنگەکە چوویە دەرەوە.

ڕۆزفلتی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك نێوەندێك ڕێککەوتنی لەنێوان هەردوولادا بەست، بۆئەمە نوێنەری هەردوو دەوڵەتی بانگکرد بۆ (پۆرت سمۆث)، لەسێبتەمبەردا پەیماننامەی پۆرت سمۆثی بەست کەتیایدا دانرا بەقەڵەمرەوی یابان لەکۆریادا هەرچەندە ئەو ناوچەیە بەناو سەریەخۆیی پێدراو ئەوەش زۆری نەخایاند تا کۆریا لە ساڵی (١٩١٠ز)دا بوو بەبەشێك لە ئیمپراتۆریەتی یابانی، بەوجۆرە ئەو پەیماننامەیە دەیوت دەبێت ڕوسیاو یابان مەنشوریا چۆڵ بکەن و ڕوسیا پۆرت ئارثەر چۆڵ بکات بۆ یابان.

ئەم جەنگە چەند ئامانجێکی مەترسیداری هەبوو، چونکە یابانی بەرزکردەوە بۆ پلەی دەوڵەتە گەورەکان و دوژمنکاری ئەورووپی لەڕۆژهەڵاتی دووردا لەسنورێکدا وەستاندو پاڵپشتی بنەمای نەتەوەیی دەرکرد، ئەو بنەمایەی دەیوت (ئاسیا بۆ ئاسیاییەکان دەبێت) هەروەها زامنی ڕەگەزی زەردی دەکرد تا هەرگیز ملکەچی ڕەگەزی سپی نەبێت وەك ئەوەی ڕەگەزی سوور لە ئەمریکا یان ڕەگەزی ڕەش لەئەفریقیا ملکەچی خۆیان بۆ سپی پێستەکان نواند، بەڵکوو ڕەگەزی زەرد دواتر لە مێژوودا ڕۆڵی دەبێت و بەدەستی خۆی پێشکەوتن بەشارستانیەت دەبەخشێت.

هەروەها ئەنجامێکی دیکەی ئەو جەنگە ئەوە بوو ڕوسیا دووبارە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ورووژاندەوە دوای ئەوەی لەڕۆژهەڵاتی دووردا بێهیوابوون، هەروەك

بزووتنەوەی ئازادیخوازییان لەلا بەهێز بوو، جگەلەمەش شکستی ڕوسیا متمانەی ئەڵمانیای بەخۆی زیادکردو ئەوە کەوتە بیرو هۆشیەوە کە دەتوانێت بەئاسانی بەسەر نەیارەکانیدا زاڵبێت تا دەسەڵاتی ئەوروپا بگرێتەدەست.

ئەمەش هانیدا تا بچێتە جەنگی جیهانی یەکەمەوە، ئەم جەنگە لەناو ئیمپراتۆریەتی چینیدا ڕوویدا لەکاتێکدا ئەم وڵاتە هێشتا پاروی دەمی دەوڵەتو تۆپی دەستیان بوو، ئەم سەرکەوتنەش کە یابان بەدەستیهێنا هەستی نەتەوەیی لەدەروونی چینیەکاندا بێدارکردەوەو خێرا کەوتنە لەناوبردنی بنەماکانی سەردەمی کۆنو چەند چاکسازیەکی مەترسیداریان لە فێرکاریو خوێندنو ئەدەبی کلاسیکیدا ئەنجامدا، هەزاران گەنجیش بەرەو خوێندنگەکانی ئەورووپاو ئەمریکاو یابان چوونو دواتر گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیانو بڕیاریاندا وەچەی مانشۆی دەسەڵاتداری ناو وڵات بڕوخێنن.

ئەم بنەماڵەیە ماوەی دووسەدو شەستو حەوت ساڵ بوو وڵاتیان لەدەستدابوو، ئەم خوێندکارانە دەیانویست ئەو بنەماڵەیە بڕوخێننو کارمەندانی گەندەڵکاری لەناوببەن، پاش هەوڵێکی کورت توانیان ئەو ئیمپراتۆریەتە بچوکەی لەسەر دەسەڵات ببو لاببەنو لە ساڵی (١٩١٢ز )دا دەسەڵاتی کۆماری ڕابگەیەنن.

بەلاَم سەرۆك کۆماری نوێ (یان شی کام )لە دڵەوە لەگەڵ سیستمی پاشایەتیدابووو پێی وابوو چاکترین سیستمی دەسەڵاتە بۆ چین، حەزی دەکرد خۆی وەك جێگرەوەی بنەماڵەی جارانی مانشۆ ڕابگەیەنێت، کاتێك کۆماریەکان هەستیان بەوەکرد هەوڵیاندا بۆ جاری دووەم شۆڕش بەرپا بکەن، بەلاَم خێرا سەکورت کراو شی کام خۆی وك دیکتاتۆر دانا و ئەو سەرکردە سەربازیانەی هەبوون کردنی بەچەکێك بۆ ڕێکخستنی وڵات، بەلاَم لە ساڵی (١٩١٦ز )دا مرد.

ئەوکات لەنێو خۆیاندا سەرکردەکان کەوتنە ناکۆکیو شەڕکردن تا دەسەڵات بگرنە دەستو سەرۆك کۆماری نوێو پەرلەمان لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا مایەوە، کاتێك جەنگی جیهانی یەکەم هاتو پەرلەمان ئامادە نەبوو تیایدا بەشداری بکاتو دژ بە ئەڵمانیا بچێتە جەنگەوە، بەڕێگەیەکی ناڕەوا پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە،بۆیە



Scanned with CamScanner

ئەوکات بەشی باشوور راپەڕین و حکومەتێکی سەربەخۆی دەستووریان لە (کانتۆن)دامەزراند بەسەرکردایەتی دکتۆر (سن یان سن)، ئەم کەسە یەکێك بوو لەو رۆشنگەرانەی لە خوێندنگەکانی رۆژئاوادا خوێندبوویان.

بەدوای ئەمەدا سەردەمێکی بارگرژی توندو پڕ ناکۆکی نێوان سەرکردە سەربازیەکان هاتە کایە تا لە ساڵی (١٩٢٤ز) هات و حیزبەکان پێکەوە کۆبوونەوەو دوو دەستە کۆبوونەوە، بەشێکیان داوای حکومەتێکی سەربازی مەرکەزی بەهێزیان دەکرد، بەشێکی دیکەشیان داوای حکومەتێکی یەکگرتوویان دەکرد کە لە چەند هەرێمێك پێکبێت و هەر هەرێمێك پشکێکی باشی بەرپرسیارێتی ناو دەسەڵاتی هەبێت.

حکومەتەکەی باشوور بەسەرکردایەتی سن یان سن گەشەی کرد تا ئەوەی خەریك بوو هەموو چینی دەگرتەوە، بەڵام باکووردەستەیەك لە سەربازیەکان بەڕێبەری (کای شاك)هەستان و حکومەتێکی نیشتمانیان دامەزراندو (نانکین)یان کردە پایتەختی خۆیان، هەروەك حیزبێکی نیشتیمانی بەهێزی بەناوی حیزبی(کۆمنتانگ)دامەزراند، کای شاك خۆی وەك سەرۆکی حکومەت بەشێوەیەکی کاتی هەڵبژارد تا ئەوەی کۆمەڵەی دامەزراندن لەکاتی سەقامگیری بارودۆخەکاندا هەڵبژێردرێت.

ئەو سەرکردەش وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت، کای شاك پشتی دەبەست بەزۆرینەی یەکەکانی سوپا و توانی بۆ ماوەیەك پێگەی خۆی بپارێزێت، ئەم کارەی کۆمەڵێك لەسەرکردە ڕکەبەرەکانی لێ زیزکرد، چونکە هەندێ لەوانە مەزهەبی شیوعییان وەرگرتبوو، بۆیە کەوتنە دژایەتی کردنی.

دواجار شالاوی یابان لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٣٢ز)دا سەرکەوتنی لە داگیرکردنی مەنشوریادا ڕوویدا، بەمە توندوتیژی لەدژی زیادی کردو ناچار بوو لەمەیدانی سیاسەتەوە بەرەو مەیدانی سوپا پاشەکشە بکات و ئەنجومەنێکی کاتی بۆ کارگێڕی کاروباری وڵات پێکبهێنێت، لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٣٧ز)دا



Scanned with CamScanner

یابانیەکان دژبە چین جەنگێکیا نایەوەو پاش گەمارۆیەکی سەخت (شەنگەهای)یان داگیرکرد، پاشان پەکینیشیان داگیرکرد، بەڵام باشوور توانی حکومەتەکەی خۆی بپارێزێت و لەگەڵ باکووردا چەند جارێك پێکدابدات، بەتایبەت کە پێی وابوو حکومەتەکەی کای شاك تەنها ئامێرێکە بەدەست سەرمایەدارانەوە بەتایبەت ئەمریکیەکانیان، چونکە ئەوان سوپایان بۆ دامەزراندو مەشقیان پێکرد، چەند نزیکبوونەوەیەکی نێوان باکوور و باشوور لە کۆتا ڕۆژەکانی دا بەهۆی شاڵاوی یابانیەوە هاتە کایەوە کانتۆنیەکان دەستەیەکی سوپاکەی خۆیان نارد بۆ یارمەتیدانی باکووریەکان.

وڵات لەڕووی ئابووریەوە باش پێشکەوت، تیایدا کارگە دامەزراو پێناوەکانی گواستنەوە باش کران و دەرهێنانی سامانی سروشتی زیادی کرد، ئەمە سەرەڕای ئەو گرفتە زۆرانە دەهاتنە ڕێی پێشکەوتنی چین وەك شۆڕشی ناوخۆیی و دەستێوەردانی بیانی بەهاندان و ئامانجی داگیرکاری، چونکە سەرمایەدارە بیانیەکان بەتایبەت یابان پارەیەکی زۆریان دانابوو بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی گەورە لە چیندا، کاتێك دەوڵەت نەیدەتوانی ئەو داواو خواستانە بەدیبهێنێت، ئەمەیان دەکردە بەڵگەو دەستیان دەگرت بەسەر لایەنە ئابووریەکانی وڵاتی چیندا.

**********************



Scanned with CamScanner

# دابەشکردنی ئەفریقیا

ئەفریقیا کۆتا ناوچەی گەورە بوو کە دیدی ئەوروپییە داگیرکەرەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بوو، ئەوروپییەکان لەو داگیرگانەدا بازرگانی و ڕۆشنبیری و دەسەلاتی خۆیان بلاوکردەوە، لەپێش ساڵی(١٨٧٠ز )دا تەنها شتێکی کەم لەبارەی ئەو کیشوەرە دەزانرا، بەلام چەند کەسێك لە نێوان ساڵانی (١٨٥٠ز تا ١٨٨٠ز)دا چەند گەشتێکیان کرد بۆئەو ناوچانەو چوونە نێوەندی کیشوەرەوەو لەژێر گەرمای خۆرو مەترسی نەخۆشی و ئاژەڵە درندەکان و هۆزەکانی ئەوێدا چوونە بەشەکانیەوەتا کانگای نیل یان ڕێڕەوی ڕووباری زامبری یان ڕوباری کۆنگۆ بدۆزنەوە، دیارترینی ئەو کەسانەیش بریتیبوو لە لیڤینکستۆن و ستانلی.

گەشتەکەی ستانلی بۆ ناو جەرگەی ئەفریقیا نیازی چاوچنۆکی هەموو دەوڵەتانی ئەوروپای لێکەوتەوەو دە ساڵ بەسەر گەڕانەوەیدا بۆ مرسیلیا تێنەپەڕی تا لە ساڵی(١٨٧٨ز )دا هەموو ئەفریقیا لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپیدا دابەشکرا یان کرا بەچەند ناوچەیەکی قەڵەمڕەوی ئەوروپا، فەرەنسا بەشی باکووری ڕۆژئاوای کیشوەری هەبوو، هەر لە ئاوە ڕێژگەی کۆنگۆوە تا تونس، بەلام دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین کە بەشێکی زۆری ئەو هەرێمە تەنها بیابانێکی وشکی بێ کەڵك بوو، فەرەنسایش سۆماڵی فەرەنسی لەسەر کەناراوی ڕۆژهەلاتی ئەفریقیا عەبوو، هەروەك دوورگەی مەدەغەشقەریشی هەبوو.

ئەڵمانیایش لەنێوان ساڵانی (١٨٨٤ز تا ١٨٩٠ز )دا چوار هەرێمی بەرفراوانی خاکی ئەفریقیای داگیرکرد، ئەویش بریتیبوو لە توکولندو کامیرۆن و ئەفریقیای باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانی و ئەفریقیای ڕۆژهەلاتی ئەڵمانی، کۆی ڕووبەری ئەو زەویانە یەك ملیۆنی چوارگۆشە دەبوو، ئەڵمانەکان هەوڵیاندا بە ڕاکێشانی هێڵی ئاسن و دامەزراندنی خوێندنگەو خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لەچەند پرۆژەیەکی دیکەدا سوود لەو ناوچانە وەربگرن، بەلام جەنگ یەکلەدوای یەکەکان لەگەڵ خەڵکداو شکستی بزووتنەوەی بازرگانی هۆکارێکی کەمی سوودی ئەو هەوڵانە



Scanned with CamScanner

بوو،پاش ئەوەی ئەڵمانیا لە جەنگی گەورەدا سەرنەکەوت ئەوانەی لەدەست چوو، ئەمڕۆش داوای دەکاتەوەو هەوڵی گێڕانەوەی دەدات.

خاکی نێوان ئەفریقیای ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیو کۆنگرەی فەڕەنسی بە کۆنگۆی بەلجیکی ناو دەبرێت، چونکە لیو پۆلدی پاشای بەلجیکا لە ساڵی(١٨٧٦ز)دا کۆمپانیایەکی دامەزراند بۆ دۆزینەوەی ئەو ناوچەیەو دواتریش ڕایگەیاند کەخۆی بە فەرمانڕەوای خاکی فراوانی کۆمپانیاکە دادەنێت، ئاکارو ڕەفتاری ئەو کۆمپانیایەش نمونەی ئەو ڕێگەو هەنگاوانەیە کە داگیرکەرانی ئەورووپی بۆ داگیرکردنو ناچارکردنی خەڵکی وڵات بۆ ئیشکردنی بەزۆر لە خزمەتکردنی پێگە داگیرکاریەکانی ڕۆژئاوادا دەیانگرتەبەر.

ئەو گەلانەی ئەوێ ڕاهاتبوون بە ئازادی لە دارستانەکانیاندا بژین، زۆر ڕقیان لەو کارانە بوو کە داگیرکەرەبەلجیکەکان لەسەریان دانابوون وەك ڕاکێشانو کۆکردنەوەی جۆراوەی مەتات یان وشککردنەوەی زۆنگاوەکان،کۆمپانیایش هەموو یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەوێی ناچارکرد تا ژمارەیەك کرێکاریان پێبەخشین، ئەگەر ئەوە نەکەن ئەوا گوندەکەیان دەسوتێننو خانوەکانیان دەڕووخێنن، هەروەها دەبوو هاوڵاتیان ساڵانە بڕێك مەتات ببەخشن پێیان، ئەگەر ئەوە نەکەن ئەوا سزای سەخت دەچێژن.

داگیرکەران زۆربەی جار ئەوەیان سەلماند کە زۆر لە دڕندەکانی ئەفریقیا دڕندەترن، ئەوان وتیان دەچین تا دڕندەیی ئەفریقیا نەهێڵن کەچی خۆیان گەورەترین دڕندە بوون، باری خراپیش گەیشتە ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە ئەمریکا و ئەورووپاوە ڕەخنەیان دەگرت، بۆیە وەزارەتی بەلجیکی لە ساڵی(١٩٠٨ز)دا بڕیاری دا بەتەواوەتی خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا زاڵ بکاتو لەژێر دەستی کۆمپانیاکەدا دەریان نەکات، بەمە ناوی ناوچەکە لەجیاتی دەوڵەتی کۆنگۆی ئازاد بوو بە کۆنگۆی بەلجیکی.



Scanned with CamScanner

ئینگلتەرایش باشووری ئەفریقیای هەبوو، بباسمان کرد چۆن کەوتە دەستی. سەرەڕای ئەوەی لەسەر کەناراوی ڕۆژهەڵاتی کە لەناوخۆوە تا دەریاچەکانی ئەفریقیای گەورە درێژ دەبوونەوە زەویەکی فراوانی هەبوو، بەڵام لەوە گرنگتر دەستگرتنی بوو بەسەر میسردا.

(موسڵمانان) عەرەبەکان لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا میسریان گرت، پاشان لە ساڵی(١٥١٧ز )دا دایانە دەست تورکەکان، پاشان ناپلیۆن هێرشی بردەسەر، ئینجا ئینگلیز کەشتیگەلی فەرەنسای تێکشکاندو میسر گەڕایەوە دەست مەمالیکەکان و سوڵتانی (موسوڵمانان) پاشان موحەممەد عەلی هات و دەستیگرت بەسەر فەرتوومداو لە بنەماڵەکەیدا دەسەڵاتێکی میراتگری دامەزراند، کاتێك ئیسماعیل هات و نۆکەندی سویسی دامەزراند، لەو ڕۆژەوە شکستی خواردو سەربەخۆیی وڵاتی میسر لەدەستچووو شۆڕشی نیشتیمانیش ڕوویدا، پاشان شۆڕشەکە شکستیخواردو ئینگلیز وڵاتی داگیرکرد تا ئەوەی لە ساڵی(١٩١٤ز )دا داگیرکاریەکە بوو بە پارێزگاری.

ماوەیەکی زۆر بەسەر داگیرکاری ئینگلیز بۆ میسر تێنەپەڕی تا شۆڕشی سودان بە ڕێبەری موحەممەد ئەحمەد دەستی پێکرد، موحەممەد بانگەشەی ئەوەی دەکرد مەهدی چاوەڕوان کراوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری پشتیوانی پەیداکرد، جەنەرال گۆردون لەوکاتەدا سەرکردایەتی سەربازگەی ئینگلیزی ناو خەرتوومی دەکرد، بۆیە مەهدی و شوێنکەوتووەکانی لە ساڵی(١٨٨٥ز )دا گەمارۆیان داو پاش بەرگریەکی توند کوشتیان، بەڵام پاش تێپەڕبوونی دوانزە ساڵ جەنەرال کیتجر سودانی گرت و دەستیگرت بەسەر خەرتوومداو تۆڵەی گەردونی سەربازەکانی سەندەوە، ئەمەش لە ڕێگەی هێزە میسری ئینگلیزیەکانەوە بوو.

میسر لە ماوەی داگیرکاری ئینگلیزیدا پێشکەوتنێکی گەورەی بە ئابووری خۆیەوە بینی، پیشەسازی و بازرگانی و کاری گشتی گەشەی سەندو کاروباری دارایی ڕێکخران، بەڵام میسریەکان واهەستیان دەکرد وڵاتەکەیان دەبێت بۆ ئەوان بێت و داگیرکاری ئینگلیزی سوکایەکەو جێی قبووڵ نیە.

کاتێك جەنگی جیهانی یەکەم تەواو بوو نیشتیمان پەروەران بڕێبەری سەعد زەغلول پاشا ڕاپەڕین و هەوڵیاندا بەریتانیا والێبکەن لەویْ دەسەلاْتی خۆی کۆتایی پیْ بهێنێت، تووڕەیی و بێزاری لە دەسەلاْتی بیانی گەیشتە ئاستێکی بالاْ تا ئەوەی ئینگلیز ناچار بوو لە ساڵی (١٩٢٢ز)دا دان بنێت بەسەربەخۆیی میسردا.

بەلاْم ئەوانن بەرژەوەندی خۆیان و بیانیەکانیان لەگەڵ چاودێری کاروباری دەوڵەتیان بۆخۆیان هێشتەوەو سوڵتان ئەحمەد فوئاد پاشایان لەسەر کورسی دەسەلاْت داناو لەدەستوردا دەیوت حکومەتی میسر پاشایەتی میراتگریەو دەیْت ئەنجومەنێکی پیران هەبێت کە چەند کەسێك لەلایەن پاشاوە دابنرێن، ئەوانی دیکەش بەهەڵبژاردن دابنرێن، هەروەها دەبێت ئەنجومەنێکی نوێنەران دابمەزرێت کە ئەندامەکانی بەدەنگدانی بە گشتی هەڵبـژێردرێن، هەروەك شتێکی دیکەی گرنگی ناو دەستورەکە ئاماژەدانی بوو بە پێویستی فێرکاری زۆرەملیْ و خۆڕایی.

بەلاْم نیشتیمان پەروەرانی میسر بەو سەربەخۆییە شێوێنراوە ڕازی نەبوون و بەو کۆتانە ڕازی نەبوون ك بەریتانیا دینابوو بۆ دەسەلاْتداری نەتەوەییمان، جا لە سێبتەمبەری ساڵی(١٩٢٤ز)دا زەغلول پاشا کە لەوماوەدا سەرۆك وەزیران بوو لەپاڵ ڕەمزی مەکدۆنالدی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیادا داوایەکی پاشەکشەکردنی هەموو سەربازە بەریتانیەکان و کارمەندانی کارگێڕی و ڕاوێژکارانی ئینگلیزی لە میسرو سودان و کۆتاییهێنان بە دەسەلاْتی ئینگلیزی بەسەر کاروباری دەرەکی میسردا پێشکەشی کرد، نۆکەندی سویسیش بخرێتە ژێر کارگێڕیەکی نێودەوڵەتیەوە.

بەلاْم بەسروشتی حاڵ ئەو داوایانە بەرپەرچ درانەوەو ئەو بەرپەرچدانەوەیش لە وڵاتدا پشێوی و ئاژاوەیەکی نایەوە کە تیایدا جەنەراڵ ستاك سەرداری سوپای میسری و فەرمانڕەوای گشتی سودان کوژراو حکومەتی ئینگلیزیش ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو هەڕەشەیەکی توندی نارد بۆ میسرو تیایدا هەموو بانگەشەکانی دەستگرتن بەسەر سیایەتی میسی تێدابوو، میسریشی ناچارکرد تا بەبڕی

نیوملیۆن پاوەن قەرەبووی خوێنی ئەو سەرکردە کوژراوە بداتەوە، هەروەك داوای کرد هەموو سەربازە میسریەکان لە سودان پاشەکشە بکەن،و بەحکومەتی ڕاگەیاند کەدەیەوێت ناوچەی کشتوکاڵ لە سودان بەویسستی خۆی بەرزبکاتەوە.

میسریش بەو هەواڵە بێزاربوو، چونکە واتای ئەوەیە بڕی ئاوی ڕۆیشتوو بۆ میسر کەم دەکات و کشتوکاڵی لەناو دەبات، پەرلەمان پەنای بردەبەر کۆمەڵەی گەلان، بەڵام کۆمەڵەی گەلان بەرپەرچی دایەوەو ئامادە نەبوو لەو کێشە بڕوانێت و بانگەشەی ئەوەی دەکرد حکومەتی بەریتانیا دەسەڵاتی بەسەر سوداندا هەیە، هەروەك دەیوت کێشەی میسر کێشەیەکی ناوچەیی تایبەت بەخۆیەتی و ناچێتە چوارچێوەی کاری کۆمەڵەی گەلانەوە.

وەزارەتەکەی سەعد زەغلول پاشا لە دەرەنجامی ئەو کارانەدا شکستیخوارد و بەدوایدا وەزارەتی زیور پاشا هات کە ویستەکانی ئینگلیزی جێبەجێ دەکرد، نیشتیمان پەروەرە میسریەکان بەرەو ڕووی ئەو وەزارەتە وەستانەوەو حیزبە جیاجیاکان هەوڵەکانی خۆیانیان یەکخست تا ئەوەی بەرەی نیشتیمانی کە نوێنەری خۆی ناردبوو بۆ دانوستان لەگەڵ ئینگلیزدا توانی سەربکەوێت، ئەمەش پاش ئەوەی وەزارەتی پێکهێنا.

دانوستانەکان لەسەر پرسی سودان بوونە هۆی پێکدادان و لەئەنجامدا وەزارەت دەستی لەکار کێشایەوەو وەزارەتێکی وەك وەزارەتەکەی زیور پاشا لەسەر دەستی موحەممەد مەحموود پاشا پێکهات، بەڵام هەوڵەکانی وەفدی میسری توانییان ئەو وەزارەتەیش بڕوخێنن و وەزارەتێکی بێلایەن بهێنن کە عەدلی یەکون پاشا ڕێبەری بوو، هەڵبژاردنەکان بەڕێوە چوون و تیایدا حیزبی وەفد زۆرینەی زۆربەی بەدەستهێنا،سەرۆکایەتی وەزارەت درایە دەست موستەفا نوحاس پاشای سەرکردەی حیزبەکە.

ئەم کەسە لەدوای سەعد ڕێبەری وەفدی گرتەدەست، لە ساڵی(١٩٣٠ز ) لەگەڵ ئینگلتەرادا کەوتە دانوستان و لە کێشەی سوداندا پێکیانندادا، چونکە ئەو دەیویست ئەو مافانەی میسر بگێڕێتەوە کە ئینگلیز دەستی بەسەردا گرتبوون، هەروەها ناوچەی



Scanned with CamScanner

قەڵەمڕەوی ئینگلیز لەبەرەی سویسدا دیاری بکات، بەمە پەیوەندیەکانی نێوانیان چوونە قۆناغی بارگرژیەوە.

لێرەدا کۆشکی بەریتانی بزووتنەوەیەکی بەرپاکرد کە لە ئەنجامدا وەزارەت ڕووخاو ئەنجومەن هەڵوەشێنرایەوەو سدقی پاشا هاتو ڕێبازەکەی موحەممەد مەحموودی لە وڵاتدا گرتەبەر بەبێ ئەوەی کێشەی ئینگلیزی میسری بوروژێنێت، بەڵام حیزبی وەفد بۆ جاری دووەم گەڕایەوە بۆسەر دەسەڵاتو چەند نائارامیەکی نایەوەو تیایدا چەند خوێندکارێك کوژران، ئینگلیزیش ناچار بوو وەڵامی خواستەکانی نیشتیمانپەروەرانی میسری بداتەوەو لەگەڵ میسردا پەیماننامەیەکی هاوشێوەی پەیماننامەی عێراقی ئینگلیزی ببەستێت زامنی سەربەخۆیی وڵات بێت.

********************



Scanned with CamScanner

# ئیتاڵیاو داگیرکردنی حەبەشە

تاکە وڵاتێك چەند سەدەیەکی دوورودرێژ لە کیشوەری ئەفریقیادا سەربەخۆ خۆی پاراستبوو حەبەشە بوو، بەڵام ئیتاڵیەکان لە ئەوروپاوە فشاریان لەسەر خاکیان دانا و گیانی سەربازیان تێدا بەهێز بوو کاتێك سەردەمی فاشیستی بەسەرکردایەتی مۆسۆلینی هاتە سەر دەسەڵات چاویان بڕیە حەبەشە، پاش چەند دەستەو یەخەببوونێکی کەم لەسەر سنوردا لەگەڵ حەبەشەدا جەنگیا نایەوە، حەبەشیەکان تێکشکان و ئیتاڵیا وڵاتی داگیرکرد و کردی بەداگیرگەیەکی خۆی و ڕایگەیاند حەبەشە بووە بە داگیرگەی، هەروەك ڕایگەیاند بووە بە ئیمپراتۆریەت، ڤیکتۆر عەمانوئیلیش بوو بە پاشای ئیتاڵیاو ئیمپراتۆری حەبەشە.

کۆمەڵەی گەلان بەسەرکردایەتی ئینگلتەرا هەڵیدا پێشڕەوی ئیتاڵیا لە وڵاتی حەبەشە بوەستێنێت و پچڕاندنی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ ئیتاڵیادا ڕاگەیاند تا ئابووری ئیتاڵیا لەپەل و پۆ بخات و ڕێ نەدات درێژە بەپرۆژەکەی بدات، بەڵام سەرکەوتوونەبوو، دەوڵەتانیش دانیان نا بە داگیرکردنی حەبەشە لەلایەن ئیتاڵیاوە، ئیدی دوای ئەوەی ئەو داگیرکاریە بوو بەواقیع وڵاتان یەکلەدوای یەك دانیان پێدا دەنا.

********************



Scanned with CamScanner

# دامەزرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانو شلۆقبوونی ئیسپانیا

لەکاتێکدا دەوڵەتانی ئەوروپا سەرقاڵی گەشەپێدانو فراوانکردنی داگیرگەکانی خۆیان بوون، ئیسپانیا و پورتوگال کە لەڕۆژانی دۆزینەوەی جوگرافیەکانەوە سەرکردایەتی جیهانیان دەکردو دوو ئیمپراتۆریەتی فراوانیان دامەزراندبوو بەرەو داڕمانو کەوتن دەچوون، ئیسپانیا کە ڕۆژانێك شانازی بەوەوە دەکرد خۆر لەخاکی ئاوا نابێت لە ڕۆژانی یەکەمی فیلیپی دووەمەوە بەرەو داڕمان چوو، پاش ئەوەی لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا داگیرگەکانی خۆی لە ئەمریکادا لەدەستدا لەبەشەکانی دیکەی جیهاندا خاکێکی دیکەی دەست نەکەوت تا قەرەبووی ئەوەی بۆ بکاتەوە.

پورتوگالەکانیش گەورەترین خاکی خۆیان لە ئەمریکادا لەدەستدا کەبریتیبوو لە بەڕازیل، لەوکاتەشدا ئیسپانیا لە ئەمەریکای باشووردا خاكو دەسەڵاتەکەی لەدەستدا، بەڵام لەئەفریقیادا ناوچەیەکی زۆریان هێشتەوە، لە ئاسیایشدا تەنها ناوچەی (مکاو )ی ناوچەی چینو (کۆ )ی هیندیان لەدەستدابوو، لە سیاسەتی کۆماریشیاندا هەواداری ئینگلیز بوون.

لەهەمان کاتدا گەلێکی نوێ لە باکووری ئەمریکادا لەژێر ناوی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پێکدەهات، قەدەری خوا وابوو بەڕووی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیدا گورزی کۆتایی خۆی بوەشێنێتو لە جیهاندا ڕکەبەری بازرگانی نیشان بداتو بیسەلمێنێت لە گەلانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا کەمترنیە بەهۆی بوونی ئەو سامانە سروشتیەی کەهەیەتیو نەوەکانی هێزو لێزانینیان هەبوو.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی(١٨٧٨ز )دا لە دوورگەکانی ساموادا مەڵبەندێکی خەڵوزی دامەزراند پاشان یەکێك لەو دوورگانەی ملکەچی ئاڵای خۆی کرد، لە ساڵی(١٨٩٨ز )یشدا دەستیگرت بەسەر دوورگەکانی (هوای )دا، لەهەمان ساڵدا لەگەڵ ئیسپانیا پێکداداو کوبای کۆتا ناوچەی ژێر دەستی لەجیهانی نوێدا لێسەند، چیرۆکەکەشی بەم شێوەیەیە:



Scanned with CamScanner

کوبا پاشماوەی خاکی ئیسپانی بوو لە ئەمریکادا، تیایدا شۆڕشی زۆرو بارگرژی دژبە دەسەلاتی ئەوێ هەبوو، کاتێك سالی(١٨٩٥ز )هات بۆ کۆتاجار لە ڕووی ئیسپانیادا ڕاپەڕی، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش خێرا سۆزو هەواداری خۆی بۆ شۆڕش پیشاندا، سێ سال بەسەر هەلگیرسانی شۆڕشدا تێپەڕیو ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لەبارێکی پشێویو نائارامیدا بوون تا ئەوەی کەشتیەکی دەریایی لەبەندەری هاڤانا تێکشکا، تائێستایش کەس نازانێت ئەمە چۆن ڕوویداوە.

بەلام ویلایەتە یەکگرتووەکان خێرا جەنگی دژبە ئیسپانیای ڕاگەیاند بەبانگەشەی ئەوەی بارودۆخی کووبا جێی ڕەزامەندی نیە، جەنگەکە زۆری نەخایاند تا ئەوەی هێزی ئەمریکی لەهەموو لایەنەکانی جەنگدا سەکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوکات کوبا سەربەخۆیی ڕاگەیاندو ئیسپانیا دەستبەرداری پۆرتۆو ریکۆو فلیپینیش بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ سالی دواتردوورگەکانی کارۆلین لەدەست ئیسپانیاوە کەوتنە دەست ئەلمانیا، بەو جۆرە ئیسپانیا مالئاوایی لێکردینو لە نیمچە دوورگەکانیدا خۆی شاردەوەو چەند دوورگەیەکی بچووكو ناوچەیەکی بچووکی لەئەفریقیادا بۆخۆی هێشتەوە.

چەند هێزێکی زۆر کاریان دەکرد تا قەلەمڕەوی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە مەکسیكو دوو ئەمریکای ناوەڕاستو باشووردا فراوان بکەن، گەلانی ئەو ولاتانە لە تێکەلەی ڕەگەزە کۆنە جەماوەریەکان و ڕەگەزە ئەورووپیەکان پێکدەهاتنو بەردەوام نەیاندەتوانی فەرمانڕەوایی خۆیان بکەنو ئارامیو سەقامگیری بپارێزن، ولاتیش لە سامانی سروشتیدا دەولەمەندو لە پیشەسازیدا هەژاربوو، پێویستی زۆری بەسەرمایەی پێویست بوو تا کارگەو هێلی ئاسن لێبدات، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشکەوتنو پەنجەی خستە سەر کاروباریانو وەك دراوسێی گەورەیان دەستیوەردایە کاروباریان، لە ولاتی ئەواندا چەند خواستو بەرژەوەندیەکی هەبوو.

لە سالی(١٨٨٩ز )دا کۆنگرەیەکی ئەمریکی بەنوێنەرایەتی نۆزدە دەولەتی ئەمریکی لاتینی لە واشنتۆن کۆبوونەوە تا لەسەر بەرژەوەندی هاوبەشی ئالوگۆڕکراوی نێوانیان بکۆلنەوە، مەکتەبێکیش بۆ کۆمارە ئەمریکیەکان دامەزراند، دواتر ناوی (یەکێتی جامیعەی ئەمریکی) لە واشنتۆنی لێنراو بینایەکی گەورەو جوانی بۆ دروستکرا.



Scanned with CamScanner

# جەنگی قرم

ڕوسیا هەوڵیدا دەستبگرێت بەسەر هەرێمەکانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانیدا بەتایبەت بەلقان، بۆ ئەمەش لاوازی دەوڵەتی عوسمانی قۆستەوە، پرۆژە دابەشکاریەکیشی خستە بەردەستی دەوڵەتانی ئەورووپا و ئایینی کردبوو بە بیانوویەك بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ دژبە دەوڵەتی عوسمانی، ڕوسیا کەمەزهەبی ئەرثە دۆکسی مەسیحی وەرگرتبوو خۆی بەمیراتگری دەوڵەتی بیزەنتی دەزانی، قەیسەرەکانی بۆ ئەو ڕۆژە دەگەڕان تیایدا بتوانن بچنە ناو قوستەنتینیەوە، ئەو شارەی کە عوسمانیەکان لە ساڵی(١٤٥٣ز )دا توانیان بیگرن، لە کاتێکدا بەرژەوەندیە جوگرافی و ماددی و ستراتیژیەکانیان ئەوەی لێ داوا دەکرد پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا دیاری و سنوردا بکەن کە دەستیگرتبوو بەسەر گەرووەکاندا بەتایبەت گەرووی دەردەنێل و گەرووی بسفۆڕ، ئەمەش یان بەداگیرکردنی یان ڕەگدا کوتانی بەمەبەستی جوڵاندنی سیاسەتی، یان بەلایەنی کەمەوە زامنی ئەوەبکات کەشتیە بازرگانی و جەنگیەکانی هەمووکاتێك بەو ڕێڕەوانەدا تێپەڕ بن و لەبەردەم کەشتیە دوژمنەکانی ڕوسیاد دابخرێت.

ڕوسیا بەو دەوڵەتەی ئەورووپا دادەنرێت کە لەهەوویان زیاتر چاوی بڕیبوویە بەلقان، بەڵکوو لەوماوەی دوای جەنگی ناپلیۆندا گرنگیدەدا بەزیادکردنی قەبارەی ناردەنیەکانی گەنم بەبڕێکی زۆر بەندەری ئۆدیسا ناوبانگترین بەندەرێك بوو کە لەوێوە شتی دەنارد، ویلایەتەکانی(ولاشیا) و(مۆلدافیا )ی عوسمانیش لە بەلقاندا بڕێکی زۆریان لێدەنارد بەجۆرێك دەکەوتنە ڕکەبەری ناردەنی ڕوسیا لە ئۆدیسا، قەیسەری ڕوسی (نیڤۆلای یەکەم ) هەوڵیدا دەستبگرێت بەسەر ئەو دوو هەرێمەدا بەنیازی دەستگرتنی بەسەر بەرهەمیاندا بەجۆرێك سوودی ڕوسیای تێدابێت.

سەبارەت بە سیاسەتی ڕوسیا بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی دەستێوەردانی قەیسەری ڕوسی لە کاروباری عوسمانی سیاسەتێکی تەقلیدی بوو بۆی وەك هەنگاوی یەکەمی بەدیهێنانی ئامانجی بەردەوامی بۆ دەستگرتن بەسەر گەرووی



Scanned with CamScanner

بسفۆڕو دەردە نێلدا، پاشان پەیداکردنی قەڵەمڕەوی لە دەریای سپی و ئاوەگەرمەکاندا، بۆیە لەماوەی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا سیاسەتەکەی هەوڵی لاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانی دەدا، ئەویش بەدژایەتی کردنی و یارمەتیدانی گەلانی بەلقانی لە شۆڕشە ئازادیخوازەکانیان دژبە دەوڵەتی عوسمانی و چەندە بکرێت خاکی لێ دابماڵێت، بۆ نموونە ڕوسیا لەبیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵیدا یارمەتی یۆنانیە ئەرثە دۆسەکان بدات لەو شۆڕشەی دژبە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەنجامیدا.

قەیسەری ڕووسی لە ساڵی(١٨٥٣ز )دا بڕوای وابوو دەتوانێت مەسەلەی کۆتاییهێنان بە پرسی ڕۆژهەلاتی بەشێوەیەکی ڕیشەیی بخاتە بەرچاو، بۆیە پرۆژەیەکی دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی خستە بەردەستی باڵوێزی ئینگلیزلە ڕوسیادا، بەوپێیە ڕوسیا گەرووەکان و ئاستانەش بەشێوەیەکی کاتی دەگرێت، ویلایەتە عوسمانیەکانیش لە ئەوروپادا لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا یەکبگرن، بەرامبەر بەوە بەریتانیا میسرو ڕۆدس و قوبروس ببات، بەڵام بەریتانیا ئەو پرۆژەی بەرپەرچ دایەوە.

سەبارەت بە ڕاستی لایەنی ئایینی لەململانێی ڕوسی عوسمانیدا کێشەی شوێنە پیرۆزەکانی فەلەستین هاتە کایە، ئەم کێشە هەستێکی زۆری خەڵکی دەبزواند، کرۆکی کێشەکە ئەوە بوو کە شوێنی حەج لە قودسدا بگرێتە دەست، بەتایبەت کڵێسای (میلاد ) لە (بەیت لەحم )، لەکاتێکدا حکومەتی عوسمانی دەیویست بانگەشە ناکۆکەکانی کاثۆلیك لەلایەك و ئەرثە دۆکسەکان لە لایەکی دیکەوە بەهاوسەنگی بهێڵێتەوە، بەڵام ڕوسیا (تەنگەژەی ناوچە مەسیحیەکانی ناو فەلەستین )ی قۆستەوە تا چاو ببڕێتە دەوڵەتی عوسمانی و هێرشی بباتەسەر.

بنەڕەتی ئەم تەنگەژەیش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگە خاچپەرستیەکان کاتێك شوێنە پیرۆزەکان و چواردەوریان بوون بەموڵکی هاوبەشی دەستە مەسیحیەکان پێکەوە، کڵێسای ئەرثە دۆکسی بەهێزترین کڵێسای مەسیحی بود



Scanned with CamScanner

لەناوخۆی دەوڵـەتی عوسمانیـدا بـەو پێیـەی نوێنـەری زیـاتر لـە سـیانزە ملیـۆن هاوڵاتی سـوڵتان بـوو، ئەوانـەی ڕوسـیا بانگەشـەی ئەوەی دەکـرد دەیانپارێزێـت، لەهەمان کاتدا فەڕەنسایش بانگەشەی پاراستنی کاسۆلیکەکانی دەکرد.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو پەیماننامەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دەبەستران بە ڕاشکاوانە باسی ئەو پاراستنەیان نەدەکرد، چونکە هەردوو دەوڵەت هەوڵیاندەدا جەخت بکەنـەوە لـە قەڵـەمڕەوو دەسـەڵاتیان بەسـەر هاوڵاتیـانی ناموسـڵمانی ژێردەسـتی سـوڵتاندا، ئەمـەش لەڕێگـەی دابینکردنـی پارێزگـاری تایبـەت بۆیـان، لەهـەمان کاتـدا کـە جـەختیان دەکـردەوە لەسـەر ئایینیـە جیاوازەکـان و مەزهەبـە جیاجیاکـانی مەسـیحیەت، ئەمانـە لـەناو فەلەسـتیندا ڕکەبـەرییان بـوو لەسـەر دەستگرتن بەسەر هەربەشێکدا کە پەیوەست بێت بەناوچە پیرۆزە مەسیحیەکانەوە.

بـەتریکی ئەرسـەدۆکس لـە قـودس، لـە سـاڵی(١٨٤٣ز)دا تـوانی دەسـەڵاتە عوسمانیەکان ڕاوی بکـات تالـە بەتریکی ئاستانە جیابێتـەوە، بەرەبەرە یارمـەتی و پاڵپشتی قەیسـەر بـەهێز دەبـوو، حکومـەتی فەڕەنـسیش یارمـەتی کاثۆلیکـەکانی دەداو لە ساڵی(١٨٥٠ز )دا داوای چەند ئیمتیازێکی نوێی دەکرد، بەمە پێکدادانی نێوان ڕوسیا و فەڕەنسا تونـد بوویـەوەو هـەرکامیان دەیویـست فشار بخاتـە سـەر سوڵتان، لەکاتێکدا سوڵتان دەیویست بێلایەن بێت و هیچکامیان تووڕە نەکات.

سـەرەڕای هەڕەشـەی ڕوسـیا بـۆ سـوڵتان بـەوەی دەیـوت ئەگـەر خـۆی بـدات بەدەست فشاری فەڕەنسیەوە ئەوا پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی لەگەڵدا دەپچڕێنێت، کەچی سوڵتان لە ساڵی(١٨٥٢ز )دا بڕیاریدا چەند دەستکەوتێك بدات بە پیاوانی ئایینی مەزهەبی کاسۆلیك، گرنگترینیان سێ کلیلی تایبەتی دەرگا سەرەکیەکانی کڵێسای(عەذراء) و ژێرخانـەکانی ژێـر کڵێـسای (مەهـد)ی نـاو (بـەیت لـەحم )ی دایـە دەسـت کـاپۆلیکـەکان، ئـەم کـارە بوویـە هـۆی بێزارکردنـی ڕوسـیا بـە قەیـسەرو گەلەکەشیەوە، قەیسەر نوێنەرێکی نـارد تـا لەگـەڵ بابی عالیدا لەسەر بەهێزکردنی پێگەی ڕوسیا لەبەشە پیرۆزە مەسیحیەکاندا دانووستان بکات.



Scanned with CamScanner

لەهەمان کاتدا هەوڵیدا بەدووبارە کردنەوەی پێشنیارەکانی تایبەت بەدابەشکردنی ناوچەکانی(پیاوە نەخۆشەکە) بۆ بەریتانیا هەواداری بەریتانیا بۆلای خۆی ڕابکێشێت، ئەمەش وەك هەوڵێکی کەنارخستنی فەرەنسا، ڕوسیا پێی وابوو زیادبوونی قەڵەمڕەوی فەرەنسا لەدەوڵەتی عوسمانیو ئەورووپاشدا وەك پاڵپشتی ئاراستەو بزووتنەوە ئازادیخوازیو شۆڕشگێڕەکانی ناو بەریتانیاو ئەڵمانیا دەبێت.

کێشەی وەرگرتنی کلیلەکانی کڵێسای بەیت لەحم هەستو سۆزی بزواند، پاشان لە ساڵی(١٨٥٢ز )دا کۆتایی بەو ململانێ بێ مانا هات، ئەویش بەو ڕێکخستنەوەی حکومەتی عوسمانی داینا و تووڕەیی ڕوسیای لێکەوتەوە، چونکە ڕوسیا پێی وابوو زیادبوونی قەڵەمڕەوی فەرەنسی لەدەوڵەتی عوسمانیو ئەورووپادا پاڵپشتیە بۆ ئاراستە ئازادیخوازیو شۆڕشگێڕیەکانی ناو بەریتانیاو ئەڵمانیا، لەپێناو ئەمەشدا قەیسەر نیقۆلای یەکەم بەبێ سۆزو هەست شۆڕشی پۆڵەندای تێکشکاندو لە ساڵی(١٨٤٨ز)دا یارمەتی نەمسای دا تا شۆڕشی مەجەر لەناو ببات، ئەم کەسە بڕیاریدا دەستەیەك بنێرێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی هاوڵاتیانی ئەرسەدۆکس.

(منشکوف )وەك باڵوێزی نائاسایی سەرکردایەتی ئەو دەستە نێردراوەی کرد کە ڕوسیا ناردی بۆ ئەستەنبول تا لەسەر کێشەی شوێنە پیرۆزەکان دانوستان بکەن، ئەو دەستەیە لەبارێکدا چوون کە تیایدا قەیسەر بەهەڵەی دەزانی بەریتانیا نەیاری دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی بێت، هەرچەندە دەست کەوای نیشان دا مەبەستی لێکۆڵینەوەیە لە کێشەی شوێنە پیرۆزەکان، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی تەنها ئەوەبوو هۆکاری ڕێی گەیشتن بەڕاگەیاندنی جەنگ بێنێتە کایە تا بیکاتە بەڵگەیەکی ڕەوا لای دەوڵەتانی ئەورووپا، بۆیە ئەو نێردراوە لە دەی فبرایەری ساڵی(١٨٥٣ز )دا لە سان پترسبۆرگەوە بەڕێکەوتو هەرێمەکانی ڕوسیای باشووری بڕی تا گەیشتە ئاستانە، چاودێری کۆبوونەوەی سوپاکانی دەکردو بە



Scanned with CamScanner

ناهەنگێکی زیاتر دەیخستە ڕوو تا زیاتر کاربکاتە سەر بیری پیاوان و گەورەکانی دەوڵەت، هەروەك ڕوسیا لەناردنی ئەو دەستەیەدا مەبەستی بوو پەیماننامەیەکی نوێ ببەستێت کە لەگرنگیدا کەمتر نەبێت لە پەیماننامەی (ئۆنکیارسکلسی).

نێردراوی ڕوسیا لە نۆی مارسی ساڵی(١٨٥٣ز)دا بە کەشتیەکی جەنگی و ژمارەیەکر زۆری دیبلۆماسی و سەربازی ڕووسەوە گەیشتە ئاستانە، قەیسەر ئەو هەمووەی لەگەڵدا ناردن چونکە بڕوای وابوو گەورەیی وەفدەکە کاریگەریەکی توولی لە دەروونی عوسمانیەکاندا دەبێت، منکشۆف ئەوەی ڕوون کردەوە کە قەیسەر هیچ نیازو چاوتێبڕینێکی بۆ دەوڵەتی عوسمانی نیە، بەڵکوو مەبەستی بەدیهێنانی نیازی هاوڵاتیانیەتی بەسەپاندنی چاودێری ڕوسیا لەسەر هاوڵاتیانی ئەرسەدۆکسی ژێردەستی سوڵتان، واتە دەستەکە هەوڵیدا وانیشان بدات کە هەوڵی ئاشتی دەدات، لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکیان هەڕەشەکردن بوو لە سوڵتانی عوسمانی تا وەڵامی داواکانی فەڕەنسا نەداتەوە، بەمەش ئەرك و کاری منشکۆف کە سیفەتی دانایی و لێهاتووی نەبوو بریتیبوو لە داماڵینی فەرمان لە بابی عەلی بۆ گێڕانەوەی کاروباری زەویە پیرۆزەکان بۆ کاتی پێش شوبات فبرایەری ساڵی(١٨٥٢ز)و بەدەستهێنانی فرمانێکی دی یان توندتر تا جەخت بکاتەوە لە مافی هاوڵاتیانی ئەرسەدۆکسی و پارێزگاری ڕوسیا لێیان، کاتێکیش فەڕەنسا بەرەو ڕوویان بێتەوە یان هەڕەشە لە بابی عالی بکات، ئەوا منشکوف لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا پەیماننامەیەکی نهێنی بەرگریکاری دەبەستێت.

دانوستانەکان نیشانیاندا کە منشکوف کەسێکی خۆبەزلزانە و پێش هەموو شتێك دیەوێت وەزیرەکانی سوڵتان زەبوون بکات، بۆیە لە ئەرکی کاری خۆیدا بەپێویستی زانی فوئاد ئەفەندی لە پایەی وەزیری دەرەکی عوسمانی دەربکات، ئەمەش واتای سوکاتیەکی ڕوون بوو بە سوڵتان و وەزیرەکانی حکومەتی عوسمانی جگە لە بەرەو ڕوو وەستانی بەریتانیا و فەڕەنسا کە ئەوەیان بە گورزێکی توند دەزانی بۆ سیاسەتی ڕۆژئاوا، و بەڵگەیەکیش بۆ ئەوەی بابی عالی هەواداری ڕوس بێت، ئەرکی منشکۆف بە سەرکەوتنێك کۆتایی پێدێت، کە زیاتر بوو لەوەی ئەدۆلف لە دانوستانەکانی ئونکیار سکلسی لە ساڵی(١٨٣٣ز)دا بەدەستی هێنا.



Scanned with CamScanner

لـــۆرد کلاونـــدۆن وەزیـــری دەرەوەی بـــەریتانیا داوای لـــە دیبلۆماســـی مەترسـیدار(سیرسـتراتفۆرد دی رد)کـرد تـا مۆڵـەتی لـە لەنـدەن بېڕێتـەوەو خێـرا بگەڕێتەوە بۆ شوێنی کارەکەی تا دانوستانی ڕوویی عوسمانی بەهەر پێناوێك بێت لـەناو ببرێـت، لەلایـەکی دیکەشـەوە حکومـەتی فەرەنـسی داوای کـرد سـەرکردەی کەشـتیگەلی خـۆی لـەدەریای ناوەڕاسـتدا تـا چـەند یەکەیـەکی خـۆی بنێرێـت بـۆ ئاوەکانی عوسمانی.

هـەردوو حکومـەت بـۆ کەنارخـستنی ڕوسـیا کەوتنـە چـالاکی دوای ئـەوەی دڵنیابوون مەبەستی حەقیقی کاری منشکوف گۆڕینی کێشەی شوێنە پیرۆزەکانە لە ململانێیەکی مەزهەبی نێوان کاثۆلیو ئەثەدۆکسەوە بۆ تەنگژەیەکی سیاسی کە حکومەتی ڕوسی سوودی لێوەربگرێت، ئەمەش یان بەلەناو بردنـی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی، یـان بەلایـەنی کەمـەوە بەدەسـتهێنانی چـەند دەسـتکەوتێکی نـوێ لەناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا.

لەکاتێکدا حکومەتی فەرەنسیو بەریتانی لەسەر مەسەلەکە ڕاوێـژیان دەکـرد، منشکۆف کـە بەسـەر فوئاد ئەفەندیـدا خۆبـەزلزانی زیـاتری دەنوانـدو سـەرکەوتنی خـۆی بەسـەریدا دەکـردە لوتبـەرزی لەدەوریـدا یاریـدەدەرو پیـاوانی باڵوێزخانـە لـەدەوری کۆبوونـەوەو لەگەڵیانـدا کەوتـە لێکۆڵینـەوە لـە دەقـی یاداشـتنامەکانی بـۆ بابی عالی، لە شانزەی ئازار (مارس )دا منشکۆف یاداشتێکی دایە دەست سوڵتانی عوسمانی، بەدوای ئەمەدا لە ۲۲ی هـەمان مانگدا یاداشتێکی دیکـەی پێـدا، تیایدا زۆر بەنکوڵیـەوە داوای دەکـرد کۆتـایی بهێنێـت بـە کێـشەی زەویـە پیرۆزەکـان، بـەجۆرێك زامنـی بـەردەوامی مـافی ئـەرثە دۆکسەکان بێـتو سـنورێك دابنێـت بـۆ دەسـتدرێژیو زێـدەڕۆیی قەشـەکان، کلیلـی کڵێـسای بـەیت لـە حمیـشیان لـێ بـسێنێتەوە، گـۆڕی مەریـەمی عـەزاریش بخاتـە ژێردەسـتی ڕۆمەکانـەوە بەتـەنها، ئازادی نۆژەنکردنەوەی گومەزی کڵێسای (القيامة)شیان پێببەخشێت، لەوکاتەدا باڵوێزی بەریتانی لە ئاستانە وەزیرە عوسمانیەکانی هاندا تـا لـەڕووی چاوچنۆکی

ڕوسیدا بوەستنەوە، دوپاتی ئەوەی لێدەکردنەوە کە بەریتانیا هەرگیز بەتەنیا بەجێێن ناهێڵێت، حکومەتی بەریتانیو پێویستی نەرمی نواندن لە کێشەی بەیتولمەقدیسو بەیت لەحمدا ڕازیکرد تا هیچ بەڵگەیەك نەدەنە ڕوسیا بۆ ئەوەی مەسەلەی ناکۆکیەکی مەزهەبی بکاتە کێشەیەکی سیاسی.

لەسەر بنەمای خواستی حکومەتی بەریتانیو کارکردن بە ئامۆژگاریەکانی، حکومەتی بابی عالی بەشی زۆرینەی داواکانی ڕوسیای لەو دوو یاداشتنامە ڕوسیەدا قبووڵ کرد، سوڵتان لە چواری ئازاری ساڵی(١٨٥٣ز )دا فەرمانێکی نوێە دەرکرد، بەو پێیە بەپێی ویستی حکومەتی ڕووسی چارەسەری تەنگەژەی دەکرد، پاش ئەوەی باڵوێزی بەریتانیا وفەرەنسا لە ئاستانە بەدەقی فەرمانەکە ڕازیبوون، بڕوایان وابوو ئەمە دەرگایەك بۆ چەند داخوازیەکی نوێ کە منشکوف پێشکەشی دەکات.

بەمە ڕاستی کارەکەیو نهێنی سیاسەتی ڕووسی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ئاشکرا دەکات، ئەو گەشەسەندنانەش پاڵپشتی دیدی بەریتانیا بوون، دوای ئەوەی حکومەتی عوسمانی لەسەر داوکانی منشکوف ڕەزامەندی دەربڕی، یاداشتێکی دیکەی پێشکەشکرد بە بابی عالیو تیایدا داوای دەکرد سەربەخۆیی (جبل الاسود )ڕابگەیەنێتو وەزیری سربیا لاببات، چونکە ڕوسیا بەدوژمنی سیسەتی خۆی دەزانی.

پاش مشتومڕ لەسەر ئەو یاداشتە نوێیە لەگەڵ باڵوێزی بەریتانیا لە ئاستانە بابی عالی نامەیەکی بۆ منشکوف نوویو تیایدا وتی ئەو داخوازیە هێرشکردنە بۆسەر مافەکانی سوڵتانو دەستوەردانی ئاشکرایە لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانیو دەرچوونە لەو ئەرکەی کە بەدەرچوونی فرمانی چواری ئایار کۆتایی پێهات، هەروەك تیایدا هەواڵی پێدا کە بابی عالی هەرگیز هیچ گۆڕانێك ناکاتو لەوبارە مەترسیدارەی بەلقاندا مەگەر ڕای دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپا وەربگرێتو ئەوانیش ڕازی بن.



Scanned with CamScanner

ئەم بەرپەرچدانەوەیە گورزێك بوو بۆ منشكوف، بۆیە پرۆژەی پەیمانێكی لە پێنجی ئایاری ساڵی(١٨٥٣ز )دا خستە بەردەم بابی عالی تا شوێنی پەیمانی ئۆنكیار سكلسی بگرێتەوە، یاداشتێكی شێوە هەڕەشەی لەگەڵدا نارد، تیادا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە فرمانی چواری ئایار بەیەكەم دەزانێت و دەبێت زیادی بكات، داواشی كرد تا دان بە ڕوسیادا بنێت سەبارەت بە مافی ئەرثە دۆكسەكان تا پارێزگاریەكی ڕەهای بێ كۆت و بەندی هەبێت، ماوەیەكیشی بە حكومەتی عوسمانی بەخشی تا وەڵامی یاداشتەكەی بداتەوەو لە دەی ئایاردا ماوەكە تەواو دەبوو.

دوای ئەو قەیسەری ڕووس ئازاد بوو بۆ دڵنیاكردنی بەرژەوەندیە ڕوسیەكان چی دەكات، سوڵتانی عوسمانیش پشتی بەست بە بەرپەرچدانەوەی داواكانی بەریتانیا و فەرەنسا تا داوای ڕووسی بەجێبهێنێت، دواجار دیوان لەپێش كۆتایی ماوەی هەڕەشەكەدا وەڵامی منشكوفی دایەوە كە بڕوای نیە سوڵتان ئامادەیی هەبێت بۆ بەستنی هەر پەیمانێك كە سەربەخۆیی لێبكەوێتەوەو دەسەڵاتی شەرعی ئەو بەسەر هاوڵاتیاندا كەم بكاتەوە، سەبارەت بە ئەرثە دۆكسەكانیش جەختی لەوە كردەوە كە لەژێر سایەی سوڵتاندا لەوپەڕی ئازادی تەواوی خۆیاندان، بەم دەقە دەیوت (ئەگەر بۆ ئەمەش بەڵگەت دەوێت، ئەوا ئەو خۆپیشاندانەی ئەرثە دۆكسەكان لە ڕۆژی هاتنت بۆ ئاستانە بەبێ هیچ ڕێگرێكی بەردەم ئازادیان ئەنجامیاندا باشترین بەڵگەیە).

دیوان ڕۆژی سیانزەی ئایاری بۆ منشكوف دیری كرد تا سوڵتان ببینێت و وەڵامی یاداشتەكەی وەربگرێت، واتە سێ ڕۆژ دوای تەواوبوونی مۆڵەتەكە، لەو ڕۆژەدا دایكی سوڵتان مرد، بۆیە دیوان داوای لە منشكوف كرد تا یەكتر بینینەكە دوابخات بۆ ڕۆژێكی دیكە، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی لە هەمان كاتدا یەكتر ببینن، بۆیە سوڵتان زۆر تووڕە بووو ڕاستەوخۆ فرمانی لەكارخستنی هەموو وەزیرەكانی دەركردو پلەی باڵای دایە دەست ڕەشید باباو وەزارەتی دایە دەست سەرسەختترین دوژمنانی ڕوسیا.

لە حەڤدەی ئایاردا منشکوف بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی نوێو دەستەی زانایانی پێگەیشت کە تیایدا بەرپەرچی داواکانی ڕوسیاو هەڕەشەی پێنجی ئایاری ساڵی(١٨٥٣ز )دایەوە، بەمەش باڵوێزی ڕوسی پەیوەندی لەگەڵ بابی عالیدا پچڕاندو ئۆتۆمبیلێکی ڕوسی لە هەژدەی ئایاردا ئاستانەی بەجێهێشت.

بەمەش هەڕەشەی لە دەوڵەتانی عوسمانی کردو دانوستانەکانی ڕووسی عوسمانیش شکستیان خوارد، هێزە ڕووسیەکان پێشڕەوییان کرد تا ویلایەتی دانوب داگیر بکەن تا لەوێوە جەنگی قرم دەستپێبکرد، ئەو جەنگەی کە پێگەیەکی تایبەتو جیای ناو مێژووی ئەوروپای سەدەی نۆزدەدا داگیرکردبوو.

لەڕاستیدا ئەمە بەکۆتایی جەنگێك دادەنرێت کە لەچاوچێوەیەکی فراواندا ڕوویدابێت بەبێ پشت بەستن بە داهێنانەکانی زانستی نوێ، چونکە تیایدا دەوڵەتانێکی ئەوروپی لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بە ئامانجو چاوچنۆکیەوە بەشدارییان کردو دایانە پاڵ عوسمانیەکان دژبە ڕوسیا، بەمەش هەر پرۆژەیەکی دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانیان لەنێوان دەوڵەتی ئەوروپادا بە ڕاشکاوانە بەرپەرچ دایەوە.

پاش شکستی دانوستانەکانی ڕوسیاو عوسمانیو ئامادە نەبوونی سوڵتانی عوسمانی بۆ وەرگرتنی ئەو داوایانەی ڕوسیا کە پەیوەست بوون بە ڕاگەیاندنی پاراستنی ئەرثە دۆکسەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی کە ژمارەیان لە دە ملیۆن زیاتر دەبوو، ڕوسیا لە ساڵی(١٨٥٣ز )دا جەنگی دژبە عوسمانی ڕاگەیاندو هێزە ڕووسیەکان لە ڕووباری (بروت )ی هاوسنوری عوسمانی پەڕینەوەو لە سێی یۆلیۆی ساڵی (١٨٥٣ز )دا ویلایەتی دانوب سەربە دەسەڵاتی عوسمانیان (لەڕووی ناوەوە )داگیرکرد، بەبەڵگەی ئەوەی ئەمە هەنگاوێکی خۆپاراستنە.

بەدوای ئەمەدا چالاکی دیبلۆماسی ئەوروپا هاتەکایە بۆ ئەوەی ڕێ نەدات جەنگێکە ئەوروپی ڕووبدات، سوڵتانی عوسمانی هەڕەشەیەکی ئاراستەی ڕوسیا کرد تا ویلایەتەکانی دانوب چۆڵ بکات ئەگەرنا جەنگی لەدژ ڕادەگەیەنێت،



Scanned with CamScanner

لەهەمان کاتدا بەریتانیاو فەرەنسا پاڵپشتی هەڵەیستی عوسمانی بوون. سوپا عوسمانیەکان بەسەرکردایەتی عومەر پاشا پێشڕەوییان کردو توانیان سەرکەوتنێکی گەورەو گرنگ بەسەر سوپای ڕووسیدا بەدەست بهێنن و ڕاوەدوویان بنێن بۆ ناوچەکانی ئەودیو دانوب و لە قەفقاسدا بەسەریاندا سەرکەوتن.

هەروەها دوو کەشتیگەلی فەرەنسی و بەریتانی گەیشتنە گەرووی بسفۆر تا لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بچنە جەنگەوە، کەشتیگەلی ڕووسی هێرشی بردەسەر بەندەری (سینوب )ی عوسمانی لەسەر دەریای ڕەش و کەشتیە عوسمانیەکانی ئەوێ پاش جەنگێکی سەخت لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٥٣ز )دا تێکشکان، هەرچەندە بەریتانیاو فەرەنسا دایانە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ڕوسیا پاشەکشەی نەکرد لە هەڵوێستی خۆی، ئەمە هەردوولای ناچارکرد تا لەد١ی جەنگ ڕابگەیەنن.

هەڵوێستی دەوڵەتی ئەورووپا بەرامبەربە ململانێی ڕوسی عوسمانی جیاواز بوو، بەریتانیاو فەرەنسا لەو جەنگەدا دایانە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی چونکە هەریەکەیان لەو دەوڵەتەدا چەند ئامانجێکیان هەبوو و دەیانویست لەڕێگەی بەشداریکردن لەو جەنگدا بەدییان بهێنن، واتە دەستێوەردانی بەریتانی فەرەنسی دژبە ڕوسیا لە خۆشەویستی دەوڵەتی عوسمانی و پاراستنی خاکیدا نەبوو، بەڵکوو هەردوولا دەیانویست دەوڵەتی عوسمانی بە لاوازی بمێنێتەوە تا دواتر ببێتە ڕاوێکی ئاسان بۆخۆیان.

لەدوای جەنگی ناپلیۆنیش بزووتنەوەی داهێنانەکان لەبواری گواستنەوەی وشکانی و دەریایی بە هێڵی ئاسنی نێوان ئەورووپاو ڕۆژئاوای دوور کەوتبووە چالاکی و گەشەی کردبوو، بەریتانیا بیری لەوە دەکردەوە بە ڕووبارەکانی عێراقدا هێڵی دەریاوانی ڕابکێشێت یان هێڵی ئاسنی نێوان : ئەسکەندەورنە – موسڵ – بەغداد–بەسرە بەنیازی دڵنیاکردنی پەیوەنجی خێرا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی دووردا بێنێتە کایە، بۆ ئەمەش بەپێویستی دەزانی ڕێ بە ڕوسیا نەدات بێتە ناوچەی



Scanned with CamScanner

ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە، لەکاتێکدا دیدی ڕوسیا تەواو جیاواز بوو، ئەو دەیوست قوستەنتینیە بگرێت بەرامبەر ئەوەی بەریتانیا لە عێراق و میسردا ئەوە بکات تا هاوسەنگی یەکتربن، لەکاتێکدا واتای هاوسەنگی نێودەوڵەتی لای بەریتانیا سیاسەتی بەرگریکاری لە قەوارەی دەوڵەتی عوسمانی دەگەیاند تا ڕێ بە ڕوسیا نەدات بگاتە گەرووەکان.

بەردەوام لە دەرکەتنی ڕوسیاوە وەك هێزێکی گەورەی نەیاری دەوڵەتی عوسمانی و بەربەستی بەردەم بەریتانیا لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی لە دەریای ناوەڕاست و هیند و فارسدا، ئەو هەڵوێستەی بەریتانیا وەك خۆی مایەوە و گۆڕانی بەسەردا نەهات، بەریتانیا دەیویست دەوڵەتی عوسمانی بهێڵێتەوە وەك زامنێك بۆ چەند بەرژەوەندیەکی زۆری خۆی، سەرەڕای سووربوونی لەسەر بەردەوام بوونی ئاشتی و ئاسایشی ئەورووپی و ڕوست نەبوونی تەنگ و چەڵەمە لە هاوسەنگی هێزی ناو ئەورووپادا.

هەروەك دەیویست ڕێگەی هیندیش بپارێزێت لە ڕێگەی هێشتنەوەی دەوڵەتی عوسمانی وەك بەربەستێکی بەردەم فراوانخوازی ڕوسیاداو تەنگ و چەڵەمەی بخاتە بەردەم، بۆیە کەوتنە گرتنەبەری سیاسەتێك کە بەرگریکردن بوو لە دەوڵەتی عوسمانی و هاریکاریکردنی بزووتنەوەی چاکسازی لەو دەوڵەتەدا، بەڵام لاوازی بمێنێتەوە، چونکە دیدی بەریتانیا ئەوە وادەکات تەرازووی بەهێزی نێودەوڵەتی لەبەرژەوەندیبەریتانیادا بێت، فراوانخوازی هەر دەوڵەتێکی ئەورووپیش لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی تەرازووی هێزەکان سەراوژوور دەکات.

هۆکارێکی دیکەش هەیە وایکردووە بەریتانیا هەوڵ بدات بەلاوازی بیهێڵێتەوە، چونکە دەیویست وەك ڕاوێکی ئاسان بیهێڵێتەوە بۆ کاتی خۆی و پشکی گەورە بۆخۆی بهێڵێتەوە بەجۆرێك بەرژەوەندیە داگیرکەرەکانی دڵنیا بکات، بەریتانیا بەرەبەر ڕوو بەکەنداوی عەرەبی دەکشا هەرلەو کاتەوەی لە هیندستاندا جێی خۆی داکوتا، لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بەریتانیا گرنگیدا بە

دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا گرتەبەر، پێی وابوو بەرژەوەندیە داگیرکاری و ئابووریو ستراتیژیەکانی وادەخوازن دژبە هەر دابەشکردنێکی دەوڵەتی عوسمانی بێت یان ڕێ نەدات هێرش بکرێتە سەر خاکی.

لێرەوە تێدەگەین بۆچی ئامادە نەبوو فەرەنسا دەستبگرێت بەسەر میسردا، چونکە بە مەرسیەکی هەڕەشە ئامێزی دەزانی بۆسەر بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هاوپەیمانی بەست تا فەرەنسەکان دەربکات، لەو کاتەوە لەمەسەلەی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆڵێکی گرنگی دەبینی، بۆیە لە ساڵی(١٨٤٠ز )یشدا دژبە موحەممەد عەلی دایە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی تا هێزێکی بەهێزی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتدا دانەمەزرێت.

سەبارەت بە فەرەنسا لەوکاتەوەی سوڵتانی عوسمانی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا چەند دەستکەوتێکی بە هاوڵاتیانی فەرەنسی بەخشی پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو، لەو دەستکەوتانە ئەوەبوو باجی لێنەدەسەندن و حکومەتی فەرەنسی لە شوێنە پیرۆزەکانی فەلەستیندا چەند مافێکی هەبوون.

ئەمە بەخراپە لەڕووی ڕوسیادا شکایەوەو هەوڵیدا وەك فەرەنسا ئەو ماف و دەستکەوتانەی هەبێت، بەڵام هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر بە ململانێی ڕووسی عوسمانی لە هەڵوێستی بەریتانیا جیاواز بوو بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندیەکانی فەرەنساوە، چونکە ناپلیۆنی سێیەمی ئیمپراتۆری فەرەنسا وڵاتەکەی خۆی بە لایەنێکی سەرەکی ئەو ململانێیە دەزانی و دەیویست پاڵپشتی حیزبی کاثۆلیکی ناو فەرەنسا بەدەست بخات، بەمەش دەبوو بچێت تا دەستبگرێت بەسەر شوێنە پیرۆزەکاندا و هەوڵبدات لەپێناو دەرکردنی فەرەنسا لە کەنارگیری دوای کۆنگرەی ڤیەننای ساڵی(١٨١٥ز )و لەناوبردنی ئەو بڕیارو پاکتاوانەی سنورە سروشتیەکەیان پێ لەدەست دابوو لەدەرەوەدا چەند سەرکەوتنێکی دەرەکی بەدەست بهێنێت.



Scanned with CamScanner

هەروەك فەڕەنسا دەیویست لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بەشداری بکات تا ڕێ نەدات ڕوسیا لە بەلقاندا قەڵەمڕەوی هەبێت پاش ئەو شکستەی لەبەردەم دەوڵەتی عوسمانیدا تووشی ببوو، ڕێش نەدات کەشتیە جەنگیەکانی ڕوسیا لە دەریای ڕەشدا سەنگەر بگرن و هەردوو ویلایەتی (ئەفلاق )و (بەگدان) بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی.

بەڵام ڕکەبەری نێو دەوڵەتی و چاوچنۆکی داگیرکاری بوویە هۆی شلۆقی سیاسەتی فەڕەنسی بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە هەندێ جار هەوادارو دۆستی و هەندێ جاریش دوژمنی بوو لەڕوویدا دەوەستا، جا کاتێك جەنگی نێوان فەڕەنسا و دەوڵەتانی ئەورووپا لەساڵی(١٨٠٣ز )دا هەڵگیرسا، ناپلیۆن وای کرد بداتە پاڵی و لەساڵی (١٨٠٦ز )دا دژ بە دوژمنانی جەنگ ڕابگەیەنێت، پاشان دەستبەرداری بوو.

هەروەك فەڕەنسا دژبە دەوڵەتی عوسمانی یارمەتی شۆڕشی یۆنانی دا (١٨٢١ز – ١٨٣٠ز )، هەروەك یارمەتی موحەممەد عەلی دا بۆ جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی (١٨٣٠ز – ١٨٤٠ ز) سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا لە جەنگی قرمدا دژبە ڕوسیا هاوپەیمانی بەست، لەهەمان کاتدا دەیویست دەستبگرێت بەسەر ڕۆژئاوای ئیسلامی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا، بۆ ئەمەش پیلانی ساڵی(١٨٣٠ز )ی جەزائیری دانا بۆیە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ئەورووپی وایانکرد لەو جەنگەدا دەستیان هەبێت، هەریەکەو بەپێی بەرژەوەندی خۆی تا بزانێت لەکوێدا بەرژەوەندیەکانی دێنەدی.

هاوپەیمانان هێرشیان بردەسەر نیمچە دوورگەی قرم و جەنگی(سیواستوبول) ڕوویدا دوای ئەوەی بەریتانیا و فەڕەنسا لە شەشی شوباتی ساڵی(١٨٥٤ز)دابەمەبەستی لەناوبردنی هێزی ڕوسیا لە دەریای سپیدا دایانە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی، پاش ئەوەی ڕوسیا لە ئەنجامی فشارو هەڕەشەکانی نەمسادا هەردوو ویلایەتەکەی دانوبی چۆڵکرد.



Scanned with CamScanner

هەروەها سەرەڕای داگیرکاری نەمسا بۆ ئەو دوو ویلایەتە، بەریتانیاو فەڕەنسا جونگەکەیان گواستەوە بۆ نیمچە دوورگەی قرم بە ئاڕاستەی بەندەری سیوا سوبول کە بنکەی دەریایی ڕوسیا بوو لە نیمچە دوورگەکەدا، هاوپەیمانان ماوەی یەك ساڵی تەواو گەمارۆی بەندەرەکەیانداو تیایدا سەختیەکی زۆر هاتەڕێیان، بەهۆی سەرماو سۆڵەوە، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا لەنێو هاوپەیمانانیدا لەسەرەتای جەنگەکەوە، داگیرکردنی ئەو بەندەرە زیاتر لە بیست و پێنج هەزار کوژراوی لە هەردوولا لێکەوتەوە، لەنێو ئەو کوژراوانەدا سەرکردەکانی هەردوولای تێدا بوون،پاش زنجیرە جەنگێکی نێوان هەردوولا لە نۆی ئەیلولی ساڵی (١٨٥٥ز )دا بەندەری (سیوا ستوبول )کەوت و ڕوسیا شکا، بەڵام لەبەرەی قەفقاسدا ڕوسیا تۆڵەی کردەوە دوای ئەوەی شاری قارسی گرت، بەمە کۆتایی بەجەنگەکە هات.

ماوەیەکی کەم دوای کەوتنی بەندەرەکە قەیسەری ڕوسی (نیقۆلای یەکەم) مرد و ئەسکەندەری دووەم شوێنی گرتەوە، ئەم کەسە بەوە ناسرابوو کە گرنگی بە کاروباری ناوخۆی ڕوسیا دەدات، کاتێك زانی درێژەدان بەجەنگ لەسایەی ئەو تەنگژە دارایییەی دوچاری ڕوسیا بووەو بەدەستیەوە دەناڵێنێت کارێکی سەخت و دژوارەو کەشتیگەلی ڕوسیش زیانی زۆری لێ کەوتووە، سەرەڕای ئەو شکستانەی لە جەنگەکەدا دووچاری سوپاکە بوون، بۆیە هەنگاوی بەرەو ئاشتی ناو لەبەردەم هەستی نەمساویەکاندا کۆتا جەنگی ڕاگەیاند.

نەمسا لەسەرەتاکانی ساڵی(١٨٥٦ز )دا هەڕەشەیەکی بۆ ڕوسیا نارد، ڕوسیایش قبووڵی کرد، ئیدی پێویستی نەدەکرد جەنگ بەردەوام بێت، نەمساو بەریتانیاو فەڕەنسا پاش چەند ئاڵوگۆڕێکە بەسوود لەسەر مەرجەکانی ئەو ڕێککەوتنە ڕێککەوتن کە دەبوو نەمسا بیخاتە بەردەستی ڕوسیا، هەر لە کانونی یەکەمی ساڵی(١٨٥٥ز )بەشێوەی هەڕەشەیەك بۆ دانە پاڵ هاوپەیمانان پێشکەشی کرد، واتە ئەگەر ڕوسیا ڕازی نەبێت نەمسا دەداتە پاڵ هاوپەیمانان، لەئەنجامی ڕازیبوونی ڕوسیادا لە سی (٣٠) ئازاری ساڵی(١٨٥٦ز )دا کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس بەسترا.



Scanned with CamScanner

فەرەنسی و ئینگلیزیەکان لە بەدەستهێنانی ئامانجیاندا سەرکەوتوو بوون کە بریتیبوو لە تێکشکاندنی کەشتیگەلی ڕوسی، ئەمە گرنگترین هۆکاری بەستنی ڕێککەوتن بوو، چونکە ڕوسیا دەیتوانی لە حەوزی دەریای ناوەڕاستدا بجولێت، لە دەریای ڕەشیشدا دەسەلاتی تەواوی دەریاوانی بۆ هاوپەیمانان چەسپا، هاوپەیمانان بەم سەرکەوتنە وەستان و ئامادە نەبوون پێشڕەوی زیاتر بکەن.

هەروەك هۆکارێکی دیکەش جیاوازی تێڕوانینی فەرەنسی و بەریتانی بوو لەسەر بەردەوامی جەنگ، چونکە ناپلیۆن سووربوو لەسەر وەستاندنی ئەو جەنگە، ئەمە هاوپەیمانانی ناچارکرد تا ڕایوەستێنن، هەرچەندە دەیانویست بۆ تەواو سەرشۆڕکردنی ڕوسیا درێژە بەو جەنگە بدەن و دواتر ڕۆڵی لە سیاسەتی ئەورووپادا لەناو ببەن، لەکاتێکدا ڕای گشتی ئەورووپی دەیوت با هەنگاو بە هەنگاو درێژە بە ڕێکردەی چالاکیە جەنگیەکان بدرێت لە ڕێگەی هەواڵنێرو سەربازی و وێنە فۆتۆگرافیەکانەوە بەرەبەرە دەرکەوتن.

پەیماننامەی پاریس چەند خاڵێکی گرنگی لەخۆدەگرت، گرنترینیان ئازادی دەریاوانی بوو لە ڕووباری دانوب و پێکهێنانی لیژنەیەکی نێودەولەتی بۆ سەرپەرشتیکردنی و داننان بە دەسەلاتی عوسمانی بەسەر گەرووەکانداو ڕاگەیاندنی بێلایەنی دەریای ڕەش، بەرامبەر بەمە هەریەك لە ویلایەتەکانی ئەخلاق ە بەغدان لەناو دەولەتی عوسمانیدا زامنی سەربەخۆییەکی خۆیی بن و ڕێزی سەربەخۆیی دەولەتی عوسمانی نەگرن و دەستەوەنەدەنە کاروباری، بەرامبەر بەوەی بەڵێنی چاککردنی باری هاوڵاتیانی مەسیحی ناو بەلقان بدات.

هەروەك بەوپێیە سوڵتان دانی دەنا بە یەکسانی تەواوی نێوان هاوڵاتیاندا بە جیاوازی ئایین و مەزهەبەکانیان، واتە بۆ هیچ واتە بۆ هیچ دەولەتێکی بیانی نیە دەست وەربداتە کاروباری هاوڵاتیانی سوڵتان، بەندێکی دیکەش کە پەیماننامەکە لە خۆی دەگرت قبولکردنی بنەمای دادوەری بوو لە بارێکدا ئەگەر ناکۆکیەك بکەوێتە نێوان دەولەتی عوسمانی و دەولەتانی دیکەش.



Scanned with CamScanner

ئازادی دەریاوانیش لە ڕووباری طونەدا هەبێت و سیواستوبول بگەڕێتەوە بۆ سوریا، بەرامبەر بەوەی قارس بۆ دەوڵەتی عوسمانی بێت، پاشان ویلایەتەکانی دانوب بگەڕێتەوەو سەربەخۆیی لەژێر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیدا بمێنێتەوە، بەمەرجێك لەژێر زامنی هاوبەشی ئەو دەوڵەتە گەورانەدا بمێنێتەوە کە بەڵێنیان دابوو دەستوەرنەدەنە کاروباری داهاتوو، سەرەڕای پاراستنی سربیا بە سەربەخۆیی خۆیی لەژێر دەسەڵاتی سوڵتاندا، بەپێی زامنی هاوبەشی نێوان دەوڵەتە گەورەکان، عوسمانیەکانیش مافیان هەبێت لە زەویە صربیەکاندا سەربازگە دابمەزرێنن، هەروەك بەڵێنیاندا بۆ هەرناکۆکیەکی نێوان عوسمانی صربی ببنە نێوەندو دادوەری نێوانیان.

لەکاتێکدا دانوستان لەسەر بەستنی ڕێککەوتنی نێوان ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوە دەچوو، سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمید بەڵێنێکی نوێی چاکسازی دانا کە بەهێڵی همایون ناسرا بوو، ئەو هێڵە هەفتەیەك پێش بەستنی کۆنگرەی پاریس ساڵی(١٨٥٦ز) بەسترا، واتە لە ڕۆژی هەژدەی شوباتی ساڵی(١٨٥٦ز)، دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ناوەڕۆکی ئەو هێڵە چەند هەنگاوێکی چاکی چاکسازی بۆ هاوڵاتیانیانی گرتەبەر، سوڵتانیش دانی نا بە هەموو ئەو بنەمایانەی لە هێڵی شەریف گوڵخانەی ساڵی(١٨٣٩ز)دا هاتبوون و زیاتر پەیوەست بوو بە مافی دەست و کۆمەڵە ناموسڵمانەکان و بەرژەوەندیان لە وڵاتدا، بوپێیە بەشێوەیەکی تایبەت جەختکردنەوە بوو لەسەر بنەمای یەکسانی یاسایی و مەدەنی بۆ هەموو هاوڵاتیانی دەوڵەت و زامنی مافەکانیان.

هێڵی هۆمایینی زۆر زیاترو وردەکاری لە هێڵی شەریفی گوڵخانەی (١٨٣٩ز) زیاتر بوو، بەڵکوو ڕێزگرتنی خۆپارێزی تەقلیدی و ئازادی پەرستشی بۆ دەستەو کۆمەڵە ناموسڵمانەکان لەخۆ دەگرت، سەرەڕای پەیڕەوکردنی دروشمە ئایینیەکان و بنیادنانی پەرستگا بەمەرجێك نەرمونیانی لەخۆبگرێت.

هەروەك هێڵی هۆمایینی جەختی دەکردەوە لەسەر یەکسنی نێوان هەموو دەستەکان لە هەڵسوکەوت و کڕین و فرۆشتنداو ڕێ نەدرێت ئەو چەمکانە



Scanned with CamScanner

بەکاربهێنرێن کە لەبەهای ناموسڵمانەکان کەم دەکەنەوە، ئازادی ئایینیش بۆ هەموو مەزهەبەکان دڵنیا بکاتو دەرفەت لەبەردەم هەموو هاوڵاتیانی سوڵتاندا بکرێتەوە تا بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت بەشداری بکەن، ئەمەش لە ڕێگەی دانانیان لە پیشەکانداو سوود وەرگرتنیان لە خزمەتە فێرکاریەکانی دەوڵەتدا.

سەرەڕای دامەزراندنی چەند دادگایەکی جیاجیا بۆ جیاکردنەوەی مەسەلە مەدەنیو تاوانبارەکان، بانگەشەکانی تایبەت بە باری کەسێتیو میرات دەدرایە دەست دادگا شەرعیەکان بۆ موسڵمانانو دادگا مەزهەبیو دەستەییەکان بۆ ناموسڵمانەکانو یەکسانی نێوان هەموو هاوڵاتیانی دەوڵەت لە مافو ئەرکدا، بەتایبەت لە بواری خزمەتی سەربازیدا، بەمە هەمووان ملکەچی یاسای بەسەربازگرتن دەبوون، پێکهاتەی کارگێری ڕێکخرایەوە، هەموو هاوڵاتیانی ئیمپراتۆریەتیش لەبواری باجدانو دادگادا یەکسانن، هەروەها پەیوەستو ئامادەی یەك جۆر خوێندنگە دەبوون.

سەرەڕای ئەوەی هێڵی هومایونی دەرەنجامی فشاری دەرەکی بوو، بەپێچەوانەوە هێڵی شریفی گوڵخانە وانەبوو، ئەو دوو هێڵە زۆر خاڵیان لەیەك دەچێت، هەردووکیان بە دەقێکی سوڵتانی دەرچوون، لەهێڵی هۆمایونیدا ئەو زامنانە دووبارە بوونەوە کە لە ساڵی(١٨٣٩ز )دا هاتبوون، هەرچەندە جۆرە جیاوازیەکیان هەبوو، هێڵی ١٨٥٦ز. زیاتر وردەکاری دەکرد لە دیاریکردنی ئەو گۆڕانانەی دەبوو بکرێن، دابەشکاری کەسێتی تێدا نەبوو، ئەو دابەشکاریەی کە لە هێڵی پێشوودا هەبوو، هەروەك دەقەکەشی زیاتر سەردەمی بوونی پێوە دیاربووو زیاتر سوودی لە ڕۆژئاوا وەرگرتبوو بەجۆرێك پێشتر لە بەڵگەنامە عوسمانیەکاندا شتی وانەبوو(لەبواری پشت بەستن بە ڕۆژئاوادا) چونکە تیایدا یەك ئایەتی قورئانی یان یاسا کۆنەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەبەڵگە نەهێنرابوونەوە، ئەمەش لەڕووی دەرونیەوە شتێکی زۆر مەترسیدار بوو، ئەگەرچی دەقەکە لەخودی خۆیدا لەچاو ڕابردوودا پێشڕەوێکی وای نەبوو.

هەروەها سەرلەنوێ جەختی کردەوە لەسەر جێبەجێکردنی خزمەتی سەربازی بەسەر موسڵمان و ناموسڵماندا، هەروەك دەیوت دەبێت ئەو ماف و دەستکەوتانەی سەرکردەکانی دەستە ئیسلامیەکان هەیانە بپارێزرێن، هەروەها هەموو دەستەو گەلانی ناوئیمپراتۆریەت هاولاتی بوونی گشتی عوسمانیان دەبێت، سوڵتان بەڵێنیدا سیستمێکی باج دان دابنێت کە دادپەروەری زیاتربێت، هەروەك بەڵێنیدا یاسای تاوان و بازرگانیش بنوسێتەوەو سیستمی بەندینخانەکان چاك بکات و چەند دادگایەکی تێکەڵ بە کێشەکانی تایبەت بە موسڵمانان و کێشەی ناموسڵمانەکان دابمەزرێنێت.

بەوجۆرە هێڵی هۆمایونی بەشێوەیەکی تایبەت جەختی دەکردەوە لەسەر یەکسانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو هاولاتیانی دەوڵەت، دانیشی دەنا بەیەکسانیاندا لەخزمەتی حکومەتدا، بەڵام بنەمای یەکسانی بەتەواوەتی جێبەجێ نەکرا، بەڵکوو خزمەتی سەربازی تەنها بۆ موسڵمانان بوو، هەروەك پیشە کارگێڕی و دادوەریەکان تا ئاستێك لەدەست موسڵماناندا بەرتەسك ببونەوە، دەوڵەتانی ئەوروپیش بەردەوام بانگەشەی پاراستنی مەسیحیەکانیان دەکرد، فەرەنسا بانگەشەی پاراستنی کاثۆلیك و ئەرثە دۆکس و بەریتانیاش بانگەشەی پاراستنی پرۆستانتی دەکرد.

گرنگترین ئامانجی هێڵی شەریفی گوڵخانە هێنانەوەی سۆزی دەوڵەتانی گەورە بوو بۆ دەوڵەتانی عوسمانی، هەروەها دەیویست یارمەتی ئەورووپیەکان دژبە ڕوسیا بەدەست بخات، ڕوسیا بەمەرجەکانی نەمسا ڕازی ببو، لەسەر ئەمەش ڕێککەوتنی پاریسی ساڵی(١٨٥٦ز )بەستراو لەلایەن دەوڵەتانی گەورەو شانشینی بیدمۆنت و دەوڵەتی عوسمانیشەوە ئیمزای لەسەر کرا.

لێرەوە ئەوە وەردەگرین کە ئەو جەنگەی لەنێوان ڕوسیا لەلایەك و دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانانی لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەچوو، کاتێك دەستیپێکرد کە ڕوسیا وەك جارانی خۆی کەوتە نانەوەی کێشە دژبە دەوڵەتی عوسمانی و ئاینی کردە بیانوویەك بۆ گەڕاندنی جەنگ لەدژی.

هەریەك لە قەیسەر نیقۆلای یەکەم و ناپلیۆنی سێیەمی ئیمپراتۆری فەرەنسا دەیانویست خۆیان وەك پارێزەری مەسیحیەکانی بەیتولمەقدیس و دەوروبەری نیشان بدەن، قەیسەر نیقۆلا بانگەشەی پاراستنی ئەرثە دۆکسەکانی دەکرد، ناپلیۆنیش داوای دەرکرد دەستکەوتی زیاتر بە مەسیحیەکانی ئەوێی سەربە کڵێسای کاثۆلیکی بدرێت، لە نیمچەدوورگەی قرم جەنگی قرم ڕوویدا، لە گرنگترین ئەو جەنگانە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی دژبە ڕوسیا ئەنجامیدا جەنگی سیوا ستوبول بوو لە نۆی ئەیلولی ساڵی(١٨٥٥ز )دا کە بۆ داگیرکردنی زیاتر لە بیست و پێنج هەزار کوژراوی هەموو لایەنەکانی لێکەتەوە، دواتربە بەستنی کۆنگرەی پاریسی ساڵی(١٨٥٦ز )کۆتایی بە جەنگی قرم هێنرا.

جەنگی قرم لاوازی ڕوسیای نیشاندا، چونکە دەوڵەتان پێیان وابوو ڕوسیا زۆر لەوە بەهێزتربێت، بەلآم دوای جەنگی قرم لە مەسەلەکانی ئەورووپادا بەهایەکی وای بۆ نەمایەوە، هەروەك جەنگەکە ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی لەناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو کۆمەڵێك چاکسازی و ڕێکخستن خرانە ڕوو، لەوانە هێلی هۆمایونی، لەسەر ئاستی جیهانیش ئەو جەنگە چەند ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی لەسەر دەوڵەتانی ئەورووپا هەبوو.

لەنێو ئەوانەدا گرنگترین ڕەنگدانەوەی ئەوەبوو هاوپەیمانی ڕووسی نەمساوی تێکشکا، بەمە گەلانی ئارەزوو مەندی ئازادی و سەربەخۆیی دەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، بەتایبەت ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، باری ئەورووپا زیاتر لەباربوو بۆ بەدیهێنانی یەکێتی، ڕوسیا پاش جەنگەکە لایکردەوە بەلای گرنگیدان بە کاروباری ناوخۆیی خۆیەوە و تا ئاستێك کێشەکانی کیشوەری پشت گوێ خست، سەرەڕای ئەمەش ئەو سەختی و ناڕەحەتی و نەخۆشیانەی لە جەنگەکەدا دەرکەوتن ڕای گشتی ئەورووپیان وروژاند، ئەمە دواتر یارمەتیدەربوو تا ڕێکخراوی خاچی سوور دەربکەوێت، هەروەك ئەو پەیماننامەی لە کۆنگرەی پاریسی ١٨٥٦ز دا دەرکرا بنەما و بنەڕەتە نێو دەوڵەتیەکانی بۆ گەمارۆی دەریایی دانا، بەو پێیە جەردەیی و دزی دەریایی قەدەغەکرا.



Scanned with CamScanner

دەردەکەوێت هۆکاری ئایینی لە هەڵگیرسانی جەنگی قرمدا هۆکارێکی بنەڕەتی نەبووە، بەڵکوو بیانویەك بوو بەدەست ڕوسیاوە تا دژبە عوسمانیو لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی لەناو هەرێمەکانی ئەو دەوڵەتەداو ڕاگەیاندنی جەنگ دژبە عوسمانی بەکاری بهێنێت.

بۆئەمەش پرۆژەی دابەشکردنی خاکی عوسمانی خستە بەردەم فەرەنساو بەریتانیا، ئەوانیش بەرپەرچیان دایەوە، لەبەر هاریکاریو پاراستنی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، بەڵکوو لەسەر خواستی ئەودووانە بوو تا عوسمانی بەلاوازی بمێنێتەوە تا لەقۆناغەکانی دواتردا بتوانن دەستبگرن بەسەر هەرێمەکانی ژێردەستی عوسمانیدا.

********************



Scanned with CamScanner

# (باسی نۆیەم)
# ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

عوسمانییەکان لەگەڵ غوزی تورکن، لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتی تورکستانن، لەکاتی پەلهاویژی جەنگیزخان بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی خوارزمی بەڕێبەری سولەیمان بەرەو جیهانی ئیسلامی کشان، سولەیمان کاتێك لە ڕووباری فورات دەپەڕیەوە خنکا، دوای ئەوە توغرولی کوڕی سەرکردایەتی ئەو هۆزەی گرتەدەست، لەجەنگی بیزەنتیەکاندا ئورتوغرل یارمەتی عەلائەدینی سەلجووقی دا، بۆیە ئەویش لەپاڵ وڵاتی ڕۆم لە ڕۆژئاوای دەوڵەتی سەلجووقیەکانی ڕۆمەوە زەوییەکی دا بە خۆی و هۆزەکەی، ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی بەرزو شکۆدارەو بەڵگەی ئەو دلێری و نەبەردییەیە کە لە ئاکاریاندا هەبووە.

عوسمانی کوڕی ئورتوغول بە دامەزرێنەری یەکەمی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت، کاتێك ئەو میرنشینەی خۆی بەرەو سەربەخۆیی برد ئەو ناوەی لێنرا، ئەو میرنشینە پاراستنی جیهانی ئیسلامی گرتە ئەستۆی خۆی و سەرکردایەتی جیهانی گرتەدەست و بووبە تاکە کەسی جیهادی، بۆیە هەموو خوازیارانی جیهاد دەچوونە ڕیزیەوە.پاش ئەوەی موتەوەکیل عەلەلأی کۆتا خەلیفەی عەباسی دەستبەرداری خیلافەت بوو بۆ سەلیمی یەکەم، خیلافەتی شەرعی گوازرایەوە بۆ سوڵتان سەلیم.

عوسمانیەکان بەو سۆزە کلپەسێنەی دەروونیان کە تێکئاڵاوی گیانی سەربازی ڕیشەدانراوی ناو قەوارەیان بوو ئاڵای بەرز کردەوەو گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامییان دامەزراند کە مێژوو لە دوا سەدەکانی خۆی دا دەبینێت.ئەم دەوڵەتە بەردەوام پاسەوانێکی گەورەی جیهانی ئیسلامی بوو بۆ ماوەی چوار سەدە عوسمانییەکان ناوی (وڵاتی ئیسلام)یان لە وڵاتەکەیان ناو بە سەرکردەشیان دەوت ( سوڵتان )، بەرزترین نازناوی سوڵتانیش (غازی) بوو واتە جەنگاوەری ڕێی خودا،



Scanned with CamScanner

دوو چەمکی عوسمانیو تورکی چەمکی نوێو سەردەمیو پێشتر نەبوون، ماوەی سێ سەدەی یەکەمی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کاریان بە شەریعەتی ئیسلام دەکرد.

بەڵام دواتر وڵات دووچاری کۆمەڵێك سەختیو چەرمەسەری بوو، تاکە شتێك وڵاتی هێشتبووەوە هۆکاری ئایینیو پەیوەندی بیروباوەڕی بوو هەرچەندە هەبوو گاڵتەی پێدەکرد، بەڵام کەس نەیوێرا بە ئاشکرا دەرچوونی خۆی لەو بیروباوەڕە ڕابگەیەنێت، بەڵکوو ئەو پەیوەندییە گرنگترین هۆکاری یەکلاکەرەوەی ناو قەوارەی گەلان بوو، بەو پەیوەندیە توانی گەلانی تورکو عەرەبو کوردو چەرکسو شاشانو داغستانو گەلانێکی دیکەش بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی دوورودرێژ کۆبکاتەوە تا ئەوەی دواجار دوژمنانی دەوڵەتی عوسمانی توانیان ناکۆکیو دووبەرەکی بخەنە نێوان ئەو قەوارە خێڵەکیو سیاسیانەی کە یەك جەستەی تەواوی دەوڵەتیان پێك هێنابوو بە بێئەوەی جیاوازی بکرێت لە نێوان هیچکام لەو قەوارانەدا یان جیاوازی خێڵەکی یان نەتەوایەتی هەر جیاوازی یەکی دی بوونی نەبوو تا ئەوەی دوژمنانی عوسمانی توانیان ئەو ناکۆکیانە بخەنە نێوانیانەوە.

زانای پایەبەرز ئیبن خەلدون لە پێشەکیەکەیدا کە ناوی ناوە (کتاب العبر دیوان المبتدا والخبر)دەڵێت: "دەوڵەتانی سەقامگیری جاران بە دوو شت لە ناو دەچن:یەکەمیان ئەوەیە داخوازی بەرەو ناوچەکان بێتە کایەوە،ئەو ویلایەتانەی داوای سەربەخۆیی دەکەن کاتێك دەست بە داواکاری دەکەن کە سێبەری دەوڵەتیان لەسەر نەمێنێتو ڕەوتیان بەرتەسك بێتەوە، هۆکاری دووەمی کەوتنی ئەو دەوڵەتانە بەهۆی بانگەشەکەرانو دەرچوانی ناو ئەو دەوڵەتەیە، سەرەتا چەند داوایەکی بچووکی بێبایەخ دەخەنەڕوو.

ئەوانە چەکێکی خەیاڵی دەروونییان هەیەو بۆ داوای مافەکانیشیان کە لە بچووکەوە دەست پێدەکەن دەڕۆن تا دواجار دەگەنە شانو شکۆو سیستەمی



Scanned with CamScanner

دەوڵەت، زیاترین شتێك یارمەتیان دەدات تا لە سیستەمی دەوڵەت دەربچن نەمانی خەمخۆری شوێنکەوتنی ئەو دەوڵەتەیە، ساتێکیش کە هەرەمی دەوڵەتی سەقامگیر روونەبێتەوە بیروبـاوەڕی خـۆدان بـە دەسـتەوە لەلایـەن گەلەکەیـەوە هەڵدەوەشێتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی داخوازی یەکلەدوای یەکی داخوازیکەران لە ناوخۆدا، ئەو کات سوننەتی خوا لەناو بەندەکانیدا کۆتا دێڕی ئەو دەوڵەتە لە کتێبی زانیاری خواییدا دەنووسێت، تیایدا دەفەرموێت ئەو دەوڵەتە لە ناو دەچێت و تەمەنی کۆتایی پێهاتووە، چونکە هەڵەو کەموکورتیەکی گەورەی تێکەوتووەو هەموو لایەنەکانی گرتوەتەوە، ئەمەش بۆ داخوازیکەرانی هەموو لایەنەکانی دەبێت یان لە ناوخۆی ئەو کەمو کورتیەی کە ناوی دەوڵەتە، ئەو کات دیدی شاراوەی برینەکەی دەردەکەوێت و نزیکی ئەوە دەبێتەوە هەڵبوەشێتەوە، لەو ماوەی ژیانی پڕچەرمەسەری گەلدا قۆناغی کۆتایی دێت و ئەنجامەکەی دڵنیاو بێگومان دەبێت و دەوڵەتگەلێکی نوێ و چەند ڕێکخستنێك لەسەر داروپەردووی دەوڵەتی پێشوو دادەمەزرێت).

وتەکەی ئیبن خەلدونیش بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا دەچەسپێت، چونکە فراوانبوونی و گرتنەخۆی چەندین هەرێم لە ژێر ئاڵاو دەسەڵاتیدا، خودی کوشتنی بوو، کەموکورتیەکە لەوەدا بوو بڕوای وابوو ئەوەی پێی گەیشتووە ئەوپەڕی هێزوو تواناو بەرگرییە، بەتایبەت ئێمە دەزانین ئەو هەرێم و ناوچانە چەندین گەل و هێزوو نەتەوەیان لەخۆ دەگرت.[1]

دواکەوتەیی زانستی: ئەمە تا ئەمڕۆیش ماوەو هەرچەندە زیاتر لە نیو سەدە بەسەر بزووتنەوەی عەلمانی دژە ئایینی کە مالی دا تێپەڕیوە، عوسمانییەکان کە هاتن بۆ ئەنادۆڵ خێڵەکی بوون و شارنشین و شارستانی نەبوون، بەڵکوو سەرقاڵی جەنگ بوون و بە هۆی سەرقاڵبوونیان بە جەنگی بەردەوام لە هەموو بەرەکانەوە

[1] خوێنەری بەڕێز: لەم نێوەندەدا دوو لاپەڕەی نووسینەکە لەبەردەستدا نەبوو، هەرچەندە گەڕاین تا ئەو دوو لاپەڕە بەدەست بخەین، بەلام نە بە فارسی و نە بەعەرەبییەکەشی دەستمان نەکەوت. وەرگێڕ.

ناویان نەدایە بواری زانست، ئەورووپییەکان دەرفەتیان پێنەدان تا بکەونە زانستەر نەخشەی بۆ دابنێن.

بۆیە بەردەوام لە سروشتی خێڵایەتی خۆیانەوە مایەوە، چەند سەرکەوتن و خزمەتێکیان پێشکەش کرد هەرچەندە خێڵەکی بوون، جیاوازی ئەمان لەگەڵ داگیرکەردا ئەوەبوو کە داگیرکەری ئیستعماری سوور بوو لەسەر ئەوەی وولاتی خۆی پێشێل بخات و دانیشتوانی ئەو ناوچانەی داگیرکراون بە باری نەزانی و دواکەوتوویی بهێڵێتەوە، بەڵام ئەمان لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیشیان دا یەکسان بوون و جیاوازییان نەدەکرد.

کاتێک دەوڵەت لە ساڵی ١٧٧٤ زاینی دا شکستی خوارد، کەمێک بە هۆش خۆی دا هاتەوە و سەلیمی سێیەم کەوتە چاکسازی و دامەزراندنی خوێندنگەی نوێ، خودی خۆی لە خوێندنگەی ئەندازیاری دا دەیخوێند، سوپایەکی نوێی پێک هێنا تا ئەوەی سوپای کۆنن لە دژی هەستان و پەنهان کوژیان کرد، ئەم دواکەوتنە دەرفەتی بە ڕۆژئاوادا تا لە ڕووی مادییەوە پێشکەوتووتربێت و چەکی نوێ دابهێنێت و پێناوی پیشەسازی بێنێتە کایەوە و سەردەمی ئامێروو هەڵم و کارەبا دەستپێبکات.

عوسمانییەکان کە دەچوونە شوێنێک تەنها باجیان لێدەسەندن و دانیشتوانیان لەسەر باری بیرووباوەڕو زمان و پەرستشی خۆیان بەجێ دەهێشتن و گوێیان نەدەدا بە بانگەوازو کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و نیشاندانی دیمەنەکانی ئیسلام وەک یەکسانی و دادپەروەری و ئاسایش و ئەو لایەنانەی دیکەی ئیسلام کە(تێکڕا) لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا یەکیاندەگرتەوە.

دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتیدا لاواز بوو، ئەمە وای لە دەوڵەتانی ئەورووپا کرد تا لە دژی پیلان بگێڕن و بزوتنەوە جیاخوازییە سیاسی و ئاینییەکانی لە دژ هان بدەن، هەروەک بانگخوازانی نەتەوایەتی و سەهیۆنیەتیش ئەو لاوازییەیان قۆستەوە تا بکەونە خاپورکردنی ئەو دەوڵەتەو پارچەپارچەی بکەن.

*بزووتنەوە جیاخوازییەکان و هەڵگەڕانەوە ناوچەییەکان

لەئەنجامی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجی سیاسیدا دەوڵەتانی ئەوروپا کەوتنە نانەوەی پیلان دژ بە دەوڵەتی عوسمانی و پەتی ڕق و کینەو نەزانیان لە دژی عوسمانی لای ئەو کەسانە دروستکرد کە خوازیاری دەسەڵات بوون، ئەوانیش بە هاندانی ڕۆژئاوا هەنگاویان بەرەو سەرکەشی نا.

بالۆیزانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەستیان وەردەدایە کاروباری ناوخۆیی و سیاسی و دەرەکی دەوڵەت تا ئەوەی هەڕەشەیان لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرد، ئەگەر دەوڵەت هەر هەنگاوێکی تۆڵە سەندنەوە بگرێتە بەر بەتایبەت لە ڕووی دەوڵەتانی بەلقان دا ئەوا پەیوەندییەکانیان لەگەڵی دا دەپچڕێنێت.

بەڵام لە بەرەی ڕۆژئاواوە دوژمنە تەقلیدیەکانی عوسمانییەکان ساتەو ناسات شۆڕشیان هەڵدەگیرساند، دیارترین بزووتنەوەیەکی جیاخوازیش کە دەوڵەتی لاواز کردبێت بزوتنەوەکەی محمد علی پاشا بوو لە میسردا.

دواجار بانگەشەکەی ئیمام محمدی کوڕی عەبدولوەهاب هات، یان وەك ئەوەی زۆرێك لەکتێبەکانی مێژووی نوێ پێی دەڵێن بزووتنەوەی وەهابی. ئەم بزووتنەوە یە لە نیمچە دورگەی عەرەب دامەزراوە، هەندێك نووسەر بە هۆکارێکی لاوازی دەوڵەتی عوسمانی دادەنێن، هەروەها بوو هۆکارێکی لاوازی بوو، بەڵام لەو مەبەستەوە نا کە ئەوان هەیانە، بەڵکوبە هۆکاری زاڵبونیان بەسەر دەوڵەتی سعودی یەکەم دا لەسەر یەکتا پەرستی دا مەزرابوو، ئەوانە هۆکارێکی لەناوچوونی بوون.

*ئەو دەسکەوتانەی کە خۆبەخۆو بێترس و بێباکانە دەدران بە بیانیەکان:

بەڵکوئەو کارانە زێدەڕۆیی بوون لە ڕووی مافی دەوڵەتدا لە ناشیرینترین شێوەیدا، چونکە دەوڵەتی عوسمانی کە لەوپەڕی دەسەڵاتیدا بوو چەند دەستکەوتێکی بە بیانیەکان بەخشی، ئەمە وایکرد لە دەسەڵاتی وڵاتدا شێوە هاوبەشیەکان هەبێت، من کە هیچ هۆکارێك بۆ ئەو کارە بەدی ناکەم جگە لە

نـەزانی و نابەرچـاوڕوونی و نـەبینینی ڕێـکوپێکی کاروبارەکـان وەک خـۆی و لەبەرچاونەگرتنی هێزو فێڵبازی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو مافانەی پێدەدان، کەسی ژێر هیچ کات دەست بۆ دوژمنەکەی شل ناکات، هەرچەندە دوژمنەکەی بچوک و لاواز بێت.

ئەمانە ئەو کار ئاسانانە بون کە دەکرێت بە مەترسی دابنرێت کاتێک سەیری دەرەنجامەکانی دواتری دەکەین، ئەو مافانە سەرەتا بەو بیانیانە دران،دواتر دران بە دانیشتوانێکی ناوچەیی، سوڵتان سولەیمانی قانونی ویستی ڕێگەی بازرگانی دەریای سپی ناوەڕاست بگێڕێتەوە دوای ئەوەی ڕێگەکە گۆڕا بوو بۆ سەری هیوای چاك، ئەمەشی بە لێدانی چەند مافێك بە بیانییەکان و بەستنی چەند پەیماننامەیەك لەگەڵ ئیتالییەکان و دواتر فەرەنسی و ئینگلیزییەکان دا تا هانیان بدات لەو ڕێگەوە بپەڕنەوە.

بـەڵام ئـەوان هـەموویان خواسـتی گۆڕانیـان بـۆ سـوڵتان نیـشان دەداو لـە پەناشـیەوە پیلانیـان بـۆ دادەنـاو داویـان بـۆ دەنایـەوە. سـوڵتان سـولەیمان پێـی وابووئـەو ڕێکەوتنانـە هـیچ بەهایـەکیان نیـە مـادەم لـە دەسـتی خـۆی دا نیـە وەکـو بیەوێت لە کاریان دەخات بەڵام لە ڕاستی دائەو لاوازی یەی کە دووچاری دەوڵەت بوو ئەو ڕێکەوتنامەی کرد بە هێزێك بۆ ئەو بیانیەو هاوڵاتیانەی دانیشتون لـە ناو دەوڵـەتی عوسمـانی دا.سـەرەتا ئـەو مافانـە سـادە بـوو، بـەڵام دواتـر چـەندین وردەکاری و پێچوپەنایان لێکەوتەوە.

ئـەو مـاف و دەسـتکەوتانە بـووە بـە ڕێکـەوتنی دوولایەنـە، ئیـدی کەشـتیە فەرەنـسی یـەکان دەیـانتوانی لـە ژێـر پاسـەوانی ئـاڵای فەرەنـسی دا بـچنە نـاو بەندەرەکانی عوسمانییەوە، گەشتیاران وکەسانیشیان ئازادییان پێدرا تا سـەردانی شـوێنە پیرۆزەکـان بکـەن و سەرپەرشـتیان بکـەن و، ئـازادی پـەیڕەوی ڕێوڕەسـم و ئازادی شێوەی پەرستشی ئایینیش هەبێت. پاشان بە تێپەڕبوونی کات ئەو مافانە بـوون بـە مـاف بەدەسـت هـاتوو دواتـر فـراوانتر بـوون چـەند دانیـشتوانێکی ناوچەییـشیان گرتـەوە وەك نـەدانی بـاج و جیابوونـەوە لـە دەسـەڵاتی دادگـا شەرعیەکانی عوسمانی و دادگـایی کـردووە لـە چەند دادگایەکی تایبەتیدا کە بە دادگا تێکەڵەکان ناودەبران.

ئەمانە دواتر ڕۆڵێکی گەورەیان بینی بۆ نموونە ڕوسیا بە پێی پەیماننامەی (کینارجی) مافی هەبوولە ئەستەنبول کڵێسایەك بنیات بنێت‌و مەسیحیەکانی سەر بەمەزهەبی ئەرشەدۆکس لە ناودەوڵەتی عوسمانی دا بخاتە ژێر چاودێری پاراستنی خۆیەوە.

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا بڕیاردرا خەڵکی لوبنان حکومەتێکی سەربەخۆییان بدرێتە دەست لە ژێر چاودێری‌و دەسەڵاتی عوسمانیدا، سەرکردەکەشی بیانی بێت، بابی عالیش پاراستنێکی لە لایەن ۳۰۰ سەربازەوە هەبێت‌و بەس، ئەو سەربازانەش لە ڕێگەی نێوان دیمەشق‌و بەیروتدا سەنگەربگرن.

بەمە چەندین کەمینەی دیکەیان هانداو مەسیحیەکانی بۆسنە بە پاڵپشتی ئەوروپا سەرکەشی خۆیان زیاد کرد، ئەو مافانە ڕێخۆشکەرو یاریدەدەر بوون بۆ هەڵگیرسانی ئاژاوەکان‌و دەوڵەتیان شێواندو بۆ چەندین دیە سەرقاڵیان دەکردو کردیانە بیانوویەك بۆ ئەوەی دەستور بدەنە وڵات بە بیانوی پاراستنی هاوڵاتیان، دواجار کردیان بە دوژمنایەتی‌و داگیر کاری.

<u>*ئەو خۆبەزلزانینەی دووچاری سوڵتانە عوسمانیەکان دەبوو:</u>

کاتێك دەرگای وڵاتێکیان لە ڕوودا دەکرایەوە لە خۆیان بایی دەبوون‌و بە ویستی خۆیان هەڵوێستیان دەنواند، هەر کەس نامەکەی سولەیمانی قانونی بۆپاشای فەرەنسا بخوێنێتەوە شتێك نابینێت کە لە نامەی پاشایەك بۆ پاشایەکی دی یان ئیمپراتۆرێکی گەورە بۆ پاشایەکی بچوك تەنانەت میرێکیش بچێت، بەڵکو وا قسە دەکات کە گەورەیەك نامەیەك بۆ کۆیلەیەك دەنووسێت یان ئەگەر سەیری پەیماننامەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکەیت لە کاتی بەهێزیدا دەبینیت سوڵتانەکان نازناوی وا بەخۆیان دەدەن کە خەریکە هاوبەشی بە سیفەتەکانی خوابکەن، لە کاتێکدا پاشاکان نازناوی ئاساییان هەبوو، دەڵێم هەرکەس ئەو پەیماننامانە بخاتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە دەبینێت تا چ ئاستێك ئەو سوڵتانانە دوچاری بێئاگایی‌و نەزانی‌و بە خۆدا نازین بون.



Scanned with CamScanner

*سوپای ئینکیشاری:

ئەمە ئەو سوپایە بوو کە سوڵتان ئورخان دایمەزراند، نەوەکانی وڵاتانی ئەورووپای (ئەوانەی دەیگرتن) دەهێناو بنەماکانی ئایینی ئیسلامی فێر دەکردن و بەشە سەربازیە تایبەتییەکاندا دادەنان و لەسەر هونەری جەنگ و کوشتار مەشقی پێدەکردن، ئەو سوپایە لە هەموو جەنگەکانی عوسمانیەکان دا لە کاتی بەهێزییان دا ڕۆڵێکی زۆر باش و گەورەیان بینی وەك شێر لە مەیدانەکانی جەنگدا پێشڕەوییان دەکرد ولە سەر خشتی جەنگەکەداو لە یەکلاکردنەوەی جەنگی گرتنی قوستەنتینیەشدا ڕۆڵی سەرەکی بۆئەوان دەگێڕێتەوە، لە شەڕە بەناوبانگەکانی دیکەش هەر وابووە.

لە گەڵ تێپەڕبوونی سەردەم و کاتدا ترس و تەنبەڵی ڕوی کردە ڕیزەکانیەوە کاتێك لە نێو شار نشینیەکاندا کەوتە ژیان و بەو پێیەی سەربازی تایبەتی سوڵتان بوو، کەوتە دەستدرێژی کردنە سەر ماڵ و خەڵك.

هەرکاتێك سەربازان تێکەڵی خەڵکی شار بێن سروشتیان گەند دەبێت و ڕەوشتیان دەگۆڕێت وئەرك و کاریان گۆڕانی بەسەر دا دێت و دەردو بەلا بە هۆی دوژمنایەتی و کاریان لە ڕوی دانیشتوان دا دێتە کایەوە، بە هۆی دەستوەردانیان لە کاروباری دەوڵەت کەوتنە گەندەڵی نواندن و ئارەزوی دەسەڵاتیان لاپەیدا بوو دڵەکانی دڵگرتن و ڕرچوونە ئارەزوو حەرامەکان تا ئەوەی لە سەرمای توندا دەچون و دەیانڕوانییە بەخششە سوڵتانیەکان ودەکەوتنە تاڵان و بڕین.

ئەو وڵاتەی کە هێرشیان دەبردە سەر، بەمە بار گرژیان دەنایەوە حەزیان بە جەنگ دەبوو با ئاگرەکەی بەسەر خۆشیاندا داباریێت، چونکە دەیانویست درێژە بدەن بە تاڵان و بڕینی ئەو ناوچانەی کە دەیانگرتن بەرەبەرە بەڵێنەکانیان هەڵدەوەشانەوەو ئاگر بەستەکانیان دەشکاندن، بەمە ئەو مەبەستەی بۆی دامەزرابوو لەبیریان کرد، سەرەتای کارەکانی سوڵتان موڕادی سێیەم دەرکردنی فەرمانێك بوو کە بەو پێیە ڕێنەدەدا مەی بخۆنەوە، ئەوانیش ڕاپەڕین تا ئەوەی ناچاریان کرد بە چەند مەرجێك ڕێ بە خواردنەوەی مەی بدات و، چونکە سوڵتان لە ڕق و دژایەتی سوپای ئینکشاری دەترسا.

بەوجۆرە سوپا تێکناشکێت تا کاتێك بیروباوەڕی خۆی وەلانێت و پاپەندی بنەماکانی نابێت، ئینکشاری کە دایان بەسەر پێگەی سەرکردایەتی ناو دەوڵەتی عوسمانی دا وای کرد دەوڵەت لە بارێکی مەترسیداری پشێوی دا بێت، ئیدی سەربازان فرمان و ڕێگریان دەکرد و سوڵتانیش یاری دەستیان بووە.

گەندەڵی دەستی پێکردو وڵات سەری بە قوڕدا چوو، لە ئەستەنبوڵ و قاهیرەو بودادا ئینکشارییەکان ڕاپەڕین و داوای هەڵگیرساندنی جەنگیان کرد لە کاتێك دا بەرژەوەندی لەوەدا بوو جەنگ ڕوونەدات. سنان پاشا بە دژایەتی کردنی تاوانباران لە ژێر فشارێکی توندی ئەوانەوە بڕیاری هەڵگیرساندنی جەنگی دەرکردن لە ئەنجامدا والی عوسمانی بودا شکاو حەسەن پاشای والی هەرسك کوژراو چەند قەڵایەك کەوتنە دەست نەمسا.

سوڵتانی عوسمانی هەوڵیدا بە دامەزراندنی سوپایەکی نوێ لە ویلایەتەکانی ئاسیای بچوك و مەشق پێکردن و ڕێکخستنیان، ئینکشارییەکان لە ناو ببات، کاتێك ئەم هەوڵەی دا کوشتیان و موستەفای یەکەمیان گێڕایەوە پێشتر خۆیان موستەفایان لابردبو ئەمە کۆتایی چەند کەسی چاکسازی بوو، کاتێك سوپای گەندەڵ توانی ڕێڕەوی گەلان دیاری بکات.

ئینکیشارییەکان دەساڵ لەماوەی سەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەم دا لە هەمان ڕەوشتی خۆیان نەوەستان و سەرکەشی خۆیان نواند، ئەوان فرمان و ڕێگریان لە دەست بوو، دەبو بەردەوام سەرەوەی دەوڵەت و سەرکردایەتی وڵاتیان لەدەست دا بێت، ئەوان سوڵتان ئیبراهیمی یەکەمیان خنکاند و لە سێدارەیاندا کاتێك ئەو سوڵتانە دەیویست لە دەستیان ڕزگاری ببێت ولە ناویان ببات.

ئەوان بە کوشتنی سوڵتانەکان و دانانی منداڵانی کەم تەمەن لە دوایاندا وەك سوڵتان موحەممەدی چوارەم دەوڵەتیان بەرەو پشێوی و لاوازی برد تا ئەوەی فرەنجەکان چەند بەشێکی وڵاتیان داگیر کرد، بۆیە سەدری باڵاو زانایان ناچار بوون لای ببەن.

پاشان لە سەردەمی سولتان سولەیمانی دووەم دا ئینکشاری ڕاپەڕینو سوپای دوژمن هاتە جەنگ بە شێکی خاکی دەولەتو داگیریان کردن.ئینکیشاریەکان ئەو سوڵتانەیان لابرد(موستەفای دووەم، ئەحمەدی سێیەم، موستەفای چوارەم) تا خوا دەرفەتی بە سوڵتان مەحمودی دووەمی بەخشی تا لە دەستیان ڕزگاری ببێت، سوڵتان مەحمود ئامادەسازی بۆ ئەو کارە کردو تۆپچییەکانی بەسەر دا زاڵ کردو لەناوی بردن و کۆتایی یان پێ هات.

*پاش تێپەڕبوونی سەردەمی هێزو شکۆداری سوڵتانە عوسمانیەکان کە خۆیان سەرکردایەتی سوپاکانیان دەکرد، سەرکردایەتیان دایە دەست چەند سەرکردەیەك کە هەندێکیان لێهاتوو نەبوون، بۆیە لە چەندین جەنگ دا شکانو گوڕو تینی ئایینیش بە ئامادەبوونی سوڵتان لەپێگەی سەرکردایەتی سوپادا کوژایەوە وەك چۆن پێشتر ئەمەڕوی دەدا.

*<u>کۆنبوونی سوڵتانەکانو پەیڕەونەکردنی دەسەڵاتیان لەلایەن خۆیانەوە بە پشت بەستن بەچەند وەزیرێکی نەزان:</u>

سوڵتانە عوسمانییەکان تا سوڵتان سەلیمی یەکەمیش خۆیان سەرکردایەتی سوپایان دەکرد بەمە گوڕو تینیان دەخستە دڵو دەروونی سوپاوە، پاشان سوڵتانەکان سەرکردایەتییان دەدایە دەست چەند ئەفسەرێك، بەمە سەربازان کەمتەرخەمیو تەنبەڵیان دەنواندو سارد دەبوونەوە، ئەمەش ئەو پەندەیە کەدەڵێت (خەڵکی لەسەر ئایینی پاشاکانیانن).

کەسانی لێنەهاتوو دەسەڵاتیان دەگرتە دەست، کەسی باخەوانو چێشتسازی کۆشكو خزمەتگوزاران گەیشتنە پایەی سەرۆك وەزیران یان سەرکردایەتی گشتی سوپا.

*<u>سوڵتانەکانی کیژانی بیانیان بە هاوسەر دەگرتن:</u>

ئەو کیژانەش زاڵدەبون بەسەر سۆزو هەستی مێردەکانیانداو سیاسەتی بنەڕەتی وڵاتیان پێدەگۆڕین خۆیان کاروباری وڵاتیان دەگرتە دەست.



Scanned with CamScanner

چەند پاشا هەبون منداڵو برای خۆیان بەدەستکیسەی ژنەکانیان دەکوشتن و چەندین کاریانـدەکرد کـە ژیانیـان بەرژەوەندیـەکانیان دەگەیانـد تـا ژنـەکانیان رازیبکەن ئەمە سەرەرای ئەوەی چەندسوڵتانێك کە ژنی ئەوروپییان دەهێناگەلیان بێزار دەکرد.

*هێنانی ژنو کەنیزەکی زۆر:

ئـەو ژنو کەنیزەکانـەی کـە بیـانیو فەرمـەنرەواکان وەك دیـاری پێـشکەشی سوڵتانەکانیان دەکردن، ئیدی وەك ئەوەی کاڵاو خەلات بن، سوڵتانەکانیش ئەگەر بیانزانیایە زۆرن هەندێکیان دەدان بە سەرکردەکانیان یان کەسانی نزیکیـان وەك رێزگرتنێـك لێیـان. ئاسـایش بـو لـە نێـوان منداڵـەکانی ئـەو ژنانـە وەدایکـانی منداڵەکانیشیاندا(ئیدی ژن بن یان کەنیزەك) رقو کینەو حەسودی دروست ببێتو ببێتـە هـۆی ئـەوەی منـداڵانو براکانیـان بکـوژن یـان چـەندین کـاری تـری نـارەواو ناعاقڵانەو نا شەرعی بگرنە بەر.

*پەیوەندیە خێزانیەکانی سوڵتانەکان بە هۆی زۆری ژنانەوە لێکهەڵدەوەشان:

تـا ئـەوەی سـوڵتان لای ئاسـایی بـوون منـداڵو براکـانی خـۆی بکوژێـت لەگـەڵ سەرەتای گرتنـە دەسـەڵاتیدا، ئـەمـەش شـتێکی ئاسـاییو سـادە بـوو هەسـتیش بـە خەمو خەفەت نەکاتو گوێی پێ نەدات.

باری سەختی دڵگران ئەوە بوو سوڵتانەکان منداڵانو بابانی خۆیان دەکوشتن، ئەمەش پێچەوانەی هەستی مرۆڤایەتییە با هەر بیانویەکیشی بۆ بهێنـەوە. بەڵکو چەندین منـداڵو کەسـی بێتـاوان کـوژران، تاکە هۆکـاریش ترسـی سـوڵتان بـو لـە ئەگەری داهاتوو.

ئوممـەتی ئیـسلامی لـە کەسـانێك بێبـەش کـرا کـە دەبـوو ببنـە کەسـانی هەڵکەوتوو، لە جیاتی ئەمانە کەسانێك هـاتنو پایـەی بـەرزی نـاو دەوڵـەتیان گرتـە دەستو سـەرکردایەتی سـوپای وڵاتـی عوسمانییـەکان گرتـە دەسـتو خـۆیـان بـە موسڵمان نیشان دەدا کەچی لە بنەرەت دا ئەوروپی بوونو بڕوایان بە ئیسلام نەبو، ئەمانە کەوتنە وێران کردنو شکاندنی وڵاتو دەوڵەتی عوسمانی.



Scanned with CamScanner

ئەم بەڕێوەچوونە عورفیەی کە لەسەر دەستی بایەزیدی یەکەم دەستپێکردو لەسەر دەستی موحەممەدی فاتیح بوو بە یاسایەکی چەسپاو خۆی دەنواند، کورتەی ئەو یاسایەی دەیوت ئەو سوڵتانەی کورسی دەسەلآت دەگرێتە دەست بۆی هەیە هەمو سەرکردە ڕکەبەرەکان پاکتاو بکات، ئەمەش بەڕەزامەندی دەستەی زانایان، ئەمەش سیاسەتێکە کە دەڵێت با بەرژەوەندیو سیاسی باڵای دەوڵەت کە بریتی یە لە پاراستنی یەکیەتی قەوارەیی سیاسی دەوڵەت زاڵ بێت لە بەرانبەر ڕوبەڕوبونەوەی پشتبەستن بە بنەمای میراتگری دەسەلآت کە گرفتی پێك هاتەیی لێدەکەوتەوەو کەشی لە باری دەرەخساند بۆ ئاڕاستەی لێك هەڵوەشاندنی قەوارەی دەوڵەت لە کاتی گواستنەوەی دەسەلآت لە باوکەوە بۆ کوڕ.

پاش یەك سەدە ئەم یاسایە گۆڕا بەرەو یاسایەکی دیو کورتەکەی ئەوە بوو لابردنی سیاسیو پاکتاوی جەستەیی لابراو سیاسەتی بەندکردنی هەموو سەرکردەکان گیرایە بەر جگە لە منداڵانی سوڵتانی فەرمانڕەواکە ڕێیان پێنەدەدرا هیچ پەیوەندییەکی دەرەکییان بە جیهانەوە هەبێت.

دواتر چەند گۆڕانکارییەك لەو یاسایەدا ئە نجامدران، یاسای نوێ دەیوت دەبێت گواستنەوەی دەسەلآت لە کاتی چۆڵکردنی بۆ گەورە کوڕی زیندووی بنەماڵەی عوسمانی دا بێت. بە دوای جێبەجێکردنی ئەو یاسایەداو لە ماوەی سەدەیەك زیاتر دا بوو، بوو بەوەی براو مامو کوڕانو ئامۆزایان شوێنی سوڵتانیان دەگرتەوە، زۆربەشیان زیندانیانی ناوقەفەسەکەبوون، کەسانێك دەچوونە شوێنی سوڵتان کە سادەترین مەرجی ئەو پێگەو پلەو پایەیان تێدا نەبوو.

بۆیە ئەندامانی بنەماڵەی سوڵتانی لە ترسێکی بەردەوام دا دەژیانو دژ بەیەکدی قەرەوڵیان دەگرتو گوێیان لێ نەبوو لە ڕووی سوڵتان دا سەرکەشی بنوێنن و،ئیدی برا بێت باوك یان کوڕ، ئەمەش تەنها بۆ حەزی دەسەلآتخوازی نەبوو، بەڵکوو هەندێك جار تا بە ناپاکی و ناڕەوا ملیان لە جەستەیان جیا نەکرێتەوە.



Scanned with CamScanner

*جێگیرەکان لە دەوری دەربارردا بەند دەکران‌و هیچیان لە دنیا نەدەزانی:

زۆر جاریش هیچ فێر نەدەکران. چونکە نەیاندەزانی بەرەو کوێ دەچن، ئایا دەبنە قوربانی پیلانێك بێت پێشئەوەی بگەنە سەر کورسی دەسەڵات، یان دەگەنە کورسی دەسەڵات‌و دەستەیەکی خەڵك بەسەریان دا زاڵ دەبن‌و بە دڵی خۆیان دەجوڵێنەوە یان لە دەسەڵات دوور دەخرێنەوەو دەکوژرێن یان ئافرەتانی کۆشك بەڕێوەیان دەبەن، یان بە نەزانی خۆیان ڕێ دەبڕن.

* ناپاکی وەزیرەکان:

زۆرێك لە بیانە مەسیحییەکان کە موسڵمان بوون‌و لە خزمەتی سوڵتاندان کەچی دەکەوتنە هەواڵگری‌و دەستکیسە تا ئەوە دەگەیشتنە بەرزترین پلەو پایەکان، سوڵتان عەبدولحەمید سەرسامی خۆی دەربڕی لە زۆری ئەو بیانیانەی دەهاتنە کۆشك‌و داوای ئەوەیان دەکرد تیایدا کار بکەن تەنانەت ئەگەر وەك کۆیلەش کار بکەن، تا ئەوەی دەڵێت: لەیەك هەفتەدا سێ نامەی پڕ نەرمی‌و نەوازشم پێگەیشتووە کە خاوەنەکانیان داوایان کردووە لە کۆشکدا کاربکەن ئەگەر وەك پاسەوانی دەرباریش بێت، یەکەمیان مۆسیقاژەنێکی فەرەنسی‌و دووەمیان کیمیاناسێکی ئەڵمانی، سێیەمیشیان بازرگانێکی سەکسۆنی بوو.

سوڵتان لەسەر ئەم کارە ڕای خۆی دەڵێت: جێی سەرسوڕمانە ئەوانە لە پێناو خزمەتکردنی دەربـاردا واز لـە ئـایین‌و پیـاوەتی خۆیـان بهێـنن، ئەوانـەو هـاو وێنەکانیان دەگەیشتە پلەی سەرۆك وەزیری، بۆیە خالید بەگی نێردراوی ئەنقەرە لەئەنجوومەنی عوسمانی لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر لە بنەڕەتی ئەو کەسانە بکۆڵێتەوە کە لە دەوڵەتی عوسمانی دا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست‌و بە ناوی گەلی تورکی یەوە ستەم‌و خراپەیان ئەنجام داوە دەبینین ٪۹۰ یان تورك نین.

*دام‌ودەزگا ئاینییەکانیش هەمان دەردیان تووش بوو:

پاش ئەوەی شەیخولئیسلام هەمو واتای دەسەڵاتی لەدەست دابوو دەیتوانی لە بارو پێناو توانای کارایی دەسەڵات‌و دەوروبەری بکۆڵێتەوەو بەرهەمەکەی

بزانێت کەوتە ئەوەی هەوڵی کۆکردنەوەی سامان و بە میراتگرتنی پایەکان بدات، ئەو بارە بویە هۆی ئەوەی شەرعیەت و ڕەوا بوونی ئەم پایە لەبەر چاوی پێگەکانی دیکەی هێزوو دەسەلآتیان لەبەرچاوی هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی دا نەمێنێت.
جا لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم دا( ۱۷۰۳ ز ) ڕێپێوانێکی جەماوەری لە ئەستەنبوڵ دژ بە شەیخولئیسلام کرا، چونکە پیشە بالآکانی بۆ بنەماڵەکەی خۆی قۆرخ کردبوو، ئەو ڕێبوارانەش بوە هۆی کەنار خستنی شەیخولئیسلام و دواتر لە سێدارەدانی گەندەڵی دزەی کردە ناو چینی زانایان، ئەمانە لە دوای سوڵتان بە پلەی دووەم دەهاتن، دادوەریش یەك پارچە بوو بە بەرتیلکاری.

چی لێکهەڵوەشان و خراپەی دەستە ئیسلامییەکان هەبوو بووبە بابەتێك کە شیاوی چاکسازی بوو دەبوو ڕێبگرێت لە خراپە جۆراو جۆرەکانی، لە نامەی چاکسازی قوبی بەگ دا کە لە ساڵی ۱٦۳۰ ز دا ئاڕاستەی سوڵتان مورادی چوارەمی کردبوو کۆمەڵێك بێدارکردنەوەی ئاشکراکردنی باری ئەو دامەزراوەی لە خۆ دەگرت، کە چەندکەم و کورتی لە خۆ گرتووە، لەو نامەیەدا هاتبوو: (بە پێی یاسا کۆنەکانی سەردەمی سوڵتانە کۆنەکانی پێشوو ئەو کەسەی پایەی موفتی وەردەگرت و دواتر پایەی دادوەری و سەربازگەی دۆڵی یان ئەنادۆڵی هەبوو لە نێو ئەو کەسانەدا بوو کە زانستیات زۆرو بڕوابونیان بە خوا بە هێزتر بوو.

ئەو کەسانەش تا کارو ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەندایە لە پایەکەی لانەدەبرا، چونکە پلەی بالآی زانست و ڕیزگرتنی بوو جگە لەوەی سەرچاوەی زانست بوو، ئەمانە هەرگیز حەقیقەتیان لە سوڵتان دەشاردەوە بەڵام ئێستا زانست کوژاوەتەوەو یاساکان هەڵگەڕاونەتەوە، ماوەیەکە پایەی موفتی دەدرێت بە کەسانێك کە لێهاتوو نین و لەگەڵ ئەو یاساو نەریتانەی پێشوودا یەك ناگرن، ئەمە بۆ دادوەرانی سەربازیش وایە، فرۆشتنی پایەکانیش دوژمنایەتی بەخشیوە بەو مولازیمانەی کە تەنها چەند نووسەرێکی سادەن، یان ئەو کەسانەی بە پارەو سامان خۆیان دەکەنە مامۆستاو دادوەر.

*پاشایان زێدەڕۆییان دەکرد تا ئەوەی خەرجی کۆشکی پاشایەتی لە هەندێ کاتدا سێیەکی داهاتی دەوڵەتی دەکرد:

هەندێك لە نوسەران پێیان وایە کۆشکی عوسمانی هەرچەندە گەورەو شکۆداربو بەڵکو نەدەگەیشتە ئاستی کۆشکەکانی سەرکردەکانی ئەوروپا.

*کێشەی قەرزەکان:

ئەم قەرزاریانە لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپاوە بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دەچەسپێنران بە هۆی زۆری خەرجیەکانی چاکسازییەکان، ئەو سوودەی کە لە بەهای پارەی قەرزەکە زیاتر بوو بارەکەی سەخت کردبوو، ئەم هۆکارانە بوونە هۆی لە ناوبردنی دەوڵەتی عوسمانیو لە بەرزیو شکۆداری یەوە بەرەو ڕیسواییان برد، هەرکەسیش بە وردی یەوە لە هەموو ئەو هۆکارانەی پێشوو ئاستی کاریگەری فراوانیان لە ئاستی نێودەوڵەتی دا بکۆڵێتەوە سەری سور نامێنێت لە داڕمانی ئەو دەوڵەتە گەورەیە کە لە ژێر قامچی ئەو لێدانانەدا ڕووخاوە، بەڵکوو سەری سوڕ دەمێنێت چۆن توانیویەتی لە ژێر ئەو گورزە توندو سەختانەدا شەش سەدە بمێنێتەوە، بەڵام بەهۆی جیاوازی دوژمنانی لەسەر دابەش کردنی لە نێوان خۆیان دا پاشان ئیمانو خواناسی خەڵکەکەیو پەیوەستیان بە ئیسلامەوە ئەم ماوەیە ژیا.

*ڕەگو ڕیشەی بنەڕەتی تورکەکان:

لەناوچەی ئەو دیو ڕووباردا کە ئەمڕۆ پێی دەوترێتو تورکستانو لە بانی مەنگۆلیاوە باکوری چینەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا دەریای خەزەر (قزوین) لە ڕۆژئاواوە لە دەشتی سیبریا لە باکورەوە تا نیمچە کیشوەری هیندیو فارس لە باشورەوە لە خۆ دەگرێت خێڵو هۆزە گەورەکانی غوس لەو ناوچانەدا دەژیانو بە تورك یان بە تورکەکان ناسرابوون.

پاشان لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی زاینیدا ئەو هۆزانە لە نشینگەی سەرەکی خۆیانەوە بەچەند کۆچ وڕەوێکی گەورە بەرەو ئاسیای بچوك چوون.



Scanned with CamScanner

مێژوونوسان کۆمەڵێك هۆکاری ئەو کۆچەیان هێناوە، هەندێ دەڵێن هۆکاری ئابووری بووە، چونکە وشکە ساڵی توندو زۆری وایکردووە ئەو هۆزانە باریان لە نشینگەی خۆیان دا سەختو بەرتەسك بێتو دوای لەوەڕو ژیانی خۆش دا کۆچو ڕەو بکەن، هەندێکی دیکە ئەو کۆچو ڕەوە بۆ چەند هۆکارێکی سیاسی دەگێڕنەوە، چونکە ئەو هۆزانە بەرەو ڕووی چەند فشارێکی سەختی هۆزەکای تر بوون، ئەو هۆزانەی هێزو ژمارەیان زیاتر بوون کە ئەوانیش مەغۆلەکان بوون، بۆیە ناچار کۆچیان کرد تا بۆ شوێنێکی تر بگەڕێنو ئاسایشو سەقامگیری بەدەست بخەن.

ئەو هۆزە کۆچەرانە ناچار بوون بەرەو ڕۆژهەڵات بچن، لە نزیك کەناراوەکانی ڕووباری جەیحون سەقامگیر بوون، دواتر ماوەیەك لە تەبەرستانو جورجان سەقامگیر بوون، بەمە لەو زەوییە ئیسلامییە نزیك بوون کە موسڵمانان دوای جەنگی نەهاوەند گرتبونیان.

دوای ئەوە سوپای ئیسلامیەکان بەرەو وولاتی پاب چون تا فەتحی بکەن، ئەو زەوی یە تورکەکانی لێبوون، لێرەدا سەرکردە ئیسلامی عەبدولڕەحمانی کوڕی ڕەبیعە لەگەڵ شەهر برازای پاشای تورکەکان دا پێکەیشتن، شەهر براز داوای ڕێکەوتنی لە عەبدولڕەحمان کردو ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ بەشداری کردنی سوپای ئیسلامی لە جەنگی ئەرمەندا، عەبدوڕەحمانیش ناردی بۆلای سەرکردەی گشتی سوراقەی کوڕی عەمر، ئەمیش بە داواکەی شەهری براز ڕازی بوو هەواڵی ئەمەی بۆ عومەری کوڕی خەتاب (رضی الله عنه) نارد، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، بەمە ڕێکەوتنامەیان بەستو جەنگی نێوان موسڵمانانو تورکەکان ڕووی نەدا، بەڵکو پێکەوە چوون بۆ گرتنی ولاتی ئەرمەن، دەوڵەتی فارس لەناوچوو پەیوەندییان کرد بە گەلانی ئیسلامیەوەو تورکەکان ئیسلامیان گرتو دایانە پاڵ ڕیزەکانی موجاهیدەکان، لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفانیشدا (رضی الله عنه) ولاتی تەبەرستان فەتح کرا.

پاشان موسڵمانان لە ڕووباری جەیحون پەڕینەوەو چوونە ولاتی ئەو دیو ڕوبار، بەمە زۆرێك لە تورکەکان چوونە ناوئاینی ئیسلامیەوە. سوپا ئیسلامییەکان



Scanned with CamScanner

درێژەیان بە پێشڕەوی خۆیان لەو هەرێمانە دا تا وڵاتی بوخارا لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیاندا(رضى الله عنه) فەتح کرا.ئەو سوپایانە ڕۆچوونە ناوەوە تا گەیشتنە سەمەرقەند ئیدی هەموو ئەو هەرێمانە کەوتنە ژێر دەسەلآتی ئیسلامیەوە.

ژمارەی تورکەکانی ناو کۆشکی خەلیفەو سەرکردە عەباسیەکان زیادیان کردو بەرەبەرە پایە سەرکردایەتی و کارگێڕیەکانی ناو دەوڵەتیان دەگرتە دەست، ئیدی سەربازو سەرکردەو نووسەری تورك بەدیدەکرا، ئەمانە بە بێدەنگیو لەسەر بەخۆییو گوێڕایەڵی هەنگاویان نا تا گەیشتنە بەرزترین پلەو پایەکان.

کاتێك موعتەسیمی عەبباسی خیلافەتی گرتە دەستو دەرگای لەبەردەم قەڵەمڕەوی تورکی دا گرتەوەو پایە سەرکردایەتییەکانی دەوڵەتی پێسپاردن، لەوە بەدوا لە کاروباریوڵآت دا بەشدارییان کردو کەوتنە گۆڕینی کاروبارەکان ئەمەشی بویە هۆی تورەیەکی توندی خەڵك و سەربازان، موعتەسەمیش لە تورەیی خەڵك ترسا، بۆیە شارێکی نوێی بۆدامەزراندن کە سامەڕا بوو، لەویٚ خۆیو سەربازو پشتیوانەکانی سەقامگیر بون، بەو جۆرە تورکەکان دەرکەوتنو شانو شکۆیان بەرز بویەوە تا دەوڵەتێکی گەورەیان دامەزراند، ئەم دەوڵەتە پەیوەندی هەبو بە خەلیفەکانی دەوڵەتی عەباسیەوە کە ناسرابوو بە دەوڵەتی سەلجوقی.

********************

# ئەنادۆڵ پێش عوسمانیەکان

ولاتی ئەنادۆڵ یان ئاسیای بچوک بە شێك بو لە خاکی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، کاتێك ئایینی ئیسلام هات ئیمپڕاتۆریەتی فارسی لەناو بردو ولاتی شامو میسریشی لە دەوڵەتی بێزەنتی سەند، پاشان بەرەو باکوری ئەفریقا چو، موسڵمانان توانیان بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی بەرەی دەوروبەری ئەرمینیا بگرن و لە لایەکی دیکەشەوە موسڵمانان لە ڕۆژانی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان دا گەمارۆی قوستەنتینیاندا، بەڵام نەیاتنوانی بیگرن، یەکلەدوای یەك جەنگ دوبارە بوویەوە بەڵام سەرکەوتو نەبون، بەڵکوو قوستەنتینیە وەك بنکەی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی مایەوەو شاخەکانی تۆرۆس بوونە سنوری جیاکەرەوەی نێوان موسڵمانانو بێزەنتیەکان.

لەسەردەمی دەوڵەتی ئومەوی دا سەرسنورو سەنگەریش لەو سنورانەدا خۆی نواند، بەردەوام هەڵمەتەکانی هاوینەو زستانە دەکرانە سەر ئەو ناوچانەو بەردەوام جەنگو جیهاد بەڕێوە دەچوونو لە نێو ئەو سەرکردانەدا مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیكو مەڕوانی کوڕی محمدی کوڕی عەبدولمەلیك بوون، مەروان دواتر بوو بە خەلیفە.

عەباسیەکانیش هاتنو کەوتنە نیشتەجێکردنی سوپایەکی خوراسان لە بەشەکانی ئەنادۆڵی ژێر دەسەڵاتیاندا، خەلیفە مەهدی تورکەکانی لە فەرغانەوەو بەلخەوە دەهێناو لە سەر سنورەکان دا دایدەنان و، هەموویان لە ناوچەی شاخاوی جیاکەرەوەی نێوان جیاکەرەوەی موسڵمانانو ڕۆم دا بوون.

پاشان سەردەمی سەلجوقیەکان هات کە تورکەکان بوون[٢]، دواتر سەردەمی هۆلاکۆ بو، بە کرێگیراوەکانی ماردین بە داردەستی مەغۆل دادەنران، پاشای

[2] لێرەدا یەك لاپەڕەی نووسینەکە لەبەردەست دا نەبووە، لەو لاپەڕەدا بە پێی پێشو پاشی نووسینەکە باس لە دەوڵەتی سەلجووقیەکان دەکات، لەم بارەیەوە دکتۆر علی محمد صلابی کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (دەوڵەتی سەلجووقیەکان) بە هاوکاری مامۆستا شاهۆ وەرمان گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردیو کتێبخانەی ڕۆشنبیر بە چاپی گەیاندووە. وەرگێر.



Scanned with CamScanner

ئەرمەنیشی لە گرتنی بەغداددا بەشدار بوو لەگەڵ مەغۆلەکاندا بەرەو قودس چوو تا بیگرێت، مەغۆلیش بەرەو ڕوی مەسیحیەکان نەبووەوە، بەڵکوو لە بەغدادو دیمەشقدا پارێزراو بوون.

پاشان مەغۆلەکان لە جەنگی عەین جالوتدا شکان و لە وڵاتی شام چوونە دەرەوەو زاهیر بیبرسیش چو تا لە وڵاتی سەلجووقیەکانی ڕۆم دا تۆڵەیان لێ بکاتەوەو خۆی گەیاندە ئەوان و هاوپەیمانە مەغۆلەکان و کەرج، لە جەنگی بوستان لە باکوری مرعەش کەوتنە جەنگی بیبرس بە شێوەیەکی بەرچاو دیار بەسەریاندا سەرکەوت.

پاشان چوو تا قەیسەریەی پایتەختی گرتن، بەرامبەر بە خەڵکەکەی چاکەو نەرمی نواندو دڵنیای کردنەوە، لە مزگەوتی ئەوێشا وتارێکی بۆ خوێندنەوەو، لەگەڵ لاوازی مەغۆلەکان دا دەوڵەتی سەلجووقیەکانی ڕۆم نەماو شانبە شانی خۆی بەدەستەوە دەدا، یا لە میرنشینەکەوە دەدرایە میرنشینێکی دیکەودواتر هەرکامی دیکەیان بەهێزبوونایە شارەکەی دەگرتەوە، بارەکە بەم جۆرە بوو تا دەوڵەتی عوسمانی بەتەواوەتی لە چەند کاتێکی جیاجیادا بەسەری دا زاڵ بوو.

*سەردەمەکانی خیلافەتی عوسمانی بە چوار قۆناغ دا تێپەری، سەردەمی بەهێزی، سەردەمی لاوازی، سەردەمی پاشەکشەو لێک هەڵوەشان، سەردەمی ئیتحادییەکان.

یەکەم:-سەردەمی بەهێزی:

سەردەمی خیلافەتی لەسەردەمی سوڵتان دەسەڵاتداری جیاواز بوو، چونکە لەسەرەتاوە کەوتە گرنگی دان بە ئومەتی ئیسلام و کارکردنی بۆ یەکخستنی، پاشان وەستانێکی یەکڕیزانە لە بەردەم خاچپەرستاندا، خەلیفەکانیش لەسەر ئەم ڕەوتە کاریان کرد تا ئەوەی لاواز بوو، ئەوکات تەنها بیریان دەکردەوە لە پاراستنی ئەوەی لە ژێر دەستیاندایە، دواتر لاوازی یەکە هێندە زۆر بو تا دەوڵەتە مەسیحیەکان بەش بەش ناوچەیان پێدەبرد تا ئەوەی لەناویان دەبردو لەناو موسڵمانان پاڵپشتیان بۆخۆیان پەیدا کرد، تا ئەوەی بەیەکجارەکی زاڵبون بەسەر خیلافەتی ئیسلامەتیدا، موسڵمانان پەرش و بڵاو بوونەوەو بون بەچەند دەستەو گەل و پارچەیەک.



Scanned with CamScanner

بۆیە خیلافەتی عوسمانی چوار قۆناغی بەیەکەوە دی، یەکەمیان سەردەمی بە هێـزی بـو، بـەدوای دا دوو خەلیفـە هـاتن، یەکـەمیان سـەلیمی یەکـەم و دواتـر سولەیمانی یەکەم واتە سولەیمانی قانونی، سەردەمی بەهێزی لە نیو سەدە دەژیان تێپەڕی نەکرد.

دووەم: سەردەمی لاوازی:

ڕاستەوخۆ دوای ئـەوە سـەردەمی لاوازی هـات، هێڵـی بـەیانی خیلافـەتی عوسمانی بەردەوام بەرەو داڕمان چوو، هەرچەندە لەبەردەم ئەو کەوتنەدا وەستا، هەندێ جار لەبەر بەهێزی هەندێ خەلیفە یان وەرو گوڕووتینی دەربارەکانیان بەتایبـەت سـەدری ئـەعزەم دەسـەڵات بـەهێز دەبـوو، لـەو قۆناغـەدا پانزە خەلیفە فەرمانڕەواییان کرد، زۆربەیان بە لاواز دادەنرێن، تـەنها هەنـدێکیان هـەبوون کە لە بۆژانیدا چەند ڕووداوێکی سەخت ڕوویانداو بە هۆیەوە ناویان دەرکەوت.

یەکەمیان سەلیمی دووەم بوو، ئەم ناو دەرکردنەی لەبەر ئەوە بوو کە لە دوای باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست، بەیەکەم خەلیفەی لاوازیش دادەنرێت ئەو هێڵە لەوە بەدواوە بەرەو سەر نەدەچوو، دواتر لە کتووپڕێك دا بەرەوخوار هات و دەوڵەت بەرە بـەرە چـەند ناوچـەیەکی خـۆی لەدەسـت دا تـا ئـەوەی بەشـێکی کـەمی مایـەوەو دواتریش داڕما.

ئەم قۆناغە زیاتر لە سێ سەدەو نیو درێژەی کێشا، ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ شان و شکۆی پێشوی دەوڵـەت و فراوانـی هـەرێم و ناوچەکەی، هـەروەها ئـەو سۆزە ئیسلامییەی کە ڕێژەیەکی مابوو، جگە لە ناکۆکی نێوان خودی دەوڵـەتانی ئـەورووپا لەسەر دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی، هاوکات هەندێ خەلیفـەش دەهـاتن کە تا ڕێژەیەك بەهێزبون، خەلیفەکانی ئەو قۆناغەش بریتیبوون لە:

١-سەلیمی دووەم.

٢-مورادی سێیەم.

٣-موحەممەدی سێیەم.



Scanned with CamScanner

٤-ئەحمەدی یەکەم.

٥-موستەفای یەکەم.

٦-عوسمانی دووەم.

٧-مورادی چوارەم.

٨-ئیبراهیمی یەکەم.

٩-موحەممەدی چوارەم.

١٠-سولەیمانی دووەم.

١١-ئەحمەدی دووەم.

١٢-موستەفای دووەم.

١٣-ئەحمەدی سێیەم.

١٤-مەحمودی یەکەم.

١٥-عوسمانی سێیەم.

سێیەم:سەردەمی پاشەکشەو داڕمان:

ئەو سەردەمە پاش ئەو لاوەزیە گەورەو سەختە هات کە دووچاری دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەروەها دوای ئەو ڕێنیسانسە بو لە دەوڵەتە ئەورووپیەکان دا ڕوویداو هەمو دەوڵەتە مەسیحیەکان لەگەڵ ناکۆکی نێوان خۆیان دا بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی ڕێکەوتن لەسەر جەنگان دژ بە عوسمانی و دابەشکردنی خاکەکەی، ڕێکەوتن لەمەش دا گیانی خاچپەرستی هانی دەدەن، ئەم ڕێکەوتنە ناسرابوو بە پرسی ڕۆژهەڵاتی واتە کێشەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.

ماوەی خیلافەتی خەلیفەکانیش تا ئاستێك دورودرێژبوو، لە ماوەی ئەم سەردەمەدا کە زیاتر لە سەدەو نیوێکی خایاند لە نێواند ساڵانی (١١٧١-١٣٢٧ن) نۆ خەلیفە هاتن، ئەوانیش:

١-موستەفای سێیەم.

٢-عەبدولحەمیدی سێیەم.

٣-سەلیمی سێیەم.

٤-موستەفای چوارەم.

٥-مەحموودی دووەم.

٦-عەبدولمەجید.

٧-عەبدولعەزیز.

٨-مورادی پێنجەم.

٩-عەبدولحەمیدی دووەم.

چوارەم: سەردەمی دەسەڵاتی ئیتحادیەکان:

پاش ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لابرا هەموو شتێکی خیلافەتی کەوتە دەست ئیتحادییەکان، خەلیفەش تەنها وێنەیەك بو هیچی دیکە. بەڵام تەنها سێ خەلیفە لەم ماوەیەدا هاتن، دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دایە پاڵ ئەڵمانیاو بەشداری لە جەنگەکەدا کردو تێکشکا، پیاوە دیارەکانی ئیتحادی یان ئەوانەی فرمانو نەگێڕیان بەدەستبوو وڵاتیان بەجێهێشتو کەسێکی دیکە هات بە ناوی موستەفا کەمال.

ئەم کەسە تاوی دابوویە ئارەزوبازی خۆیو هەوڵی شکۆدارکردنی خۆی، بۆ ئەمەش بە پێی ئەو نەخشە تایبەتییەی بۆی کێشرابو تا ئەم ڕۆڵەکەی ببینێت خیلافەتی هەڵوەشاندەوە ئەو خیلافەتە ئیسلامییەی چواردەسەدە بەردەوام بوو لەسەر دەستی ئەم هەڵوەشێنرایەوە، ئیدی موسڵمانان خیلافەتیان نەماو دابەش بوو دیدی دەمارگیری نەتەوەیی بەرکەوتو لە نێو خۆیان دا کەوتنە ململانێ تا موسڵمانان بەرەو لاوازیو ترسنۆکی چوون(دووچاری وەهن بوون).

ئەو خەلیفانەش کە لە ڕۆژانی دەسەڵاتی ئیتحادییەکان دا یەك لە دوای یەك هاتن بریتیبوون لە:

١-موحەممەد ڕەشاق (موحەممەدی پێنجەم).

٢-موحەممەدی شەشەم (وەحیدەدین).

٣-عەبدولمەجیدی دووەم.



Scanned with CamScanner

# ڕووخاندنی خیلافەتو سەرەتای عەلمانییەکان

ساڵی ١٩٠٨ ز بە ساڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو مێژووی گرنگە سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی، لەو ساڵەدا حەقیقەتو ڕاستی خیلافەتی ئیسلامی کە خۆی لە خیلافەتی عوسمانی دا دەبینیەوە دارمان بوو بە سەرەتایەك بۆ دەوڵەتی عەلمانی دواتر کە بە تەواوەتی لە بنەڕەتو پێك هاتنەکانی دەوڵەتی جاران جیاواز بوو، لەسەر بنەڕەتی ئایینی ئیسلام لەکاتێك دا دەوڵەتی عەلمانی لە بنەڕەت دا دژ بەو بنەڕەتە ئایینیە بوو ڕوودانی نەدەنا بە پێك هاتە تەشریحی و بیروباوەڕییەکانی بۆ بنیات نانی ئەم دەوڵەتە چەسپاوە لەسەر دارو پەردوی دەوڵەتی ئایینی ئیسلامی چەندین هەنگاو ڕێووشوێنی ڕێخۆشکەری گیرانە بەر، لەوانە:

کۆمەڵــەو حیزبــە نهێنیــەکان: بــۆ نموونــە بــاس لــە کۆمەڵــەی جولەکــەی دەونەمەدکەین، ئەمانە پاش ئەوەی لە ئەندەلوس (بەدەست ڕۆژئاوای مەسیحیەوە) دەچەوسێنرانەوە پەنایان بردە بەر دەوڵەتی عوسمانی خۆیان ڕێکخستو بیرو باوەڕی خۆیان دەپاراست ولە بەر باری نوێدا وا خۆیان گونجاند کە موسڵمانبوونی خۆیـان ڕاگەیانـد کەچـی لـە پشتەوە پشتیوانی دوژمنـانی دەوڵـەتی عوسمـانیو پێنـاوێکی وێرانکردنـی ئاکـارو ئـایین بـوون، لەپـشت بزووتنـەوە هەڵگـەڕاوەکانو شۆڕشە چەکدارییەکانی دژ بە دەوڵەتیشەوە کاریان دەکرد تا ئەوەی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دا سیستەمی دەسەڵاتیان سەراو ژوور کردو یاسای عەلمانییە دنیاییەکانیان سەپاندو دەوڵەتیان لەو چەمکانەی ئیسلام دوورخستەوە کە لەو کاتەدا باوو زاڵ بوون.

چەند کۆمەڵەیەك دژ بە سوڵتان عەبدولحەمید لە ژێر چەند ناوێکی جیاوازدا کەوتنـە جمـوو جـوڵ، گرنگترینیـان بزووتنـەوەی تورکیـای گـەنجانو بزووتنـەوەی حیزبـی ئیتحـادو تـەرەقی بـوو، لـە کۆلێـژی پزیـشکی سـەربازی لـە ئەسـتەنبوڵ کۆمەڵەیەکە نهێنی دامەزرا کە ناسرا بوو بە کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی، ئەم کۆمەڵە



Scanned with CamScanner

نهێنییە چەندین پشتیوانی بۆ خۆی پەیدا کردو ئەندامانی کۆمەڵەی گەنجانیش دایانە پاڵی شاری(جنێف) یان کردە مەڵبەندی سەرکردایەتی کۆمەڵگە لە پاریسیشدا ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد کە دەربڕی بیروڕای کۆمەڵەکە بوو، ناوی ئەو ئەوڕۆژنامەیان نا (المیزان).

ئەم حیزبە کۆمەڵێك جولەکەی لە خۆ دەگرت و تیایدا ئەندام بوو، وڵات کەوتە چەند جەنگ و ناکۆکیەکەوەو سەرکردەکانیشی لە دەسەڵاتی دەوڵەتیان لەدەست دا بووناچاربوو بچنە ناو جەنگی جیهانی یەکەمەوە، دوای ئەوەی دەسەڵاتی عەبدولحەمیدیان لەناو برد، لە کاتێك دا عەبدولحەمید دەیویست ئەو لادانە چاك بکاتەوە، ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی کۆمەڵێك بیروبڕوا هەبوو کە نەوەکانی دەوڵەتی ئیسلامییان خستە ناکۆکیەوەو لە یەکتریان جیا کردنەوە، ماسۆنیەتیش لە پشت ئەو کۆمەڵە نهێنیانەوە وە نەخشەو پیلانیان دادەناو پشتگیری سەرکردەکانی ئەو کۆمەڵەیاندەکرد، هەروەك تەنگژەی ئابوری ئەورپاش ناشاردرێتەوە، چونکە لەسەدەی دەو یانزەیەمیشدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەو ئەنجامەوە ژمارەی دانیشتوانیان تەواو زیادیکرد.

لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم دا چەندین کۆمەڵەی نهێنی بڵاوبوونەوە بەتایبەت لە سالونیك، ئەمانە بانگەشەی نیشتمان و ئازادییان دەکردو لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی دا هاری کار بوون و دژ بە حکومەتی عوسمانی دەجەنگان دواتر ئەو کۆمەڵانەی توانیان شۆڕش بکەن و سوڵتان عەبدولحەمید لە دەسەڵات لابرا، ئەمەش سەرەتای دەرکەوتنی موستەفا کەمال بوو، ئەویش کەوتە مۆژدە دان و هەڕەشە کردن، بە ڕووخانی خیلافەتیش دەوڵەت و ڕێکخستنەکانی و شێوەو ڕەوشت لە ئاین جیا کرانەوە، ئەمەش لە مێژووی ئیسلام دا یەکەمجار بوو شتی وا ڕوودات، ئەتاتورك لە کردنەوەی کۆڕی پەرلەمانی تورکی لە ساڵی ١٩٢٣ز دا دەیوت:

(ئێمە ئێستا لەسەدەی بیستەم داین، ناتوانین بە دوای کتێبێکی یاسادانانەوە هەنگاو بنێین کە باس لە هەنجیرو زەیتوون دەکات)

هەروەك ماسۆنیەت لە ڕێکخستنی خیلافەت دا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە.

لە ئینسکلۆپیدیای ماسۆنیەت دا هاتووە، (ئەو کودەتا تورکییەی برای گەورەمان موستەفا کەمال ئەتاتورك پێی هەستا سودی بۆ گەل هەبوو، چونکە دەسەڵات و خیلافەت و دادگا شەرعیەکان و ئایینی دەوڵەتی ئیسلامی هەڵوەشاندەوە).

ئیتحادییەکان دیدێکی نەتەوەیی تا ئایینیان بە دەوڵەت بەخشی، ئینگلیزیش کە ئەستەنبوڵی داگیر کردو مەندوبی سامی بەریتانی و جەنەڕاڵ هانکتۆم (سەرکردەی گشتی هێزە هاوپەیمانەکان لە ئەستەنبوڵ) بوونبە خاوەن دەسەڵاتی کرداری، ئەمانە موستەفا کەمال پاشایان بە ڕزگارکەری دەوڵەت و ئابووری دەوڵەت نیشان دەدات. موستەفا کەمال لە ناو تورکەکان دا گیانی جیهادی وروژاندن و قورئان بەرز کردەوە تا یۆنانیەکان ڕاوەدونا، ئەمەش لە جەنگی سەقاریا لە ساڵی ١٩٢١ زایینی دا.

هێزە هاوپەیمانییەکانیش بە بێ ئەوەی یەک فیشەك بتەقێنن گەڕانەوە دواوە شوێنیان بۆ چۆڵ کرد، ئەمش سەرەتای دەرکەوتنی کەسایەتی موستەفا کەمال بوو تابەرەبەرە دەرکەوت و جیهانی ئیسلامی پێ دڵخۆش بوون و (غازی) یان پێدەدا، ئەم نازناوە پێشتر بۆ سوڵتانە یەکەمەکانی عوسمانی بوو،شاعیران و تاریبێژان بە شان و باڵی موستەفا کەمال یان دا هەڵدەدا، ئەحمەدی شەوقی لەیەکەم دێڕی قەسیدەیەکی ناسراوی دا دەیچواند بە خالیدی کوڕی وەلیدو دەیوت:

الله اکبر کم فی الفتح من عجب    یاخا لدا لترك جدد خالدا العرب

خەڵکی ئەگەر بەراوردی خەباتی سەرکەوتوویی مستەفا کەمالیان دەکرد بە خۆبەدەستەوادانی ناچاری خەلیفە لە ئاستانە،مستەفایان لە بەرچاوگەورە دەبوو دووەمیشیان لەبەر چاو سووك دەبوو، هێندە ڕقیان لە خەلیفە کەوت کە ڕۆژنامەکان وا باسیان دەکرد خوێنی مستەفا کەمال دەڕێژێت و بە کەسێکی یاخی و سەرکەشی دەزانێت، لە دیدی ئەوان دا مستەفا کەمال کەسێکی پاڵەوان و خەباتگێڕ بووە کە بۆ گێڕانەوەی شان و شکۆو خیلافەت سەرکێشی بەخۆی دەکات، ئەوان پێیان وابوو خەلیفە لە ژێر پێی سوپا داگیرکەرەکاندا دەکەوێتە ژێر پێیانەوە.



Scanned with CamScanner

بەلاّم هێندەی نەخایاند تا ئاراستەکەی دەرکەوت و زانییان جوولەکەو مەسیحیەکان مستەفا کەمالیان دژ بە ئایینی ئیسلام هێناوەتە کایە، بە تایبەت ئینگلیز زۆر یارمەتی دەرو پاڵپشتی مستەفا کەمال بوو چونکە پێی وابوو لە کارخستنی خیلافەت شتێکی ئاسان نیەو بەبێ دروستکردنی کەسێکی پاڵەوان شتی وا ناکرێت.

لە ساڵی ١٩٢٣ز دا کۆمەڵەی نیشتمانی تورکی دامەزرانی کۆماری لە تورکیادا ڕاگەیاندو مستەفا کەمالیش وەك یەکەم سەرۆك هەڵبژێردرا، بەمە دەسەلاّت و خیلافەت لەیەکتر جیا کرانەوەو ئەویش بۆ ماوەیەکی کاتی وا نیشان دا کە خیلافەت دەهێڵێتەوە، بۆیە عەبدولحەمیدی کوڕی سوڵتان عەبدولعەزیزی لە جیاتی سوڵتان موحەممەدی شەشەم کرد بەخەلیفە، چونکە موحەممەدی شەشەم لەلایەن بەریتانیاوە بەرەو ماڵتە وڵاتی بە جێهێشت و سوڵتان عەبدولمەجید هیچ دەسەلاّتێکی لەدەست دا نەبوو.

لە ساڵی ١٩٢٤ ز دا مستەفا کەمال گەورەترین خەلاّتی پێشکەشی ڕۆژئاوا کرد، ئەویش لە کارخستنی خیلافەت بوو، چونکە لای هەموو موسڵمانان خیلافەت گرێی پەیوەندیو پەیوەستی نێوانیان بوو بەهێزێکی تایبەتییان دەزانی لە ڕووبەڕووبونەوەی شالاّوی ڕۆژئاواو سەهیۆنیەت و دواتریش شیوعیەت دا. سوڵتان عەبدولمەجید لە وڵات دەرکراو دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا ڕاگەیەنراو ئەتاتورکیش وەك سەرۆك کۆماری تورکیا بە شێوەیەکی ڕەسمی کەوتە کارکردن. بەمەش شەپۆلێکی نارەزایی جیهانی ئیسلامی گرتەوە، شەوقی کە پێشتر وەسفی دەکرد گریا بۆخیلافەت و هێرشی بردە سەر مستەفا کەمال وەك گورو تینی دوێنێی ئەمجارە ووتی:

بكت الصلاة وتلك فتنة عابث بالشرع عربيد القضاح وقاح

افتى خز عبلة وقال ضلالة واتى بكفر في البلاد بواح

بە رووخانی خیلافەت تورکیا لەسەر دەستی ئەتاتورک بە ڕاگەیاندنی عەلمانیەتی دەوڵەت لە جیهانی ئیسلامی دور خرایەوەو هەموو هێما ئیسلامییەکان گۆڕدران، وەك ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی لە کار خراو یاسای سویسری شوێنی گرتەوە، سفوری ئافرەت لە جیاتی بالاپۆشی ڕاگەیەنرا، وەقفە ئیسلامیەکان لە کار خران، زمانی تورکی لە جیاتی پیتی عەرەبی بە پیتی لاتینی نوسرا، بەمە گیانی ئیسلامی لە تورکیا دامالرا، ئەتاتورك هەوڵی دەدا خۆی بگەیەنێت بە کاروانی ژیاری ڕۆژئاوا.

ڕوخانی خیلافەتی ئیسلامی لە مارسی ١٩٢٤ ز دا جیاکردنەوەی خیلافەت لە دەسەلات لە ساڵی ١٩٢٢ ز دا مشتومڕێکی بەر فراوانی لە نێوەندە هزرییەکان دا نایەوە، هەندێك پشتگیری خیلافەتی ئیسلامی بون، هەندێك دژی بوون، ئاراستەی عەلمانیەت پێی وابوو پێناوی پێشکەوتن بە رووخانی خیلافەت دێتەدی، لە کاتێکدا ڕەوتی چاکسازی پێی وابوو ڕاپەڕینو هەستانەوەی ئوممەتی ئیسلامی بە رووخانی خیلافەت نایەتەدی.

********************

# چەند وێنەیەکی پرشنگدار ( لە مێژووی عوسمانی) دا

١- فراوانکردنی ڕووبەری خاکی ئیسلامی: عوسمانیەکان قوستەنتینیەیان فەتح کردو بەرەو ئەورووپا چوون، لە کاتێکدا پێشتر موسڵمانان لە ڕۆژانی موعاویەوە تا ئەو کات ئەوەیان پێ نەدەکرا، عوسمانیەکان تا بە شێکی زۆری ئەورووپا چوون و گەیشتنە بەر دەرگای ڤیەنناو چەندین جار گەمارۆیان دا.

٢- وەستان لەڕووی خاچپەرستان لە هەموو بەرەکانەوە، بەڵکو بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا چوون تافشاری سەر موسڵمانانی ئەندەلوس کەم بکەنەوە هەروەك بەرەو باکوری دەریای ڕەش چوون و دژ بە خاچپەرستەکانی ڕوس پاڵپشتی تەتاریان کرد. سەرەڕای ڕێگرتن لە ئیسپانیا لە دەریای ناوەڕاست و پورتوگالیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاو کەنداودا، بەڵام لە هەڵمەتەکانیاندا سەرکەوتو نەبون، چونکە موسڵمانان لە دەوریان دا کۆ نەبونەوە.

٣-عوسمانیەکان هەوڵیان دەدا ئیسلام بڵاو بکەنەوەو خەڵکیان هان دەدا تا بچنە ناو ئیسلامەوە، چەندین کاریان بۆ ئەو بوارە ئەنجام داو هەوڵیان دا لە ئەورووپادا بڵاوی بکەنەوەو کار بکەنە سەر ئەو کۆمەڵگایانەی لە نێویاندا دەژیان.

٤-عوسمانیەکان کە چوونەناو چەند ناوچەیەکی ئیسلامیەوە دەبونە هۆی پاراستنی ئەو ناوچانە لەدەست ئیستعمار، لە کاتێك دا ئەو ناوچانەی نەچوبونە ژێردەستی عوسمانیەوە ببون بە داوی دەستی ئیستعمار جگە لە دەوڵەتی مەغریب.

٥-دەوڵەتی ئیسلامی نوێنەرایەتی ناوچە ئیسلامییەکانی دەکرد، چونکە مەڵبەندی خیلافەت بوو، بۆیە موسڵمانان لە هەموولایەکەوە بە چاوی ڕێزو گەورەیی یەوە سەیری خەلیفەو خیلافەتیان دەکردو خۆیان بە شوێنکەوتەو هاوڵاتی ئەو خیلافەتە دەزانی، هەروەها بە چاوی خۆشەویستی و ڕێزەوە دەیانڕوانیە مەڵبەندی خیلافەت، هەرکات خۆیان لە سەختی و نارەحەتی دا بەدیبکردایە پەنایان دەبردە بەر مەڵبەندی خیلافەت تا پاڵپشتیان بکەن.



Scanned with CamScanner

٦- خیلافەتی عوسمانی زیاترین بەشەکانی جیهانی ئیسلامی لەخۆ دەگرت، ئەم دەوڵەتە هەمو وولآتانی عەرەبی لە خۆ دەگرت جگە لە مەغریب، ئەمە سەرەڕای ڕۆژهەلآتی ئەفریقاو تشادو تورکیاو ولآتی قەفقاس و ولآتی تتارو قوبرس و ئەوروپا تا ئەوەی ڕوبەرەکەی دەگەیشتە نزیکەی بیست ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە.

٧- ئەورووپا بۆیە دژ بە عوسمانیەکان دەوەستا لەبەر ئەوەی موسڵمان بون نەوەك لەبەر ئەوەی تورکن، بەڕق و کینەیەکی خاچپەرستیەوە بەرەو ڕوی عوسمانی دەبونەوەو پێیان وابووعوسمانی گیانی جەنگاوەری ئیسلامی سەر لەنوێ دەبووژێنێتەوە، یان جیهاد بەرپا دەکەن پاش ئەوەی ماوەیەك بوو موسڵمانان ئەو ڕۆحیەتەیان نەمابوو، هەروەها پێیانوابو عوسمانیەکان پەلهاویشتنێکی نوێی ئیسلامین پاش ئەوەی پێشتر موسڵمانان تەواو لاواز ببون و ئەوروپا چاوەڕوان بوو بە زویی لە ناوبچن، بەلآم تورکە عوسمانییەکان پەیوەندییان لەنێوان پەلهاویشتنی خاچپەرستی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوای ئیسلامی پچڕاند، ئەمە وای کرد ڕق و کینەیان بەرامبەر بە عوسمانیەکان هەبێت.

٨- عوسمانییەکان کۆمەڵێك کاریگەری زۆر باشیان هەبوو کەڕاستگۆیی و دڵسۆزی هەست و سۆزیان بوو وەك ڕازی نەبوون بە مەسیحیەکان لە ناو سوپادا، کەسی زانستخوازی شەرعی بۆی هەبوو سەربازی زۆرە ملێ نەکات، هەروەها گۆڤاری شەرعی دەردەچوکەفەتوای زانایانی لەخۆدەگرت لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها ڕێزی زانایانیان دەگرت و خەلیفەکان ملکەچی شەریعەتی بالآو جیهادی ڕێی ئیسلام و ڕێزگرتنی ئەهلی قورئان و خزمەتی مەککەو مەدینەو مزگەوتی ئەقسا دەبون.

٩- عوسمانیەکان لە ئەوروپادا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو، بەڵکوو ئەوان توانیان سیستمی دەرەبەگایەتی لەناو ببەن و کۆتایی بە قۆناغی کۆیلایەتی بهێنن، ئەو



Scanned with CamScanner

کۆیلایەتیەی کە ئەوروپا تیای دا دەژیاو جوتیار بە کۆیلەیی لە دایکبوو وە بەو جۆرەش گەورە دەبو، بە کۆیلایەتی بۆ گەورەکەی ژیانی بەسەردەبرد، بەڵام سوڵتانەکانی عوسمانی خێرو بەخششیان پێشکەشی هاوڵاتیان دەکردو ئەو سیستمانەیان نەهێشت.

١٠- عوسمانیەکان سەرسەختترین ئیمپڕاتۆریەتی خاچپەرستیان لە نەخشەی جیهاندا سڕیەوە ئەویش ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی بوو، عوسمانیەکان توانیان قوستەنتینیەی پایتەختی ئەو ئیمپڕاتۆریە فەتح بکەن.

*********************



Scanned with CamScanner

# (باسی دەیەم)
# (جەنگی جیهانی یەکەم)

لە مانگی ئۆگەستی ساڵی ١٩١٤ز دا ئەورووپا بە بیستنی هەواڵێک راچڵەکی کە هیچ نەوەیەکی ئەو جەنگەی نەبینیبوو ئەو هەواڵەشی نەبیستبوو، خێرا ملیۆنەها سەربازی راهێنراو بەرەو مەیدانەکانی جەنگ چوون و چەکی زۆر قورس و وێرانکەریان پێبوو، کاروباری هەمو جیهانیان لە ئەنجامی بەریەککەوتنێکی توندا بەجۆرێك تێکچوو کە دوای چەند ساڵێک لە جەنگەکەش ئەو بارە چاك نەدەکرا.

زۆربەی خەڵك چاوەڕوانی ڕوودانی کارەساتێکی لەو جۆرە نەبون یان بڕوایان وابو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ناوێرن بەرپرسیاریەتی چوونە ناو ململانێی لەو جۆرە ململانێ دەرنا کە پڕ چەرمەسەریە بگرنە خۆ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا جەنگ هات و گرنگترین ڕووداوی مێژووی ڕۆژئاوا یان مێژوی جیهانی پێك هێنا، پێویستە لێرەدا بزانین ئەو جەنگە بۆچی ڕوویداوئەو کێشانە چی بوون کە بونە هۆی ڕوودانی.

پاش جەنگی حەفتا ساڵە کە بەسەرکەوتنی ئەڵمانیا بەسەر فەرەنسیەکان لە ساڵی ١٨٧١ ز دا کۆتایی پێهاتو پەنجا ساڵ بە بێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێکی ڕۆژئاوا دەستی لە ڕووی ئەوی دیکەدا بەرز کاتەوە مێژوو ڕێڕەوی خۆی بڕی، بەڵام هەموویان هەستیان دەکرد بەپێویستی خۆ پڕچەککردن و ساڵانە بڕێکی زۆری سەرمایە راهێنان و ئامادەسازی سەربازو دروستکردنی کەشتی گەل و تۆپ و چەکدا خەرج دەکرا.

هەموو دەوڵەتانی ئەورووپا جگە لە بەریتانیا بۆ ئامادەسازی سوپایەکی گەورە بۆ ناچارکردنی هەموو کەسانی بە توانا بۆ ئەنجام دانی کاری سەربازی ڕەوت و ڕێبازی پروسیایان گرتە بەر، دەبوو هەمو کەسێك کە بتوانێت چەك هەڵبگرێت بچێتە ناو سوپاوەو ماوەی دووساڵ یان سێ ساڵ مەشق بکات، دوایی بگەڕێتەوە دواوەو لە کاتی پێویستدا ئامادەی جەنگ بێت، هەروەها



Scanned with CamScanner

ژمارەیەکی زۆری ئەفسەری هەمیشەیی هەبێت، ئەمانە ئەرکیان ڕاهێنانی سەربازان بێت لە سەر شێوەکانی جەنگو پەروەردەی سەربازی، پارەیەکی زۆر بۆ تۆپو تفەنگو چەکی دیکەو چاککردنو پێشخستنیان خەرج دەکرا تا وێرانکاریو لەناو بردنیان بەهێزتر بێت.

لە ئەنجامی ئەم کێبڕکێو ڕکەبەریەی خۆپڕچەککردنەدا هەڵکشانێکی ترسناك لە سوپای ڕۆژئاواو سەپاندنی باجی زۆر بەسەر گەلدا هاتە کایە، کاتێك جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد ژمارەی سوپای فەرەنسی چوار ملیۆن کەسو سوپای ئەڵمانیش چوار ملیۆن کەسو سوپای ڕوسیاش شەش تا حەوت ملیۆن کەسو نەمساو مەجەریش دوو ملیۆنونیو سەربازیان هەبوو، بەڵام هێزی بەریتانیا دووسەدهەزار زیاترجەنگاوەری نەبوو لە دەرەوەی ئەورووپادا، چونکە بەریتانیا پشتی دەبەست بە خۆبەخشینی کەسەکان لە پێك هێنانی سوپادا نەوەك سەربازی زۆرەملێی گشتی وەك ئەوەی وڵاتی دیکەی ئەوروپا پەیڕەوییان دەکرد.

لە ساڵی ١٩١٦ ز بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەو ئینگلتەراش سەربازی زۆرە ملێی خستە کار، بەڵام ئینگیلتەرا بۆ پاراستنی خۆی پشتی بە کەشتیگەلەکانی دەبەست، کە کەشتیگەلی بەریتانی بەرامبەر بە کۆی هەموو هێزی هەر دەوڵەتێکی دیکە دەوەستا، هۆکاری ئەو گەورەییو بوونەشی بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە:

١-ئینگلتەرا پێویستی بەوە بوو زۆربەی خۆراکی خۆی لەدەرەوە بهێنێت، چونکە باخو بێستانو کێڵگەکانی بەشی خەڵکێکی کەمی دانیشتوانی وڵاتی دەکرد.

٢-پیشەسازی بەریتانیا پشتی بە بازرگانیو گواستنەوەی دەرەوە دەبەست، لێرەوە دەردەکەوێت کە کەوتنی بەریتانیا لە دەریادا واتە لە ناوچونی خێرای ئەو دەوڵەتە.

بەڵام دەوڵەتانی دیکە ئامادە نەبوون دان بنێن بە دەسەڵاتداری بەریتانیادا بەسەر دەریاکاندا، بەڵکو بڕوایان نەبوبتوانێت ئیمپڕاتۆریەتە فراوانەکەی بپارێزێت، بۆیە کەشتیگەلیان ئامادە دەکرد تا بەرەو بازاڕە دوروو کەناریەکان بچنو دەستیان بەسەردابگرنو ڕێ بەبازرگانانی ئینگلیز لەقبکەن.



Scanned with CamScanner

ئەڵمانیا لە پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەدا بوو کە لە ڕووی ئینگاتەرادا وەستان و لە دەریادا کەوتنە لێدانی، قەیسەریی دووەمیش ڕایگەیاند داهاتووی وڵاتەکەی بەندە لەسەر دەسەڵاتداری ناو زەریاکان، لەسەر ئەم بنەمایە ساڵی ١٨٩٧ز دا دەقێك دەرچوو، بەو پێیە دەبوو گەشە بە دەریاوانی ئەڵمانی بدرێت.

بە دوای دەرچوونی ئەم دەقەدا کاری وردو خێرا کرا تا کەشتی دەریایی گەورە ئامادەبکرێن و بەڕێبخرێن، ئەمە ئینگلتەرای ترساندو بارێکی دەمارگیری دایگرت تاوایلێکرد بەرەو فراوان کردن و زیادکردنی کەشتیەکانی و زیادکردنی داهێنانی نوێ وچاکسازی ڕۆژانە لە کەشتیە جەنگیەکانیدا هەنگاو بنێت.

بەوجۆرە بەشێکی زۆری ئەو کەشتیانە لە کار خران و وای کرد سودیان کەم بێت هەرچەندە ملیۆنەها دینارو دۆلاریان تێدا خەرج دەکرا.

********************



Scanned with CamScanner

# کۆنگرەی لاهای

خەڵکێکی زۆر کە بینیان چۆن پارە بۆ چەک خەرج دەکرێت و دێوەزمەی جەنگ ئاسمانی ئەورووپا دەگرێتەوەو ملیۆنەها سەربازی ڕاهێنراو بەرەو مەیدانەکانی جەنگ دەچن و توندترین چەك هەڵدەگرن کە زانستی نوێ خستبونیە بەر دەستیان. بۆیە هەوڵیاندا لەڕووی ئەو گەردەلوولەدا ڕابوەستن و ڕێنەدەن ڕووبدات، بەڵام هەوڵەکانیان بێسود بوون و لە ساڵی ١٩١٤ ز دا گوللەکانی جەنگ تەقین و (سەرپن) سەرەکانی دەرنیەوە.

یەکەم هەوڵی چالاکی کەمکردنەوەی چەکیش لە ساڵی ١٨٩٨ز دا بوو کاتێك قەیسەر نیکۆلای دووەم پێشنیاری کرد بۆ بەستنی کۆنگرەی لاهای تا لەو بارەیەوە بدوێن، کۆنگرەی لاهای لە کۆنگرەی ڤیەنناو بەرلین جیا بوو، چونکە نەهات بۆ وستاندنی جەنگێك کە بەڕێوە دەچوو، بەڵکو بۆ پاراستنی ئەو ئاشتیەی کە هەبوو ودابەزاندنی خەرجی زۆری سەربازی.

کۆنگرەی لاهای نەیدەتوانی چەك سنوردار بکات، خێرا بیرو ڕاکان کەوتنەوەو بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتیە کەڵەکەبووەکان پێکیان دادا، ئەو پەڕی ئەو شتەی پێی دەگەیشتن دامەزراندنی دادگاییەکی نێودەوڵەتی بوو بۆ دادگایی ودادوەری نێوانیان و کێشەکانی نێوان دەوڵەتانیان دەهێنرایە بەردەم، بەڵام بڕیار نەدرا ئەودادگاییە ملکەچی و بەزۆر بێت هەروەك ئەو کێشە گرنگانەی بونەهۆی ڕودانی جەنگ لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری ئەودادگاییەدامانەوە کە پاراستنی ئاشتییان پێسپاردبوو.

کاتێك کرنگرەی دووەمی ڤیەننا لە ساڵی ١٩٠٧ ز دا کۆبوویەوەو بڕیار درا چەند بنەڕەتێك سەبارەت بە ماف بێلایەنان لە جەنگ دابنرێن و مین و تۆپی سەر شارە ناسەنگەرییەکانیش یاسایان بۆ دابنرێت بەڵام جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەر زۆربەی ئەو یاسایانەدا زاڵ بوو هیچ گوێی پێ نەدان.

لە ماوەی دە ساڵ دوای کۆنگرەی یەکەمی لاهای دا کاتی پەیمانەکان تەقیەوەو لە نێوان گەلاندا سەدوسی(١٣٠) پەیماننامە سەبارەت بە چارەسەری کێشەکان لە ڕێی دادگاو پەنا بردن بۆ جەنگ بەستران، هەروەك کۆمەڵەو کۆنگرە جیهانیەکانیش زۆر بون و خەڵکی بەجیاوازی گەلانیانەوە هەستیان دەکرد بە بوونی چەندین بەرژەوەندی هاوبەشی نێوانیان، بەمە ئەرکی سەرشانیان بوو لە پێناو لەناو نەچوونی خۆیان ڕێ بە جەنگ بگرن و جەنگ نەهێڵن.



Scanned with CamScanner

# پێکدادانی بەرژەوەندییەکان

باسی وردەکاری ئەو هۆکارانەمان کرد کە بونە هۆی جەنگی ١٩١٤ز. لە لایەکەوە ئیستعماروداگیر کەرولە لایەکی تریشەوە پرسی ڕۆژهەلاتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایان بەرەو دەریایەکە خوێنی پڕ لێشاودەبرد، وەك ئەوەی دوو ملەجێڕی پرجووڵەو هەڵچوو بون کە عەربانەی ئەورووپا بەهەموو گەلان و دەوڵەتان و سیاسەتمەداروسەربازو خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە بەدوای خۆدا ڕابکێشن.

پێشتر بینیمان چۆن گەلانی ئەورووپا لەسەرداگیرگەکان لە ئەفریقاو ئاسیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دا لەنێوان خۆیان دا پێکیاندا تا دەستبگرن بەسەر بازرگانی و بەندەرەکاندا، پاشان بینیمان دواتر چۆن ئەو گەلانە لەسەر ڕێکردەی پیاوە نەخۆشەکە وەستابوون و هەرکامیان لەڕووی ئەوانی دیکەدا هەڵدەشاخی تاپشکێکی زیاتری هەبێت، بەلام ئێستا پێویستە بزانین چۆن ئەوناکۆکیانەی بە چەند شێوەیەکی ئاشتەوایی ڕوویاندا ماوەی پەنجا بوونە هۆی شۆڕشی جەنگی جیهانی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ز.

پێش هەموو شتێك با باسی چیرۆکی دابەش کردنی ئەفریقا بکەین، فەڕەنسا دەستی گرتبو بەسەر کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا، بەمەش ڕکەبەری ئینگلتەراو ئیتاڵیاو ئەڵمانیای نایەوە، ولاتی جەزائیر کە لە ساڵی ١٨٣٠ز کەوتە ژێر دەستی و لە ساڵی ١٨٧٤زدا ملکەچی بوون و دراوسێی تونس و مەراکیش بوون، بەمە چاوچنۆکی فەڕەنسیەکان بەرەو تونس بوو.

لەساڵی ١٨٨١ز دا بە بیانووی ئەوەی هۆزە تونسیەکان هێرش دەبەنە سەر سنوری مەراکیش تونیشیان داگیر بیکەن، ئەمەش گوزەرێکی توندبوون بۆ دۆڵی ئیتاڵیا، چونکە هیوایەکی گەورەو زۆری بۆولاتی کۆنی قرتاجە هەبو، بەمە لەبەر دەستی بسمارك دا چۆکی دادا لەگەڵ ئەڵمانیاو نەمسایەکی گرت.

پاشان فەڕەنسا لە ئینگلتەرا تورە بوو لێی جیا بویەوە کاتێك ئینگلتەرا سەرەڕای ناڕەزایی فەڕەنسیەکان دەستی گرت بەسەر دارایی میسردا، پاش ئەوەی

ئینگلیز بە سەرکردایەتی جەنەراڵ کتشنر لە ساڵی ١٨٩٨ز دا سودانی گرت. یەکێك لە دۆزەرەوە فەڕەنسیەکان(کۆلۆنێل مارشاند) ناوجەرگەی ئەفریقای لە ڕۆژئاوا بڕی و ئاڵای سێ ڕەنگی لە فاسودا لە سودانی سەروودا هەڵکرد پێش ئەوەی کتشیر بگاتە ئەوێ، کاتێك هەواڵ گەیشتە پاریس و لەندەن خەریك بوو لەنێوانیاندا جەنگ هەڵبگیرسێت بەڵام فەڕەنسیەکان نەرمیان نواندو پاش توند بونەوەی بارگرژی نێوانیان ناوچەکەیان دا بەدەست ئینگلیز.

بەڵام لە ماوەی چوار ساڵ دا ئەو دوژمنایەتی یە بوو بەڕێکەوتنی نێوان دوو وڵات، کاتێك لە ئیدواردی حەوتەم لەدوای ڤیکتۆریای دایکی لە ساڵی ١٩٠١ ز دا هاتە سەر کورسی دەسەڵاتی ئینگلیزی ئەم کەسە تەواو شەیدای فەڕەنسیەکان بوو، ئەوانیش هەروا بون، بەمەش هەردوو دەوڵەت لەیەکدی نزیك بوونەوەو پیاوانی سیاسەتیش ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە.

بەمە لە ساڵی ١٩٠٤ ز دا گەیشتنە دەقێکی لێك تێگەیشتن لەسەر هەموو ئەوکێشانەی جێی ململانێی نێوان هەردو لابون، ڕێکەوتنێکی دۆستایەتیشیان دامەزراند کە دواتر بو بە گەورەترین ڕوداوی مێژووی نوێ، تیایدافەڕەنسا دەستبەرداری میسر بوو بۆئینگلیز، ئەویش دەستبەرداری مەراکیش بوو بۆ فەڕەنسا، وەك چۆن ئەمە لەشوێنانی دیکەشدا هەبوو.

بەمە هەردوو لا بۆ چارەسەری ئەوە لەدەست جەنگی نێوانیان دوورکەوتنەوە، ئینگلتەرا خۆی بەهێز کرد بە هۆی بەستنی هاوپەیمانیەتەکەوە کە لە ساڵی ١٩٠٢ز دا لەگەڵ یابان دا بەستی، پاشان لەگەڵ روسیای دوژمنی کۆنیدا پێگەیشت، سەربازەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو هیند دەکشان، بەمەخەریك بوو هەردولا پێك دابدەن، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٧ ز دا لەو جەنگە دەربازیان بوو وەك لە کاتی باسی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا باسمان کرد کە بە بەستنی ڕێکەوتنێکی نێوانیان لەسەر دابەشکردنی فارس ڕێکەوتن، لەوێ بەرژەوەندیە پیشەسازییەکان لە ناوچەی قەڵەمڕەوی نێوانیاندا پێکدادەدا، یەکێکیان بۆ ڕوس و یەکێکیش بۆ ئینگلیز بوو.



Scanned with CamScanner

بەلام دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت ئەو ڕێکەوتنە تەواو ئاسایی نەبوو، چونکە لەندەن بە تەواوەتی ڕقی لە ئۆتۆکراتی ڕوسی بوو و پێشوازی لە شۆڕشگێڕانی ڕوسیا کرد، مۆسکۆیش داخ لە دڵ بوو بۆ ئازادی ئینگلیزیو ڕێی نەدەدا کتێبەکانی مێژووی ئەویش بێنە ناو وڵاتەکەیەوە.

ئەڵمانیا لە دەرەوەی ئەم ئەڵقەی دۆستایەتیانەدا مایەوەو بڕوای پێ نەبوو باوەڕی وابوو ئەو هاوپەیمانێتیو ڕێکەوتنانە دژ بە ڕێکەوتنی سێ لایەنەی نێوان دەوڵەتانی نێوەندن ( ئیتاڵیا، نەمسا، ئەڵمانیا) بۆیە هەوڵیدا بە هەمووتوانایەکەوە ئەو دۆستایەتیەیان تێکبدات، بۆیە لە ساڵی ١٩٠٥ ز.دا لە ڕویدا وەستاو ڕەخنەی لێگرت.

لەمەشدا نەمساپاڵپشتیبوو بەرامبەر بەو ڕێکەوتنەی لەنێوان ئینگلتەراو فەڕەنسادا بەستراو ئازادییەکی تەواوی دەستگرتن بەسەر مەراکشی بە فەڕەنسیەکان بەخشیبوو، بانگەشەی ئەوەی دەکرد لەو ناوچەو هەرێمەدا بەرژەوەندی هەیە، هەروەك قەیسەری بە زمانی هەڕەشە ئامێزی جەنگ قسەی دەکرد، بەمە فەڕەنسا ڕازیبوو تا ڕێزی سەربەخۆیی مەراکیش لە کۆنگرەی (الجزیرە) دا بخاتە ڕوو بەرامبەر بەوەی ماف پاراستنی ئاسایشو نیزامی ناومەراکیش لەدەستدابێت، بەلام لە ماوەی پێنج ساڵدا بە بیانوی پاراستنی ئاسایش توانی ئەوسەربەخۆییەی بە مەراکیش بەخشرا بوو لێی دابماڵێت.

ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩١١ ز.دا کەشتیەکی جەنگی دەریایی نارد بۆ ناوچەی ئەنمارید لە سەر کەناراوی مەراکیش تا هێزی فەڕەنسیەکان تاقی بکاتەوەو هۆشیاریان بکاتەوە لەوەی کە دەبێت سیاسەتی خۆیان بگۆڕن. بەمە ئەورووپا لە دیوەزمەی جەنگەکە نزیك بویەوە، دواتر پاشەکشەی کرد، چونکە فەڕەنسا چەند ناوچەیەکی کۆنگرەی لە ئەڵمانیا واز لێهێنا بەرامبەر بەوەش ئەڵمانیا دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو لە مەراکیش.

سیاسەتمەدارانی ئینگلیز کاتێك هەواڵی ڕوودانی ئەورووپایان بیست ڕاچڵەکین، هەموان زانییان بەمە ئەوروپا بەرەو جەنگ دەچێتو لە کەناراوی دەریای



Scanned with CamScanner

جەنگی دایە، ئیستعمارییەکان لە هەموو لایەکەوە بێزاری خۆیان دەردەبڕی، ئەڵمانییەکان دەیانوت ڕوداوی ئەغادیر بە شکستی سیاسەتیان دادەنێن چونکە فەرەنسا هێشتا مەراکیشی هێشتوەتەوە، داواشیانکرد چەند لێپێچینەوەیەکی بەهێز بۆ داهاتوو بگرنەبەر.

داگیرکەرانی فەرەنساش زوزو تورەیی خۆیان لەو ڕێگە توندەوە گرتە بەر کە ئەڵمانیەکانکردیان لەپێناوی ملکەچییان لەبەردەم جیهاندا، ئەوان بێزار بوو بەوەی ئەڵمانیا بەشێك لەو پشکەشی هەبێت، پاشان هەموویان بەو پەڕی تواناوە هەوڵیان دەدا تا خۆیان بۆ جەنگ ئامادە بکەن و پێناو ئامادەسازییە جەنگیەکان ئامادەبکەن.

بەهۆی کێشەی مەراکیشەوە دیۆەزمەی جەنگ لە ساڵی ١٩١١ز تێیدا لەبەرچاو ون نەدەبوو تائەوەی لە باشوری ڕۆژئاوای ئەورووپاوە دێوەزمەیەکی نوێدەرکەوت، ئەویش ئەوە بوو کەنەمسا هەرێمی بۆسنەو هەرسکی بە پێی پەیماننامەی بەرلین لەساڵی ١٨٧٨ز داگیر کردو ماوەی سێ ساڵ فەرمانڕەوایی ئەو دووهەرێمەی کرد، کاتێك لە ساڵی ١٩٠٨ ز دا شۆڕشی تورکی ڕوویدا ترسا تورکەکان ببوژێنەوەو ئەو ناوچە لەدەست چووەیان بگێڕنەوە، بۆیە لکاندنی تەواوی ئەو دووهەرێمەیان بە ئیمپراتۆریەتی نەمسا مەجەڕیەوە ڕاگەیاند.

صربیا ڕاپەڕی، چونکە دانیشتوانی ئەو دوو هەرێمە سەربە ڕەگەزی سلاڤی باشور بون صربیاش هیوای وابو لەگەڵ ئەوانەو شاخی ڕەشدا یەك بگرێت دەوڵەتیکی سلاڤی نوێ پێکبهێنێت کە لە دانوبەوە تا ئەدریاتك درێژ بێتەوە، ڕوسیاش توورە بوو بێزاری خۆی دەربڕی، بەڵام کاتێك ئەو دەقەی ئەڵمانی بیست کە ئامادەیە هێزی چەك لەکاتی پێویستدا ئامادەیە یارمەتی هاوپەیمانەکانی بدات، بەتایبەت کە هێشتا بەدەست ئەو برینانەوە دەیناڵاند کەیابان تووشی کردبوو، یان ئەو لاوازی یەی بە هۆی شۆڕشی ناوخۆیەوە دوچاری ببوو.

بەو جۆرەدەوڵەتان جارێکی دی لەدەست جەنگ ڕزگاریانبوو، بەڵام ئەو ڕووداوانە پەردەی سەر مەترسی ناو نیمچە دورگەی بەلقانیان هەڵماڵی، بەمە گەلانی جیرمانی بردە نێوەندی جەنگەوە.

ئەگەر چاوێك بخشێنین بە نەخشەكداچۆن دەستگرتنی نەمسا بەسەر بۆسنەدا بوو بە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی نێوان سربیاو دەریا، بۆ ئەوەش پشتی دەبەست بەو دوژمنەی كەلەسەر دانوبدا بوو تالە بازرگانیوخەرجكردنی بەرهەمە كشتو كاڵیەكاندا ئەو ڕێگە بگرێتە بەر كاتێك جەنگی بەلقان لە (١٩١٢-١٩١٣) ز هات سربیا دەرفەتی قۆستەوەو خەریكبوو لە ڕێگەی ئەلبانیاوە بگەنە ئەدریاتك.

بەڵام نەمسا دەستی وەردایە مەسەلەكەو میرێكی سەربەخۆی لەسەر ئەلبانیا دانا، بەمەش هیوای سربیای بۆ گەیشتن بە دەریا لەناوبرد، لەمەو بەدو چۆن ڕقیان لە توركیا بوو ڕقیان لەویش هەبوو ئامادە نەبوون ناویشی ببیستن، لەگەڵ ئەمەش دا ڕوبەری وڵاتیان چەند بەرامبەر بوو.

هیواش زۆر بوو تا سربیەكان ڕاپەڕنو جارێكی دی هەوڵبدەن ڕەگەزە سلاڤیەكانی باشور سەرسنوری نەمساو مەجەڕ یەك بخەن،مەبەستم بۆسنەو كرواتیاو سلاڤۆنیایە، ئەڵمانیا سۆزی بۆ نەخشەو پلانی نەمسا هەبوو پاڵپشتی دەكرد، ڕوسیاش ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ پاڵپشتی سربیاوئەو ڕەگەزە سلاڤیانەی باشوور كە جۆرە نزیكییەكیان لەگەڵ یەكدیدا هەبوو.

بەڵگەو نیشانەكانی ترس بە ڕوخساری ئەڵمانیاوە دەركەوتن، ئیدی لەوە دەترسا ڕوسیا دەست بگرێت بەسەر بەلقاندا یان دەست بۆ قوستەنتینیە درێژ بكات، بەمە پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغداد لە ناوببات، ئەو هێڵەی بە (بی بی بی) ناودەبرا واتە(بەرلین، بیزەنتە، بەغداد) بەمە ئەڵمانیا دەستكەوتی دەبوو كەوتە كاركردنو وای دەبینی سربیا ( كە بە خاكی ئەوەدا تێدەپەڕێت)بووە بە مەترسیەكی گەورە بۆ سەر ئەڵمانیا.

ساڵی ١٩١٣ ز چالاكیەكی فراوانی گەشەسەندنی ئامادەسازی سەربازی بە خۆیەوە دی، ئەڵمانیا سوپا هەمیشیەكانی خۆی زیاد كردو رایخشتاغ بڕیاریدا یەك



Scanned with CamScanner

بلیۆن مارك سەرف بكات بۆ خەرجیە سەربازەییە نا ئاساییەكان، فەرەنساش بە زیادكردنی ماوەی خزمەتی سەربازی زۆرە ملێ وەلامی ئەوەی دایەوە، بەوە لە جیاتی دوو ساڵی خزمەت سێ ساڵی داناوخەرجیەكی زۆری جەنگی لە بودجەی خۆی دا دانا.

جەنەراڵ جۆفری سەركردەی گشتی هێزە فەرەنسیەكانیش چوو بۆ ڕوسیا تا لەسەر شێوەی نوێ جەنگی هێزوو سوپاكانی ڕێك بخاتەوە، هێزی نەمساو مەجەڕیش بە هێزی تۆپی پێی نوێ خۆیان ئامادە كرد، ئینگلتەرایش پارەیەكی زۆری بۆ بواری دەریاوانی دابینكرد تا ئەوەی بەلجیكاش لە وڵاتی خۆی دا سیستمی سەربازگیری زۆرە ملێی خستە كاركاتێك بینی ئەڵمانیا هێڵی ئاسنی تا سەرسنوری ئەو ڕاكێشاوە، پێی وابوو تا كە ڕاڤە بۆ ئەم كارە ئەوەیە كە ئەڵمانیا دەیەوێت لەكاتی دەستپێكردنی شەڕدا بەبەلجیكادا تێپەڕ بێت.

********************



Scanned with CamScanner

# هەڵکردنی گەردەلوولەکە

لە بیستو هەشتی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٤ز دا ڕووداوی چاوەڕوان کراو ڕوویداو دەوڵەتان هەڵمەتیان برد بۆ چەك، هۆکاری ڕاستەوخۆی جەنگەکەش بەم جۆرە بوو:کاتێك ئەرشیدۆق فرەنسیس فردیناردی دەسەلاّتداری نەمساو مەجەڕ لە بۆسنەدا بەهاودەمی ژنەکەی دەگەڕا، ژمارەیەك گەنجی بۆسنە دایان بەسەریانداو سەریان بڕین.

حکوومەتی سربیانیش ئەرشیدۆقی ئاگادار کردبوویەوە کە نەچێت، چونکە ترسی ئەوە بوو هەندێك پیلان گێڕی هەواداری سربیا لە ڕووی دا هەستن و تیرۆری بکەن، بەلاّم نەمسا لەسەر قسەی خۆی سوربوو دەیوت سربیاش پێشتر حەزی بە پیلان گێڕانی لەو جۆرە هەبووە، بۆیە لەو تاوانە بەرپرسیارە، بۆیە ماوەی یەك مانگ بەبێ ئەوەی سربیا نارەزایی دەربېڕێت مەسەلەکە مایەوە، بەلاّم لە ڕۆژی بیستو سێ دا نەمسا لە جیاتی گلەو گازەندە هەڕەشەیەکی ئاراستە کردو داوای لێکرد ئەم هەنگاوانە بگرێتە بەر:

١-هەموو بانگەشە دژ بە داواکارییەکانی نەمسا لە ڕۆژنامەو خوێندنگەو کۆبوونەوەکان دا لابیات.

٢-هەرکەس بە چاوی ڕق و کینەوە بڕوانێتە نەمسا لە کارمەندی حکومەت دەری بکات.

٣-دەرفەت بە کارمەندانی نەمسا بدات تا لە دادگا سربییەکاندا بۆ دادگایی کردنی تاوانباران ئامادەبن.

ماوەی چل و هەشت کاتژمێر دەرفەتی پێدا تا وەلاّمی ڕازی بون یان ڕازی نەبون بدەنەوە، کاتێك بەرپەرچی دایەوەو هەڵوێستی بەو جۆرە ڕون نەبوو، هەرچەندە وەزارەتی لەندەن بە چەند پەیمانێکی نهێنی خۆی بە فەڕەنساوە بەستبوویەوە، بەلاّم نەیدەزانی ئەگەر گەل یان پەرلەمان ڕازی نەبون دەبێت بەرەو کوێ بچێت، بۆیە بەو بارەوە مایەوە تا ئەوە هەواڵەی بۆ هات و لەو دوو دڵیەو ڕاراییە سەختە دەربازی کرد.



Scanned with CamScanner

ئەو هەواڵەش ئەوە بوو کە ئەڵمانیا دەیویست بەبێ دواکەوتن بەرەو فەرەنسا بچێت، بۆ ئەمەش لە ڕۆژی دوانزەی ئۆگستدا پێشڕەوی کردو داوایەکی ئاشتیخوازانەی پێشکەشی بەلجیکا کرد تا لە خاکیەوە بپەڕێتەوە، بەڵام کە بەلجیکا ڕازی نەبوو سوپا ئەڵمانییەکان تونديیان نواندو لە ڕۆژی چواردەی ئۆگستدا بەرەو سنوری بەلجیکا پێشڕەوییان کرد، کاتێک ئینگلتەرا بیستی ئەڵمانیا سنووری بەلجیکای بڕیوە تورەبوو ئەوەی بە هەڕەشەو دەست درێژییەکی بێ بیانوزانی و پێی وابو هێرشە بۆ سەر سەلامەتی وڵاتەکەی.

سیرد ئیدوارد کیری هەڕەشەیەکی ئاڕاستەی ئەڵمانیا کردو تیایدا داوای لێدەکرد تا زامنی ڕێزگرتنی بێلایەنی بەلجیکا بێت لەماوەی دوانزە کاتژمێردا، باڵوێزی ئەڵمانیش لە بەرلین وەڵامی دایەوەو کە نابێت لە پێناو چیرۆکی سەر پەڕەدا بێتە ناوجەنگەوە، ئەمەش گوڕو تینی ئینگلتەرای ورووژاندو لە پانزەی ئۆگستدا دژ بە ئەڵمانیا جەنگی ڕاگەیاند. بەم جۆرە کەسی شارەزا تێبینی ئەوە دەکات جەنگی ساڵی ١٩١٤ز خۆبەخۆو هەروا نەبووەو پیاوانی سوپاو سیاسەتمەدارانی ئەورووپا هەر لە خۆوە چونەتە جەنگەوە، بەڵکوو هەموویان چاوەڕوانیان دەکردو خۆیان ئامادەکرد تا بە سوپاو کەشتیگەل و یەکێتی و هاوپەیمانیەکانەوە پێشوازی لێبکەن.

بسمارك لە ڕۆژانی خۆیدا پێشبینی ئەوەی دەکردو دەیوت لەڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا ڕوودەدات. هەورێکی گومان و دوودڵی مایەوەیەك پێش جەنگ ئاسمانی ڕۆژئاوای داگرتبوو ترس و بیم دڵی هەموودەوڵەتانی گرتبوویەوە، فەڕەنسا لە ئەڵمانیا دەترسا، ئەویش لە فەرەنسا دەترسا، ئینگلتەرا ترسی هەبوو لە گەشەسەندنی پیشەسازی و کەشتیگەلی ئەڵمانی بەچاوی هۆشیاری یەوە بۆی دەڕوانی، نەمسا لە چاو چنۆکی ڕوسیا هەبوو وە دەترسا لە بەلقان دا قەڵەمڕەوی فراوان بکات ڕوسیا بەرامبەر بە نەمساو ئەڵمانیا بێداری وەرگرتەبەر، هەموو یەك لەوانەی دەزانی ڕاستی و حەق تەنها لای خۆیەتی و هێرش ناباتە سەرکەس، بەڵکو ئەوە دەیکات خۆپاراستنە لە زیانی دوژمنانی هێرشبەر.



Scanned with CamScanner

یابان بە خێرایی دایە پاڵ ئینگلتەرای هاوپەیمانی دژ بە ئەڵمانیا جەنگی ڕاگەیاند، پاشان لە سەرەتاکانی نۆڤەمبەردا تورکیاش دایە پاڵ دەوڵەتانی نێوەند، بەو جۆرە پاش سێ مانگ ئەڵمانیاو نەمساو مەجەڕو تورکیا بەرامبەر بە سربیاو ڕووسیاو فەڕەنساو بەلجیکاو بەریتانیایگەورەو شاخی ڕەش‌و یابان دەجەنگان، ئیتاڵیاش بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندو دەیوت ئەو هاوپەیمانێتیە سێ لایەنەی لە ساڵی ١٨٨٢ز لەگەڵ ئەڵمانیاو نەمسا بەستوویەتی دەبێتە هۆی ئەوەی بداتە پاڵیان ئەگەر کەسێك هێرش بباتە سەریان، بەڵام ئێستا ئەوان بوونە هێرش بەر نەوەك بەرگریکار، بۆیە مافی خۆیەتی لەدەرەوەی بازنەی ململانێکەدا بێلایەن بمێنێتەوە.

لێرەدا خەڵکی کێشەی ململانێی نێوان سربیاو نەمسایان لەبیر کردو جەنگەکە بوو بە جیهانی، جەنگی مان یان مردن، دەوڵەتانی هاوپەیمان کەوتنە لۆمەکردنی ئەڵمانیاو قەیسەریان بە بەرپرسیاری ئەو جەنگە دەزانی، ئەڵمانەکانیش بەتەواوەتی بڕوایان وابوو تەنها بەرگری لە خاکی باوو باپیریان دەکەن دژبەو دوژمنانەی هاتوون تا سارشتانیەتی ئەڵمانی لەناو ببەن، لە دیدی ئەوان دا سلاڤەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڕەشەیان لێدەکردن، فەڕەنسیەکانیش دەیانەویست تۆڵەی خۆیان بکاتەوە بەرامبەر ئەو سووکایەتیەی لە جەنگی حەفتا ساڵەیان دووچاری ببوو، ئینگلیزیش هاتبوو تا سنورێك دابنێت بۆ پێشڕەوی پیشەسازی بازرگانی ئەڵمانیا، بەمە جەنگیان هەڵگیرساند.

********************

# ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی

پێشتر بینیمان چۆن بازنەی مێژوی ئەورووپا لەسەدەکانی دواتردا فراوان بوو گەلانێکی دیکەشی دەخستە ناو بازنەی خۆیەوە، سەرەتاو یەکەمینەکانی ئەو گەلانەش گەلانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی (ئیسلامی) بوون کەلەدەوری دەریای سپی و پێگەی هەرە گرنگی گەلانی مێژوودا نیشتەجێ بوون، لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و سەردەمی هەڵمی کارەبادا کە ڕوبەڕو ماوەکانی نەدەهێشت و دەوڵەتانی لەیەکدی نزیک دەکردەوە بەرامبەر بەوقۆرخ کاری و تێکەڵبوونە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەرەو ڕوی یەک وەستان، کەشتیەکان زانست و کالاو نەریت وچاوچنۆکی هەمووجوانی و ناشیرینیەکانی ڕۆژئاوایان دەهێنایە ڕۆژهەڵات، شەمەندەفەرەکان هاتنە بەر دەرگای شارە ڕۆژهەڵاتیەکان و هەواڵی هاتنی سەردەمی شارستانی نوێی ئەوروپایان دەهێنا.

ڕۆژهەڵاتیش پاش بێئاگایی چەندین ساڵ ناچار بوون بێدار ببنەو یەکەم دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتیش کە بێدار بوویەوە میسر بوو، کچەکەی نیل کەمێک پێش ڕێنسانسی ئەورووپی لە پلەیەکی بالای خشگوزەرانی و دەوڵەمەندی دا بو بەلام بە دۆزینەوەی ڕێی سەری هیوای چاك و ئەتلەنتیك بازرگانیەکەی لاواز بوو وە بەرەو سووکی و زەبوونی چوو، بوو بە ویلایەتێکی عوسمانی و کەوتە دەست ئەو مەمالیکانەی کە وەك کۆیلە هاتبوونە میسرو بوبوون بە سەرکردەیان و سامانیان لێ کۆدەکردنەوەو والییەکانیان لەدەستدا بوون تا ئەوەی تۆپەکانی ناپلیۆن خەڵکیان بە ترسەوە بێدار کردەوە وە بە شمشێرو ئەسپەکانیانەوە بەرەو ڕویان ڕۆیشتن، بەلام خێرا لە مەیدانەکەدا لایات داو ڕێگەیان بۆ ناپلیۆن کردەوە تا سەربکەوێت.

خودی ناپلیۆنیش وا کاری دەکرد (وەك ئەوەی فەرەنسالە پێناو ناسنامەدا لە میسر دا دەمێنێتەوە) بۆیە لەگەڵ خۆی دا زانایانی هێنا تا لە میسر بکۆڵنەوە وەبەسەر کێشەکانی دا زاڵ بن، وە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی لە بەشەکانیدا



Scanned with CamScanner

بڵاوبکەنەوە، ئەو لیژنەیەش چوار دەستە بوون یە کێکیان بۆ بیرکاری ئەوی دیکەش بۆ گەردوون وسروشت ناسی سێیەم بۆ ئاداب و چوارەمیش بۆ ئابوری سیاسی.

دەستەی بیرکاریناسان کەوتنە نەخشەسازی قاهیرەو ئامادەکردنی نەخشە بۆ پرۆژەی نۆکەندی سوێس و سەرژمێری باجەکان، شارەکەیان فراوان کردو پاك و خاوێنیان پێداو چەند پردو بینایەکی دیکەیان گۆڕی یان لایان بردن، لەنێو ئەندامانی لیژنەی سروشتی داپزیشك و گەردوونناس و کیمیا زان هەبوون، ئەمانە سەرژمێریەکی پزیشکیان بۆ نەخۆشیەکانی میسرو خاك و خۆراکی ئەو وڵاتە ئەنجامدا، فر مانیان کرد تا لە نزیك شاردا مردووەکان بەخاك نەسپێرن و جل و بەرگ و کاڵاکان بدەنە بەرخۆرو ماڵەکان پاك و خاوێن ڕابگرن و بڵاوکردنەوەی پزیشکیان بڵاوکردنەوەو هەوڵیاندا لە دایك بوون و مردن و نەخۆشیەکان سەرژمێری و ناونووس بکەن، سەگەکانیان لەناو بردن و کەوتنە پاڵفتەی ئاوی نیل و پاککردنەوەی، هەروەها پاراستنی جەستەی ئاژەڵ و ڕۆکی میسر.

دەستەی بەشی ئاداب گرنگییان دەدا بە دامەزراندنی کتێبخانەیەك کە کەسانی زاناو لێزان سەرپەرشتاری بکەن، هەرکەس بۆی هەبوو بۆ چەند کاتژمێرێکی دیاریکراو تیایدا کتێب بخوێنێتەوە، دوو خوێندگەکە بۆ ئەو فەرەنسیانە کرانەوە کە لە میسر لە دایك دەبن، دوو ڕۆژنامە دەردەچون، لیژنەی ئابووریش مۆڵەتی گەشت و دادگای کێشەکانیان دامەزراند بۆ چارەسەری کێشە بازرگانییەکان و چەندین پێویستی نوێی کۆمەڵگە، هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی زانا فەرەنسییەکان لە کاتی شاڵاوی میسردا ئەنجامی دابوون لە چەند بەرگێك دا بە ناونیشانی (وەسفی میسر) لەچاپدران کاتێك ئەو لیژنەیە گەڕانەوە بۆ فەرەنسا، دیاریکردن و خوێندنەوەی هێما هیرۆگلیفیەکانیش کە هەزاران ساڵی مێژووی نیلیان ئاشکرا کرد بۆ ئەو هەڵمەتە دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی ڕێنیسانسی ڕۆژهەڵاتی عەرەبیش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵمەتەکەی فەرەنسا.



Scanned with CamScanner

ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو، سەبارەت بە هەنگاوی دووەم موحەممەد عەلی ناپلیۆنی ڕۆژهەلات پێی هەستا، ئەم کەسە بە دانایی و لێزانی خۆی توانی دەستبگرێت بەسەر جڵەوی دەسەڵاتی دۆڵی نیلدا لە ڕۆژانێکدا کە باباعەلی لاواز بوو لە ڕێی هەوڵدانی بۆ لەناو بردنی ئینکیشارە هەڵگەڕاوەکان، لە ڕۆژانی ئەودا بزووتنەوەی وەهابی لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەهێز بوو سوڵتانیش فەرمانی کرد بە موحەممەد عەلی تا لە ناوی ببات.

بنەڕەتی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەسێك بە ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب کە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدە لە نەجدە دەرکەوت، ئەم کەسە دەیوت پەنا بردن بۆ خوا لەڕێی پێغەمبەرو سەردانی گۆڕی پیاوچاکانەوە شیرکە، دەیوت دەبێت باوەش نەکەیت بە دونیاداو بەرگی ئاوریشم و زێڕ لا ببەیت و نابێت جگەرە کێشان و مەی خواردنەوە هەبێت، هەروەها دەبێت تەواو پەیوەستی قورئان بیت.

موحەممەدی کوڕی سەعیدیش بوویە هاوڕای و شێخەکانی هۆزەکانی بۆ ئەو مەزهەبە بانگ کرد، ووتی ئەگەر ڕازی نەبن لەگەڵیان دا دەجەنگێت، ئەوانیش بە پیریەوە چوون تا بەهێز بوون، پاشان ئیبن سعود کچی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابی بە هاوسەر گرت و عەبدولعەزیز لەو نێوەندەدا لە دایك بوو شوێنی باوکی گرتەوە، دوای ئەو سعودی کوڕی هات و هەڕەشەی لە دەوڵەتی سوڵتان دەکرد لە عێراق و شامدا، توانی مەککەو مەدینە بگرێتە دەست و داوای لە سوڵتان کرد بارو کۆڵی ساڵانە نەنێرێت.

سوڵتانیش فەرمانی کرد بە موحەممەد عەلی تا شالاوێك ئامادە بکات بۆلەناوبردنی مەترسی وەهابیەکان، بزووتنەوەی وەهابی لە دیدی ئێمەدا یەکێکە لەو شەپۆلە بەر بلاوانەی کە بەردەوام نیمچە دوورگەی عەرەبی دەینارد بۆ ناوچەکانی دەوروبەری هەرکات نەوەکانی خۆی زیاد دەبون و باری ژیانیان لەسەری سەخت دەبوو.



Scanned with CamScanner

کەسی لێکۆڵەر هەندێ جار لێکچونێك بەدیدەکات لە نێوان مەزهەبی وەهابی لەناو ئیسلام‌و پرۆتستانتی لەناو مەسیحیەتدا، پرۆتستانتی دەڵێت با بگەڕێنەوە بۆ ئینجیل‌و پشتی پێببەستین، وەهابیش دەڵێت با پشت بە قورئان بەستین، بەلاّم جیاوازییەکی دیار لە نێوانیان دا هەیە، لەوانە پرۆتستانتیدا گیانی خۆگرتنەوەو دنیا نەویستی بەدی ناکەین، لەکاتێك دا لەناو وەهابیەت بەشێوەیەکی بەهێزوبەر چاو ئەمە بەدی دەکرێت.

موحەممەد عەلی بەداواکەی سوڵتان ڕازی بوو کەوتە ئامادەکردنی کەشتی‌و خۆی ئامادە کرد بۆ ناردنی شالاّوەکە، مەمالیکەکان هەوڵیان دا دەرفەت بقۆزنەوە تا بدەن بەسەریدا، بەلاّم ئەو لێیدان‌و لە ناوی بردن پێش ئەوەی ئەوان دەستپێشخەری بکەن، پاشان گەڕایەوەو بەسەرکردایەتی توسونی کوڕی هەڵمەتەکەی بەڕێکرد، توسون کەسێکی دلێر بوو کەسێکی تەمەن هە ژدە ساڵان بوو، باوکی ڕێخۆشکەری بۆ کردبوو بە ڕێکەوتن لەگەڵ شەریف غالبدا، لەسەرەتادا توسون سەرکەوت پاشان شکا، دواتر موحەممەد عەلی خۆی چوو بۆ مەیدانی جەنگەکەو وەهابیەکانی تێکشکاندو خێرا گەڕایەوە بۆ میسر، چونکە لە ولاّتدا جۆرە نائارامییەك ڕوی دابوو، بەدوایدا توسون هاتەوە دوای ئەوەی شاری (درعیەی) پایتەختی وەهابیەکان ڕوخا، خەریك بوو بەیەك جارەکی دەسەلاّتیان لەناو ببات، بەلاّم دڵخۆشیەکەیان درێژەی نەکێشا، چونکە ئیبراهیمی کوڕی موحەممەد عەلی بە سوپایەکی ترەوە هات بۆیان‌و ملکەچی کردن و میر عەبدوڵلاّی سەرۆکی وەهابیەکانی برد بۆ میسرو لەوێوە ناردی بۆ قوستەنتینیەو لەوێ لە سێدارەدرا، لەئەنجامی ئەو شالاّوەدا خەزێنەی میسر خالّی بویەوە، بەلاّم موحەممەد عەلی سودێکی زۆری لێوەرگرت‌و کردی بە بیانوویەك بۆ خۆی‌و تا هێزێکی وشکانی‌و دەریایی دابمەزرێنێت‌و میسر لەبەر چاوی جیهانی ئیسلامی دا بەرز ڕابگرێت‌و بنەڕەتەکانی چاکسازی یە سەربازییەکانی بگرێتە بەر.

موحەممەد عەلی هێندە لە ڕۆژئاوا نزیك بوویەوە تا ئەوەی هەنگاوی شارستانیەتی ئەورووپای لێوەرگرتن، گرنگترین پێناوێك کە ئەو کەسە ناردیەبەر ناردنی دەستە زانستییەکان بوو بۆ ولاّتی ئەوروپا بەتایبەت بۆ پاریس.



Scanned with CamScanner

لە نێو ئەو خوێنکارەشدا هەبوو تایبەتمەند بوو بە کارگێڕییەوە یان سیاسەت یان ئابوری یان زمانەوانی یان دەریاوانی هونەری دەریاوانی و میکانیک و تۆپ و کانزاکاری بۆ دروستکردنی چەك و کیمیا بۆ پیشەسازی شەکرو باروت و پەڕەو چاپ و نیگار کێشی و کشتووکاڵ و پزیشکی و سروشت و وەرگێڕان سەرەڕای ئەمەش خوێندنگەیەکی دامەزراند بۆ پزیشکی لەسەر دەستی کلۆت بەگ، دواتر کە دامەزرا گوازرایەوە بۆ کۆشکی عەینی، ژمارەیەکی زۆری پزیشکی بۆ میسر پێگەیاند.

مامۆستاو دەرچووەکانی گرنگییان دەدا بەوەرگێڕانی کتێبەکانی تایبەت بە پزیشکی و سروشت و بەشەکانی دیکە بۆ زمانی عەرەبی کە لەو کاتەدا بۆ زمانەوانەکان دەخوێنرێن، بەڵام پاش ئەوەی ئینگلیز زمانی خوێندنگەکانی گۆڕی بۆ ئینگلیزی بزووتنەوەکە کوژایەوە، لەو کاتە بە دواوە ناوی نووسەرە پزیشکە نیشتمانییەکان بەر گوێی نەدەکەوتن.

موحەممەد عەلی سەرەڕای ئەمانە چەند خوێندنگەیەکی دیکەی جۆراوجۆری دامەزراند کە زۆربەیان تایبەت بوون بە گەشەدان بە هێزە سەربازییەکەی، گەورەی هەموویان (غربا و) بوو ئەوانی دیکەش پێشەنگییان پێوە دەکرد، کاتێك ئەو خوێندنگانە زۆربوون(دیوانی خوێندنگەکان) دامەزرا، ئەمە میکرۆبی نوێی چاودێری نوێی مەعاریفەکانە، وڵات پاش ئەوەی پێشتر لەناو پشێویدا دەژیاو سەرکردە دواخوازە مل قایمەکان و مێشك داخراوەکان بەرامبەر ئەو ژیارە نوێیە وەستان کە موحەممەد عەلی دەیویست بچێتە ناویەوە، لەوە بەدوا وڵات لە ئاشتی و سەلامەتیدا دەژیا.

ئەگەر ژیری و لێزانی موحەممەد عەلی نەبوایە کە توانی گیانی نیزام و گوێڕایەڵی لە وڵاتدا زیندوو بکاتەوە ئەوا ئەو سەرکردە دواخوازانە سەردەکەوتن، موحەممەد عەلی بەهۆی وردبینی و ڕاهێنانی سەربازانی لەسەر سیستەمی سەربازی ئەورووپا لەسەر چەند خوێندنگەیەکی (خانقاە) بۆ پیادەکان توانی بەسەریاندا سەرکەوێت.

هەروەك تۆپخانەی لەبیر نەكردو چەند قەڵایەكی كرد بە كارگەی دروستكردنی چەكو زانستی دەریاوانی سوپا، هەوڵیدا ئەسكەندەرییە بكاتە بەندەرێكی گەورە بۆ پیشەسازی، بە هەموو ئەم كارانەی دەیویست جێپێی خۆی بچەسپێنێتو قەڵەمڕەوی خۆی بڵاو بكاتەوەوخۆی بپارێزێت، چونكە لەو ماوەدا دەسەڵاتی سوڵتان لەوپەڕی ملكەچكردندا بوو، بەڵام بێگومان ئەو چاكسازیانە سوودو بنەڕەتی ڕاپەرینی عەرەبی بوون، ئایا بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست، بەڵكوو یاریدەدەر بوون تا هەستانەوەی عەرەبی سەرهەڵبدات.

لەڕووی ئابوورییەوە موحەممەد عەلی وەك پوترسی گەورە تەواو سەرقاڵی پرۆژەی گەورە بوو، گرنگی بە چاندنی ئەو لۆكەیە دەدا كە لە دورگەكانی ئەمریكاوە دەهێنرا، یان ئەو (پۆیە)ی كە كەسانی تایبەتمەند لە ڕۆژهەڵاتیەوە هێنابوویان، لە ئاسیاوە كەسانێكی هێنا تا كشتوكاڵی تلیاك چاكبكەن، ئەسكەندەرییەی لە ڕێگەی نۆكەندی مەحموودیەوە بەستەوە بە نیلەوە تا ببێتە بەندەری میسر، چونكە ئاوەڕێژگەی نیل لەبەر زۆری شێو كەڵەكەبوونی بۆ ئەوە نەدەشا.

ئیبراهیم پاشای كوڕیشی چەندین پردو نشینگەو خوێندنگەی سەربازیو حەمامو كۆشكی لە میسرو سوریاو باخچەی نێوان قاهیرەو هەرەمەكاندا بنیادنا، موحەممەد عەلی لە میسردا چەند كارگەریەكی دامەزراند، لەوانە كارگەیەك بۆ (تەربوش)، كارگەیەك بۆ(جوخ)و مەڕی ئەورووپی ناسراو بە (مەرنوس)ی بۆ هێنا، كارگەیەكیش بۆ شەكر، فەرمانیكرد تا درەختی توو بچێنرێتو بۆ كاری ئاوریشم كرمی ئاوریشم بەخێو بكرێت، لە بولاقیش كارگەیەكی بۆ ئامادەسازی لۆكە دامەزراند، كارگەیەكیشی بۆ داچۆڕینی ڕۆن، كارگەیەكی لە ئەسكەندەرییە بۆ شووشەو یەكێكیشی بۆ مس دامەزراند.

موحەممەد عەلی سەر لەنوێ زەوییەكانی دابەشكردەوەو سیستمی پاپەندبوونی لەناوبرد، خۆی بۆخۆی شوێنی پابەندكەری گرتەوەو هەموو



Scanned with CamScanner

زەوییەکانی گرتەدەستو دابەشیکردن بەسەر جوتیاراندا و لەهەمان بەرهەم کرێیەکی لەسەر دانان، پاشان فرۆشتنی بەرهەمەکانیشی قۆرخ کرد، بەمە جوتیار بەرهەمی خۆی بە حکوومەت دەفرۆشتەوە و حکوومەت دەبوویە تاکە بازرگانی ولآت، هەروەك تاکە جوتیاری ولآتو تاکە پیشەسازیش بوو، بە واتایەکی تر دەکرێت بڵێین موحەممەد عەلی دەستیگرت بەسەر هەموو بەشەکانی میسردا، بەمە توانی سوپاو دەوڵەتەکەی دابمەزرێنێتو پرۆژەو چاکسازیەکانی ئەنجام بدات.

گرنگیشی دا بە بازرگانیو ڕێگەی بازرگانی نێو میسری هانداو بە دەرکەوتنی کەشتی هەڵمین هانی بازرگانی داو ڕەوتی بازرگانی جارێکی دی ڕوویکردە میسر، بازرگانی پێویستی بە کەشتیگەل هەبوو بۆیە موحەممەد عەلی بە خێرایی کەشتیگەلی دروستکرد، هەروەها پێویستی بە بازاڕ هەبوو، بازاڕیش پێویستی بە سوپایەك هەبوو تا ئەو بازارە داگیربکات، بۆیە موحەممەد عەلی سوپایەکی زۆری ڕێکردەی دووسەد هەزار جەنگاوەری دامەزراند، سوپایش پێویستی بەچەندین شت هەبوو، بۆیە موحەممەد عەلی کارگەو خوێندنگەی هونەری دامەزراند، خوێندنگەی دامەزراندو خوێندکاری ناردە دەرەوە.

پێی وابوو هەموو ئەمانە چاکسازی کارگێڕی ولآتیان پێویستە، بۆیە ولآتی بۆ چەند بەڕێوەبەرایەتیەكو هەرکام لەوانەی بۆ چەند مەڵبەندێكو هەر مەڵبەندێکی بۆ چەند بەشێكو هەر بەشێکی بۆ چەند گوندێك دابەشکرد، چەند ئەنجومەنێکی تایبەتیشی دامەزراند بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، ئەنجومەنێکی تایبەت کە ڕاوێژی پێبکات، هەروەها ئەنجوومەنی (شورا) ڕاوێژی گەل، هەوڵیشیدا میسر لە کاڵای عەرەبی جیاو سەربەخۆ ڕابگرێت، پردی خەیریشی لێدا تا ئاوی نیل ڕێکبخات، چەند بەنداوێکی گەورەی لەنزیك دەلتا دامەزراند.

بەمجۆرە میسر دەستیکرد بە بزوتنەوە گەورەکەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی دا بەهۆی دیکتاتۆرە ئەلبانیەکەوە بنکەی سەرکردایەتی بەدەستهێنا، ئەو سەرکردەش بۆ بڵاوکردنەوەی نیزام لە ولآت دا تەنها هێزو زۆری بەدیدەکرد،



Scanned with CamScanner

چونکە ئەو وڵاتە لە ژێر دەستی مەمالیکەکان دا داکەوتبوو، هەروەها لە پێناو ئەوەی پێناوەکانی ژیارو شارستانیەتی نوێ بێنێتە ناو خاکی ژیاری کۆنەوە تەنها ڕێگەی بەکارهێنانی سوپای بەدیدەکرد.

ئەگەر ئێستا بڕوانینە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و بڕوانینە دەشت و شاخەکانی سوریاوە دەبینین چەندین هۆکار هەن بۆ هەستانەوەو کشانی بەرەو شارشتانیەتی ڕۆژئاوا.

لەو هۆکارانەش هەناردەی ئاینی بیانی ئەمریکی و ئینگلیزەکانن، یان فەڕەنسی و ئیتالی و ئەڵمانی و ڕووسی، چونکە ئەو نێردراوانە تێکەڵ بە خەڵکی وڵات دەبوون و وەك ئەو ڕەفتاریان دەنواندو بنەماکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوایان تێدا بڵاودەکردنەوەو خوێندنگەی موژدەبەری یان دروست دەکرد وەك زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت و کۆلێژی گەورەی یەسوعی و خوێندنگەی فەڕەنسی لە لوبنان، چەندینی دیکەش کە لە وڵات دا بڵاودەبونەوە هەندێ لەمانە بۆ ڕاکێشانی خەڵك بەرەو دەوڵەت یان دەستەیەك ئەم هەنگاوانەیان دەنا، بەمە مەبەستی زانستییان تەنها مەبەست بوو.

نیشتمانیەکان پێشەنگیان دەکرد بە بیانیەکانەوەو چەندین خوێندنگەیان دادەمەزراند، هۆکارێکی دیکەیان هەستانەوە یان ئەو چاپخانە بوون کە ژمارەیان لە سوریا و میسردا زیادیان دەکرد، گرنگترینیان چاپخانەی بوداق لە میسرو چاپخانەی ئەمریکی لە بەیروت و چاپخانەی کاسۆلیکی و چاپخانەی ئەدەبی خەلیل سرکیس و چاپخانەی ئەهلی قیبتی و چەندین چاپخانەی دیکەی فرە چەشن، ئەمانە ڕۆژنامەو کتێبیان چاپ دەکرد، ڕۆژنامە لەلایەن حکومەتەوە هان دەدرا بە پێچەوانەی ڕۆژنامەی سوریاوە کە هێزی خۆی لە نێردراوە ئاینییەکانەوە وەردەگرت و دراوو پارەی موژدە بەران پاڵپشتییان دەکردن.

یەکەم ڕۆژنامەی میسری لە ١٨ەی ئۆگستی ساڵی ١٧٩٨ ز دا بە زمانی فەڕەنسی لەلایەن ئەو لیژنە زانستیەوە دەرچوو کە بەهاودەمی ناپلیۆن هاتبوون.



Scanned with CamScanner

یەکەم ڕۆژنامەی نیشتمانیش لە سوریا (حدیقة الاخبار) بوو کە خەلیل خوری لوبنانی دایمەزراند، کە گرنگترین کەسەکانی ڕۆژنامەو نوسینیش مامۆستا بوترسی بوستانی بوو.

مەسیحییەکان لەبەر ئەوەی بە ئاسانی تێکەڵ بە ئەورووپییەکان دەبوون بۆیە لە سەرکردایەتی کردنی هەستانەوەی ناو سوریادا پلەی یەکەمیان هەبوو. پاشان موسڵمانان دەهاتن لە ڕۆژانی چەوساندنەوەی حەمیدی لە سوریادا ژمارەیەك لە گەنجانی وڵات بەرەو میسرو ناوچەکانی دیکە کۆچیاندەکرد، بەمە بوونە یارمەتیدەری پێشکەوتنی دۆڵی نیل وەك(الهلال) کە گۆڤارێك بوو جۆرجی زەیدان دایمەزراند، یەکێکە لە گەورەترین ڕۆژنامەکانی ناو زمانی عەرەبی، لە دەوری و کۆچیشیان دا سوورییەکان سۆزێکی ناو دەروونیان بۆ وڵاتو زمانی خۆیان هەبو، بۆیە لەبەشە جیاجیاکانی ئەمریکادا بەعەرەبی بابەتیان دەنووسی و بابەتیان پێشکەش دەکرد.

لە نێو نووسەران دا کەسانێك دەرکەوتن وەك شێخ ناسفی یازجی ودکتۆر کرلنیۆس فاندانك، مێژوو نوس عەبدوڵڵای کوڕی حەسەنی جەبری، تنوس شدیاق، میرحەیدەری شەهابی نۆڤلی تەرابلوسی و چەندینی دیکە.

هۆکارێکی دیکەی هەستانەوەش کۆمەڵە جیاجیاکان بوون وەك کۆمەڵەی زانستی سوری کە لەسەرداروو پەردووی ئەوانی دیکە دامەزرا، کۆمەڵەی زانستی ڕۆژهەڵاتی کە دامەزرا بۆ لێکۆڵینەوە لە زانستو پیشەسازی و چەندین کۆمەڵەی دیکەی فێرکاری کە زۆربەیان لەسەر چەند بنەڕەتێکی خێڵەکی یان ئایینی دا دامەزران.

لە میسریش کۆمەڵەی مەعاریف و کۆمەڵەی خێرخوازی ئیسلامی و پەیمانگەی زانستی میسری و کۆمەڵەی میسری و کۆمەڵەی جوگراف ناسی و میسری و چەندین کۆمەڵەی دیکە دامەزران، لە پاڵ ئەمانەشدا هەوڵ دەدرا کە گیانی ڕاپەرین لەلایەن کتێبخانەکانەوە بڵاو بکرێتەوە، گرنگترینیان کتێبخانەی(الظاهریة) لە

سوریاو(الخديوية)لە میسرو(الشرقية) کە یەسوعیەکان دایانمەزراندوو کتێبخانەی زانکۆی ئەمریکی بەیروت و کتێبخانەی (الازهرية) لە قاهیرەوچەندینی دیکە لە حەلەب کە پڕ بوو لە جێدەست و نوسینیش.

هەروەها هۆکارێکی دیکە ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بوون کە ڕۆژهەڵاتیان بە ڕۆژئاوا ناساند، ئەمانە لە سەدەی کۆتاییاندا ژمارەیان زیادیان کرد، چونکە دەوڵەتانی ئەوروپا گرنگییان زیاتر دەبوو بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك و لەوێ ویست و چاوچنۆکییان هەبوو دەیانویست لێیتێبگەن، نکوڵیش ناکرێت لە کاریگەری بزوتنەوەی کۆچکردن لە هەستانەوەی سوریادا، چونکە زۆرێك لە ڕۆڵەکانی پاش کۆکردنەوەی زێڕی نێو جیهانی نوێ و گەشەسەندنی شێوەی ژیانیان بە سروشتی حاڵ دەگەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان. بە گەڕانەوەشیان هەوڵیان دەدا کۆمەڵگەی بنەڕەتی خۆیان وا لێ بکەن لەگەڵ ئەو ژیانەی نوێی ڕۆژئاوادا بگونجێت کە ساڵانی لەمەو پێش پێی دەسە مۆماڵیبوون.

عێراقیش لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ویلایەتێکی عوسمانی بوو کە والیەك لەلایەن سوڵتانەوە دادەنرا تا فەرمانڕەوایی بکات، بەڵام پەیوەستی بابی عالی نەبو تەنها لە پێدانی پارەیەکی ساڵانەدا نەبێت، هەرکات والی و سەرکردەکان دەرفەتێکیان پەیدابکردایە دەیانقۆستەوە بۆ خۆیان تا لە بابی عەلی دوور بکەونەوە، داوود پاشا هەوڵی دا تا لە ئەستەنبووڵ جیا ببێتەوە، خەریك بوو هەوڵەکەشی سەر بگرێت، بەڵام نەخۆشی تاعون دای لە سەربازەکانی بەمە بارەکە کەوتە دەست سوڵتان.

بە درێژایی ئەو ماوەیە ئینگلیزەکان لە وڵاتدا لە ڕێی قونسوڵ و کۆمپانیاکانەوە جێپێی خۆیان دەچەسپاند. کاتێك سوڵتان مەحمود هات و کەوتە جێبەجێکردنی بەرنامەچاکسازییەکەی عێراق پشکێکی کەم وکوژاوەی بەرکەوت، لەڕاستی دا لە عێراق دا جگە لە هێنانەکایەی چینێکی ئەفەندی هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبوو، ئەم ئەفەندییانە چەند دیمەنێکی شارستانییەتی ئەوروپایان



Scanned with CamScanner

وەرگرتبو وگاڵتەیان بە جوتیار دەکردو جوتیاریان دەچەوساندەوە، پاشان دەوڵەت هەوڵی دا دەسەلاتی خۆی بڵاو بکاتەوە بۆیە ئەم میرنشینەی لە ناوبرد کەموحەممەدپاشای ڕەواندزی لە باکور دایمەزراندبوو، هەروەها هۆزەکانی تری باشوری لەناوبرد، دواتر هەوڵی دا هۆزەکان نیشتەجێ بکات و ملکەچی یاساو نیزامییان بکات، بۆ ئەمەش توندو تیژی بەکار هێنا.

بەلاّم سیاسەتەکەی زۆر سەرکەوتوو نەبوو، هەوڵیدا ڕێگەی گواستنەوەی ڕووبارو ووشکانیش دابمەزرێنێت، بەمە جۆرە سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا بەتایبەت لە ڕاکێشانی هێڵی تەلەگراف دا.

بەلاّم چاکسازی حەقیقی لەسەردەست مەدحەت پاشا ڕوویدا، ئەم کەسە نووسەرێکی بچوک بوو، دواتر خێرا لە حکوومەت دا دامەزرا تاپلەی تەواو بەرزبوویەوەو کارگێڕی چەندین ویلایەتی بەلقانی پێسپێردرا، لە ساڵی ١٨٩٦ ز دا شوێنی تەقیەدین پاشای لە بەغداد گرتەوەو کەوتە جێبەجێکردنی بەرنامە چاکسازییەکەی و بنەڕەتەکانی ئەودا بەشکارییە کارگێڕییەی دامەزراند کە تا ئەمڕۆش پەیڕەودەکرێت، هەرچەندە لە زۆر هەنگاویدا سەرکەوتوو نەبوو وەك تۆمارکردنی زەوییەکان و پاککردنەوەی ڕووبارەکان و بە ڕێکخستی کەشتیە هەلمیەکانی ناو ڕووبارەکان ولێدانی هێڵی ئاسن و هێنانی مەکینەی پیشەسازی و لەناوبردنی گەندەڵی و دزی و چاککردنی شارەکان و نەهێشتنی شورەکانی بەغداد.

بەلاّم بەردی بناغەی هەستانەوەی عێراقی دانا، هەروەك چەندین بینای گشتی تەواوکرد کە نامیق پاشا دەستیپێکردبوون، زیادەشی بۆ ئەنجامدان، لەبەغداد ڕۆژنامەو کارگەی سەربازی ونەخۆشخانەو بینای زەکات و هەتیوان و چەندین خوێندنگەی دامەزراند، هەروەك سەربازی زۆرە ملێی لە عێراق هێنایە کایە، شارەوانی و ئەنجومەنە کارگێڕییەکانی هێنایە کایەو سیستمی ویلایەتی پەیڕەو کردو شاری ناسریەو ڕوومادیشی دامەزراند، بەلاّم گرنگترین پرۆژەکانی بریتی بوون لە دابەشکردنی زەوی تا خێڵەکی و کۆچکەرەکان نیشتەجێی شارەکان بکات.



Scanned with CamScanner

ڕەوتی چاکسازی بەردەوام دوای چوونی مەدحەت پاشا بەڕێوە دەچوو هەندێ جار بە خێرایی و هەندێ جاریش بە هێواشی، خشتەی شارستانیەتی ڕۆژئاوایش بەردەوام بە شێوەیەکی کزو هێواش بەرەو ئەو وڵاتە دەچوو چەند خوێندنگەیەك سەریان هەڵداو دامەزراوەی تاپۆو ئەوقاف فراوان بوون و کۆمەڵێك باج ڕێکخران و سەربازگیری زۆرە ملێی ئیتحادی و دامەزراندنی هێزێك بۆ پاراستنی ئاسایش لە بەسرە هاتنە کایە تا ئەوەی جەنگی جیهانی یەکەم هات و ئەم خشتەیە گۆڕا بۆ ڕەوتێکی بەهێزو زیاتر لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەریەك کەوتن و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایش پەردەیان لەسەر چاوچنۆکییەکانی خۆیان هەڵدایەوەو چوونە ئەو وڵاتەو مێژوویان تەواوپەیوەستی مێژووی ئەورووپاو دەوڵەتانی ئەورووپا بوو.

بەڵام ئەوگیانە نەتەوییەی لە ئەورووپا لە سەدەی نۆزدەهەم دا ڕۆڵێکی گرنگیان بینی بەرەو ڕۆژهەڵاتی نزیك دزەی کردو لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بۆ بەتورك کردنی ڕەگەزە عەرەبییەکان، عەرەبیش هەستاو چەندین کۆمەڵەی دامەزراند وەك کۆمەڵەی (الاخاء العربي العثماني) برایەتی عەرەب عوسمانی، مونتەدای ئەدەبی، کۆمەڵەی قەحتانی، کۆمەڵەی عەهد، حیزبی لامەرکەزی، کۆمەڵەی شیعری شۆڕشی عەرەبی و چەندین کۆمەڵەی دیکە بەمەبەستی سەربەخۆ خوازی عەرەب و بەدیهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بۆیان، لەکاتی جەنگیشدا هاوپەیمانان هانیان دان و لەگەڵ مەلیك حسێن دا ڕێکەوتنێکیان بەست بۆ ئازادکردنی وڵاتانی عەرەبی، ئەویش ڕۆڵەکانی عەرەبی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو شۆڕشی دژ بە عوسمانییەکان ڕاگەیاند بەڵام چاوچنۆکی داگیرکەرانی لێدیار نەبوو، ئەو داگیر کەرانە لە نێوان خۆیاندا پەیماننامەیەکیان بەست، کاتێك بارەکە هێمن بوویەوەو وڵاتانی عەرەب لە نێوان ئینگلتەراو فەڕەنسادا دابەش کران.

تەنها حیجاز بەسەربەخۆیی مایەوە، ئەویش زۆر لە دەستی شەریف حسەین دا نەمایەوەو وەهابییەکان کە بە دوایی بە ڕێبەری عەبدولعەزیز سعود چالاك ببون هێرشیان بردە سەرو دەستیان بەسەردا گرت، سوریاش حکومەتێکی سەربەخۆی لەسەر دەستی مەلیك فەیسەڵ دامەزراند.



Scanned with CamScanner

بەڵام چوار مانگ زیاتر نەژیا، دوای ئەمە هەوڵە نیشتمانییەکان بۆ ڕزگار بوون لە دەست فەرەنسیەکان خرانەڕوو، گرنگترینیان شۆڕشی(دەروز) بوولە سوریا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، پاشان چەند هەوڵێکی دیکە دران و دواجار کۆتاریکەوتنامە بەسترا.

فەڵەستین لەدەست ئینگلتەرادا بوو، جوولەکەیش دەیانویست بە پێی بەڵێنی (بلفۆر) نیشتمانێکی نەتەوەیی تیایدا دابمەزرێنن لەو بەڵێنەدا هاتبوو نیشتمانێکی نەتەوەیی سەهیۆنی لە فەلەستین دا دابمەزرێت، دەوڵەتانی ئەوروپاش لەوەدا یاریدەدەریان بوون، بەمە دیدی عەرەبی لە وڵاتدا ورووژاو نارەزایی دەربڕی. ئەمە دواتر بوو بە هۆی ڕودانی چەند کوشتارێکی نێوان هەردولا لە ساڵی ١٩٢٩ز دا، ئەم کشتوبڕەی نێوانیان تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

لە عێراقیشدا شۆڕش بەرپا بوو، ئینگلیزیش ناچار بووحکومەتێکی نیشتمانی پێك بهێنێن، میر فەیسەڵیش لە ئەوروپا گەڕابوویەوە، لەگەڵ لورد جۆرجدا لە سویسرا یەکتریان دیبوو، فەیسەڵ کاندیدکرا بۆ کورسی دەسەڵاتی عێراق و لە ئۆگەستسی ١٩٢١ز دا تاجی پاشایەتی لەسەر نرا، لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ یشدا پەیماننامەیەکی هاوپەیمانی لەگەڵ بەریتانیادا بەست. بەدوای ئەمەدا ئەنجوومەنی دامەزراندن کۆبوویەوەو لە ساڵی ١٩٢٤ز.دا یاسای بنەڕەتی داناو لە ساڵی ١٩٣٠ ز.دا لەگەڵ بەریتانیادا پەیماننامەیەکی هاوپەیمانی بەست، ئەمە سەرەتای چوونی بوو بۆ کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢ز.دا مەلیك فەیسەڵ لە شاری برن لە سویسرا مرد، دوای ئەو مەلیك غازی یەکەم کە کەسێکی گەنج بوو هاتە سەر کورسی دەسەڵات.

********************



Scanned with CamScanner

# ناوو ساڵ

- ١٨٠٦ ز: ناپليۆن ئيمپراتۆريەتی ڕۆمانی پيرۆزی لەناو برد.
- ١٨٠٢ ز: پەيمانی ئاميان لە نێوان فەڕەنساو ئينگلتەرادا.
- ١٨٠٦ ز: سەركەوتنی پروسيا لە جەنگی (يانا).
- ١٨٠٥ ز: ناپليۆن لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەيمانی ئەورووپيدا جەنگا.
- ١٨٠٦ ز: نيزامی كيشوەری ڕاگەيەنرا.
- ١٨٠٩ ز: جەنگی (واگرام) لە نێوان فەڕەنساو نەمسادا.
- ١٨١٢ ز: شالاوی ڕوسی.
- ١٨١٣ ز: جەنگی ليبزك.
- ١٨١٤ ز: ناپليۆن بۆ يەكەمجار وازی لە كورسی دەسەڵاتی ئيمپراتۆريەتی هێنا.
- ١٨١٥ ز:جەنگی واترلۆ.
- ١٨٢١ ز:مردنی ناپليۆن پۆناپرت.
- ١٨٤٨ز:شۆڕش دژ بە لويس فيليپو ڕاگەياندنی كۆماری دووەم لە فەڕەنسا.
- ١٨٥٢ز: دامەزراندنی ئيمپراتۆريەتی دووەم.
- ١٨١٥ز: يەكێتی ئەڵمانيا بەسەركردايەتی نەمسا.
- ١٨٢٠ز: ويلايەتەكانی ئەڵمانيای باشور حوكمی دەستوروان بەدەست هێنا.
- ١٨٤٩ز:نەمسا لە نۆڤارا بەسەر پاشای سەردينيادا سەركەوت.
- ١٨٦٤ز: جەنگی نێوان پروسياو دانيمارك.
- ١٨٧١ز: ڕاگەياندنی ئيمپراتۆريەتی ئەڵمانی.
- ١٨٦٠ز: پێك هێنانی وولاتی ئەڵمانيا.
- ١٨٢٢ز: شۆڕشی ئيسپانيا بەسەر فردينانندی پاشايدا تا دەستور بەدەست بهێنن.



Scanned with CamScanner

- ١٨٢٩ز: سەربەخۆیی یۆنان.
- ١٨٣٠ ز: سەربەخۆیی بەلجیك.
- ١٨٦١ز: حوکمی لە سێدارەدان لە بەریتانیادا بۆ چەند تاوانێك بەرتەسك کرایەوە.
- ١٨٧٠ز: سەرەتای خوێندنگە گشتییەکان.
- ١٩٠٦ز: ئازادیخوازان لە هەڵبژاردنەکان دا سەرکەوتن.
- ١٩٠٨ز: لوید جۆرج بوو بە وەزیری دارایی و دژ بە هەژاری لە ئینگلتەرا کەوتە شەڕەوە.
- ١٩٠٠ز: ئوستڕالیا بوو بە شانشینێکی یەکگرتووی پەیوەست بە تاجی ئیمپراتۆری.
- ١٩٠٧ز: مارکۆنی تەلەگراف بێتەلی داهێنا.
- ١٩١٥ز: کۆتایی پرۆژەی نۆکەندی (پەنەما).
- ١٩١٢ز: ڕاگەیاندنی کۆماری لە چین دا.
- ١٩٠٢ز: ئینگلتەرا لەگەڵ یابان هاوپەیمانی بەست.
- ١٩٠٧ز: ئینگلتەرا لەگەڵ سوریا لەسەر دابەشکردنی فارس ڕێککەوت.
- ١٩١١ز: ڕووداوی ئەغادیر.
- ١٩١٣ز: خۆ پڕ چەککردن لە ئەورووپا زۆر زۆر زیادی کرد.
- ١٩١٤ز: کوشتنی ئەرشیدۆقی نەمسا.
- ١٩١٤ز: ئەڵمانیا دژ بە فەرەنسا جەنگی ڕاگەیاند.
- ١٩١٤ز: ئینگلتەرا دژ بە ئەڵمانیا چوویە جەنگەوە.

********************



Scanned with CamScanner

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٣ |
| پێشەکی نووسەر | ٧ |
| بەشی یەکەم:مێژووی ئەوروپا لەسەدەکانی کۆن‌و ناوڕاستدا | ١٥-١٥٨ |
| باسی یەکەم: دیاردە سەرەکییەکان | ١٦ |
| دروستبوونی ئەوروپا | ١٦ |
| سەرەتا و کۆتایی سەردەمی کۆن | ٢٢ |
| قۆناغەکانی سەدەکانی ناوەڕاست: | ٢٨ |
| باسی دووەم: ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی | ٣٣ |
| دامەزراندن‌و داڕمانی ئیمپراتۆریەتەکە | ٣٣ |
| گەورەیی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی | ٣٨ |
| چاکسازییەکانی ئیمپراتۆر دیقلدیانووس | ٤٣ |
| چاکسازییەکانی ئیمپراتۆر قونستەنتین | ٥٠ |
| ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەدوای قونستەنتین | ٥٤ |
| باسی سێیەم: ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی‌و مەسیحییەت | ٥٦ |
| لەدانپێدانانەوە بۆ پێکدادان | ٦٠ |
| کڵێسا: | ٧٢ |
| دەرکەوتنی دێر | ٧٩ |
| باسی چوارەم: بەربەرەکان‌و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی | ٨٣ |
| شانشینە جەرمانییەکان | ٨٣ |
| قووتە ڕۆژئاواییەکان | ٩٧ |
| وەندالەکان | ١٠٠ |




Scanned with CamScanner

بابەت لاپەڕە

هۆنەکان ١٠٤
قووتە ڕۆژهەڵاتیەکان ١٠٨
لۆمباردیەکان ١١١
ئینگلیزەکان ١١١
باسی پێنجەم: شانشینە فەرەنجیەکان ١١٤
بنەماڵە فرەنجیەکان ١١٨
بنەماڵەی میرۆفنجی (٤٨٦ز-٧٥١ن): ١١٨
بنەماڵەی کارۆلینجی (٧٥١ز-٨٩٩ن): ١٢٥
ئیمپراتۆریەیەتی شارلەمان (٨٠٠ز-٨١٤ن) ١٢٩
باسی شەشەم:گۆڕانکارییەکانی ژیاری ئەوروپی
لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا: ١٣٥
دەرەبەگ: ١٣٥
سەرهەڵدانی شارەکان ١٤١
گەشەسەندنی ژیانی ڕامیاریو ئابووریو هزری ١٤٦
ساڵو ناو ١٥٧
بەشی دووەم: ئەورووپا لەسەدەی شانزەهەمی زاینیدا
(١٥٠٠ز-١٦٠٠ن) ١٥٩-٢٨٠
باسی یەکەم: نەتەوایەتی و جیهانگەرایی لە ژیانی ئەورووپای نوێدا ١٦٠
نەتەوایەتی و جیهانی بوون لە ژیانی ئەورووپای نوێدا: ١٦٠
ڕەوتی جیهانێتی ١٦١
کڵێسا ١٦١
بزووتنەوەی شیوعیەت ١٦٣
دیدیی نێو دەوڵەتی ١٦٥



Scanned with CamScanner

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|

| چەند خواستێکی جیهانێتی | ١٦٧ |
| ڕەوتی ڕەگەزپەرستی | ١٦٩ |
| دارمانی کڵێسا | ١٦٩ |
| سیستمی کۆیلایەتی | ١٧١ |
| ئیستیعمار | ١٧٣ |
| سەهیۆنیەت | ١٧٥ |
| زانستە ڕەگەزپەرستیەکان: | ١٧٦ |
| هزری ڕەگەزپەرستی | ١٧٨ |
| جیاکاری ڕەگەزی | ١٧٩ |
| بزووتنەوەی نەتەوایەتی | ١٨١ |
| نازیەت و شۆڤێنیەت | ١٨٢ |
| کەوتنی گەورە | ١٨٣ |
| باسی دووەم: سەردەمی چاکسازی ئایینی | ١٨٤ |
| ئەڵمانیا پێش چاکسازی ئایینی | ١٩٣ |
| لۆپهر و شۆڕشی ئەڵمانیا دژ بە پاپا | ٢٠٣ |
| دەستپێکردنی شۆڕش | ٢٠٧ |
| دابەشبوونی ئەڵمانیا | ٢٠٩ |
| باسی سێیەم: چاکسازی ئایینی لە سویسراو ئینگلتەرا | ٢١٢ |
| چاکسازی لە سویسرا | ٢١٢ |
| چاکسازی لە ئینگلتەرا | ٢١٥ |
| جەنگە ئاینیەکان | ٢٢٥ |
| کۆبونەوەی (ترنت)یەشوعیەکان | ٢٢٥ |
| جەنگەکانی سەربەخۆیی زەویە نزمەکان | ٢٢٨ |




Scanned with CamScanner

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| جەنگەکانی هیکۆنۆت | ٢٣٢ |
| باسی چوارەم: شالاوە خاچپەرستیەکان | ٢٣٦ |
| هێزی دەوڵەتی سەلجووقی | ٢٣٦ |
| شالاوی خاچپەرستی یەکەم | ٢٣٨ |
| شالاوی خاچپەرستی دووەم | ٢٤٥ |
| شالاوی سێیەمی خاچپەرستی | ٢٥١ |
| شالاوی چوارەمی خاچپەرستی | ٢٥٢ |
| شالاوی پێنجەمی خاچپەرستی | ٢٥٤ |
| شالاوی شەشەمی خاچپەرستی | ٢٥٦ |
| شالاوی حەوتەمی خاچپەرستی | ٢٦٠ |
| شالاوی هەشتەمی خاچپەرستی | ٢٦٦ |
| شالاوی نۆیەمی خاچپەرستی | ٢٦٨ |
| کۆتایی جەنگە خاچپەرستیەکان | ٢٧٠ |
| ساڵ و ناو | ٢٨٠ |
| بەشی سییەم: ئەوروپا لەسەدەی حەڤدەهەمی زاینیدا (١٦٠٠ز-١٧٠٠ز) | ٢٨١-٣٤٣ |
| باسی یەکەم: جەنگی سی ساڵە | ٢٨٢ |
| هۆکارەکانی جەنگەکە | ٢٨٣ |
| هەڵگیرسانی جەنگەکە | ٢٨٦ |
| فراوانبوونی جەنگەکە | ٢٨٨ |
| سەردەمی پەیمانەکان | ٢٩٤ |
| باسی دووەم: شۆڕش لە ئینگلتەرا | ٢٩٧ |
| جەنگی ناوخۆیی | ٣٠٣ |



Scanned with CamScanner

**بابەت** **لاپەڕە**


کۆمار ٣٠٥
شۆڕشی ساڵی ١٦٨٨ ٣١٢
باسی سێیەم: زاڵبوونی فەڕەنسا ٣١٤
پاشایەتی ڕەها ٣٢١
باسی چوارەم: جەنگەکانی میراتگری ئیسپانی ٣٢٩
جەنگی دژ بە هۆڵەندا ٣٣٢
جەنگی میراتگری ٣٣٧
ساڵ و ناو ٣٤٣
بەشی چوارەم: ئەوروپا لە سەدەی هەژدەهەمدا
(١٧٠٠-١٨٠٠ن) ٣٤٤-٤٣٣
باسی یەکەم: ڕێنیسانسی روسیا و پرووسیا ٣٤٥
دابەشکردنی پۆڵەندا ٣٥٥
باسی دووەم: دەسەڵاتداری بەریتانیا بەسەر دەریاکاندا ٣٦٠
ململانێی نێوان فەرنسا و ئینگلتەرا لەسەر داگیرگەکان ٣٦٤
باسی سێیەم: ژیان لە گوند و شارەکاندا ٣٧٣
خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی ٣٧٩
زانستە نوێکان و بیری پێشکەوتن ٣٨٥
پاشایەیتی داخراو لە ئینگلتەرا ٣٩٧
باسی چوارەم: شۆڕشی فەرەنسی ٤٠١
ئامادەسازی بۆ شۆڕش ٤٠١
کۆمەڵەی جەماوەری و چاکسازییەکانی ٤٠٧
کۆماری فەرەنسی یەکەم ٤١٨
سەردەمی تیرۆر ٤٢٢




Scanned with CamScanner

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| دەوڵەتی لائیکی (عەلمانی) | ٤٢٦ |
| ساڵ و ناو | ٤٣٣ |
| بەشی پێنجەم:ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەهەمدا (١٨٠٠ز-١٩١٤ز) | ٤٣٤-٦٣٥ |
| باسی یەکەم: ناپلیۆن پۆناپۆرت | ٤٣٥ |
| ڕێکخستنەوەو بڵێسەی شۆڕش | ٤٤١ |
| ناپلیۆن لەوپەڕی بەهێزیدا | ٤٤٩ |
| ڕووخانی ناپلیۆن | ٤٥١ |
| باسی دووەم): کۆنگرەی ڤیەننا | ٤٥٨ |
| باسی سێیەم: ئەوروپا دوای کۆنگرەی ڤیەننا | ٤٦٤ |
| فەرەنسا (١٨١٥ز- ١٨١٧ز) | ٤٦٤ |
| نەمسا (١٨١٥ز-١٩١٤ز) | ٤٦٩ |
| یەکێتی ئەڵمانیا (١٨١٥ز-١٨١٧ز) | ٤٧٢ |
| ئیتاڵیا (١٨١٥ز-١٩١٤ز) | ٤٨٧ |
| باسی چوارەم: شانشینە بچووکە ئەورووپەکان پاش کۆنگرەی ڤیەننا | ٤٩٧ |
| ئیسپانیا: | ٤٩٧ |
| یۆنان و بەلجیکا: | ٥٠٠ |
| باسی پێنجەم: ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی | ٥٠١ |
| باسی شەشەم: ئیمپراتۆریەتی بەریتانی | ٥١٠ |
| سەردەمی چاکسازی | ٥١٣ |
| پرسی ئێرلەندا | ٥١٦ |
| هیندستان | ٥١٩ |
| کەنەدا | ٥٢٢ |



Scanned with CamScanner

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئوستوراليا | ٥٢٣ |
| ئەفریقای باشوور | ٥٢٤ |
| باسی حەوتەم: شۆڕشی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزدەهەم | ٥٢٦ |
| باسی هەشتەم: فراوانبوونی چوارچێوەی مێژووی ئەورووپا | ٥٣٦ |
| ڕکەبەری بازرگانی | ٥٣٦ |
| ڕکەبەری ئەورووپی لەرۆژهەڵاتدا | ٥٤٠ |
| دابەشکردنی ئەفریقیا | ٥٥٠ |
| ئیتاڵیاو داگیرکردنی حەبەشە | ٥٥٦ |
| دامەزرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و شلۆقبوونی ئیسپانیا | ٥٥٧ |
| جەنگی قرم | ٥٥٩ |
| باسی نۆیەم: ئیمپراتۆریەتی عوسمانی | ٥٧٩ |
| ئەنادۆڵ پێش عوسمانیەکان | ٥٩٦ |
| ڕووخاندنی خیلافەت و سەرەتای عەلمانییەکان | ٦٠١ |
| چەند وێنەیەکی پرشنگدار ( لە مێژووی عوسمانی) دا | ٦٠٦ |
| باسی دەیەم: جەنگی جیهانی یەکەم | ٦٠٩ |
| کۆنگرەی لاهای | ٦١٢ |
| پێکدادانی بەرژەوەندییەکان | ٦١٣ |
| هەڵکردنی گەردەلوولەکە | ٦١٩ |
| ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی | ٦٢٢ |
| ناوو ساڵ | ٦٣٥ |

# بەرهەمەکانی نووسەر:

## نووسینەکان:

١. ئیبن تەیمیە (ڕەچەڵەك و ڕۆڵی لە مێژووی ئیسلامیدا).
٢. ژیانی پێغەمبەر بۆ منداڵان ( چاپکراوە).
٣. ژیانی خەلیفەکانی پێغەمبەر بۆ منداڵان و تازەپێگەشتوان (چاپکراوە).
٤. پەیامێك بۆ گەنجان ( ئامادەیە بۆ چاپ).
٥. هەنگاوێك بەرەو هاوسەرگیری (چاپکراوە).
٦. ئیماننناسی(چیرۆك) (چاپکراوە).

## وەرگێڕانەکان:

٧. دەوڵەتی عوسمانی: د.علی محمد الصلابی وەرگێرانی بە هاوکاری أحمد عبدالرحمان أحمد (چاپکراوە).
٨. مەغۆل لە مێژوودا: د.فؤاد عبدالمعطی الصیاد(چاپکراوە).
٩. دەوڵەتی سەلجووقیەکان: د.علی محمد الصلابی وەرگێڕان بەهاوکاری شاهۆ عومەر عارف( لەژێر چاپدایە).
١٠.چەند وانەیەك لە مێژووی ئیسلامی: شێخ محمد خضری بك (چاپکراوە).
١١. مێژووی نوێی ئەورووپا: چەند نووسەرێك، وەرگێڕان بە هاوکاری فاروق محمد محمدأمین ( ئامادەیە بۆ چاپ).
١٢.بەراوردێك لەنێوان غەزالی و ئیبن تەیمیەدا: د.محمد رشاد سالم ( ئامادەیە بۆ چاپ).
١٣.مێژووی دەوڵەتی عەبباسی: د.محمد سهیل طقوش (لەژێر چاپدایە).



Scanned with CamScanner

١٤. مێژووی ئەییووبی و مەملووکیەکان: د. احمد مختار العبادي (لەژێر چاپدایە).
١٥. پوختەی مێژووی ئیسلامی: د.محمد سهيل طقوش (لەژێر چاپدایە).
١٦. جەنگە گەورەکان و فتوحاتە ئیسلامیەکان: محمد سعيد موسى (لەژێر چاپدایە).
١٧. پوختەی مێژووی ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ: پرۆفیسۆر دکتۆر جڤری برۆن. (ئەم بەرهەمەی بەردەستە).

## پشت بەخوا بەم زوانە چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانەش بن:

١٨. دەوڵەتی ئومەوی: پرۆفیسۆر دکتۆر عبدالشافي محمد عبداللطيف

١٩. ژیانی هاوەڵان( چوار بەرگ): محمد يوسف الكاندهلوي.

********************



Scanned with CamScanner

# پوختەی
# مێژووی ئەورووپا




ژمارەی سپاردنی (١٥٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پێدراوە



Scanned with CamScanner